بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد

و

# قازی محەمەد

١٩٤١ - ١٩٤٧

ڕەحیمی قازی

ئەم بەرهەمە برێتییە لە تێزی خوێندنی رەحیمی قازی
بۆ وەرگرتنی دەرەجەی دوکتۆریی زانستی مێژوو
باکو ١٩٧١

بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد

و

# قازی محەمەد

١٩٤١ - ١٩٤٧

ڕەحیمی قازی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

رەحیمی قازی
بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد ١٩٤١–١٩٤٧
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٢٩
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٤١ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ئاکو ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژێنك:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-488-01-7

## پێڕست

سەرەتا ........ ٧

**بەندی یەکەم**

چلۆنایەتیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی

کوردستانی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. ........ ٢٣

**بەندی دووەم**

دەوری تایفەی قازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی

کوردستانی ئێراندا. ........ ٤٥

**بەندی سێیەم**

خەباتی سیاسیی قازی محەمەد لەساڵەکانی

١٩٤١– ١٩٤٥دا ........ ٨٣

**بەندی چوارەم**

قازی محەمەد وەك سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان

و پێشەوای حکومەتی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی کوردستان. ........ ١٤٥

**بەندی پێنجەم**

دووایین پلەی خۆڕاگریی بە چەکی گەلی کورد. ڕێڕەوی

مەحاکەمەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی و حەول و تەقەلای

دیپلۆماسیی ئەمەریکی لە دەوروبەری ئەم مەحکەمەیەدا. ........ ٢٩١

**ئەنجام**

سیاییی کتێب و نووسراوە و بەڵگەی کە سوودیان لێ وەرگیراوە

بۆ نووسینی ئەم کتێبە. ........ ٣٥٠

# سەرەتا

لـە مـێژووی نـەتـەوەی قـارەمـان و تـێکـۆشەری کـورددا جـوولانـەوەی دیموکراتیك و نیشتمانیی مەهاباد، یانی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێکهێندرانی کۆماری نەتەوایەتی و دیموکراتیکی کوردستان وە هەڵبژێردرانی قازی محەمەد بەسەرۆکی کۆماری کوردستان دەورێکی زۆر گرنگ و گەلێك بە دیمەن و ڕووناکی هەیە. ئەم سەردەمە ڕووناکەی مێژووی نەتەوەی کورد هەروەها بە هاسانی و ڕێکەوت و هەڵکەوت وە چـەنگ نـەکـەوتـووە. بـنـچـیـنـەکـانـی ئـەم سەردەمـە وەك هـی تـەواوی بـەسەرهـاتـەکـانـی ژیـانـی کۆمـەڵایـەتـی دەبـێ لـە چلۆنایەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد و کوردستاندا بدۆزرێتەوە. ئەم جووڵانەوەیە ئەنجامی پێویستییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان بـوو، بـەری گـەیشتـووی خـەبـاتـی لـەمـێژیـنـەی گـەلی کورد بوو، گوڵـی پشگـووتـووی بـە خـوێنـی هـەزارەهـا تێکۆشەری کورد بوو کە لە ڕێگەی جیاواز جیاوازەوە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوایەتیی کوردستان گیانی خۆیان فیدا کردووە.

جـا لـەبـەر ئـەمـە لـەم کتێبـەدا بـە تـەنیـا نووسین و ڕووناککردنـەوەی سەردەمەکانی جیاوازیی ژیان و خەباتی قازی محەمەدمان لەبەرچاو نەگرتووە وە ناشکرێت ئەم مەسەلەیە بەجیاوازی لەبەرچاو بگیردرێت. ئـەگـەر وابـێت ئـەو دەم نـووسراوەیـەکـی وا کـەڵکی زانستیی نـابـی وە لـە ڕاستەقینەشەوە دوور دەکەوێت.

تـەواوی بـەسەرهـاتـەکـانی مێژوو، لـەسەریـەك مێژوو بـۆخـۆی لـەلایـەن گەلەوە، لە ژیـان و خەبـاتی گەلـەوە دێتە گۆڕێ و سەرچاوە دەگرێت وە هیچ بەسەرهـاتێکی کۆمەڵایەتی ناکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێژووی ژیان

و خەباتی گەل بە دروستی تەحلیل بکرێت وە بەبێ کەموکوڕی بخرێتە بەرچاو.

هەموو چەشن و جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەبێ بەگوێرەی بنچینەی ئابووری و کۆمەلایەتی بەڕێوە ببردرێت. بە تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە کە مێژوو ساغ دەبێتەوە و بە دروستی دەتوانێت خۆی وەدی بدات.

لە مێژووی گەلێك نەتەوە و گەلی جیهاندا بلیمەت و سەرکردە و تێکۆشەر و ڕۆڵەی بەدیمەن و پێشڕەو و بەناوبانگی وا هەڵکەوتوون کە جێگای سەربەرزی گەلەکەیانە. سەربەرزی و شانازیی ئەم تێکۆشەرە هەڵکەوتووانە بەتەنیا لەمە دایە کە مێژووی ژیان و خەباتیان لە مێژووی ژیان و خەباتی گەلەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێت وە لەوی جیا نییە و خۆیان لە گەل بە جیا دانەناوە.

لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی گەلی کوردیشدا لە سەردەمی جیاوازدا سەرکردە و تێکوشەر و ڕۆڵەی گەلێك بەدیمەن و پێشڕەو و تێگەیشتوو هەڵکەوتوون کە گەلەکەمان سەربەرزییان پێوە دەکات، وە ئەمانە هەریەکەی بۆخۆی جێگایەکی تایبەتی دەگرێتەوە لە مێژووی گەلی کورددا. نووسین و ڕووناککردنەوە و وەڕووخستنی مێژووی ژیان و خەباتی ئەم ڕولە هەلکەوتووانە لەسەر ڕنچینەی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتیی نیشتمان و نەتەوەکەیان وە بەگوێرەی زانستی هەرە پێشکەوتووی کۆمەلایەتی، ئەرك و پێویستییێکی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی و نیشتمانیی سەرشانی مێژوونووسانە بەتایبەتی بۆ سەردەمی ئێستا کە خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆییی نەتەوایەتی هەم بەگوێرەی ڕوخسار وە هەم بەگوێرەی ناوەڕۆك جیاوازە لە تەواوی سەردەمەکانی ڕابردوو. ئەم جیاوازییەش لەمەدایە کە

بیروباوەڕی پێشکەوتووی زانستی شابالّی خۆی بەسەر خەباتی گەلی کورددا کێشاوە، بەڕێگەیەکی ڕاستدا بەرەو پێشی دەبات وە ئەنجامی ئەم ڕێگەیەش سەرکەوتنە.

قازی محەمەد یەکێکە لە سەرۆکەکانی هەرە بەدیمەن و پێشکەوتووی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی گەلی کورد. ئەو لەکاتی لاوێنیرا بگرە هەتا دوایین کاتی ژیانی تەواوی تێکوشین و ژیان و ڕێڕەوی خۆی بەخت کرد بۆ نەتەوی کورد، بۆ ڕزگاری و خۆشی و سەربەستیی نیشتمانەکەی، بۆ پەرەپێدان و بلاّوکردنەوەی دیموکراسیەت و بیروباوەڕی پێشکەوتوو لە کوردستاندا. قازی یەکێکە لەم ڕەهبەرە سیاسییانە کە لەنێو گەلا پێ گەیشتبوو، بە قوولّی لە دەرد و ئاوات و پێداویست و ئامانجی گەل شارەزا بووە و خزمەتکردن بە گەل ببووە ئەرکی سەرشانی.

قازی محەمەد، دەتوانین بلّێین یەکەمین مرۆڤێکی سیاسیی کوردستانە کە، لە جەنگەی لاوێتیدا، ئەو کاتەی کە هێشتا فەقێی مزگەوت بوو بە ئاوات و ئامانجێکی گەورە پێشوازیی لە سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتۆبەر کرد لە ڕووسیا. لەو شۆڕشەی کە سەرەتای ژیانی نوێ و دنیای نوێی سوسیالیستی ڕاگەیاند و زەربەیەکی پشت شکێنی گەیاند بە دنیای کۆنەپەرستی و داگیرکەری و بێبەشیی گەلان و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.

قازی محەمەد یەکەمین سەرۆکێکی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی گەلی کوردە، کە سەرەتای خەباتی ڕێکوپێك و سیاسی و چینایەتیی لە کوردستانا پێك هێنا. ناوبراو بۆ وەدەستخستنی ئاوات و ئامانجی کۆمەلاّنی گەلی کورد بەر لە هەموو شتێك دەستی کرد بە دامەزراندن و پێکهێنانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چونکە بە گوێرەی بەرجەوەند و موتالاّی قوولّ لەمە گەیشتبوو، کە خەباتی گەل بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی

بە بێ سەرۆکایەتیی حیزبێکی پێشکەوتوو ناتوانێت سەرکەوتن وەدەست بخات و بەڕێوجێ بەرەو پێش بڕوات.

قازی بە لەبەرچاوگرتنی چلۆنایەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان حیزبێکی ئەوتۆی دامەزراند، کە بتوانێت لە هەموو لایەکەوە سەرۆکایەتی بکات بە سەر بزوتنەوەی ڕزگاریی گەلی کورد.

ئێستا، پاش ٢٥ساڵ کە لە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی سەر بەئێران رادەبرێت دەبینین، کە نەك هەر لە کوردستانی سەر بە ئێران، بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستانیش، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق حیزبی دیموکرات سەرۆکایەتی دەکات بەسەر خەباتی گەلی کورددا و لە ئەنجامی سەرۆکایەتیی بەڕێوجێ و ژیر و پسپۆڕانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا گەلی کورد لە عێراق لە خەباتی خۆیدا بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی سەرکەوتنێکی گەورەی مێژوویی وەدەست هێناوە.

بە لێکۆڵینەوە لە ڕێڕەوی ژیانی قازی محەمەد دەبینین کە ناوبراو نەك هەر وەك سەرۆکێکی سیاسی، بەڵکو لە زۆر ڕێگەوە خزمەتی کردووە بە گەلەکەی و ژیانێکی ڕەنگاورەنگ و سەربەرزی بەڕێوە بردووە. دەبینی سەردەمێك بەسوود وەرگرتن لە کاتی سەرۆکایەتیکردن بەسەر مەعاریفی مەڵبەندی مەهابادا دەورێکی باڵای بووە لە پەرەپێدانی مەعاریف و شارستانەتی لە کوردستانا. بۆ یەکەمین جار لە کوردستان قوتابخانەی کچانی دامەزراندووە و لەم ڕێگەیەوە تووشی چەوتی و ناڕەحەتی و دەردی سەرییەکی زۆر گەورە بووە بەدەست مەلا و شێخە کۆنەپەرستەکانەوە کە خوێندنی جنسی ژنیان بە گوناهێکی گەورە دەزانی.

دەبینی سەردەمێك بە سوودوەرگرتن لە کاتی سەرۆکایەتیکردن بەسەر دایرەی (شێر و خورشید)ی مەهابادا یارمەتییەکی گەورەی کردووە بە

پەرەسەندنی تەندروستی و دەرمانخانە و نەخۆشخانەی نوێی دامەزراندووە و لە تارانەوە حەکیمی هێناوە بۆ مەهاباد و بەبێ پارە دەرمانی بڵاوکردووەتەوە بەنێو هەژارانا.

دەبینی سەردەمێك قەڵەمی هەڵگرتووە و لەسەر بنچینەی ژیانی گەلەکەیا دەستی کردووە بە نووسینی درام و کتێبی شۆڕشی. لە نێوان لاوان و کچان دەستەی ئارتیستی پێك هێناوە و نووسراوەکانی هێناوەتە سەر سەحنە و خەڵکی کۆکردووەتەوە تەماشای بکەن و ئەم پارەی کە لەم ڕێگەیەوە خڕکراوەتەوە هەمووی بەخت کردووە بۆ پەرەسەندنی مەعاریف و ئاوەدانیی مەهاباد.

قازی محەمەد یەکێك لەو زانا بەناوبانگ و تێگەیشتووانەی کورد بووە کە نرخێکی زۆر گەورەی داناوە بۆ فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی. وەکی مەعلومە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی وەك خەزێنەیەکی بێ بن وایە و لەبەر ئەمەی کە لە کوردستانا کانگایەکی زانستی ئەوتۆ نەبووە کە ئەمانە کۆکاتەوە و بیانهێنێتە سەر کاغەز و لێکوڵینەوەی زانستیی لەسەر بەڕێوەبەرێت، هەتا دێ بەرەو تێداچوون دەڕوات. جا بۆ ئەمەی ئەم خەزێنە گەورە تێدا نەچێت قازی محەمەد هەر لە کاتی فەقێیەتیڕا بگرە هەتا ئەو ماوەیەی کە قازیی کوردستان بوو تەواوی بەیت و مەسەل و نەزیل و حەکایەتەکانی کوردیی کۆ دەکردەوە و دەینووسی و زۆرجار بۆ خۆی دێ بەدێ بەدوای ئەم کەسانەوە دەگەڕا کە ئەم بەیت و حەکایەتانەیان لەبەر دەزانی.

تەواوی ئەمانە و زۆر مەبەستی تر کە لە ڕێڕەوی باسکردنی ژیانی قازیدا وەبەرچاو دەکەوێت گەورەیی و ژیری و مەزنایەتیی قازی محەممەدمان پێ نیشان دەدات و پێداویستبوونی نووسینی کتێبێکی زانستی لەسەر ژیانی وی وەدی دەخات.

تا ئێستا لەسەر مێژووی ژیان و خەباتی سیاسیی سەرکۆماری کوردستان قازی محەمەد نووسراوەیەکی زانستی و هەموولاییەکی ئەوتۆ نەنووسراوە کە تەواوی مەسەلەکان بگرێتەوە و بەرەی ئەمڕۆ و دواڕۆژی گەلی کورد لە ژیان و تێکوشینی ئەو سەرۆکە بەدیمەنەی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی بە تەواوی شارەزا بکات. لەسەر جوولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی مەهابادا، بەتایبەتی لەمەڕ مێژووی یەکەمین کۆماری کوردستان کە قازی محەمەد سەرۆکی بوو گەلێك کتێب و نووسراوە چاپ کراون کە لە تەواوی ئەمانەدا بەکورتی و بە شێوەیەکی تێکڕایی باسیی قازی محەمەد کراوە. بەڵام هیچ یەك لەمانە ئەرکی نووسینی بەتەواوی ژیانی قازییان لە پێش خۆیاندا دانەناوە[1].

باشترین نووسراوەیەکی کە تا ئێستا لە چاپەمەنی کوردیدا لەسەر ژیانی قازی محەمەد نووسراون بریتین لەم نووسراوانەی کە، لە

---

١. لەم ریزە دەکرێت نێوی ئەم کتێبانە بیردرێت : ١–ر. قازی: ″ حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرۆك و پێکهێنەری جوولانەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردە لە کوردستانی ″ئێران″ بە زمانی ئازەربایجانی، باکۆ، ساڵی ١٩٥٤، ٢– و. ئیگیلتۆن: ″کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا ″ بە زمانی ئینگلیزی، لەندەن، ساڵی ١٩٦٣، ٣– عەبدوڕەحمان قاسملو: ″ کورد و کوردستان ″ بە زمانی ئینگلیزی، پراگ ساڵی ١٩٦٥، ٤– عەلائەدین سەجادی: ″ شۆڕشەکانی کورد، کورد و کۆماری عیراق ″ بە زمانی کوردی بەغدا، ساڵی ١٩٥٩، ٥– د. کینان: ″ کورد و کوردستان ″ ، بە زمانی ئینگلیزی، لەندەن، ساڵی ١٩٦٤، ٦– فاریزۆف: ″ لەمەڕ بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی کوردان لە ئێران ″، بە زمانی ڕووسی مەسکەو، ساڵی ١٩٥٣، ٧– ئارش روزوێلت ″ کۆماری کوردی مەهاباد ″ دەستنووسە، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی لەلایەن نوری دێرسیمییەوە ٨– نەجەف قولی پسیان: ″ لە مەهابادی خوێناویڕا هەتا قەراغەکانی ئاراز″، بە زمانی فارسی، تاران، ساڵی ١٣٣٨، ٩– کاوان: ″ کوردستان ″، نەتەوەی دابەشکراو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست″ بەئینگلیزی. لەندەن، ساڵی ١٩٥٨.

ڕۆژنامەی "ئازادی"دا چاپ کراون[1]. بەڵام ئاشکرایە نووسراوەی نێو ڕۆژنامە هەرچەند بەشێوەیەکی زۆر باشی زانستیش نووسرابێت ناتوانێت تەواوی مەسەلەکان بگرێتەوە و ڕووناکیان بکاتەوە.

لە بەشی زۆری ئەم نووسراوانەدا، کە باسی قازی محەمەد کراوە بەتایبەتی تێکۆشینی ناوبراو لە ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧ لەبەرچاو گیراوە. نووسەرە ئەمریکی و ئینگلیزییەکان تەواوی نووسراوەکانی خۆیان لەسەر مەسەلەی کورد، بەتایبەتی لەمەڕ قازی بەگوێرەی سیاسەتی داگیرکەری و ئیستیعماریی دەوڵەتەکانی ئەمەریکا و ئینگلیز نووسیوە. ئەمانە لە سەردەمی کۆماری مەهاباددا لە سەفارەتەکانی ئەمەریکا و ئینگلیز لە تاران و بەغدا کاربەدەست بوون و پسپۆڕ بوون لەسەر مەسەلەی کورد، باشتر بڵێین، بەڕێوەبەری سیاسەتی ئیستیعماریی دەوڵەتەکانی خۆیان بوون لە کوردستان[2].

هەر لەبەر ئەمە ئاشکرایە، کە بەشی زۆری وێژراوەکانیان لە ڕاستەقینە بە دوورە و ناکرێ بە بناوان بژمێردرێت. شتێکی تر کە لە نووسراوەی ئەمانەوە بەرچاو دەکەوێت ئەمەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کوردیان خستووەتە ژێر باڵ و سێبەری سیاسەتی دەوڵەتەکانی دەرەوە، بەتایبەتی سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت، یانی لە ڕاستەقینەدا تەواوی بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان ئەبەستن بەسیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەتەوە و ئیتر چلۆنایەتیی ئابووری و

---

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی شیوعی عێراق بەزمانی کوردی ژمارەکانی ساڵی ١٩٦٠.

٢. نووسەری کۆماری "کوردی مەهاباد" ڕوزوێلت لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەتاشەی عەسکەری بوو لە سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران. نووسەری "کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا ئیگیلتیون سەردەمێك لە تەوریز و لە کەرکووك کونسوڵ و لە پاشان پسپۆڕی مەسەلەی کورد بوو لە سەفارەتی ئەمەریکی لە تاران.

کۆمەڵایەتیی کوردستان، ئاوات، ئامانج و بیروباوەڕی گەلی کورد، باشتر بڵێین، بنچینەکانی خەباتی گەلی کوردیان خستووەتە ژێر پێ. بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەمانەشا لەم نووسراوانەدا ڕیزە ڕاستەقینە و بەڵگەی مێژوویی وەبەرچاو دەکەوێت کە لە لایەکەوە سیاسەتی داگیرکەری و ئیستیعماریی دەوڵەتەکانی ئەمەریکا و ئینگلیزمان پێ نیشان دەدات و لە لایەکی ترەوە ڕیزە سەردەمێکی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە.

لە نووسراوەی نووسەرە ئێرانییەکانیشدا دەکرێ بڵێین مەسەلەکە هەر بەم جۆرەیە، بەڵام ئەمان بە هیچ چەشنێك پێ لەمە نانێن کە مەسەلەیەکی بە نێوی "مەسەلەی کورد" یا نەتەوە و نیشتمانێکی بە نێوی کورد و کوردستان وجوودی هەیە. ئەم نووسەرە شۆفیەنیستە فارسانە وا دەنوێنن کە بزوتنەوەی کوردەکان شتێکی ڕێکەوت بووە[1].

ئەو نووسەرە کوردانەی کە لەسەر مێژووی کۆماری کوردستان و بەتایبەتی لەمەڕ ژیان و خەباتی قازی محەمەد دواون دەکرێ بە چەند دەستە دابندرێن. دەستەیەك ئەمانەن کە نووسراوەکانیان لەسەر بناوانی سروشتی نەتەوایەتی داناوە زۆر بە قووڵی لەسەر مەسەلەکان نەدواون، یانی بەقووڵی و لە ڕێگەی زانستییەوە نەیاننووسیوە. ئەمانە بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانیان هێناوەتە سەر کاغەز هەر بەم جۆرەی کە بووە و ئیتر لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر بەڕێوە نەبردووە و لە بنچینەکانی ئابووریی ئەم بەسەرهاتانە نەڕوانیون[2]. دەستەکەی تر تا ڕادەیەك لە بنچینەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی

١. بەدرێژی بڕوانە کتێبەکەی نەجەف قولی پسیان.

٢. بڕوانە کتێبەکەی مامۆستا سەجادی. هەروەها نووسراوەکانی گۆڤاری "شەفەق" ژمارەکانی ١-٢ی ساڵی ١٩٥٩ و گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"، ژمارەی ٢ی ساڵی ١٩٦٠، هەروەها کتێبەکەی گاوان.

بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان ڕوانیون و نووسراوەکانی خۆیان لەسەر بناوانی زانستی نووسیوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەماشای بەسەرهاتەکانیان کردووە و لە گەلێك جێگا مەسەلەی ڕزگاری و سەربەخۆییی کوردستانیان خستووەتە ژێر مەسەلەی ئێران بە گشتی، یانی مەسەلەی کوردیان نووساندووە بە مەسەلەی تەواوی ئێرانەوە[1].

لە ڕیزەی نووسەرە کوردەکانا هی واش هەن کە بۆ نووسینی بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و بەتایبەتی بۆ نووسینی دەوری باڵای قازی محەمەد لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا هەستی نەویستی و غەرەزی شەخسییان لەبەرچاو گرتووە بەڵام نووسراوەکانیان لە چاپ نەدراوە[2].

لەم نووسراوانەی کە لە یەکەتی سۆڤیەت نووسراون و چاپ کراون

---

١. بڕوانە کتێبەکەی عەبدوڕەحمانی قاسملۆ و نووسراوەکانی لە ڕۆژنامەی "ئازادی"دا کە بەنێوی ع- د. وریا لە چاپی داوە.

٢. بڕوانە کتێبەکەی عەزیزی شەمزینی بە نێوی: "بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی کوردەکان لە ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٦" بە زمانی ڕووسی، ١٩٥٨ لەنین گراد. ئەم کتێبە بەڕووسی چاپ نەکراوە و شەمزینی بەنهێنی دیفاعی لەسەر کردووە بەشی زۆری ئەم کتێبە لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریی کوردستانی عێراقە و وەك نووسراوە لە گەلێك ژمارەی ڕۆژنامەی "خەبات"دا بەزمانی عەرەبی چاپ کراوە. بەڵام ئەم بەشانەی کە لەسەر کۆماری مەهاباد و شەخسی قازی محەمەدە لە "خەبات"دا چاپ نەکراوە.

شەمزینی سەردەمێك تێکۆشەر بوو لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانا لە عێراق بەڵام لە پاشان خەیانەت و نیشتمان فرۆشیی ناوبراو وە دیارکەوت و لە مەترسیی تۆڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان لە عێراقەوە هەڵات بۆ تاران، چەك و پارەیەکی زۆری پارتی دیموکراتی لەگەڵ خۆیا بردبوو و ئێستا خزمەتکاری شای ئێرانە و دەورێکی بە دیمەنی هەیە لە تەشکیلاتی جاسووسیی ئێرانا لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردا.

مـێژووی کۆمـاری کوردسـتـان لـەسەر بـنـچـیـنـەی زانستـی کۆمـەڵایـەتـی و ئـابووری ڕوون کراوەتـەوە. بـەڵام ڕیزە بـەسـەرهـاتێك بـە لـەبـەر چـاوگرتنی پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوانی سۆڤیەت و ئێران ڕوون نەکراونەتەوە و نەنووسراون. لەم نووسراوانەدا مێژووی ژیانی قازی و دەوری باڵای لە بزووتنەوەی – ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورد بە درێژی باسی لەسەر نەکراوە. چونکە نووسەرەکان ئەمەیان بە ئامانجی خۆیان دانەناوە[1].

***

بۆ نووسینی مێژووی ژیان و خەباتی قازی محەمەد و دەوری باڵای وی لـە بـزووتـنـەوەی ڕزگـاری نـەتـەوایـەتـی گـەلـی کـورددا زۆر بـەڵـگـە هـەن کـە بـەداخـەوە بـەدەسـتـەوە نـین و نـاتـوانـین سوودیـان لـێ وەربـگـرین. یـەکـێك لەمانە کتێبخانەی قازی محەمەدە. لەم کتێبخانەیەدا گەلێك دەسنووسی قازی هەیە کە باشترین بەڵگەن بۆ نواندنی مێژووی ژیانی و خەباتی بۆ ڕزگاری کوردستان بەتایبەتی لەمەڕ دەوری لاوەتیی قازی و تێکۆشینی وی لە پاش شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر و لە حیزبی محەمەدیدا.

باشترین بەڵگە بۆ نواندنی نیشتمانپەروەری و ئازایەتی و گەورەیی و زانـایـیـی قـازی مـحـەمـەد وتـارەکـانـی ویـن لـەکـاتـی مـەحـکـەمـەی نـهـێـنـی عەسکەریدا، بەڵام بە داخەوە ئەم وتارانەش بەدەستەوە نین و بە تەنیا ٦–٧ ساڵ پـاش بـەسـەرهـاتـی خـوێـنـاویـی مـەهـابـاد چـەنـد کـەسـێك لـەو ئـەفـسـەرانـەی کـە لـە مـەحـکـەمـەی عـەسـکـەریـدا بـەشداربـوون ڕیـزە نووسراوەیەکیان وەك بیرەوەری لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا لە چاپ داوە کە بۆ سوود لێ وەرگرتن بە کەڵکن.

---

١. بـڕوانـە کـتـێـبـەکـەی ر. قـازی، هـەروەهـا نووسراوەکـەی فـاریـزاوف و هـی لازیـریـف بەنێوی: "مەسەلەی کورد" لە کتێبی "ڕێڕەوی نەتەوایەتی لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و نێوەڕاستدا" بە زمانی ڕووسی، ساڵی ١٩٧٠، لە لاپەڕەی ١٢٥تا ١٩٠.

جیا لەمانە تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو بەدەستەوە نین. لەم ڕۆژنامەیەدا بەشی زۆری وتارەکانی قازی چاپ کراوە کە ئەم وتارانەی نموونەیەکی بەدیمەنە لە خەباتی سیاسیی قازی.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوودی هەرە بەنرخ و گەورە وەرگیراوە لە ئارشیوی حیزبی شیوعیی ئازەربایجان، لەم ئارشیوەی کە پێوەندی هەیە بە بەسەرهاتەکانی تەواوی ئێران لە ساڵی ١٩٤١وە هەتا ساڵی ١٩٥٤. بەشی زۆری ئەو بەڵگانەی کە لەم ئارشیوە وەدەست کەوتوون تا ئێستا هیچ کەسێك سوودی لێ وەرنەگرتووە و لە هیچ جێگایەك چاپ نەکراون و بۆ یەکەم جارە کە لەم کتێبەدا وەبەرچاو دەخرێن. ئەم بەڵگانە زۆر بەبرشت و بەنرخن و گەلێك مەسەلەی نادیار و تاریکی ئەو سەردەمەی کوردستان و تەواوی ئێران ڕووناك دەکەنەوە، لایەکی هەرە گرینگی ئەم بەڵگانە ئەمەیە کە سیاسەتی داگیرکەری و ئیستیعماری و دوژمنانەی ئیستیعماری ئەمریکیمان دەربارەی مەسەلەی کورد بۆ وەدی دەخات. بەتایبەتی لە کاتی مەحاکەمەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەلایەن مەحکەمەی نهێنیی عەسکەرییەوە.

لەم بەڵگانەدا دەوری باڵای قازی محەمەد لە بزوتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورددا، بیروباوەڕی وی بەگشتی بەتایبەتی لەمەڕ قەلای ڕزگاری گەلانی جیهان یەکەتیی سۆڤیەت، حورمەت و خۆشویستنی قازی لەلایەن کۆمەڵانی گەل و گەلێك مەبەستی تری پێوەند بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی قازی بە چەشنێکی ئاشکرا وەبەرچاو دەکەوێت.

تا ئێستا لە هیچ جێگایەك وتووێژی قازی لەگەڵ سەرۆکەکانی یەکەتی سۆڤیەت کە بەنهێنی بووە وەبەرچاو نەخراوە و نەنووسراوە. لەم

وتوویژانەدا کە لەو بەڵگانەی نێو ئارشیوی حیزبی شیوعی ئازەربایجاندا وە بەرچاو دەکەون دەبینین کە قازی هەتا بڵێی هومێدێکی گەورە و بەبڕشتی بووە بە ڕزگاری و سەربەستیی نەتەوەکەی و بە دروستی لە ڕێگەی وەدەستخستنی ئەمە شارەزا بووە.

لەم وتوویژانەدا دەبینین کە قازی ئامانجێکی هەرە گەورەی ئەوە بووە کە بەیارمەتیی یەکەتی سۆڤیەت شارستانەتی و مەعاریف و پێشکەوتنی کوردستان بەرەوپێش و سەرکەوتن بەرێت و بیگەیەنێ بەرپیزەی وڵاتەکانی پێشکەوتووی جیهان.

قازی چەند جارێك لە وڵاتی سۆڤیەت بووە و بە مەنتیق و تێگەیشتوویی و لەسەرەخۆیی و ژیری و نیشتمانپەروەریی خۆی ڕێز و خۆشەویستیی نوێنەرانی سۆڤیەتی وەدەست هێناوە و تەواوی ئەمانە لەم بەڵگانەی نێو ئارشیوی حیزبی شیوعی ئازەربایجاندا بەئاشکرایی هەست دەکرێت.

وەك ئامۆزای قازی محەمەد و ئەفسەرێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نیزیکەوە شاهیدی تێکۆشین و ژیانی قازی بووم و بیرەوەرییەکی زۆرم هەیە لەمەڕ وی بە تایبەتی لەمەڕ خەباتی سیاسیی قازی لە ساڵەکانی نێوان ١٩٤١–١٩٤٦دا. تا ئەم ڕادەیەی کە لە بیرم ماون، ئەو بیروباوەرییەم لەم کتێبەدا گونجاندووە. لەم ساڵانەی دواییدا مینا خانمی خێزانی قازی محەمەد کە یەکێکە لە ئافرەتە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان و لەکاتی کۆماری کوردستانا سەرۆکی ڕێکخراوەی یایانی دیموکراتی کوردستان بوو، بە نهێنی وەك میوانی دەوڵەتی سۆڤیەت هاتبووە مەسکەو و ماوەیەك لەوێ ماوە. مینا خانم بیرەوەریی خۆی لەمەڕ قازی محەمەد و هاوڕێکانی و هەروەها لەمەڕ بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بەدوور و درێژی بۆ نووسەر گێڕاوە. ئەم بیرەوەرییە وەك دەسنووس لەلای نووسەرە و گەلێك بە کەڵك و

بە نرخە بۆ نواندنی دەوری بالای قازی و ڕووناککردنەوەی گەلێك مەبەستی پەیوەند بەبزووتنەوەی ڕزگاری–نەتەوایەتیی گەلی کورد. هەروەها لە بیرەوەریی عەلی قازی (کوڕی ڕەش) کوڕی قازی محەمەد کە چەند جارێك هاتووەتە یەکەتیی سۆڤیەت و لەگەڵ نووسەر وتووێژی بووە، سودێکی بەکەلك وەرگیردراوە.

جیا لەمانە، لە ڕیزە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە بەدەستەوەن و لەکاتی کۆماری کوردستانا چاپ دەکرا و هەروەها لە چاپەمەنییەکانی تری ئەو سەردەمەی کوردستان بەدرێژی و وردی سوود وەرگیردراوە. بەتایبەتی بۆ وەدیدانی تێکۆشینی ڕۆژانەی حکومەتی نەتەوایەتی کوردستان و حیزبی دیموکرات و بڕیارەکانیان لەمەڕ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە کوردستان ئەم چاپەمەنیانە زۆر بەنرخ و بەکەڵکن.

ئەم کتێە بریتییە لە سەرەتا و بەپێنج بەش و ئەنجام و سیاییی ئەم کتێب و کۆوار و ڕۆژنامە و بەڵگانەی کە سوودیان لێ وەرگیراوە.

بەشی یەکەم: تەرخان کراوە بۆ چلۆنایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی کوردستانی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەما. بەبێ ئەمە ناکرێ مەسەلەکانی کە لەم کتێبەدا ڕووناککردنەوەیان وەك ئامانج داندراوە بە لەونێکی زانستی و ئاشکراوە بەرچاو بخرێن – ئەگەر بە وردی چاوێك بە چلۆنایەتیی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا نەخشێنین ناتوانین بنچینەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورد و هەروەها دەورەکانی جیاوازی ژیانی قازی کە پێگەیشتووی ئەم بزووتنەوەیەیە وەدی بدەین.

بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ دەوری تایفەی قازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانی ئێراندا. لەم بەشەدا باسێك لەسەر

مێژووی تایفەی قازی و تێکۆشینی سیاسیی قازی محەمەد لە کاتی فەقێیەتیدا، خزمەتی قازی محەمەد بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتی لە مەهاباد کاتێك کە سەرۆکی دایرەی فەرهەنگ بووە. کارتێکردنی شۆڕشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتۆبەر لە بیروباوەڕی قازیدا و پێگەیشتنی قازی وەك مرۆڤێکی سیاسی و نیشتمانپەروەر جێگیر کراوە. ئەم بەشە ژیانی قازی دەگرێتەوە تا ساڵی ١٩٤١.

بەشی سێیەم لەمەڕ خەباتی سیاسیی قازی محەمەدە لە ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٥دا، لەم بەشەدا ئەم مەسەلانەی ژێرەوە باسیان کراوە: چلۆنایەتیی سیاسی کوردستانی ئێران پاش هاتنی هۆردووی دەوڵەتە هاوەدەنگەکان بۆ ئێران، دەور و خزمەتی گەورەی قازی بۆ پێکهێنانی یەکیەتی و دۆستایەتیی خێڵەکانی کوردستان، ڕۆڵی قازی لە پێکهێنانی خەباتی دژبە فاشیزم لە کوردستان، تێکۆشان و خەباتی سیاسی کۆمەڵەی ژ–ك و هەڵبژێدرانی قازی بە سەرۆکی کۆمەڵە، دەوری قازی لە پەرەسەندن و بەرەوژووربردنی بەرێزی و حورمەتی یەکەتیی سۆڤیەت لە نێو زۆربەی گەلی کورددا و پێکهێنان و دابینکردنی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکوپێکی گەلی کورد لە پێناوی ڕزگاری–نەتەوایەتیدا.

بەشی چوارەم تەرخان کراوە بۆ دەوری قازی محەمەد وەك سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوای بزووتنەوەی ڕزگاری–نەتەوایەتیی گەلی کورد. لەم بەشەدا بە وردی پێویستبوونی دامەزراندنی ح.د.ك و بەرنامە و پرۆگرامەکەی باس کراوە. هەروەها مەسەلەی هاتنی بارزانییەکان و پەرەسەندنی هەموو لایەکی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی، تێکۆشانی هەیئەتی ناوەندی، بانگکرانی هەیئەتی دامەزرێنەران و ڕاگەیاندنی حکومەتی دیموکراتیك و نەتەوایەتیی کوردستان، بەڕێوەبردنی ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سیاسەتی دەوڵەتەکانی دەرەوە لە بەرامبەر بزووتنەوەی گەلی کورددا،

تـێکـۆشانـی هـێزی پـێشمـەرگـە لـە نـاوچـەکـانـی شەڕدا، کـاریگـەریـی ئـەم بـزووتـنـەوەیـە لـە ڕۆژهـەڵاتـی نـێزیك و نـێوەڕاست بـەتـایـبـەتـی لـە نـێو کوردەکانی عێراق و تورکیە و سوریە دۆستایەتی و یەکیەتیی دوو گەلی کـورد و ئـازەربـایـجـان، پـێوەنـد لـەگـەڵ یـەکـەتـی سوڤـیـەت و هـێزە دیموکراتیکەکانی ناو ئێران، پیلان و سیاسەتی دوژمنانەی دەوڵەتی ئێران لـە بـەرامبـەر بـزووتـنـەوەی گـەلـی کورد، خـۆ ئـامـادەکـردنـی هـەموو لایەکی کوردان لە بەرامبەر هێرشی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و گەلێك مەسەلەی تر لەم بەشەدا جێگیرکراوە و لەسەر تەواوی ئەم مەسەلانە دەور و خزمەتی قازی محەمەد بەتایبەتی نیشان دراوە و گەلێك وتاری چاپ کراوە.

بەشی پێنجەم تەرخان کراوە بۆ دووایین پلەی خوڕاگریی چەکدارانەی گەلی کورد، ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی و حەول و تەقەلای دیپلۆماسیی ئەمەریکی لە دەوروبەری ئەم مەحکەمەیەدا.

ئـەنـجـامـی کـتـێبـەکـە تـەرخـان کـراوە بـۆ سروشتـە تـایـبـەتـیـیـەکـانـی بـزووتـنـەوەی ڕزگـاری–نـەتـەوایـەتـیی گـەلـی کـورد لـە مـاوەی سـاڵـەکـانـی ۱۹٤۱–۱۹٤۷دا و کەموکوڕی و هۆیەکانی تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیە و گرینگی و دەرسەکانی بۆ خەباتی دواڕۆژی گەلی کورد و ئەرکی سەر شانی بزووتنەوەی ڕزگاری–نەتەوایەتیی گەلی کورد لە حەلی ئەوڕۆکەدا.

بەشی یەکەم

# چلۆنایەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کوردستانی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەما

کوردستانی سەر بە ئێران بەشێکە لە کوردستانی گەورە کە خاکی وی نێزیکی ١٦٠ هەزار کیلۆمەتری چوار خشتەکییە وە نێزیکەی ٣ ملیۆن کەس لەم خاکەدا نیشتەجێن. پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بریتییە لە پێوەندی نێوانی خاوەن موڵك و لادێیی (ڕەعیەت).

هەتا سەردەمی دواییی سەدەی ١٩ ئابووریی کوردستان ناتووڕالی بووە. لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانی ناوخۆی کوردستان وە پێوەندی لەگەڵ دەرەوە گەلێك بێ هێز بووە. ئەم چۆنایەتییە بۆخۆی بووەتە هۆی لێك بڵاوی و ناکۆکیی سیاسی ناوخۆی کوردستان. لەم سەردەمەدا عێل و عەشیرەتەکان بۆ خۆیان ڕێوشوێنێکی نیسبەتەن سەربەخۆی ئابووری و سیاسی و عەسکەرییان بووە لە کوردستاندا وە گەلێك جار ڕیزەیەك لەم عەشیرەتانە بوونە یەك و بە سەربەخۆیی ژیاون.

سروشتی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لەو سەردەمەدا لە ناوەڕۆکی ڕێوشوێنی ئابووریی ناوخۆی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. لەم کاتەدا ناکۆکیی چینایەتی هێندە بە دیارەوە نەبووە وە لەو سەردەمەدا کورد لە خەباتی خۆیاندا بیری تێدابردنی چەوسێنەریان نەخستووەتە ڕوو. لە خەباتەکانی ئەو سەردەمەدا تێ کۆشیون بۆ ئەمە کە فلان شا و یا حاکمی خوێنخۆر و بێ ڕەحم لەسەر کار وەلا ببرێت وە لە جێگەی وی شاوەیا حاکمێکی (باش و خاوەن ڕەحم و بەزەیی) دابندرێت. بەڵام لە پاڵ ئەمەش هەر لەو سەردەمەدا خەباتی گەلی کورد بە پێچەوانەی

داگیرکەرانی دەرەوە و ئیستیعمار بە چەشنێکی ئاشکرا خۆی وەدی داوە.

بەڵام لە لایەکەوە پێویستییەکانی پێشڕەوی ناوخۆی کوردستان وە لە لایەکی تریشەوە کارتێکردن و تەئسیری دەرەوە ئەم چۆنایەتییەی کوردستانی تێك شکاندووەوە بووە هۆی هاتنەگۆڕی ڕیزە بەسەرهاتێکی نوێی کۆمەڵایەتی. بەسەرهاتێکی هەرە گرینگی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئەو سەردەمە بریێ بوو لە پەرەسەندنی دابەشکرانی کاری کۆمەڵایەتی وە تێداچوونی بەرە بەرەی ئابووریی ناتووراڵ. ئەنجامی هەرە گرینگی ئەو بەسەرهاتە نوێیەی کۆمەڵایەتی ئەمە بوو کە شێوەی خاوەنیەتی بەسەر زەویدا پەرەی سەندووە. هەتا ئەو سەردەمە لە کوردستان لەسەر یەك خاوەن موڵکیەتی تایبەتی بەڵام بەشێوەیەکی تێکڕایی بەسەر بەشێك زەویدا دەستەڵاتی بووە و عێل و عەشیرەتەکان بەچەشنێکی تێکڕایی خاوەن دەسەڵات بوون بەسەر زەوی خۆیاندا (ئێستاش لە نێو چەند عەشیرەتێکی کوردستانی عێراقدا پاشماوەی ئەم شێوەیەی خاوەن موڵکیەتی هەر ماوە). بەڵام لە پاش ئەو سەردەمە ئیتر بەرە بەرە خاوەن موڵکیەتی بەسەر زەویدا شێوەی تێکڕایی خۆی لەدەست داوە و وەرگەڕاوەتە سەر خاوەن موڵکیەتی تایبەتی، یانی هەر خاوەن موڵکێك بووەتە خاوەنی بێ شەریك و سەربەخۆی زەوی وە مافی فرۆشتن و گۆڕین و بەبارمتەدانان و بەخشینی زەوی وەیا کڕینی تری وەدەست هێناوە. بەم جۆرە زەویش وەرگەڕاوەتە سەر شتی کڕین و فرۆش، وە هەر لەم ڕێگایەشەوە بناغەی گرنگی سەردەمی دەرەبەگی (فیئۆدالیزم) لە کوردستان جێگیر بوو.

لە پاڵ تێداچوونی ئابووریی ناتووراڵ وە پەرەسەندنی بەرهەمی شتومەك لە کوردستاندا، پێوەندیی ئابووری و سیاسی و شارستانەتیی ناوخۆش دەستی بەپەرەسەندن کردووە، لەلایەکی تریشەوە بازاڕی جیهانیش ڕووی لە کوردستان کردووە وە ڕاستەوڕاست هێناویەتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە.

ئەنجامی تەواوی ئەم بەسەرهاتانە کاری گەیاندە پەرەسەندنی شێوەکانی جیاوازیی زوڵم و زۆرداری، وە لێك بڵاویی چینایەتی لە کوردستاندا. بەتایبەتی لێرەدا پەرەسەندنی ناکۆکیی چینایەتی و زوڵمی نەتەوایەتی و هاتنە گۆڕ و پەرەسەندنی بەخێراییی زوڵم و زۆرداریی ئیستیعماری بەچەشنێکی ئاشکرا لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا خۆی وەدی دەدات. لەسەریەك سەردەمی دوایی سەدەی ١٩ وە سەرەتای سەدەی ٢٠ سەردەمێکە کە لە کوردستان لە لایەکەوە چەوسێنەرەکان و چەوساوەکان بەتەواوی لێك جیا دەبنەوە، وە ناکۆکیی چینایەتی هەتا دەڕوا قووڵتر دەبێت لەلایەکی ترەوە گەلی کورد هەتا دەڕوا پتر لە ژێر باری زوڵم و زۆرداریی نەتەوایەتیدا هەڵدەکەوێت وە لەلایەکی تریشەوە زوڵم و زۆرداریی ئیستیعماری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی پتر خۆی دەنوێنێت.

سروشتێکی تایبەتی چۆنایەتیی کۆمەڵایەتیی کوردستان ئەمەیە کە زوڵم و زۆرداریی چینایەتی لە کوردستان بەتەواوی لە ئەنجامی پەرەسەندنی بورژووازیی کوردستاندا نەهاتووەتە گۆڕێ، بەڵکو ئەمە بەشی زۆری وە لە بنچینەوە لە ئەنجامی دەستەڵات و دەستڕۆیشتووایەتیی بورژووازیی ئێران وە سەرمایەی دەرەوەدا پەرەی سەندووە. لەکوردستاندا بە تەنیا تا ڕادەیەك بورژووازیی بازرگانی پەرەی سەندووە کە ئەمەش لەژێر هێرشی بورژووازیی ئێراندا هێزی سەرهەڵێنانی نییە. بورژووازیی پیشەسازی وەك چین و دەستەیەك هێشتا نەیتوانیوە خۆی بنوێنێت وەهەر لەم ڕووەشەوە کرێکاری پیشەسازی کورد وەك چینێکی پێگەییوی سیاسی هێشتا خۆی وەدی نەداوە.

کشتوکاڵی کوردستان لەپاڵ مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی ناوخۆی بۆ بازاڕی دەرەوەش کەرەسەی خاوی ئامادە کردووە وە جووتێری کورد پێویستییەکانی خۆشی بە شتومەکی پیشەسازی (لە وێنەی کووتاڵ و قەند و هتد) لەو بازاڕە کڕیوە کە بەدەست بۆرژووازیی دەرەوەیە. خاوەن

مـوڵـکـەکـان بـۆ فـرۆشتن و پـتر دەوڵـەمـەندبـوون هـەوڵـیـان داوە داهـات و حـاسڵاتـێکـی پـتـر وەدەست بـهـێنـن. بـەڵام ئـەم کـارەیـان لـە ڕێگـەی وەکـارخستنـی تـەکنیك و هـۆی نـوێی جـووتـێرییـەوە، بگـرە لـە ڕێگـەی پـتـر چەوساندنەوەی لادێییە جووتێرەکانەوە بەجێ گەیاندووە. هەر لێرەشەوەیە کە خاوەن موڵکەکان بەسوود وەرگرتن لە مافی خاوەنیەتیی بەتەواوی بەسەر زەویدا وە خاوەنیەتیی نیوەچڵ بەسەر لادێیەکاندا (لە سەردەمی دوایـی دەرەبـەگـیـدا ئـیـتـر دەرەبـەگ وەك زەوی نـاتـوانێت لادێیـی بـکـڕێ و بفرۆشێت وەیا کۆسپ پێك بهێنێت بۆ کۆچکردنی بۆ جێگەیەکی تر وە بۆیە ئەمە بە خاوەنیەتیی نیوەچڵ نێو دەبرێت) هەتا دەڕوا پتر لادێییەکانی زەحمەتکێش دەچەوسێننەوە. بەم جۆرە زوڵم و زۆرداریی چینایەتی وە ناکۆکیی چینایەتی لە کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی پەرە ئەگرێت.

دەستەڵات و دەستڕۆیشتووایەتیی سەرمایەی دەرەوە بەسەر کوردستاندا نەك هـەر بووەتە هـۆی پەرەسەندنی ناکۆکیی چینایەتی، بەڵکو هـەروەهـا بـووەتـە هـۆی پـەرەسەنـدنـی زوڵـم و زۆرداریـی نـەتـەوایـەتیش. سیـاسەتـی دەوڵـەتـی ئـێران بـۆ تـوانـدنـەوەی (ئـاسیـمـلیـاسیۆن) گـەلـی کورد سیـاسەتـی بورژووازی نەتەوەی خاوەن دەستەڵاتە کە ئەوەش ئەنجامی پەرەسەندنی پێوەندیی پارە و شتە لە ژێر هێرشی سەرمایەی دەرەوەدا. ئەم سیاسەتە گەلی کوردی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کردووە، تـەواوی پێویستییـەکـانـی کـۆمـەڵایـەتـی و نـەتـەوایـەتـیی گـەلـی کوردی بۆ پێشکەوتن وە ژێرپێ هـاویشتووە. سیاسەتی تواندنەوە کاری گەیاندووەتە سەر سووکـایـەتـیـی نـەتـەوایـەتـی کـە ئـەمـەش پـێی تـەواوی چـیـنـەکـانـی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی (جامعە) کورد دەگرێتەوە. ئامانجی ئەم سیاسەتە هـەوڵدانە بۆ تێدابردنی گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی مێژوویی.

سوودی یەککەوتووی سەرمایەی دەرەوە (ئیستیعمار) و ژێر دەستەکانی نـــاوخـــۆی وی (بـــورژووازی ئـــێران) لـــە نـــێوان ئـــیستـــیـــعـــمـــار و هـــێزە

کۆنەپەرستەکانی ئێراندا بە پێچەوانەی گەلی کورد چەشنە یەکەتی و هاوکارییەکی نێزیکی پێك هێناوە. ئەگەر بەوردی سەرنجێك بدەین لە مێژووی ئەم سەد ساڵەی دوایی کوردستان بە تەواوی ئەم ڕاستەقینەیەمان لێ وەدیار ئەکەوێت. ئەگەر ئیستیعماری دەرەوە پشتیوانیی لە دەوڵەتی کۆنەپەرستیی ئێران نەکردبایە بێ شك گەلی کورد لە خەباتی تەنیاییی خۆیدا بە پێچەوانەی دەوڵەتی کۆنەپەرەستی ئێران سەرکەوتوو دەبوو وە مافی نەتەوایەتیی خۆی وەدەست دەهێنا. بەڵام گەلی کورد هەموو کاتێك لە خەباتی خۆیدا نەکە هەر لەگەڵ هێزە کۆنەپەرەستەکانی ئێران بەڵکو لەگەڵ هێزی یەکگرتووی هێزی کۆنەپەرستی ژوورەوە و ئیستیعماری دەرەوە ڕووبەڕوو بووە.

بەم جۆرە دەبینین گەلی کورد لە ئێرانا لەژێر سێ چەشنە زوڵم و زۆرداریدا هەڵکەوتووە: یەکەم زوڵم و زۆرداریی چینە چەوسێنەرەکانی ناوخۆی کوردستان، دووهەم هی بورژووازی نەتەوەی خاوەن دەستەڵات کە لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری زوڵم و زۆرداریی ئیستیعماری دەرەوەیە کە ئەمیش لە دوو لاوە ئەم سیاسەتەی خۆی بەسەر گەلی کورددا بەڕێوە دەبات: لە لایەکەوە بەهۆی دەزگای دەستەڵاتی بورژووازیی ئێران وە لە لایەکی تریشەوە ڕاستەوڕاست بۆ خۆی.

پەرەسەندنی دابەشکرانی کاری کۆمەڵایەتی، هاتنەگۆڕ و بەرەوژوور چوونی پێوەندیی پارە و شتومەك، لە ئەنجامی ئەمانەدا تێداچوونی ئابووریی ناتورال وە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو سێ چەشنە زوڵمەی کە لە سەرەوە باس کران، تەواوی ئەمانە بوونە هۆی گۆڕانی ڕوخسار و ناوەڕۆکی خەباتی گەلی کورد. ئیتر لە بەشی دووەمی سەدەی ١٩وە خەباتی گەلی کورد وێنە و چەشنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاری–نەتەوایەتیی بە خۆیەوە دەگرێت، بەو مانایە کە هەر جووڵانەوە و بزووتنەوەیەك ئامانجێکی ئاشکرا و دیاری کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر

خۆیدا دادەنێت زۆربەی گەل بە تێکۆشەرییەوە لە خەباتدا بەشداری دەکات وە دروشمێکی تاق، یانی وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوایەتی کوردستان سوودی گەلێك چین و پۆلەکانی کوردەواری وەیەك دەخات.

ئەگەر بە وردی تەماشایەکی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد بکەین لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ بەم لایەوە دەبینین کە شۆڕشی گەورەی کورد وە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ساڵی ١٨٤٣دا بە سەرۆکایەتیی بەدرخان، خەباتی قارەمانانە و مێژوویی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٨٥٣–١٨٥٦دا بە سەرۆکایەتی یەزدانشێر، شۆڕشی بەناوبانگی ساڵەکانی ١٨٨٠–١٨٨١ لە ژێر سەرۆکایەتی شێخ عوبێدوڵلادا، بەشداربوونی تێکۆشەرانەی گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵەکانی ١٩٠٥–١٩١١ی ئێراندا گەلێك جوولانەوە و شۆڕشی تری ئەم ماوەیە بەگوێرەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی خۆیان لە هی سەردەمەکانی ڕابردوو گەلێك جیاواز بوون وە تەواوی ئەمانە نیشانی ئەدات کە لەو سەردەمەوە خەباتی گەلی کورد هەتا دێت پتر شێوە و وێنەی کۆمەلایەتی بەخۆیەوە دەگرێت.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە خەبات و جوولانەوەی گەلی کورددا لەسەریەك ئاڵوگۆڕێکی دیکەی گرینگ و کۆمەلایەتی خۆی وەدی دەدات کە ئەمەش بریتییە لە پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوەکانی جیاوازی سیاسی. ئێمە لێرەدا نواندنی سروشت و نووسینی مێژووی ئەم حیزب و ڕێکخراوانەمان بە ئامانجی خۆمان دانەناوە، بەلام شتێك کە پێویستە بوێژرێت ئەمەیە کە لە نێوان ئەم حیزب و ڕێکخراوانەدا هەرچەند بیروباوەڕی جیاواز دەستەلاتی بووە وە خاوەنی دووربینیی جیاوازی سیاسی بوون، لەگەڵ ئەمەشا هەموویان دروشمێکی تاقیان بووە کە ئەمەش ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بووە و هەر ئەو دروشمە

بووەتە هۆی هەڵستان و بەشداربوونی زۆربەی گەل لە خەباتدا.

***

سەرەتای سەدەی بیستەم لە مێژووی گەلی کورددا دەبێ لە دوو ڕووەوە تەماشای بکرێت. لەلایەکەوە زوڵم و زۆرداریی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە لەو سەردەمەدا گەیشتە ئەوپەڕی چەوتی و نالەباری و داگیرکەری. وە چەشنی هەرە ئاشکرای ئەمەش دابەشکرانی کوردستان بوو کە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بەگوێرەی سوودی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی دەرەوە کرایە چوار لەت. ئەمە هەم لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە وە هەم لە ڕووی سوود و پێویستیی نەتەوایەتی گەلی کوردەوە گەورەترین زەربەیەك بوو کە وە نەتەوەی کورد کەوێت.

لە لایەکی ترەوە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی خەباتی گەلی کورددا ئاڵوگۆڕێکی بنچینەییی گەورە هاتە گۆڕێ کە بێ شك لێرەدا دەبێ جیا لە یاساکانی کۆمەڵایەتیی ناوخۆی کوردستان بەر لە هەموو شتێك باسی کارتێکردن و تەئسیری شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر بکرێت کە لە ڕووسیا لە دراوسێیەتی کوردستاندا سەرکەوتوو بوو.

سەرکەوتنی شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا وەك مێژووی خەباتی تەواوی گەلانی جیهان، لە مێژووی خەباتی گەلی کوردیش ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی پێك هێنا. گرینگیی مێژوویی ئەم شۆڕشە بەر لە هەموو شتێك لەمەدا بوو کە لە وڵاتێکی هەرە گەورەی کاپیتالیستیاتی، لە ڕووسیا زنجیری ئیستیعماری پچڕاند وە ئەمە بەتایبەتی بۆ گەلی کورد زۆر بەنرخ بوو، چونکە لە سەردەمی دواییی سەدەی ١٩ وە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەبینین کە گەلێك جار هۆردووی قەیسەری ڕووسیا هەروەك هۆردووی ئیستیعماری ئینگلیزی و فەڕەنسا بۆ خەفەکردن و پێشگیریکردن لە جووڵانەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کوردی یاریدەی هێزە

کۆنەپەرەستەکانی ئێران و پاشاکانی عوسمانیی داوە و هاوکاریی لەگەڵ کردوون. جیا لەمە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا دەستەڵات و حوکماتی چینە چەوسێنەرەکانی ڕووسیای ژێر و ژوور کرد، دەستەڵاتی چینی کرێکار و لادێیی زەحمەتکێشی دامەزراند وە بۆ گەلانی وەك ئەرمەنی و ئازەربایجانی و گۆرجی کە لە دراوسێیەتی کوردستان ئەژین وە لە کاتی دەستەڵاتی قەیسەردا ئەوانیش لە مافی ڕزگاریی نەتەوایەتی بێبەش بوون، مافی ڕزگاری و سەربەخۆییی نەتەوایەتی و وەکیەکیی پێك هێنا. سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر لە بنەڕەتەوە زەربەتێکی پشتشکێنی بە سیاسەتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی ئینگلیز و فەڕەنسە لە ئێران و تورکیا گەیاند وە هەڵکەوتووایەتیی ئەوانی لەم وڵاتانەوە لە رزین خست.

جیا لە تەواوی ئەمانە، دەوڵەتی سۆڤیەت کە پێگەیەنەری شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر بوو وە هەر لە یەکەمین ڕۆژی دەستەڵاتی خۆیەوە دەستی کرد بە پارێزگاریکردن لە مافی گەلانی ژێردەست و بەشخوراو.

گرینگیی شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر بۆ گەلی کورد لەم وێژراوەیەی قازی محەمەددا بەچاکی نیشان دراوە. قازی بەم بۆنەیەوە گوتوویە: "لە هیچ چەرخێکدا گەلی کورد چەکی خۆی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی دانەناوە بەتایبەتی لە سەدەی بیستەما. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا و سازبوونی یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیستی لە بەر پەڕەکانی نەتەوەی کوردیشدا لەڕەگ و ڕیشەوە ئاڵوگۆڕ بەعەمەل هات. تیشکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر عاسمانی کوردستانیشی ڕووناك کردووەتەوە..."[1].

---

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" ٨ی نیسانی ١٩٦٠.

له كاتی شه‌ڕی یه‌كه‌می جیهاندا گه‌لی كورد به‌ش به‌حاڵی خۆی ده‌كرێ بڵێین كه له هه‌موو گه‌لێكی تری جیهان پتر تووشی چه‌وتی و ناله‌باری و ماڵوێرانی بووه. خاكی كوردستان له‌لایه‌ن هۆردووی ئینگلیز و فره‌نسا و ئه‌ڵمان و توركیا و قه‌یسه‌ری ڕووسیاوه داگیر كرابوو له ڕێڕه‌وی شه‌ڕێدا چه‌ند جار مه‌ڵبه‌نده‌كانی جیاوازی كوردستان ئه‌و ده‌ست ئه‌م ده‌ست كه‌وتبوون وه هه‌ربه‌شه هۆردوویه‌كی یه‌كێك له‌م ده‌وڵه‌تانه‌ی گه‌یشتبایه به نۆبه‌ی خۆی ده‌ستی به‌تالان و بڕۆ ده‌كرد. له پاش شه‌ڕی له ئه‌نجامی سیاسه‌تی داگیركه‌رانه و تالان و بڕۆی ده‌وڵه‌ته ئیستیعمارییه‌كاندا، قاتوقڕی و برسییه‌تی و گرانییه‌كی ماڵوێرانكه‌رانه ته‌واوی به‌شه‌كانی كوردستانی داگرتبوو. له پاش شه‌ڕی له كوردستان كێڵگه‌ی جووتێری نیزیكه‌ی ٣ جار وه ژماره‌ی مه‌ڕوماڵات ٤–٥ جار كه‌م بووبووه‌وه. به‌گوێره‌ی به‌ڵگه‌ی مێژووی له زستانی ساڵی ١٩١٨دا پتر له سه‌دا ٥٠ی دانیشتووانی كوردستان تووشی برسیه‌تی بوون. دوكتۆر فاریزۆف نووسیویه‌تی: ″له سه‌رده‌می شه‌ڕی یه‌كه‌می ئیستیعماریدا ژماره‌ی ئه‌و كوردانه‌ی كه له لایه‌ن هۆردووی داگیركه‌رانه‌وه، به‌تایبه‌تی له‌لایه‌ن هۆردووی ئینگلیزه‌وه كوژراون وه هه‌روه‌ها كاتی كۆچكردنیان له برسان و له سه‌رمان مردوون، له یه‌ك ملیۆن كه‌س پتر بووه″[١].

سه‌ركه‌وتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆكتۆبه‌ر وه دامه‌زرانی ده‌وڵه‌تی سۆڤیه‌ت، كوردستانی له چه‌نگ ئه‌و داگیركه‌رییه نه‌جات دا. ده‌وڵه‌تی سۆڤیه‌ت هۆردووی ڕووسیای به‌ره‌و دوا كشانده‌وه، له پاش ئه‌مه هۆردووی ئینگلیز ناچاربوو به‌شه‌كانی جه‌نووبی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستانی ئێرانی به‌تاڵ بكا وه به‌ره‌و عێراق و هۆردووی توركیاش

١. فاریزۆف: ″جێگای جوولانه‌وه‌ی ڕزگاری–نه‌ته‌وایه‌تیی گه‌لی كورد له خه‌باتی دژی ئیستیعماری گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵاتی نیزیك و ناوه‌ڕاستدا″ مه‌سكه‌و، ساڵی ١٩٥٣، لاپه‌ڕه‌ی ٥٨.

بەرەو توركیا بگەڕێتەوە.

چۆنایەتیی تاڵ و ناخۆش و چەوتی گەلی كورد لەو سەردەمەدا یانی دابەشكرانی نیشتمانی، بێ بەشكرانی لە دەستەڵاتی نەتەوایەتی و مافەكانی سروشتی، سیاسەتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەكان لە كوردستان وە هەروەها هەڵكەوتووایەتیی گرینگی ستراتیژی كوردستان، نەزەری بلیمەتی مەزنی مێژوو وە سەرۆكی یەكەمین دەوڵەتی سۆسیالیستیی سۆڤیەت، فلادیمیر ئیلیچ لینینی بۆ لای خۆی كێشابوو. لە ساڵەكانی هەوەڵی دەوڵەتی سۆڤیەتدا حكومەتی ساوای سۆڤیەت بۆ پارێزگاریكردن لە نیشتمانی خۆی ناچاربوو بەپێچەوانەی هێرش و پەلاماری چاردە دەوڵەتی دەرەوە وە هەروەها هێزەكانی دژی شۆڕشی ناوخۆ شەڕی بكات. برینەكانی شەڕی یەكەمی ئیستیعماری لە ڕووسیا هێشتا سارێژ نەكرابوونەوە، لەگەڵ ئەمەش پێشەوای مەزن فلادیمیر ئیلیچ لینین چۆنایەتیی چەوت و نالەبار و ماڵوێرانی گەلی كوردی لەو دراوسێیەتییەدا لەبەرچاو ون نەببوو وە حكومەتی سۆڤیەت لە سەختترین كاتی ژیانی گەلی كورددا بەهاواری گەلەكەمانەوە هات. لینین لە بەرواری **١٧**ی فانگی نووامبری ساڵی **١٩٢١**دا تیلەگرافێكی بۆ سەرۆكی حكومەتی كۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت نەریمان نەریمانۆڤ ناردبوو كە لەوێدا نووسیبووی: "یارمەتی چل ملیۆن بە برسییەكانی قەراغ چۆمی ڤۆلگا و كوردستان هۆیەكی زۆر گەورەیە بۆ هاتن و ڕۆیشتنی زەحمەتكێشەكان لەژێر ئالای سووری ئینتیرناسیۆنالیزمدا"[١].

گۆڕانێكی گەورەی دیكە كە لە پاش سەركەوتنی شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆكتۆبەر لە ناوەڕۆكی خەباتی گەلی كورددا گۆڕی ئەمە بوو كە هەتا ئەو سەردەمە لە بەشەكانی جیاوازی كوردستاندا

١. و. ا. لنین، جلدی ٣٣، لاپەڕەی ١٠٠، بە زمانی ڕووسی.

جوولانەوەی نیشتمانی و ڕزگاریخوازی کورد جیابوو لە جوولانەوەی نیشتمانیی گەلانی دراوسێ وەك گەلی تورك و فارس و عەرەب و ئازەربایجان وە پێوەندییەك لە نێوان ئەم جوولانەوانەدا نەبوو، کەچی لە جوولانەوەی هەردووکدا ڕوویەکی هاوبەشی هەبوو، یانی هەردووك لا دژی یەك دوژمن کە ئیستیعماری دەرەوە و هێزە کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیستیعماری ژوورەوە بوو، خەباتیان دەکرد. بەڵام ئەگەر سەرنجێك بدەینە سەر جوولانەوەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر دەبینین کە گەلێك جار گەلی کورد بە توندی و تێکۆشەرییەوە بەشداری کردووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی و دژی ئیستیعماری گەلانی دراوسێدا. ئەمە بەتایبەتی لە ساڵەکانی ١٩١٨-١٩٢٣دا لە تورکیا بە ئاشکرایی خۆی وەدی دا. وەکی مەعلوومە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی و پاش وی، شۆڕشی دژی ئیستیعماری و هێزی کۆنەپەرستی تەواوی تورکیای داگرتبوو وە ئەنجامی ئەم شۆڕشە بە تێداچوونی ڕێوشوێنی مونارشیستی و کۆنەپەرستیی پاشاکانی عوسمانی وە دامەزرانی ڕێوشوێنی کۆماری گەیشت. سەرۆکایەتیی ئەم شۆڕشە بەدەست بورژووازیی نەتەوایەتیی تورکیاوە بوو کە کەمال ئاتاتورك سەرۆکی وی بوو. بێ شك جوولانەوەی ئەو حەلەی تورکیا لە پلەی یەکەمی خۆیدا بەتەواوی کەم و کورییەکانیەوە جوولانەوەیەکی پێشکەوتوو بوو، چونکە دژی ئیستیعمار و هێزی کۆنەپەرستی پاشایەتی بوو. هەر لەبەر ئەمەش بیر ڕووناکان و هێزە ڕزگاریخوازەکانی کورد بە تێکۆشەرییەوە شان بەشانی تورکان لەم جوولانەوەیەدا بەشدارییان کرد. لە ساڵی ١٩١٩دا لە شاری ئەرزەڕۆم کۆبوونەوەی گەورەی بیر ڕووناکان و پیاوە سیاسییەکانی کورد پێك هات وە بە هاودەنگییەوە بڕیاریان دەرچوواند کە لە بزووتنەوەی ڕزگاری-نەتەوایەتیی گەلی تورکدا بەپێچەوانەی ئیستیعمار بەشداری بکەن. گەلی کورد کە لە چەنگ زوڵم و

زۆرداری پاشاکانی عوسمانی نەجاتی بووبوو، دەیدیت کە ئیستیعماری ئینگلیزی و فرەنسا بە تەواوی هێزی خۆیانەوە تێ دەکۆشن سەرلەنوێ ڕێوشوێنی گلاوی پاشایەتی دابمەزرێننەوە. لەبەر ئەمە بە قارەمانەتییەوە یاریدەی هۆردووی کۆماری ساوای تورکیان دەدا. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە کتێبەکەی خۆیدا "الکرد وفن بدول التاریخ" نووسیویەتی: "بەشی زۆری سوارەی هۆردووی تورکیا کە لە دژی داگیرکەرانی ئینگلیز و فرەنسا و یۆناندا شەڕیان دەکرد عەشیرەتە چەکدارەکانی کوردستان بوون"[1].

بەڵام بەشداربوونی کوردان لە جوولانەوەی گەلی تورکدا لەبەر سیاسەتی نیشتمانی فرۆشی و بە زۆرداری تواندنەوە و زوڵم و زۆرداریی سەرۆکەکانی کۆماری تورکیادا هێندەی نەخایاند وە بزووتنەوەی دارودەستەی کەمال لە پلەی دووەمەوە ئیتر ڕێگەیەکی هەڵەی گرتە پێش.

لە ئێرانیش گەلی کورد لە جوولانەوەی نیشتمانی و دیموکراسی بە سەرۆکایەتیی شێخ محەمەدی خیابانیدا، لە جولانەوەی ڕزگاری–نەتەوایەتیی گیلاندا کە ئەنجامی وی دامەزراندنی کۆماری سۆسیالیستی گیلان بوو بەتوندی بەشداریی کرد وە سوارەی کوردان بە سەرۆکایەتی خاڵە قوربانی کە لە کۆماری گیلاندا وەزیری کاروباری بەرگری بوو، بەڵام لە پاشان بووە کرێگرتەی دەوڵەتی ئێران، هێزی چەکداری هەرە گەورەی کۆماری گیلان بوو. باسکردنی بە وردیی ئەم مەسەلانە لە ئامانجی نووسینی ئەم کتێبەدا نییە وەلەبەر ئەمە لە سەری ناڕۆین.

سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیاوە هەنگاوە پیرۆز و بەنرخ و گرینگەکانی حکومەتی ساوای سۆڤیەت لە یەکەمین کاتی دەستەڵاتی خۆیدا بەئامانجی مسۆگەرکردنی ئاشتی لە جیهاندا دوە پێشگیریکردن لە سیاسەتی تالان و بڕۆ و داگیرکەریی

١. لە ژمارەی ٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" ساڵی ١٩٤٦ هەڵگیراوە.

دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان لە هاوسنووری سۆڤیەت، نەزەر و بیروباوەڕی هێزە نیشتمانی و ڕزگاریخوازەکانی کوردی بۆ لای خۆی کێشا. هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان هەستیان بەمە کرد کە دەوڵەتی سۆڤیەت لە ڕاستەقینەدا پشتیوان و لاگری مافی نەتەوە و گەلە ژێردەست و بەشخوراوەکانە. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە وە هەروەها بۆ نواندنی کارتێکردن و تەئسیری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە جوولانەوەی گەلی کورددا ئەو نامانەن کە کوڕی نەمر و تێکۆشەر و بەناوبانگەی کورد شێخ مەحموود بۆ بلیمەتی مەزن و سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەت فلادیمیر ئیلیچ لینینی ناردبوو. لە ساڵی ١٩٢٣دا شێخ مەحموود دوو جار نوێنەری خۆی دەنێرێت بۆ تەوریز بۆ لای کونسوڵی حکومەتی سۆڤیەت وە بەهۆی کونسوڵەوە دوو نامەی بۆ لینین ناردبوو. لە نامەی یەکەمدا شێخ مەحموود نووسیبووی: "لە ساڵی ١٩١٧دا کاتێك کە ڕزگاریی ئادەمیزاد وە دەنگی ڕاستەقینەی ڕزگاری لە چەنگ زۆرداری و زاڵمانی بەناوبانگ بەجیهاندا بڵاوبووەوە تەواوی گەلانی ژێر چەپۆکی سەرزەوی سوپاسی دەروونیی خۆیان بە نەتەوەی نەجیب و بەڕێزی ڕووس ڕاگەیاند وە دەستیان کرد بەخەبات بۆ وەدەستخستنی ڕزگاری و مافەکانی خۆیان. بێ شك ئێوە لە نووسراوی ڕۆژنامەکانەوە شارەزان کە لە ساڵی ١٩١٩دا، یانی چوار ساڵ لەمەوپێش کاتێك گەلی ژێر دەستی کورد لە سولەیمانی بۆ وەدەستخستنی مافەکان و داواکانی یاسایی و نەتەوایەتیی خۆی، دەستی بە خەبات کرد، نوێنەرانی خوێنخۆری بریتانیا چییان بەسەر کوردان هێنا. لە چارەڕەشیی کوردانەوە ئەودەم کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی بەڕێز و نەجیبی ڕووس هەلی ئەمەی نەدەدا کە ئاوڕێك لە چۆنایەتیی تاڵ و نالەباری گەلانی ژێردەستەوە بدات.. تەواوی دانیشتووانی کوردستانی جەنووبی ئامادەن لەگەڵ دەوڵەتی نەجیبی ڕووس ڕێك کەون وە بەسەروماڵ و گیانەوە ئەسپاردەکانی ئەو بەجێ

بگەیەنن. بەڵام وەك مەرجێكی بنچینەیی ڕەجا دەكەین بە لەونی ڕەسمی پێ لە مافەكانی نەتەوایەتی ئێمە بنێن"[1].

لە نامەی دووەمدا شێخ مەحموود باسی هەویا و هومێدی گەلی كورد بە دەوڵەتی سۆڤیەت دەكات وە لە دەوڵەتی سۆڤیەت داوخواز دەكات كە دەوڵەتی كوردی لە سولەیمانی بە ڕەسمی بناسێت. لەم نامەیەدا شێخ مەحموود نووسیبووی: "پێویستە ئەمەی بڵێم كە تەواوی كورد، ڕووس بەڕزگاركەرانی ڕۆژهەڵات دەزانن وە ئامادەن چارەنووسی خۆیان بەوان بسپێرن... ئەمەی كە بۆ مە زۆر پێویستە مەسەلەی پشتیوانە. گەلەكەمان چاوەڕێیە كە پێوەندییەكی نیزیك لە نێوان ئێمەدا دابمەزرێت وە ئەگەر ئەو هاوكارییەی كە ئەمن بەئاواتییەوەم پێك بێت ئەودەم بێ شك گەلی ئێمە ڕزگار ئەبێت"[2].

لەم نامانەرا بۆمان وەدیار دەكەوێت كە سەركەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆكتۆبەر وە بڵاوبوونەوەی هەمووڵایەكیی بیروباوەڕی پێشكەوتوو لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا، كاری كردووەتە سەر بیروباوەڕی هێزە ڕزگاریخواز و پێشكەوتووەكانی كوردستان وە دەورێكی گەورەی بووە لە بەرەوژوور چوونی هەستی پێشكەوتوو و پێشڕەو لە كوردستاندا.

مێژوونووس و تێكۆشەری كورد عەبدولعەزیز یامولكی لە كتێبەكەی خۆیدا بە شێوەیەكی جوان نووسیویەتی: "بە تەنیا لە لایەن ڕووسیاوە كە لە لایەكی كوردستان هەڵكەوتووە شنەبایەكی فێنك و خۆشی بەیانی دڵە كز و داماوەكان ئەبووژێنێتەوە وە پرشنگێكی بریقەدار لە دوورەوە دیارە

١. ئەم نامانەی شێخ مەحموودی نەمر كە لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێڕدراوە لە پێشدا لە كتێبەكەی فاریزۆف (لاپەڕەی ٨١–٨٢) و لە كتێبەكەی ر. قازی (لاپەڕەی ٩٤–٩٥) و لە پاشان لە ڕۆژنامەی "ژین" كە لە سولەیمانی دەردەچوو و هەروەها لە كتێبەكەی كەمال مەزهەردا كە لە ساڵی ١٩٦٧ دەرچووە، چاپ كراوە.

٢. هەر لەوێ.

که خەریکە وڵاتەکەمان ڕووناك ئەکاتەوە"[1].

***

نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ لە مێژووی گەلی کورددا بە سەردەمی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاری-نەتەوایەتی دەژمێردرێت وە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش سەردەمێکی وا نەبووە کە لە مەڵبەند و بەشێکی کوردستان گەلی کورد بەشێوەی جیاواز خەباتی چەکدارانە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان و هێزە ئیستیعمارییەکانی دەرەوە بەرێوە نەبات. مێژوونووسی سۆڤیەتیی واسیلیێڤ لە ساڵی ١٩٣١دا نووسیبووی: "لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی تێکۆشینێکی تایبەتی لە نێو کوردانداا وەبەرچاو دەکەوێت. ئەم تێکۆشینە بووەتە شۆڕشێکی گەورە و بناغەی ئەم دەوڵەتانەی وە لەرزین خستووە کە بەسەر کورداندا حوکماتی ئەکەن. تەواوی کوردستان لە حاڵەتی شۆڕش و جووڵانەوەدایە. ساڵ، مانگ و تەنانەت ڕۆژێك نییە کە لە بەشێکی کوردستان شۆڕش و جووڵانەوە دەست پێ نەکات"[2] بێ شك هەریەك لەم جووڵانەوە و شۆڕشانە سروشتێکی تایبەتی، وە ڕێگەیەکی تایبەتیی بەرەو پێشچوون و پێشڕەویی بووە، ئەمەشمان نابێ لەبیر بچێتەوە کە جاری وا هەڵکەوتووە هێزە ئیستیعمارییەکانی دەرەوە بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجی داگیرکەری و ئیستیعماریی خۆیان توانیویانە بزووتنەوەیەکی کورد، بەشێوەیەکی تایبەتی نەك بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕێگای ڕاست هەڵە بکەن. بەڵام تەواوی ئەم جووڵانەوە و شۆڕشانەی سەردەمی بەشی یەکەمی سەدەی ٢٠ بنچینەی مادی و کەرەسەییان بووە و بەڕێکەوت و هەڵکەوت سەریان هەڵنەداوە.

١. عەبدولعەزیز یامولکی: "کوردستان و شۆڕشەکانی کورد"، بە زمانی تورکی، جلدی یەکەم، لاپەڕەی ٢٤، تاران، ساڵی ١٩٤٦.

٢. گۆواری "ڕزگار ژمارەی ٩-١٠" مەسکەو ساڵی ١٩٣١، بەزمانی ڕووسی.

له مێژوودا سیاسەتی بەزۆرداری تواندنەوەی هیچ دیکتاتۆر و دەوڵەتێك وەك سیاسەتی بەزۆر تواندنەوەی مستەفا کەمال لە تورکیا و ڕەزاشا لە ئێران لەبارەی گەلی کورد بەهێز و سەخت و ماڵوێرانکەر نەبووە، بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەنجامەکانی خوێناوی و دڕندانەی ئەم سیاسەتەشا نە مستەفا کەمال و نە ڕەزاشا نەیانتوانی هەستی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆیی ویستنی گەلی کورد دابمرکێنن.

مێژوونووسی بورژوا ئا. حۆرانی لەمەڕ ئەم زوڵم و زۆردارییەی کە لە کوردان دەکرێت وای نووسیوە: "لە ڕۆژهەڵاتی نیزیك و نێوەڕاست هیچ کەمایەتی و گەلێك وەك بیرڕووناکانی کورد تووشی زوڵمی نەتەوایەتی و بێ بەشی و ڕێککوشین نەبوون"[١].

هۆیەکی هەرە گرینگی پەرەسەندنی هەست و بیروباوەڕی سەربەستی ویستن و ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کە لە نێو دڵی زۆربەی گەلی کورددا هاتووەتە گۆڕێ، زوڵم و زۆرداری نەتەوایەتییە کە بەتایبەتی لەکاتی دەستەڵاتی بیست ساڵەی ڕەزاشادا لە ئێراندا گەیشتە ئەوپەڕی سەختی و دوژمنایەتی. زوڵم و زۆرداریی نەتەوایەتی لە هەموو ڕوویەکەوە، هەم لە ڕووی سیاسی، هەم لە ڕووی ئابووری وە هەم لە ڕووی شارستانەتی و ژیانەوە و کۆمەڵانی مەزنی کوردستانی خستبووە ژێر هێرش و چەرمەسەرییەوە. وێنەی هەرە ئاشکرای ئەو سیاسەتە لە ڕووی سیاسییەوە ئەمە بوو کە دەوڵەتی کۆنەپەرست و داگیرکەری ئێران گەلی کوردی لە مافی دەستەڵاتی سەربەخۆ بەسەر نیشتمانیدا بەتەواوی بێ بەش کردبوو وە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لێ داگیر کردبوو. وێنەی زوڵمی نەتەوایەتی لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوە بوو کە، دەوڵەتی ئێران باج لە کوردان دەستێنێت، لە داهات و حاسڵاتی کشتوکاڵی کوردستان سوود و

١. ئا. حورانی: "کەمایەتییەکان لە جیهانی عەرەبا" بەزمانی ئینگلیزی، ئۆکسفۆرد، ساڵی ١٩٤٧، لاپەڕەی ١٥.

قازانجێکی بێ ژماره وەدەست دەهێنێت، بەڵام بۆ ئاوەدانی و پەرەسەندنی پیشەسازی و ئابووری لە کوردستان هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوەتەوە. لە کاتی دەستەڵاتی ڕەزاشادا تاقە کارگەیەکی پیشەسازی لە کوردستان دانەمەزرا، لێرەدا کارگە نەوتەکانی کرماشان لەبەرچاو ناگرین، چونکە ئەمە پێوەندیی هەیە بە سیاسەتی داگیرکەری ئینگلیسەوە. تەنانەت کارگەی جغارە دروستکەر کە بەشی زۆری کەرەسەی خاوی بریتییە لە تووتنی کوردستان دوور لە کوردستان لە تاران دروست کرا. کارگەی قەندی میاندوئاو کە لە سەدا ٦٠ی چەوەندەرەکەی لە خاکی کوردستان ڕەعەمەل دێت لە دەرەوەی کوردستان دامەزرا. تەواوی کوردستانی ئێران گەڕابای ڕێگەی ئاسنت چاو پێ نەدەکەوت وە جادەکانیش هێندە خراپ و ناخۆش بوون کە گەلێك جار لەکاتی زستاندا شاری وەك سنە و بانە و سەردەشت و بۆکان و... هتد لەبەر بەفر و سەغڵەتی پێوەندیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەبڕدرا. لە حەڵێکدا کە داهاتی نەتەوایەتیی کوردستان کە دەوڵەتی ئێران بە تاڵانی دەبات دەیتوانی بە تەواوی پێویستەکانی کوردستان لە ڕووی پیشەسازی و فەرهەنگ و تەندروستی و شارستانەتییەوە مسۆگەر بکات.

سیاسەتی زوڵم و زۆرداریی نەتەوایەتی لە ڕووی مەعنەوی و شارستانەتییەوە ئەمە بوو کە خوێندن و نووسین وە تەنانەت دووان لە دایرەکانی ڕەسمی دەوڵەتی بەزمانی زکماکی کوردی یاساغ کرابوو. بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەب و وێژەی کوردی هیچ چەشنە هەلێك نەدەدرا. لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی یاساغ کرابوو وە گەلێك جار دەدیترا لە دێ لە نێو مزگەوت لەکاتی نوێژی جەماعەتدا ژاندارمەکان وە ژوور دەکەوتن پێچ و مێزەر و پشتێندی خەڵکیان دەکردەوە و ئاوریان تێ بەردەدا. دەوڵەتی ئێران بە پانایی و بەرینی دەستی کردبوو بەتێدابردنی داب و ڕێوشوێن و بیرەوەرییە مێژوویی و نەتەوایەتییەکانی کوردی. نێوی

لـه مـێژینـەی شار و چۆم و شاخ و تـەنـانـەت دێیەکانی کوردستـانـیـان دەگۆڕی و نێوی فارسییان لەسەر دادەنان. مەسەلەن لە شارەکان: سابلاغ کـرا بـەمـەهـابـاد، عـیـلام– بـەشاە ئـابـاد، سایـن قـەڵا–بـە شاهین دیژ، سەلماس–بـە شاپـوور، لـە چـۆمـەکـان: جـەغـەتـوو–بـە زەریـنـە ڕوود، تـەتەهو–بەسیمین ڕوود و هتد.

ڕەزاشا تـێ ئـەکـۆشی ئـەسڵا نـێوی کـوردستـان لـەسەر نـەقشەی ئـێران هـەڵـگرێ. هـەتـا ساڵـی ۱۹۳۷ کـوردستـانـی ئێران لـەسەریـەك یـەکێك لـە ئـەیـالـەتـەکـانـی هـەرە گـەورەی ئێران بـوو. بـەڵام بـەگـوێرەی یـاسای ساڵـی ۱۹۳۷ لەمەڕ دابەشکردنی ئێران، کوردستانی سەر بە ئێران بەچەند لەت بەش کرا. بەشێکی خرا سەر ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ڕەزاییە)، بەشێکی کەوتە سەر ئازەربایجانی شەمالی (تەورێز)، بەشێکی نێونرا "شارستانی سنە" وە بەشێکیشی نێونرا "ئۆستانی پێنجەم" (ئەیاڵەتی کرماشان). ئەم دابـەشکـرانـە بـە تـەنـیـا بـە ئـامـانـجـی زۆرکـردنـی ژمـارەی هـۆردوو و کاربەدەستانی دەوڵەت لە کوردستان بوو کە لەم ڕێگەوە پێشی هەموو چەشنە جووڵانەوە و سەرهەڵدانێکی کوردان بگرن. لە ڕووی فەرهەنگ و شارستانەتی و تەندروستیشەوە کوردستانی سەر بە ئێران پاشکەوتووترین مـەڵـبـەنـدی ئـێران بـوو. مـەسەلـەن لـە مـەڵـبـەنـدی مـەهـابـاد بـە خـۆی و بـە نیزیکەی ٤٥٠ هەزار دانیشتوویەوە تاقە قوتابخانەیەکی نیوەچڵی نیونجی وە تاقە نەخۆشخانەیەکی ۱۰ تەختی لێ هەبوو. ڕۆژنامەی "کەی هان" کە سەربـە دەوڵـەتـە نووسیبووی: "لـە مـەڵـبـەنـدی سنـە کـە ۷۰۰ هـەزار کـەسی دانیشتووانی هەیە بەتەنیا ۷ قوتابخانەی سەرەتایی هەیە کە ئەمانەش هەموویان لە شاری سنەن"[1]. ڕۆژنامەی "سەنەن دەج" کە لە سنە بە زمانی فارسی دەردەچێت وە بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی خاوەن موڵکە گەورەکان و

---

۱. ڕۆژنـامـەی "کـەی هـان" ژمـارەکـانـی مـانـگـی ژانـویـەی ساڵـی ۱۹٥۱. چـەنـد نووسراوەیەك لەمەڕ کوردستان.

شاپەرستییە لە بەهاری ساڵی ١٩٥١دا ڕاپۆرتی چەند کاربەدەستێکی تارانی لەمەڕ چۆنایەتیی کوردستان لە چاپ دابوو. لەم ڕاپۆرتەدا کاربەدەستانی دەوڵەت گوتبوویان: "هیچ مەڵبەندێکی وەڵات وەك کوردستان وێران و پاشکەوتوو چەوت و چەوێڵ نییە. دانیشتووانی ئەم مەڵبەندە لە هەموو شتێك بێبەش کراون. کوردستانی ئێستا لە ڕووی فەرهەنگ و شارستانەتی و تەندروستی و ئاوەدانییەوە لەگەڵ کوردستانی ٦٠ ساڵ لەمەوپێش هیچ فەرقێکی نییە"[١].

سەروپاکی تەواوی ئەمانە، لەسەر تاڵان و بڕۆ و کوشتنی تێکڕایی و کۆچاندن و لە گرتووخانە هاویشتن و کارەساتەکانی تری ڕەزاشا لەبارەی گەلی کورد، دەکرێ چەند کتێبی تایبەتی بنووسرێ. هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین لەکاتی دیکتاتۆریی ٢٠ ساڵەی ڕەزاشادا ماڵە کوردێك وە بەتایبەتی ماڵە عەشیرەتێك وە چەنگ ناکەوێت کە کەسێکی لێ نەکوژرابێت وە یا بێ فەزیحەتییەکی پێ نەکرابێ. چەند عێل و عەشیرەتی وەك جەلالی، هەرکی، شکاك، پیران، گەڵباخی، بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی، تیلەکۆیی، جەوانڕۆ وە هتد. بەخاووخێزانەوە لە نیشتەجێیی خۆیان بەزۆرداری کۆچاندران بۆ جێگا دووردەستەکانی ئێران.

زوڵم و زۆرداریی ڕەزاشا دەرحەق بە کوردان بە ڕادەیەك گەیشتبوو کە لە نێو کوردەواریدا قسەی گاڵتە و نەستەق و پڕمانایان پێوە هەڵدەکوت. مەسەلەن دەیانگوت: "ئیجباری ڕەزا خانم... غەریب و ماڵوێرانم"، وەیا: "تانجییەك بە ورچی لوتی چەقۆ ئەوەڕی وە یەك بە ئەمنییە"، وەیاخۆ: "هێندەم فیکە بۆ ئەسپی ئەمنییە لێ داوە لێوم توێخی چووە".

ئەمانە بوون بەکورتی بنچینە و بناوانی مادی و کانگای ڕاستەقینەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و سەربەخۆیی ویستن کە لە قووڵاییی دڵی

---

١. ڕۆژنامەی "سەنەن دەج" بەرواری ٢٢ی خوردادی ١٣٣١.

زۆربەی گەلی کورددا کاریگەر بووە. هەر لەبەر ئەمانەشە کە ڕەزا شا بەو هــەمــوو زۆر و زۆرداری و دوژمــنــایــەتــی و کــارەســاتــی نــاپــیــاوانــە و خــوێنــاوییــەوە هــەتــا دوایــن ڕۆژی دەســتــەڵاتــی خــۆی، نــەیــتــوانــی خــەبــاتــی چەکدارانەی گەلی کورد خەفە بکات وە هەتا ساڵی ١٩٤١ کە تەختی ڕەزاشا ژێروژوور بوو، مەڵبەندەکانی سەردەشت و بانە و هەورامان و جــوانــڕۆ و کــێــوەکــانــی مــەشــوور بــە"ژانــدارك" و... هــتــد مــەیــدانــی شــەڕی قــارەمــانــانــەی تــێــکــۆشــەرانــی کــورد بــوو لــەگــەڵ هــوردووی ئــێــران و ژانــدارمــەکــانــی دەوڵــەتــی. لــە ئــەنــجــامــی دەست پێکرانــی شــەڕی دووەمــی جیهانی وە هاتنی هۆردووی قارەمانی سۆڤیەتدا بۆ ئێران داوودەزگای دیکتاتۆریی ڕەشی ڕەزاشا ژێر و ژوور بوو. شنەبای ڕزگاری دەستی کرد بە ڕەواندن و ڕامالدانی تەم و مژ و هەورە ڕەشەکانی سەر عاسمانی کوردستان. لە ئەنجامی پرش و بڵاوبوونەوەی هۆردووی شاهەنشاهیدا کە بنچینەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەبوو، گەلی کورد خۆی بە چەك دارشت. پــیــاوە پــێــشکــەوتــووەکــان و بــیــرڕوونــاکــی کــورد بــەســوود و کــەڵك وەرگرتن لەم هەلە دەستیان بە تێکۆشین کرد. خەباتێکی ڕێکوپێك و بەڕێ و جــێــی ســیــاســی لــە کــوردســتــان هــاتــە گــۆڕێ کــە بــەگــوێرەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی و هەروەها بەگوێرەی گرنگی لە تەواوی سەردەمەکانی پێشوو جیاواز بوو. بۆ سەرۆکایەتی وە ڕێگا نۆیریکردنی ئەم خەباتە، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەرنامە و دروشمێکی ئاشکرا و بەپێی پێویست و ئامانجەکانی زۆربەی گەلی کورد هاتە گۆڕێ و ئاڵای بزووتنەوەی ڕزگــاری-نــەتــەوایــەتــیی گــەلی کوردی گرتــە دەســتــەوە. پــلــەی هــەرە بــەرەو ژووری ئەم جوولانەوەیە دامەزرانی حکومەتی نەتەوایەتیی دیموکراتیکی کوردستان بوو. ڕۆڵەی زانا و بەمشوور و تێگەیشتووی گەلی کورد قازی مــحــەمــەد بــە ســەرۆکــی یــەکــەمــیــن حکــومــەتــی نــەتــەوایــەتــی و کــۆمــەڵایــەتــیی کوردی هەڵبژێردرا و لەلایەن گەلەوە نێوی پێشەوای کوردستانی پێ درا.

بەشی دووەم

# دەوری تایفەی قازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانی ئێراندا

قازی محەمەد لە تایفەی قازیی موکریانە کە یەکێکە لە بنەماڵەکانی هەرە لەمێژینە و بەڕێز و زانا و بە ناوبانگی کوردستان. بنەماڵە و بەڕێزی و نێو بەدەرەوەییی تایفەی قازی لە نێو کوردەواریدا لە دوو ڕووەوە بوو: یەکەم لەم ڕووەوە کە ئەم تایفەیە دایما خاوەنی بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی و نیشتمانپەروەری و پێشکەوتوو بوون وە گەلێك لە ئەندامانی ئەم تایفەیە لە ڕیزی بەرەوەی تێکۆشەرانی کورددا هەڵکەوتوون وە بۆ کاتی خۆی زانای هەرە بەناوبانگ بوون. دووەم لەم ڕووەوە کە خزمەتکاری قەزاوەت و دین بوون وە پتر لە چوارسەد ساڵ ئەرکی قازیی شەرعیی مەڵبەندی موکریان بەدەست ئەم تایفەیەوە بووە. وێککەوتن و یەکگرتنی ئەم دوو سروشتە لە وەڵاتێکی پاشکەوتووی وەك کوردستان کە بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و سەربەستیخوازی لەگەڵ بیروباوەڕی دین و مەزهەب زۆر بەقووڵی و توندی ڕەگئاژۆی کردووە بووەتە هۆی نێوبەدەرەوەیی و بەڕێزیی ئەم تایفەیە لە نێو زۆربەی گەلی کورددا.

لێرەدا باسی چەند بەسەرهاتێکی مێژوویی دەکەین لەسەر ئەم تایفەیە کە هەموویان نموونەی تێکۆشەری و لەخۆبووردنی قازییەکانە لەپێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا.

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی گەلەکەمان بدەینەوە دەبینین یەکێك لەو

هۆیانەی کە داگیرکەرانی کوردستان وە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان بۆ ڕاگیرکردنی دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کوردەواریدا سوودیان لێ وەرگرتووە وە بە درێژاییی مێژوو بەکاریان هێناوە برێتی بووە لە پێکهێنانی ناکۆکی و ناتەبایی و دوژمنایەتی لە نێوان عەشیرەتەکانی کوردستاندا. ئەگەر لە بنچینەی تەواوی کێشە و هەرای نێوانی عەشیرەتەکانی کوردستان بڕوانین دەبینین کە قامکی داگیرکەران و ئیستیعمارچییەکان لەکاردا بووە وە لەبەر بێ هێزبوونی هەست و بیروباوەڕی پێشکەوتوو، سەرۆك عەشیرەتەکان هەستیان بەمە نەکردووە و لە ئەنجامی شەڕی براکوژیدا هەزارەها کەس خوێنیان بە هەدەر چووە و دەوڵەتە حاکمەکان لەمە سوودیان وەرگرتووە. خزمەتێکی هەرە بەنرخ و مێژوویی تایفەی قازی بە گەلی کورد ئەمە بووە کە تێ کۆشیون پێشی شەڕ و کێشەی براکوژی لە نێو عەشیرەتەکاندا بگرن وە قامکی داگیرکەران و ئیستیعمارچییەکان وەك دارەچیلەی هەڵایساندنی ئاگری ناوخۆ وەدی بدەن لە بەشی یەکەمی سەدەی ١٩، کاتێك کە لە کوردستانی سەر بەتورکیادا خەباتی گەلی کورد دەستی بە پەرەگرتن کرد وە جوولانەوەیەکی بەناوبانگ بەسەرۆکایەتیی بەدرخان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا، ئەم جوولانەوەیە کاری کردە سەر کوردستانی سەر بە ئێرانیش وە لە مەڵبەندەکانی سەقز و بانە و سنە و کرماشان سەرەتای جوولانەوەیەکی گشتیی لە دژی دەوڵەتی ئێران وە بۆ ڕزگاریی کوردستان دەستی بەخۆ نواندن کرد. هەر لەو دەمەدا خوفیەکانی ئیستیعماری ئینگلیز وەخۆ کەوتن جولانەوەی دژی دەوڵەتی ئێران و پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆییی کوردستان وەرگێڕنە سەر شەڕی براکوژیی نێو عەشیرەتەکان. بەڵگەیەکی مێژوویی کە لە ئارشیوی مێژووی ڕووسیا وەچەنگ کەوتووە لەسەر ئەم باسە ئەدوێ. لەم بەڵگەنامەیەدا ویژراوە کە لە ساڵەکانی ١٨٣٠-١٨٣١دا خوفییەکانی

ئینگلیزی بۆ هەڵایساندنی ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان عەشیرەتەکانی کوردستاندا زۆر وەهەوڵان کەوتبوون. چۆنایەتییەکی مەترسی هاتبووە گۆڕێ وە هەر دەمێك چاوەڕێ دەکرا شەڕی براکوژی هەڵایسێت. لەم کارەدا کاربەدەستێکی ئینگلیزی بەنێوی بادکیلی زۆری هەوڵ دابوو. ناوبراو وەك گەڕیدە دێتە کوردستان و دەست دەکات بە هەڵایساندنی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکانی کوردستاندا. بەڵام سەدرەدین شەیخول مەشایخ کە (باپیرە گەورەی قازی محەمەد) کە لە نێو کورداندا حورمەت و بەرێزییەکی زۆر گەورەی هەبووە بۆ پێشگرتن لە براکوژی وە وەدیدانی کەڵەك و فێڵی دوژمنان وەخۆ کەوت. سەدرەدین شەیخول مەشایخ دەست دەکات بەنامە نووسین بۆ تەواوی سەرۆك عەشیرەت و گەورەگەورەکانی کوردستان وە لێیان دەگێڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی گەورەی کوردی (بە وشەی ئێستا کۆنگرە) ئامادە بن. شەیخول مەشایخ لە پاش ١١ مانگ تێکۆشین و هەوڵدان بەئامانجی خۆی دەگات وە لە مەڵبەندی دیواندەرە لەدێی هویەتو کۆبوونەوەی سەرۆك عەشیرەت و گەورەگەورەکانی کوردستان پێك دەهێنێت. لەم کۆبوونەوەیەدا لە لایەن عەشیرەتی کەڵهوورەوە عەتائوڵلا خان، لە عەشیرەتی سەنجابییەوە شوکروڵلا خانی سەرداری سەنجابی وە هەروەها سەرۆکەکانی عەشیرەتی مەندەمی و کانی سانانی و گەڵباغی و تیلەکۆیی و جاف و بەگزادەی فەیزووڵلا بەگی و نوێنەری سەرداری بۆکان و... هتد بەشداری دەکەن. ئەم کۆبوونەوەیە ٢٣ ڕۆژی خایاند وە لە ئەنجامدا عەشیرەتەکان بەیەکەوە ئاشت دەبنەوە و سوێندی برایەتی دەخۆن وە بەم جۆرە پیلان نانەوەی ئینگلیزیەکان سەر ناگرێت[١].

---

١. ئارشیوی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، فوندی ژمارە ١١، سیایی ٢، پەروەندەی ١٣، لاپەڕەی ٣٨-٣٧، هەروەها ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ١١ی دیسامبری ١٩٥٧.

وێنەیەکی دیکە لە نیشتمانپەروەری و هەستی ڕزگاریخوازی تایفەی قازی خەبات و تێکۆشینی میرزا فەتاحی قازی (قازی فەتاح) بووە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆییی کوردستان وە لە دژی دەوڵەتی ئێران و ئیستیعماری ڕووسیای قەیسەریدا. (قازی فەتاح برا چکۆلەی باپیری قازی محەمەد بوو).

نێوی قازی فەتاح لە ڕیزی نیشتمانپەروەر و سەرکردە و هۆنەرانی هەرە بەناوبانگ و ڕزگاریخوازی کوردستاندایە. لە ڕیزی ئەم پیاوانەدایە کە تەمەنی خۆی بەخت کردووە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆییی گەلەکەی. میرزا فەتاح لە ساڵی ١٢٥٠ی قەمەری (نیزیکەی ١٨٣٢ی میلادی) لە سابڵاغ لەدایك بووە وە کاتی جحیڵیی بەفەقێیەتی ڕابواردووە. بەشی زۆری لەلای مەلا گچکەی هەولێری خوێندوویەتی. میرزا فەتاح لەپاش تەواوکردنی خوێندنی دینی بەقازی سابڵاغ دیاری کراوە، بەڵام قازییەتیی وی زۆرتر ڕووی سیاسی هەبووە نەك دینی، چونکە هەر لە ڕۆژی یەکەمی قازیەتییەوە پارێزگاریی لە مافەکانی گەلی کورد کردووە بەرامبەر بەزوڵم و زۆرداری حاکمەکانی ئێرانی. نووسەری ئێرانی کاویان پوور لە کتێبەکەی خۆیدا بە نێوی "مێژووی گشتیی ئازەربایجان" زۆر بە حورمەتەوە باسی قازی فەتاح دەکات و دەنووسی: "قازی فەتاح پیاوێکی بە تەواوی مانا زانا و نووسەر بوو... ناوبراو جیا لە مەقامی قەزاوەت پیاوێکی کارچاکی سیاسی بوو لە گەلێك کاری کۆمەڵایەتیدا بەشداری ئەکرد"[١].

حاکمەکانی کە لە تارانەوە لەلایەن پاشاکانی قاجاریڕا بۆ سابڵاغ دیاری دەکران، کاتێك دەهاتن خۆیان وەك سەرکردەیەکی سەرکەوتوو، وەك نوێنەری نەتەوەیەکی زاڵ بەسەر نەتەوەیەکی دیل و یەخسیردا بەڕێوە

١. سەروان کاویان پور، "مێژووی گشتیی ئازەربایجان" بە زمانی فارسی، ساڵی ١٣٤٦، لاپەڕەی ٣٨-٣٩، تاران.

دەبرد وە دانیشتوانی کوردستانیان بە کێوی و وەحشی دەئەژمارد، یەکەمین کارێکی کە قازی فەتاح کردی ئەمەبوو ماف و دەستەڵاتی ئەم حاکمانەی ڕێك کوشی وە لە ئەنجامدا هیچ حاکمێك نەیدەتوانی لەبەر قازی فەتاح ڕوو بکاتە سابلاغ. لە ساڵەکانی ١٨٩٥–١٩٠٣دا مەڵبەندی موکریان لەژێر سەرۆکایەتیی قازی فەتاحدا سەربەخۆ بوو وە تەواوی کاروباری ئەو مەڵبەندە لەلایەن کوردانەوە بەڕێوە دەبردرا وە یەکەمین هەنگاوێکی کە هەڵیان هێناوە ئەمە بوو کە باجیان بە دەوڵەتی ئێران نەدەدا. قازی فەتاح بەوەش ڕانەوەستاوە لە پەستا داوخواز و داوای گەورەی سیاسی و ئابووریی بۆ کوردستان دەکرد لە دەوڵەتی ئێران. لە ساڵی ١٩٠٣دا وەلیعەهدی (جێنشین) پاشای قاجار کە لە تەورێز نیشتەجێ بوو قازی فەتاحی بۆ تەورێز بانگ کرد کە داوخواز و داواکانی بۆ کوردستان ببا و بەجێی بگەیەنێت. جێنشینی پاشا بۆ خۆی چووبووە بەرەو پیری قازی فەتاح وە حورمەت و بەڕێزییەکی زۆری لێ گرتبوو وە وادەی دابوویە کە تەواوی داواکانی بەجێ بگەیەنێت. قازی فەتاح چەند ڕۆژێك لە تەورێز مابووەوە. ڕۆژێك لە خانووبەرەی ئەیالەتدا زیافەتێکی زۆر گەورەیان بۆ پێك هێنابوو. لەم کاتەدا دوو فەوج عەسکەر دەوری خانووەکە دەدەن وە کاتێك کە قازی فەتاح دێتە دەرێ لەنەکاو دەیگرن، سواری گالیسکەی دەکەن وە بۆ تارانی دەبەن. لە پاش ئەوە وەلیعەهد هۆردوویەکی زۆر بۆسەر سابلاغ دەنێرێت وە خاووخێزانی قازی فەتاحیش ڕەپێچەك دەدەن و بۆ تارانی دەنێرن. پاشای قاجار لەبەر بەڕێزی و حورمەتێك کە قازی فەتاح لەنێو گەلی کورددا دەیبێ ناوێری بۆ ماوەیەکی زۆر لە گرتووخانەدا ڕای بگرێ وە پاش ساڵێك ڕاگرتن بەرەڵای دەکەن، بەڵام بە مەرجێك کە لە تاران دەرنەکەوێت. بەڵام قازی فەتاح بە قارەمانەتییەوە هەڵدێ و دێتەوە کوردستان و سەرلەنوێ بزووتنەوەی

کوردان لە دژی دەوڵەت هەڵدایسینێت و حاکمی تاران کە فەرمان فەرمانیان بوو لە سابلاغ دەردەکات. لە ساڵی **١٩٠٥دا** قازی فەتاح بزووتنەوەی کوردەکانی موکریان بەپێچەوانەی داگیرکەرانی عوسمانی پێك دەهێنێت[١].

لە ساڵی **١٩٠٧دا** قازی فەتاح پێوەندییەکی نێزیك ڕادەگرێت لەگەڵ ڕزگاریخوازەکانی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی سەتارخان و لە مەهاباد ئەنجومەنێکی دیموکرات دادەمەزرێنێت[٢].

لە ساڵی **١٩١٠دا** سەرلەنوێ لە ڕێگەی فیڵ و کەڵەکەوە قازی فەتاح دەگرن و بۆ تارانی دەبەن. لەو سەردەمەدا کە لە تاران دەبێ قازی فەتاح بە زمانی کوردی و فارسی گەلێك هەڵبەستی نیشتمانی دادەنێ کە ئێستاش لە کوردستان و لە تەواوی ئێراندا مەشوورن و قازی فەتاح لە ریزی هونەرانی هەرە بە دیمەنی ئەو سەردەمەی ئێران دائەنێن[٣].

لە ساڵی **١٩١٤دا** کاتێك شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێ کرد خاکی ئێران لە سەریەك چەند لاوە لەژێر هێرشدا هەڵکەوت. هۆردووی پاشاکانی عوسمانی سنووری ئێرانی تێك دا وە لەلای بازەرگان و ورمێوە (ڕەزائییەی ئێستا) بەرەو ناوەندی کوردستان شۆڕ بووەوە. دەوڵەتی ئێران کە بۆ پێشگیریکردن لە هوردووی تورکیا چیی لە دەست نەدەهات ناچار بوو بە حورمەت و بەڕێزییەوە قازی فەتاح بۆ کوردستان بنێرێتەوە، کە خەڵکی کوردستان هەڵسێنێت لە دژی عوسمانییەکان. قازی فەتاح هەرکە گەڕاوە هۆردوویەکی چەند هەزار کەسیی لە کوردان پێك هێنا، حاکمی تارانی لە سابلاغ دەرکرد وە لە مەڵبەندی دۆڵی بەسری و ئیندیرقاش کە لە نێزیك

---

١. ئارشیوی حیزب، سیاییی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارەی ٢٠، لاپەڕەی ٨٤.

٢. هەر لەوێ.

٣. کاویان پوور، کتێبە ناوبراوەکەی، لاپەڕەی ٣٨.

سابلاغن بە هۆردووی عوسمانی گرت وە بە قارەمانەتییەکی بێ وێنەوە بەرەو پاشی کشاندنەوە وە بەم جۆرە نەیهێشت شاری سابلاغ وە چەنگ تورکان بکەوێت و تالآن بکرێت. لە ئاخری ساڵی ١٩١٤دا بەشی گەورەی کوردستانی سەر بە ئێران بووە مەیدانی شەڕی نێوانی هۆردووی قەیسەری ڕووسیا و هۆردووی تورکیا. هۆردووی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٥دا لە پاش تێکشکاندنی خۆڕاگری هۆردووی تورکیا لە مەڵبەندی مەراغە و میان و ئاو، ڕووی کردە سابلاغ. لەم کاتەشدا قازی فەتاح لە پاڵ دانیشتوانی قارەمانی سابلاغ لە هەر چوار دەوری شار سەنگەری هەڵکەند وە دەستی کرد بە پارێزگاریکردن لە شار. لە یەکەمین پەلاماردا دانیشتوانی سابلاغ بە سەرۆکایەتیی قازی فەتاح زەربەیەکی گەورەیان بە هۆردووی قەیسەر گەیاند وە ناچاریان کرد بەرەو میانوئاو و سەولی تەپە پاشەکشە بکات، بەڵام پاش چەند ڕۆژێك هۆردوویەکی گەورە کە ژمارەیان لە ٦ هەزار کەس تێپەڕ بووە بۆ سەر سابلاغ هێرش دەهێنێت. دانیشتوانی سابلاغ سەرلەنوێ خۆڕاگری دەنوێنن وە لە یەکەمین دەستڕێژدا کوڕێکی قازی فەتاح دەکوژرێت. لەو سەنگەرەدا کە قازی فەتاح تێیدا بووە تەواوی هاوەڵەکانی دەکوژرێ وە ئەویش هەتا دواهەمین فیشەکی بە قارەمانەتیەوە شەڕ دەکات وە لە پاشان کە فیشەکی لێ دەبڕێت لە سەنگەر دێتە دەرێ سینگی ڕووت دەکا و دەڵێ: ”مەلعوونینە، ئیتر دەتوانن بەسەر کەلاکی کوڕەکەم و خۆمدا تێ پەڕن وە شارەکەم داگیر بکەن. ئیتر بشمکوژن دڵم خۆشە، چونکە لە ڕێگای نەتەوەکەمدا کوڕێکم فیدا کرد وە ئەوا خۆشم فیدا ئەکەم”[١] سینگی قازی فەتاح بە ١٧ گوللە کون کون کرابوو. لە پاش کوژرانی قازی فەتاح هۆردووی قەیسەری ڕووسیا سابلاغ داگیر دەکات، ماڵی قازی فەتاح تالآن دەکرێت و ئاوری تێ بەردەدەن وە کوڕەکانی تری، یانی سالار و قازی محەمەد و مەنسووڕ وەك

١. ڕۆژنامەی ”کوردستان” بەرواری ١٧ی مارسی ساڵی ١٩٤٦.

تاوانباری سیاسی دەگرن وە بۆ مەڵبەندە دووردەستەکانی ڕووسیایان نەفی دەکەن. کوڕەکانی قازی فەتاح ماوەیەك لە سیبیریا ڕادەگرن وە لە پاشان ئەیاننێرن بۆ گرتووخانەکانی مەڵبەندی خارکۆڤ و ڕاستۆڤ. کوڕەکانی قازی فەتاح هەتا ئاخیری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا ئەمێنن وە لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر وە دامەزرانی دەوڵەتی سۆڤیەت ڕزگار دەبن وە بۆ نیشتمانی خۆیان دەگەڕێنەوە.

ئەمە بوو کورتەیەك لە ڕابردووی پڕ لە سەربەرزی بنەماڵەی قازی کە سەرۆکی حکومەتی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی کوردستان قازی محەمەد لەم بنەماڵەوە پێ گەییبوو.

***

قازی محەمەد لە بەرواری ١١ی مانگی بانەمەڕی (ئوردی بیهیشت) ساڵی ١٢٧٩ی هیجری –شەمسی، بەرامبەر بە ٢ی محەڕەمی ١٣١٨ی قەمەری (نیزیکەی سەرەتای مانگی مایی ساڵی ١٩٠٠ی میلادی) لە شاری سابلاغ لە بنەماڵەی قازی لەدایك بووە. باوکی قازی محەمەد میرزا عەلی قازی لە پاش شەهیدکرانی قازی فەتاح دەبێتە قازیی موکریان وە بە نێوی قازی عەلی نێوبانگ دەردەکات. قازی عەلی لە کاتی خۆیدا یەکێك لە زانایانی دینیی هەرە گەورەی کوردستان بووە وە گەلێك مەلای بە ناوبانگی ئەو سەردەمەی موکریان ئیجازەی مودەڕیسی و مەلایەتییان لەوی وەرگرتووە. دایکی قازی محەمەد کچی شێربەگ سەرۆکی عەشیرەتی بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی بووە کە ئەمەش یەکێك لە بنەماڵەکانی هەرە لەمێژینەی کوردستانن وە دەچنەوە سەر تایفەی ئەییووبییەکان.

قازی محەمەد، وەیا میرزا محەمەدی ئەو سەردەمە، لە تەمەنی ٧ ساڵی لەلای باوکی دەست بە خوێندن دەکات وە لە ماوەیەکی کورتدا شارەزای

زمانی عەرەبی و فارسی دەبێت. لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە میرزا محەمەد دەبێتە فەقێ وە لە مزگەوتی ڕۆستەم بەگ و مزگەوتی سوور و مزگەوتی هەباس ئاغا و مزگەوتی قازی دەست دەکات بە خوێندنی زانستەکانی دینی. یەکەمین قوتابخانەی سیاسی و خەباتی میرزا محەمەد ژیانی فەقێیەتی بووە. لە ژیانی کوردەواریدا حوجرەی مزگەوتان دایما بەشی زۆری لاوانی کوردی بە بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و پێشکەوتوو پەروەردەکردووە وە ئەمەش لە ژیانی فەقێیەتیەوە دێتە گۆڕێ، چونکە ژیانی فەقێیەتی بە جۆرێکە کە لەگەڵ کۆمەڵانی زەحمەتکێش پێوەندییەکی نێزیکی هەیە، فەقێ لەبەر زۆر گەڕان و هاتوچۆکردنی پتر لە ژیانی گەل شارەزا دەبێت، سەختی و نالەباری و چەوتییەکانی کۆمەڵایەتی بەچاوی خۆی دەبینێت، فەقێکانیی ژیانی تێکڕایی بەیەکەوە بەڕێوە دەبەن وە بەیەکەوە دەور دەکەنەوە، سکاڵا و بەحس و لێکۆڵینەوە و شیعرێن دەکەن وە تەواوی ئەمانە کاریگەرە لە ڕووناککردنەوەی بیروباوەڕیاندا. جیا لەمانە، خەرافات و مەوهوومات و وێژراوەکانی دوور لە ڕاستەقینەی نێو هەندێك لە کتێبەکانی شەرعیش کە فەقێیان دەیخوێنن دەورێکی کەمی نییە لە ڕووناککردنەوەی بیروباوەڕیاندا.

میرزا محەمەد لە تەمەنی لاوەتیدا هەتا بڵێی وریا و زرینگ و تیژبیر بووە وە هەر لەبەر ئەمەش لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە نێو فەقێکانی سابلاغدا کە ژمارەیان نێزیکەی دووسەد کەسێك بووە بەڕێزی و خۆشەویستییەکی تایبەتی وەدەست دەهێنێت و ئەیکەن بە سەردەستە و سەرۆکی خۆیان. میرزا محەمەد ژیانی فەقێکانی سابلاغ دەگۆڕێتە سەر ژیانێکی نیوە ڕەسمی، بەو مانایە کە بۆ خوێندن و کات ڕابواردن و تێکۆشینی ڕۆژانە بەرنامەیەکی تایبەتی دیاری دەکات وە تەواوی فەقێکان بەگوێرەی ئەم بەرنامەیە دەبزوونەوە. زۆر جاران بە وادەی چەند ڕۆژێك بەتێکڕایی لە شار چوونەتە دەرێ وە بەمەڵبەندەکانی جیاوازی

کوردستاندا گەڕاون، میوانی لادێییان بوون وە لە نێزیکەوە ژیانی کۆمەڵانی گەلیان بە چاوی خۆیان دیتووە. بە گوێرەی بەرنامەی دیاریکراو هەموو حەفتەیەك دوو جاران تەواوی فەقێکانی سابلاغ بۆ سەیران و پیاسەکردن چوونەتە باغەکانی قەراغ شاری وە لەوێ بەتێکڕایی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی نەتەوەکەیان سکاڵا و قسە و باسیان کردووە و میرزا محەمەد بە مەنتیق و زانایی و ژیرییەوە وتاری بۆ داون. میرزا محەمەد لە وتارداندا زۆر بە بڕشت و بەهێز بووە. نووسەری ئەمەریکی "ئیگیلتون" لەمەڕ ئەم سروشتەی میرزا محەمەد وا دەنووسێت: قازی محەمەد "ناتقێکی زۆر بەهێز و بەبڕشت بووە و ئەیتوانی بەچەند وێژراوەیەك تەواوی گوێدێرەکان بخاتە ژێر تەئسیرێکی گەورەوە"[1].

لە نێو فەقێیاندا شێعرین کردن زۆرباو بووە وە لە کاتی شیعرێندا گەلێك جار بەشی زۆریان بەزمانی فارسی و عەرەبی شیعر دەهێننەوە، وە زۆر کەم هەڵدەکەوت کە شیعری کوردیش بەکار بهێنن. جارێك لە کاتی سەیران و پیاسەکردندا میرزا محەمەد ڕوو دەکاتە هاوەڵە فەقێکانی و ئەڵێت: "ئەگەر پیاون وەرن بەتەنیا بەهۆی شیعری کوردی شیعرێن بکەین". لە پاش ئەمە تەواوی فەقێکانی سابلاغ دەست دەکەن بە لەبەرکردنی هەڵبەستی هۆنەرانی کوردی. میرزا محەمەد بەشی زۆری هەڵبەستەکانی حاجی قادی کۆیی و نالی و وەفایی لەبەر بووە. هیچ شکی تێدا نییە هەڵبەستەکانی نیشتمانیی حاجی دەورێکی گەورەی بووە لە پەرەپێدانی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەریی میرزا محەمەد و فەقێکانی سابلاغدا. میرزا محەمەد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەست دەکات بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی بەیت و حەکایەت و مەسەلەکانی کوردی وە لە هەر شوێنێك کەسێکی شك بردبایە کە بەیتی کوردی بزانێت دەچووە لای

1. ئیگیلتۆن، کتێبە نێوبراوەکەی، لاپەڕەی ۳۱.

بەیتەکەی دەنووسییەوە وە لە پاشان فەقێکانی سابلاغی ناچار دەکرد ئەم بەیتانە لەبەر بکەن وە شەوانە هەروەها لە کاتی سەیراندا بەدەنگ بیخوێننەوە. میرزا محەمەد بەیتەکانی وەك لاسە شوڕی باڵەکان، ناسر و ماڵ ماڵ، کاکە مەم و خاتوو زین، برایمۆك، دم دم، مەحمەل و برایم، کەڵ و شێر، خەج و سیامەند وە گەلێکی تری کە هەموویان وێنەی نیشتمانپەروەری و ئازایەتی و نەترسی و خۆشەویستیی پاکوخاوێنی کوردەوارین، لەبەر بووە وە لە ساڵەکانی دواییی ژیانیشیدا گەلێك جار کە بە سواری بۆ جێگایەك دەچوو بەدەنگ وە لەبەر خۆیەوە ئەیخوێندەوە.

میرزا محەمەد کاتی زۆری خۆی بە موتالاکردن ڕائەبوارد. ئەو بەتەنیا بە خوێندنی کتێبەکانی دینی و شەرعی لەلای مەلایان بەسی نەدەکردوە. بە تەواوی هێزیەوە تێ دەکوشا بۆ پەرەپێدان و بەرەوژووربردنی ڕادەی سەوادی و خوێندەواری لە ڕووی شێوەکانی تری زانستەوە. میرزا محەمەد کوشتەی کتێب بووە وە لەو سەردەمەدا لە زرووفی پاشکەوتووی کوردستاندا کە وەدەست خستنی کتێبی زانستی گەلێك سەخت بووە. ناوبراو لە گەلێك شارەوە کتێبی جیاواز جیاوازی زانستی بۆ کتێبخانەکەی خۆی هێناوە. ئیگیلتون لەمەڕ کتێبخانەی قازی دەنووسێت: "ماڵی قازی محەمەد وەرگەڕابووە سەر کتێبخانەیەك بەچەند زمان. هەمووجۆرە کتێبێك لەمەڕ زانستی جیاوازدا لەوێدا ئەبینرێت"[1].

میرزا محەمەد لە پاشان کاتی لاوەتیی خۆی وەبیر دەخستەوە و دەیگوت: "زۆرم هەوڵ ئەدا کتێبی جۆراوجۆری زانستی بخوێنمەوە و بۆ وەدەستهێنانی هەر کتێبێك زەحمەت و کوێرەوەرییەکی زۆرم ئەکێشا". میرزا محەمەد بەزمانی فارسی و عەرەبی دەستی کردبوو بە موتالای گەلێك کتێبی زانستی وە لە ماوەیەکی کەمدا سەربەخۆ شارەزاییەکی

---

١. ئیگیلتون، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣١.

زۆری وەدەست هێنابوو لە زانستی مێژوو، سروشت شوناسی و جوغرافی و ڕیازیدا.

کاتێك کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێ کرا چۆنایەتیی کوردستانی ئێران لە هەموو لایەکەوە ئاڵۆزاوە و چەوت و هەرکەس هەرکەس بوو. هەروەکی لە سەرەوە باس کرا قازی فەتاح لە نەفیکران گەڕاوە وە سەرۆکایەتیی جوولانەوەی کوردستانی گرتە دەست خۆیەوە. میرزا محەمەد لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە لەگەڵ تەواوی فەقێکانی سابلاغی تفەنگ و فیشەکدان هەڵدەگرن وە لەژێر سەرۆکایەتیی قازی فەتاحدا بۆ پارێزگاریکردن لە سابلاغ دەست بەخەبات دەکەن. لە شەڕی دژی داگیرکەرانی عوسمانیدا میرزا محەمەد و میرزا قاسمی برای (سەدری قازی) قارەمانەتییەکی زۆر گەورە لە خۆیانەوە دەنوێنن وە ئێستاش ئازایەتیی ئەم دوو برایە لەسەر دۆڵی بەسری نێزیك سابلاغ بەرامبەر هۆردووی عوسمانی لەلایەن پیاوە کۆنەکانەوە دەگێڕدرێتەوە. کاتێ پەلاماری هۆردووی قەیسەری ڕووسیا لە ئاخری ساڵی ١٩١٥دا بۆ سەر سابلاغ میرزا محەمەد بەتێکۆشەرییەوە خەبات دەکات. شەهیدکرانی قازی فەتاح وە نەفیکرانی کوڕەکانی وی بۆ ڕووسیای قەیسەری کارێکی بەتین دەکاتە سەر دڵی میرزا محەمەد.

لەم کاتەدا کە هۆردووی پاشاکانی عوسمانی لەلایەکەوە وە هۆردووی ڕووسیای قەیسەری لە لایەکی ترەوە لە کوردستان جێگیر ببوون ژمارەیەکی زۆر ئەمەریکایی بەنێوی بەڕێوەبەرانی پڕوپاگەندەی دینی بەکوردستان و ئازەربایجاندا بڵاوببوونەوە. لەم ئەمەریکاییانە چەند ماڵێك دێنە سابلاغێ. میرزا محەمەد کە هیچ کاتێکی خۆی بەبێ موتالا ڕانەدەبوارد لەلای ئەمەریکاییەکان دەست دەکات بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی وە لە ماوەی دوو ساڵدا بە تەواوی دەبێتە شارەزا لە زمانی ئینگلیزیدا.

لـه سالـەکـانـی ١٩١٥–١٩١٧دا سابـلاغ لـەژێر دەستـەڵاتـی هـۆردووی قـەیسەری ڕووسیادا بووە. لەم کاتەدا لە ڕووسیا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پرۆلتاری بە سەرۆکایەتیی لینینی مەزن گەیبووە ئەوپەڕی پەرەسەندنی وە ئەم بزووتنەوەیە کاری کردبووە ناو بەشە هۆردووەکانی قەیسەری لە تەواوی ناوچەکانی شەڕێدا. لە کوردستانیش لە نێو هۆردووی قەیسەری ڕووسیادا کۆمیتەی نهێنیی شۆڕشی حیزبی سۆسیال–دیموکراتی ڕووسیا دادەمەزرێت وە ئەم کۆمیتانە جیا لەوەی کە لە نێو سەربازانی ڕووسیدا دژی قـەیسەر و ڕێوشوێنـی کـۆنـەپـەرستیی ڕووسیا پڕۆپـاگەندە بـەڕێوە دەبەن لە هەمان کاتدا لەگەڵ بیرڕووناکان و ڕزگاریخوازانی کورد پێوەند ڕادەگرن. میرزا محەمەد یەکێك لەو کوردە بیرڕووناکانە دەبێت کە لەگەڵ کۆمیتەی نهێنیی شۆڕشی نێو هۆردووی قەیسەری ڕووسیا لەسابلاغ پـێوەنـد ڕادەگرێت وە لـە نـێزیکـەوە نـاسیـاو دەبـێت لـەگـەڵ بـیروبـاوەڕی شۆڕشگێڕەکانی ڕووسیا. لەم باسەوە لە ئینسیکلۆپیدی گەورەی سۆڤیەت نـووسراوە: "قـازی مـحـەمـەد لـە تـەمـەنی جـحێڵییـەوە کـەوتـووەتـە بـیری ڕزگارکردنی نەتەوەی خۆی لە زوڵمی نەتەوایەتی. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی فـێوریـیـە لـە ڕووسیـا (لـە ساڵـی ١٨١٧دا) قـازی مـحـەمـەد پـێوەنـدیـێکـی نـێزیك وە کـیـپ لـەگـەڵ کـۆمـیـتـەی شۆڕشگێڕیی نـهێنیی سەربازانی هۆردووی قەیسەری ڕووسیا کە لەو سەردەمەدا لە ئێرانێ جێگیر ببوون ڕائەگرێ وە لە مەڵبەندی سابلاغ بە بەشداربوونی ژمارەیەك لـە ڕووناکـبـیرانـی پێشکەوتووی کورد کۆمـەڵـێك پـێك ئـەهـێنێت وە ئـەو کۆمەڵەیە بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بلاو ئەکاتەوە"[١].

کوڕەکانی قازی فەتاح – سالار و قازی محەمەد دوو مەنسور لە نێو تەواوی گەلی کوردا دەکرێ بڵێین یەکەمین کەس بوون کە لە نێزیکەوە چـاویـان بـەشۆڕشی مـەزنـی ئـۆکـتـۆبـەر کـەوتووە، شاهـیدی ڕووخـانـی

١. ئینسیکلۆپیدی گەورەی سۆڤیەت، جلدی ٢٨، لاپەڕەی ٤٦٠، ساڵی ١٩٥٤.

ڕێوشوێنی قەیسەری ڕووسیا و دامەزرانی دەوڵەتی کۆمەلانی زەحمەتکێش بوون. بێ شك وێژراوەکانی ئەمان و ڕزگاربوونیان لە سایەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کارێکی گەورەی کردووەتە سەر بیروباوەڕی میرزا محەمەدی گەنج. میرزا محەمەد بەسوود وەرگرتن لە بوونی هۆردووی ڕووسیا لە کوردستان لە پاڵ فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەست دەکات بەفێربوونی زمانی ڕووسیش. بەم جۆرە لە تەمەنی ١٧–١٨ ساڵیدا جیا لە زمانی زگماك فێری زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و ڕووسی دەبێت.

ئەبوولحەسەنی سەیفولقازی کە مامی میرزا محەمەد بووە دەورێکی زۆر گەورەی بووە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی میرزا محەمەددا بە بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازیی، سەیف یەکێك لە زانایانی نێو بەدەرەوەی سەردەمی خۆی وە یەکێك لە هونەرانی بەناوبانگی کوردستانی سەر بەئێران بووە. لە مێژووی ئەدەبی کورددا سەیف بە پیرەمێردی موکریان نێوبانگی دەرکردووە.

وەکی لە سەرەتاکەدا باس کرا، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی وە بەتایبەتی لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، لە تەواوی بەشەکانی کوردستان شۆڕش و جووڵانەوەی چەکدارانەی کورد بەجیا جیا دەست پێ کرا. لەو حەلەدا لە ئازەربایجانی ئێرانیش بە سەرۆکایەتیی شێخ محەمەدی خیابانی جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی دەست بە پەرەگرتن دەکات وە لەلایەن شێخ محەمەدەوە حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان دادەمەزرێت. ئەم جووڵانەوەیە بیروباوەڕی بیرڕووناکانی کوردیش بۆ لای خۆی دەکێشێت وە سەیف لە نیزیکەوە بەشداری دەکات لەم جولانەوەیەدا وە لە سابلاغ لە ساڵی ١٩٢٠دا حیزبێکی سیاسی بە نێوی حیزبی ″محەمەدی″ پێك دەهێنێت. میرزا محەمەد وە بەشی زۆری فەقێکانی سابلاغ دەبنە ئەندامی

ئەم حیزبە. سەیف یەکەمین هۆنەرێکە لە تەواوی ئێراندا کە بە هەڵبەستی جوان و پڕ مانا و سیاسیی خۆی کە بە فارسی هۆندوویەتەوە باسی گرینگیی جولانەوەی دیموکراتەکانی ئێران دەکات وە نرخێکی گەورە دادەنێت بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا. ئەم هەڵبەستەیە لە ساڵی ١٩٢٠دا هۆندراوەتەوە، لە ڕۆژنامەی ″ئازادی ستان″دا لە چاپ دراوە. ئەم هەڵبەستەیە لە مێژووی ئەدەبی پێشکەوتووی سەرەتای سەدەی ٢٠ی فارسیدا هەم لە ڕووی ڕوخسارەوە هەم لە ڕووی ناوەڕۆکی سیاسییەوە جێگایەکی بە دیمەن و بەڕێز دەگرێتەوە وە ئەم زانایانەی کە لەمەڕ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتووی دیموکراسی لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا لێکۆڵینەوەی زانستییان بەڕێوە بردووە ئەم هەڵبەستەیەی سەیفیان بۆ نموونە نیشان داوە نرخێکی زۆر گەورەیان بۆ داناوە. بەشێکی هەڵبەستەکە ئەمەیە:

قیام تبریز

شد ساخت تبریزیکی طرفه بهشتی

از سعی تنی چند

اهلش شده یکسر همه افراشته سرشتی

انز نطق یکی چند

بیدار شده یکسره از خواب جهالت

با فکر و تأمل

افتاده یی علم چه مسجد چه کنشتی

باقصد وتأمل

هشیار شو ای فکر، باین مرحله روکن

بادست تجدّد

از صحن بهاری بستان این گل وبوکن

با جمع و تعدّد...

مانع چه بود در رەعشاق پی وصل

ای مرگ فداتم

سردادن اوّل قدم مرحله خوکن

کین است حیاتم

در سایەء این علم شد آزادی ملّت

ترتیب چنان ایست

ز ان راه توان برد آبادی ملکت

مقصدود همان است

زین پس دگر همسایه بما کار ندارد

خود در سرکاریم

چون بر کمر خویش زده دامن همّت

نەمست و خماریم[1]

**وەرگێڕدراوەکەی**

شۆڕشی تەورێز

دیمەنی تەورێز بووەتە بەهەشتێکی جوون

لە ئەنجامی تێکۆشینی چەند کەسێکدا

تەواوی دانیشتووەکانی بوونەتە پەری

لە ئەنجامی ڕیزە وتارێکدا

١. ڕۆژنامەی "ئازادی ستان"، ژمارەی ٣ی بەرواری ١٢ی ئوتی ساڵی ١٩٢٠.

هەموو لە خەوی پاشکەوتوویی هەڵستاون

بە بیر و تێگەیشتوویی قووڵەوە

کەوتوونەتە دوای زانست بە موسوڵمان و خاچ پەرستەوە

بە باوەڕی و تێگەیشتووییەوە

ئەی بیر، وریابەوە، ڕوو لەم ڕێگەیە بکە

بەهۆی تەجەددودەوە[١]

لەم ژیانە خۆشە ئەم گوڵە بستنیە و بۆنی پێوە کە

بەتێکڕایی وە بەیەکەوە...

لە ڕێگەی گەیشتن بەئامانجی تێکۆشەراندا هەر کۆسپێکی هەبێ

خۆمی بۆ فیدا ئەکەم

لە یەکەمین هەنگاودا خۆ فیداکردن بکە خوو

چونکە ئەمەیە ڕێگەی ژیان

لە سایەی ئەم ڕێگەیەوە گەل ڕزگار بوو

هەر دەبێ واش بێت

تەنیا لەم ڕێگەوە وڵات ئەکرێ بەرەو ئاوەدانی ببردرێت

ئامانجیشی هەر ئەمەیە

لەمەو بەولا ئیتر دراوسێ[٢] ئێمە ناخاتە ژێر چەوتییەوە

١. "تەجەددود" بەدوو مانا بەکارهێندراوە. یەك بەمانای بیرنوێ وە دووهەم نێوی ڕۆژنامەیەکە کە لە کاتی شێخ محەمەد لە تەورێز چاپ دەکرا.

٢. ئامانج لە "دراوسێ" وڵاتی ڕووسیایە وە ئەمە ئیشارەیە بە سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر وە ژێر و ژووربوونەوەی قەیسەری ڕووسیا وە هەنگاوە پیرۆزەکانی دەوڵەتی ساوای سۆڤیەت بە سەرۆکایەتیی لینین لەبارەی ئێران.

بۆخۆمان لەسەر کاروبارین

چونکە هەنگاوی پیاوەتی و فیداکاری ڕەچاو کردووە

ئیتر چاومان ئەبینێ و سەرخۆش نین

هەر لەم هۆندراوەیەوە دەبینین، کە بیروباوەڕی پێشکەوتووی سەیف تا چ ڕادەیەك بەرەو ژوور بووە. ناوبراو بەچاکی لە ئەنجام و مانای گرینگی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر بۆ گەلە زوڵم لێکراوەکان شارەزا بووە و مزگێنی دەدات بە گەلە زوڵم لێکراوەکان، کە قەیسەری ڕووسیا تێدا چووە، خەڵك هاتووەتە سەرکار و هەنگاوی پیاوەتی و فیداکاریی هەڵهێناوەتەوە، ئەم هەڵبەستەیە لە ڕووی فەلسەفەشەوە زۆر گرینگە.

حیزبی "محەمەدی" لاگری خەباتێکی بە ڕێوجێی سیاسی وە پێکهێنانی پێوەندیێکی نیزیك بووە لە نێوان بزووتنەوەکانی جیاوازی بەشەکانی کوردستاندا. ئەو دەمە خەباتی گەلی کورد لە عێراق بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود گەییبووە ئەوپەڕی سەرکەوتن و پەرەسەندنی. لە کوردستانی سەر بە ئێرانیش بە سەرۆکایەتیی سمایل ئاغای سمکۆ کە سەرۆکی عەشیرەتی شکاك بوو جوولانەوەیەکی گەورە دەست پێ کرابوو. ئامانجی وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆییی کوردستان دروشمی ڕاستەقینەی هەردووکی ئەم جوولانەوانە بوو، بەڵام فەرقێکی زۆر گەورەیان لە نێواندا بوو.

سەرۆکەکانی حیزبی "محەمەدی" کە لە بیرڕووناکانی کورد پێك هاتبوون هەوڵیان دەدا لە نێوان بزووتنەوەی شێخ مەحموود و جوولانەوەی سمکۆدا پێوەندیێکی نێزیك پێك بهێنن. هەر بەو ئامانجە سەیف وەك نوێنەری حیزب دەچێتە لای سمکۆ و چەند ڕۆژێك لەلای دەمێنێتەو و سکاڵای لەگەڵا دەکات و تێ دەکۆشێت بزووتنەوەکەی بە ڕێگەیەکی ڕاستدا بەرەو پێش بەرێت. سەیف لە پاش گەڕانەوە بۆ سابلاغ لەگەڵ چەند سوارێکی چەکداری تر لە ڕێگەی سەقز و بانەوە ئەچێتە

سولەیمانی بۆ لای شێخ مەحموود وە چەند ڕۆژێك لەوێ دەمێنێتەوە. بەداخەوە لەمەڕ ئەو سەفەرەوە سکاڵای نێوانی شێخ مەحموود و سەیف هیچ بەڵگەیەکی نووسراو بەدەستەوە نییە کە لەسەری بڕۆین[1]. بەڵام لە ڕێڕەوی بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەوە وا دیاری دەکات، کە لە لایەن حیزبی "محەمەدی"یەوە نەخشە کێشرابوو بۆ ئەمەی لەشکری شێخ مەحموود و لەشکری سمکۆ لە ناوچەکانی سەقز و بانە یەك بگرنەوە وە بەیەکەوە بۆ ڕزگارکردنی بەشەکانی تری کوردستان تێ کۆشن. هەر لە ئەنجامی ئەم تێکۆشینەدا بوو، کە لە سەرەتای ساڵی **١٩٢٣**دا سمکۆ بۆ بەڕێوەبردنی سکاڵا دەچێتە سولەیمانیی پێتەختی کوردستان. ڕۆژی چوونی سمکۆ بۆ سولەیمانی بە"جێژنی نەتەوایەتی ڕاگەیەندرا"[2].

بەم جۆرە دەبینین حیزبی "محەمەدی" هەنگاوێکی گەورەی هەڵێنا بۆ لێك نێزیککردنەوە و یەکخستنی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە بەشەکانی جیاوازی کوردستان.

میرزا محەمەد بە وریایی و زرینگی و بیروڕای قووڵی خۆیەوە سەرنجی تەواوی ئەم بەسەرهاتانەی دەداوە، هەر لە تەمەنی جحێڵییەوە هاتبووە سەر ئەم باوەڕە کە بۆ وەدەست هێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی دەبێ ڕێگایەکی تر بدۆزرێتەوە. لە ڕووی زانستییەوە لە بەسەرهاتەکانی دەروانی، مەسەلەن، بزووتنەوەی سمکۆ جیا لەوەی، کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێك ڕۆحیە و گیانی شۆڕشگێڕی هیچ ئەنجامێکی تری نەبوو وە نەشیدەتوانی بیبێت، چونکە ژمارەیەك لە سەرۆکەکانی بە تەنیا سوود و خۆ دەوڵەمەندکردنیان ڕەچاو کردبوو. هێزی بنچینە و هەرە گەورەی ئەم جووڵانەوەیە کە کۆمەڵێ لادێیی بوون دروشمێکی وایان نەدەدی کە سوودی گشتیی بۆ وان تێدابێ. هەر لەبەر ئەمانەش بوو

١. باسی ئەم سەفەرانەم لە باوکم بیستووە – نووسەر.

٢. ڕەفیق حیلمی "یاداشت" جیلدی ٦، لاپەڕە ٥٧٤.

کۆمەڵانی لادێیی بە دڵەوە تێوە نەچوون وە هەتا دوایی لە پشت جوولانەوە ڕانەوەستان.

لەکاتی حکومەتی کوردستاندا قازی محەمەد لە وتارێکی خۆیدا باسی سەردەمی سمکۆی کرد و گوتبووی: ″نەتەوەی کورد گەلێك پیاوی نێو بەدەرەوە و ئازا و بەمشووری بووە. یەکێك لەو قارەمانە ئازایانە سمایل ئاغای سمکۆ بوو. بەڵام ئازایەتیی سمکۆ کەڵکێکی ئەوتۆی بۆ کوردان نەبووە. گەورەترین کەموکوڕیی جوولانەوەی سمکۆ ئەمە بوو کە جوولانەوەکەی بە ڕا و تەکبیر بەڕێوە نەئەبرد. زیاتر سوود و خێر و خۆ دەوڵەمەندکردنی سەرۆك عەشیرەت و خاوەن موڵکە گەورەکان لەبەرچاو ئەگیردرا. سمکۆ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی نەبوو وە هەوڵیشی نەئەدا لەگەڵ بزووتنەوەکانی تری کوردستان پێوەند ڕابگریت. ئەمە ڕێگەیەکی هەڵە بوو، بزووتنەوەی ئەمڕۆکەی گەلی کورد ناتوانی بە ڕێگەیەکی وادا بڕوات...″[١].

***

لەساڵی ١٩٢٠دا لە تاران وەرگەڕانی دەوڵەت ڕووی دا. بەرەی قاجار لەسەر تەخت فڕێ دران وە ڕەزا خان کاروباری وڵاتی گرتە دەست خۆیەوە. لە ساڵی ١٩٢٣دا ڕەزا خان هۆردوویەکی زۆر گەورە دەنێرێتە سەر ئازەربایجان و کوردستان بە سەرۆکایەتیی عەوڵا خانی تەهماسوبی، لە ساڵی ١٩٢٤دا هوردووی ڕەزاخان مەهاباد داگیر دەکاتەوە. لەو سەردەمەدا حیزبی ″محەمەدی″ ئیتر هەلی ئەمەی نامێنێ بە ئاشکرایی خەبات بکات وە دەچێتە نهێنییەوە.

لەم کاتەوە خزمەتی بنەماڵەی قازی وە بەتایبەتی هی سەیف و میرزا محەمەد بە دانیشتوانی سابڵاغ لە ڕێگەی پەرەپێدانی فەرهەنگ و زانست

١. ڕۆژنامەی ″کوردستان″ بەرواری ١٧ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦.

و پڕوپاگاندەکردنی بە نهێنیی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرییەوە دەست پێ دەکات.

لە ساڵی ١٩٢٢دا سەیف یەکەمین قوتابخانەیەکی ڕەسمیی کوڕانە لە سابلاغ ئاواڵە دەکاتەوە وە ئەم قوتابخانەیە بە نێوی قوتابخانەی "سەعادەت" مەشهوور بووە. لەم قوتابخانەیەدا میرزا محەمەد دەرسی مێژوو وە زمانی کوتووتەوە. سەیف هەتا ساڵی ١٩٢٦ سەرۆکی دایرەی فەرهەنگیی سابلاغ دەبێ وە لەو ساڵەوە هەتا ساڵی ١٩٣١ میرزا محەمەد دەبێتە سەرۆکی دایرەی فەرهەنگ. میرزا محەمەد لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا پێنج قوتابخانەی دیکە لە سابلاغ ئاواڵە دەکاتەوە وە یەکێك لەمانە قوتابخانەی کچان بە نێوی "پرماس". پێویستە بوێژرێت کە لە تەواوی کوردستانی سەر بە ئێران بۆ یەکەمین جار قوتابخانەی کچان لە سابلاغ وە لەلایەن میرزا محەمەدەوە ئاواڵە کراوەتەوە وە ئەمە بۆخۆی وێنەیەك لە بەرەوژوورچوونی ڕادەی هەست و تێ گەیشتوویی میرزا محەمەد دەنوێنێت. هەر ئەوی دەمی میرزا محەمەد هەستی بەمە کردبوو کە لە کۆمەڵدا بێبەشکرانی ژنان لە گەلێك ماف، لە ڕێوشوێنی کۆنەپەرستی و چەوسێنەرییەوە سەرچاوە دەگرێت وە ئەمە کۆسپێکی گەورەیە لەسەر ڕێگەی بەرەوپێش چوون و پێشکەوتندا. ئەم هەنگاوەی میرزا محەمەد بۆ ئاواڵە کردنەوەی قوتابخانەی کچان لەگەڵ خراپکاری و پڕوپاگاندەی دوژمنانەی ڕیزەیەك لە مەلا و شێخەکانی خەرافات پەرست، ڕووبەڕوو ببوو. ئەم کارە بە هەنگاوێکی لە دژی دین و ڕێوشوێنی ئیسلام دادەنرا وە لەبەر ئەمە سەردەمێك هیچ کەس کچی خۆی بۆ قوتابخانە نەدەنارد. بەڵام میرزا محەمەد تێکۆشینی خۆی پەك نەخست وە لە پێش هەموو کەسێکدا دوو خوشکی و چەند کچێکی تری لە خزمەکانی خۆی بۆ قوتابخانە نارد. بەرەبەرە پڕوپاگاندەی مەلا و شێخە خەرافات پەرستەکان بەپووچ دەرچوو وە دانیشتووانی شاری سابلاغ کچانی

خۆیان بۆ خوێندن دەناردە قوتابخانە.

میرزا محەمەد لە پاڵ سەرۆکایەتیکردن بەسەر فەرهەنگدا بۆ خۆشی دەرس کوتنی پەك نەخستبوو وە منداڵانی قوتابخانەکانی بە گیانی نیشتمانپەروەری پەروەردە دەکرد. یەکێك لە قوتابیانی ئەو سەردەمەی میرزا محەمەد لە ڕۆژنامەی ″کوردستان″دا نووسراوێکی لە چاپ داوە وە لەمەڕ خزمەتی ئەو سەردەمەی قازی محەمەد وە تێکۆشینی نیشتمانپەروەریی ئەو، وای نووسیوە: ″پاشکەوتوویی هاوخوێنەکانی لە فەرهەنگ و شارستانەتی، دایما دڵی جەنابی قازی محەمەد پێشەوای کوردستانی بریندار کردووە. لەبەر ئەمە بەشی زۆری تەمەنی خۆی بۆ ڕێگە نوویریی نەتەوەکەی بە شەقامی خوێندن و زانست و شارستانەتیدا بەخت کردووە. بۆ دانانی قوتابخانە بە گوێرەی ڕێ وشوێنی نوێی جیهانی لە مەهاباد زۆری هەوڵ دەدا وە چەند ساڵ سەرۆکی دایرەی فەرهەنگ بوو. ئەوەندەی لە هێزیدا بووایە دەرسی نیشتمانپەروەریی فێری منداڵان ئەکرد. تا وای لێ هات مەهاباد لەم ڕێگەیەدا زۆر وەپێش کەوت وە مامۆستایان و قوتابییەکانی قوتابخانەکان بە هۆی پێشەوای خۆیان پێوەندی سیاسییان لەگەڵ حیزبە ڕزگاریخوازەکانی عێراق و تورکیا و سوریا دامەزراند″[١].

ئەوەی کە شایانی باسە ئەمەیە کە ئەودەم دەوڵەتی ئێران بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی کوردستان هیچ پارەی بڕنەداوە وەهەر هەنگاوێکی میرزا محەمەد لەم ڕێگەیەدا هەڵی هێناوەتەوە ئەنجامی تێکۆشەری و هەستی مرۆڤ خۆشەویستی و فەرهەنگچییەتیی خۆی وە یارمەتی و پیاوەتی و هیمەتی دانیشتووانی سەربەرزی سابلاغ بووە.

لە ″کتێبی مێژووی فەرهەنگی ئازەربایجان″ کە لە ساڵی ١٣٣٤

---

١. ڕۆژنامەی ″کوردستان″ بەرواری ١٧ی مارس، ساڵی ١٩٤٦.

(١٩٥٥)دا له تەورێز له چاپ دراوه به وردی باسی مێژووی فەرهەنگی مەهاباد کراوه وه نرخێکی زۆر گەوره دراوه به خزمەتی قازی محەمەد لەم ڕێگەیەدا[١]. له ئینسیکلۆپیدی گەورەی سۆڤیەتدا لەمەڕ خزمەتی میرزا محەمەد به فەرهەنگ وا نووسراوه: "قازی محەمەد کاتێك لەسەر ئەم کاره بوو (یانی سەرۆکی دایرەی فەرهەنگ-نووسەر) چەند قوتابخانەیەکی ئاواڵه کردەوه لەم قوتابخانەدا بیری ڕزگارکردنی گەلی کوردی له چەنگ زوڵمی ئێران له نێو لاواندا بڵاو دەکردەوه"[٢].

پێویسته بوێژرێت که هەتا ساڵی ١٩٤١، یانی هەتا ژێروژووربوونی تەختی پاشایەتیی ڕەزاشا، له سابڵاغ جیا له قوتابخانەکانی که میرزا محەمەد داینابوون تاقه قوتابخانەیەکی تر ئاواڵه نەکراوه وه تەنیا قوتابخانەی "سەعادەت" سێ کلاسی لەسەر زیاد کراوه، بووه قوتابخانەی نێونجیی نیوەیی.

میرزا محەمەد له کاتی سەرۆکایەتیی فەرهەنگدا پەکی موتالا کردن و بەرەوژوور بردنی ڕادەی زانستیی خۆی ناخات وه له پەستا کتێبی نوێی زانستی دەخوێنێتەوه به زمانەکانی جیاواز. هەر لەو سەردەمەدا به گەرمی خەریکی فێربوونی زمانی فڕەنسایش دەبێ.

میرزا محەمەد وه سەیف لەپاڵ تێکۆشین له ڕێگەی پەرەپێدانی فەرهەنگ و بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری له نێو لاوانی کورددا، بەبێ وچان له بیری جوولانەوەکانی کوردستانی سەر بەتورکیادا دەبن، وه کارەساتی دڕندانه و ناپیاوانەی سەرۆکەکانی تورکیا لەبارەی کوردان دڵی ئەم نیشتمانپەروەرانه دەکزێنێتەوه. بەتایبەتی تیرەبارانکرانی سەرۆکەکانی بزووتنەوه- شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد و ئەوانی تر وەك تەواوی

١. "مێژووی مەعاریفی ئازەربایجان" لاپەڕەی ٢٤٤-٢٤٤، ساڵی ١٣٣٤ تاران بەزمانی فارسی.

٢. ئینسیکلۆپیدیی سۆڤیەت، جلدی ٢٨، لاپەڕەی ٤٦٠.

ڕزگاریخوازانی کورد، سەیف و میرزا محەمەدیش زۆر پەرۆش ئەکات. لە هەرەتی دەستەڵاتی ڕەزاخاندا سەیف هەڵبەستەیەکی نیشتمانی و جوان و پڕ مانای کوردی لەسەر ژیانی گەلی کورد وە ڕێگەی شەهیدەکانی کوردستان ئەهۆنیتەوە. پێویستە بوێژرێت ئەو کاتە کە سەیف ئەم هەڵبەستەیە دائەنێ ڕەزاشا دەستەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بەتەواوی دامەزراندبوو وە چکۆلەترین بزووتنەوەیەك، بەتایبەتی بزوتنەوەیەکی کە بۆنی رزگاری و سەربەخۆییی کوردی لێ هاتبایە لەگەڵ کارەساتانی هەرە دڕندانە و خوێناوی ڕووبەڕوو دەبوو. بەتایبەتی نووسین و خوێندن بە کوردی بە"جینایەت" ئەژمێردرا. بەڵام سەیف نەترسا وە ئەم هەڵبەستە بەناوبانگەی هۆندەوە وە میرزا محەمەد وەك سروودێکی نیشتمانی ئەم هەڵبەستەیەی فێری لاوان دەکرد وە مانای بۆلێ ئەدانەوە. لە بەشی موکریان کەم کوردی بیرڕووناك و خوێندەوار هەبوو کە ئەم هەڵبەستەیەی لەبەر نەبێت. بەڵام کەم کەس دەیزانی کە ئەم هەڵبەستەیە لەلایەن سەیفەوە هۆندراوەتەوە. ئەمەیە هەڵبەستەکەی:

کوردینە تا بەکەی لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین بۆمە نەبێ قەت خودان و خێو
خەڵکی هەموو لە باغ و لە شارانە کەیفخۆش
ئێمە بڵاو و بێ سەرە ماوین لە دەشت و کێو
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحرا ئەکەن سەفەر
هەر هەردە نیشتگاهی مە سنعاتە وەرد و شێو
ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەڵان
جێی وانە تەخت و جێی ئێمە بەرد و چێو
ڕەشماڵە ماڵ و کەشك و پەنیرە مەتاعی مە
قەسر و سەرای خەڵکی دییە پڕ لە زێڕ و زێو

بۆ وانه هەرچی جوانه له جیٚ دیٚ له ژن له ماڵ
هەر شاخ و داخه بۆ مه کوڕی ڕەش کچی دزێو
ژێردەستی و ئیتاعەتی بێگانه تا بەکەی
شەرمه له بۆ مه هێنده بژین بیٚ نیشان و نێو
مەغموونی هەر موعامەله مەحکوومی هەر کەسی
شاهان به مەحوی ئێمه دەبەستن گریٚ و گرێو
کووردانی[١] کوردەکان که له ترسیان دەلەرزیٚ تەزر
کیٚ بوو لەشامیٚ شا بوو له میسریش بوو به خەدێو
گوردانی[٢] کوردەکان بەخودا ڕۆژی غیرەته
دەست دەینه خەنجەران و پیاوانه بێینه نێو
بۆ چمانه ماڵ و سەر که له سەر سەروەری نەچیٚ
کوڕ نابیٚ قەت بترسیٚ له زیندان و دار و چێو
پیٚ هەڵگرن بگەینیٚ که شەڕ بۆ مه شاییيه
دەست تیٚ گرن درەنگه جحێڵانه بچنه نێو
ئەو ژینی بەم زەلالەته بۆ چمانه چاوەکەم
بپسێنن له ڕێی نەجاتی وەتەن به نێر و مێو
سەرچوونی تەخت ڕۆیینی سەرداری[٣] پیٚ دەویٚ
خۆشیمه لەم شەهادەتی شێخانه نێو بەنێو[٤]
هەر میللەتیٚ لەلاوە حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردێك که سەر هەڵێنیٚ دەڵێن بۆتە سەربزێو

١. کووردان بەمانای پاڵاوانان لەکار هێندراوە.

٢. گوردان له زمانی فارسیدا به بەشێکی تایبەتی هۆردوو دەوێژرێت.

٣. ”سەردار لێرەدا بەدوو مانا لەکار هێندراوە: یەك به مانای بەدارداکردن وه دووەم بەمانای سەرۆك، پێشەوا.“

٤. ئامانج له شەهیدکرانی شێخ سەعید و هاورێکانیەتی له کوردستانی تورکیا.

ئازادی سەربەخۆیی میری و گەورەیی
داوا دەکەین بەزار و زمان و ددان و لێو
تاکەی لە باغی خەڵکی بە زیزی و بە ملکەچی
خۆشە لە باغی عێلی چنینی هەنار و سێو
فکرێ لە حاڵی خۆکەن و بگرین بۆ حاڵی خۆ
هەر بێ سەری و عەداوەتی خۆتانە دێتە ڕێو
لاهەڵدڕاو و جەرگ بڕاو و فڕێ دراو
ڕامان دەدەن بەجارێ لە هەوراز بۆ نشێو
هەر کەس کە بیری تۆڵە و جێی بابی خۆی نەبێ
ئەو بێ بەشە لە کوردی دەری کەن نەیەتە نێو
هەرچی دەبێ بەلا ببی حەق هەر حەقە حەسەن[1]
نینە لە ڕێی وەتەن غەمی دەرکردن و جنێو[2]

***

لە ساڵی ۱۹۳۱دا قازی عەلی وەفات دەدات وە سەیفی برای دەبێتە قازیی موکریان بەڵام لەبەرئەوەی ماڵی لە دێ بوو دەست لە قازیەتی هەڵدەگرێت وە میرزا محەمەد دەبێت بە قازی وە لەو کاتەوە بەنێوی قازی محەمەد نێوبانگ دەردەکات. داب وابوو کە دەبوایە حوکمی قازیەتی لەلایەن پاشاوە بدرێت بە لەونی ڕەسمی، بەڵام سەرۆکی ئەو دەمەی هۆردووی ئێران لە ورمێ جەنەڕاڵ شابەختی کە بەسەر مەڵبەندی مەهابادیش ڕادەگەیشت ڕازی نابێ بە قازیەتیی قازی محەمەد وە لە ڕاپۆرتی خۆیدا بە ڕەزاشا ڕادەگەیەنێت، کە قازی محەمەد و سەدری قازی برای، مەترسییەکی زۆر گەورەن بۆ دەوڵەتی ئێران وە بە هیچ جۆرێك نابێ

١. "حەسەن" نێوی سەیفە.

٢. لە ژمارەی ٨ی بەرواری ٢٨ی ژانوێەی ساڵی ١٩٤٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەڵگیراوە.

حوکمی قازیەتی بە قازی محەمەد بدرێت. لەبەرئەمە چەند ساڵێك پاشا حوکمی قازیەتی ئیمزا ناکات، بەڵام قازی محەمەد قازیەتیی خۆی دەکات وە بەسوود وەرگرتن لەم ئەرکە بۆ ئاوەدانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و تەندروستیی مەهاباد گەلێك کاری پێویست و بەجێ، بەجێ دەگەیەنێت. بۆ یەکەمین جار قازی محەمەد لە مەهاباد نەخۆشخانەیەك ئاواڵە دەکاتەوە و هەتا دواین ڕۆژی ژیانی لەبەر خزمەتێك کە لەم ڕێگەیەدا کردبووی بەسەرۆکی بەڕێزی ئەم نەخۆشخانەیە ئەژمێردرا وە تەنانەت لە کاتی سەرکۆماریشدا هەموو ڕۆژێك سەری لەم نەخۆشخانەیە دەدا وە بۆ بەجێگەیاندنی کەموکورییەکانی تێ دەکۆشی. جیا لەمە هەتا ساڵی ١٩٣٥ کاروباری دادپەروەری مەهابادیش لەلایەن قازی محەمەدەوە بەڕێوە ئەبردرا. لە ڕاستەقینەدا قازی لە نێو حوکمەتدا حوکومەتێکی بەدەستەڵاتتری پێك هێنابوو وە حاکمەکانی تاران لە سابلاغ دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەبوو. دەوڵەتی ئێران لەبەر بەڕێزی و حورمەتێکی کە قازی محەمەد و سەدری قازی لە نێو کۆمەڵانی گەلی کوردستاندا هەیانبوو نەیدەویست ڕاستەوڕاست لە دژە وان ئیشێك بکات. جیا لەمە، لەو سەردەمەدا دەوڵەتی ڕەزاخان هێشتا نەیتوانیبوو دەستەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی کوردستاندا مسۆگەر بکات. مەڵبەندی سەردەشت و بانە هێشتا بەتەواوی نەکەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی ڕەزاخانەوە. عێلی جوانڕۆ و گەلباغی و تیلەکۆیی لە مەڵبەندی کرماشان و دیوان دەرە زووزوو پەلاماریان دەبردە سەر دۆستەکانی ئێران. لەلایەکی دیکەوە، شۆڕشی ″ئاگری داغ″ بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری پاشا لەلایەن هۆردووی یەکگرتووی تورکیا و ئێرانەوە تازە کوژاندرابووە و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکەکانی ئەم شۆڕشە هاتبوونە کوردستانی ئێران. کارەساتی دوژمنانە و خوێناوی و دڕندانەی دەوڵەتی تورکیا لەبارەی کوردەکانی ئاگری، هۆی غەزەب و تووڕەییی تەواوی کوردانی پێك هێنابوو. قازی

محەمەد بە بەڕێزی و خۆشەویستی خاوێنی نیشتمانپەروەری و باوەشێکی ئاواڵەی برایانەوە پێشوازیی لە کوردە پەنابەرەکانی تورکیا کرد. ژمارەیەك لە خزم و کەسوکار و دەستە برادەرەکانی ئیحسان نووری پاشا لە دێیەکانی نێزیك مەهاباد و میاندوئاو نیشتەجێ کرابوون. قازی محەمەد و سەیف لە تەواوی خاوەن موڵك و پیاوە دەوڵەمەندەکانی کوردستانیان گێڕاوە کە یارمەتیی برایانە بە پەنابەرەکان بکەن وە بەڕاستی یارمەتییەکی زۆر گەورەشیان پێ کرا. سەیف و قازی لە داهات و حاسڵاتی خۆیان هەموو ساڵێك بەشێکی تایبەتییان بۆ ئەم کوردانە دائەنا. بۆ ئیحسان نووری کە لە تاران دەست بەسەر کرابوو هەموو ساڵێك لە ماڵی قازییەوە ڕوون و پەنیر و دراوێکی تایبەتی دەنێردرا.

ئیگیلتون باسی حورمەت و بەڕێزیی ئەو سەردەمەی قازی محەمەد دەکا و دەڵێ: "ماڵەکەی دایما ببووە پەنای خەڵك و هەر کوردێك ئیشێکی لێ قەومابێت پەنای بۆ ماڵی قازی دەبرد"[١].

جیا لەمانە، لە ساڵی ١٩٣٣دا لە کوردستانی سەر بەعێراق عەشیرەتی قارەمانی بارزان دەستی بەشۆڕش کرد وە ئەم شۆڕشە نێزیکەی ساڵێکی خایاند. لەبەر تەواوی ئەمانە لە ساڵەکانی ١٩٣٠-١٩٣٥دا دەوڵەتی ئێران بە مودارا و لەسەرخۆیی لەگەڵ کوردەکانی ئێران دەبزووتنەوە وە نەیدەویست بەهۆی ئاکاری خوێناویی خۆی، غەزەب و تووڕەییی گەلی کورد پێك بێنێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لەو سەردەمەدا نەیاندەوێرا قازی محەمەد ڕێك بکوشن وە لە دەستەڵاتی وی کەم بکەنەوە.

ئیتر لە ساڵی ١٩٣٤دا ڕەزاخان حوکمی قازیەتیی قازی محەمەد ئیمزا دەکات وە بۆ یەکەمین جار لە قازی محەمەد ئەگێڕنەوە کە بچێتە سەربازخانە وە وتارێك بدات بۆ سەربازە کوردەکان کە تازە هێندرابوون

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣١.

بۆ خزمەتی سەربازی. قازی محەمەد یەکەمین وتاری خۆی بە زمانی کوردی دەدات وە لەم وتارەدا لە سەربازەکان دەگێڕێتەوە کە خۆیان بە گیانی نیشتمانپەروەری پەروەردە بکەن. لە دەستنووسێکدا بەشێکی ئەم وتارە نووسراوە کە ئەمەیە:

"ئەی کوڕانی نیشتمان، ئەی گەنجە خۆشەویستەکان، ئێوە ئەبێ ببنە پارێزگارانی بەختەوەری و چارەنووسی گەلەکەتان. دۆست و دوژمنانی خۆتان بە چاکی بناسن، گوللە لە ڕووی دۆست و کەسوکاری خۆتاندا مەتەقێنن. ئێوە قەت نابێ لە بیری بەرنەوە کە لە کوێ پێ گەییون وە بە نان و ئاوی کوێ چاوتان پشکووتووە. ئەبێ لە هەموو زرووفێکدا نیشتمانتان لە بیر بی. وریا بن فریوی درۆزنان و بەرتیل خۆران مەخۆن. لە کارەساتی پیس و دوور لە پیاوەتی ڕوو وەرگێڕن. لە کاتی سەربازیدا فێری خوێندنیش بن وە ئەمە بۆ دواڕۆژمان زۆر پێویستە"...[١].

وەکی دەبینین لە ئەم وتارەدا قازی بە ئاشکرایی نێوی کورد وەیا کوردستان ناهێنێت، بەڵام ئامانجی تەواوی قسەکانی کورد و کوردستان بووە. ئەفسەرەکانی ئێرانی کە لەوێندەرێ دەبن لەبەر نەزانینی زمانی کوردی لە قسەکانی قازی ناگەن، بەڵام وە شك دەکەون وە لەو ڕۆژەوە بە قازی دەڵێن کە دەبێ بە زمانی فارسی وتار بدەی. هەر لە پاش ئەم وتارە عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی (ئەمیر ئەسعەد) کە سەرۆکی عەشیرەتی دێبوکری بوو وە هەروەها عەمەرخانی شەریفی سەرۆکی عێلی شکاك کە هەتا دوایین ڕۆژی ژیانی خەیانەت و نیشتمان فرۆشییان کردبووە پیشەی خۆیان، ڕاپۆرتێك بۆ جەنەراڵ شابەختی لە ورمێ دەنێرن وە ڕادەگەیەنن کە قازی محەمەد بیروباوەڕی سەربەخۆیی کورد و کوردستان بڵاو دەکاتەوە وە لە بنەوە گەل هان دەدات بە پێچەوانەی دەوڵەت، وە لەم ڕاپۆرتەدا باسی

---

١. دەستنووسەکە لەلای نووسەرە.

ئەمە کرابوو کە قازی محەمەد لەگەڵ کوردە پەناهێنەرەکانی تورکیا بەتایبەتی لەگەڵ ئیحسان نووری پێوەندیی هەیە. لەبەر ئەم ڕاپۆرتەدا عەلی ئاغا لەلایەن دەوڵەتەوە خەڵات دەکرێت، بەڵام دیسانیش ناوێرن ڕاستەوڕاست بە پێچەوانەی قازی محەمەد دەست بەکاربن[١].

لەساڵی ١٩٣٦ەوە ئیتر بەرەبەرە دیکتاتۆری ڕەشی ڕەزاخان سەر و سەکوتی دڕندانە و خوێناویی خۆی وەدی ئەدات. بگرە و بکوژە و دوورخستنەوە لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی دەست پێ دەکات.

دەوڵەت کاروباری دادپەروەری مەهاباد لە چەنگ قازی محەمەد دەردەهێنێ. میرزا برایمی قازی کە لە پاش قازی محەمەد ببووە سەرۆکی فەرهەنگی مەهاباد لەسەر کار دەردەکرێت. لە تارانەوە کاربەدەستانی شۆڤینیستی فارس زمان بۆ سەرۆکایەتیکردن بەسەر دایرەکانی دەوڵەتیدا بۆ مەهاباد دەنێردرێن. ژمارەی بەشە هۆردووەکەی مەهاباد و پۆلیس و ژاندارمەکان گەلێك زیاد دەکرێت. هەر لەم کاتەدا جەنەراڵ شابەختی پیلانی گاتن و نەفیکردنی قازی محەمەد و سەدری قازی دەنێتەوە وە لەمەڕ پیلانەکەی خۆی دەوڵەت شارەزا دەکات، بەڵام سەیف دەچێتە تارانێ و مەترسیی دواڕۆژی بەجێگەیەندرانی ئەم پیلانە لە سەرۆکەکانی دەوڵەت دەگەیەنێت وە بەم جۆرە شابەختی دیسانیش شتێکی پێ ناکرێت.

لەو حەلەدا بگرە و بکوژ و کۆچاندن و سووکایەتی پێکردن لە هەموو لایەکەوە دەست پێ کرابوو، قازی محەمەد و سەدری قازی بە تەواوی هێزی خۆیانەوە دەست دەکەن بە پارێزگاریکردن لە کوردان لە حاست شلتاغ و بیانووی کاربەدەستانی دەوڵەتیدا.

هەر کوردێکی لە ژێر پەلامار و هێرشدا هەڵدەکەوێ پەنا بۆ ماڵی قازی دەهێنێ وە ئەوانیش بەجووتە برا دەکەوتنە حەول و تەقەللا، بۆ دایرەکانی

---

١. هەر لەوێدا.

جیاواز دەچوون وە تێ دەکۆشین هاونیشتمانەکانیان ڕزگار بکەن. لە بەشی زۆری ئەو مەحکەمە داتاشراوانەدا کە لە مەهاباد بۆ کوردان پێك دەهێندرا سەدری قازی دەبووە وە کیلی کوردە "تاوانبارەکان" وە بە مەنتق و وتاری بە بڕشت و بەهێزی خۆیەوە پارێزگاریی لێ دەکردن. لەو سەردەمەدا لە مەهاباد مەحکەمەی قازی (ماڵی قازی بە مەحکەمەی قازی نێو ئەبردرا) لە لایەکەوە وە دەوڵەتی ئێران لە لایەکی ترەوە لە بەرەنگاری یەکتری ڕاوەستابوون. لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا لەمەڕ تێکۆشانی ئەو سەردەمەی قازی محەمەد و سەدری قازی بەم جۆرە نووسراوە: "قازی محەمەد و سەدر بەبێ وچان وە لە هەموو جێگایەك پارێزگارییان ئەکرد لە مافی هەموو کوردێك بەتایبەتی لە مافی هەژاران و لێقەوماوان. بۆ پێکهێنانی کارێکی زۆر چکۆڵەی کەسێك زەحمەتێکی زۆریان وە ئەستۆ دەگرت. لەسەریەك تەواوی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی مەهاباد تەنانەت لە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزاخانیشدا بەدەست ئەمانەوە بوو. گرێی کاری خەڵکی بەدەست ئەمانەوە ئەکرایەوە..."[1].

قازی محەمەد و سەدر بۆ زۆر کەسان کە دەگیران و مەحکوم دەکران دەبوونە زامن و بەریان دەدان. هەر ئەو عەلی ئاغایەی کوڕی حاجی ئێلخانی کە خەیانەتی بە قازی کردبوو وە ڕاپۆرتی دابوو بە شابەختی، لە ساڵی ١٩٣٩دا بۆ خۆی دەکەوێتە ژێر پەلاماری ژاندارمە و ئەفسەرەکان. ناوبراو دەهێننە مەهاباد وە بۆ چاو ترسێنکردنی کوردان بێ فەزیحەتییەکی زۆری پێ دەکەن وە سووکایەتی دەگەیەننە ڕادەیەك کە پەتی لە مل دەکەن وە بە کۆڵان و شەقامەکانی مەهابادا دەیگێڕن[2].

١. ڕۆژنامەی "کوردستان"، بەرواری ١٧ی مارسی ساڵی ١٩٤٦.

٢. نووسەر بۆ خۆی چاوی بەم کارەساتە کەوتووە.

قازی و سەدر لەبەر خاتری عێلی دیبوکری، سەبارەت بە پێشگیری کردن لە سەرۆکایەتی بەکوردان، عەلی ئاغا لە چنگ ژاندارم و ئەفسەرەکان ڕزگار دەکەن.

ڕەزاخان لەپاڵ نەفیکردن و ڕاگوێستنی دوژمنانەی ژمارەیەك لە خێزانی عەشیرەتەکانی کوردستان بۆ مەڵبەندە دووردەستەکانی ئێران ماڵە عەشیرەتەکانی تریش ناچار دەکات لە دێرا بۆ شارەکان کۆچ بکەن. ئامانج لەم کارە ئەمە بوو، کە پێوەندیی گەورەی عەشیرەتەکان لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان ببڕدرێت وە لەژێر چاوەدێرییەکی ورد و بەتینی پۆلیس و ژاندارم و سەربازەکاندا دابندرێن. لە ساڵی ١٨٣٧ ژمارەیەکی زۆر لە ماڵە عەشیرەتەکانی بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی و دیبوکری و گەورك و مەنگوڕ و مامەش و زەرزا بۆ مەهاباد ڕادەگوێزدرێن. لە نێوان بەشی زۆری ئەم عەشیرەتانەدا لە ساڵەکانی ١٩١٥-١٩٢٠ لە ئەنجامی سیاسەت و دنەدانی دوژمنانی گەلی کورددا، شەڕ و خوێنڕێژی ڕووی دابوو وە نێوان ناخۆشی و ناکۆکییەکی داتاشراو (مەسنوعی) هاتبووە گۆڕێ. لەو سەردەمەدا کە لە مەهاباد نیشتەجێ ببوون قازی محەمەد و سەدر کەوتبوونە تێکۆشین هەموویان پێکەوە ئاشت کردبووەوە، بێ شك ئەمە دەورێکی زۆر گرینگی هەبوو بۆ پاشەڕۆژ، بۆ ئەو کاتەی کە دیکتاتۆریی ڕەزاشا ژێروژوور بووەوە، عەشیرەتەکانی کوردستان چەکدار بوون. ئەو خزمەت وتێ کۆشینەی قازی نەبوایە بێ شك لە ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٣دا لە ڕووی نەزانین و ناکۆکیی بێ بنچینەی کۆنەوە شەڕێکی زۆری براکوژی دەقەوما لەنێو عەشیرەتەکاندا. بەڵام لە پاشان دەبینین کە کارەساتەکانی زەمانی پێشوو ئیتر دووپات نەبووەوە.

ئیگیلتۆن بەم بۆنەیەوە دەنووسێت: "بەتەنیا لە ئەنجامی شەخسیەت و حورمەت و خۆشەویستی قازی محەمەددا بوو کە پشێوی و ناکۆکی لە

مەهاباد وەبەر چاو نەکەوت...″[1].

لە دەستنووسێکی لەمەڕ قازیدا باسی تێکۆشین و خەباتی ئەو سەردەمەی کراوە و نووسراوە: ″قازی تێ ئەکۆشێ ناکۆکی و ناتەباییی بێ بنچینە و بێ جێ کە لە ڕابردوودا دوژمنان لە نێوان عەشیرەتەکانی کوردستاندا پێکیان هێنابوو لابەرێت و بیانکاتە دۆست و پشت و پەنای یەکتری. زۆر کاتی وا هەڵدەکەوت، کە قازی مێوانی و زیافەتی گەورەی بۆ عەشیرەتەکان لە ماڵە خۆی پێك دەهێنا وە بۆ برایەتیی بانگ دەکردن″[2].

یەکێك لە هۆنەرانی قسە خۆش و مەشووری مەهاباد مەلا مارفی کۆکەیی کە هەڵبەستێکی زۆری بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی هەیە لە ساڵی ١٩٣٨دا لەمەڕ خزمەت و تەکۆشینی قازی محەمەد و سەدری قازی بە گەل وە هەوڵ و تەقەلای ئەوان بۆ کوردان، بەزمانی فارسی هەڵبەستەیەکی هۆندووتەوە کە چەند دێڕێکی ئەمانەن:

قازی و صدر هر دو گهریك صدفند
مالك مملكت عزم و وقار و شرفند
رافع ربته آنانكه طرفدار شدند
عامل كسر به آنانكه بايشان طرفند
قدم صدق بهر دايره بگذارند
ثابت العزم سريع الظفر و لا يخفند
با اديبان چون نشينند غذاى روحند
مظهر شادى و آزادى و شوق شعفند
بهر آسايش يكساعت ياران شب و روز
در غم و در ضرر و محنت و رنج و اسفند

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣١–٣٢.

٢. دەستنووسی لای نووسەر.

گاه چون تیغ جهانسوز، گهی چون سپرند
گاه چون ناوك دلدوز، گهی چون هدفند
میشود ثابت از این همّت عالی نظری
عنصر از جوهری علوی نه ز طین و خزفند

وەرگێڕدراوەکەی:

قازی و سەر هەردووکیان بەری دارێکن
خاوەنی لەسەرەخۆیی و پیاوەتی و شەڕەفن
هەر کەسێکی لاگری ئەمان بێت پلەی بەرەوژوور ئەچێت
هەر کەسێکی لەدژی ئەمان بێت تێ شکێت
پێی ڕاستی و دروستیی خۆیان لە هەر دایرەیەك بنێن
بە ئیرادەی پتەوی خۆیانەوە بەخێرایی سەرکەوتوو ئەبن
کاتێك لەگەڵ زانایان دائەنیشن ئەبنە خۆراکی گیان
کانگەی شادی و ڕزگاری و خۆشی و سەحەت سووکین
بۆ ڕاحەتی سەعاتێکی هاوولاتییەکانیان شەو و ڕۆژ
لە بیرکردنەوە و زەرەرکێشان و تێکۆشین و ڕەنجدان
چەلێك وە تیغی تیژ و بە بڕ، چەلێك وەك قەڵغانن
چەلێك وەك تیروکەوانی بەهێز، چەلێك نیشانن بۆ تیری دوژمن
لەمەوە ڕوو ئەکەوێت کە خاوەنی هیمەت و پیاوەتیی بەرەو ژوورن
چونکە لە بەرەیەکی جنس و پاك و خاوێن و بەرزن

***

ڕەزا شا لە سەردەمی دوایی دەسەڵاتیدا لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی سیاسەتی سەر بە ئیستیعماری و نیشتمان فرۆشیدا تەواوی ئێرانی وەرگێڕابووە سەر بنکەی خۆ ئامادەکردن و پەلاماربردنی فاشیستەکانی ئاڵمان بۆ سەر یەکەتی سۆڤیەت، لە پلانی دەستدرێژی و داگیرکەریی

فاشیستەکانی ئاڵمان لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەتدا ئێران جێگەیەکی زۆر گرنگ و گەورەی دەگرتەوە.

دەوڵەتی هیتلەر بە تەما بوو کە لە ئێرانیشەوە لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت دەست بە شەڕ بکا وە بەداگیرکردنی مەڵبەندی قەفقاز، بەتایبەتی کانگاکانی نەوتی باکۆ لە پشتەوە هۆردووی سۆڤیەت لە هێز بخات. هەر بەو ئامانجە خوفییەکانی هیتلەر وەك مار و مێروو لە ئێران خزابوون وە بە نێوی "پسپۆڕیی" جیاواز-جیاوازەوە کاروباریگرینگی دەوڵەتیان گرتبووە دەست خۆیانەوە. لە ساڵی ١٩٤٠دا نێزیکەی چوار هەزار خۆفیەی ئاڵمانی فاشیست لە دژی یەکیەتی سۆڤیەتدا خەریکی تێکۆشین بوون. لە ٣ی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤١دا دەوڵەتی ئاڵمان لە ڕێگەی تورکیا و عێراقەوە بە قورساییی ١١ هەزار تۆن چەك و قۆرخانەی هێنابووە ئێرانەوە کە خۆفیە و بەکرێگیراوەکانی خۆی پێ چەکدار بکات. لە مانگی ژووئییەی (تەمووز)دا پتر لە سەد و پەنجا ئەفسەری ئاڵمان لەژێر سەرۆکایەتیی جەنەراڵ کاناریسدا کە یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی دەزگای خوفیەچییەتیی هیتلەر بەنێوی "خولانەوە" هاتبوونە ئێرانی وە ئامانجی ئەمانە ئامادەکردن وە دەست پێکرانی پەلامار بوو بۆ سەر یەکەتی سۆڤیەت.

لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانیدا دەوڵەتی ئێران دوو جار: جاری یەکەم لە مانگی سیپتامبری (ئەیلول) ساڵی ١٩٣٩دا وە جاری دووەم لە مانگی ژووئەمەنی (حوزەیران) ساڵی ١٩٤١دا بەیاناتی دا وە لەو ڕووەوە بێ لایەنیی خۆی ڕاگەیاند لە شەڕی نێوانی دەوڵەتاندا. بەڵام ئەمە مانۆڕێکی سیاسی بوو وە ڕەزاشا لە ڕاستەقینەدا هەموو جۆرە زرووف و هەلێکی بۆ فاشیستەکانی ئاڵمان پێك هێنابوو لە دژی یەکەتی سۆڤیەتدا تێ بکۆشن. هیتلەر بۆ دڵخۆشکردنی ڕەزاشا وادەی پێ دابوو کە "ئیمپەراتۆریی گەورەی ئێرانی" بۆ ببووژێنیتەوە وە مەڵبەندەکانی قەفقاز

و تورکەمەنستان بخاتە سەر ئێران.

خوفیەکانی هیتلەر و ژێردەستەکانی لە ئێران جیا لە خۆ حازرکردن بۆپەلاماربردن پڕوپاگەندەیەکی هەموو لایەکیان لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت و بیروباوەڕی کۆمۆنیستی دەست پێ کردبوو. ئەم پڕوپاگەندەیە لە کوردستان بە سەرۆکایەتی خوفیەی بەناوبانگی ئاڵمان فریدریك هۆمید وە بەشداربوونی ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی ڕەزا شا بەڕێوە دەبردرا.

بێ شك دەوڵەتی سۆڤیەت لەم دراوسێیەتییەوە نەیدەتوانی چاو بپۆشێت لە کارەساتی دوژمنانەی خۆفییەکانی ئاڵمان وە لەگەڵ ئەمەش کە چەند جارێك دەوڵەتی ئێرانی لە مەترسیی پاشەڕۆژی سیاسەتەکەی ئاگادار کردبوو بەڵام دیسانیش ڕەزاشا دانەمرکاوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە چەشنێکی بەرینتر دەرگای وەڵاتی بەڕووی فاشیستەکانی ئاڵماندا ئاواڵە دەکردەوە. ئەم سیاسەتەی ڕەزاشا بە تەواوی بە پێچەوانەی پێکهاتی ساڵی ١٩٢١ی نێوانی سۆڤیەت و ئێران بوو. دەوڵەتی سۆڤیەت بەئامانجی پتەوکردن و قایمکردنی سنوورەکانی جەنووبی وەڵاتی، وە بەگوێرەی بەندی شەشەمی پێکهاتی ساڵی ١٩٢١، لە بەرواری ٢٥ی مانگی ئووتی (ئاب) ساڵی ١٩٤١دا هۆردووی خۆی لە سنوری ئێران تێ پەڕاند.

بەشی سێیەم

# خەباتی سیاسیی قازی محەممەد لە ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٥

هاتنی هۆردووی سۆڤیەت بۆ ئێران و لە ئەنجاما ژێروژووربوونەوەی دیکتاتۆریی ڕەشی بیست ساڵەی ڕەزا شا لە مێژووی گەلانی دانیشتووی ئێراندا بۆ پێشکەوتن و وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوایەتی، مسۆگەرکردنی دیموکراسی و لە نێوبردی زوڵم و زۆرداریی نەتەوایەتی، ڕێگەیەکی گەورەی ئاواڵە کردەوە و هەلێکی باشی پێك هێنا. ئەمە بەتایبەتی بۆ نەتەوە کەمایەتییە زوڵم لێکراوەکان گرینگییەکی زۆر گەورەی هەبوو.

لە پاش هاتنی هۆردووی سۆڤیەت، لەلای جەنووبیشەوە دەوڵەتی ئینگلیز بەشە هۆردووەکانی خۆی بۆ ئێران هان دا. بەم جۆرە پیلان و نەخشەی فاشیستەکانی ئاڵمان و ژێردەستەکانیان بۆ سوود وەرگرتن لە ئێران بە پێچەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەت بەپووچ دەرچوو.

لە بەرواری ٥–٨ سپتامبری (ئەیلول) ساڵی **١٩٤١دا** لە نێوان ئێران و سۆڤیەت و ئینگلیزدا لەمەڕ جێگیربوون و گونجانی هۆردووی سۆڤیەت و ئینگلیز لە مەڵبەندەکانی جیاوازی ئێران پێکهاتێك ئیمزا کرا. بەگوێرەی ئەم پێکهاتە بەشی جەنووبی کوردستانی سەر بەئێران (مەڵبەندی سنە و کرماشان و شاە ئاباد و قەسری شیرین و هتد) کەوتە ژێر دەستەڵاتی هۆردووی ئینگلیزەوە. چەند مەڵبەندێکی بەشی شیمالی کوردستانی سەر بەئێران (مەڵبەندەکانی دەوروبەری شاری شاپوور و خۆی و ماکۆ و

ورمـێ) خـرا ژێر دەسـتـەڵاتـی هـۆردووی سۆڤـیـەتـەوە. بـەڵام بـەشی زۆری مەڵبەندەکانی کوردستانی لای شیمال، مەڵبەندی شنۆ و لاجان و نەغەدە و مەهاباد و سەردەشت و دەورووبەری میاندووئاو و ساین قەڵا و بۆکان و سەقز و بانە بە مەڵبەندی بێ لایەن ڕاگەیندران وە بەگوێرەی پێکهاتنەکە دەبوایە لە ژێر دەستەڵات و حوکماتی دەوڵەتی ئێراندا بایەن.

لـە ئـەنـجـامـی ژێروژووربـوونـەوەی دیکتـاتـۆریـی ڕەزاخـانـدا دەرگـای گرتووخانەکان و شارە دووردەستەکانی ئێران کە هەزارەها ماڵە کوردی کۆچاندراوی تێدا بوو ئاواڵە کراوە. گیراو و کۆچاندراوەکان لە پاش چەند ساڵ دووری و دەربـــەدەری و کـــوێرەوەری و چـــەرمـــەسەری و عـــەزاب بەشپڕزەیی و کۆڵەوارییەوە دەستیان کرد بەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان. لێرەدا لەمەڕ دوژمنایەتی و ناپیاوەتی و کارەساتی خوێناویی دەوڵەتی ڕەزا شا لەبارەی کوردان بە پێویستی دەزانین، چەند بەڵگە بۆ نموونە نیشان بدەین. ئەمانە هەروەها بۆیە بەپێویست دەزانین چونکە ئەمە بۆ خۆی بنچینە و هۆیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە سەردەمەکانی دواییدا.

لە ساڵی ١٩٣٧دا ڕەزاخان عەشیرەتی جەلالی کە لە نێزیکی سنووری ئێران و تورکیا و سۆڤیەتدا هەڵکەوتووە بە خاو و خێزان و مەڕوماڵاتەوە بۆ مەڵبەندی خورەم ئاباد و سوڵتان ئابادی (عێراقی عەجەم) کۆچاندبوو. لەم عێلە ١٢٩٠٠ کەس کۆچاندرا بوو، بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٤١دا بە تەنیا ٧٠٠ کەسیان بۆ نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە بەم جۆرە پتر لە ١٢ هەزار کەس تەنیا لە عێلی جەلالی لە دەربەدەری و دوور لە نیشتمان تێداچوون و فەوتان. کاتی کۆچاندران عەشیرەتی جەلالی خاوەنی ٤٥ هەزار سەر مەڕ بوون، ٤ هەزار سەر گا و مانگا، ٢ هەزار سەر یەك سم وە ١٥٠ سەر وشتر بوو، بەڵام کاتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان جیا لە چەند سەر یەك سم نەبێ کە ژن و منداڵی نەخۆش و داماویان سوار کردبوو هیچ

شتێکیان لەو مەڕوماڵات و ڕەشە وڵاغەکە نەمابوو[1].

لە ماوەی ٧ ساڵدا، یانی لە ساڵی ١٩٣٤وە تا ساڵی ١٩٥١ بە تەنیا لە گرتووخانەی "قەسری قاجار"، کە لە تاران هەڵکەوتووە ١٢٠ کەس لە کوردەکانی مەریوان لەلایەن پۆلیسی ڕەزاخانەوە لە ڕێگەی دەرزی لێدان و دەرمان داوکران و دارکاریکردندا فەوتاندران[2].

هەر لە حیسابی ئەم دوو بەسەرهاتەی دوو عەشیرەتی کوردەوە بە ئاشکرایی بۆمان دەردەکەوێت کە دیکتاتۆریی ٢٠ ساڵەی ڕەزاخان چی بەسەر کوردان هێنابوو. قای محەمەد لە وتارێکی خۆیدا بەم بۆنەیەوە گوتبووی: ئەو زوڵم و چەرمەسەری و کارەساتە خوێناوییەی کە لە کاتی خۆیدا چەنگیزخانی مغۆل بەسەر کەسی نەهێنابوو، سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی ڕەزاخاندا بەسەر کوردانیان هێنا[3].

هۆردووی ڕەزاخان هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنی هۆردووی سۆڤیەت و ئینگلیزدا بۆ ئێران، وەك باری هەرزن پەرش و بڵاو بوو. ئەم هۆردووە بنچینەیەکی کۆمەڵایەتیی نەبوو وە کوڕانی لادێیی کە بە زۆرداری بۆ خزمەتی سەربازی بردرابوون خوڵاخوڵایان بوو بۆ جێگاکانی خۆیان بگەڕێنەوە. جا لەبەر ئەمە لە یەکەمین دەرفەتدا بڵاوەیان کرد. لەسەریەك بەشی زۆری چەك و قۆرخانەی بەشە هۆردووی ڕەزاخان لە ورمێ و تەورێز و مەهاباد و سەقز و شاپور و بانە و سەردەشت و سنە و... هتد وە چەنگ کوردان کەوت. سەربازەکان پۆل پۆل چەك و قۆرخانە و جلوبەرگی سەربازییان فڕێ دەدا و بۆ دێیەکانی خۆیان دەگەڕانەوە. جا ئەلەم

١. ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان "سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ژمارە ٢، لاپەڕەی ٧٦".

٢. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٢٩ی مانگی مەی ساڵی ١٩٤٦.

٣. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٢٩ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

ڕێگەیەوە دانیشتوانی کوردستانی سەر بەئێران چەکدار بوون وە ئاواتی لەمێژینەی عەشیرەتەکانی کورد بۆ وەدەستهێنانی چەك و تۆڵەکردنەوە هاتە دی. بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسیی شەڕی نێوانی عەشیرەتەکان لەسەر وردە حیسابی کۆنی نێو خۆیان هاتە گۆڕێ کە بێ شك دەبوو بە هۆیماڵوێرانی و خوێنڕێژییەکی زۆر گەورە. هەر سەرۆك عەشیرەت و خاوەن موڵکێکی نێو بەدەرەوە هەوڵی دەدا سوارەیەکی زۆری چەکدار ڕابگرێت. گەلێك جار هەڕەشەکردن لە یەکتری وە بەچاو دادانەوەی دوژمنایەتیی کۆنە دەهێندرا گۆڕێ وە لەشکری عەشیرەتەکان لە بەرەنگاری یەکتر ڕادەوەستان. بەڵام ئیتر ئێستا سەردەمێکی تر بووە.

لە کوردستان بیری تێگەیشتوو و پێشڕەوی وا هاتبووە گۆڕێ کە دەیتوانی عەشیرەتەکان وریا بکاتەوە وە تێیان بگەیەنێت کە ناکۆکی و ناتەبایی و دوژمنایەتیی نێوانیان بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی وەیا ئیرسی نییە وە ئەمە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردە کە تۆیەکی بەدفەڕ و پیسی وای بە نێودا بڵاو کردوونەتەوە. سەرۆك و بەڕێوەبەری ئەم هێزە پێشڕەوە قازی محەمەد و بیرڕووناکانی مەهاباد بوون.

یەکەمین هەنگاوی خەباتی سیاسیی قازی محەمەد لەو سەردەمەدا ئەمە بوو کە دەستی کرد بە ئاشتکردنەوە و پێکهێنانی دۆستایەتی و یەکەتی لە نێوان عەشیرەتەکاندا. بێ شك شەڕ و کێشەی نێوان عەشیرەتەکان زەرەرێکی زۆر گەورەی دەگەیاند بە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد کە هەلێکی باشی بۆ هاتبووە گۆڕێ بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی. ئەم شەڕ و کێشەیە دەبووە هۆی سەرقاڵکردنی کوردان وە دوورخستنەوەیان لە خەباتی سیاسی. جا لەبەر ئەمە، قازی محەمەد هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٤١وە کە دیکتاتۆریی ڕەزاخان تێك چوو وە کوردان چەکیان وەچەنگ کەوت وەخۆ کەوت بۆ ورپاکردنەوە و

ئاگادارکردنی عەشیرەتەکان. خزمەتی ئەو سەردەمەی قازی، بەتایبەتی بۆ دانیشتوانی مەهاباد زۆر بەنرخ بوو، چونکە هەموو ڕۆژێ هەڕەشەی داگیرکردن و تالآنکردنی مەهاباد لەلایەن ڕیزە عەشیرەتێکەوە لە گۆڕێدا بوو. ئیگیلتۆن بەم بۆنەیەوە دەنووسێت: "بەتەنیا شەخسیەت و موحتەرەمیی قازی بوو کە توانیی لە ساڵی ۱۹٤۱وە مەهاباد بە ساغ و سەلامەتی ڕاگیر بکات..."[١].

لە هاوینی ساڵی ۱۹٤۱دا قازی لەگەڵ چەند سواری مەهابادی سەفەر دەکات بۆ نێو عەشیرەتەکانی کوردستان وە نێزیکەی دوو مانگ بەنێو عەشیرەتەکاندا دەخولێتەوە وە لێیان دەگێڕێتەوە بۆ یەکەتی و دۆستایەتی. ئەنجامی ئەم تێکۆشینەی قازی محەمەد بەمە گەیشت کە لە بەرواری ۲۹ی مانگی دیسامبری (کانوونول ئەوەل) ساڵی ۱۹٤۱دا لە مەهاباد لە مەحکەمەی قازی (ماڵی قازی محەمەد) کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆك و نوێنەرانی عەشیرەتی مەنگوڕ، گەورك، مامەش، بەگزادە، دیبوکری، پیران، زەرزا، هەرکی، شکاك، بەگزادەی بەردە سووری، جەلالی، زیلان، میلان وەچەند کەسێك لە پیاوە نێو بەدەرەکانی مەهاباد و شنۆ و سەقز و سەردەشت و میاندووئاو بەشدارییان دەکرد[٢].

قازی محەمەد نەخشەیەکی وای کێشابوو کە لە هەر عەشیرەتێك چەند کەس بەشداری بکەن، چونکە هەر عەشیرەتەی بەچەند تیرە دابەش بوون وە لە نێوان سەرۆکی ئەم تیرە و تایفانەشدا نێوان ناخۆشی و ناکۆکیی داتاشراو لە گۆڕێدا بوو. ئەم کۆبوونەوەیە شەش ڕۆژی خایاند وە لەوێ جیا لە مەسەلەی ئاشەکردنەوە و وەلابردنی ناکۆکی و ناتەبایی نێو عەشیرەتەکان لەسەر مەسەلەی دیاریکردنی مووناسییەت دەربارەی

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ۳۱-۳۲.

٢. ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی "ئازەربایجان" سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ژمارە ٦، لاپەڕەی ۳.

سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت و ئینگلیز لەسەر مەسەلەی کورد سکاڵا بەڕێوە بردرابوو. ئەمەش لەو سەردەمەدا مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بوو. قازی محەمەد کە بەچاکی شارەزای مێژووی خەباتی گەلی کورد وە سیاسەتی دەوڵەتی ئیستیعماریی ئینگلیزی لەسەر مەسەلەی کورد بە چاکی دەزانی بە خۆڕایی وە بەبێ بنچینە ئەم مەسەلەیەی، یانی مەسەلەی دیاریکردنی مووناسییەت لەبارەی سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت و ئینگلیز لەسەر مەسەلەی کورد، نەهێنابووە گۆڕێ. قازی دەیویست عەشیرەتەکان وریا بکاتەوە وە دۆست و دوژمنی گەلی کوردیان بە چاکی پێ بناسێنێ. لەم کۆبوونەوەیەدا قازی محەمەد وتارێکی دابوو و گوتبووی: "ئەو حورمەت و خزمەتەی کە دەوڵەتی سۆڤیەت وە هۆردووی قارەمانی ئەو بە ئێمەی کردووە هیچ کاتێك لەبیر ناچێتەوە. ئێمە زۆر لەمێژبوو لەژێر باری زوڵمدا دەژیاین، لەژێر پێی ژاندارم و ئەفسەرەکاندا پلیشاینەوە. بەڵام ئێستا ئێمە لەو زوڵمە نەجاتمان بووە وە ئەمەش ئەنجامی چاکەی دەوڵەتی سۆڤیەتە. سۆڤیەت نەتەوەی ئێمەی لە نابووتبوون ڕزگار کردووە، خوێنی ئێمەی کڕیوەتەوە، پیاو بەقسە ناتوانێ ئەمەی بڵێت وە ئەبێ بەچاوی خۆی بیبینێ. مرۆڤانی سۆڤیەت لەو حەکیمانە دەچن کە لە هەموو کەس باشتر لە دەرد و ئازاری ئێمە ئەگەن. ئێمە ناتوانین چاوەڕێی شەڕی سێیەمی جیهانی بین. لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا گەلی کوردیان فریو دا وە ئێستا لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیشدا نامانەوێ هەڵخەڵەتێین. ئێمە تەواوی هێزی خۆمان وەکار دەخەین بۆ ئەمەی کە ڕزگار بین، لە پلەی یەکەمدا لە زوڵم و دیلیی دەوڵەتی ئێران. گەلی کوردیش وەك گەلانی تر مافی داواکردنی ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە. بەڵام ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری وە هەروەها شارستانەتیی وڵاتمان هێندە بەرەو خوارە کە گەیشتن بە ئامانجێکی وا زۆر سەخت و گرانە وە بە تەنیا لە خۆبووردن و خۆبەختکردنی هەموو لایەکی پێویستە. ئەبێ لە

ریزەی دەوڵەتە مەزنەکانی جیهان پشتیوانێك وەدەست بهێنین. لە نێو دەوڵەتە مەزنەکانی جیهاندا بەتەنیا دەوڵەتێك هەیە کە دەتوانێت لەم مەسەلەیەدا یارمەتیمان پێ بگات وە ئێمەش پشتی پێ ببەستین. ئەم دەوڵەتە یەکەتی سۆڤیەتە. ئێمە لەسەر داواکردنی مافی نەتەوایەتیی خۆمان بە تەنیا بە یەکیەتیی سۆڤیەت بڕوا ئەکەین، چونکە دەبینین کە تەواوی گەلانی یەکەتی سۆڤیەت بە سەربەستی و ئازادی دەژین وە دەوڵەت و شارستانەتیی خۆیان هەیە. ئێمە دەبێ بڕوامان بەمە هەبێت، کە جیا لە دەوڵەتی سۆڤیەت هیچ دەوڵەتێکی تر لاگریمان لێ ناکات، چونکە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕیزە دەوڵەتێك وادەی لاگری لێکردنیان پێ داین، بەڵام لەسەر وادەی خۆیان ڕانەوەستان"[1]. (ئامانج لە دەوڵەتی ئینگلیزە نووسەر).

قازی محەمەد لە دوای ئەم قسانە هاتبووە سەر مەسەلەی پێوەندیی نێو عەشیرەتەکان وە گوتبووی: "ئیتر لەمڕۆوە تەواوی ناتەبایی و ناکۆکییەکانی بێ ئەساسی ڕابردوو بنێژین، دەست بدەینە دەست یەك وە ئیش بکەین بۆ کوردان، بۆ پێکهێنانی ژیانێکی ڕزگار بۆ گەلەکەمان..."[2].

ئەم وێژراوانەی قازی محەمەد لە ئاخری ساڵی **١٩٤١**دا بەتایبەتی لەم ڕووەوە زۆر گرینگن کە لەو سەردەمەدا فاشیستەکانی ئاڵمان بەشی زۆری وڵاتی سۆڤیەتیان داگیر کردبوو. شاری مەسکەو دەورەدرابوو وە دەزگای پڕوپاگەندەی هیتلەر و دەستە پێوەندەکانی لە وڵاتانی تری وەك تورکیا و ئێران چەقە و هەرایەکی زۆریان دانابووەوە "مزگێنی"یان دەدا کە ئەمڕۆ سبەی دەوڵەتی سۆڤیەت تێدا دەچێت وە فاشیزمی ئاڵمان سەرکەوتوو

١. ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی"ئازەربایجان"، سیایی ١٠، پەروەندەی ژمارە ١٠، لاپەڕەی ١٣٢، ١٣٣، ١٣٩.

٢. ئارشیو. سیایی ژمارە ٤٥، پەروەندەی ژمارە٤، لاپەڕەی ٣.

دەبێت. بەڵام قازی محەمەد وەك مرۆڤێکی زانا و تێگەیشتووی سیاسی لە سەختترین کاتی ژیانی وڵاتی سۆڤیەتدا بڕوای بەمە هەبوو کە درەنگ یا زوو دەوڵەتی سۆڤیەت، ڕێوشێنی سۆسیالیستی سۆڤیەت بەسەر دەوڵەتی فاشیستی ئاڵمان وە ڕێوشوێنی فاشیستیدا سەرکەوتوو دەبێت. چونکە ئەم دەوڵەتە بریتییە لە دەستەڵاتی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێشی لادێیی وە بنچینەیەکی گەورە و قووڵ و پتەوی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەیە.

ئەم سیاسەتەی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان وە بەتایبەتی پشت بەستنیان بە یەکیەتیی سۆڤیەت بەسەرهاتێکی تازە بوو کە لە جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا بە شێوەیەکی گشتی، خۆی وەدی ئەدا وە سروشتی ئەم جووڵانەوەیەی دیاری کرد. لەبەر ئەمە نەك هەر هێزە پێشکەوتووەکانی گەلی کورد لە کوردستانی سەر بە ئێران، بگرە لە تەواوی بەشەکانی تری کوردستانیش بە دڵخۆشی و هیوایەکی گەورەوە ئەم سیاسەتە پێشوازیی لێ کرا. لێرەدا بەپێویستی دەزانین باسی نامەیەکی بەنرخی شێخ مەحموودی نەمر بکەین کە بۆ قازی محەمەدی نووسیبوو. ئەم نامەیە لە نێو ڕیزە بەڵگەیەکی لەمەڕ بەسەرهاتەکانی ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧ی کوردستاندا وەچەنگ نووسەر کەوتووە[١]. شێخ مەحموودی نەمر لە سولەیمانییەوە ئەم نامەیە ئەنێرێ بۆ حاجی بابە شێخی توورجان کە ئەمیش بیدا بە قازی محەمەد. (حاجی بابەشێخ لە هەردووك کۆبوونەوەی عەشیرەتەکاندا لە مەهاباد بەشداریی کردبوو). لەم نامەیەدا شێخ مەحموود دڵخۆشیی خۆی بەرامبەر بە پشتبەستنی گەلی کورد بە یەکیەتیی سۆڤیەت نیشان دابوو. ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحموود کە بەزمانی ڕووسی دۆزراوەتەوە بەم جۆرەیە: خۆزگەم بە

١. ئەم نامەیە لەلایەن نووسەرەوە ناردرا بۆ عێراق و لە پاشان کاك کەمال مەزهەریش لە کتێبەکەی خۆیدا لە چاپی داوە.

خۆتان کاکە چوون بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ بوون لە قووڵاییی دڵمەوە بەمە دڵخۆشم. برایانی من، ئەی کوردە هاوخوێنەکانم ئاگادارتان ئەکەم وە لێتان ئەپاڕێمەوە کە جیا لە یەکیەتیی سۆڤیەت بە هیچ کەسێکی تر بڕوایە مەکەن. ئیتر گوێ مەدەنە وادە و قسەی شیرین و بوختان و ئیفترای لە دژی یەکیەتیی سوڤیەت. گەلی کورد دایما پلار بووە بەدەست ئەمانەوە کە ئەمنیش و ئێوەیش بەچاکی ئەیانناسین. (ئامانج ئیستیعماری ئینگلیزە-نووسەر) بە توندی و پتەوی دەستی دەوڵەتی سۆڤیەت بگرن، چونکە تەنیا و تەنیا دەوڵەتی سۆڤیەتە پشتیوان و ڕزگاری هێنەری ڕاستەقینەی تەواوی نەتەوە بەش خوراوەکان...[1].

قازی محەمەد تێکۆشینی خۆی بۆ پێکهێنانی یەکیەتی و دۆستایەتی لە نێو عەشیرەتەکاندا پەك نەخست وە لە پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی یەکەم سەرلەنوێ وە حەولان کەوت کە کۆبوونەوەیەکی گەورەتری عەشیرەتەکان پێك بینێت وە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە لە نوێنەرانی عەشیرەتەکانی دەوروبەری بانە و دیواندەرە و سنە و کرماشانیش بگێڕدرێتەوە. ئەمە بەتایبەتی زۆر پێویست بوو، چونکە لەو سەردەمەدا لەلای بانە وە هەندێك لە عەشیرەتەکان بە سەرۆکایەتیی حەمە ڕەشید خانی خانزادە دەستیان بەجوولانەوەی سەربەخۆ کردبوو وە ئەم جوولانەوەیە لە ڕێگەیەکی ڕاستەوە نەدەڕۆیشت وە هەروەك جوولانەوەکانی زەمانی پێشوو تاڵان و بڕۆی بە دواوە بوو وە دەستی دوژمنانیش وەکار کەوتبوو کە عەشیرەتەکانی تر بەپێچەوانەی حەمە ڕەشید خان هان بدەن وە شەڕی براکوژی هەڵایسێنن. قازی محەمەد لە پایزی ساڵی ١٩٤١دا ئامۆزای خۆی حەمە حوسەین خانی سەیفی قازی بۆ لای حەمە ڕەشید خان ئەنێرێ وە لێی دەگێڕێتەوە کە لە کۆبوونەوەی عەشیرەتەکاندا بەشداری بکات. بەڵام حەمە ڕەشید خان بۆ خۆی نایە وە

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ژمارە ٤، لاپەڕەی ١٦٠.

دوو نوێنەری ناردبوو.

لە بەرواری ١ی مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٢دا سەرلەنوێ لە مەهاباد، لە مەحکەمەی قازی کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان پێك هات. ئەم کۆبوونەوەیە بەگوێرەی بەشداربوونی ژمارەی نوێنەران و مەسەلەکانی ڕۆژانەی لە کۆبوونەوەی یەکەم گەلێك گرینگتر بوو. لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەبیر ڕووناکانی نیشتمانپەروەر بەشدارییان دەکرد وە ئەمەش سروشتێکی پێشڕەوتر و باشتری دەدا بە کۆبوونەوەکە. لەم کۆبوونەوەیەدا قازی محەمەد وتارێکی سیاسیی دابوو وە چۆنایەتیی ئەو سەردەمەی کوردستان و موناسیبەتی دەوڵەتەکانی سوڤیەت و ئینگلیز وەهەروەها سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانی ڕووناك کردبووەوە. هەر لەسەر ئەم وتارە، کۆبوونەوەکە چەند بڕیاری گرینگی پەسند کرد کە لە ڕاستەقینەدا ئەم بڕیارانە بۆ بەرنامەی تێکۆشین و خەباتی عەشیرەتەکان دیاری کرابوو. لەم کۆبوونەوەیەدا هەموو بەیەکەوە سوێند دەخۆن لەسەر ئەم بڕیارانە:

١. لە هەموو لایەکەوە قازانج و سوودی یەکیەتیی سۆڤیەت لەبەر چاو بگیردرێت و هەموو چەشنە داوخواز و مەسڵەحەتێکی دەوڵەتی سۆڤیەت بەجێ بگەیەندرێت.
٢. وەفاداربین بە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت و بەنرخی ژیانی خۆمانیش بێت پارێزگاری بکەین لە پێداویستەکانی وی.
٣. تەواوی عەشیرەتەکان لەم ڕووەوە هەموو چەشنە ناکۆکی و ناتەباییی نێوانیان وەلا دەنێن وە بە تەواوی هێزی خۆیانەوە تێ دەکۆشن لە هیچ لایەکەوە ڕێگە نەدرێت بە کارەساتێك کە هۆی ناکۆکیی نێوانی عەشیرەتەکان پێك بهێنێت.

٤. تەواوی بەشدارانی کۆبوونەوە ناحەزی و ناڕەزاییی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە کارەساتی تالآن و بڕۆ و جەردەیی وە لەم بوارەوە هەر کەسێکی بێت و دەست بە تالآن و ڕێگری بکات بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەمەی کە پیاو وەیا ئەندامی کام عەشیرەتە دەبێ لەلایەن بەشداربووەکانەوە تەنبێ بکرێت.

لە هەر مەڵبەندێك تالآن و بڕۆ بقەومێت سەرۆك عەشیرەتی ئەم مەڵبەندە لەسەریەتی تێ بکۆشێت بۆ گرتن و تەنبێکردنی تاوانبارەکان.

٥. هیچ یەك لە نوێنەرانی ئەم کۆبوونەوەیە حەقی نییە بە جیاوازی و سەربەخۆ وە بەبێ پرس لەگەڵ دەوڵەتی تاران پێوەند ڕابگرێت وە بچێت بۆ تاران بۆ سکالآ کردن."[1].

هیچ یەك لەم بەندانە بەخۆڕایی وە بەڕێکەوت نەهێندرابووە گۆڕێ وە هەموویان بەگوێرەی زرووفی ئەو سەردەمەی کوردستان بوون. قازی محەمەد وە بیرڕووناکانی کورد دەیانزانی کە دوژمنانی کورد دانەمرکاون وە لە هەموو لایەکەوە بۆ هەڵایساندنی پشێوێنی و ئاڵۆزاوی لە کوردستان هەوڵ و تەقەڵلایە دەدەن. قازی محەمەد لە ڕووی نەخشە و پلانێکی تێگەیشتووەوە لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی نیشتمانپەروەری عەشیرەتەکان سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکانی وەك عومەرخانی شکاك و عەلی ئاغای ئیلخانی زادە (عەلیار) و قەرەنی ئاغای مامەش و عەولآی بایز ئاغای مەنگوڕیشی بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگ کردبوو. خەیانەت و نیشتمان فرۆشیی ئەم سەرۆك عەشیرەتە ناوبراوانە لەمێژبوو لە هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان ئاشکرا بووە وە لەو سەردەمەشدا دەوڵەتی تاران بۆ پشێوی و ئاڵۆزاوی نانەوە لە مەڵبەندی موکریان وە دەوروبەری شاپور و ماکۆ و ورمێ هیوایەکی زۆری بەمانە

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ٦، لاپەڕەی ٢٦.

هـەبـوو. ئـەم سەرۆك عـەشیـرەتـانـە لـەشكر و سوارەی چەكداریـان لـەژێر دەستـەڵاتدا هـەبوو و لە ڕووی نەزانین و بێ هێزبوونی هـەستی پێشڕەو و تێگەیشتوویـی كۆمـەڵایـەتی لـە نێو عـەشیـرەتـەكـاندا تـا ڕادەیـەك لـە نێو عەشیرەتەكانی خۆیاندا خاوەنی دەستەڵات و بەڕێزی و حورمەت بوون. جا لـەبـەر ئەمە هێزە نیشتمـانییـەكان بە سەرۆكایـەتی قـازی محـەمـەد بۆ وەدەستـهێنـانـی دەرفـەت هـەوڵـیـان دەدا بـەگوێرەی بیـروڕایـەكی گشتی لە تێكۆشین و جوولانەوەی سەربـەخۆ و بە نفووزی ئـەم سەرۆك عەشیرەتانە كەم بكەنەوە وە لە لایەكی تریشەوە نیشتمـان فرۆشی و خـەیانـەتی ئـەوان ئـاشكراتر بە گەل نیشان بدەن. بێ شك، بڕیـارەكـانی كۆبوونـەوەی نـاوبراو كە ئەم سەرۆك عەشیرەتانەش ئیمزای خۆیـان بە ژێریـەوە نـابوو ئـەمـانی نـاچـار كرد تـا ڕادەیـەك دیوی ئـاوەژووی خۆیـان داپۆشن وە ئـەگـەر هیچ نەبێت لە ڕوودا لە دژی گەل هـەنگاو هـەڵنـەهێننـەوە. بە وردبوونـەوە لە بـەسەرهـاتـەكانی دوایی دەبینین كە ئەم تـاكتیكە بۆ ئـەو سەردەمـە زۆر پـێویست و بـاش بـوو، بـەتـایبـەتی بۆ شارەزاكردنـی كۆمـەڵانـی گـەل وە زۆربـەی عەشیرەتەكان لە دیوی ئـاوەژووی نیشتمـان فرۆشی و خـەیـانـەتی ئـەم سەرۆك عەشیرەتانە.

زۆربـەی عەشیرەتەكانی كوردستـان بە بـاوەشێكی ئـاواڵە وە بیرێكی پـاك و خـاوێن پێشوازییـان لە بڕیارەكانی كۆبوونـەوەی مـەهـابـاد كرد وە لە دڵـەوە تـێوە چوون بـۆ یـارمـەتیدانـی یـەكیـەتیـی سۆڤیـەت لـە شەڕی دژی فـاشیزمی ئـاڵمـاندا. ئەنجـامی بڕیـارەكانی كۆبوونـەوەی نـاوبراو لە ژیـانی عەشیرەتەكاندا بە ئاشكرا خۆی وەدی دەدا.

لەمەڕ تـەئسیر و گرینگیی ئـەم كۆبوونـەوەیە لە بـەڵگـەیـەكی ئـارشیودا وا نووسراوە: "بـەشدارەكـانی نێو كۆبوونـەوە پـاش گـەڕانـەوە بۆ جێگاكانیـان، لاگـران و كـەسوكـاری خـۆیـان وەخـڕكـردووە و گـوتـوویـانـە: لـەمـەو بـەولاوە هـەمـوو ئـەبـێ یـەك بگرین و ئـەو نـاكۆكییـەی كە بـەدەستـی ئـەجنـەبـی لـە

نێوانماندا هەبوو لە نێویان بەرین و وەك برا بژین. ئەبێ ناوچەی یەكگرتوو دابمەزرێنین لە دژی دوژمنە زوڵمكارەكانیان و تەواوی ئەمانەی، كە تێ ئەكۆشن ناكۆكیمان لە نێواندا هەڵایسێنن نابووت بكەین..."[1].

مەسەلەن لە پاش تەواوبوونی كۆبوونەوە وە گەڕانەوەی عەشیرەتەكان بۆ مەڵبەندەكانی خۆیان لە نێو عەشیرەتەكانی دەوروبەری ورمێ و شاپور و خۆی و ماكۆ بە سەرۆكایەتیی سەرتیپی شكاك وە نیشتمانپەروەرێكی تر لە عێلی هەركی جوولانەوەیەكی نیشتمانی لەژێر دروشمی یارمەتیكردن بە یەكیەتیی سۆڤیەت دەست پێ كرا. سەرتیپی شكاك یەكێك لەو سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرانەی كوردستان بوو كە لە دەردی دەروونی گەلەكەی بەچاكی شارەزابوو وە تەواوی ژیانی بەخت كردبوو بۆ بەختەوەریی گەلی كورد. بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی پێ نەدا ڕزگاریی گەلەكەی ببینێ وە لە ساڵی ١٩٤٣دا لە ئەنجامی ناساغییەكی سەختدا وەفاتی كرد. جا سەرتیپی شكاك بەنێوی ١٥ هەزار سوارەی چەكداری كوردەوە كە لە عەشیرەتەكانی جەلالی و شكاك و هەركی و بەگزادەی بەردەسووری، زیلان و میلان و زەرزاوە پێك هاتبوو نامەیەك دەنێرێت بۆ سەرۆكی هۆردووی سۆڤیەت لە ئێران لەم نامەیەدا نووسیبووی: "ئێمە دەوڵەتی مەزنی سۆڤیەتمان بە پشتیوانی خۆمان داناوە وە لەبەر ئەمە بەو هۆیەوە لە دەوڵەتی سۆفێت داخواز دەكەین ئیجازەمان پێ بدات پۆل پۆل وە بەدەستەی جیاواز جیاوازی ٥٠٠ كەسی و ١٠٠٠ كەسییەوە وە بەچەكی خۆمان بچینە ناوچەكانی شەڕی وە هەستی خاوێن و دەروونی خۆمان دەربارەی ئەم دەوڵەتە مەزنە لە دژی فاشیستەكانی ئاڵماندا نیشان بدەین. هەروەها ئامادەین بە مەڕومالات و دراوی خۆشمانەوە یارمەتی بكەین بە داماوەكانی شەڕ لە یەكیەتیی سۆڤیەت..."[2].

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ژمارە ٤، لاپەڕەی ١٩٥.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارەی ٢٩، پەروەندەی ژمارە ١١، لاپەڕەی ١٣.

ئـەم هـەنـگـاوەی عـەشیرەتـە نـیشتمـانـپـەروەرەکـان لـەلایـەن قـازی محەمەدەوە نرخێکی زۆر گەورەی دەدرێتێ و قازی بەهۆی نامەیەکی تایبەتی پیرۆزباییان لێ دەکات لە بەرامبەر ئەم هەستە نیشتمانی و خاوێنەدا.

جیا لەمە، هەرچەند ڕۆژێك پاش کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان لە نێو عەشیرەتی دیبوکریشدا بەسەرهاتێك ڕووی دا کە بێ پێوەند نەبوو لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە. لە ئاخری ساڵی ۱۹٤۲دا دوو خوفیەی بـەنـاوبـانگی فـاشیزمـی ئـاڵمـان بـەنێوی مـوولـلیر مـاکس وە ئـینـیلکس بەجلوبەرگی کوردییەوە وە بەهۆی ماشێن لە ڕێگەی کرماشان و سنە و سەقزەوە دێنە گوندی خەتابی هەڵکەوتوو لە نێزیکی شاری میاندووئاو. خوفیەکان دەچنە لای کەریم ئاغای خاوەنی خەتایی وە داوخوازی لێ دەکـەن یـارمـەتییـان پێ بدات وە بیـانگـەیـەنێتـە سەر سنووری تورکیـا. خوفیەکان لە بەرامبەر ئەم چاکەیەدا وادەی ۲۰ هەزار تمەن دراو و چەند دەمانچە بە کەریم ئاغا دەدەن. کەریم ئاغا دوو پیاوی چەکدار هەڵدەگرێ وە ڕەگەڵیان دەکەوێ کە بە ڕێگەی مەهابادا بیانبا بۆ سەر سنوور. هـەرکـە دەگـەنـە مـەهـابـاد کـەریم ئـاغـا لـەبـەر دەرگـای مـەحکـەمـەی قـازی مـاشیـنـەکـەیـان پـێ ڕادەگرێ، دەمـانـچـەکـانـیـان لـە گیرفـان دەردەهـێنن، دەستیـان لـە پشتـەوە دەبـەستن وە دەیـانـبـەن بـۆ لای قـازی مـحـەمـەد. لـە بەرامبەر ئەم هەستە نیشتمانییەدا کەریم ئاغا سوپاسی لێ ئەکرێت وە خوفیەکان ئەنێرن بۆ تەورێز وە دەیاندەن بە ئەفسەرەکانی سۆڤیەت[1].

لـە ئـەنجامـی تـێکـۆشین و فـیـداکـاری و لـەخـۆبـووردنـی هـێزە نـیشتـمـانـیـیـەکـانـدا بـە سەرۆکـایـەتی قـازی بـڵاوبـوونـەوەی حـورمـەت و خـۆشەویستـیـی یـەکـیـەتـیی سۆڤیـەت لـە نـێو سەرۆك عـەشیرەت و پـیـاوە

۱. ئارشێوی حیزب، سیایی ژمارە ٤، پەروەندی ژمارە ٤، لاپەڕەی ۱٥۹.

گەورەکانی کوردستانا دوژمنانی گەلی کوردی زۆر وەترس خستبوو بەتایبەتی سەرۆکە کۆنەپەرستەکانی ئێران هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە وە حەوەل و تەقەڵلا کەوتن بۆ کەمکردنەوەی حورمەت و نفووزی یەکیەتیی سۆڤیەت لە نێو کوردانا. پاش کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان لە مەهاباد کە لە سەرەوە باس کرا بەگوێرەی ئەسپاردەی ستادی هۆردووی ئێران حاکمی دەوڵەت لە تەورێز و چەند دەوڵەمەندێکی تەورێزی ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەت و پیاوە نێو بەدەرەوەکانی کوردستان بۆ تەورێز بانگ دەکات و لەوێ میوانی و زیافەتێکی گەورەیان بۆ پێك دەهێنێت. لە بەڵگەیەکی نێو ئارشیودا لەمەڕ سکالای ئەم زیافەتە وا نووسراوە: "دەوڵەمەندەکان و حاکم لە جەنگەی میوانییەکەدا بە کوردەکان ئەڵێن: بەم قسە و هەراوهۆریانە باوەڕ مەکەن، چونکە بەگوێرەی بیروباوەڕی بۆلشویکی ئەبێ هەموو خان و بەگ و سەرۆك عەشیرەتێك نابووت بکرێت... کوردەکان لە وەڵاما ئەڵێن: ئێمە باوەڕمان بە بولشویکەکان هەیە و باوەڕیشیان پێ ئەکەین و هیچ شتێك ناتوانێت لەم ئیشەدا ئێمە بترسێنێت. ڕزگاری بەبێ ڕشتنی خوێن و قوربانی وەدەست نایەت. تەنانەت ئێمە سەرۆکەکان بەمەش ڕازین، کە نابووت بکرێین، بەڵام لەجیاتی ئەمە گەلەکەمان ڕزگاری وەدەست ئەخات..."[١].

لە ئەنجامی تێکۆشین و فیداکاری و لەخۆبوردنی هێزە نیشتمانییەکاندا بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧دا لە نێو عەشیرەتەکانی بەشی شیمالی کوردستانی سەر بەئێران هیچ کێشە و هەراو خوێنڕێژییەکی ئەوتۆ نەهاتە گۆڕێ کە ببێتە دووپاتەی ناکۆکی و ناتەبایییەکانی کۆنە کە لەلایەن دوژمنانەوە تۆوەکەی چاندرابوو. ڕۆژنامەی "کەیوان" کە ئەودەم لەلایەن شیئونیستێکی فارسەوە بەنێوی

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ژمارە٤، لاپەڕەی ١٥٩.

ڕەبیعی ئەنساری لە شاری ورمێ بەزمانی فارسی دەرئەچوو لە ساڵی ١٩٤٣دا زۆر بە سەیرەوە نووسیبووی: "زۆر سەیرە، عەشیرەتەکانی کوردستان ئەوا ٣ ساڵە چەك و قۆرخانەیان وەچەنگ کەوتووە کەچی پێکەوە بەشەڕنایەن. ئەمەش تەنیا لە ئەنجامی تێکۆشین و تێگەیاندنی قازی محەمەدە کە گەلی کورد بە گەورەی خۆیانیان داناوە"[1].

ڕۆژنامەی پێشکەوتووی "نامەی ڕەهبەر" کە لە تاران دەردەچوو و بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی توودەی ئێران بوو لە ساڵەکانی دواییدا باسی خزمەت و تێکۆشینی ئەو سەردەمەی قازی محەمەدی کردبوو وە نووسیبووی: "لە ڕۆژەکانی هەرە سەخت و چەوتی شەهریوەردا (شەهریوەر لە ڕۆژئەژمێری ئێراندا دوایین مانگی هاوینە. ئەو مانگەیە کە هۆردووی سۆڤیەت و ئینگلیز هاتە ئێرانەوە-نووسەر) کاتێك کە جەنەڕاڵەکانی وەك بایەندور هەڵدەهاتن، قازی محەمەد ئاسایش و هێمنایەتیی مەڵبەندی مەهابادی پێك هێنابوو وە نیشتمانپەروەرییەکی زۆر گەورە و بەدیمەنی لە خۆیەوە نواندبوو"[2].

گۆواری "ئازەربایجان" بەسەرهاتەکانی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی لە کوردستان وەبیر خستبووەوە نرخێکی زۆر گەورەی بۆ تێکۆشین و خەباتی قازی محەمەد دانابوو وە نووسیبووی: "لە پاش بەسەرهاتەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤١" کوردەکان لە ڕێگەی یەکیەتیی عەشیرەتەکان و وەدەستهێنانی ڕزگاریدا هەنگاوێکی زۆر گەورەیان هەڵێناوە. تیکۆشەرانی کورد توانییان ناکۆکی و ناتەبایی نێو عەشیرەتەکان وەلا بەرن، پێشی شەڕ و خوێنڕێژیی نێوانی ئەم عەشیرەتانە بگرن، یەکیەتیی بیر و ئامانج و باوەڕ پێك بێنن وە بەم جۆرە بەتەواوی

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" ژمارە ٩٢، ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.
٢. کۆواری "ئازەربایجان" ژمارە ٥، مانگی مەی ساڵی ١٩٤٦.

جیهان ڕابگەینن کە ئاڵای هەڵگری ئازادی و دیموکراسییەتن لە تەواوی ئێراندا"[1].

بەم جۆرە هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٤١ وە لە کوردستانی سەر بە ئێران هێزێکی نیشتمانی و دیموکراتیك بۆ سەرۆکایەتیکردن بەسەر جوولانەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد دێتە گۆڕێ. لەم ڕۆژەوە مەهاباد وەرئەگەڕێتە سەر ناوەندی جوولانەوەی سیاسی و دیموکراتیکی کوردستان وە قازی محەمەد وەك سەرۆکی ئەم جوولانەوەیە لە هەموو لایەکەوە دەناسرێت. لە ڕاستەقینەدا هەر لەو سەردەمەوە مەڵبەندی موکریان بە ناوەندایەتیی مەهاباد نیوە خودموختاری (ئافتۆنۆمی) وەدەست هێنا وە تەواوی کاروباری دەوڵەتی و سیاسی و ئابووری و دادپەروەریی ئەم مەڵبەندە لەلایەن قازی محەمەدەوە هەڵدەسووڕا، چونکە هەرچەند بەگوێرەی پێکهاتەکەی ساڵی ١٩٤١ی نێوانی سۆڤیەت و ئینگلیز و ئێران، مەڵبەندی موکریان کەوتە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی تارانەوە، بەڵام دەوڵەت لە بەرامبەر غەزەب و تووڕەیی و نیفرەتی کوردان نەیوێرا وە نەیتوانی هۆردووی خۆی بۆ ئەم مەڵبەندە بنێرێت وە سەرلەنوێ بە لەونێکی ڕەسمی دەستەڵاتی دام و دەزگای خۆی دابمەزرێنێتەوە.

لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەنووسێکی سۆڤیەتی بۆ مەڵبەندی مەهاباد سەفەر دەکات و لەگەڵ قازی محەمەد وتوویژ بەڕێوە دەبات. ناوبراو لەمەڕ حومەت و بەڕێزی و تێکۆشینی قازی محەمەد وا دەنووسێت: "قازی حورمەت و بەڕێزییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە نێو کورداندا. ناوبراو نەك هەر پێشەوای دینی، بەڵگو لە هەمان کاتا سەرۆکی سیاسیی کوردانە. قازی تێکۆشەرێکی زۆر گەورەیە و سەروسامان و هێمنایەتیی کوردستان ئەنجامی تێکۆشینی وییە. هەموو ڕۆژی جومعە قازی لە مزگەوت وتار

١. «نامەی ڕەهبەر» ٧ی ژوئەنی ١٩٤٢.

دەدات بۆ خەڵك و شارەزایان دەكات لە چلۆنایەتیی نێو نەتەوەكان و ئەركەكانی سەر شانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی كوردیان بۆ ڕووناك ئەكاتەوە..."[1].

لە بەرامبەر تێكۆشین و هەوڵ و تەقەڵلای هێزە نیشتمانییەكانی كوردستان بە سەرۆكایەتیی قازی محەمەد بۆ پێكهێنانی یەكیەتی و دۆستایەتیی نێو عەشیرەتەكان و پەرەسەندنی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی كورددا دوژمنانی نەتەوەكەمان، یانی هێزە نیشتمان فرۆشەكانی ناوەخۆ، دەوڵەتی كۆنەپەرستی ئێران وە ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمەریكا[2]. دانەمركابوون وە بەرەی یەكگرتووی دوژمنایەتییان پێك هێنابوو. لەو سەردەمەدا دوژمنانی گەلی كورد لەسەریەك لەم ڕێگایانەی ژێرەوە بۆ ئاژاوەنانەوە و پشێوی پێكهێنان و پێشگیریكردن لە جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی وە چاوترسێنكردنی گەلی كورد پیلانیان ناوە و وەخۆ كەوتبوون:

١. هێرش و پەلاماری ڕاستە و ڕاستی بەشە هۆردووەكان و ژاندارمەكانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر كوردان.
٢. دەست تێ وەردانی ڕاستە و ڕاستی هۆردووی ئینگلیز لە كاروباری كوردستان وە هەوڵ و تەقەڵلا و تێكۆشینی هەموولایەكی خوفیەكانی ئینگلیزی و ئەمەریكایی لە نێو كورداندا.
٣. تێكۆشینی دەوڵەتی ئێران بۆ پێكهێنانی ناكۆكی و ناتەبایی لە نێو عەشیرەتەكانی كوردستان وە بەڕێوەبردنی سیاسەتی "قەند و كووتاڵ"

---

١. ئارشێوی حیزب، سیایی ژمارە ٤١، پەروەندەی ژمارە ٣، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٧١.
٢. لە ساڵی ١٩٤٢دا دەوڵەتی ئەمەریكاش هۆردووی خۆی هێنا ئێرانەوە مەڵبەندەكانی دەوروبەری گۆلاوی فارس و ڕێگەی ئاسنی نێوانی تاران و ئەم مەڵبەندانە لە ژێر دەستەلاتی ئەواندا بوو.

وە سیاسەتی کوشینی ئابووری.

٤. سیاسەتی هەڵایساندن و داگیرساندنی ناکۆکی و ناتەبایی و دوژمنایەتی نەتەوایەتی لە نێوان گەلی کورد و گەلی ئازەربایجاندا وە تێکۆشین بۆ نەهێشتنی لێك نێزیکبوونەوەی هێزە دیموکراتیك و نشتمانییەکانی تەواوی ئێران.

٥. سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن و فرمێسك هەڵوەراندن بۆ کوردان وە بەڕێوەبردنی پڕوپاگەندەی دژی یەکیەتیی سۆڤیەت لە نێوان کورداندا.

دوژمنانی گەلی کورد لە یەك کاتدا تەواوی ئەم پیلانانەیان بەڕێوە دەبرد. قازی محەمەد لە بە پووچ دەرچواندن و پێشگیریکردنی پیلانەکانی دوژمن لەم سەردەمەدا دەورێکی گەورە و گرینگی بووە وە لەبەر ئەمە بەپێویستی دەزانین چەند بەڵگە و بەسەرهاتێك لەمەڕ ئەم پیلانانە نیشان بدەین.

دەوڵەتی تاران لەو سەردەمەدا بەشی زۆری هۆردووی خۆی لە مەڵبەندەکانی کرماشان و سنە و بانە و سەقز جێگیرکردبوو وە بەگوێرەی سیاسەتێکی گەلێك دوژمنانەتر و دڕندانەتر لە دەورەی ڕەزاخان لەگەڵ کوردان دەبزووتەوە. ئەو کارەساتە خوێناوی و دوژمنانەییەی کە لەو سەردەمەدا هۆردووەکانی ئێران بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ ئەرفەع و جەنەراڵ هۆشمەند لەگەڵ عەشیرەتەکانی جوانڕۆ و گەڵباغی و دانیشتوانی هەورامان و مەریوان و... هتد کردیان لاپەڕەیەکی هەرە خوێناویی مێژووی دوژمنانەیەتیی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێرانە لەگەڵ گەلی کورددا. لەم کارەدا هۆردووی ئینگلیزیش لە هەموو لایەکەوە یارمەتیی ئەکرد بە دەوڵەتی ئێران. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا سەرۆکی ستادی هوردووی ئینگلیز لە ئێران ئاگادارییەکی بە زمانی کوردی و فارسی بەنێو کورداندا بڵاوکردەوە کە لەوێدا وا نووسرابوو: "دەوڵەتی ئینگلیز

لاگری جوولانەوەی سەربەخۆی کوردان نییەوە بە تەواوی هێزی خۆیەوە یارمەتی دەکات بە دەوڵەتی ئێران بە ئامانجی پێکهێنانی ئاسایش و هێمنایەتی. ئەم عەشیرەتە کوردانەی کە لە مەڵبەندەکانی ژێر دەستەڵاتی هۆردووی ئێمەدا ئەژین ئەبێ بە زوویی دەست لە جوولانەوەی دژی دەوڵەتی ئێران هەڵگرن وە چەکەکانی خۆیان بدەنەوە بە دەوڵەت"[1].

دەوڵەتی ئینگلیز بۆ خۆشی ڕێوڕاست لە ژێر نێوی "چەك داماڵینی" کوردانـدا لـەگـەڵ دەوڵـەتـی کـۆنـەپـەرستـی ئـێران هـاوکـاریـی دەکرد. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا لە تارانەوە هۆردوویەکی ٢ هەزار کەسی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ ئەمین وە بە ئامانجی بەهێزکردنی هۆردووی سەقز و بانە بۆ کوردستان ناردرا. لە کرماشانەوە ٦ ماشین عەسکەر و ئەفسەری ئینگلیزیش ڕەگەڵیان کەوتن وە لە نێزیکی دیواندەرە لە نێوان سوارەی کوردان و ئەم هوردووەدا شەڕێکی گەورە قەوما لەم شەڕەدا دوو ئەفسەر و دوو عەسکەری ئینگلیزیش کوژران[2]. ئەم بەسەرهاتە بە ئاشکرا وەدیی دا کە ئیستیعمارییەکانی ئینگلیز ڕاستەوڕاست لە دژی کوردان وەخۆکەوتوون و بەتەواوی پشتیوانی دەکەن لە هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران بۆ نابووتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. وە لە پاش ئەم بەسەرهاتە یانی کوژرانی ئینگلیزییەکان، هێندەی تر لە دژی کوردان دەست بـەکـاربـوون. فـڕۆکـەکـانـی ئـیـنـگـلـیـز چـەنـد ڕۆژ لـە پـەستـاڕا مەڵبەندەکانی دیواندەرە و هەورامان و مەریوانیان وەبەر بۆمب دا وە دەیان دێیان وێران کرد و سەدەها کەسی بێ تاوانیان نابووت کرد. جیا لەمە، لەو مەڵبەندانە خوفیەکانی بەناوبانگی ئینگلیز لە وێنەی فلیچیر، پەپیت، کاپیتەن ئۆژگەی تین و هی دیکە کە لە قوتابخانەی خوفیەتی لـەنـدەن بـبـوونـە پسپۆڕ لـەسەر مـەسەلـەی کورد، لە هـەمـوو لایـەکـەوە بۆ

١. کتێبەکەی فاریزاوف، لاپەڕەی ١٨٠.

٢. ئارشێوی حیزب، سیایی ژمارە ٤، پەروەندەی ژمارە ٥، لاپەڕەی ٢.

پێکهێنانی ناکۆکی و ناتەبایی لە نێو عەشیرەتەکاندا وەخۆ کەوتبوون. لە لایەکی ترەوە ئەم خوفیانە بۆ ڕەکێشکردنی کوردان بۆ لای ئیستیعماری ئینگلیز وە پێشگیریکردن لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو خۆیان وەك لاگری دامەزراندنی "کوردستانی گەورە" ئەنواند و پڕوپاگەندەیەکی هەموو لایەکییان لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت دەست پێ کردبوو. هەر ئەم کاپیتەن ئۆژگەی تین کە نێوی بردرا چەند جارێك لە دەوروبەری کرماشان کۆبوونەوەی سەرۆك عەشیرەت و پیاو "ماقووڵەکانی" ئەم مەڵبەندانەی پێك هێنابوو. ڕۆژنامەی "ئێرانی ما" کە لە تاران دەردەچوو لەمەڕ وێژراوەیەکی ئۆژکەی تین نووسیبووی: "لە کۆبوونەوەیەکی عەشیرەتەکاندا ئۆژکەی تین وتاری دابوو وتبووی کە بیروباوەڕی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەتەواوی دژی ڕێوشوێنی عەشیرایەتی و دینی ئیسلامە وە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ڕێگەی عەشیرەتەکان. بۆ پێشگیریکردن لە بیروباوەڕی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم پێویستە تەواوی عەشیرەتەکان یەك کەون وە ئەگەر بیانەوێ دەوڵەتی بریتانیای مەزن ئامادەیە یارمەتییان بدات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی..."[1] خوفیەکانی ئینگلیز لەلایەکەوە وادەی "سەربەخۆیی"یان بە کوردان دەدا، کەچی لە لایەکی ترەوە حەمە ڕەشید خانیان بە پێچەوانەی عەشیرەتەکانی کانی ساسانی و گەڵباغی هان دا وە شەڕێکی گەورەی براکوژییان هەڵایساند. لەو سەردەمەدا لەشکری حەمە ڕەشیدخان و ئەحمەد خانی فارووقی (لە عێلی بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی) سەقز و بانەیان لە چەنگ هۆردووی ئێران دەرهێنابوو وە لە شەڕی دەوروبەری سەقز پتر لە ٥٠٠ سەربازی ئێران وە هەروەها جەنەراڵ مەحموودی ئەمین لەلایەن کوردانەوە کوژرابوو. لەو کاتەدا قازی محەمەد لەگەڵ دوو سواری مەهابادی لە مەهابادەوە دەچێتە سەقز وە لەوێ

١. ڕۆژنامەی "ئێرانی ما" بەرواری ٨ مانگی ئازەری ساڵی ١٣٢٤.

کۆبوونەوەیەکی عەشیرەتەکان پێك دەهێنێت. قازی عەشیرەتەکانی ئەو مەڵبەندە بۆ یەکیەتی و دۆستایەتی بانگ دەکات وە لە حەمە ڕەشید خان دەگیرێتەوە کە جوولانەوەیەکی ڕێکوپێك وە لە ڕووی نەخشە و پلانێکی نیشتمانی بەڕێوە بەرێت وە ڕێگە نەدات بەتالآن و بڕۆی خەڵکی. بەڵام حەمە ڕەشیدخان دەست لە تالآن و بڕۆ هەڵناگرێ وە تەنانەت شاری بانەش ئاور تێ بەردەدات. بەرە بەرە ئامانجی ڕاستەقینەی حەمە ڕەشیدخان لە عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکانی وەك عەشیرەتی بەگزادە و گەورکی میرەدێ ئاشکرا دەبێت وە لەشکری ئەم عەشیرەتانە بە سەرۆکایەتیی ئەحمەدخانی فاروقی[1] و ئاغاکانی گەورکی میرەدێ کە لە ساڵی ١٩٤٧دا لەلایەن دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێرانەوە بەتاوانی ڕزگاریخوازی تیرەباران کران جیا دەبنەوە. هەر ئەمە بووە هۆی شکانی حەمە ڕەشیدخان وە ئیتر لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢دا ناوبراو پاش سەرلەنوێ تالآنکردنی سەقز و بانە ناچار بوو هەڵێت بۆ کوردستانی عێراق و لەوێ ئینگلیزییەکان خستیانە ژێر باڵی خۆیان.

هۆردووی دەوڵەتی تاران لە پاش سەرلەنوێ وەدەست هێنانەوەی سەقز و بانە لە هەموو لایەکەوە دەستی کرد بۆ خۆ ئامادەکردن و پەلاماردان بۆ سەر مەڵبەندی مەهاباد – لە هاوینی ساڵی١٩٤٢دا سەرۆکی هۆردووی ئێران لە کوردستان جەنەڕاڵ هۆشمەندی ئەفشار بەخۆی و چوار ئەفسەرەوە لە ڕێگەی سەقزەوە دێتە مەهاباد کە سەرۆك عەشیرەتەکانی گەورك و مەنگوڕ و مامەش و دیبوکری ببینێت وە بە هۆی ئەمانەوە زرووف و هەلێکی باش پێك بهێنێت بۆ ناردنی هۆردووی ئێران بۆ مەهاباد. ناوبراو لە مەهاباد لە ماڵی میرزا ڕەحمەتی شافعی کە یەکێك لە تاجرەکانی هەرە دەوڵەمەندی مەهاباد بوو دادەبەزێت وەیەك یەك

١. ئەحمەدخان وەك نیشتمانپەروەرێکی بەدیمەن و قارەمانێکی نەتەوایەتی لە ساڵی ١٩٤٧دا تیرەباران کرا.

نوێنەری عەشیرەتەکان بۆ لای خۆی بانگ دەکات. ناوبراو چاوەڕێ دەبێت کە قازی محەمەد و سەدری قازیش بچن بۆ دیتنی، بەڵام قازییەکان ناچن وە لە پاشان هۆشمەند پیاو دەنێرێ بە شوێنیانا. قازی محەمەد لە وەڵامدا لێی ڕادەسپێرێ کە ئەگەر دەیەوێ بمبینێ با ئەو بێتە لام. هۆشمەند بە بیستنی ئەم وەڵامە زۆر تووڕە دەبێ وە هەڕەشەیەکی زۆر لە قازی دەکات. نیشتمانپەروەرانی مەهاباد کە ئەمە دەبیستن لەبەر دەرگای ماڵی میرزا ڕەحمەت وەکۆ دەبن وە ماڵی میرزا ڕەحمەت و ماشینی هۆشمەند ئەدەنە بەر پلاری تەماتە و هێلکە. هۆشمەند لەگەڵ ئەفسەرەکانی بەگورجی سواری ماشێن ئەبێت وە دانیشتوانی مەهاباد هەتا حاست تەکیەی بابا خەلیفە کە لە چوار کیلۆ مەتری مەهاباد هەڵکەوتووە ماشێنەکەی هۆشمەند بە پلاری تەماتە و هێلکە ڕەپێ دەنێن. ئەم بەسەرهاتە وەك گوللەی تۆپ لە تەواوی وڵات دەنگی داوە وە سەرۆکەکانی تاران لەمە گەیشتن، کە مەسەلەی سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی مەڵبەندی موکریان هەروا هاسان نییە وە لە حاست بەرێزی و نفووز و دەستەڵاتی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزبووی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەددا دەبێ تاکتیك و ڕێوشوێنێکی تر لەبەر چاو بگرن وە لە هەڕەشە و چاوترسێنکردن سوودێکیان پێ ناگات. جیا لەمە جوولانەوەی نیشتمانی و چەکدارانەی عەشیرەتەکانی دەوروبەری ورمێ بە پێچەوانەی ئاکاری دوژمنانەی ژاندارمەکانی دەوڵەت هێندەی دیکەش سەرۆکەکانی تارانی وەترس خست. ئەم جوولانەوەیە لەپاش کۆبوونەوەکەی یەکەمی عەشیرەتەکان دەستی پێ کرد. شاری ورمێ پڕبوو لە سەرباز و ژاندارم وە ئەم سەرباز و ژاندارمانە لە پەستارا پەلاماریان دەبرد بۆ دێیەکانی دەوروبەری ورمێ وە بە نێوی ئەستاندنەوەی چەك لادێییەکان و عەشیرەتەکانیان گەلێك وە ئامان هێنابوو. جیا لەمە کاربەدەستانی

دەوڵەتی تاران لە ورمێ چەك و قۆرخانەیەكی زۆریان بەنێو خاوەن موڵكە گەورەكانی ئازەربایجانیدا بڵاوكردبووەوە ئەمانەیان هان دەدا بۆ سەر كوردان. هەر لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەی "كەیوان" كە لە ورمێ وە بە زمانی فارسی دەردەچوو بەئامانجی پێكهێنانی ناكۆكی و ناتەبایی نێوان كوردان و ئازەربایجانییەكاندا پەیتا پەیتا نووسراوە و هەڵبەستەی پڕ لە بوختان و درۆ و دەلەسەی چاپ دەكرد وە بە زمانی كوردانەوە لە دژی ئازەربایجانییەكان دەنگوباسێكی پڕ لە ئیفترا و درۆی بڵاو دەكردەوە. ڕۆژنامەی ناوبراو لە ژمارەی یەكی خۆیدا نووسیبووی، كە ئامانجی چەكدارانی كورد تاڵانكردنی شاری ورمێیە وە دروشمی كوردان ئەمەیە: "ئەگەر مەردی كوڕی كوردی لە ئاساری عەجەم هەڵدە"[١]. نووسراوەكانی پڕ لە درۆودەلەسەی ڕۆژنامەی ناوبراو تا ڕادەیەك خاوەن موڵك و تاجرە دەوڵەمەندەكانی ئازەربایجانی وە ترس خستبوو و كاربەدەسەتانی دەوڵەتیش سوودیان لێ وەردەگرت وە بۆ بەجێگەیاندنی پیلانی خۆیان كە بریتی بوو لە پێكهێنانی دوژمنایەتیی نەتەوایەتی لە نێوان گەلی كورد و ئازەربایجاندا وەخۆ كەوتن.

لێرەدا بێ جێ نییە هەوڵ و تەقەڵڵای دوژمنانەی سەرهەنگ مەهینی كە فەرماندەی هەنگی ورمێ بوو وە بەرچاو بخەین. ناوبراو چەلێك دەچێتە نێو عەشیرەتەكانی دەوروبەری ورمێ و ئەم قسانەیان پێ دەڵێت: "لە بەرامبەر ئێوەدا دوو ڕێگە هەیە. یەكیان ئەمەیە كە بە ڕاستی لە حكومەتی ئێران نێزیك ببنەوە و خەباتێكی تێكۆشەرانە بەڕێوە بەرن بەپێچەوانەی دوژمنانی پیاوە دەوڵەمەندەكان و بەشەكانی هۆردووی سوور. هەموو چەشنە چەك و قوخانەیەك بۆ ئەم كارە بە ئێوە دەدرێت. ڕێگەی دووەم

١. شۆفیەنیستە فارسەكانی وەك ئەنساری دەرچوینی ڕۆژنامەی "كەیوان" ئەم هەڵبەستەیان وەك گۆرانی بڵاو كردبووەوە بە تەواوی وەڵاتا.

ڕێگەیەکی ماڵوێرانکەرانەیە یانی نێزیکبوونتان لە هۆردووی سوور..."[1]

ئاکاری خوێناوی و خراپکاریی سەرباز و ژاندارمەکان و چەند خاوەن موڵکێکی گەورەی ئازەربایجانی هۆی توورەیی و غەزەبی عەشیرەتەکانی پێك هێنا. لە بەهاری ساڵی ٤٢دا سوارەی عەشیرەتی هەرکی و شکاك و بەگزادەی بەردەسووری کە ژمارەیان گەیبووە ٧ هەزار کەس بە سەرۆکایەتیی یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان دەورەی شاری ورمێ دەدەن و مەترسی تاڵانکردن و خوێنڕێژیی دانیشتوانی شار دێتە گۆڕێ. تەواوی ئەو ژاندارم و سەرباز وە هەروەها خاوەن موڵکە ئازەربایجانییەکانی کە لە دەوروبەری ورمێ جێگیر ببوون لە ترسان خۆیان لە شاری پەستاوتبوو. سوارەی کوردان لە چەند لاوە گەیببوونە قەراغ شار، قازی محەمەد بە بیستنی ئەم بەسەرهاتە وە بە ئامانجی پێشگیریکردن لە شەڕ و خوێنڕێژی و تاڵان و بڕۆ دەستبەجێ لە مەهابادەوە لەگەڵ چەند کەسێك بۆ ورمێ وەڕێ دەکەوێت وە لە گوندێکی نێزیك ورمێ گەورەکانی لەشکری کوردان وەکۆ دەکات وە پێیان دەڵێت ئیتر کاتی تاڵان و بڕۆ نییە وە دەبێ لە ڕووی هەست و تێگەیشتووییەوە ببزوونەوە. چوونی قازی بە تەواوی سروشتی ئەم جولانەوەیەی گۆڕیبوو. لە مانگی مەی (ئایار) ساڵی ١٩٤٢دا لەشکری ٧ هەزار سوارەی کوردان داوخوازنامەیەکی ١٠ بەندیی بۆ حاکم و سەرۆکی هۆردووی ئێران لە ورمێ دەنێرن وە داوا دەکەن ئەم داوایانەی خوارەوە بەجێ بگەیەنن:

١. دەبێ دەست لە چەك داماڵینی کوردان هەڵبگرن وە لە دواڕۆژیشدا دەست بەکارێکی بەم جۆرە نەکرێت.

٢. دەبێ تەواوی پۆستەکانی ژاندارم کە لە گوندەکانی دەوروبەری خۆی و سەلماس و ورمێ داندراون بە زوویی وەلا ببردرێن.

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ١٦، پەروەندەی ژمارە ٥٠ لاپەڕەی ٦٣.

٣. دەبێ ڕێگە بدرێت کە کوردان بە ئازادی و سەربەستی هاتوچۆی شارەکان بکەن و ئازادیی شەخسییەت مسۆگەر بکرێت.

٤. دەبێ تەواوی ئەو چەك و قۆرخانەیەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەخاوەن موڵکە ئازەربایجانیەکان دراوە وەخرڕ بکرێت،

٥. دەبێ وەك گەلانی تر بەکوردانیش مافی ئەمە بدرێت کە، لە کاروباری دەوڵەتیدا بەشداری بکەن،

٦. دەبێ پێکهێنانی هێمنایەتی و ئاسایش لەسەر ئەم ڕێگەیانەی کە بە کوردستاندا ڕادەبرن بە کوردان بسپێردرێتەوە.

٧. ئەم خاك و زەویانەی کە لە ڕێگەی زۆرداریيەوە لە کوردان ئەستێندراوە وە دراون بە خاوەن موڵکانی دەرەوەیی دەبێ بدرێتەوە بە کوردان.

٨. دەبێ لە هەموو جێگەیەك کە کوردی لێ دەژی قوتابخانە ئاواڵە بکرێتەوەو لەوێدا خوێندن بە کوردی بێت.

٩. دەبێ تەواوی ئەو کوردانەی کە گیراون ڕزگار بکرێن.

١٠. دەبێ لەبارەی کوردان زوڵمی نەتەوایەتی بەڕێوە نەبرێت"[١].

لە ئاخری داوخوازنامەکەدا نووسرابوو کە ئەگەر بێتو ئەم داوایانە پەسەند نەکرێن تەواوی سەرباز و ژاندارمەکانی مەڵبەندی ورمێ و خۆی و سەلماس چەکیان لێ دەستێندرێت وە بەردەست دەکرێن. چەند داوایەکی نێو ئەم نامەیە دەستبەجێ لەلایەن حاکم و سەرۆك هۆردووی (ورمێ)وە بەجێ دەگەیەندرێت.

پێویستە بوێژرێت، کە ئەم جوولانەوەیە لە پاش ژێر و ژووربوونی دیکتاتۆریی ڕەزاخان یەکەمین جوولانەوەیەکی کوردی بوو کە بە تەواوی سروشتی نیشتمانی و دیموکراسیی هەبوو. لەم بەسەرهاتەشدا بەڕێزی و

١. گریگوریان: "دەوری ئازەربایجانی ئێران لە خەباتی پێناوی دیموکراسیکردنی ئێراندا بە زمانی ڕووسی، لاپەڕەی ١٤٣، ساڵی ١٩٤٨".

دەستـەڵات و حـورمـەتـی قـازی مـحـەمـەد لـە نێو کوردانـدا هـێندەی تـر وە ئـاشکرا کەوت. ئیتر دەوڵەت لـە سیاسەتی هـەڕەشە و چاوترسێنکردن هـاتـە سـەر سیاسـەتی پـاشەکشە و فرمێسکی بـەدرۆ هـەڵوەراندن.

لەو سەردەمەدا وەزیری کاروبـاری شەڕی ئێران جەنـەراڵ جەهـانبـانی لـە لایـەکەوە وە وەزیری کاروبـاری نـاوەخۆ جەنـەراڵ ئـاغ ئیولی لـە لایـەکی ترەوە هـاتن بۆ کوردستـان و ئـازەربـایجـان. جەهـانبـانی لـە شاری سـەلمـاس سـەرۆك عـەشیرەتـەکانی هـەرکی و شکاك و جـەلالی و میلانی و زیلانـی و... هتد بـانگ دەکات لوتف و مـەرحـەمـەتی پـاشایـان پـێ ڕادەگـەیـەنێت وە دەست دەکات بـە دابـەشکردنی "دیـاری" وە لـەم ڕیزەشـەوە دوو قوتوو سیخاری زێڕ دەدات بـە عـەمـەرخـانی شـەریفی وە لـە لایـەن پـاشاوە لێیان ئـەگێڕێتـەوە کـە بۆ تـاران بچن. لـەلایـەن پـاشاوە سـەرۆکی عـەشیرەتی دیبوکری عـەلی ئـاغـا سـەرۆکی مـامـەش قـەرەنی ئـاغـا، سـەرۆکی عـەشیرەتی مـەنگوڕ عـەولایی بـایز ئـاغـا، سـەرۆکی عـەشیـرەتـی گـەورك بـایـزی عـەزیـز ئـاغـاش بـۆ تـاران بـانـگـهـێشتـن دەکرێن. بـەڵام لـەبـەر ئـەمـەی کـە تـەواوی ئـەو نـاوبـراوانـە ئیمزایان نـابوو بـە ژێر بڕیـارەکانی کۆبوونـەوەی دووەمی عـەشیرەتـەکان لـە مـەهـابـاد وە نـەیـاندەویست خۆیـان بـە تـەواوی بێ ئـابڕوو بکـەن سـەربـەخۆ نـەوێرابـوون بـۆ تـاران بـچن وە بـە هـۆی حـاکمـی تـەوریز بـە دەوڵـەتیـان ڕاگـەیـاندبوو کە قـازی مـحـەمـەدیش بۆ تـاران بـانگهێشتن بکـەن. لـە ئـاخری سـاڵی ١٩٤٢دا قـازی مـحـەمـەد لـەگـەڵ سـەرۆك عـەشیرەتـەکان دەچێت بۆ تـاران. لـە تـارانێ لـەلایـەن ستـادی هـۆردوو وە وەزارەتی دەربـاری شـاوە زۆر بـە گـەرمی پێشوازییـان لـێ دەکرێ. کاتێك دەچنـە لای پـاشا تـەواوی سـەرۆك عـەشیرەتـە نـاوبـراوەکان، بـە تـایبـەتی عـەمـەرخـانی شکاك و عـەلی ئـاغـای ئـەمیر ئـەسعـەدی دیبوکری خۆش خزمـەتی و نۆکـەرایـەتیی خۆیـان بـە شـا ڕادەگـەیـەنن وە لـە لایـەن پـاشاوە بـە هـۆی میداڵ خـەڵات دەکرێن. قـازی مـحـەمـەد لـەم ئـاکـارەی سـەرۆك عـەشیرەتـەکـان زۆر عـاجز دەبێت وەهـەر

لەوێڕا نامەیەك بۆ نیشتمانپەروەرەکانی مەهاباد دەنێرێت وە لەم نامەیەدا ڕێڕەوی قسە و باسکردن لەگەڵ شا و کارەساتی نیشتمان فرۆشیی سەرۆك عەشیرەتەکانیان پێ ڕائەگەینێت. لە بەڵگەیەکی نێو ئارشێودا بەم بۆنەیەوە وا نووسراوە: "خەبەری نیشتمان فرۆشیی ڕیزە سەرۆك عەشیرەتێك خەڵکی کوردستانی زۆر تووڕە کردووە. ئەم نیشتمان فرۆشانە لە پاش گەڕانەوە لە تاران ماوەیەکی زۆر لە تەورێز مانەوە، چونکە دەترسان بگەڕێنەوە نێو عەشیرەتەکانی خۆیان. هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئەم عەشیرەتانە هەڕەشەیان لەوان کردووە کە وەك خاین نابووتیان دەکەن"[1]. لەم سەفەرەی تاراندا قازی زۆر بە توندی لەگەڵ شا دوابوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا چەند نوێنەرێکی ڕۆژنامەکانی تاران هاتبوونە مەهاباد وە لەگەڵ قازی سکاڵایان کردبوو. لەم سکاڵایەدا قازی باسی ئەم سەفەرەی گێڕابووەوە. یەکێك لە نوێنەرەکان لە قازی پرسیبوو: "لەبارەی ئەم چوار ساڵەدا کە ئێوە خودموختاریی خۆتان ڕاگەیاندووە هیچ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی (تاران) گوفتوگۆتان بووە یان نا، وە ئەگەر بووتانە چلۆن بووە؟".

قازی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: "ئەمن دوو کەڕەت بۆ تاران چووم وە هەردووك جار داوای خەڵکی کوردستانم بە عەرزی شا گەیاندووە، داوام کرد لەباتی تۆپ و تانك ناردن بۆ سەر کوردەکان کە حەقی خۆیان داوا دەکەن بسپێرە چۆنایەتیی فەرهەنگ و تەندروستی کوردستان چاك بکەن. ئەگەر دەوڵەت گوێ لە داواکانی خەڵکی کوردستان شل نەکات کار دەگات بە جێگەیەك کە ئێمە بتوانین ئازادی و دیموکراسی بۆ تەواوی نەتەوەکانی ئێران مسۆگەر بکەین"[2].

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارەی ٢٢ پەروەندەی ژمارەی ٤ لاپەڕەی ٦.

٢. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٢ بەرواری ١٣ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦. هەروەها ڕۆژنامەی "وەتەن یولوندا" ژمارەی ٣٥٧ مانگی دیی ساڵی ١٣٢٤.

دوانی بەتوندی قازی محەمەد لەگەڵ شا وە خۆش خزمەتی و جامە لووسکەییی سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان بەر لەوەی کە لە تاران بگەڕێنەوە لە خەڵکی کوردستان مەعلوم ببوو، کاتێك کە قازی لە تاران گەڕاوە دانیشتوانی نیشتمانپەروەری مەهاباد و لادێییەکانی سەر ڕێگەی میاندووئاو و مەهاباد وەك جێژنێکی گەورەی کۆمەڵایەتی پێشوازییان لێ کرد. قازی هەر کە گەیشتبووە مەهاباد وتارێکی گەورەی دابوو وە لە م وتارەدا بەتایبەتی باسی نیشتمان فرۆشی و خۆش خزمەتیی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کردبوو کە لەگەڵ ئەو چووبوون بۆ تاران. هەر لەو سەردەمەدا ئیتر دیوی ئاوەژووی خۆیان وە ڕوو دەخەن وە بەگوێرەی ئەسپاردەی دەوڵەت بەئاشکرا دەست دەکەن بە خراپەکاری و کارەساتی نیشتمان فرۆشی لە دژی جووڵانەوەی ڕزگاری–نەتەوایەتیی گەلی کورددا. لە تەورێز کاربەدەستانی دەوڵەت لەگەڵ ئەو سەرۆك عەشیرەتانە نەخشە و پیلانی ئاژاوە و پیلان نانەوە لە مەڵبەندی مەهاباد ئامادە دەکەن وە سیاسەتی "قەند و کووتاڵ" و کوشینی ئابووری وە هەروەها ناتەبایی و ناکۆکی پێکهێنان لە نێو عەشیرەتەکاندا دەست پێ دەکات.

وەکی مەعلوومە حاسڵاتی جووتێری مەڵبەندی موکریان لە پاش دەغڵ و مەڕومالاّت بریتییە لە بەرهەمی تووتن و چەوەندەری قەند، وە کڕیاری ئەسڵیی تووتن و چەوەندەریش دەوڵەتە، چونکە کارخانەکانی کە تووتن و چەوەندەر ڕەعەمەل ئەهێنن لە دەرەوەی کوردستانن وە بۆ خۆشی لەژێر دەستەلاّتی دەوڵەتدان.

لە ساڵی ٤١–١٩٤٤دا دەوڵەت تووتنی ئەو مەڵبەندی نەکڕی وە بایی ١٠ میلیۆن تمەن تووتن بەتەنیا لە عەمبارەکانی مەهاباددا مابووەوە. جیا لەمە، چەوەندەری کێڵگەکانی کوردستان هەر ساڵەی نێزیکەی ٢٠ هەزار تۆن چەوەندەریان بەکارخانەی قەندی میاندووئاو دەدا، بەلاّم دەوڵەت بە ئانقەست پارەکەی نەدەدا وە لەم ڕێگەیەوە تێ دەکۆشی

دانیشتوانی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە تووشی چەوتی و نالەباری و چەرمەسەری بکات.

ئەو سەردەمە لە ئەنجامی سیاسەتی ئابووری بەئانقەستی دەوڵەتی تاراندا قەند و کووتاڵ لە کوردستان زۆر گران بوو. دەوڵەت "بەزەیی"ی بە کوردان هات وە بڕیاری دەرکرد کە هێندێك قەند و کووتاڵ بە نرخی دەوڵەتی کە لە نرخی بازاڕ زۆر هەرزانتر بوو بەکوردان بفرۆشێت. لە بڕیارەکەی دەوڵەتدا وێژرابوو کە قەند و کووتاڵ بە تەنیا بە سەرۆکی عەشیرەتەکان دەدرێ وە ئەمانیش لەسەریانە بە چەشنێکی عادلانە لە نێو ئەندامانی عەشیرەتەکاندا دابەشی بکەن. بەڵام سەرۆك عەشیرەتەکانی وەك عەلی ئاغای دیبوکری و قەرەنی مامەش و عەوڵای بایز ئاغای مەنگوڕ و عەمەرخانی شکاك هەریەکەی ٣٠–٤٠ تۆنی قەند وەرگرت وە لەم قەندە کوڵویەکیان بە ئەندامانی تری عەشیرەتەکان نەدا. لەسەر ئەمە لە نێوان عەشیرەتەکاندا، بەتایبەتی لە نێوان عەشیرەتی دیبوکریدا نێوان ناخۆشی و ناکۆکییەکی بەتین وە چەند شەڕێکی چکۆلەی هاوجێگایی هاتە گۆڕێ. لە لایەکی ترەوە ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئابڕووچوونی بە تەواوی سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان. بەجۆرێك کە بەشی زۆری عەشیرەتی دیبوکری و مەنگوڕ و گەورك و مامەش ڕوویان لەو سەرۆکە نیشتمان فرۆشانە وەرگێڕا. جیا لەمە، دەوڵەتی تاران کە دیتی ناتوانێ دام و دەزگای خۆی لە مەڵبەندی موکریان دامەزرێنێتەوە، هێنای چەند کەسێکی لە کوردان بە حاکمی مەهاباد و میاندووئاو و بۆکان دیاری کرد. مەسەلەن دەوڵەت لە یەك کاتدا حوکمی حاکمی میاندووئاوی دابوو بە دوو خاوەن موڵکی کورد، یانی مستەفا خانی شێخ ئاغایی (لە عێلی دیبوکری) وە مەجیدەخانی قەرەوێران (لە تایفەی بابامیری) وە ئەم حوکمە لەلایەن وەزیری ناوەخۆوە ئیمزا کرابوو. لەسەر ئەم کارە لە نێوان

تـایفـەی مستـەفـاخـان و مـەجیدخـانـدا بـەنـوێژی نـێوەڕۆ لـەسەر شەقـامـی میاندووئـاو شەڕوكێشە قەوماوە لە هەردووك لا چەند كەسێك، لەم ڕیزە برایمە سووری برا چكۆڵەی مستەفاخان وە فەتاح خانی برا چكۆڵەی مەجید خان لەگەڵ چەند كەسێك كوژران. لە ئەنجامدا مستەفاخان بووە حاكم، بەڵام هێشتا مانگێك لە دەستەڵاتی مستەفاخان تێ نەپەڕیبوو كە، لە تارانەوە حوكمی حاكمی میاندووئاو بۆ عەلی پیرۆت ئاغا كە ئەویش لە عێلی دیبوكری وە خزمی مستەفاخان بوو ئیمزا كرا. لەسەر حوكماتی میـانـدووئـاو لـە نـێوان ئـەم دوو خـزمـەشدا شەڕ قـەومـا وە لـە ئـەنجامـدا مستەفاخان بۆخۆی و برایەكی عەلی پیرۆت ئاغا كوژران. لێرەدا پێویستە ئەمەش بوێژرێت، كە شاری میاندووئاو شاری ئازەربایجانە وە لە سەدا ٩٥ی دانیشتوانی ئازەربایجانین وە بە تەنیا لە ٣ لای ئەم شارە دێیەكانی كـوردستـان هـەڵكەوتوون. دەوڵـەتی ئێران لـە دانـانـی پیـاوانـی كورد بـە حـاكـمـی ئـەم شارە لـە هـەمـان كـاتـدا ئـامـانجی نـاتـەبـایـی و نـاكۆكـی پێكهێنانی نەتەوایەتی لە نێوان دوو گەلی هاوسنوور و برای كورد و ئازەربایجاندا، لەبەر چاو گرتبوو.

دەوڵەت لە مەهابادیش سیاسەتێكی وای دەست پێ كرد. لە تارانەوە حوكمی حاكمی مەهاباد لەو سەردەمەدا بۆ عەلی ئاغای ئیلخانی زادەی (عـەلیـار) دیبوكری ئیمزا كرابوو. عـەلی ئـاغـا لـە ڕوودا چـەند ڕۆژێك حاكمی بێ دەستەڵاتی مەهاباد بوو، بەو مانایە كە بە تەنیا حوكمی دەوڵـەتـی لـە بـاغـەڵدا بـوو، دەنـا هـیـچ یـەك لـە دانیشتوانی مـەهـابـاد بـە حـاكـمـیـان نـەدەزانـی وە هـەروەك جـاران تـەواوی كـاروبـاری شاری و مەڵبەندەكانی دەوروبەری لەلایەن قازی محەمەدەوە هەڵدەسووڕا. عەلی ئـاغـا وەك حـاكم هـێشتـا لـە مـەهـابـاد نـیشتـەجـێ نـەبـوو كـە لـە تـارانـەوە حوكمی حاكمی مەهاباد بۆ عەلی قەرەنی ئاغای سەرۆكی عێلی مامەش

ئیمزاکرا و ناردرا. جا لەو کاتەدا بوو کە لە ئەنجامی نەفامی و تێ نەگەیشتوویی ئەم دوو سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەدا ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوانیاندا هاتە گۆڕێ وە هەردووك لا لەشکری خۆیان لە دەوروبەری مەهاباد وەکۆ کرد. لەلایەکی ترەوە عەولای بایز ئاغای مەنگوڕیش سوارەیەکی زۆری لە دەوری مەهاباد وەکۆ کرد و ئەویش هەوای حاکمبوونی هاتبووە مێشکیەوە. مەهاباد و ئاسایش و هێمنایەتیی دانیشتووانی کەوتە مەترسییەوە وە هەموو شەوێك چاوەڕێی پەلاماری لەناکاو دەکرا. لەو سەردەمەدا قازی محەمەد لە تەواوی دانیشتوانی مەهابادی گێڕاوە کە چەك هەڵگرن بۆ پارێزگاریکردن لە شارەکەیان. نیشتمانپەروەرانی مەهاباد بە هاودەنگییەوە بۆ پارێزگاریکردن لە شارەکەیان هەڵستان. قازی محەمەد بە ڕۆژ بە هۆی وتاردان خەڵکی وریا دەکردەوە، نیشتمان فرۆشیی ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی وەڕوو دەخست وە لە زۆربەی عەشیرەتەکانی دەگێڕاوە وەدوای سەرۆکە نیشتمان فرۆشەکان نەکەون وە بەشەویش ڕانك و چۆغەری لەبەر دەکرد، تفەنگ و فیشەکدانی هەڵدەگرت وە هەتا ڕۆژ دەبووەوە کێشکی دانیشتوانی مەهابادی دەکێشا[1].

لەم باسەوە ڕۆژنامەی "ئازادی" نووسیویەتی: "قازی محەمەد بەهەستکردنی کەڵەك و پیلانی سەرۆکەکانی تاران لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە لەخۆبووردووەکانی مەهاباد و دەوروبەر چەکیان هەڵگرت وە پارێزگاریی شاری مەهابادیان لە هەڵمەتی هۆردووی ئێران و سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان لە چەشنی قەرەنی مامەش، عەلی ئێلخانی زادە، عەولای بایز ئاغا، گرتە ئەستۆی خۆیان... لە ساڵی ١٩٤١-١٩٤٤دا

١. نووسەر نیزیکەی ١٧ ڕۆژ وەك پێشمەرگەیەك لەگەڵ قازی محەمەد بە شەو کێشکی مەهابادی دەکێشا. قازی لە ماوەی چەند سەعاتێکدا بە تەواوی دەوروبەری شاریدا دەگەڕا و پۆستەکانی بەسەر دەکردەوە و هەتا ڕۆژ نەدەخەوت.

قازی گەلێك شەو بە هاوین و زستان چۆغە و ڕانکی لەبەر دەکرد وە لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی تر کێشکی دانیشتوانی ئاسایشخوازی مەهابادی ئەکێشا"[1].

لە ئەنجامی وریایی و خۆڕاگری و باوەڕی پتەوو دانەواوی دانیشتوانی مەهاباد بەئامانج و جوولانەوەی نیشتمانیی خۆیان، سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان نەیانوێرا بۆ سەر مەهاباد هەڵمەت بهێنن وە بە ئابڕووچوونێکی تەواوەوە پاشەکشەیان کرد. نە قەرەنی مامەش وە نە عەلی دیبوکری نەیانتوانی "بەئاسوودەیی" ٧-٨ ڕۆژێك لەسەر کورسی مەهاباد هەڵتڕووشکێن. زۆربەی عەشیرەتەکانیش ڕوویان لەم نیشتمان فرۆشانە وەرگێڕا، تەنانەت خزم و کەسوکاریشیان پشتیان تێ کردن، پۆل پۆل دەهاتنە مەهاباد وە ئامادەبوونی خۆیان بۆ لەخۆبووردن و فیداکاری لە ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا ڕائەگەیاند.

لە ساڵەکانی ١٩٤٢-١٩٤٣دا خۆفیەکانی بەناوبانگی ئیستیعماری ئینگلیز لە کوردستانی عێراق لە وێنەی لاین لە کەرکووك، ستابینگ وە گوڕ لە هەولێر، دیوپش وە کارۆنیل مید لە مووسڵ وە... هتد بە دیتنی پەرەسەندنی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیك لە مەڵبەندی مەهاباد لە پەستا خوفیەی بەکرێگیراوی ژێردەستەی خۆیان لە کوردە جیرەخۆرەکان دەنارده مەڵبەندی مەهاباد کە پیلان و ئاژاوە بنێنەوە وە گەلی کورد لە ڕێگەی ڕاستی خەباتی سیاسی هەڵە بکەن. ئەم خوفیانە بەتایبەتی تێکۆشینی خۆیان لەژێر پەردەی دیندا بەڕێوە دەبرد. یەکێك لەم خوفیە بەکرێگیراوانەی ئیستیعماری ئینگلیز کە لە عێراقەوە بۆ مەڵبەندی مەهاباد ناردرابوو شێخ محەمەد سدیقی گەیلانی (پووشۆ) بوو.

محەمەد سدیق بەپێچەوانەی داب و ڕێوشوێنی باب و باپیری، ئاڵقەی

---

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" ژمارەی ٩٢، بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.

نۆکەرایەتیی ئیستیعماری ئینگلیزی لە گوێ کردبوو. ناوبراو لە مەهاباد لە ماڵی ساڵحی شاتری کە ماوەیەکی زۆر کاربەدەستی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز بوو لادەدا وە پیاوەکانی دەوروبەری کە لەگەڵی هاتبوون ناوبراویان بە "پێشەوای ڕاستەقینەی کورد"، "خزمی پێغەمبەر" وە "ئاڵا هەڵگری ئازادی کوردستان" نێو دەبرد وە لە خەڵکی مەڵبەندی مەهابادیان دەگیراوە، کە وە دوای کەون وە لە قسەی وی دەرنەچن. شێخ محەمەد سدیق لە مەهاباد وە هەولاَن کەوت، کە دەوڵەتی ئیستیعماری ئینگلیز وەك دۆست و پشتیوانی گەلی کورد نیشان بدات. ناوبراو پڕوپاگەندەیەکی هەموولایەکیی لە دژی سۆسیالیزم و بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بەڕێوە دەبرد وە تێ دەکۆشا وا بنوێنێت، کە دین و سۆسیالیزم یەك ناگرنەوە هەرکەسێکی بێتوو بڕوای بەبیروباوەڕی سۆسیالیزم هەبێت خولاَ ڕووی لێ وەردەگێڕێ. جیا لەمە. ناوبراو بۆ داپۆشینی دیوی ئاوەژووی هەولێ دەدا خۆی وەك لاگری دامەزرانی "دەوڵەتی مەزنی کوردستانی گەورە" نیشان بدات وە لەم ڕێگەیەوە هێزە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی کورد بۆ لای خۆی بکێشێت. یانی ئەو دروشمەی هاوێشتە گۆڕێ کە سەردەمێك پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئیستیعماری ئینگلیز بە ئامانجی ترساندنی تورکیا و ئێران وە لە ڕێگەی هەڵەکردنی خەباتی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد بەهۆی خوفیەکانی خۆی بلاَوی کردبووەوە. بەلاَم شوێنە ونچکە و کەڵەکی شێخ هێندەی نەخایاند. وە جیا لە ژمارەیەك سۆفیی نەخوێندەواری مریدی شێخەکانی نەهری نەبێ هیچ کەس گوێی بۆ تەڕەهات و فرمێسك هەڵوەراندنی ناوبراو شل نەکرد. نیشتمانپەروەرەکانی مەهابادی کە دەیانزانی ناوبراو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ناردراوە لێیان ڕائەسپارد کە بەبێ کێشە و هەرا لە مەهاباد وەدەرکەوێ. خەڵکی مەهاباد لەبەر خزمەت و خەباتێك کە تایفەی شێخەکانی نەهری لە ڕابردوودا لە بەرامبەر گەلی کورددا بوویانە

نەیاندەویست بەبێ ئابڕوویی شێخ وەدەربنێن وە لەبەر ئەمە بەئەسپایی وەدەریان نا. محەمەد سدیق لە پاش وەدەرکەوتن لە مەهاباد نێزیکەی مانگێك لە مەحاڵی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ ماوە وە لەوێشڕا بۆ عێراق گەڕاوە. ناوبراو لە ساڵەکانی دواییدا لەلایەن نووری سەعیدەوە وەك "نوێنەری" کوردان بردرا بۆ پەرلەمانی عێراق.

بەم جۆرە، لە ساڵەکانی ۱۹٤۱–۱۹٤۳دا دوژمنانی گەلی کورد هێزە نیشتمان فرۆشەکانی ناوەخۆ، دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران وە ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمەریکا نە لە ڕێگەی هێرش و پەلامار و هەڵمەتی ڕاستەوڕاستەوە، نە لە ڕێگەی دەست تێ وەردانی هۆردووی ئینگلیز و خوفیەکانیەوە، نە لە ڕێگەی پێکهێنانی ناکۆکی و ناتەباییەوە، نە لە ڕێگەی سیاسەتی ئابووری "قەند و کووتاڵ"ەوە نە لە ڕێگەی داگیرساندنی ناکۆکی و دوژمنایەتی نەتەوایەتی لە نێوان دوو گەلی برای کورد و ئازەربایجانییەوە، نە لە ڕێگەی سیاسەتی فرمێسك هەڵوەراندن و پڕوپاگەندەی دژی بیروباوەڕی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە نەیانتوانی پێشی شەپۆلی بەهێزی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد بگرن وە خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە ڕێگەی ڕاستیی پێشکەوتوو و بەرەوپێشچوون هەڵە بکەن. ئەم کارەساتەی دوژمنانی ئازادی گەلی کورد لە پاڵ تەواوی ئەنجامەکانی خوێن ڕێژی و ماڵوێرانی و تەنگ و چەڵەمەیی، گرینگیی زۆر گەورەی هەبوو بۆ وریابوونەوەی زۆربەی گەلی کورد، بۆ بەهێزکردن و لە نێوبردنی دەستەڵاتی تاق و دیکتاتۆرانەی ڕێزە سەرۆك عەشیرەتێکی نیشتمان فرۆش کە کۆسپێکی گەورە بوون لەسەر ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. سێلاوی بەهێزی جوولانەوەی گەلی کورد تەواوی ئەم ئاومالکانەی سەر ڕێگەی خۆی ڕامالی. بنچینەیەکی پتەو و قایمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وە بەر لە هەموو شتێك یەکیەتی و برایەتییەکی دانەنواو لە نێو کوردانددا بۆ بەڕێوەبردنی

جوولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیك هاتە گۆڕێ کە بێ شك لەم کارەدا نیشتمانپەروەرانی مەهابادی بەسەرۆکایەتیی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەلی کورد قازی محەمەد دەورێکی زۆر گەورەی مێژوویی و نیشتمانییان هەبوو.

لەم ساڵانەدا قازی محەمەد وە بیرڕووناکانی مەهابادی لە ڕێگەی هونەر و ئەدەبیشەوە بۆ بەرەوژووربردنی هەستی سیاسیی نیشتمانپەروەری و دیموکراتییەت و شۆڕشگێڕی خزمەتێکی زۆر بەدیمەن و گەورەیان کرد بە گەلی کورد. قازی محەمەد لەپاڵ هاتوچۆیەکی زۆر بۆ نێو عەشیرەتەکان، بۆ تاران، بۆ تەورێز و ورمێ، وە لەپاڵ پێ ڕاگەیشتن بەتەواوی کاروباری دینی و سیاسی و دەوڵەتیی مەڵبەندی موکریان وە هەروەها پێکهێنانی کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان و... هتد لە موتالای مێژووی گەلی کورد و بەسەرهاتەکانی جیهانیش غافڵ نەبوو. لە ساڵی ١٩٤٢دا قازی لەسەر بنچینەی موتالایەکی قووڵی مێژووی نەتەوەی کورد چیرۆکێکی مێژوویی شانۆی نووسی بەنێوی "سەڵاحەدین" کە باسی قارەمانەتی و لەخۆبووردوویی کوردانی دەکرد بەرامبەر بە پەلاماری داگیرکارانی دەرەوە. ئەم چیرۆکە لەلایەن هونەرمەندانی مەهابادییەوە لە حەوشەی یەکێك لە گاراژەکانی مەهاباد بە وێنەی تیئاتری درام لە شانۆ نیشان درا وە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی وەدەست هێنا. زانای کوردشناسی سۆڤیەت دوکتۆر فیلچیوڤسکی لە کتێبەکەی خۆیدا بەنێوی "کوردی موکریان" باسی ئەم چیرۆکەیەی کردووە و نووسیویەتی: "چیرۆکی "سەڵاحەدین" کە لەلایەن قازی محەمەدەوە نووسراوە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢دا لەلایەن هونەرمەندانی مەهابادەوە وەك تیئاترێکی مێژوویی لە شانۆ نیشان درا. لە سبەینێوە هەتا شەو درەنگانێك چەند جار ئەم چیرۆکە شانۆیە نیشان ئەدرا وە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی وەدەست خست. نووسینی "سەڵاحەدین" وە نیشاندانی لە شانۆ

یەکەمین تێکۆشین بوو بۆ دامەزراندنی تیئاتری کوردی"[1] جیا لەم چیرۆکە هەر لەو سەردەمەدا چیرۆکێکی شانۆیی تر نووسرا بەنێوی "دایکی نیشتمان" کە لەوێدا سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان وە تێکۆشینیان بۆ پێکهێنانی پاکتی بەدفەڕی "سەعد ئاباد" لە دژی گەلی کورد بەشێوەیەکی هونەری نیشان درابوو. لەم چیرۆکەدا پێویستی بەیەکیەتی و برایەتیی کوردان بۆ پساندنی زنجیری دیلی لە دەست و ئەستۆ و پێی دایکی نیشتمان زۆر بەجوانی وە ڕوو خرابوو. نیشاندرانی ئەم دوو چیرۆکە لە شانۆ کارێکی قووڵی کردە سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە مەڵبەندی موکریان[2].

***

پەرەسەندنی هەموو لایەکی جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد بەر لە هەموو شتێك پێویستیی بە ڕێکخراوەیەکی سیاسی هەبوو کە بتوانێت لە ڕووی بەرنامە و تاکتیکێکی دروستەوە سەرۆکایەتی بەسەر ئەم جووڵانەوەیەدا بکات.

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری (تشرینول ئەووەل) ساڵی ١٩٤١دا لە تاران بۆ سەرۆکایەتیکردن بەسەر جووڵانەوەی دیموکراتیکی تەواوی ئێران وە ڕێکوپێککردنی خەباتی سیاسیی کۆمەڵانی زەحمەتکێش حیزبی توودەی ئێران دامەزرا. (تودە بەمانای کۆمەڵ، زۆربەی گەلە – نووسەر) حیزبی توودەی ئێران کە لە پۆلەکانی هەرە پێشڕەو و شۆڕشگێڕی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێران پێك هاتبوو لە ماوەیەکی کورتدا توانی لە بەشی زۆری وڵات ڕێکخراوەکانی خۆی دابمەزرێنێت وە کۆمەڵانی

١. فیلچیفسکی "کوردی موکریان" لە کتێبی "خڕکراوەی ئیستینۆگرافی ئاسیای نێزیك" جیلدی ١، لاپەڕەی ٢٢٠، مەسکەو، ساڵی ١٩٥٨.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبە نێوبراوەکەی، لاپەڕەی ٤٠.

زەحمەتکێش لەژێر ئاڵای خۆیدا وەخڕ بکات. حیزبی توودەی ئێران وەك حیزبێکی پێشڕەوی سیاسی لە بەرەوژووربردنی هەستی سیاسیی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی وڵاتدا، لە ڕێکوپێك و بەرێ و جێکردنی خەباتی چینی کرێکار وە بەرەوپێشبردنی خەباتی ئەم چینەدا دەورێکی زۆر گرینگ و گەورەی هەبوو.

لە سەرەتای ساڵی ۱۹٤۲دا لە مەهاباد لکێکی نهێنیی حیزبی توودە لەلایەن ژمارەیەك بیرڕووناکەوە دامەزرا[١]. لە ئاخیری ساڵی ۱۹٤۲دا لە کرماشان ناوەندی سەمغاتی و لانکی چینی کرێکاری تازە پێگەییوی کوردستان لکێکی حیزبی توودە دامەزرا و تەشکیلاتی حیزبی توودە لە کرماشان لە نێوان کرێکاران و وردە بورژووازیی ئەم ناوە بەرێزییەکی گەورە هەبوو. بەڵام تێکۆشینی ئەم لە مەهاباد کە زۆر مەحدوود و تێکچڕماو بوو وە نەیدەتوانی کارێك بەرەوپێش بەرێتەوە، وە سەرۆکایەتی بکات بەسەر جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا. چونکە ڕێڕەوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان، یانی پەرەسەندن و بەرەوژوورچوونی لەڕادەبەدەری هەستی نەتەوایەتی (کوردایەتی)، جووڵانەوەی ڕزگاری و... سەربەخۆیی خوازی، چەکدار بوونی بەشی زۆری دانیشتووانی کوردستان وە شەڕی نێوانی عەشیرەتەکانی کورد و هۆردووی ئێران لە دەوروبەری ورمێ و سەقز و بانە و هەورامان و مەریوان و دیوان دەرە و هتد، پێویستی بە ڕێکخراوەیەکی سیاسیی ئەوتۆ بوو کە بە دروشمی ڕزگاری و سەربەخۆییی کوردستانەوە ببزوێتەوە وەیا نێوی کوردی پێوەبێت. چونکە لەو سەردەمەدا لە کوردستان نەئەکرا

---

١. فیلچیڤسکی، کتێبە ناوبراوەکەی، لاپەڕەی ۲۰۳. ناوبراو دەنووسێت کە ئەم لکەی حیزبی تودە لە مەهاباد لە نێوەڕاستی ساڵی ۱۹٤۲دا دامەزراوە. ئەمە ڕاست نییە. ئەم لکە لە سەرەتای ساڵی ۱۹٤۲دا دامەزراوە و بۆیە بەیە کێك لە یەکەمین لکەکانی حیزبی تودە دەژمێردرێت.

خەباتی چینایەتی بخرێتە پێش هەموو دروشمێکی جوولانەوە، مەسەلەی خەباتی لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوایەتی کە بێ شك پلەی دواییی سەرکەوتنی دەبێتە خەباتی چینایەتی، لە ناوەندی تەواوی ڕێڕەوەکانی سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستاندا ڕاوەستابوو.

لە کوردستانێکی کە چینی کرێکار وەك چینێکی سەربەخۆی سیاسی خۆی وەدی نەدابوو، لە کوردستانێکی کە زوڵم و زۆرداری نەتەوایەتی گەیبووە ئەوپەڕی سەختی و نالەباری، لە کوردستانێکی کە پاشماوەکانی ڕێوشوێنی دیلڕاگری وە دەرەبەگی هێشتا دەورێکی گرینگی هەبوو لە ژیانی گەلدا، لە کوردستانێکی کە بۆخۆی موستەعمەرەی دەوڵەتی ژێردەست و سەر بەئیستیعماری ئێران بوو، هەموو ڕوویەکی تێکۆشینی سیاسی وە لەم ڕیزە ڕێکخراوەکانی سیاسی، دەبوایە خاوەنی سروشتێکی تایبەتی بن، وە لە حەلێکی وادا دەبێ ڕێکخراوەی پێشکەوتووی سیاسی تەواوی ئەم چۆنایەتە تایبەتییانە لە بەرچاو بگرێت. بەڵام حیزبی توودەی ئێران لەو سەردەمەدا نەیدەتوانی بەگوێرەی پێویستەکانی ئەو حەلەی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد ببزوێتەوە وە دروشمی بنچینەی حیزب خەباتی چیناتی بوو. جیا لەمە، نابێ ئەمەش لەبیر بچێت کە تازە گەلی کورد لە چەنگ دیکتاتۆریی ڕەشی ٢٠ ساڵەی ڕەزاشا ڕزگار ببوو، تەواوی کارەساتی خوێناوی و دڕندانە و دوژمنایەتییەکی کە لەبارەی کوردان کرابوو نێوی تارانی بەسەرەوە بوو وە لەلایەن چینەکانی چەوسێنەری گەلی خاوەن دەستەڵاتی فارسەوە بەڕێوە بردرابوو. لەو سەردەمەدا بۆ حیزبێکی توودەی ئێران زۆر سەخت بوو کە بتوانێت ئامانج و تاکتیکی سیاسیی خۆی بەتایبەتی تاکتیکی ڕۆژانەی بەرێتە مێشکی کۆمەڵانی گەلی کوردستانەوە. هەروەها ئەمەش پێویستە بوێژرێت، کە لە یەکەمین بەرنامەی حیزبی توودەی ئێراندا مەسەلەی نەتەوایەتی کەمەسەلەیەکی جوێ نەبووی شۆڕشە وە لە خەباتی

سیاسیی وڵاتێکی زۆر نەتەوەییی وەك ئێراندا گرینگی و دەورێکی زۆر گەورەی هەیە بەشێوەیەکی زانستی دانەندرابوو وە ئەمەش بێ شك کۆسپێك بوو لە سەر ڕێگەی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن وەدەستهێنانی حیزبی توودە لە کوردستاندا.

لەم سەردەمەدا لە کوردستان کۆمەڵەی ژ–ك (ژیانەوەی کورد) لە نهێنیدا دەستی بەتێکۆشین کرد[1]. کۆمەڵەی ژ–ك لە مانگی ژووئەنی ساڵی ١٩٣٨دا لە مەهاباد لەلایەن چەند بیرڕووناکی نیشتمانپەروەرەوە دامەزرابوو، بەڵام لە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزاخاندا، لە زرووفی کوشتن و بڕیندا کۆمەڵە هەلی تێکۆشینی نەبوو[2]. لەمانگی مەی (ئایار) ساڵی ١٩٣٩دا دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەی ژ–ك لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد لە عێراق پێوەند ڕادەگرن وە نوێنەرێك دەچێ بۆ سەر سنوور وە لەگەڵ دوو ئەفسەری کوردی هۆردووی عێراق یەکتر دەبینن وە بڕیار دەدەن کە هەم لە کوردستانی سەر بەئێران وە هەم لە عێراق تێکۆشینی کۆمەڵە پەرە پێ بدەن. یەکێك لەم ئەفسەرە کوردانە کە خەڵکی سولەیمانی بوو باسی ئەم یەکتر دیتن و بڕیاردانانە بە دەوڵەتی عێراق ڕادەگەیەنێت وە لە ئەنجامدا دەوڵەتی ئێران و عێراق بەگوێرەی پەیمانی سەعد ئاباد لە هەموو لایەکەوە تێکۆشینی کۆمەڵەی ژ–ك دەخەنە ژێر چاو وە لە ساڵی ١٩٤٠–١٩٤١دا کاربەدەستانی ڕەزاخان شك دەبەنە سەر ژمارەیەك لە دانیشتوانی

---

١. لە مانگی ژووئەنی ساڵی ١٩٣٩دا ئەم حیزبە لەژێر نێوی "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان"دا دامەزرا. ڕۆژنامەی "خەبات" بەزمانی عەرەبی بەرواری ١٨ی مارسی ساڵی ١٩٦٠.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ٣٣، پەروەندەی ١٥، لاپەڕەی ٥٨. ئیگیلتۆن لە کتێبەکەی خۆیدا بەهەڵەچووە و وادەنوێنێت کە کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٤٢دا دانەمەزراوە، لاپەڕەی ٣٤. ئارشی ڕوزویلت زیاتر بەهەڵەچووە و مانگی ئوتی ساڵی ١٩٤٣ نیشان دەدات. بڕوانە ڕۆژنامەی "خەبات" بەرواری ١٨ی مارسی ساڵی ١٩٦٠.

مەهاباد وە دووریان دەخەنەوە لە کوردستان.

لە ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٢دا کۆمەڵەی ژ-ك تێکۆشین و خەباتێکی سیاسیی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێت وەك هێزێکی سیاسی خۆی وەدی بدات. بەڵام بەسەرهاتەکانی کوردستان، بەتایبەتی بەرەوژوورچوونی هەستی نەتەوایەتی وە بە پووچ دەرچوونی هەوڵ و تەقەڵڵای دەوڵەتی تاران بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەستەڵاتی خۆی بەسەر مەڵبەندی موکریاندا، زرووف و هەلێکی باشی بۆ پەرەسەندنی خەباتی کۆمەڵەی ژ-ك پێك هێنا[1]. لە بەرواری ١٦ی مانگی سیپتامبری ساڵی ١٩٤٢دا لە باغی "حاجی داودی" قەراغ سابڵاغ بە بەشداربوونی ١٥ کەس لە "ئەندامانی چینە ناوەڕاستەکان"[2]. کۆبوونەوەیەك پێك هات، لەم کۆبوونەوەیەدا "لەبارەی مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد و پێویستبوونی ڕێکخراوەیەکی سیاسی بۆ کوردن"[3]. سکاڵا بەڕێوەبردرا. لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە ڕاستەقینەدا دەکرێ بڵێین یەکەمین کۆبوونەوەیەکی بەڕێوجێی کۆمەڵە بوو ئەمانەی ژێرەوە بەشداربوون: ڕەحمانی حەلەوی، محەمەد ئەمینی شەریفی، محەمەدی نانەوازادە، ڕەحمانی زەبیحی، حوسەینی زێرگری، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، قاسمی قادری، مەلا عەولای داودی، قادری مودەریسی، ئەحمەدی حیلمی، عەزیزی زەندی،

١. ڕوونوسێکی زۆری بەڵگە و سەنەدەکانی مەڕبووت بە مێژووی کۆمەڵەی ژ-ك کە هەمووی دەستنووسن و لەکاتی خۆیدا بۆ نوێنەری سۆڤیەت ناردراون لەلایەن نووسەرە و بۆ نووسینی مێژووی بەسەرهاتەکانی لەمەڕ کۆمەڵەی ژ-ك لەم دەستنووسانە سوود وەرگیراوە. بەشی زۆری ئەم بەڵگانە لەلایەن ڕەحمانی زەبیحییەوە نووسراون کە ئەو حەلە نوێنەری کۆمەڵە بووە بۆ پێوەند ڕاگرتن لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت.

٢. ئیگیلتۆن. کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣٣.

٣. هەرلەوێ.

محەمەدی یاهو، عەبدولڕەحمانی هەژار، ئەحمەدی ئیلاهی و میرحاج[1].
لە بەرواری ١٣ی مانگی مەی (ئایار) ساڵی ١٩٤٣دا لە کێوی "قەڵای سارم" کە لە نێزیکی مەهاباد هەڵکەوتووە بە بەشداربوونی ٢٥ کەس یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی ژ-ك پێك هات[2]. لەم کۆنگرەیەدا بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵە پەسند کرا. جیا لەمە پێویستبوونی پشت بەستن بە یەکیەتیی سۆڤیەت بڕیارێکی تایبەتی پەسندکرا. هەتا ئەو سەردەمە قازی محەمەد نەببوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ك. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لەبەر ڕەچاوگرتنی بەڕێزی و حورمەتی قازی لە نێو زۆربەی گەل وە تێکۆشین و لەخۆبووردنی وی لە پێناوی ڕزگاری گەلی کورددا بەهاودەنگییەوە بڕیاریان دا کە قازی محەمەد بەسەرۆکی کۆمەڵەی ژ-ك هەڵبژێرن. قازی محەمەد بەنێوی گۆڕاوی "بینایی" بووە ئەندامی کۆمەڵە. هۆنەری بەناوبانگی کورد هەژار لە هەڵبەستەیەکی خۆیدا کە لەکاتی کۆماری کوردستاندا هۆندوویەتەوە ئەم کاتە وە بیر دەخاتەوە و دەڵێت:

نێوی ئەسلێمان فڕێ دابوو لە ترسی کاك مان

گەر محەمەد با دەیانکوت نێوی بینایی بەرە

دەنکە فرمێسکی هەژاران کەوتە دەریای مەعدەلەت

بوو بە گەوهەر ئەو سەرۆك جەمهوورەمان ئەو گەوهەرە

لە مانگی ژووئەنی (حوزەیران) ١٩٤٣دا یەکەمین ژمارەی کۆواری

---

١. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٣٥. میرجاج لە کوردستانی عێراقەوە هاتبووە مەهاباد وەك نوێنەری کۆمیتەی "هیوا" و ئەمە یەکەمین پێوەندێك بوو کە لە نێوان ڕزگاریخوازانی کوردستانی سەر بە ئێران و عێراق دامەزرا.

٢. ئیگیلتون لەمەشدا بەهەڵەچووە و لەجیاتی قەڵای سارم نێوی شاخی "خودا پەرەست" دەبات، لاپەڕەی ٣٤ی کتێبەکەی.

″نیشتمان″ بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ–ك لە چاپ دەرچوو. ئەمە لە پاش دیکتاتۆریی ڕەزاخان یەکەمن چاپەمەنیی کوردی بوو کە لە کوردستانی ئێران وەدەرکەوت. دەرچوونی ″نیشتمان″ وەك تۆپ لە تەواوی وڵات دەنگی داوە وە هەر دانەیەکی دەستاودەست، دێ بەدێ دەگەڕا وە بەگەرمی لەلایەن گەلەوە دەخوێندراوە. خوێندەوارانی کورد، بیرڕووناکان و فەقێ و مەلاکان تەواوی هەڵبەستەکانی نێو ″نیشتمان″ بەتایبەتی دەمەتەقەی مام بایز و مام باپیریان دەخوێندەوە و لەبەریان دەکرد[١]. پێویستە بوێژرێت، کە دەرچوونی ″نیشتمان″ وەك ڕووداوێکی زۆر گەورە و گرینگ دەژمێردرا وە بووە هۆی پەرەسەندنی هەموولایەکی کۆمەڵەی ژ–ك.

کۆواری ″یەکیەتیی تێکۆشین″ کە لەم سەردەمەدا لە عێراق لەلایەن بەشی کوردیی حیزبی شیوعی عێراقەوە دەردەچوو لە یەکەمین ژمارەی خۆیدا بەبۆنەی دەرچوونی ″نیشتمان″ لەژێر سەرەتای ″سڵاو لە گۆواری نیشتمان″ نووسراوەیەکی لە چاپ دابوو و نووسیبووی: ″ئەی ئەستێرەی بەرز، نیشتمان، بەدیتنی تۆ دڵی کۆمۆنیستە کوردەکانی عێراق ڕووناك بووە. ئەی ئاوێنەی کۆمەڵەی ژ–ك، گەلی کورد باوەڕییەکی گەورەی هەیە بە تێکۆشینی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ–ك لە پێناوی ڕزگاری کوردستان وە بەختەوەریی گەلی کورددا.″

ئەی ڕووناکیی چاومان، ئەتو بەهۆی نیشتمانپەروەریی خۆتەوە خزمەتێکی زۆر گەورە ئەکەی بە نەتەوە زوڵم لێکراوەکەمان وە ڕێگەیەکی ڕاست نیشان ئەدەی بۆ ڕزگاربوونی نیشتمانەکەمان. درۆ و دەلەسەی نیشتمان فرۆشان و خۆ خۆشەویستان ناتوانیت ئەتو لە ڕێگەی ڕاست

---

١. ئەم دەمەتەقەیەی ″مام بایز و مام باپیر″ بە شێوەیەکی خۆش و جوان و پێکەنین دەنووسرا لە دژی سەرۆك عەشیرەت و خاوەن موڵکە نیشتمان فرۆشەکان.

هەڵە بکات.

بەداخەوە ژمارەکانی تۆ زۆر کەم ئەگات بە عێراق. ئێمە ئەمانەوێ لە هەموو لایەکەوە و بەزۆری ژمارەکانت لە عێراق بڵاو بێتەوە.

تێ کۆشە و بژی بۆ خزمەتی گەلەکەمان[1]

بڵاوبوونەوەی کۆواری "نیشتمان" بەزمانی کوردی شۆڤیەنیستەکانی فارسی زۆر تووڕە کردبوو. بەم بۆنەیەوە بێ جێ نییە نووسراوەیەکی ڕۆژنامەی کۆنەپەرستی "ئایندەی ئێران" وە بەرچاو بخەین. ئەم ڕۆژنامەیە لەژێر سەرەتای "زمانی ڕەسمیی ئێران تەنیا یەکێکە و بەس "لەمەڕ" نیشتمان" نووسیبووی: "... وا مەعلوم بووە کە لە ئێران ڕۆژنامەیەك بەڕاوێژی مەحەللی دەردەچێت. خوا شوکور ئەم ڕۆژنامەیە هەتا ئێستا بەدەست نووسەری ئەم نووسراوەیە نەگەیشتووە و بە هەویام لەمەو بەولاوەش بەدەستم نەگات..."[2] لە پاشان نووسەر باسی مێژووی زمانی فارسی دەکات، بەگوێرەی بیروباوەڕی بورژووازی مانا دەداتەوە لە وشەی "نەتەوە"و ڕادەگەیەنێت کە ئەمانەی ئێران بە وڵاتێکی چەند نەتەوەیی دەژمێرن نیشتمان فرۆش و خاینن. لە ئاخری نووسراوەکەدا دەنووسێت: "ئێمە هەموومان لە ئازەربایجانەوە بگرە هەتا کرمان و موکریان، لە خوراسانەوە بگرە هەتا فارس و خۆزستان تاقە نەتەوەیەکی دانیشتووی ئێرانین. زمانی نەتەوایەتی و ئەدەبی ئێمە زمانی فارسییە کە

١. کۆواری "یەکیەتی بۆ تێکۆشین، ژمارە ١، بەزمانی کوردی (دەستنووسە لەلای نووسەر) لە ساڵەکانی ٤٤-١٩٤٣دا لە کوردستانی عێراق چەند ژمارەیەکی ئەم کۆوارە وەك دەستنووس بڵاوکرایەوە. جیا لەمە کۆوارێکی تریش بەنێوی "چیا" هەر لەم سەردەمەدا وەك دەستنووس بڵاوکراوە کە لە سەرەتاکەیدا ئەم دروشمە نووسرابوو "پرولیتارەکانی تەواوی جیهان یەك کەون."

٢. ڕۆژنامەی "ئایندەی ئێران" بەزمانی فارسی، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٣.

دەبێ هەر بەم زمانە بنووسین و بخوێنین. نووسین و بڵاوکردنەوە بە ڕاوێژەکانی دیکە هەروەك لە وڵاتەکانی تر دەبێ پێشی بگیردرێ و یاساغ بکرێت..."[1].

نووسراوە و هەڵبەستەکانی "نیشتمان" هێندە بە بڕشت و کارتێکەر بوو کە هێزە کۆنەپەرستەکانی دوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بە یەکەوە دەستیان کرد بە تێکۆشین بۆ پێشگیریکردن لە چاپکران و بڵاوبوونەوەی کۆواری "نیشتمان". سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران وایان دەزانی، کە "نیشتمان" لە کوردستانی عێراق چاپ دەکرێت، بەپێچەوانەی ئەمە هێزە کۆنەپەرستەکانی عێراق دەیانگوت لە کوردستانی ئێران چاپ دەکرێت[2]. بەم بۆنەیەوە "نیشتمان" بەڵگەیەکی لە چاپ دابوو لەمەڕ هەوڵ و تەقەڵلای بەیەکەوەی هیزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و عێراق و خوفیەکانی ئینگلیزی بۆ دۆزینەوەی جێگەی لە چاپدرانی کۆواری "نیشتمان". "نیشتمان" نووسیبووی: "حکومەتی عێراق سەفیری ئێرانی لە بەغدا ئاگادار کردووە کە لە ئەنجامی تێکۆشین و گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی وردا کە پۆلیسی عێراق لە بەغدا و سولەیمانی و ئەربیل و جێگاکانی تردا بەڕێوەی بردووە کۆواری "نیشتمان" لە عێراق چاپ ناکرێت. سەفیر بە دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاندووە، کە وا دیارە ئەم کۆوارە لە ئێران چاپ دەکرێت و دەبێ جێگاکەی بدۆزرێتەوە و پێشی بگیردرێت..."[3].

کۆمەڵەی ژ-ك وەك ڕێکخراوەیەکی سیاسیی ناسیۆنالیستی پێشڕەو لە سەردەمی خۆیدا دەورێکی زۆر گەورە و گرینگی هەبوو لە بەرەوژووربردنی هەستی نەتەوایەتی (کوردایەتی) و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی لە نێو

١. ڕۆژنامەی "ئایندەی ئێران" بە زمانی فارسی بەرواری ١٨ی دیسامبر ساڵی ١٩٤٣.

٢. "نیشتمان" ژمارەکانی بەیەکەوەی ٧-٨-٩، لاپەڕەی ١١ ساڵی ١٩٤٤.

٣. بڕوانە کۆواری "نیشتمان" ژمارەکانی بەیەکەوەی ٧-٨-٩ لاپەڕەی ١١ ساڵی ١٩٤٤.

زۆربــەی گــەلـدا لــە وەڕووخستـنـی دیـوی ئـاوەژووی سەرۆك عـەشیـرەتـە نیشتمـان فرۆشەکان و خاینەکانی گەلی کورددا، لە پێکهێنانی پێوەند لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەرەکانی بەشەکانی لەت لەتکراوی کوردستاندا. پێویستە بوێژرێت، کە کۆمەڵەی ژ–ك لە مێژووی حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا یەکەمین ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، کە لە ماوەیەکی کورتدا توانی لە بەشی زۆری مەڵبەندەکانی کوردستاندا، بەتایبەتی لە گەلێك دێ لکی خۆی دابمەزرێنێت. کۆواری ″نیشتمان″ نووسیبووی: ″ئیتر لە ئاخری ساڵی ١٩٤٣دا لە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانی سەر بە ئێران لکی کۆمـەڵـەی ژ–ك دامـەزرابـوو″[١]. لـە بـەڵـگـەیـەکی مـێژوویی نـێو ئـارشیوی حیزبدا ڕاگەیاندراوە کە، لە ئاخیری ساڵی ١٩٤٣دا ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ–ك لە تەواوی ئێران گەیببووە ١٠–١٥ هەزار کەس[٢] بەڕێزیوە دەستـەڵاتـی کـۆمـەڵـەی ژ–ك لـە نـێو زۆربـەی گـەلـی کـورددا لـە چـەنـد بەسەرهاتدا بە ئاشکرایی خۆی وەدی دا. مەسەلەن، لە ساڵی ١٩٤٣دا کـاتـێك کـە بـۆ پـەرلـەمـانـی ئێران دەست بـەهـەڵبـژاردن کرا لـە مـەڵبـەنـدی مـەهـابـادەوە سەدری قـازی بـرا چـکـۆڵـەی قـازی مـحـەمـەد بـەنـوێنـەر هـەڵـبـژێردرا وە چـەند سەرۆك عـەشیرەتـە نیشتمـان فرۆشێك کـە لـەلایـەن دەوڵەتەوە لەبەرچاو گیرابوون بۆ هەڵبژێردران، تووشی شکستێکی بێ ئابڕوویی بوون. لەم کارەدا بێ شك کۆمەڵەی ژ–ك دەورێکی گەورەی هەبوو. سەدری قازی وەك نوێنەرێکی ڕاستەقینە و نیشتمانپەروەر، لە سەردەمی ١٤ی پەرلەمانی ئێراندا لە نیزیکەوە هاوکاریی دەکرد لەگەڵ فراکسیۆنی حیزبی توودەی ئێران کە ٨ نوێنەری هەبوو لە پەرلەماندا وە لە مێژووی پەرلەمانی ئێراندا ئەمە یەکەمین جار بوو کە چەند نوێنەرێکی نیشتمانپەروەر و ڕزگاریخواز و دیموکرات و پێشڕەو لە بەرامبەر بەرەی

١. کۆواری ″نیشتمان″، ژمارەی ٥ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٢.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ٤٦، پەروەندەی ژمارە ٦، لاپەڕەی ٧٩.

یەکگرتووی هێزە کۆنەپەرستەکاندا فراکسیۆنێکی سیاسییان پێك هێنابوو وە بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی و مافەکانی گەل لە تریبونی پەرلەمان سوودیان وەرئەگرت.

لە مانگی نوامبری (تەشرینول سانی) ساڵی ١٩٤٤دا کاتێك کە دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتیی ساعید لەژێر پەلامار و هێرشی ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمەریکادا سیاسەتێکی دوژمنانە و دوور لە دۆستایەتیی بەرامبەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت ڕەچاو کرد وە لە تەواوی مەڵبەندەکانی ئێران دەنگی ناڕەزایی و ناحەزی نواندن بەم سیاسەتە بەرز بووەوە، لە مەهابادیش لەلایەن کۆمەڵەی ژ–ك میتینگ و خۆنواندنێکی سیاسیی گەورە پێك هێندرا کە لەوێدا ٣٠٠٠ کەس بەشداریی دەکرد. لە زرووفی ئەو سەردەمەی مەهاباددا کە ژمارەی دانیشتوانی نێزیکەی ٣٥ هەزار کەس دەبوو پێکهێنانی میتینگێکی ٣٠٠٠ کەسی هەروا کارێکی هاسان نەبوو، ئەویش حیزبێك، کە لە نهێنیدا خەباتی دەکرد. لەم میتینگەدا قازی محەمەد وتارێکی دا کە لە ڕاستەقینەدا ئەمە وتاری کۆمەڵەی ژ–ك بوو. بەڵام چوون کەمەڵە لە نهێنیدا بوو نەدەکرا وەك وتاری کۆمەڵە نیشان بدرێت. کورتکراوەی وتاری قازی محەمەد لەم میتینگەدا کە لە نامەی بەرواری ٢٥ی نوامبری (تەشرینول سانی) ساڵی ١٩٤٤ی کۆمەڵەی ژ–ك دا هەڵگیراوە لەژێرەوە ئەخرێتە بەرچاوی خوێندەواران: "برایانی خۆشەویست، ئاغایانی بەڕێز، زۆر سوپاستان ئەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و بۆ بیستنی وتاری ئەمن تەشریفتان لێرەوە کۆبۆوە. ئەمن بە دیتنی ئێوە خۆم بەبەختەوەر ئەژمێرم. لە ژیانی نەتەوەی کورددا گەلێك مەسەلە هەیە کە پێویست ئەکات قسەیان لەسەر بکرێت. بەڵام ئەمڕۆ مەسەلەیەکی زۆر گەورە لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا لە ئێران هەڵکەوتووە کە ئەمەوێ لەم باسەوە هەندێك ئاگاداریتان بدەمێ. ئەم مەسەلەیەش مەسەلەی نەوتە. وەکی ئەزانن لەم ڕۆژانەی دواییدا لە نێوان دەوڵەتی

تاران و دەوڵەتی سۆڤیەتدا لەمەڕ دەرهێنان و ڕەعەمەل هێنانی کانگا نەوتەکانی شیمالی ئێران سکالاّ بەڕێوە بردراوە وە لەلایەن دەوڵەتی سۆڤیەتەوە پێشنیاز کراوە کە لەسەر بنچینەیەکی وەکیەکی بۆ ئێران و سۆڤیەت ئەم کارە بەجێ بگەیەندرێت"[1]. بەڵام دەوڵەتی ساعید ئەم پێشنیارەی ڕەت کردووە وە ڕای گەیاندووە کە بمێنێتەوە بۆ سەردەمی پاش شەڕی. دەوڵەتی ساعید بەبێ بیرکردنەوە وە بە پەلە ئەم وەڵامەی داوەتەوە. لە ماوەی ئەم ٢٦ ساڵەدا دەوڵەتی سۆڤیەت دایما چاکەی لەگەڵ گەلانی ئێران کردووە، هیچ ئێرانییەکی خاوەن شەرەف ئەم چاکەیەی لەبیر ناچێتەوە. بەتایبەتی گەلی ٣ ملیۆنیی کوردیش لە ئێران لەم پیاوەتی و چاکەیە بێ بەش نەبووە. پیاوەتی و چاکەی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ماوەی ئەم ٣ ساڵەی دواییدا لەگەڵ کوردان لەبیر هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر دەرناچێت. کێ هەیە لە نێو ئێوەدا کە زوڵم و زۆرداریی سەردەمی پەهلەویی دەربارەی کوردان لەبیر چووبێت؟ چ مافێك بە کوردان درابوو؟ هەر کەسێك لە هەمووان بە حورمەتتر و ماقووڵتر بایە لە هەموو کەس پتر تووشی زوڵم و بێ حورمەتی ئەبوو. بەڵام بە هاتنی هۆردووی سۆڤیەت بۆ ئێران تەواوی چارەڕەشی و زوڵم و زۆرداریییەکان دوایی پێ درا. بەداخەوە ئەمە هێندەی نەخایاند. کاتێك کە ساعید هاتە سەرکار لە دژی نەتەوەی کورد هەموو چەشنە کارەساتێکی دەست پێ کرد. ئاور تێ بەردانی شاری بانە و دێیەکانی دەوروبەری لەلایەن سەربازەکانی دەوڵەتەوە نموونەیەکی ئاشکرای ئەمەیە. ئێمە ناتوانین ئەم کارەساتەی کە دەوڵەتی ساعید لە دژی نەتەوەی کورد دەستی پێ کردووە لەبیر

١. پێشنیازەکە بەم جۆرە بوو کە تەواوی کاروباری سەرمایەدانان و دۆزینەوە و دەرهێنان و ڕەعەمەل هێنان و تەکنیك لەلایەن یەکیەتیی سوڤیەتەوە بێت وە لە پێنج ساڵەی یەکەمدا لەسەدا ٤٩ی داهاتی نەوت بە سۆڤیەت بدرێت وە لە سەدا ٥١ی بە ئێران–نووسەر.

بەرینەوە...

ئێستا دەوڵەتی ساعید بە وەدواخستنی مەسەلەی جێبەجێکردنی نەوت ئەیەوێت ئابووریی وڵات تووشی تەنگ و چەڵەمە بکات وە هێندەی دیکەش هۆردووی هەژاران و بێکاران پەرە پێ بدات. ئەم کارە بەتایبەتی ئەبێتە هۆی هەژاریی ٣ ملیۆن کورد لە ئێرانا... گەلی کورد، بەتایبەتی کوردەکانی ئێران نایانەوێ پیاوی وەك ساعید لەسەر کار بمێنێ وە پێوەندیی نێوانی ئێران و سۆڤیەت لەکاوی بکات. گەلی کورد بەچاکی هەستی بەمە کردووە کە ئەگەر مەسەلەی نەوت جێبەجێ بێت هەژاران و بێکارانی کورد کاریان بۆ ئەدۆزرێتەوە، فێری پیشەسازی ئەبن، لە ڕێگەی پیشەسازی و شارستانەتییەوە بەرەوپێش ئەڕۆن وە ئەمەش گرنگییەکی زۆر گەورەی ئەبێت بۆ دواڕۆژی نەتەوەکەمان. گەلی کورد بەچاکی ئەزانێت کە دەوڵەتی سۆڤیەت پشتیوانێکی گەورە و پتەوە بۆ ڕزگاریی تەواوی گەلانی ژێردەست و بەشخوراو. لەبەر ئەمە ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی ئەزانین لە هەموو لایەکەوە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکیەتیی سۆڤیەت تێ بکۆشین. چونکە پێشکەوتن و سوودی دەوڵەتی سۆڤیەت پێشکەوتن و سوودی ئێمەیە...

مەرگ بۆ ئەمانەی کە سەربەخۆیی وڵات ئەخەنە مەترسییەوە.

ئەبی ساعید لەسەر کار وەلا بردرێ.

بژی یەکیەتیی سۆڤیەتی مەزن پشتیوانی گەلانی ژێر دەست[١].

بەم جۆرە دەبینین کە کۆمەڵەی ژ–ك لەسەر مەسەلەی پشت بەستن بە یەکیەتی سۆڤیەت وە نیشاندان و نواندنی دواڕۆژی گرینگی ئەم مەسەلەیە

١. نامەی بەرواری ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٤٤ی کۆمەڵەی ژ–ك بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەت، بە زمانی ئازەربایجانی، دەستنووسەکەی لەلای نووسەرە کە ڕەحمانی زەبیحی نووسیویەتی.

بۆ نەتەوەی کورد ڕێگەیەکی ڕاستی گرتبووە پێش. بەڕێزی و نفووزی کۆمەڵە ڕۆژبەڕۆژ پەرەی ئەسەند و ببووە هێزێکی گەورەی سیاسی. بەم بۆنەیەوە ئیگیلتۆن دەنووسێت: "لە ساڵەکانی ٤٣-١٩٤٤دا نفوز و بەڕێزیی کۆمەڵەی ژ-ك بەتەواوی کوردستاندا بڵاوبووەوە و گەیشتبووە سنوورەکانی ڕووسیە..."[١].

لە پاڵ خزمەتێکی گەورەی کۆمەڵەی ژ-ك بە جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی گەلی کورد، لە تاکتیك و تێکۆشین و خەباتی ڕۆژانەی کۆمەڵەدا کەم و کوڕییەکی زۆر هەبوو، کە بێ شك دەبوو بە کۆسپ و بەرهەڵست لەسەر ڕێگەی ڕاستی پێشکەوتنی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا. مەسەلەن دروشمی بنچینەی سیاسی کۆمەڵەی ژ-ك وێکخستنی تەواوی بەشەکانی لەت لەت کراوی کوردستان وە دامەزراندنی کوردستانی گەورە بوو[٢].

ئاشکرایە کە ئەمە ئامانجی تەواوی گەلی کوردە بە تێکڕایی وە ئامانجی دوارۆژی جوولانەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کوردە. بەڵام لە زرووف و سەردەمی کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا (تەنانەت ئێستاش) خەبات بەڕێوەبردن لەژێر ئەم دروشمەدا بە ئەنجامێکی پێویست و باش نەدەگەیشت. هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد قەت نابێ ئەمەی لەبیر بەرنەوە کە کوردستان لەسەریەك بەچوار لەت بەش کراوە، سنووری ڕەسمیی چوار دەوڵەت بەم خاکەدا تێ دەپەڕێ، لە هەریەك لە بەشەکانی کوردستان چۆنایەتییەکی تایبەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنی سیاسی دامەزراوە، هۆردووی چەکداری چوار دەوڵەت لە کوردستان جێگیر بووە، دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی دەرەوە لە ئەنجامی

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣٥.

٢. بڕوانە بەرنامەی کۆمەڵەی ژ-ك هەروەها کتێبەکەی ئیگیلتۆن، لاپەڕەکانی ٣٦-٣٧-٣٨.

سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا سوودێکی گەورەی ئابووری (بە تایبەتی نەوت) و سیاسی (هەڵکەوتوویەتیی ستراتیژیکی کوردستان) لە کوردستان وەدەست دەهێنن. لە زرووفێکی بەم جۆرەدا دوژمنێکی زۆر بە هێز و گەورە کە بریتییە لە بەرەی یەکگرتووی هێزە نیشتمان فرۆشەکانی ناوەخۆ و هێزە چەوسێنەرەکانی نەتەوە حاکمەکان سەرەڕای تەواوی ئەمانە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی دەرەوە لە ڕووبەڕووی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا ڕاوەستاوە. ئاشکرایە، کە ئەم جولانەوەیە هەرچەند بە هێز بێت و حیزبی سەرۆکی ئەم جوولانەوەیە هەرچەند پێشڕەو وە لە ڕووی سیاسییەوە پتەو بێت ناتوانێت خۆڕاگریی ئەم دوژمنە بە هێزە لە هەموو لایەکەوە تێك بشکێنێت. بەڵام کۆمەڵەی ژ–ك ئەمەی لەبەرچاو نەدەگرت وە لە هەموو لایەکەوە پڕوپاگاندەی "دامەزراندنی کوردستانی گەورە"ی بەڕێوە دەبرد. جیا لەمە، کۆمەڵەی ژ–ك لەسەر مەسەلەی پێوەندیی نێوانی چینەکانی کوردستانیشدا ڕێگەیەکی هەڵەی گرتبووە پێش. بێ شك کۆمەڵەی ژ–ك لە خەباتی سیاسیی خۆیدا لە بنچینەوە پشتی بەستبوو بە چینە چەوساندراوەکانی کوردستان، بەڵام لە تاکتیك و خەباتی ڕۆژانەیدا تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆر وەبەرچاو دەکەوت وە تاکتیك و بەرنامەیەکی دیاریکراوی ئەوتۆی نەبوو کە بە تەنیا لە ڕێگەیەکەوە بڕوات[١]. لە زروف و هەلی ئەم سەردەمەی کوردستاندا تاکتیکی هەرە دروست و بێ هەڵەی حیزبی بریتی بوو لەمە کە لە پاڵ پشت بەستن بە کۆمەڵانی زەحمەتکێش بەرەی یەکگرتووی نەتەوایەتی و نیشتمانیی تەواوی هێز و چینەکانی ناڕازی لە دەوڵەتی ئێران و هێزە ئیستیعمارییەکانی پێك بێنێت، چاکتر بڵێین دروشمی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی بەڕێوەبەرێت. ئاشکرایە

١. ئەمە بە تایبەتی لەم هەڵبەستە و نووسراوانەدا کە لە کۆواری "نیشتمان"دا چاپ دەکرا بە ئاشکرایی وە دیار دەکەوت.

کە لە وڵاتانی پاشکەوتووی ئابووری و سیاسی لە زرووفی بوونی زوڵم و زۆرداریی ئیستیعماریدا سروشتی شۆڕشگێڕی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی هیچ داوای ئەمە ناکات، کە کەندالێکی گەورە لە نێوان چینەکاندا دابندرێت وە بە تەنیا پشت بە چینی زەحمەتکێش ببەسترێت وە لە چینەکانی تر سوود وەرنەگیردرێت. بەڵام کۆمەڵەی ژ-ك بەم ڕێگەیەدا نەدەڕۆیشت. ئەگەر بە وردی سرنج بدەینە سەر نووسراوەکانی نێو کۆواری "نیشتمان" دەبینین، کە لە نووسراوە و هەڵبەستەکانیدا بە بێ تفاوەت دانان پەلامار براوەتە سەر شێخ و مەلا و خان و خاوەن موڵك و عەشیرەتەکان وە بە چاوێك تەماشایان کراوە، لە کاتێکدا کە لە نێو ئەم پۆل و چینانەدا زۆری وا هەبوون کە تووشی چەرمەسەری و کارەساتی دوژمنانەی سەردەمی ڕەزاخان ببوون وە بۆ ماوەیەکی درێژ لە زرووفی ئابووری و سیاسیی کوردستاندا دەیانتوانی لە جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیدا بەشداری بکەن وەکی لە پاشان دیتمان بەشداریشیان کرد.

کۆمەڵەی ژ-ك بۆ نێزیکبوونەوە و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی سیاسی لەگەڵ هێزە سیاسی و دیموکراتیکەکانی ئازەربایجان و بەشەکانی تری ئێران، بە تایبەتی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوە، وە لەم ڕێگەیەوە هەوڵی نەدەدا، لە کاتێکدا کە ئەمە پێویستییەکی نیشتمانی و وەدرەنگ نەخەرە بۆ وڵاتێکی وەك ئێران کە لەوێدا چەند ڕێکخراوەی سیاسی دیموکراتیك لەپاڵ یەکەوە خەبات دەکەن.

پڕوپاگەندەی بیروباوەڕی نەتەوایەتیی (قەومی) کۆمەڵەی ژ-ك هەندێك جار لە ڕووی نەزانین و کەم بەرجەوەندیی بەڕێوەبەرەکانیەوە کاری دەگەیاندە سەر مەسەلەی هەڵایساندنی غەزەب و تووڕەیی کوردان بەرامبەر بە نەتەوە خاوەن دەستەڵاتەکانی بەسەر کوردستاندا، لە کاتێکدا بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ڕێکخراوەیەکی سیاسی و دیموکراتیکی

کوردستان وەدەستهێنانی بەرێزی و لایەنگیریی زۆربەی گەلی نەتەوە خاوەن دەستەڵاتەکان مەرجێکی زۆر پێویستە.

لە پاش تەواوی ئەمانە نابی ئەمەش لەبیر بەرین، کە ئیتر جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی لە کوردستان گەییبووە ڕادەیەك، کە پێویستیی بە تێکۆشینی بە ئاشکرای ڕێکخراوەیەکی سیاسی هەبوو. هەرچەند کە دەوڵەتی تاران بەسەر مەڵبەندی موکریاندا دەستەڵاتێکی نەبوو، بەڵام دیسانیش کۆمەڵەی ژ–ك هەر لە نهێنیدا مابووەوە.

لێرەدا پێویستە ئەمەش وەبیر بخەین کە لە ئەنجامی هەڵەکردن و بەسەرچوونی بەرێوەبەرەکانی پڕوپاگەندەی کۆمەڵەی ژ–ك دا، بە تایبەتی لە ئەنجامی پڕوپاگەندەی کوردایەتی (قەومی)دا، کە ئیتر لە چوارچێوەی ڕادەیەکی پێویست چووبووە دەرێ، لە نێو کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێراندا بیروباوەڕێکی ناحەز و دوور لە ڕاستەقینە لەبارەی ئامانجەکانی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد هاتبووە گۆڕێ. دەزگا پڕوپاگەندەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستیی ئێران و دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانیش لە هەموو لایەکەوە دەستیان کرد بە سوود وەرگرتن لەمە وە لە دژی ئامانجی گەلی کورددا پڕوپاگەندەیەکی هەموو لایەکییان دەست پێ کرد. ئەوان بۆ دوورخستنەوەی بیروباوەڕی لایەنگیری کۆمەڵانی زەحمەتکێشی فارس و ئازەربایجان لە داوا یاساییەکانی گەلی کورد تێ دەکۆشین وا بنوێنن کە گۆیا "جوولانەوەی گەلی کورد لە دژی نەتەوەی فارس و ئازەربایجانە"، وەیان "گەلی کورد دەیەوێ لە ئێران جوێ بێتەوە و ببێتە کۆمارێکی یەکیەتیی سۆڤیەت". قازی محەمەد بۆ بە پووچ دەرچوواندن و وەدەرخستنەوەی ئەم پڕوپاگەندەیەی دوژمنان لە ئاخری ساڵی ١٩٤٤دا بۆ جاری دووەم بە تەنیا چوو بۆ تاران وە لە سکاڵای خۆیدا لەگەڵ شا و سەرۆك وەزیر و سەرۆکی ستادی هۆردوو ئامانجەکانی جوولانەوەی گەلی کوردی تێ گەیاندن. لەم سەفەرەدا قازی

محەمەد چەند جارێك بە سەرۆکەکانی ئێرانی گوتبوو، کە گەلی کورد نـایـەوێ لـە ئـێران جـوێ بـێتـەوە وە ئـامـانجی جـولانـەوەی گـەلی کـورد وەدەسـتـهـێنـانـی خـودمـوخـتـاریـیـە لـە نـێو سنووری ئێراندا. قـازی لـەم سەفەرەدا چەند جارێك لەگەڵ سەرۆکەکانی حیزبی توودەی ئێران وە هـەروەهـا لـەگەڵ سەرۆکەکانی حیزبی ئێران، کە حیزبی چینی بورژوازیی نـەتـەوایـەتـیـی ئـێران بـوو، کـۆبـوونـەوە پـێك دەهـێنـێت وە بـە وردی ئـامـانجـەکـانی جـوولانـەوەی ڕزگـاریـی نـەتـەوایـەتیی گـەلـی کوردیان بۆ بەیان ئەکات. ئەم کارەی قازی گرینگییەکی زۆری هەبوو و دەبینین کە ڕۆژنامە پێشڕەو و دیموکراتیکەکانی ئێران لە بەرامبەر ڕۆژنامە نیشتمان فرۆش و کۆنەپەرستەکاندا کە هـەوڵیان دەدا ئامانجەکانی جوولانەوەی گەلی کورد بە پێچەوانە نیشان بدەن، پارێزگاری لە داواکانی نەتەوایەتیی گـەلـی کـورد دەکـەن. هـەر ئـەو سەردەمـەی کـە قـازی لـە تـاران بـوو ڕۆژنامەیەکی کۆنەپەرست لە دژی شەخسیەتی قازی زۆر بە ناحەزی دوابوو، بەڵام ڕۆژنامە پێشڕەوەکان وەڵامێکی ددان شکێنیان دابووەوە. ڕۆژنـامـەی پێشکەوتووی "دەستوور" لـەمـەڕ شەخسیـەتی قـازی مـحـەمـەد نـووسیـبـووی: "وێنـەی نـیشتـمـانـپـەروەری بـە تـەواوی مـانـاوە لـە قـازی محەمەددا ئەبیندرێ. پاشکەوتوویی هاونیشتمانەکانی لە شارستانەتی و فەرهـەنگدا هـەمیشە دڵی قازی محەمەدی تێك چڕژاندووە. ناوبراو بەشی زۆری تەمەنی خۆی بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی نەتەوەکەی بەخت کردووە. قازی محەمەد کاتێك کە لە شاری مەهاباد بەسەر کاروباری فەرهەنگ ڕادەگـەیشت بـۆ دامـەزرانـدنـی قـوتـابـخـانـە لـە ڕووی ڕێوشوێـنـی نـوێـی جیهانییەوە زۆر تێ کۆشیوە وە دەرسی نیشتمانپەروەریی فێری نەسلی دواڕۆژی گـەلـی کـورد دەکـرد. ویـقـار، ڕاسـتـی، ئـازایـەتـی، زانـایـی، تێگەیشتوویی، لـەسەرخۆیی، تێکۆشەری و نیشتمانپەروەری، سروشتی تایبەتی قازی محەمەدە وە هەر لەبەر ئەمانەیە کە نەتەوەی کورد وە

تەواوی نەتەوەکانی ئێران بە چاوی خۆشەویستی و بەڕێزی تەماشایان کردووە و تەماشای دەکەن″[1].

مەسەلەیەکی هەرە گرینگ کە لەم سەفەرەدا قازی محەمەد لەگەڵ سەرۆکەکانی ئێران باسی لەسەر کردبوو مەسەلەی ئابووریی کوردستان بوو. وەکی لە سەرەوە باس کرا، دەوڵەت لە ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٤دا بە ئانقەست لە بارەی کوردان سیاسەتی گوشینی ئابووریی بەڕێوە برد و حاسڵاتی چەند ساڵی تووتن لە عەمبارەکان وەخڕ کرابووە، چەند ملیۆن تمەن پارەی چەوەندەری قەندی بە چەوەندەر کێڵەکان نەدرابوو. ئەمانەش چۆنایەتییەکی ناخۆش و چەوتی هێنابووە گۆڕێ وە تووتن و چەوەندەر کیڵەکان تووشی زەرەرێکی گەورە ببوون. بەڵام دەوڵەت گوێی بەم قسانە شل نەکردبووەوە لە بەرامبەر داواکانی قازی محەمەددا ڕای گەیاندبوو کە هەر کاتێك ڕێگە بدرێت هۆردووی ئێران بێتە مەهابادەوە ئەو دەم پارەی تووتن و چەوەندەرەکەش دەدرێت[2].

کاتێك قازی لە تاران بوو لەلایەن باڵوێزخانەی ئەمەریکا و ئینگلیزەوە هەوڵدرابوو کە قازی محەمەد ببینن وە کارێك بکەن کە ناوبراو لە خەباتی سیاسیی خۆیدا لە ئەمەریکا و ئینگلیز نێزیك بێتەوە وە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دووربخەنەوە. قازی محەمەد دوو ڕۆژ پێش ڕۆیشتنی لە تاران لەگەڵ نوێنەرانی ڕۆژنامەکان سکاڵا دەکات وە لەم سکاڵایەدا بە ئاشکرا وەڵامی ئیستیعمارییەکان دەداتەوە. لەم سکاڵایەدا قازی گوتبووی: ″لە هیچ چەرخێکدا نەتەوەی کورد چەکی خۆی بۆ وەدەستهێنانی ڕزگاری لە

١. ڕۆژنامەی ″دەستوور″ بەرواری ١٦ی تیری ساڵی ١٣٢٥.

٢. بایی ٧-٨ ملیۆن تمەن تووتن لە عەمبارەکان مابووەوە و لێرەدا دایرەکانی تجارەتی سۆڤیەت یارمەتییەکی گەورەیان کرد و ئەم تووتنەیان کڕی و زۆر گرینگ بوو بۆ لە نێوان بردنی بوحرانی ئابووری. بڕوانە: ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٢، پەروەندەی ژمارە ٢٢، لاپەڕەی ٨.

عەرزی دانەناوە، وە بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا وە سازبوونی یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیستی لە خەباتی نەتەوەی کوردیشدا لە ڕەگ و ڕیشەوە ئاڵوگوڕ بە عەمەل هات. تیشکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر عاسمانی کوردستانیشی ڕووناك کردەوە. ئیستیعمار زۆری حەوڵ دا نەتەوەکەمان لەو تیشکە وە دوورخات بەڵام کارێکی پێ نەکراوە. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد بە لەبەرچاوگرتنی شوێنی جوگرافیایی خۆی وە دابەشکرانی، لە هەموو نەتەوەیەکی جیهان لێقەوماوتر و پاشکەوتووترە. بەڵام لە لایەکی ترەوە گەلێك بەختیارە وە هیوایەکی زۆری بە دوارۆژی ڕووناك و سەربەستی خۆی هەیە، چونکە پشت و پەنایەکی وەك یەکیەتیی سۆڤیەتی مەزنی هەیە. نەتەوەی کورد ئەگەر یەکیەتیی تەواوی نیشتمانەکەی دەوێ ئەگەر دەیەوێ بە سەربەستی و ڕزگاری بژی ئەبێ بە توندی دەستی یەکیەتیی سۆڤیەتی مەزن بگرێ. لەمە زیاتر ڕێگەیەکی تری نییە"[1]. ئیگیلتۆن باسی ئەو سەفەرەی قازی دەکات و بە کینایە وا دەنوێنێت کە قازی بەهیچ چەشنێك ئامادە نەبوو خۆی لە ئینگلیز و ئەمەریکا نێزیك بکاتەوە، ناوبراو نووسیویە: "قازی محەمەد شەخسەن لەم باوەڕەدا بوو، کە تەنیا ڕێگەی ڕووسەکان دەتوانێت سەرکەوتنی بە دایمی کوردان دابین بکات"[2].

ئەم وێژراوانەی قازی بە شێوەیەکی زۆر جوان و زانستی ئامانجی ڕاستەقینەی جوولانەوەی گەلی کورد وە تاقە ڕێگەی سەرکەوتنی ئەم جولانەوەیەی نیشان دا. ئەم وێژراوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر گرینگ بوو وە وەڵامێکی پشت شکێن بوو بۆ هێزە ئیستیعمارییەکان.

ئەم سەفەرەی قازی محەمەد بۆ تاران نێزیکەی دوو مانگی خایاند. کاتێك کە قازی لە تاران بوو خوفیەکانی دەوڵەت لە کوردستان بۆ

---

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٥٨.

پێکهێنانی پیلان و پشێوێنی و ئاڵۆزاوی دانەمرکابوون وە بۆ ئەمەی کە پڕوپاگەندەی خۆیان لە دژ و بە پێچەوانە نواندنی ئامانجەکانی جوولانەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کورددا "وە ڕاست بگێڕن" ریزە بەسەرهاتێکی خوێناوییان هەڵایساند. ئەو دەمە لە شاری مەهاباد نموونەی "دەستەڵاتی" دەوڵەتی تاران بەسەر مەڵبەندی موکریاندا بریتی بوو لە بوونی ۹ پۆلیسی فارس زمان و حاکمێکی تریاکی بە نێوی سەریعول قەلەم. ئیشی ئەمانە بریتی بوو لەمە کە مانگانەی خۆیان لە تاران وەردەگرت وە لە خانووی خۆیانا دانیشتبوون وە ئیتر دەستەڵاتی پێ ڕاگەیشتنیان بەسەر هیچ کارێکدا نەبوو. لە سەرەتای مانگی فیوریەی (شوبات) ساڵی ١٩٤٥دا ئەفسەرێکی تارانی بە نێوی قورقووسایی بە نهێنی دێتە مەهاباد وە لە بەرواری ١٥ی فیوریەدا بەسەرهاتێکی خوێناویی هەڵایساند. بەو مانایە کە پۆلیسە بێ دەستەڵاتەکان دەنێرتە سەر چەند ماڵە کوردێك وە ئەمەش هۆی تووڕەیی کوردەکان پێك دەهێنێ وە لە مەیدانی "چوارچرا" لە مەهاباد خۆبەخۆ میتینگێك پێك دێ وە لەم میتینگەدا عەزیزخانی قاتان قوور کە پیاوێك بوو دایما سەرخۆش، لە پاش چەند کەسێك دەست بە وتاردان دەکات وە هەر کە وتارەکەی تەواو دەکات بە هۆی دەمانچە هەڵمەت دەبا بۆ سەر خانووی پۆلیسەکان و وەبەر گوللەیان دەدات. لە ئەنجامدا ٥ کەس لە پۆلیسەکان وە یەك کەسیش لە کوردان دەکوژرێن. پێویستە بوێژرێت کە ئەمە یەکەمین خوێنڕێژییەك بوو کە لە پاش ساڵی ١٩٤١ لە مەهاباد ڕووی دا. دەزگا پڕوپاگەندەکانی دەوڵەت لە دەوروبەری ئەم مەسەلەیە هەرا و هۆریایەکی زۆریان داناوە و پەلاماری بوختان پێکردن بە ئامانجەکانی جوولانەوەی گەلی کورد هێندەی دی پەرەی سەند و تەنانەت لە ڕووی بێ شەرمییەوە وایان دەنواند کە گۆیا ئەم کارە بە ئەسپاردەی قازی محەمەد بووە وە ناوبراو کاتی بوونی لە تاران ویستوویەتی لەم ڕێگەیەوە "هێزی کوردان تاقی بکاتەوە

و بەدەوڵەتی نیشان بدات″.

لە ئاخری مانگی فیوریيەی ساڵی ١٩٤٥دا قازی لە تاران گەڕاوە وە بە بۆنەی گەڕانەوەی لە مەیدانی ″چوارچرا″ میتینگێکی گەورە پێك هات. قازی لەم میتینگەدا وتارێکی گەورەی سیاسیی دا. لە دەستنووسێکی ئەو سەردەمەدا کورتکراوەی وتاری قازی نووسراوە کە ئەوا دەخرێتە بەرچاو: ″برایانی کورد، ئاغایانی بەڕێز. ئەمڕۆ ئەمەویٚ لەمەڕ مەسەلەیەکی گرنگ قسەتان بۆ بکەم وە ئەمەش بریيە لە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی فارس. ئەبێ ئەمەی بزانن کە نەتەوەی فارسیش وەك ئێمە لە ژێر زوڵم و چەوسانەوەدا ڕاگیردراوە. چینی زەحمەتکێش و زۆربەی گەلی ئەم نەتەوەیە هیچ کاتێك لە فکر و بیری ئازاردان و زوڵم لێکردنی ئێمەدا نەبووە. لە نێو ئەوانیشدا ڕزگاریخواز و مرۆڤ خۆشەویست و نیشتمانپەروەر زۆرە وە لاگری لە ئێمە ئەکەن. بەڵام ئەو کۆنەپەرست و نیشتمان فرۆش و خۆفرۆش و بێ نامووسانەی کە لەسەر کورسیی دەوڵەت دانیشتوون هەوڵ ئەدەن بە هۆی پارە و چەك گەلی فارس لە دژی ئێمە هان دەن. ئێمە ئەبێ وریا بین، ئێمە هیچ دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ گەلی فارس وە گەلێکی تر نییە.

کورد بۆ ئازایی و قارەمانەتی بە ناوبانگە. ئێمە ئەبێ نەك هەر نەتەوەی کورد، بەڵکو گەلەکانی تری ئێرانیش لە چەنگ زوڵمی ئەم بێ شەرەف و نیشتمان فرۆشانە نەجات بدەین. ئێمە ئامانجی لەتکردنی ئێرانمان لە بەرامبەر خۆماندا دانەناوە. داوای ئێمە لە دەوڵەتی ئێران وە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تر ئەمەیە کە مافی ژیان و شارستانیەتی و نامووسی نەتەوەی نەجیب و مێژووی کورد پێشێل نەکەن.

ئێمە ئامانجی پیاو کوشتن و خوێن ڕێژیمان نییە. ئێمە لە دەوڵەتە مەزندەگانی کە خۆیان بە لاگری ڕزگاری و دیموکراسیەت دائەنێن داوا

ئەکەین کە لە بەرامبەر داوا یاساییەکانماندا لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تر پشتیوانیمان لێ بکەن وە ئەگەر پشتیوانی لە ئێمە ناکەن لایەنگیری لە دەوڵەتی ئێرانیش نەکەن وە ئەو دەم ئێمە بۆ خۆمان ئەتوانین مەسەلەی خۆمان جێبەجێ بکەین.

هاونیشتمانانی خۆشەویست. سەرۆکەکانی تاران لە گوێی گادا نوستوون و چاوەڕێی بەزەیی و مەرحەمەت لەوان کارێکی هەڵەیە. ئێمە ئەبێ لەگەڵ برایانی ئازەربایجانی دەست بخەینە ناو دەست و لە ڕۆژهەڵاتی نێزیك و نێوەڕاست ئالای ڕزگاری بەرز کەینەوە دەست هەڵکەین بۆ خزمەتکردن بە ئادەمیزاد"[١].

ئیتر لەم سەردەمەدا مەرج و زرووفی ناوەخۆ (بە تایبەتی پەرەسەندنی هەموو لایەکی جوولانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی) و مەرج و زرووفی جیهانی (نابووتکرانی هێزی ڕەشی فاشیزمی ئالآن) هەلێکی باش و پێویستی پێك هێنابوو بۆ دامەزراندنی هێزێکی سیاسیی بە ئاشکرا کە بتوانێت سەرۆکایەتیی جوولانەوەی گەلی کورد بگرێتە دەست خۆیەوە و بە دروشمی پێویست بەرەوپێشی بەرێت.

***

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" ١٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٠.

بەشی چوارەم

# قازی محەمەد وەك سەرۆكی حیزبی دیموكراتی كوردستان و پێشەوای حكومەتی نەتەوایەتی و دیموكراتیكی كوردستان

قـازی و تـێکۆشەرە پـێشکـەوتـووەکـانـی تـری کـۆمـەڵـەی ژ–ك بـە بـاشی هـەستیان بـەمە کردبوو، کۆمەڵەی ژ–ك لە زرووفی نهێنیدا ناتوانێت بـەسەر بزووتنەوەی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژی پـەرەسەندووی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا سەرۆکـایـەتی بکـات، چونکـە ئـەنـدامـانـی کـۆمـەڵـە بـە گوێرەی ئـەم سوێندانەی کە خواردبوویان[1] حەقیان نەبوو خۆیان وە ئاشکرا خەن و وەك نـوێنـەری حـیـزب بـبـزوونـەوە. لـەم مـیـتـیـنـگ و کـۆبـوونـەوانـەدا کـە لـە شارەکان و دێیەکان پێك دەهات سەرۆکەکان و ئەندامانی تێکۆشەری کۆمەڵە وتاریان دەدا، بەڵام نەك بە نێوی ڕێکخراوەیەك، بەڵکو بە ناوی خۆیانەوە و لەبەر ئەمەش گوێدێرەکان بە چاکی نەیاندەزانی کە ئەمە وێژراوە و بـیـروبـاوەڕی تـاقـە کـەسێك وە یـاهـی کـۆمـەڵـەیـەکـە. لـەگـەڵ پـەرەسـەنـدنـی جـوولانـەوەی نـیشتـمـانـی و بـە گوێرەی هـەلـومـەرجـی ڕۆژ کۆمەڵەی ژ–ك هەم لە ڕووی پڕۆگرام و شکڵی تەشکیلاتییەوە و هەم لە ڕووی باری سیاسی و تێکۆشانەوە پێویستی بە دەسکاری هەبوو.

لەم سەردەمەدا چلۆنایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئازەربایجانی ئێران، بـەتـایـبـەتی پـەرەسەنـدنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی خـەڵـکـی ئـازەربـایـجـان ڕۆژ لـەگـەڵ ڕۆژی پـەرەی دەسـەنـد و ئـەمـەش

١. هەرکەسێك ببووایە بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ–ك دەبووایە دەسنوێژی بگری و بە قـورعـان سوێـنـد بـخـوات، کـە وەفـادار ئـەبێت بـە پڕۆگرام و بـەرنـامـەی کۆمـەڵـە و تێکەڵاوی هیچ ڕێکخراوەیەك نابێت و خۆی وە ئاشکرا ناخات.

پشتیوانێکی بە هێز بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد. لە بەرواری ٣ سیپتامبری ساڵی ١٩٣٥دا لە تەورێز بۆ سەرۆکایەتیکردن بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی ئازەربایجاندا، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی سەید جەعفەر پیشەوەری دامەزرا. بێ شك ئەم بەسەرهاتە نەیدەتوانی کار نەکاتە سەر هێزە پێشکەوتووەکانی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی خەباتێکی بەڕێ و جێ لە ژێر سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەیەکی سیاسیدا.

لە بەرواری ١٦ی مانگی ئوت ساڵی ١٩٤٥دا بە ئیمزای ٦١ کەس[١] لە نوێنەرانی بیرڕووناك و لادێیی و وردە بورژوازی و کاربەدەستانی دایرەکانی دەوڵەتی و پیاوە دینییەکان و خاوەن موڵك و عەشیرەتەکان ئاگادارییەك لەمەڕ دامەزراندنی حیزبێکی نوێ – حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە دوو زمانی فارسی و کوردی لە شاری مەهاباد بڵاو کراوە[٢].

ئەم ئاگادارییە کە لە ڕاستەقینەدا بووە بنچینە بۆ بەرنامە و پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایەن شەخسی قازی محەمەدەوە نووسراوە و بەڵگەیەکی زۆر گرینگی مێژووییە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا بە گشتی هەر بە موتاڵاکردنی بە وردیی ئەم ئاگادارییە بە باشی گەورەیی و تێگەیشتوویی قازی محەمەدمان بۆ وەدەرئەکەوێت. دەبینین، کە تا چ ڕادەیەك قازی شارەزا

١. ئارشی ڕوزویلت بە هەڵە چووە و دەنووسێ کە ١٠٥ کەس ئەم ئاگادارییەیان ئیمزا کردووە، لاپەڕەی ٦.

٢. ویلیام ئیگیلتۆن بە هەڵە چووە و مێژووی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٥ حیساب دەکات. بڕوانە کتێبەکەی لاپەڕەی ٥٧، زانای کوردشوناسی سۆڤیەتی فیلچیوسکیش بە هەڵە چووە و ڕۆژی ١١ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ بەڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەنێت. بڕوانە نووسراوەکەی "کوردان" لە کتێبی "گەلانی نێزیکی ئاسیا"، لاپەڕەی ٢٥٨.

بووە لە سیاسەتی جیهانی، لە مێژووی گەلی کورد و لە زرووف و چۆنایەتیی ڕۆژ.

قازی محەمەد پاش نووسینی ئاگادارییەکە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرۆکایەتیی کۆمەڵە وەخرِ دەکات. لەم کۆبوونەوەیەدا ئاگادارییەکە بە هەندێك دەستکارییەوە پەسند کرا و لە پاشان بەو کەسانە نیشان درا کە دەبوایە ژێرەکەی ئیمزا بکەن[١].

بە لەبەرچاو گرتتنی گرینگیی ئەم بەڵگەیە و نووسرانی لەلایەن قازی محەمەدەوە، بە پێویستی دەزانین لێرەدا هەمووی بە بێ کەم و زیادی بگونجێنین:

"بیسمیل لاهی ڕەحمان و ڕەحیم.

ئاگاداری حیزبی دیموکراتی کوردستان

هاونیشتمانان، برایان:

ئاگری شەڕی دووەمی جیهانی کە لە لایەن وەژێر پێخەرانی دیموکراسی وە بە دەستی دوژمنانی ئازادی دەست پێ کرابوو بە باسکی بە هێزی سەربازانی وڵاتەکانی هاوپەیمان کوژاندراوە، جیهانی دیموکراسی سەرکەوت وە جیهانی فاشیزم کە ئەیەویست نەتەوەکان و گەلانی جیهان بخاتە ژێر دیلی مستێك ڕێگر و خوێنخۆر بەتەواوی نابووت بوو. هەر چلۆنێك کە چاوەڕوان ئەکرا ڕێگەی ئازادی بۆ نەتەوە و گەلانی جیهان ئاواڵە کراوە.

ئەمڕۆ تەواوی گەلانی گەورە و چکۆڵەی جیهان ئەیانەوێ لەم ڕێگەیەی ئاواڵە کراوەتەوە، سوود وەربگرن. ئەوان ئەیانەوێ لەم وادانەی کە لە پاکتی مێژووی ئاتلانتیکدا دراوە، سوود وەربگرن. ئەوان ئەیانەوێ

١. لە سەدا ٨٠ی ئەمانەی کە ژێری ئاگادارییەکەیان ئیمزا کردووە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ-ك نەبوون.

کاروباری خۆیان، چارەنووسی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

ئێمە کوردەکانی کە لە ئێران ئەژین بە درێژاییی چەندین ساڵ و چەند سەدە لە پێناوی مافی نەتەوایەتی و هاوجێگاییی خۆماندا خەباتمان کردووە وە لەم ڕێگەیەدا قوربانییەکی زۆرمان داوە، بەڵام حاکمە دیکتاتۆرەکانی ئێران هیچ کاتێك بۆ بیستنی پێویستەکانی ئێمە ئامادە نەبوون و تەنانەت نەیانهێشتووە لەو مافانەش کە بە گوێرەی یاسای بنچینەیی (قانونی ئەساسیی ئێران–نووسەر) دراوە بە ئەیالەت و ویلایەتەکان، سوود وەرگرین. ئەوان بە هۆی گوللە و بۆمب و تۆپ و گرتن و ڕاگوێستن و یەخسیرکردن وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە. بە تایبەتی لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا ئێمە بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوایەتیی کوردیش ئازاد نەبووین. ئەوان بە هۆی نووکە نێزە بە هۆی ئەفسەرە دز و خاین و ڕێگرەکان تەواوی بوونی ئێمەیان، ژیان و نامووسی ئێمەیان خستبووە ژێر پێ، ئەوان بۆ نابووتکردنی نەسلی ئێمە لە هیچ چەشنە کارەساتێکی دڕندانە و بێ شەرمانە نەپرینگاونەتەوە. ئاخر ئەمەش ئادەیزادین، ئێمەش مێژوو، زمان ڕێوشوێن و دابی تایبەتی خۆمان هەیە وە ئەوانەمان خۆش ئەوێ. بۆچی ئەبێ مافی ئێمە پێشێل بکرێت؟ بۆچی ناهێڵن بە زمانی زگماکی خۆمان منداڵەکانمان پەروەردە بکەین؟ بۆچی ناهێڵن کوردستان ببێتە وڵاتێکی خودموختار وە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ویلایەتییەوە کە لە یاسای بنچینەییدا دیاری کراوە، کاروباری بەڕێوە ببردرێت؟

هاونیشتمانانی خۆشەویست، پێویستە ئەمەی بزانن کە حەق نادرێت، بەڵکو ئەستێندرێت. بۆ ئەمەی حەقی خۆمان، دەستەڵاتی نەتەوایەتی و هاوجێگەییی خۆمان وەدەست بهێنین، ئەبێ خەبات بکەین. بۆ ئەم خەباتە یەکیەتی و یەکگرتن پێویستە، بۆ ئەمەش ڕێکخراوە و پۆلی پێشڕەو پێویستە.

دامەزران و دەست بەکار بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بۆ ئەم ئامانجە بەرزەیە. ئێوە، هاونیشتمانانی خۆشەویست ئەبێ چاو و گوێی خۆتان ئاواڵە بکەنەوە، لە دەورەی حیزبی خۆتان وەخڕبنە وە بۆ وەدەستخستنی مافی یاسایی و نەتەوایەتیی خۆتان فیداکاری بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرۆك و ڕێگەنیشاندەری ئێوەیە. بە تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەم حیزبەدا نەتەوەی کورد لە مەترسیی تێداچوون نەجاتی ئەبێت وە بوون و ناموس و پێویستییەکانی نەتەوایەتیی ئەو پارێزگاریی لێ ئەگرێت، بە تەنیا بە هۆی ئەم حیزبەوە گەلی کورد ئەتوانێت لە نێو سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی نەتەوایەتی وەدەست بخات.

هاونیشتمانانی خۆشەویست. ئێمە جیا لە مافی یاسایی و ئینسانی شتێکی ترمان ناوێ. دروشمی ئێمە لەو بەندانەی ژێرەوەدا بە کورتی نیشان دراوە، ئەم دروشمانە بخوێننەوە وە لە هەر مرۆڤێکی نەتەوەی کوردی بگەیەنن.

ئەمانەن دروشمەکانی ئێمە

١. نەتەوەی کورد لە ژووری ئێراندا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری هاوجێگەییی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێت وە لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا نەتەوەی کورد خودموختاریی خۆی بخاتە دەست خۆیەوە.

٢. مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێت وە تەواوی کاروباری دایرەکان بە هۆی زمانی کوردی بەڕێوە ببردرێت.

٣. لەسەر بنچینەی یاسای بنچینەیی، ئەنجوومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ وە بە تەواوی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێرییان بەسەردا بکات.

٤. کاربەدەستانی دەوڵەت ئەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی هاوجێگایی بن.

٥. لەسەر بنچینەی یاسایەکی گشتیدا ئەبێ لە نێوان لادێیی و خاوەن موڵکاندا پێکهاتێك پێك بهێندرێت وە دواڕۆژی هەردووك لا مسۆگەر بکرێت.

٦. حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ ئەکۆشێت کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان وە گەلەکانی تری کە لە ئازەربایجان ئەژین (ئاسورییەکان و ئەرمەنییەکان و هتد) یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێك بهێنێت.

٧. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانیی کوردستان، پەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگ و تەندروستی وە باشتر لێکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست ئەکات بە سوود وەرگرتن لە سامانەکانی کوردستان وە لەم ڕێگەیەوە تێ ئەکۆشێت.

٨. ئێمە ئەمانەوێ بە تەواوی گەلەکانی ئێران، هەلی تێکۆشینی بە ئازادی بدرێت بۆ بەختەوەری و پێشکەوتنی نیشتمانی خۆیان.

بژی کوردستانی خودموختار و دیموکراتیك"[١]

لەم ئاگادارییەدا ئەبینین کە زرووف و مەرجی ئەو سەردەمەی کوردستانی سەر بە ئێران بە تەواوی لەبەرچاو گیراوە وە دروشمی وا خراوەتە بەرچاو کە هەلی جێبەجێبوونیان بووە. بێ شك ئەمەش بۆ حیزبێکی سیاسی زۆر گرینگە. لە ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشینی سیاسیدا دەبێ دروشمی وا بدرێت کە بۆ جێبەجێبوونی، زرووف و مەرجێکی ڕاستەقینە هەبێت. جیا لەمە ئەمەی کە لەم ئاگادارییەدا شایانی باسە مەسەلەی تاریف پێدانی حیزبە وەك پۆل و دەستەی پێشڕەوی کۆمەڵ کە ئەمەش تاریفێکی زانستییە. هەر لەمەشڕا بۆمان دەردەکەوێت کە قازی

---

١. ئەم ئاگادارییە بە هەردووك زمان– کوردی و فارسی لەلای نووسەرە.

محەمەد بە تەنیا لە ڕووی هەست و بیروباوەڕی نەتەوایەتییەوە نا، بەڵکو لە ڕووی زانستی پێشکەوتووی شۆڕشییەوە تەماشای ڕێکخراوەی سیاسیی کردووە.

لە پاش بڵاوبوونەوەی ئاگاداری لەمەڕ دامەزراندنی ح.د.ك. تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ–ك بە گوێرەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بوونە ئەندامی ح.د.ك.

لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاگاداری لەمەڕ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتنی حیزب، بەسەرهاتێك ڕووی دا کە بێ شك گرینگییەکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ بەهێزبوون و پەرەسەندنی هەموولایەکی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی کوردستان. ئەمەش بریتی بوو لەمە کە لە بەرواری ١٠ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥دا عەشیرەتی قارەمان و کۆڵنەدەری بارزانی کە لە عێراق لە ژێر پەلامار و هەڵمەتی دڕندانەی هۆردووی دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراق و دەوڵەتی ئیستیعماری ئینگلیزدا هەڵکەوتبوو بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای بارزانی پەنای هێنا بۆ جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی مەهاباد[1]. ژمارەی تفەنگچییەکانی بارزان نێزیکەی ٤٠٠٠ کەس بوون و پتر لە ١٠٠٠ کەسیشیان ژن و منداڵ لەگەڵ خۆیانا هێنابوو[2].

دانیشتووانی کوردستان، بە تایبەتی دانیشتووانی قارەمانی شاری مەهاباد بە دڵێکی خۆش و باوەشێکی ئاواڵە و نێوچاوانێکی گەشەوە

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە٢٠، لاپەڕەی ٢٣. لەم باسەشەوە نووسەری ئەمەریکی ئیگیلتۆن بە هەڵە چووە و وا دەنوێنێت کە بارزانییەکان لە مانگی سیپتامبردا هاتن بۆ کوردستانی ئێران لاپەڕەی ٥٥ی کتێبەکەی.

٢. هەرلەوێ. ئیگیلتۆن ژمارەی بارزانییە پەناهێنەرەکان بە ١٠ هەزار کەس نیشان دەدا و دەنووسێت کە لە مانە ٣ هەزار کەسیان چەکدار بوون، لاپەڕەی ٥٦ی کتێبەکەی.

پـێشوازیـیـان لـەم کـوردە هـاوخـوێن و هـاونـیشتمـانـانـەی خـۆیـان کـرد. دروشمی ″یارمەتیکردن بە عەشیرەتی قارەمانی بارزان″. کە لە لایەن ح.د.ك و شەخسی قازی محەمەدوە درابوو کاری کردبووە سەر ڕەگ و خوێنی کوردان. لە چەند جێگەیەکی دیاریکراوی تایبەتی لە مەهاباد بە نێوی یارمەتی بە عێلی بارزان شتومەك و خواردەمەنی کۆ دەکراوە. گەلێك جار ئەدیترا منداڵی قوتابخانان کە بەوێدا ڕادەبردن پاڵتە، چاکەت وەیا پێڵاوی خۆیان دەردەهێنا وە لەسەر کۆماکانیان دادەنا بە نێوی یارمەتی بە منداڵانی بارزان، وەیاخۆ دووکاندار و تاجرەکانی ماهابادی لای ئـێواران کـە دەرگـای دووکـان و حـوجـرەکـانـی خـۆیـان دائـەخست وەك ئەرکێکی نیشتمانی بۆ لای جێگە دیاریکراوەکان دەهاتن وە هەر کەس بە نۆبەی خۆی قەند و چا و کووتاڵ و پارەی دادەنا و دەڕۆیشت، ژنانی مەهابادی پۆل پۆل دەهاتنە سەر ئەم جێگەیانە وە جلوبەرگی ژنانیان لەسەر دادەنا بۆ خێزانی بارزانییەکان. بە کورتی هەستی بەرەوژووری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و هاوخوێنی و هاودەنگیی کوردان لەم مەسەلەیەدا ئەوپەڕی خۆی وەدی دا.

نیشتمانپەروەرانی بارزانی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە وەك پێشمەرگەی لە خۆبووردووی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆییی کوردستان لە ژێر ئاڵای ح.د.ك. دا لە پاڵ گەلی کورد لە ئێران دەستیان بە خەبات کرد.

ڕۆژی هاتنی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بۆ مەهاباد خەڵکی شاری قارەمان و عەشیرەتەکانی دەوروبەر هەموو بەرەوپیریان چوون، مەلا مستەفا لە پاش پەڕینەوە لە چۆمی ″مەهاباد″ بە نێوی بەڕێزی دانان بۆ حیزب و بۆ قازی، دابەزی و بە پێیان بۆ لای کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان کە قازی لەوێ چاوەڕێی دەکرد وەڕێ کەوت[1] مەلا مستەفا

---

[1]. نووسەریش لە ڕیزی ئەمانە بوو کە بە گوێرەی ئەسپاردەی قازی پێشوازیی لە مەلا مستەفا کرد و لەگەڵیا بوو تا کانگای حیزب.

هـەربـەمـەی کـە گـەیشتـە لای قـازی و سەرۆکـەکـانـی تـری ح.د.ك. وەك پێشمەرگەیەکی لە خۆبوردوو وتارێکی کورتی دا و ڕووی لە قازی کرد و گوتی:

"ئـێمـە بـارزانـیـیـەکـان هـەمـوومـان بـەخـاو و خێزانـەوە ئـامـادەین بـۆ خەباتکردن و شەڕکردن لە ژێر سەرۆکایەتیی ح.د.ك. و قازی محەمەددا لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورددا..."[1].

مەلا مستەفای بارزانی لە نامەیەکی خۆیدا باسی ئەمە دەکات کە چلۆن لە کوردستانی ئێران پێشوازییان لێ کرا و ئەم هەستە خاوێنەی گەلی کورد تا چ ڕادەیەك دڵی برینداری بارزانییەکانی سارێژ کردەوە. ناوبراو دەنـوسێت: "لـێرە، یـانـی لـە کـوردستـانـی ئـێران تیشکی ئـەستێرەی سوور ژیانی ئێمەی ڕووناك کردەوە..."[2].

قازی محەمەد لە وتارێکی خۆیدا باسی قارەمانەتی و لەخۆبووردوویی و نـیشتـمـانـپـەروەریی عـەشیرەتـی بـارزانـی کـردبـوو و گـوتـبـووی: "کـورد نـەتـەوەیـەکـە کـە هـیـچ کـاتـێك لـە خـەبـاتـی دژی ئـیستـیـعـمـار و فـاشیستـان دەستی نەگێڕاوەتەوە. تەواوی جیهان ئەزانێ کە لە عێراق چییان بەسەر کـوردان هـێـنـاوە، هـەرچـەنـد تـۆپ و تـانـکـیـان بـۆ سەر کـوردان هـان ئـەدا نـەیـانـتـوانـی هـەستـی ڕزگـاریـخـوازیـی ئـەم گـەلـە بکـوژێنـنـەوە. شاهـیدی زیندووی ئەم ڕاستەقینەیە جەنابی مەلا مستەفای بارزانی وە عەشیرەتی قارەمانی بارزانە، کە لەسەر بیری پاکوخاوێنی ڕزگاریخوازی وازیان لە ماڵ و منداڵ و نیشتمانی خۆیان هێناوە. لە نێو گەلی کورددا زۆر کەس و کـۆمـەڵـی وا هـەن کـە نـیشانـیـان داوە بـۆ فیداکـاری لـە پـێنـاوی ئـازادیدا

---

١. بڕوانە کتێبەکەی ئیگیلتۆن، لاپەڕەی ٥٦.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٢، پەروەندەی ژمارە ١، لاپەڕەی ٨٩. لە نامەی مەلا مستەفا بۆ سەرۆکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان.

لەخۆبووردوو و نەترسن وە لە ڕێگەی دیموکراسیدا ماڵ و منداڵیان نایەتە بەرچاو. ئەمانە بە نەتەوەی ئێمە و بە هەموو جیهانیان نیشان دا کە بۆ لە باوەشگرتنی یاری خۆشەویست کە ڕزگاری و دیموکراسییەتە باکیان لە هیچ شتێك نییە. ئەم کوردانە پاکی و فیداکاری و پیاوەتیی خۆیان بە جیهان نیشان دا. پێشڕەوی ئەمانەش برایانی بارزانین"[1].

لە بەرواری ٢٥ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥دا لە مەهاباد لە تالاری خانووبەرەی شارەداری، کۆنگرەی یەکەمی ح د ك پێك هات. کۆنگرە چوار ڕۆژی خایاند وە لە ٢٨ی مانگیدا تەواو بوو[2]. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی تەواوی بەشەکانی کوردستانی سەر بە ئێران (جیا لە مەڵبەندی کرماشان) بەشدارییان دەکرد. لە کۆنگرەدا دوو هاونیشتمانی کوردی سووریە وە حەوت کەس هاونیشتمانی عێراقی وەك میوان حازر بوون. لە کۆنگرەدا لەمەڕ چلۆنایەتیی کوردستان و جیهان و ئەرکەکانی سەر شانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد، قازی محەمەد وتاری دا[3]. لە کۆنگرەدا بەرنامە و نیزامنامەی حیزب بە هاودەنگییەوە پەسند کرا. کۆنگرە بە هاودەنگییەوە قازی محەمەدی بە سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك. هەڵبژارد. بەڵام کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی، لە کۆنگرەدا دوو بیروباوەڕی جیاواز هاتە گۆڕێ وە ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەت و نوێنەران و پیاوە دینییەکانی مەڵبەندی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەوروبەری سەلماس، هەوڵیان دەدا ژمارەی بیرڕووناکان لە کۆمیتەی ناوەندیدا کەم بکەن، بەڵام ئەم تەقەڵلایە بە ئەنجام

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٣٠ی ژووئەنی ساڵی ١٩٤٦.

٢. ئارشیوی حیزب سیایی ژمارە ٤١، پەروەندەی ژمارە ٣ جیلدی ٢ لاپەڕەی ٧١. لە بەڵگەیەکی تری ئارشیوی حیزبدا بە هەڵە چوون و ڕۆژی ١٥ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ نیشان دراوە: سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٢٠.

٣. هەر لەوێ.

نەگەیشت. بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی ٤٣ کەس هەڵبژێردرا کە لە سەدا ٨٠ی بریتی بوو لە بیرڕووناکان[١]. جیا لەمە ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەتەکان و نوێنەرانی پیاوە دینییەکانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

دامەزرانی ح.د.ك. ڕووداوێکی گەورەی سیاسی بوو لە ژیانی گەلی کوردادا. لەو سەردەمەدا بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ئاگادارنی ح.د.ك. لە لایەن بەرەی یەکگرتووی دوژمنانەوە پڕوپاگەندەیەکی بەرین و هەموولایەکی لە دژی ئامانجەکانی ح.د.ك. دا دەست پێ کرابوو. دەزگای پڕوپاگەندەی دوژمن بە ئامانجی دوورخستنەوەی پیاوە دینییەکان و عەشیرەتەکان و خاوەن موڵکەکان لە ح.د.ك. شڵتاغ و بوختانێکی زۆر زۆریان لەبارەی حیزب بڵاو دەکردەوە وە بە تایبەتی هەوڵیان دەدا ئەم حیزبە وەك حیزبێکی کۆمۆنیست نیشان بدەن وە گۆیا لەم ڕێگەیەوە چاوترسێنیان بکەن. قازی محەمەد لە وتاری خۆیدا لە کۆنگرە وەڵامی ئەم بوختان و پڕوپاگاندەیەی دوژمنی بەم جۆرە دابووەوە: "دوژمنانی گەلی کورد لە عالەمی خۆیاندا بۆ بەدنێوکردنی ئێمە نێوی کۆمۆنیستیان لەسەر داناوین. بەڵام بە داخەوە ئەبێ بڵێم کە هێشتا نەمانتوانیوە ببینە کۆمۆنیست. ڕاستەقینەیەکی ئاشکرا و وەك ڕۆژی ڕووناك هەیە کە قسەکردنی لە سەر زیادە، ئەمەش بریبە لەمە کە دەوڵەتی سۆڤیەت پشتیوانی ڕاستەقینەی گەلی کوردە. گەلی کورد بە تەنیا لە ئەنجامی سیاسەت و هاوکاری و یارمەتیی دەوڵەتی سوڤیەتدا ڕزگاری وەدەست ئەهێنێت..."[٢].

دەزگا پڕوپاگەندەکانی دوژمن لە پڕوپاگەندەی دژی بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی کورد و دژی یەکیەتیی سۆڤیەت تا ئەم ڕادەیە گەیشتبوو،

١. هەر لەوێ.

٢. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی سیپتامبری ساڵی ١٩٧٠.

کە هەر ئەوەندە مابوو بڵێن کە قازی محەمەدیش لە وڵاتی سۆڤیەتەوە هاتووە، چونکە تەواوی بەسەرهاتەکانی کوردستانیان دەبەست بە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە و ئەیانگوت سۆڤیت ئەیەوێ کوردستان بخاتە سەر خۆی، ئیتر خەبات و ئاوات و تێکۆشینی گەلی کوردیان دەخستە ژێر پێ[١].

بەڵام لەگەڵ ئەمەشا تەبلیغاتچییەکانی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و ئیستیعماری ئەمەریکی و ئینگلیزی، جار جارێك بۆ خۆشیان خۆیان وەدرۆ دەخستەوە. مەسەلەن نووسەر و دیپلۆماتی ئەمەریکی ویلیام ئیگیلتۆن بەم بۆنەیەوە وا دەنووسێت: "لە مەهابادی هیچ دوکترینێکی مارکسیستی، هیچ هێزێکی پۆلیسی نهێنیی سۆڤیەتی، هیچ کاربەدەستێکی ئامادەکراو لە ڕووسیە وجوودی نەبوو... تەسیری یەکیەتیی سۆڤیەت لەمەدا خۆی دەنواند کە سەرۆکەکانی کوردستان وایان حیساب ئەکرد کە بە بێ مەسڵەحەت و یارمەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت کاریان بەرەوپێش ناچێت..."[٢].

دیسانیش بە بۆنەی دەوری گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ژیانی گەلاندا، بە تایبەتی لە ژیانی گەلی کورددا قازی گوتبووی: "... ڕزگاری هێنەری ئێمە یەکیەتیی سۆڤیەتە و ئێمە ئامادەین هەست و نیست و ژیانی خۆمان فیدا بکەین تاوەکو منداڵانی ئێمە بە ڕزگاری بژین و لە زوڵم و زۆرداریی ئێران نەجاتیان بێت. بە تەنیا یەکیەتیی سۆڤیەت ئەتوانێت ئەم ڕزگارییەمان پێ بدات. لە کانگا و جێگەی ترەوە چاوەڕێی ڕزگاری نین و ناشتوانین چاوەدێر بین. لەمەدا تەجروبە و بەرجەوەندێکی تاڵمان هەیە..."[٣].

---

١. بە درێژی بڕوانە کتێبەکەی ئارشی ڕوزویلت، لاپەڕەی ٣،٤،٥.

٢. ئیگیلتۆن، بڕوانە کتێبکەی، لاپەڕەی ٦٤.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٢٢، پەروەندەی ژمارە ٤، لاپەڕەی ٧.

قــازی لــە وتــاری خــۆیـدا پــەردەی لــەسەر سیـفــەتــی دەوڵــەتــە ئـیستـیـعـمـاریـیـەكـان وەلا بـرد و بـەتـایـبـەتـی سیـاسەتـی داگـیـركـەری ئیستیعماری نوێی ئەمەریكی كە هەتا ئەو سەردەمە بە چاكی لەلایەن گەلەوە نەناسراو بوو وەدی دابوو. قازی گوتبووی: "سروشتی تایبەتی جـوولانـەوەی سەردەمـی ئـێستـای ئـێمـە بریـتـیـە لـەمـە، كـە بـە پـێچـەوانـەی ئیستیعمارە. بەختەوەری گەلی كورد لەمەدایە، كە ئیتر وەخەبەر هاتۆوە و لە كەڵەك و فێڵ و قوماربازیی ئیستیعماری ڕێوی سیفەتی ئینگلیس و ئیستیعماری تازە هاتووی ئەمەریكی شارەزا بووە"[١].

بەرنامەی حیزب كە لە كۆنگرەدا پەسەند كرا برێتییە لە ٤ بەش و ٢٢ بەند. لە سەرەتای بەرنامەكەدا ئامانجی سیاسیی ح.د.ك. بەم جۆرە دیاری كراوە: ئامانجی هەرە گەورەی حیزب لە سەردەمی ئێستادا برێتییە لەمە كە لە نێو سنووری دەوڵەتی ئێراندا پارێزگاری لە مافەكانی گەلی كورد بكات وە بـۆ پـەرەپـێدانـی ئـەم مـافـانـە ڕێوشوێنی خـودمـوختـاری دامـەزرێنێت. تەواوی ئەم مەڵبەندانەی ئێران، كە كوردی لێ دەژی دەبێ یەك كەوێت وە لەسەر بنچینەی یاسایەكی دیموكراسیدا سوودی كۆمەڵانی گەل لەبەرچاو بگیردرێت..." لە بەندی ٦ی بەرنامەكەدا وێژراوە: "حیزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هیچ دوژمنایەتی و ناكۆكییەكی نییە وە بەتەنیا ئەیەوێت لە ڕێگەی ئاشتییەوە بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و تەندروستی و كشتوكاڵی گەلی كورد، كە لە ئامانجی دەستەڵاتی بەدفەڕی ئیستعیماردا وەپاش كـەوتـووەتـێ بـكـۆشێت. لـەبـەر ئـەمـەش داوای مـافـی خـودمـوخـتـاریـی نـەتـەوایـەتـی ئـەكـات وە بـۆ بـەجـێگـەیـانـدنـی ئـەم ئـامـانـجـە حكومـەتـی نەتەوایەتی دائەمەزرێنێت".

لــە بــەنــدەكــانــی بــەرنــامــەی ح.د.ك. داواكــانــی ئــابــووری و سیــاسـی و

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئازادی" ٨ی ئاپریلی ساڵی ١٩٦٠.

شارستانەتی و کۆمەڵایەتیی حیزب وە ئەرکی سەرشانی ئەو دەوڵەتەی کە دەبێ لە ژێر سەرۆکایەتیی ح.د.ك. دا دابمەزرێت دیاری کراوە. لەم بەندانەدا پێوەندیی ئابووریی نێوانی حکومەتی نەتەوایەتی کوردستان و دەوڵەتی تاران، باشتر لێکردنی چۆنایەتیی ژیانی لادێییەکان بە تایبەتی لەنێوبردنی سەلەمخۆری و گرانجانی و کۆچکردنی بە ئازادیی لادێییەکان لە دێیەك ڕا بۆ دێیەکی تر، دەرهێنانی بەرهەمی سامانەکانی ژێرزەوی کوردستان (بەتایبەتی نەوت) لە چەنگ کۆمپانییەکانی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان، دانانی پێوەندێکی نیزیکی ئابووری لەگەڵ دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەت، پەرەپێدانی پیشەسازی و ئاوەدانیی ڕێگەوبانەکانی کوردستان و کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت، دانانی یاسای خوێندنی مەجبوریی سەرەتایی و نێونجی، پەرەپێدانی فەرهەنگ و زانست و شارستانەتی و تەندروستی و مسۆگەرکردنی مافی وەکیەکیی ژنان لەگەڵ پیاوان لە تەواوی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، مەسەلەی نەتەوایەتی وە دانی هەموو چەشنە مافێك بەم گەلە کەمایەتییانەی کە لە کوردستان ئەژین، پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان و... هتد جێگیر کراوە. بەشی زۆری ئەم داوایانە هەتا ئەو ڕۆژە لە لایەن هیچ یەك لە جوولانەوەکانی دیموکراتیك و ڕزگاریخوازیی کوردەوە، نەخرابووە ڕوو.

بەم جۆرە، لە بەرنامەی کۆنگرەی یەکەمی ح.د.ك. دا بیروباوەڕ و ئامانجەکانی هەرە نێزیکی حیزب دیاری کرابوو. ح.د.ك. بە ئامانجی وەخرکردنی تەواوی هێز و چینەکانی دژی ئیستیعمار وە ناڕازی لە سیاسەتی تواندنەوەی دەوڵەتی ئێران بە تەنیا مافەکانی دیموکراتیکی خستبووە ڕوو. چاکتر بڵێین، ح.د.ك. بۆ مسۆگەرکردنی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد وە بە گوێرەی زرووفی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان وە هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی چۆنایەتیی جیهان تێ

ئەکۆشی لە تاکتیکی پێکهێنانی یەکیەتیی دروشمی خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی سوود وەربگرێت.

بێ شك ئەمەش تاکتیکێکی زۆر دروست بوو بۆ ئەو سەردەمە. هەر لە ئەنجامی ئەم تاکتیکەدا بوو، کە حیزب توانیی لە ماوەیەکی نیسبەتەن کورتدا تەواوی هێزەکانی دژی ئیستیعمار و زوڵم و زۆرداری و سیاسەتی زوڵمی نەتەوایەتیی دەوڵەتی ئێران لە دەورەی ئاڵای خۆی وەکۆ بکات.

لە چەند نووسراوە و چاپەمەنییەکدا تا ئێستا لەسەر مێژووی جووڵانەوەی دیموکراتیکی و نیشتمانیی مەهاباد نووسراوە، ڕەخنەیەکی گەورە لە ح.د.ك. گیراوە لەسەر دانەنانی مەسەلەی دابەشکرانی زەوی لە بەرنامەکەیدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بۆ ڕووناککردنەوەی ئەم مەسەلەیە چەند بەسەرهاتێك لەمەڕ چۆنایەتی و هەڵکەوتووایەتیی چینەکانی کوردستان و ڕادەی دەستەڵاتیان بەسەر زەویدا بخەینەڕوو.

وەکی لە پێشدا باس کرا قازی محەمەد وە سەرۆکەکانی تری جووڵانەوە گرنگییەکی زۆر گەورەیان دەدا بە مەسەلەی پێکهێنانی دۆستایەتی و یەکیەتیی نێو عەشیرەتەکان وە ڕەکێشکردن و هێنانیان بۆ بەشداربوون لە جووڵانەوەدا.

لە کوردستانی ئەو سەردەمە ٣ جۆر خاوەن زەویەتی هەبوو: زەویی دەوڵەتی (خاڵیسە)، زەویی مەوقووفە وە زەویی خاوەن موڵك. لەسەریەك لە سەدا ٩٥ی زەوییەکانی کوردستان هی خاوەن موڵکەکانە وە لە سەدا ٩٠ی خاوەن موڵکەکانیش ئەندامی عەشیرەتەکانی جیاوازن. ئەم خاوەن موڵکانە جیا لە داب و ڕێوشوێنی خاوەن موڵکی، هەریەکەی بۆ خۆی خاوەنی هێزێکی دیاری چەکدار بوو وە بە گوێرەی ڕێوشوێنی عەشیرەتی بە دوای سەرۆك عەشیرەتدا دەڕۆیشت. سوارەی چەکداری ئەم خاوەن موڵکانە (عەشیرەتانە) دەورێکی زۆر گەورەی هەبوو لە بەهێزکردنی

جوولانەوەدا، وە وەکی لە پاشان دیتمان بەشی زۆری هێزی پێشمەرگە هەر لە سوارەی ئەم عەشیرەتانە پێك هاتبوو، لەبەر بێ هێزبوونی هەستی سیاسی و نیشتمانی لە نێو ئەم بەشەی لادێییەکاندا ئەوان بۆ خۆیان ڕاستەوڕاست لە جولانەوەدا بەشدارییان نەدەکرد و بەگوێرەی ئەمر و ئەسپاردەی ئاغا و سەرۆك عەشیرەت دەبزووتنەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە ڕەکێشکردن و هێنانی عەشیرەتەکان بۆ بەشداربوون لە جولانەوەدا پێویستێکی نیشتمانی بوو دەبایە ئەم کارە کرابایە. هەر لێرەشەوە هەڵبژێردرانی ژمارەیەك سەرۆك عەشیرەت و پیاوی دینی و خاوەن موڵکی گەورە بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك. سەرچاوە دەگرێت. وە بێ شك ئەمانەش بەرهەڵست و کۆسپیان پێك هێنا لەسەر ڕێگەی دانانی مەسەلەی دابەشکرانی زەویدا.

بەهەرحاڵ گرینگیی مەسەلەی ڕەکێشکردن و هێنانی عەشیرەتەکان بۆ بەشداربوون لە جوولانەوەدا نەدەبوو مەسەلەی زۆر گەورە و گرنگی کۆمەڵایەتیی وەك مەسەلەی دانانی دابەشکرانی زەوی بخاتە پلەی دووەمەوە، بێ شك ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی چینایەتی کوردستاندا جێگەی ڕەخنە لێگرتنە.

مەسەلەی ڕیفۆرمی زەوی بەگوێرەی سروشتی خۆی بریتییە لە نابووتکرنی دەستەڵات و خاوەنیەتیی دەرەبەگ و خاوەن موڵك بەسەر زەویدا. بەڵام لەهەر وڵاتێك بە پێی زرووفی مێژووی بەجێگەیاندرانی ئەم ڕیفۆرمە شێوەی جیاواز جیاوازی هەیە و حیزبی سیاسی دەبێ لەبەرچاوی بگرێت. زروف و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەتایبەتی پێوەندیی چینایەتیی ئەو سەردەمە بە هیچ چەشنێك هەلی ئەمەی نەدەدا کە دروشمی دابەشکرانی تەواوی زەوییەکان بدرێت. بەڵام دەبوایە ریزە بەندێکی تایبەتی کە ڕاستەوڕاست لەگەڵ سوودی بنچینەی زۆربەی لادێییەکان یەك بگرێتەوە لە بەرنامەکەدا بگونجێندرێت.

ح.د.ك. وە دەوڵەتی كوردستان ڕیزە هەنگاوێكی هەڵێناوە بە ئامانجی وەلابردنی زوڵم و زۆرداری بەسەر لادێییەكاندا كە بێ شك ئەمانە هەریەكەی گرینگییەكی تایبەتی هەبووە، نابێ وا نیشان بدرێت كە ح.د.ك. وە دەوڵەتی كوردستان هیچ هەنگاوێكی هەڵنەهێناوە بۆ چاككردنی ژیانی لادێییەكان.

مەسەلەن، گونجاندنی مەسەلەی نابووتكردنی سەلەم خۆری و گرانجانی لە بەرنامەدا ڕاستەوڕاست لە دژی خاوەن موڵكە گەورەكان بە سوودی كۆمەڵانی مەزنی لادێیی بوو. هیچ ڕێكەوت نییە قازیی مەحكەمەی ژووروویی ئەمەریكا ویلیام دووگلاس لە بیرەوەرییەكەی خۆیدا لە ژێر سەرەتای "لە ئێران چم دی و چم بیست؟" پێی لەمە نابوو كە: "بە ڕاستی پێویستە بوێژرێت كە قازی محەمەد وە لاگرەكانی بۆ بەهێزكردنی دەوڵەتی خۆیان یاسایەكی باشیان دۆزیبووەوە. ئەمەش بری بوو لە یاسای یاساغكردنی سەلەم خۆری. لادێییە كوردەكان كە دەیاندی ئیتر سەلەم خۆرەكان هیچ داوایەكیان لێ ناكەن زۆر دڵخۆش دەبوون، چونكە لادێییە كوردەكان بە شێوەیەكی بێ ڕەحمانە لە لایەن سەلەم خورەكانەوە كە لە هەمان كاتدا خاوەن موڵكەكان بۆ خۆیانن، دەڕووتاندرانەوە. كاتی وا هەبوو كە سەلەم خۆرەكان ئیتر بەسەدا ٤٠ رازی نەدەبوون، بگرە لە سەدا ٥٠ وە پتریان لە لادێییە هەژارەكان دەستاند"[١].

جیا لەمە، لە عەمەلدا بە سوودی بنچینەی زۆربەی لادێییەكان ڕیزە هەنگاوێكی گەورە هەڵهێندراوە، لەم ڕیزە دەكرێ باسی دابەشكرانی زەویی ئەو خاوەن موڵكانەی كە بۆ تاران هەڵاتبوون وەبیر بخەینەوە. مەسەلەن تەواوی دێیەكانی حەمەد ئاغای عەباسی، حیسامی داشكستان، یەمین

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "داد" ژمارەكانی ژووئییە و ئووتی ساڵی ١٩٥١.

لەشکری هەوشار وە هەروەها دێیەکانی دەوڵەت لە دەوروبەری میاندووئاو لە نێوان لادێییەکاندا دابەش کرا. سەرپاکی ئەمانە دەبینین کە لە پاش دامەزرانی حکومەتی مەهاباد وە بەهێزبوونی هێزی چەکداری کوردستان ڕیزە هەنگاوێکی گەورە بۆ کوشینی سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان هەڵێندراوە. عەلی ئیلخانی زادەی سەرۆکی عەشیرەتی دیبوکری لەگەڵ عەولای ئیلخانی زادەی برازای، لە ترسی کۆمەڵانی گەل بۆ تاران هەڵاتن. عەولای بایز ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوور وە بایزی عەزیز ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی گەورك وە کاکەڵڵا ئاغای گەورك لەلایەن دەوڵەتی کوردستانەوە وەرگیران وە بەرامبەر بە کارەساتی زۆرداری لە دژی لادێییەکان و نیشتمان فرۆشی بە مەحکەمەی گەل دران وە مەحکوم کران بەتیرەباران[١].

هەروەها مەسەلەی دیاریکردن و ئەستاندنی باج لە خاوەن موڵکەکان، کەمکردنەوەی دەستەڵاتیان لەسەر مەسەلەی توتن و چەوەندەر وە گەلێك مەسەلەی دیکە کە لە پاشان باسی دەکرێت هەمووی لە دژی ڕێوشوێنی دەرەبەگی و خاوەن موڵکی بوو.

بەم جۆرە دەبینین کە بۆ بێ هێزکردنی دەستەڵاتی دەرەبەگی و خاوەن موڵکی کارێکی زۆر بەڕێوە بردرا وە لە پلانی حیزبدا بەڕێوەبردرانی لەبەرچاو گیرابوو.

***

لە پاش سازبوونی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕاستەقینەدا بەڕێوەبردرانی تەواوی کاروباری دەوڵەتی و ئابووریی مەڵبەندی موکریان کەوتە دەست کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد.

١. ئەم حوکمە بەجێ نەگەیەنرا، بەڵام ناوبراوەکان هەر بەندی بوون.

لەو سەردەمەدا دەوڵەتی تاران بەئامانجی پەلامارهێنان بۆ سەر مەهاباد هۆردووە چەك و قۆرخانەیەكی زۆری لە شاری سەقز و بانە و سەردەشت و ورمێ وەكۆ كردبوو و هەموو ڕۆژێ مەترسی لە گۆڕێدابوو. نووسەری كۆنەپەرستی ئێرانی ڕوحوڵڵا ڕەمەزانی لەم باسەوە نووسیویە: "لە كاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا دەوڵەتی ئێران پتر لە نیوەی هۆردووی چەكداری خۆی لە كوردستان جێگیر كردبوو..."[١].

جا لەبەر ئەمە بەر لە پێكهێندران و ڕاگەیەندرانی دەوڵەتی خودموختاری كۆمیتەی ناوەندی بە ئامانجی پارێزگاری، ڕیزە تەكبیرێكی بەجێ گەیاند. لەم ڕیزە، پێكهێنان و سازكردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو كە لە بەرواری ١٧ی مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد بەگوێرەی بڕیاری كۆمیتەی ناوەندی دامەزرا[٢]. لەلایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە حەمە حوسەین خانی سەیفی قازی بەسەرۆكی هێزی پێشمەرگە وە محەمەدی نانەوازادە بە سەرۆكی ستادی هێزی پێشمەرگە دیاری كران. جیا لە لاوانی مەهاباد، لەسەریەك سوارەی تەواوی عەشیرەتەكانی كوردستانی شیمالی بە چەكی خۆیانەوە تێكەڵی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوون. لە پێكهێنان و دامەزراندن و بەڕێوچێ و ڕێكوپێكیی هێزی پێشمەرگەی كوردستاندا ئەفسەرە كوردەكانی كە لە عێراقەوە پەنایان هێنابوو بۆ جوولانەوەی دیموكراتیكی مەهاباد، دەورێكی زۆر گەورە و بە دیمەنیان هەبووە وە مێژووی خەباتی گەلی كورد، مێژووی حكومەتی نیشتمانی و دیموكراتیكی مەهاباد دایما بە سەربەرزی و شانازییەوە خزمەتی ئەم ئەفسەرە نیشتمانپەروەرانە

١. ڕوحوڵڵا ڕەمەزانی "سیاسەتی دەرەوەی ئێران" ١٩٠٠-١٩٤١ بە زمانی ئینگلیزی، ساڵی ١٩٦٦، لاپەڕەی ٢٥.

٢. ئیگیلتۆن لەمەشدا بە هەڵە چووە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٦ بە مێژووی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە نیشان دەدات بڕوانە كتێبەكەی، لاپەڕەی ٧٨-٧٩.

بەیاد دەکات.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و شەخسی قازی محەمەد گرینگییەکی زۆر گەورەیان دەدا بە مەسەلەی خوێندەواری و پەرەپێدانی فەرهەنگ. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە کۆمیتەی ناوەندی هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی تێکۆشینی خۆیەوە بەم ئامانجە ڕیزە بڕیارێکی پەسند کرد. لە یەکێك لەم بڕیارانەدا وێژراوە: ″بە تەواوی هاونیشتمانانی خۆشەویست ڕائەگەیەندرێت، کە بەگوێرەی ئەسپاردەی پێشەوای مەزن (ئامانج قازی محەمەدە) وە بڕیاری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمە بەولاوە بە ئامانجی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی لە تەواوی قوتابخانەکان ئەبێ خوێندن بە زمانی کوردی بێت. لەم ڕۆوە هەتا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێکی کوڕ وەیا کچی تەمەنی خوێندنی بێت ئەبێ بۆ قوتابخانەی بنێرێت″[١].

قازی محەمەد لە وتارێکی خۆیدا لە ڕووی عەشیرەتەکان باسی گرینگیی خوێندن و زانستی بۆ گەلی کورد کردووە، لۆمەی عەشیرەتەکانی کردووە کە بۆ خوێندەوار بوون هەوڵ نادەن وە گوتوویەتی ″برایانی خۆشەویست، ئەمن لە ئێوەم ئەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن، بەڵکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری لەگەڵ لەشکری نەتەوەکانی تر بکەن. ئەم چەکەش زانست و خوێندەوارییە ئەمن لە ئێوەم ئەوێ بە زانست بەربەرەکانیی دووژمنان بکەن. مەشوورە کە ئەڵێن چەکی بێ عەقڵ دوژمن نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان (ئامانج عەشیرەتەکان–نووسەر) ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر ببن. ئەگەر بڵێم کوڕەکانتان وەیا براکانتان بهێنن بیاننێرم بۆ ناوچەی شەڕ باکیان نییە وە ئەگەر ١٠ کوڕی هەبێ هەر ١٠یان ئەهێنێ بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان ئەنێرم ڕووی خۆیان گرژ ئەکەن وە بیانووی بێ جێ ئەهێننەوە. ئەگەر پێیان بڵێم

١. ڕۆژنامەی ″کوردستان″ بەرواری ١١ی ژانوویە ساڵی ١٩٤٦.

قوتابخانەیەك لە دێیەكانتان ئاواڵە بكەنەوە مات ئەبن... لە ژیانی كورد دا ۳ شتی گەورە زۆر پێویستە: "خوێندن–خوو، ڕەوشت و تەربیەی باش و فیداكاری"[1].

كۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك. بۆ لە نێوان لابردنی خوێندەواری و پەرەپێدانی فەرهەنگ هەر لە یەكەمین كاتی تێكۆشینی خۆیەوە بە سەرۆكایەتیی قازی محەمەد كۆمیسیۆنی پێ ڕاگەیشتن بە كاروباری فەرهەنگیی هەڵبژارد. یەكەمین هەنگاوی ئەم كۆمیسۆنە دامەزراندنی قوتابخانەی "گەلاوێژ" بوو لە ئاخری مانگی نوامبری ساڵی ۱۹٤٥دا بوو. لەم قوتابخانەیە بە تایبەتی كوڕ و كچی هەژاران قوبووڵ دەكرا وە تەواوی هۆی پێویستی خوێندن و جلوبەرگی قوتابی بە خۆڕایی دەدرا بە قوتابییان. هەر لەو سەردەمەدا بەگوێرەی لێگێڕانەوەی قازی بۆ یارمەتی بە قوتابخانەی "گەلاوێژ"، نیشتمانپەروەرانی كورد پارەیەكی زۆریان دا. ڕۆژنامەی "كوردستان" بەم بۆنەیەوە نووسیبووی، كە قازی محەمەد لە ماڵی شەخسیی خۆی ۱۱ هەزار تمەنی بە قوتابخانەی "گەلاوێژ" پێشكێش كردووە[2]. كرانەوەی قوتابخانەی كوردیی "گەلاوێژ" لەلایەن دانیشتووانی مەهاباد و مەڵبەندەكانی دەورویەرییەوە وەك بەسەرهاتێكی گەورەی مێژوویی وە جێژنێكی كۆمەڵایەتی پێشوازیی لێ كرا. هەتا ئەو سەردەمە مەهاباد بە هەموویەوە ٥ قوتابخانەی سەرەتاییی لێ هەبوو كە ژمارەی تەواوی قوتابییەكانی ٤۳۹ قوتابی بوون، بەڵام لە ماوەی دوو مانگدا ژمارەی قوتابییەكانی "گەلاوێژ" گەییبووە ۳۰۰ قوتابی[3]. بەم جۆرە ح.د.ك. لە مێژووی گەلی كورددا بۆ یەكەم جار بەردی بناغەی فەرهەنگی كۆمەڵایەتی دانا، دەرگای قوتابخانەی بەڕووی منداڵانی هەژاردا ئاواڵە

---

۱. ڕۆژنامەی "كوردستان" ۳۰ی ژوئەنی ساڵی ۱۹٤٦.

۲. ڕۆژنامەی "كوردستان" ۱۱ی فیوریە ساڵی ۱۹٤٦.

۳. ڕۆژنامەی "دەستوور" بەرواری ۱۳ی تیری ساڵی ۱۳۲٥.

کردەوە و زرووفی خوێندنی بە خۆڕایی پێك هێنا.

قازی محەمەد گرنگییەکی زۆر گەورەی دەدا بە قوتابخانەی "گەلاوێژ" وە ئەم قوتابخانەیەی "بەدوا ڕۆژی ڕووناکی گەلی کورد" نێوبردبوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا قازی محەمەد کاتێك کە چووبووە تاران لەگەڵ نووسەری ڕۆژنامەی "دەستوور" سکاڵای کردبوو وە لەم سکاڵایەدا باسی گرینگیی دامەزرانی قوتابخانەی "گەلاوێژ"ی کردبوو بۆ دواڕۆژی گەلی کورد. ڕۆژنامەی "دەستوور" نووسیبووی: "قازی محەمەد دڵخۆشی و هیوایەکی زۆر گەورەی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە. قازی کاتێك باسی سەربەرزیی حیزبەکەی دەکرد دەیگوت، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش ئەمەی تەواوی کاروباری مەهابادی گرتە دەست خۆیەوە گەلێك کاری گرینگی بەجێ گەیاندووە. لەم ڕیزە قوتابخانەیەکی شەش کلاسەی دامەزراندووە کە لە هەر کلاسەی ٥٠ کەس ئەخوێنن. قازی محەمەد دەیگوت بە زوویی ئەم قوتابخانەیە دەبێتە قوتابخانەی نێونجی وە لە پاشان وەردەگەڕێتە سەر زانستگای ژووروو، بۆ کوردستان وە هەروەها بۆ تەواوی ئێران پسپۆڕ و کادری تێگەیشتوو و زانا پێ دەگەیەنێت"[١].

قازی محەمەد لە خەباتی سیاسیی خۆیدا نرخێکی زۆر گەورەی دادەنا بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ڕووی زانست و فەرهەنگ و شارستانەتییەوە، لە تەواوی وتارەکانی خۆیدا لە گەلی کوردی دەگێڕاوە کە دەرس وەربگرن لە گەلانی سۆڤیەت بۆ وەلابردنی پاشکەوتوویی نیشتمانەکەیان. قازی لەم باوەڕەدا بوو، کە حاکمیەتی سیاسی بە بێ پەرەپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتی، بە بێ بەرەوژووربردنی هەستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵانی گەل ناتوانێت بنچینەیەکی پتەو و قایمی هەبێت.

---

١. ڕۆژنامەی "دەستوور" بەرواری ١٣ی تیری ساڵی ١٣٢٥.

قازی نرخێکی زۆر گەورەی دادەنا بۆ ناساندن و شارەزاکردنی گەلی کورد لە پێشکەوتووەکانی زانست و فەرهەنگ و شارستانەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت.

لە مانگی سیپتامبری ساڵی ١٩٤٥دا قازی محەمەد لەگەڵ سەیفی قازی دێنە باکۆ لەگەڵ سەرۆکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و حکومەتی ئازەربایجان وتوویژ بەڕێوە دەبەن. لەم وتوویژانەدا قازی بە تایبەتی مەسەلەی پەرەپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتیی کوردستان دەخاتە ڕوو و داوخواز دەکات لەم ڕێگەیەوە یارمەتی بدرێت بە هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان[١].

هەر لەسەر بناوانی ئەم داوخوازە، لە مەهاباد لقێکی کۆمەڵی پێوەندیی شارستانەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئێران دادەمەزرێت. هەر لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم لقەدا قازی وتار دەدات و دەڵێت: "لە یەکیەتیی سۆڤیەت نرخێکی زۆر گەورە دائەنێن بۆ مەسەلەی شارستانەتی. لە جیهاندا وڵاتێکی وا نییە، کە لە ڕووی زانست و شارستانەتییەوە بتوانێت بگاتە پێی یەکیەتیی سۆڤیەت. ئەمن لە وتووێژی خۆمدا لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت هەروەها ئەو کاتەی کە لە باکۆ بووم ڕام گەیاند، کە ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنە گەورەیەی، کە یەکیەتیی سۆڤیەت لە ڕووی زانست و فەرهەنگەوە وەدەستی هێناوە بە تەنیا لە وڵاتێك ئیمکانی هەیە، کە ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی وی ڕێوشوێنی سۆڤیەتی بێت.

لە یەکیەتیی سۆڤیەت شەرایتیکی وا دامەزراوە، کە هەموو مرۆڤێکی سۆڤیەت تێ ئەکۆشێت بۆ وەدەست هێنانی سەواد، فێربوونی زانست و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتی..."[٢].

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٥٢، پەروەندەی ژمارە ١٢، لاپەڕەی ٥١.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤٧، پەروەندەی ژمارە ٧، لاپەڕەی ١٤٥.

هەر لەم سەردەمەدا دەستەیەك لە ئارتیستەكانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ دانی نومایش دەچنە مەهاباد، چەند ڕۆژێك لە مەهاباد و نەغەدە و شتو نومایش دەدەن و لەلایەن كۆمەڵانی گەلەوە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ دەكرێت.

لە مەهاباد قازی زیافەتێكی گەورە بۆ ئەم ئارتیستانە پێك دەهێنێت، لە لایەن گەلی كوردەوە سوپاسیان لێ دەكات و لەمەڕ گرینگیی نومایشی ئەم ئارتیستانە دەڵێت: "ئێمە زۆر دڵخۆشین بەمەی، كە لە پێتەختی كوردستان چاومان بە ئارتیستەكانی ئازەربایجان ئەكەوێت. نومایشەكانی ئێوە یارمەتییەكی زۆر گەورە دەكات بە پەرەسەندنی هەستی ڕزگاریخوازی و نیشتمانپەروەریی كوردان. هاتنی ئارتیستەكانی ئازەربایجان لە هەمان كاتدا گرینگییەكی گەورەی هەیە بۆ مەحكەمكردنی دۆستایەتی و برایەتیی دوو گەلی كورد و ئازەربایجان..."[1].

بەگوێرەی داوخوازی قازی، كۆمەڵی پێوەندیی شارستانەتیی یەكیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئێران لە كانگای حیزبی دیموكراتی كوردستاندا نومایشگەیێكی گەورەی لە وێنەكانی جیاوازی شاری مەسكەو دامەزراند. هەموو ڕۆژی هەزارەها كەس لە دانیشتوانی مەهاباد و دێیەكانی دەوروبەری تەماشای ئەم نومایشگایەیان ئەكرد و ئەمە زۆر كاریگەربوو، چونكە یەكەمین جار بوو كە گەلی كورد لە نێزیكەوە چاوی بە مەسكەو بە سەركەوتنە گەورەكانی یەكیەتی سۆڤیەت ئەكەوت. قازی محەمەد لەمەڕ گرینگی ئەم چەشنە نومایشگەیانە بۆ گەلی كورد لە دەفتەری خاتراتی نومایشگەدا نووسیبووی: "لەمەڕ گەورەیی و عەزەمەتی مەسكەو ئێمە زۆرمان بیستووە و زۆریشمان خوێندووەتەوە و دایما لە خاترماندا بووە بەڵام بە داخەوە هەلێكی وامان نەبووە كە ئەگەر هیچ نەبێت لە دوورەوە

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤٧، پەروەندەی ژمارە ٧، لاپەڕەی ٢٩٨.

ببینین. ئەم نومایشگەیە هەلێکی وای پێ داوین کە هیچ نەبێت کەمێك شارەزابین لە مەسکەو. لە تەواوی دێیەکانی کوردستانەوە سەدەها و هەزارەها کورد دێنە مەهاباد بۆ تەماشای "مەسکەو"، ئێمە ڕەجا دەکەین زوو زوو نومایشگەی وامان بۆ بنێرن. ئەم چەشنە نومایشگەیانە یارمەتیی زۆرمان پێ ئەدات بۆ تەربیەتکردنی لاو و گەنجەکانمان بە ڕووحییەی خۆشەویستی و بەڕێزی نیسبەت بە یەکیەتیی سۆڤیەتی مەزن..."[1].

لە بەڵگەیەکی ئارشیوی حیزبدا باسی تێکۆشینی قازی محەمەد کراوە بۆ پەرەپێدانی چاپەمەنی و فەرهەنگ و تەندروستی لە کوردستانا و ڕاگەیەندراوە، کە قازی محەمەد لە تەواوی وتووێژەکانی خۆیدا لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت دایما بۆ ئەمە هەوڵی داوە، کە یارمەتی بکرێت بە فەرهەنگ و چاپەمەنی و شارستانەتی و داوای هیچ شتی تری نەکردووە[2]. لە ڕاستەقینەدا پێویستە بوێژرێت، کە ح.د.ك. و هەیئەتی ناوەندی لە هەموو شتێك بێبەش بوون. هیچ چەشنە سامان و بنچینەیەکی ئابووری کە پشتی پێ بسپێرن و کوردستان بەرەو پێشکەوتن بەرن، لە گۆڕێدا نەبوو، لە هیچ لایەکەوە یارمەتی نەدەکرا. ئەمەی کە هەبوو بە تەنیا ڕوحیە و گیان لەبەری و هیمەت و بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی بوو، کە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردی بەرەوپێش دەبرد.

لە نامەیەکی قازی محەمەددا کە بۆ سەرۆکەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت نووسراوە بە چاکی بۆمان دەردەکەوێت، کە بزووتنەوەی کوردان تا چ ڕادەیەك بێبەش بووە و ح.د.ك. و هەیئەتی ناوەند بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی لە بەرامبەر چ چەوت و نالەباری و

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧١، پەروەندەی ژمارە ٩، لاپەڕەی ١١٨.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٥٥، پەروەندەی ژمارە ١٥ (نامەی جیاوازە).

کۆسپ و چەتوونیدا هەڵکەوتووە. ئەم نامەیە هەروەها ئەوەمان پێ نیشان دەدات، کە قازی محەمەد لە پاڵ وەدەستهێنانی ڕزگاریی سیاسی تا چ ڕادەیەك هەوڵ و تەقەلاّی داوە بۆ وەلابردنی پاشکەوتوویی کوردستان لە ڕووی شارستانەتی و فەرهەنگ و تەندروستییەوە. لەم نامەیەدا قازی نووسیویەتی: "لە ئەنجامی سەرکەوتنی دەوڵەتی سۆڤیەتدا لە شەڕی دووەمی جیهانی، تەواوی نەتەوەکان بە یارمەتی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ڕێگەی دیموکراسییەوە پارێزگاری لە ڕزگاری و مافی خۆیان ئەکەن. نەتەوەی کوردیش بە پشت ئەستووری بە یەکیەتیی سۆڤیەت ئەیەوێت مافی خۆی لە ژێر زوڵم و زۆرداری نەجات بدات..."[1].

لە پاشان لە نامەکەدا قازی داوخوازی ئەم شتانەی خوارەوەی کردووە: چاپخانەیەك بە کاغەز و یەدەگەوە بۆ لە چاپدانی چاپەمەنییەکانی ح.د.ك. دامەزراندی نەخۆشخانەیەکی ١٥-٢٠ کەسی لە مەهاباد بە جەڕاح و حەکیم و دەرمانەوە، دامەزراندنی قوتابخانەیەکی حەوت کلاسە کە ١٥٠-٢٠٠ قوتابی بتوانن لەوێ بخوێنن، ناردنی چەند مامۆستا بۆ گۆتنی دەرسی زمانی ڕووسی، ئێستگەیەکی ڕادیۆ، سینەمایەکی سەیار، کە لە دێیەکان بتوانێت فیلم نیشان بدات، لکێکی کۆمەڵی پێوەندیی شارستانەتی لە مەهاباد ئاواڵە بکرێتەوە، بۆ دانی کۆنسێرت و نیشاندانی تیئاتر دەستەی ئارتیست بۆ مەهاباد بنێردرێت، ٤٠-٥٠ قوتابیی کورد بۆ خوێندن لە بەشەکانی جیاواز قوبووڵ بکرێن..."[2].

بەشی زۆری ئەم داوخوازانەی قازی لەلایەن دەوڵەتی سۆڤیەتەوە بەجێ گەیەندرا.

لە مانگی نوامبری ١٩٤٥ لە مەهاباد "چاپخانەی کوردستان" دامەزرا

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤١، پەروەندەی ژمارە ٣، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٧٣.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٥٥، پەروەندەی ژمارە ١٥ (نامەی جیاواز).

وە لە بەرواری ٦ی دیسامبری هەر ئەو ساڵەدا کۆواری سیاسی و تیۆریی ح.د.ك. بە نێوی ″کوردستان″ لە چاپ دەرچوو. لە پاش ئەمە هەر لەو مانگەدا کۆواری ″هاوار″ وە ″گڕوگاڵی منداڵان″ چاپ بوو. لە بەرواری ١٣ی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٦دا ڕۆژنامەی ″کوردستان″ وەك بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی ح.د.ك. چاپ کرا. دەرچوونی ڕۆژنامەی ″کوردستان″ لە ژیان و خەباتی حیزبدا بەسەرهاتێکی زۆر بە دیمەن و گەورە بوو. لە یەکەمین ژمارەی ″کوردستان″دا لە ڕیزەی چەند نووسراوەیەك، سکاڵای قازی محەمەد لەگەڵ نوێنەرانی چاپەمەنییەکانی تاران چاپ کراوە. ڕۆژنامەی ″کوردستان″ هەر لە یەکەمین ژمارەوە ئاوات و ئامانجی گەلی کوردی لە لاپەڕەکانی خۆیدا بە ئاشکرایی وەدی دەدا. کۆواری ″گەلاوێژ″ لەمەڕ گرینگیی ڕۆژنامەی ″کوردستان″ بۆ گەلی کورد نووسیبووی: بە ڕاستی ئەمە یەکەمین ڕۆژنامەیەکی چاپکراوی کوردییە کە لە تەواوی ڕووەکانی ژیانی گەلی کورد ئەدوێ وە ڕێگەی ڕزگاربوونیان پێ نیشان دەدات[1].

لە ئاخری ساڵی ١٩٤٥دا خەباتی گەلی ئازەربایجان لە ئێران بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی دیموکراتی ئازەربایجان زۆر بە تووندی پەرە دەگرێت. لە بەرواری ١٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٥ لە تەورێز یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی نەتەوایەتیی ئازەربایجان پێك هات وە لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی و خودموختاریی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی سەید جەعفەری پیشەوەری بڕیاری دەرکرد. لە ئەنجامی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوایەتیی ئازەربایجاندا تەواوی بەشە هۆردووەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستیی ئێران لە شارەکانی تەورێز و ورمێ و میاندوئاو و... هتد چەکیان دانا و تەسلیم بوون. ئەم بەسەرهاتە گرینگییەکی زۆری هەبوو بۆ پەرەسەندنی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی مەهاباد، چونکە مەترسیی پەلاماری هوردووی ئێران لە

١. کۆواری ″گەلاوێژ″ ژمارە ٣، لاپەڕەی ٢٩، ساڵی ١٩٤٦.

لای ورمێ و میاندووئاوه وه بۆ سەر مەهاباد لە نێوان هەڵگیرا.

لەو سەردەمەدا بەرهەڵست و کۆسپێکی هەرە گەورە کە لەسەر ڕێگەی بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەی گەلی کورددا هەڵکەوتبوو مەسەلەی نەبوونی هۆی پێویستی ئابووری و پارە بوو. بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی کوردستان، بەڕێوەبردنی گەلێك ڕیفۆرمی پێویستی کۆمەڵایەتی، مەسەلەی ئاوەدانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتی و تەندروستی، تەواوی ئەمانە پێویستی بە پارە و هۆی ئابووری هەبوو. بەبێ ئەمە نەدەکرا هیچ کارێك بەرەو پێش ببردرێت. لەبەر ئەمە کۆمیتەی ناوەندی بەر لەمەی کە دەوڵەتی نەتەوایەتیی کوردستان دابمەزرێت، پێویست بوو ڕیزە تەکبیرێکی ئابووری بە ئامانجی پێکهێنانی بناغە و بنچینەی پتەوی جووڵانەوە بەڕێوە ببردرێت. لەم ڕووەوە چۆنایەتیی ئازەربایجان زۆر باش بوو وە دەیتوانی تەواوی پێویستییەکانی مادیی خۆی لەسەر بنچینەی پاشماوەکانی بودجەی دەوڵەتی تاران لە بانکەکان وە هەروەها لە داهاتی کارخانە و کارگەکانی دەوڵەتی لە ئازەربایجان پێك بێنێت. بەڵام لە کوردستان، بە تایبەتی لە شاری مەهاباد بانکی دەوڵەت بە تەنیا ٣٠–٤٠ هەزار تمەنی هەبوو، کە ئەمەش هەر ئەوەند بەشی مانگانەی مانگێکی کاربەدەستانی دایرەکان و مامۆستایانی قوتابخانەکانی دەکرد و جیا لەمە و هەندێك دەغڵ، هیچ شتێکی دەوڵەتی لە کوردستان نەمابوو.

جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیك لە مەهاباد بە تایبەتی لەم ڕووەشەوە گرینگییەکی زۆر گەورەی هەیە وە لێرەشدا بە تەنیا هیمەت و پیاوەتی و لەخۆبوردوویی و هەستی نیشتمانپەروەریی کوردان بوو، کە بنچینەی ئابووری و مادی ئەم جووڵانەوەیەی پێك هێنا.

لە بەرواری ٢٤ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٥دا کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك.

هەیئەتی ناوەندی و نەتەوایەتی، وەختی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتیی قازی محەمەد بۆ پێکهێنانی بنچینەی ئابووری و مادی و پارەی پێویست بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی جوولانەوە. ئەمەی کە شایەنی باسە تەواوی ئەندامانی ئەم هەیئەتی ناوەندییە لە پیاوانی شۆڕشگێڕ و بیرڕووناکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک. پێك هاتبوون وە ئەمەش هەلێکی باشی پێ دەدا بۆ کارکردن و پەسندکردنی ڕیزە بڕیارێك لەسەر مەسەلەی ئابووری و باج ئەستاندن و... هتد. لە ڕاستەقینەدا ئەم هەیئەتە ئەرکی دەوڵەتی بەجێ گەیاند وە تەواوی بڕیارەکانی وی بەبێ قسە، دەبوو بەجێ بگەیەندرێت. هەیئەتی ناوەندی لە یەکەم بڕیاری خۆیدا تەواوی دەغڵ و تووتنەکانی دەوڵەتی ئێران کە لە عەمبارەکاندا مابووەوە، هەروەها سەرمایەی بانکەکان و داهاتی تری دەوڵەتی تارانی کردە نەتەوایەتی و خستیە ژێرچاودێریی خۆیەوە. هەیئەتی نەتەوایەتی بۆ مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی مادیی جوولانەوەی نیشتمانیی دیموکراتیك، کەوتە بیری دامەزراندنی کۆپیراسیونی بازرگانی. لە ئاخری ساڵی ١٩٤٥دا لە مەهاباد کۆپیراسیۆنی بازرگانی بەنێوی ″شیرکەتی تەرەقی″ ئاواڵە کراوە. لە یەکەمین پلەدا سەرمایەی ئەم شیرکەتە ١٥ ملیۆن قران بوو، بەڵام پاش دوو مانگ یانی لە مانگی فیوریە ١٩٤٦دا گەیشتە ٣٠ ملیۆن قران[١]دا.

دامەزرانی ئەم شیرکەتە پلان و نەخشەی دەوڵەتی تارانی لەمەڕ کوشینی کوردستان لە ڕێگەی ئابوورییەوە بە پووچ دەرچوواند. شیرکەتی تەرەقی جیا لەمەی، کە پێویستییەکانی دانیشتووانی کوردستانی بە شتومەکی پێویستی پیشەسازی مسۆگەر کرد، لە هەمان کاتدا بۆ فرۆشتنی داهات و حاسڵاتی کشتوکاڵی کوردستانیش دەورێکی گەورە و گرینگی هەبوو. وەکی لەسەرەوە باس کرا، دەوڵەتی تاران بە ئامانجی کوشینی

١. ڕۆژنامەی ″کوردستان″ بەرواری ١٦ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٦.

ئابووری، حاسڵاتی تووتنی ساڵی ۱۹٤۱ و۱۹٤٤ی کوردستانی کڕیبوو وە لە عەمبارەکان ڕای گرتبوو وە پارەکەی نەدەدا. شیرکەتی تەرەقی ئەم توتنەی فرۆشت[١] وە لە مێژووی تووتنکێڵیی کوردستاندا بۆ یەکەمین جار پارەی تووتن درا بە تووتن کێڵەکان، نەك بەخاوەن موڵك و سەرۆك عەشیرەتەکان، لە کاتی دەستەڵاتی دەوڵەتی تاراندا تووتنکێل لەسەر بنچینەی هۆی پاشکەوتوویی کشتوکاڵ، بە خۆی و خێزانیەوە بە هەزار کوێرەوەری تووتنەکەی ڕەعەمەل دەهێنا و یشکی دەکردەوە وە دەیدا بە عەمباری دەوڵەت وە ئیتر ئاگای لە نرخ و پارە نەدەبوو. مەسەلەی فرۆشتن و پارە وەرگرتن لە دەوڵەت "لە عۆدەی" خاوەن موڵکدا بوو. خاوەن موڵکەکانیش بەگوێرەی "ئینسافی" خۆیان لەگەڵ تووتن کێڵەکان دەبزووتنەوە، یانی لە سەدا ۷۰یان دەخستە گیرفانی خۆیانەوە وە بەتەنیا لە سەدا ۳۰یان دەدا بە تووتنکێلەکان. جیا لەمە، چەوەندەرکێلەکانیش بە تەنیا چاویان لە دەست و "ئینسافی" خاوەن موڵك دەبوو، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە گوێرەی بڕیارێکی تایبەتی ڕای گەیاند، کە لە مەبەولاوە بە تەنیا چەوەندەرکێلەکان دەبێ پارەی چەوەندەر وەربگرن وە ئەوان بۆ خۆیان بەشی خاوەن موڵکەکان بدەن[٢]. ح.د.ك. ئەو "ڕەسم و دابەی" چەوساندنەوەی تێکوپێك دا. ئەم بەسەرهاتە بەرێزی و دەستەڵات و خۆشەویستی ح.د.ك لەنێو زۆربەی لادێییەکاندا گەلێك بەرەوژوور برد، لە هەمان کاتدا کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندنی حاسڵ و داهاتی کشتوکاڵ وە لادێییەکان بەدڵخۆشییەوە خەریکی کشتوکاڵ دەبوون.

لە سەدا ۸۰ی سەرمایەی شیرکەتی تەرەقی هی تەواوی گەل "کۆمەڵایەتی" بوو وە سوودی ئەم سەرمایەیە لە لایەن هەیئەتی ناوەندییەوە بۆ کاروباری بەهێزکردنی هێزی چەکدار، پەرەپێدانی

١. ئەم تووتنە بایی ۸۰۰ هەزار دۆلار بوو. بڕوانە کتێبەکەی ئیگلیتۆن لاپەڕەی ۸۸.
٢. "ڕۆژنامەی کوردستان" بەرواری ١٦ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٦.

فەرهەنگ و تەندروستی و شارستانەتی و ئاوەدانی خەرج دەکرا.

قازی محەمەد لە وتارێکی خۆیدا لە کۆبوونەوەی کاربەدەستانی شیرکەتی تەرەقی، باسی گرینگیی ئەم شیرکەتەی کرد و گوتبووی: "بەر لە هەموو شتێك دوژمن لە ڕێگەی ئابوورییەوە پەلامار دەهێنێت وە دایما ئەکۆشن لەم ڕێگەوە ئاژاوە و ناکۆکی ئەخەنە نێو گەلەوە. مەسەلەن دەوڵەتی ئێران ئەیەویست لەسەر مەسەلەی تووتن ناکۆکی و دووبەرەکایەتی لە نێو کورداندا پێك بێنێت... لەسەرمان پێویستە ڕێگەیەکی ئابووری بۆ خۆمان بدۆزینەوە. ئەبێ شیرکەتی تەرەقی لە هەموو لایەکەوە پەرەی پێ بدرێت وە پێوەندیی بازرگانی لە تەواوی کوردستان دابمەزرێنێت. دەوڵەتی کوردستان پێویستی بە زۆر شت هەیە. ئەبێ چۆنایەتیی خۆی بەگوێرەی ڕێوشوێنی جیهانی نوێ بگۆڕێت. ئەبێ فەرهەنگ و کشتوکاڵ و پیشەسازی دابمەزرێ و پەرە پێ بدرێت وە پێکهێنانی ئەمانەش تێکۆشین و لەخۆبووردنی پێویستە"[١].

دامەزرانی شیرکەتی تەرەقی و سوودی زۆری ئەم شیرکەتە بۆ گەل و بۆ ئابووری وڵات، بە زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی نیشان دا کە ئابووریی تێکڕایی و کۆپیراسیۆن تا چ ڕادەیەك گرینگیی هەیە بۆ بەرەژووربردنی ئابووری و ئاوەدانی و ژیانی وڵات. شیرکەتی تەرەقی یەکەمین ڕێکخراوەیەکی ئابووری و سۆسیالیستی بوو کە بە پێی پلان لە ژیانی ئابووریی گەلی کورددا دامەزرا وە نموونەی باشیی ژیانی سۆسیالیستیی بە گەلی کورد نیشان دا.

هەیئەتی ناوەندی بە هاودەنگییەوە مەسەلەی باج ئەستاندن و مالیات خڕکردنەوەی پەسند کردووە وە بەگوێرەی بڕیاری تایبەتی بۆ تەواوی عەشیرەت و خاوەن موڵك و تاجرەکان پارە و دەغڵی باج دیاری کرا وە

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٦ی مارسی ساڵی ١٩٤٦.

هەرکەس دەبوایە لە کاتی خۆیدا ئەم دەغڵ و پارەیە بۆ دایرەی باج وەخرکەری بهێنێت. بڕیاری لەمەڕ باج ئەستاندن بە جۆرێك لەبەرچاو گیرابوو کە بە پێچەوانەی سەردەمی دەستەڵاتی دەوڵەتی تاران هەژاران و لادێییەکان هیچ چەشنە باجێکیان لێ نەدەستێندرا وە دەبوایە هەمووی خاوەن موڵك بیدات. لەم ڕێگەیەشەوە بۆ پێکهێنانی هۆی ئابووری و مادی جوولانەوەی وە بەهێزکردنی پێشمەرگە، پارەیەکی زۆر لە خەزێنە وەخرڕ کرا.

مەسەلەی باربووکرانیش ببووە ئەرکێکی نیشتمانی وە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن موڵکەکانی کوردستان و تاجرەکان بە هۆی پارە و دەغڵ و مەڕوماڵات یارمەتییان دەکرد. ئەگەر سەرنجێك بدەینە سەر ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەبینین کە تاقە ژمارەیەك نییە کە لەوێدا سیاییی باربووکرانی هێزی پێشمەرگە و قوتابخانەی گەلاوێژ وەیا چاپخانەی کوردستان لە لایەن ڕیزە کەسێکەوە چاپ نەکرابێت. بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەن موڵك و تاجری وا هەبوون کە خۆیان لە یارمەتیکردن گێل دەکرد. لەم حەلەدا بەگوێرەی بڕیاری هەیئەتی ناوەندی بۆ مرۆڤێکی بەم جۆرە پارەیەکی تایبەتی دیاری دەکرا و بە خۆشی و ناخۆشی دەبوایە ئەم پارەیە بدات. لەم ڕیزە بە تەنیا لە میرزا رەحمەتی شافیعی کە یەکێك بوو لە تاجر و خاوەن موڵکەکانی هەرە دەوڵەمەندی کوردستان ١٠٠ هەزار تمەن دەستێندرا بۆ یارمەتی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وە ئەم پارەیە تایبەتی بۆ پۆشتەکردن و چەکدارکردنی بارزانییەکان سەرف کرا.

قازی محەمەد دوژمنی ئاشت نەبووەوەی ڕیزە بەڵایەکی کۆمەڵایەتی بوو و لە سەردەمی لاوەتییەوە ئەوەندەی پێی کرابایە لە دژی ئەم بەڵایانە خەباتی ئەکرد. کاتێك کە هەیئەتی ناوەندی هەڵبژێردرا قازی لە پاڵ تەواوی کاروباری گەورەی سیاسی و ئابووری، مەسەلەی خەباتکردن بەپێچەوانەی ئەم بەڵایانەشی لەبیر دەبرد. قازی لە گەلێك وتاری خۆیدا

باسی ئەم بەڵایانەی دەکرد و دەیگوت، کە بەرتیل خواردن و ترياك کێشان و قەحپەخانە ئاواڵەکردنەوە بیرەوەری و یادگارییەکە دوژمنان بۆ گەلی کوردیان هێناوە وە ئەمانە کۆسپێکی زۆر گەورەن لەسەر ڕێگەی پێشکەوتن.

هەیئەتی ناوەندی بەگوێرەی پێشنیازی قازی محەمەد بۆ نابووتکردنی ئەم بەڵا کۆمەڵایەتییانە کە لە ڕێوشوێنی چەوسێنەری و زۆرداریيەوە سەرچاوە دەگرێت وە لە ژیانی گەلدا ڕیشەی داکوتابوو چەند بڕیارێکی پەسند کرد. یەکێك لەم بڕیارانە مەسەلەی یاساغکردنی بەرتیل خواردن بوو. لەم بڕیارەدا نووسراوە: "بە هۆی ئەم نووسراوەیەوە لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەواوی کاربەدەستانی دەوڵەتی وە نەتەوە ڕائەگەیەندرێت کە هەر کەس لە هەر ڕێگەیەکەوە بە هەر نێوێك لە تمەنێکرا تا چەند تمەن بۆ هەڵسووڕاندنی کارێك (چ قانوونی، چ شەرعی وە غەیرە) بەرتیل و ڕیشوە بدات وەیا وەربگرێ لە پاش مەعلوم بوون، بە خاینی نەتەوە و وڵات ئەناسرێ وە بڕیاری تەنبێکرانی ئەم کەسانەش لە ١٠ ساڵ بەندیرا هەتا کوشتن لەبەرچاو گیراوە"[١].

یەکێکی دیکە لە بڕیارەکانی هەیئەتی ناوەندی یاساغکردنی کێشانی ترياك وە دەرکرانی ترياك کێشەکان بوو لە کوردستان. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەم بۆنەیەوە نووسیبویە: "خەبەرێکی خۆش. ئەرێ بیستووتانە لە تەواوی کوردستانێدا کە چەند کەسێك ترياکی هەبوون بە ئەمری حیزبی دیموکرات حوققە و ماشەکیان لێ شکاندوون وە دەریان کردوون"[٢].

---

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ١١ی فیوریە ساڵی ١٩٤٦.

٢. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ١٣ ژانویەی ساڵی ١٩٤٦.

هەر لە هاوینی ساڵی **١٩٤١** کە دامودەزگای ڕەزاخان ژێر و ژوور بوو "گەڕەکی ئەکبەر ئاباد"ی مەهاباد کە لەلایەن ئەفسەرەکانی تاران و کاربەدەستەکانی دەوڵەتییەوە وەرگێڕدرابووە سەر مەکۆی فەساد و قەحپەخانە، لەلایەن نیشتمانپەروەرانی مەهابادییەوە بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد ژێر و ژوور کرا وە تەواوی خراپکارەکانی ئەم گەڕەکە لە مەهاباد وەدەرنران. زانای سۆڤیەت فیلچیوفسکی لە کتێبەکەی خۆیدا بەم بۆ ئەمەوە نووسیویەتی: "لە نێو تەواوی شارەکانی ئێراندا بە تەنیا مەهابادە کە تاقە خانوویێکی قەحپەخانەی لێ نییە..."[١].

جیا لەمانە، هەیئەتی ناوەندی لەسەر یاساغکردنی ڕەدواکەوتنی کچ، بە زۆرداری بەمێرددان وەیا هەڵگرتنی کچ، بڕیاری تایبەتی دەرچوواند. ئەم بڕیارە چەند جار لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا دووپاتە کراوە وە گرینگییەکی گەورەی هەبوو بۆ لەناوبردنی ئەم دابە پیسە.

ئەرکێکی دیکەی سەرشانی هەیئەتی ناوەندی ئەمە بوو، کە بنچینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوایەتی بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندرانی حکومەتی کوردستان و دەوڵەتی کوردی پێك بێنێت وە بەر لە هەموو شتێك بانگکردنی کۆبوونەوەی دامەزرێنەران (مەجلیسی موئەسەسان) پێویست بوو. لەم ڕووەشەوە هەیئەتی ناوەندی کارێکی زۆری بەڕێوە برد. کۆسپێکی کە لەسەر ئەم ڕێگەیە هەبوو مەسەلەی ناساندنی نیشتمان فرۆشانی کوردستان بوو بە کۆمەڵانی گەل. قازی محەمەد وە ئەندامە بیرڕووناك و شۆڕشگێڕەکانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك. ئیتر هەستیان بەمە کردبوو، کە کاتی وەڕوودانی دیوی ئاوەژووی خاینە نیشتمان فرۆشەکان گەیشتووە، بەڵام ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، لەم ڕیزە عەمەرخانی شکاك، ڕەشید بەگی هەرکی،

١. خڕکراوەی ئیتنۆگرافی وەڵاتەکانی نێزیکی "ئاسیا"، جیلدی ١، لاپەڕەی ٢٠٣، ساڵی ١٩٥٨.

سەیەعەولا ئەفەندی و پیاوە دینییەکانی تری مەڵبەندی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ لە دژی ئەمە بوون، بەڵام سێلاو و شەپۆڵی جوولانەوە هێندە بەهێز بوو، کە ئەمانە خۆیان پێ ڕانەگیرا وە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دەرچوواند، کە لە ڕۆژی کۆبوونەوەی دامەزرێنەراندا نیشتمان فرۆشەکان بە گەلی کورد بناسێنن. نوێنەرانی هەیئەتی ناوەندی بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەرانی کۆبوونەوەی دامەزرێنەران بەتەواوی مەڵبەندەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوە.

لە سەرەتای مانگی ژانوویەی (کانوونی سانی) ساڵی ١٩٤٦دا لە مەڵبەندەکانی جیاوازی کوردستانەوە پۆل پۆل نوێنەر بەرەو مەهاباد دەهاتن بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی گشتیی دامەزرێنەراندا.

لە ڕیزەیەك لە نووسراوەکانی لەمەڕ مێژووی ح. د. ك. و کۆماری کوردستان، سەرۆکەکانی جوولانەوە بە تایبەتی شەخسی قازی محەمەد بەمە تاوانبار دەکەن، کە نەیانویستووە و یا نەیانتوانیوە ئەم جوولانەوەیە بەسەر تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێراندا بڵاوکەنەوە و گۆیا ئامانج و ئەرکیان بە تەنیا ڕزگاریی مەڵبەندی موکریان بووە. ئەمە بە تەواوی درۆ و ئیفترایە و لە وێژراوەکانی قازی کە لە پاشان باس دەکرێت ئەم ڕاستەقینەیە وەدیار دەکەوێت. پاش سازبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەگوێرەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بۆ بەشی زۆری مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێران نوێنەر ناردرا بۆ دامەزراندنی لقەکانی ح.د.ك. لە بەڵگەیەکی مێژووییدا لەم باسەوە نووسراوە: "لە بەرواری ١ی نوامبری ساڵی ١٩٤٥دا دەست کرا بە هەڵبژاردرانی کۆمیتەکانی حیزب لە مەڵبەندەکان و هەتا ١٢ی نوامبر لە مەڵبەندەکانی ماکۆ و شاپور و ڕەزایە و نەغەدە و شنۆ و لاجان و مەهاباد و میاندوئاو و بۆکان هەڵبژاردنی کۆمیتەکان تەواو بوو"[١]. ئەم کۆمیتانە تەواوی کاروباری مەڵبەندی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤١، پەروەندەی ژمارە ٣ جیلدی ٢، لاپەڕەی ٧١.

خۆیان گرتبووە دەست. پاش کۆنگرەی حیزب قازی لە وتارێکی خۆیدا گوتبووی: "ئێمە لە ڕاستەقینەدا خودموختاریمان وەدەست هێناوە، چونکە تەواوی کوردستانی شیمالی بگەڕێی چاوت بە تاقە پۆلیس و ژاندارم وەیا کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئێران ناکەوێت..."[١].

کۆمیتەی ناوەندی و شەخسی قازی محەمەد هیچ کاتێك مەڵبەندەکانی تری کوردستانیان بە تایبەتی ئەم شوێنانەی کە لە ژێر حوکماتی هۆردووی ئینگلیزدا بوون لەبیر نەکردبوو، یەکەمین تێکۆشینیان لەم مەڵبەندانە ئەمە بوو، کە بە نهێنی لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێنن و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و خەبات لە نێو گەلدا بڵاو بکەنەوە.

نووسەری ئەمەریکی ئیگیلتۆن باسی ئەم مەسەلەیە دەکات و ئەنووسێ: "قازی بە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێراندا لە مەڵبەندی عێلی جەلالیڕا بگرە هەتا مەڵبەندی عێلی جوانڕۆ و هەورامان نوێنەرانی خۆی بڵاوکردەوە..."[٢].

نوێنەرانی هەیئەتی ناوەندی و تێکۆشەرانی حیزب بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی کۆبوونەوەی دامەزرێنەران کاروبارێکی زۆر گەورەیان بەڕێوە برد و مەرج و زرووفێکی باشیان پێك هێنا بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە.

لە سەرەتای مانگی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٦دا لە مەڵبەندەکانی جیاوازی کوردستانەوە پۆل پۆل نوێنەر بۆ مەهاباد دەهاتن بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی گشتیی دامەزرێنەراندا.

***

لە بەرواری ٢٢ی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٦دا لە مەهاباد کۆبوونەوەی

١. هەر لەوێ، لاپەڕەی ٧٢.

٢. ئیگیلتۆن، لاپەڕەی ٦٧ی کتێبەکەی.

دامـەزرێنـەران بـە شێوەی مـیـتـینگێکی ٢٠ هـەزار کـەسی لـە نوێنـەرانی تـەواوی چین و کۆمـەڵ و هێزەکانی کوردستان پێك هـات. ئـەم ڕۆژە لـە مێژووی خـەبـاتـی گـەلی کوردا بـە شۆڕش و جوولانـەوەی "٢ی ڕێبـەندان" مـەشـوورە. لـە کۆبوونـەوەی دامـەزرێنـەراندا نوێنـەرانی مـەڵبـەندی مـەهـاباد، سـەردەشت، شنـۆ و لاجـان، نـەغـەدە، ورمـێ، سەڵـمـاس، خـوی، مـاکـۆ، مـیـانـدووئـاو، سـاین قـەڵا، بۆکـان، سەقز، بـانـە، وە هـەروەهـا نـوێنـەرانی کوردستانی عێراق وە مەڵبەندی سنە و کرماشان (بە نهێنی) بەشدارییان دەکرد. لەم میتینگەدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك. وە سەرۆکی ستادی هێزی پێشمەرگە نیشتمانپەروەر و ڕۆڵەی شەهید و بە وەفای گەلی کورد محەمەدی نانەوازادە، بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك. لەمەڕ ڕاگـەیـانـدنـی ڕێوشوێنـی کـۆمـاری لـە کـوردسـتـان، دامـەزرانی دەوڵـەتی خودموختار وە دانانی قازی محەمەد بە پێشەوا و سەرکۆمای کوردستان ڕاگەیاند. محەمەدی نانەوازادە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕووی کردە قازی محەمەد و گوتی: "هەستی نیشتمانپەروەری، ڕۆحی پێشمەرگەیی و لـەخـۆبـووردن، هـەسـتـی تـۆڵـەکـردنـەوە، ئـارەزووی تـێکـەڵـبـوون بـە شەهـیـدەکـانـی ڕێگـەی ئـازادی، چـێشتـنـی لـەزەتـی سەربـەخـۆیـی، بـەرزکـردنـەوەی ئـاڵای پـاك و بـێگـەرد، دەنگی دیلی و زەلیلیی دایکی نیشتمان، تەواوی لاوانی کوردستانی وەجۆش و خرۆش هێناوە ئێستا چاوەڕێی سەرکۆمار و فەرماندەی خۆیان ئەکەن کە سوێندی بۆ بخۆن وە بـەڵێنی بدەنێ کـە ئـەم لـەخۆبووردووانـە ئـامـادەن هـەتـا دوایین تنۆکی خوێنیان دەست لە فیداکاری هەڵنەگرن"[١].

لە پاش ئەم وتارە ئاڵای سەربەخۆیی و ڕزگاریی کوردستان هەڵکرا. هێزی پێشمەرگە و هێزی چەکداری عەشیرەتەکان بە بەردەمی کورسیی سەرکۆماریدا بە تەرتیب و بە ڕێوجێ ڕابردن. لە پاش ڕابردنی هێزی

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" ١٣ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٦.

چەکدار پێشەوا وتارێکی کورتی دا و گوتی: "لە مێژوودا نەدیتراوە هیچ نەتەوەیەك توانیبێتی بەبێ خوێنڕێژی ئالای ڕزگاریی خۆی هەڵکا. نەتەوەی کورد توانی بێ ئەوەی خوێن لە کەپووی کەس بێت بە هۆی کارزانی و لێهاتوویییەوە ئالای ئازادی هەڵکا وە خۆی بە جیهانی پێشکەوتوو بناسێنی. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت، کە هێشتا بەشی زۆری برایانی ئێمە لەژێر چەپۆکی زۆردارانـدا ئەناڵێنن وە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان کەنەفتیان کردوون. خولا ئێمە سەرکەوتوو کات کە بتوانین بە زووترین کات زنجیری دیلی لە ئەستۆی ئەوانیش دامالین وە ڕزگاریان کەین"[1]. لە پاش ئەم وتارە کورتە پێشەوا سوێندی خوارد و کورتی: "ئەمن بە خوا، بە کەلامی عەزیمی خوا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی نەتەوەی کورد، بە ئالای بێ گەردی کوردستان سوێند دەخۆم کە هەتا دوایین هەناسەی ژیانم، وە ڕژاندنی دوایین تنۆکی خوێنم، بە گیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستاندا تێ کۆشم"[2].

هەر لەو سەردەمەدا پێشمەرگەیەکی ڕدێنداری ٥٠ ساڵە بەنێوی سەعید باوەجان لە ڕێزی پێشمەرگەکان هاتە دەرێ وە لە بەردەمی کورسیی سەرکۆمار بە دەنگێکی بەرز گوتی: "ئامادەم ئەم ڕدێنەم لە پارێزگاری لە نیشتمان لە خوێندا شەلاڵ کەم" ئەم قسانەی پێشمەرگەی ٥٠ ساڵە کە لە قووڵاییی دڵییەوە دەهاتە دەرێ، بووە هۆی ڕژانی فرمێسکی شادی و خۆشیی تەواوی ئەو خەڵکەی کە لەوێ وەکۆبوون. قازی محەمەد بە بیستنی ئەم قسانە لەسەر کورسی هاتە خوارێ دەستی لە ملی سەعید باوەجان کرد وە نێزیکەی پێنج دەقیقە یەکتریان ماچ کرد. ئەم دیمەنە شادی و خۆشییەکی فرمێسکاویی گەلێك پتری خستە نێو شەپۆلی گەلەوە،

١. کۆواری "هەلالە"، ژمارەی ١ لاپەڕەی ١١، ساڵی ١٩٤٦.

٢. ڕۆژنامەی "کوردستان" ١٣ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٦.

دەنگی "بژی کوردستانی ڕزگار"، "بژی پێشەوای مەزن" عاسمانی مەهابادی وەلەرزین خستبوو.

کۆبوونەوەی دامەزرێنەران بە هاودەنگییەوە بڕیارێکی دەرچوواند کە لە ڕاستەقینەدا ئەمە بڕیاری لەمەڕ ڕاگەیاندرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان وە دامەزراندنی دەوڵەتی خودموختار بوو. ئەم بڕیارە بەڵگەیەکی زۆر گرینگی مێژووی خەباتی گەلی کوردە، وە ئەوا لە ژێرەوە بە تەواوی وە هەر چۆنێك کە پەسند کراوە دەخرێتە بەرچاوی خوێندەواران.

"بڕیارێك کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا لەلایەن بیست هەزار کەس نوێنەرانی تەواوی چین و دانیشتووانی کوردستانی شیمالی لە میتینگی شاری مەهابادا پەسند کراوە".

لە ڕابردووی نەتەوەی کوردیشدا وەك نەتەوەکانی تری جیهان پاشایەتی و دەستەڵات و ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی کاروبار و شارستانەتی، داب بووە. بەڵام لەبەر فێڵ و تەڵەکەی دەوڵەتانی کۆنەپەرستدا لەت لەت بووە وە کراوەتە عەبد و دیل وە نەك هەر لە دەستەڵاتی، بگرە لە تەواوی پێویستەکانی نەتەوایەتی بێبەش کراوە.

چەند سەدەیەکە گەلی کورد گرانایی و ئەزیەتی غەیری قابیلی تەسەوری یەخسیریەتیی لەسەر خۆی هەست کردووە. بە تایبەتی لە پاش هاتنە سەر تەختی ڕەزاشای خوێنخۆری کۆنەپەرست، کوردەکان تووشی یەخسیرایەتییەکی گەلێك گرانتر بوون. ئەو موستەبیدە بە گوێرەی ڕێوشوێنی هیتلەری مووخەببەت کوردی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆی بێبەش کرد، هەندێك لە عەشیرەتەکانی کوردستانی بە تەواوی لە ڕیشە دەرهێنا وە لە نیشتمانی خۆیانی وەدوور خستن، فارسەکانی کۆنەپەرست جنێو و سووکایەتیی ئەوتۆیان بە ژیان و دین و منداڵانی

کورد ئەدا و ئەکرد کە لە گێڕانەوە نایە. کوردەکان نەك هەر لە خوێندن، تەنانەت لە قسەکردن و دوانیش بە زمانی زکماکی خۆیان بێبەش کرابوون.

کوردەکانی تورکیەش بە تایبەتی پاش هاتنە سەرکاری مستەفا کەمال پاشا هەروا بوون وە ئەم دڕندەیە بۆ بێ دەنگکردنی هەرای ڕزگاریخوازیی شێخ سەعید، یەك ملیۆن و نیوی لە کوردان کوشت.

کوردەکانی عێراقیش دەردی یەخسیرایەتییان کەم نەکێشاوە وە لەلایەن کەسانێکەوە کە لە فکری سەعادەتی ئادەمیزاددا نین خرانە ژێر یەخسیرایەتیی عەرەبانەوە[1].

لەگەڵ ئەو هەموو کوشتن و بڕین و تالان و بڕۆ و خوێنڕێژییەش، کورد هەرگیز لە بەرامبەر زاڵماندا سەری دانەنواندووە وە لە ڕێگەی سەربەخۆیی و ئازادیدا خەباتی خۆی بەڕێوە بردووە. ئیرادەی پۆلاینی کورد نانەوێ، هەر بووە وە هەر ئەمێنێ. لەو سالانەی دواییدا فرسەت و ماوەیەکی چاك هەبوو بەم ئازادییەی کە ئارەزوومان ئەکرد بگەین وە ئەگەر بە ئازایەتی و قارەمانەتییەوە ببزووتاینەوە لەمێژ بوو ئەم ئازادییەمان وەدەست ئەکەوت. بەڵام بە داخەوە لە نێو کورداندا کەسانێك هەن کە نە هەر خزمەت بەو فارسانە ئەکەن کە چەند سەدەیە ئێمەیان لە ژێر زوڵمی خۆیاندا ڕاگرتووە، بەڵکو بە ئاشکرایی نەتەوەی کورد ئەفرۆشن. سەودای عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد (سەرۆکی عەشیرەتی دیبوکری – نووسەر) لەگەڵ ستادی ئەرتەشی ئێران کە هەموو کوردی فرۆشتووە لە هەموومان مەعلومە. جاسوسی و نەتەوەفرۆشیی مەلا ڕەحمانی سورونجەداغی و محەمەدی فاررووقی و هەمزەلی قاوەچی وە... هتد لە خەڵکی مەعلوومە. قەرەنی ئاغای مامەش و محەمەدی عەباسی و عەلی خانی مەنگوڕ و

---

[1]. ئامانج ئیستیعماری ئینگلیزە – نووسەر.

عەولا ئاغای مەنگوڕ و چەند کەسێکی تر بە ئاشکرا بۆ پێکهێنانی ناکۆکی و ناتەبایی و لەت لەت کردنی کوردان تێ ئەکۆشن.

عەیبەی بزانن ئەی مەلعوونینە.

وەخەبەربێن تا زۆر درەنگ نەبووە. تەماشای دوژمنانی بەدفەڕ مەکەن.

ئێمە ئەزانین کە نیشتمانپەروەرە ڕابردووەکانی کورد هەرگیز نەتەوەی خۆیان و ئومێد و ئارەزووی وانیان لەبیر نەکردووە. لاوچاکانی ئێمە وەك ڕابردووان، بەبێ لادان هێزی خۆیان بۆ بەختەوەری و ئازادیی کوردان وەکار خستووە، وە بە چاکی هەستیان بەمەکرد کە سەرکەوتن ئەو حەلە وەچەنگ ئەکەوێت کە گەل زۆر بە توندی پاڵ و یَك دا. حیزبێکیان هەبێت وە لەگەڵ برایانی ئازەربایجانی بەیەکەوە ببزوونەوە. بە یارمەتی و پشتیوانی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەم حیزبە لە ماوەیەکی کەمدا بە سەرکەوتنی زۆر گەورە گەیشتووە:

ناکۆکی و دژهۆنیی نێو عەشیرەتەکانی هەڵگرت وە یەکەتییەکی پتەوی لە نێو ئەواندا پێك هێنا، هەیئەتی ناوەندی نەتەوایەتیی هەڵبژارد، چاپخانەی دانا وە لە مێژووی کوردی ئێراندا ئەمە یەکەمین جارە بە شێوەیەکی گشتی بڵاوکرانەوەی ڕۆژنامە دەست پێ کرا. قوتابخانەی کۆمەڵایەتی دامەزراندووە کە لەوێدا منداڵان بە زمانی زگماکی خۆیان ئەخوێنن، مەسەلەی خوێندنی مەجبووری و گشتی بەجێ ئەگەیەنێت، شارەوانی و دادپەروەریی داناوە، هێزی چەکداری نەتەوایەتیی دامەزراندووە.

بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

بژی دانەر و سەرۆکی ئەم حیزبە جەنابی قازی محەمەد.

ئێمە ئەزانین وە باوەڕمان هەیە کە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم کارە نیشتمانییەی خۆیان بە سەرکەوتنەوە ئەبەنە سەر.

ئێمە نوێنەرانی تەواوی چینەکانی کوردستانی شیمالی کە لە مەهاباد ئەو میتینگەمان پێك هێناوە وە ژمارەمان ٢٠ هەزار کەسە ئەمڕۆ ئارەزووی گشتیی خۆمان بەیان ئەکەین وە لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات وە هەیئەتی ناوەندیی خۆمان خواهیش ئەکەین وە ئیختیاری ئەدەینێ:

١. لەم جێگەیانەی کە ئێستا کوردی لێ ئەژی سەربەخۆییی تەواو وەدەست بخات.

٢. هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی نەتەوایەتی دەست پێ بکەن.

٣. حکومەتی نەتەوایەتیی کوردستان وە وەزیرەکان و دایرەکانی ساز بکەن.

٤. هێزی چەکداری نەتەوایەتی پێك بێنین.

٥. لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێ پێوەندیی بازرگانی و ئابووری دابنێین.

٦. لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکان هاوکاری و دۆستایەتی پتەو بکەن.

پایەداربێت کوردستانی ڕزگار.

بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

بژی ڕەهبەری خەڵکی کوردستان جەنابی قازی محەمەد[1].

ڕاگەیاندرانی کۆماری کوردستان وە دانانی قازی محەمەد بە پێشەوا و سەرکۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ڕاستەقینەدا سەرکەوتنی مێژوویی تەواوی گەلی کورد بوو لە ڕێگەی دیموکراسیەت و

---

١. ئەم بڕیارە لە ژمارەی ٨، بەرواری ٢٨ی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ کراوە.

جوولانەوەی نیشتمانیدا. ڕۆژنامەی بوورژوازی "کۆمبا" کە لە پاریس دەردەچێت بەم بۆنەیەوە نووسیبووی: "بە ڕاستی نابێ وا بزانین کە تیرەیەك بە تەنیا لە ئێراندا شۆڕشیان کردووە، بەڵکو لەناو نەتەوەیەکی ٩ ملیۆنی کورددا کە لە نێوان ٣ دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ئێراندا لەت کراوە (بە ئانقەست کوردستانی سووریەی نەنووسیوە – نووسەر) هەر لە ئەرزەڕۆمەوە هەتا ئارارات، وە لە مووسڵڕا هەتا لوڕستان دەست پێکرانی شۆڕشێکی گەورە دێتە بەرچاو... کاربەدەستانی تورکیا و عێراق لە بەرامبەر جوولانەوەی کوردەکانی ئێراندا زۆ ناڕەحەتن..."[١].

لە ڕاپۆرتی کاربەدەستێکی سیاسیی سۆڤیەتدا لەمەڕ گرینگیی دامەزرانی حکومەتی کوردستان نووسراوە: "... حکومەتی خودموختاریی کوردان لە مەهاباد نەك هەر بۆ دیموکراسی لێکردنی کۆمەڵایەتیی ئێران، بەڵکو بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردان لە تورکیە و عێراق گرینگییەکی زۆر گەورەی هەیە و بێ شك کارێکی گەورە ئەکاتە سەر کوردستانی عێراق و تورکیا..."[٢].

سەرکەوتنی جوولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی مەهاباد وە هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی ئازەربایجان سەرەتای ڕزگاری و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی گەلان و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی نێزیك بوو. لە ڕاستەقینەدا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێو گەلان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و نێوەڕاستدا گەلی کورد و ئازەربایجان یەکەمین گەل بوون کە زنجیری ئیستیعمارییان پچڕاند، ئاڵای ڕزگاری و دیموکراسیەتیان هەڵکرد وە لە ڕێگەی شۆڕشی هەرە پێشڕەوەوە دەستیان بە دامەزراندنی ڕێوشوێنی نوێی کۆمەڵایەتی کرد.

---

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئیرانی ما" ژمارەی ٤٧٨.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٨٦.

ڕۆژنامەی پێشڕەوی "نامەی ڕەهبەر" بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی توودەی ئێران نووسراوەیەکی درێژ و پڕ مانای لەسەر گرینگیی دامەزرانی کۆماری کوردستان وە خزمەتی قازی محەمەد لەم ڕێگەیەدا لە ژێر سەرەتای "گەل قارەمان و نەجیبی کوردستان وەیا ئاڵا هەڵگرانی کۆڵنەدەری جوولانەوەکانی دیموکراتیکی ئێران" چاپ کردبوو. لەم ڕیزە لە نووسراوەکەدا وێژراوە: "برایانی کورد لە نیشتمانپەروەریدا ڕابردوویەکی مێژوویی ڕووناکیان هەیە، بە ئامانجی نەجاتدانی تەواوی گەلانی ئێران بە پیاوەتی و فیداکارییەوە هەڵستاون وە لەژێر ڕەهبەری و پێشەوایەتیی جەنابی قازی محەمەددا، کە یەکێك لە کوڕانی هەرە کۆڵنەدەر و قارەمان و بەناوبانگی کوردستانە ٨٠٠ هەزار کورد لەژێر ئاڵای ئازادی و دیموکراسییەتدا یەکگرتوو بوون.

جوولانەوەی کوردستان نەك هەم بۆ ڕزگارکردنی بەشی زۆری ئێران لە ژێر سیاسەتی کۆنەپەرستی و زوڵم و زۆرداریی دەوڵەتەکانی سەدر و حەکیمی (ئەم دوو کەسە سەرۆك وەزیرانی ئێران بوون – نووسەر) گرینگییەکی زۆری هەیە، لە هەمان کاتدا ئەم جوولانەوەیە کارێکی زۆر گەورە و قووڵ و بێ وێنەی کردووەتە سەر زۆربەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێزیکدا..."[1]. هەر ئەم ڕۆژنامەیە لەمەڕ گرینگیی جوولانەوەی کوردستان و ئازەربایجان بۆ تەواوی ئێران نووسیبووی: "... جوولانەوەکانی ئازەربایجان و کوردستان ئەنجامی زوڵم و زۆردارییەکانی ڕابردووی ناوەخۆ و دەرەوەیە. ئەم دوو جوولانەوەیە سروشتی دیموکراسییەت و ئێرانی بوونی هەیە وە لەبەر ئەمە لەلایەن

١. "نامەء ڕەهبەر" ژمارەی بەرواری ٨ی ژوئیەی ساڵی ١٩٤٦ لێرەدا نووسەر لەمەڕ ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ڕزگاربوو بە هەڵە چووە. ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ڕزگاربوو بە گوێرەی بەڵگەی ڕەسمی یەك ملیۆن و دووسەد هەزار کەس بووە. بڕوانە ئاگادارییەکەی ح. د. ك.

زۆربەی گەلی وڵاتی ئێمەوە بە گەرمی پشتیوانیی لێ ئەکرێت... ئەم دوو جووڵانەوەیە لاگری ئێرانێکی بەهێز و ئازادە..."[1].

ڕۆژنامەی "مەردوم" بڵاوکەرەوەی ناوەندی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی ئێران لەمەڕ گرینگیی جووڵانەوەی کوردستان نووسیبووی: "شۆڕشی ئازەربایجان و کوردستان هەنگاوێکی گەورەی بنچینە بوو بۆ ئازادیی تەواوی ئێران لە ژێر دەستەڵاتی زاڵمانەی داگیرکەرانی ئینگلیزی و ئەمەریکایی. لە ئەنجامی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەدا ئازەربایجان و کوردستان وەرگەڕانە سەر بنکەیەکی هەرە گرینگی ڕزگاریخوازانی ئێران[2]..."

کۆواری "نوفایا فریمیا"ی سۆڤیەتی لەمەڕ گرینگیی دامەزرانی کۆماری کوردستان بۆ تەواوی گەلی کورد نووسیبووی: "کوردستان وەرگەڕابووە سەر چرایەکی ڕووناك و ڕێگەنیشاندەر بۆ تەواوی گەلی کورد. لە تورکیا و سووریە و عێراقەوە کوردەکان پۆل پۆل نامەیان بۆ کۆماری کوردستان ئەنارد وە ئامادەبوونی خۆیان بۆ هەموو چەشنە هاوکارییەك ڕائەگەیاند..."[3].

دانیشتووانی بەشەکانی تری کوردستان بە ئیرادە و بە گیانێکی بەرز و بە هێز و دڵخۆشییەوە پێشوازییان لە ڕاگەیاندرانی کۆماری کوردستان و دانانی قازی محەمەد بە پێشەوای کوردستان کرد.

یەکێك لە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی عێراق محەمەد مەحموود کە لەلایەن دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراقەوە بە تاوانی ڕزگاریخوازی لەگەڵ ٣ هاوڕێی تری شەهید کرا بە نێوی گەلی کوردەوە لە

١. "نامە ڕەهبەر" ژمارەی بەرواری ١٢ ژوئەنی ساڵی ١٩٤٦.
٢. ڕۆژنامەی "مودردوم" بەرواری ٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.
٣. کۆواری "نوفایا فریمیا"، ژمارەی ٢٥، بەرواری ١٥ی ژوئەی ساڵی ١٩٤٩.

عێراق بە بۆنەی ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە مەهاباد کە قازیش لەوێ بوو وتارێکی دا و گوتی: "پێشەوای بەرز، گەورە بەڕێزەکانم. بە ناوی کوردی وریابووەوە لە ژێر ماوەی پێڕەوی کۆنی زەبەردەستی، بە ناوی سەرکردەی شۆڕشی گەل لە بارزان - شۆڕشی بەرهەڵستی سەرگەردانی، شۆڕشی نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری، سڵاوی گەرم و دەروونی زۆرباش پێشکەش دانیشتووانی ئەم کۆبوونەوەیە ئەکەم کە ئاڵای پیرۆزیان لە سێیەکی نیشتمانی گەورەدا بڵند کردۆتەوە...

بێ گومان لەبیر ناکرێت کە حکومەتی کوردستانی ئازاد هێشتا یەکەم قۆناغیەتی وە کۆششی ئێوەی پێ دەوێت... ئەو بەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لەژێر دەستی بێگانەدان چاویان بڕیوەتە یارمەتیی ئەم ئاڵایە کە لەسەر ئەم دەوڵەتە ئەشەکێتەوە، ئەیانەوێ بێنە ژێر سێبەریەوە وە لە سەرۆکەکانی دەوڵەت دەخوازان، کە براکانیان لەو پێوەندی ئاسنینە ڕزگار بکەین...

پێشەوای گەورە، گەورەکانم.

لەم کاتەدا، لە هەموو کانی دڵمانەوە یاریدەی ڕاستیی خۆمان بە گەورەترین شەخسیەتی کورد، ئەو شەخسییەتەی کە گەلی کورد بە بیری بە هێزی و سەرکردەیەکی حەکیمانەوە بە ڕێگەی دیموکراتیدا برد و گەیاندییە سفرەی ئازادی، بە کۆششێکی عەبقەری و عەزمێکی قایم و سەرکردەی دیموکرات، پێشەوای گەورەی کوردستان جەنابی قازی محەمەد، پێشکەش ئەکەین"[1].

هاوڕێیەکی تری عێراقی بە نێوی "تیشك" نامە و هەڵبەستەیەکی بە بۆنەی هەڵکرانی ئاڵای ڕزگاری بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٦ی مارسی ١٩٤٦.

شەخسی قازی محەمەد ناردبوو کە لەوێدا لەلایەن نیشتمانپەروەرانی کوردی عێراقەوە هەستی دڵخۆشی و هیوای هاوڕێکانی بەم جۆرە دەربڕیبوو: "هاو خوێنەکانمان، ڕۆژتان باش.

بە هەڵکردنی ئالآی پیرۆزی کوردستان هیوای هەموو کوردی جیهانتان گەشاندەوە، هەموو چاوەڕێی ئەو ڕۆژەین کە ئەم ئالآ سەوز و سوور و سپییە بەسەر هەموو خاکی کوردستانی گەورەدا بشەکێتەوە...

ئێمە هەموو، تەواوی ژیانمان ئەگۆڕین بە دیتنی ئەو دیمەنە، دیمەنی ئەو ساتەی ئالآی ئازادی کوردستانی تیا هەڵکرا... پیرۆزتان بێت، پیرۆزتان بێت، بە سەرفرازی و ڕزگاری. با ئێمەش هەر لە ژێر باری دیلی و نەزانی و هەژاریدا بناڵێنین. بەڵام بێ گومان خراپە عومری کورتە، ئیستیعمار لە گیانەڵادایە..."[1].

قارەمانی کورد مەلا مستەفا بارزانی لە کۆبوونەوەی جێژنی نەورۆز لە مەهاباد و وتارێکی دا و گوتی: "... ئەمڕۆ کاتێك پیرۆزباییتان لێ ئەکەم کە لە پێتەختی دەوڵەتی کوردستان وە ئالآی نیشتمانی و پاکی ئازادی بەسەر نیشتمان و نەتەوەکەماندا ئەلەرێتەوە. ئەمە بۆ من شەرەفێکی زۆر گەورەیە کە وەك پێشمەرگەیەك لە شۆڕشی ئازادیدا بەشدارم. وە شەرەفێکی زۆر گەورەی ترم ئەمەیە کە کراوم بە یەکێك لە سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئامانجی پارێزگاری لە نیشتمان.

ئەی لاوانی کورد، پەیمانتان ئەدەمێ کە هەتا دوا تنۆکی، خوێنم بۆ ئازادیتان ببەخشم، بۆ ئازادیی گەلی بەرزی کوردمان. وەکو پێشمەرگەیەك ئامادەم بۆ هەموو داوایەکی پێشەوای کوردستان، بۆ هێنانەجێی ئامانجی مەزنی دیموکراسی..."[2].

---

١. ڕۆژنامەی "کوردستان"، بەرواری ١١ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٦.

٢. ڕۆژنامەی "کوردستان"، بەرواری ١٥ی مارسی ساڵی ١٩٤٦.

شەهید محەمەد مەحموود لە وتارێکدا کە لە لایەن مەلا مستەفاوە دابووی گوتبووی: "برا خۆشەویستەکانم، بە ناوی زەعیمی خۆشەویستمەوە، بە ناوی لاوانی کوردستانی مەزنەوە کە لە ژێر باڵی زوڵم و دیکتاتۆرییەتیشدا هێشتا واز لە تەعەسووبی نەتەوایەتی ناهێنن و تێ دەکۆشن وە خۆیان تووشی تاریکیی گرتووخانە و پێوەندیی ئاسنین ئەکەن، پیرۆزباییتان پێشکێش ئەکەین... ئەمڕۆ، ئا لەم چاخی بیستەمەدا کە بە هۆی بلیمەتی و دووربینی پێشەوای مەزنی کوردستان و ئەندامانی باشەرەفی حیزبی دیموکراتەوە لە ئەنجامی لەخۆبوردوویی لاوانی باسك ئاسنی کوردەوە گەیشتووینە ئازادی، نابێ ئەمەمان لەبیر بچێت کە ئێستا ڕۆژی کۆششە لە ژێر سێبەری باڵی یەکیەتی بە گیانێکی دیموکراتی ڕاستەوە.

لاوانی کوردی ژێردەستە چاوەڕوانی تێکۆشینی ئێوەن بۆ ئازادکردنیان[١]".

سەید عەزیزی شەمزینی کوڕی شێخ عەوڵا ئەفەندی کە لە کتێبەکەی خۆیدا (لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسی کتێبەکەی شەمزینی کراوە) لە دژی قازی محەمەد دواوە، ئەودەم یەکێك بوو لە ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە بۆنەی هەڵبژاردرانی قازی بە سەرکۆمار، لە مەهاباد لە لایەن باوکی و خۆی و تایفەیەوە لە مزگەوتی "هەباس ئاغا" زیافەتێکی گەورەیان پێك هێنا کە قازیش لەوێ بوو. لەم زیافەتەدا شەمزینی وتاری دا و گوتی:

"براکانم، گەورە و ئاغاکانی کورد، خانەوادەی نەهری بە گەورە و بچووك و ژن و پیاو و کوڕ و کچیانەوە بە سەربەرزییەوە پیرۆزباییی ئەم جێژنە موبارەك و نیشتمانییە بە مەقامی ژوورووی ڕەئیس جەمهووری

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٢٧ی مارسی ساڵی ١٩٤٦.

بەڕێز پێشکێش ئەکەن کە لە ڕێی ئەم ئازادییەدا هیچ جۆرە قسوورێکی نەکردووە وە بە هیمەت و عەزم و ڕووح بەرزی و حیکمەت و تەوانایی خۆی توانی مکافحە بکا وە ئەم ئازادییەمان بۆ وەگیر بخات... ئەم ئازادییەمان هەروا وەچەنگ نەکەوتووە وە ئەبێ بزانین کە ئەمەش ئەنجامی سەعی و هەوڵدانی ڕەهبەری بەڕێز ڕەئیس جەمهوور حەزرەتی قازی محەمەد بوو، کە شەو و ڕۆژی خۆی لەم ڕێیەدا سەرف کرد وە مانای پشوودانەوەی نەئەزانی وە توانی بە هۆی ئەو سەعی و محاوەلات و نەبەزینی خۆی نەتەوەی کورد بە جیهان بناسێنی وە داوای ئازادبوونی کورد بکات"[1].

دانیشتوانی مەڵبەندەکانی سنە و کرماشان و شاهـ ئاباد و قەسری شیرین کە لەژێر پەنجە و چەکمەی بەدفەڕ و ڕەشی هۆردووی ئینگلیز و دەوڵەتی تاراندا ئەیانناڵاند وە لە مەرج و زرووفی کوشتن و بڕیندا ئەژیان بە هیوا و ئارەزوویەکی گەورەوە لە ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستان بەرەوپیرییان کرد. ئەوان هەستیان بەمە کردبوو کە ئەو بەختەوەری و سەعادەت و ڕزگارییەی کە دانیشتوانی بەشی موکریان و مەڵبەندەکانی کوردستانی شیمالی وەچەنگیان هێناوە بە زوویی بەوانیش دەگات. لە مانگی ئاوریلی (نیسان) ساڵی ١٩٤٦دا بیرڕووناکان و نیشتیمان پەرروەرانی ئەم مەڵبەندانە نامەیەکی دوور و درێژ لەمەر چۆنایەتیی خۆیان بە دەست داگیرکەرانەوە وە هیوا و ئارەزوو و چاودێرییان لە کۆماری کوردستان بۆ قازی محەمەد ناردبوو. روژنامەی"ڕەهبەر" بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی توودەی ئێران بە فارسی ئەم نامەیەی لەچاپ دابوو و کورتەکەی بەم جۆرەیە:

"جەنابی قازی محەمەد، بیرڕووناکان و لاوانی رزگاریخوازی

---

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ١١ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٦.

مەڵبەندی سنە و کرماشان چاوی هیوا و هومێدی خۆیان بڕیوەتە جوولانەوەی دیموکراتیکی مەهاباد. هەزارەها پیرەمێرد و پیرەژنی هەژار و زەحمەتکێش، هەزارەها لادێیی کە لە ژێر زوڵم و زۆرداری و چەنگی چەوسێنەری ژمارەیەك خوێنخۆری بێ شەرەفدا هەڵکەوتوون بە چاوی فرمێسکئاوی هیوا و هومێدەوە تەماشای مەهاباد ئەکەن وە هەمووبە دەنگێکی بەرزەوە ئەڵێن: ئەی برایانی قارەمانی کورد و ئەی ئەو کەسانەی کە بە تەواوی جیهانتان ڕاگەیاند مافی گەل نادرێت، بەڵکو ئەستێندرێت، ئێمەش لە باوەشی خۆشەویستی و گەرم و گوڕی خۆتاندا بگونجێنن"[1].

ڕۆژنامەی "وەرزین ئێران" کە لە تاران دەرئەچوو نووسراوی هاونیشتیمانێکی کوردی کرماشانی لە چاپ دابوو وە پرسیاری لێ کردبوو، کە بیروباوەڕی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە جوولانەوەی مەهاباد. ئەم هاونیشتیمانە بە کورتی وەڵامی دابووەوە و کوتبووی:

"مەهابادی ئەمڕۆ کەعبەی ئامال و ئارەزووی تەواوی کوردەکانی جیهانە[2]".

دامەزرانی کۆماری کوردستان تەمومژ و هەوری ڕەش و چەند قاتی عاسمانی کوردستانی سەر بە تورکیاشی ڕەواندەوە. فاشیستەکانی تورکیا کە بە هۆی دەزگاکانی پروپاگەندەی خۆیان لە هەموو لا یەکەوە ئەیاننەڕاند" مەسەلەی کورد لە تورکیا نەبووە و نییە"[3] وەیا ئەمانەی پێیان ئەڵێن کورد تورکی کێوین"[4] لە بەرامبەر بووژانەوە و هەڵەسوون هێنانەوەی هەستی سەربەرزیخوازی و نیشتیمانپەروەریی کورداندا لە تورکیا هەڵکەوتن. کاربەدەستانی تورکیا بوونە پێشدەست بۆ پیلاننانەوە

---

١. ڕۆژنامەی "ڕەهبەر"، بەرواری ٢١ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

٢. روژنامەی"وەرزینی ئیران " ژمارەی ٦٤٤ی ساڵی ١٩٤٦

٣. ڕۆژنامەی «سون پوستا» ١٤ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٩.

٤. هەر لەوێ.

لە دژی جوولانەوەی گەلی کورد وە لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٤٦دا لە ئانکارا بەبەشداریبوونی نوێنەرانی عێراق و ئێران کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا عەبدولئیلا نایبی عێراق، نوری سەعید وە باڵوێزی دەوڵەتی تاران لە بەغدا و ئانکارا بەشدارییان ئەکرد. هەر لەو سەردەمەدا رادیۆی پاریس ڕای گەیاند:

″دەوڵەتی تورکیا بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی پەرەسەندنی بیری رزگاریخوازی لە نێو کورداندا، هێزێکی گەورەی چەکداری لە سنوورەکانی لای ئێران وەکو کردووە″[١]. تورکیا و عێراق و ئێران دەیانەویست بڕیارەکانی پاکتی سەعد ئاباد، کە بەشی زۆری لە دژی کوردان بوو ببووژێننەوە و بەیەکەوە پەلامار بەرن بۆ سەر جوولانەوەی نیشتیمانی و دیموکراتیکی مەهاباد. پاش هێرشی خاینانەی هوردووی ئیران بۆ سەرکۆمار. کوردستان، سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران جەنەراڵ رەزم ئارا لە سکاڵایەکی خۆیدا لەگەڵ نوێنەری ڕۆژنامەکانی تاران باسی یارمەتیی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا و عێراقی بە ئێران کرد و بەرانبەر جوولانەوەی گەلی کورد وە گوتبووی: پێویستە بوێژریت کە لەم مەسەلەیەدا (مەسەلەی پەلاماربردن بۆ سەرکۆماری کوردستان – نووسەر) تورکەکان یارمەتییەکی گەورەیان بە ئێمە کرد و دایما وە پێوەندمان بووە. دەوڵەتی عێراقیش لەسەر بنچینەی قەول و قەرار باس و بڕیاردەرکردنی نێوانمان هەموو کاتێك پێوەندیی لەگەڵ ڕاگرتووین و یەکێك لە جەنەراڵەکانی عێراقی بە نێوی سەید حیجازی دایما هاتوچۆی لای ئێمەی کردووە و یاریدەی داوین....[٢].

---

١. روژنامەی «کوردستان» ١٣ی مارسی ساڵی ١٩٣٦.

٢. رۆژنامەی ″ئیران″،١٠ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٧.

دەوڵەتی تورکیا لە لایەکەوە هێزی چەکدار و پۆلیسی لە کوردستان پەرە پێ دەدا و لەلایەکی تریشەوە بۆ کەمکردنەوەی کارتێکەریی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ گەلی کورد لە تورکیا دەستی کرد بە تاکتیك و بەڕێوەبردنی سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن و لەڕێ هەڵەکردنی کوردان.

لە بەڵگەیەکی مێژووییدا لەم باسەوە وا نووسراوە: "لەنێو کوردەکانی تورکیادا تێکۆشەری و هەوڵ و تەقەلالایەکی زۆر گەورە وەبەرچاو دەکەوێت بۆ نێزیکبوونەوە لە کوردەکانی ئێران. حکوومەتی تورکیا بە هەستکردنی ئەم هەوڵ و تەقەللایەی کوردان لە هەموو لایەکەوە تێ دەکۆشێت کوردەکان لە خۆی نیزیك بکاتەوە و لە زۆر مەسەلەدا یارمەتییان پێ دەدات. بەشی زۆری کوردە گیراوەکانیان لە گرتووخانە ئازاد کردووە.

بەم کوردانەی کە بۆ جێگەکانی تری تورکیا کۆچاندرابوون روخسەت دراوە بۆ مەڵبەندەکانی پێشووی خۆیان بگەڕێنەوە... "[1].

سەرۆکەکانی تورکیا هەروەها هەوڵیان دەدا لەنێو گەلی کورددا بیروباوەڕی ناحەزی و دوژمنایەتی لەبارەی یەکەتیی سۆڤیەتەوە، کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی گەلی کورد دەکرد، پێك بێنن. لەم بەڵگە مێژووییەدا کە لە سەرەوە باس کرا بەم بۆنەیەوە نووسراوە: "تورکەکان لەنێو کورداندا وایان بڵاو دەکردەوە، کە ئەومەڵبەندانەی رووسەکان داوای دەکەن بۆ ئەرمەنییەکان، هی کوردانە و چەند پشتی کوردان لەوێ ژیاون ...[2].

مەسەلەی کارتێکەریی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە کوردستانی تورکیا هێندە بەهێز بوو، کە حکوومەتی تورکیا تەنانەت هاتبووە سەر ئەم

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە٣، لاپەڕەی ٥٩.

٢. هەر لەوێ.

باوەڕە، کە مافی خودموختاری بدات بە کوردەکانی تورکیا. لەم باسەوە لە بەڵگەیەکی مێژووییدا وا نووسراوە:

"لەنێو کوردەکانی تورکیادا دەنگوباسێکی وا بڵاو بووەتەوە، کە گۆیا تورکیا لەسەر مەسەلەی دانی مافی خودموختاری بە بەشێك لە خاکی کوردستاین هەڵکەوتوو لەسەر سنووری یەکیەتیی سۆڤیەت و ئێران، مەزاکیرەی بەڕێوە بردووە..."[1].

هەر بەم ئامانجە بووە کە لە بەرواری ١٥ی مانگی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٦دا لە شاری بایەزید لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتی تورکیاوە کۆبوونەوەیەکی گەورە بە بەشداربوونی بەشی زۆری سەرۆك عەشیرەتەکان و پیاوە نێو بە دەرەوەکانی کوردستانی تورکیا پێك هات و لەوێ مەسەلەی کورد باسی لەسەر کرا[2]. لەو سەردەمەدا بە تایبەتی کونسوڵی تورکیا لە رەزاییە تێکۆشینێکی زۆری دەکرد و لەم ریزە بۆ هەڵایساندنی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان دووگەلی کورد و ئازەربایجاندا[3].

بە بۆنەی پیلاننانەوەی هێزە کۆنەپەرستەکانی تورکیا و عێراق و ئێران لە دژی کوردان، قازی محەمەد گوتبووی: "ئەم رۆژانە تورکیا و ئێران و عێراق خەریکی قسە و باسن و دەیانەوێ بڕیارەکانی پاکتی بەدفەڕی سەعد ئاباد کە لە دژی کوردانە، تازە بکەنەوە. بەڵام با دوژمنان بزانن هەروەك چلۆن لە رابردوودا ئەم جۆرە پاکتانە گرینگیی لاپەڕەیەکی دڕاویان نەبوو، لەمەولاش بە قەد پەڕۆیەك گرینگییان نابێت.

رەزا شا، مستەفا کەمال و مەلیك فەیسەڵ کە بۆ دوژمنایەتیی کوردان پەیمانیان بەست بە ئامانجی هەرە گەورەی خۆیان کە دامرکاندنی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٦٠.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠ پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ٦٠.

٣. ئارشیوی حیزب، سیای ژمارەی ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٤٦– ٤٧.

هەستی نیشتمانپەروەریی کورد بوو، نە گەیشتن.... ئەم کەسانەش کە ئێستا خەریکن لە دوژمنایەتیی کوردان پەیمان دەبەستن، بە دەستی خۆیان قەبر هەڵدەکەنن..."[1].

لە مانگی فیووریە و مارسی ساڵی ١٩٤٦دا چەند سەرۆك عەشیرەتی نیشتمانپەروەری کوردستان سەر بە تورکیا بە هۆی شێخ عادل و عەمەر ئاغای جەلالی لەگەڵ قازی محەمەد و ح. د. ك پێوەند ڕادەگرن. سەرۆك عەشیرەتەکان ریزنامەیەك بۆ قازی محەمەد دەنێرن وە لە یەکێك لەم نامانەدا وێژراوە: "ئێمە ئامادەین شان بەشانی برا کوردەکانی ئێران لە جووڵانەوەدا بەشداری بکەین وە چاوەڕێی ئەمری پێشەوای کوردستانین، ئێمە هەموو چەکمان هەیە وە دەتوانین سوارەیەکی زۆر بنێرین بۆ خزمەتکردنی نیشتمان... "[2].

لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦دا ژمارەیەك لە نوێنەرانی عەشیرەتەکانی دەوروبەری ئارارات (ئاگری داغ) لە تورکیا بە نهێنی هاتن بۆ مەهاباد وە چەند رۆژێك لە ماڵی قازی محەمەد میوان بوون. یەکێك لەم نوێنەرانە کە لە بەسەرهاتەکانی ئاراراتدا لە نێزیکەوە بەشداریی کردبوو لەلایەن عەشیرەتەکانەوە وتارێکی دا و گوتی: "ئەمڕۆ لە سایەی خوا وە لە لای رۆژهەڵاتی کوردستان ئەستێرەیەکی رووناك دەدرەوشێتەوە و مەزنێکی وەك قازی محەمەد رێگەمان پێ نیشان دەدات بەرەو بەختەوەری و ئازادی. ئێمە عەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا بە گەورە و بچووك، بە ژن و پیاو، ئامادەین لە ڕێگەی پێشەوای کوردستان قازی محەمەد وە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا فیداکاری بکەین..."[3].

---

١. ڕۆژنامەی "کوردستان"، ٢٥ی مارسی ساڵی ١٩٤٦.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی شمار ٦٥ پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ٩٥، هەروەها روژنامەی" کوردستان"، بەرواری ١٥ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦.

٣. رۆژنامەی " کوردستان " بەرواری ١٥ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦.

لە مانگی سیپتامبری ساڵی ١٩٤٦دا نوێنەری کوردەکانی سووریا قەدری بەگی کوڕەزای جەمیل پاشای دیاربەکر و قازی مەلا وەهاب لە کوردەکانی تورکیا هاتنە مەهاباد. ئەم هاونیشتمانانە لەلایەن هێزە پێشکەوتووەکانی کوردستانی سووریا و تورکیاوە بۆ پێتەختی کۆماری کوردستان ناردرابوون، کە پشتیوانی و لایەنگیری لە جووڵانەوەی مەهاباد و کۆماری کوردستان بە ح.د.ك. و پێشەوای کوردستان رابگەیەنن. لە لایەن حیزب و شەخسی قازی محەمەدەوە زۆر بە گەرم پێشوازییان لێ کرا. کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ك. بە بۆنەی هاتنی ئەم هاونیشتمانانە پێك هات وە ناوبراوەکان لەم کۆبونەوەیەدا وتارێکی تایبەتییان دا وە نامەی ئیمزاکراوی هێزە پێشکەوتووەکانی کوردستانی سووریا و تورکیایان لەمەڕ پشتیوانی و لایەنگیریکردن لە جووڵانەوەی مەهاباد و پێشەوایەتیی قازی محەمەد بە کۆمیتەی ناوەندی پێشکێش کرد.

قازی محەمەد لە ئەنجامی تێکۆشین و لە خۆبوردوویی و خزمەتی شەو و رۆژی بە گەل، خۆشەویستی و بەرێزیەکی زۆر گەورەی وەدەست هێنابوو. نێوی پێشەوا، فیداکاری لە رێگەی پێشەوا، ببووە دروشمی خەبات لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی کورد و کوردستاندا.

قازی نەك هەر بە هۆی وتار و تێکۆشین و خەباتی بە بنەوەشتی رۆژانە بگرە بەهۆی سامان و داهاتی خۆشی خزمەتی دەکرد بە پەرەسەندنی کۆماری کوردستان و هەر داهاتێکی کە هەیبوو لەم رێگەدا بەختی دەکرد، کاتێك کە حکوومەتی خودموختار راگەیەندرا بە هاوەدەنگییەوە ٣ هەزار تمەنیان مانگانە بۆ قازی محەمەد دیاری کرد. بەڵام ناوبراو ئەم مانگانەیەی پێشکێش کرد بە قوتابخانەی "گەلاوێژ". لەم باسەوە نووسەری ئەمەریکی ئیگیلتون وا دەنووسێت: "کاتێك حکوومەتی

کوردستان دامەزرا و نێزیکەی ٣ هەزار تمەنیان بۆ قازی دیاری کرد. بەڵام ناوبراو ئەم مانگانەیەی وەرنەگرت. سەرۆکەکانی کۆمیتەی ناوەندیی ح. د. ك. شەو و رۆژ کاریان دەکرد و لە بەرامبەر ئەمەدا پارەیەکی زۆر کەمیان وەردەگرت. قازی دەیکوت لە بەرامبەر خزمەتێکدا، کە دەیکات پارە وەرناگرێت"[1].

بۆ نواندنی بەڕێزی و حورمەتی قازی لە نێو زۆربەی گەلدا بێ جێ نییە ریزە وێژراوەیەکی کوردان لەمەڕ ناوبراو کە لە ژمارەکانی جیاوازی رۆژنامەی "کوردستان"دا لە چاپ دراوە وەبەرچاو بخەین. حاجی بابە شێخی توورجان کە یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی جووڵانەوەی نیشتمانی مەهاباد وە پیاوێکی خاوەن رێزی دینی لە وتارێکی خۆیدا باسی قازی محەمەدی کردبوو و کوتبووی: "وجوودی قازی محەمەد بۆ ئێمە غەنیمەتە وەهەر ئەوە کە دەتوانێت پاپۆری کوردستان بە نێو شەپۆلی سیاسەتدا بەرەو پێش بەرێت وە بیگەیەنێتە ئامانج"[2].

لە مانگی فیورییەی ساڵی ١٩٤٦دا کۆمیتەی ناوەندیی ح. د. ك بڕیاری دەرچوواندبوو، کە بەرامبەر تێکوشین و فیداکارییەك کە قازی محەمەد کردوویەتی شایەنی ئەوەیە سوپاسی رەسمیی لێ بکرێت. بەم بۆنەیەوە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەچنە لای قازی یەکێك لەمان وتار دەدا و دەڵێت: "کارە چاکەکانی خۆت و باوك و باپیرە ڕابردوومانت هەموو لە پێش چاوی ئێمەیە وە دەزانین تەواوی عومرتان لە ڕێی نیشتمان و ڕاگرتنی نامووسی کورد و کوردستاندا بەخت کردووە، بەختەوەری و خۆشیی نەتەوە دایما ئامانجی بنچینەی ئێوە بووە. دایما لە بەرچاومانەوە هیچ کاتێك لە بیری نابەینەوە، کە شەخسی جەنابت لە کاتی هێرشی هەژاریدا، لە کاتی پەلامار و هەڕەشەی دوژمندا، لە کاتی هاتنی سیلاو و

١. ئیگیلتون، لاپەڕەی ٨٧ کتێبەکەی.

٢. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٣، بەرواری ١٥ی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٦.

هەموو چەشنە بەڵایەکدا[1] بەشەو و بەڕۆژ چ فیداکاریت کردووە، وە دەزانین لە بەرامبەر موستەبید و ملۆزمەکانی رەزا خاندا دایما قەڵغانی بەڵای سەر خەڵك بووی. دەردی سەری خۆت قبووڵ دەکرد بۆ ئاسوودیی ئێمە. ئێمە دەزانین زێڕ و زەنبەر ئەتو هەڵناخەڵەتینی. لەبەر ئەمە ئەتو لە بەرچاوی هەموو کوردێك لە شیمال و و جەنووب و رۆئاوا و رۆهەڵات خۆشەویستی"[2].

لە ژمارەی ٦٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا ڕاپۆرتی نوێنەری ڕۆژنامە کە لە مەڵبەندی بانە و سەقزەوە لە چاپ دراوە وە لەم ڕاپۆرتەدا باسی سوێندخواردنی ڕێزیەك سەرۆك عەشیرەت و پیاوە خاوەن ڕێزەکانی ئەو مەڵبەندە کراوە کە بە سوارەی چەکداری خۆیانەوە هاتوون بۆ دێی "سەرا" بۆ لای نوێنەری ح. د. ك. وە ئامادەبوونی خۆیان بۆ هەموو چەشنە فیداکارییەك ڕاگەیاندبوو. ئەمە لەو سەردەمەیدا بوو کە دەوڵەتی تاران هۆردوویەکی زۆری بۆ سنوورەکانی کوردستانی رزگار هێنابوو وە مەترسی پەلاماربردن بۆ سەر مەهاباد لە گۆڕێدا بوو. لەمەڕ ئەوە بەڕێزی و حورمەتی کە قازی محەمەد بە دەستی هێنابوو لە چەشنی وتار و وێژراوەی ئەم سەرکردانەشدا بە ئاشکرایی وە دیار دەکەوێت . ئەمەش پێویستە بوێژرێت کە ئەمانە هیچیان چاویان بە قازی نەکەوتبوو وە بە تەنیا ناویان بیستبوو.

یەکێك لەم پیاوانە بە نێوی قادری خان زادە گوتبووی:

" لە بەرامبەر ئەو رەنجەی کە پێشەوای بەرزمان لە رێی ئازادیی

---

١. لە ساڵی ١٩٣٦-دا سێلاوێکی گەورە مەهابادی داگرت و زەرەرێکی زۆری گەیاند. قازی لە کاتی ئەم سێلاوەدا گیانی خۆی خستبووە مەترسییەوە و بە قارەمانەتییەوە چەند منداڵی لە چەنگ خنکاندن رزگار کردبوو.

٢. رۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٢٥ی فیورییەی ساڵی١٩٤٦.

کوردستان کێشاویەتی من ئەوا گیانی خۆم بەو فەیلەسووفە بەرزە دەبەخشم. بۆچی؟ بۆ ئەمەی کە بە خوێنی من لاپەڕەی مێژووی کوردی بێبەشی پێ بنووسێتەوە"[1].

قادر خانی ئارمەردە کوتبووی:

"بەرامبەر بەو حیکمەت و ڕەنجەی کە پێشەوای بەرزمان لە ڕێی کوردییەتدا کێشاویەتی من ئەوا گیانی خۆم بە ئەو دەبەخشم وە ئیجازەی هەیە تەسەڕوف لە گیانی مندا بکات بۆ ئەو ئامانجەی کە گرتوویەتە پێش..."[2].

ئەحمەد خانی فارووقی (خەلیل خان) کوتبووی:

"فەیلەسووفێکی بەرز وە پرۆفیسۆرێکی وەك پێشەوا قازی محەمەد ئالقەی پێشکەوتنی گەلەکەمانی بە دەستەوە گرتووە وە ئامادەم گیانی خۆم لە ڕێی ئامانجی بەرزی ئەودا بەخت بکەم"[3].

قادر خانی فەرەج خان کووتبووی:

"تو خوایم بمنێرن بۆ جێگەیەك کە لە کوژران نێزیك بم. با بە گوللەی دوژمن شەربەتی شەهادەت بنۆشم، بەڵکو پێشەواوی بەرزمان تەقریری شەهیدبوونم لە بەلاغەیەکی جەنگیدا بخوێنێتەوە و بەس"[4].

حەمە سیدیقی سولەیمان خانی جاف کوتبووی:

"من ئەوا دەڕۆم بۆ ناوچەی شەڕ، ئەگەر کوژرام بە خوێنی سەری من نامەیەکی سەرەخۆشی بۆ باوکم بنووسن و بڵێن پێشەوا وا خۆش[5].

١. ڕۆژنامەی "کوردستان " ژمارەی ٦٩، بەرواری٢١ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

٢. هەر لەوێ.

٣. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٦٩، بەرواری ٢١ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

٤. هەر لەوێ.

٥. هەر لەوێ.

بەڕێزی و نفووز و گەورەیی قازی محەمەد لە نێو زۆربەی گەورەی گەلی کورددا تەنانەت دوژمنانی رزگاری نەتەوایەتیی گەلی کوردیش وە تەعەجوب خستبوو و ئەوان سەریان سووڕمابوو لەمەی کە قازی چلۆن توانیویەتی ئەو هەموو بەڕێزی و حورمەتییە وەچەنگ بهێنێت .

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦دا رۆژنامەی کۆنەپەرستی "ئیتیلاعات" کە رۆژنامەیەکی نیوەڕەسمی و بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی سەرۆکەکانی دەوڵەتی تاران و شۆفینیزمی فارسە، نوێنەرێکی خۆی بۆ کوردستان دەنێرێت، کە بزانێت لە چ رێگەیەکەوە قازی ئەو هەموو حورمەت و بەڕێزییەی وەچەنگ هێناوە . لە مانگی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦دا رۆژنامەی ناوبراو لە چەند ژمارەیەکدا لە ژێر سەرەتای: ڕاپۆرتی دوور و درێژی نوێنەری تایبەتی ئێمە لە کوردستان " ریزە نووسراوەیەکی لە چاپ دابوو.

لە یەکێك لەم نووسراوانەدا وای نووسیبوو: هەژاری و پاشکەوتوویی سەرچاوەی تەواوی چارەڕەشییەکانی کوردستانە و بووەتە هۆی بنچینەی تەواوی ئەم شۆڕشانەی کە یەك بە دوای یەکدا لە کوردستان دەقەومێن... لە پاش ڕاگرتنی پێوەند لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی چین و پۆلەکانی جیاوازی کوردستان لێم یەقین بوو، کە تەنانەت تاقە کوردێك وەگیر ناکەوێت باوەڕی بە قازی محەمەد نەبێت و بەگوێرەی ئەسپاردەی ئەو نەبزوێتەوە...."[١].

لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٦دا کوردێکی عێراقی بە نێوی قەرەنی، کە لە کاتی ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی خودموختاریدا لە مەهاباد بووبوو دەچێتە هەولێر و لەوێ موشاویرێکی ئینگلیزی بانگی دەکات و لەمەڕ قازی محەمەد و چلۆنایەتیی کۆماری کوردستان چەند

١. رۆژنامەی "ئیتیلاعات" بەرواری ١٨ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

پرسیارێکی لێ دەکات. پرسیار و وەڵامی ئەم سکالایە وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لە ئارشیوی حیزبدا ڕاگیردراوە، کە ئەوا دەخرێتە بەرچاو:

"پرسیار: ئەرێ ئەم قازی محەمەدە وا دیارە پیاوێکی زۆر گەورەیە؟

وەڵام: بەڵێ قازی پێشەاوی ئێمەیە و پیاوێکی زۆر گەورەیە. ناوبراو زمانی ئینگلیزی و فرەنسی و ڕووسی و گەلێك زمانی تر ئەزانێ.

"پرسیار: لەم تەکبیر و کاروبارەی کە قازی محەمەد بەڕێوەبەری دەبات چ خێرێکی بۆ هەژاران تێدا هەیە؟

وەڵام: بەر لە هەموو شتێك زەویی ئەو خاوەن موڵك و پیاو دینییانەی کە بۆ تاران هەڵاتوون دەدرێ بە هەژاران. جیا لەمە، قوتابخانە و نەخۆشخانە دادەمەزرێت، ڕێگاوبان ئاوەدان دەکرێتەوە و ڕێگەی ئاسن دروست دەکرێت"[1].

سەرۆکەکانی کۆنەپەرستی دەوڵەتی تاران لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦دا لە جەنگەی تێکوشین و خەباتی حکوومەتی خودموختاریی کوردستاندا ئەفسەرێکی خۆیان بە نێوی عەلی عەسکەری فەیووزی بە چەند ئامانجێك بۆ مەهاباد دەنێرن.

سەرهەنك فەیووزی دۆستە برا بوو لەگەڵ سەدری قازیی برای قازی محەمەد و بە گوێرەی داوخوازی سەدری قازی ڕێگەیان پێ دابوو،کە بێتە مەهابادی.

یەکێك لە ئامانجەکانی ناوبراو ئەمە بوو، کە بزانێت کوردەکان بە چ شتێك و بە چ هێزێك پشت ئەستوورن و پێشەوای کوردان قازی لە چ ڕێگەیەکەوە ئەم خۆشەویستی و بەڕێزییەی وەدەست هێناوە . ئامانجێکی تری ناوبراو لەم سەفەرەدا هەڵایساندنی ناکۆکی و ناتەبایی بوو لە نێوان کوردان و ئازەربایجانییەکاندا کە لە پاشان بەدرێژی باسی لەسەر

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارەی ٦٤، پەروەندەی ژمارە٢، لاپەڕەی ٩٥–٩٧.

دەکرێت. نووسەری ئەمەریکی ئیگیلتۆن باسی ئەم سەفەرەی فەیووزی دەکات و دەنووسێت: "سەرهەنگ فەیووزی هاتە سەر ئەم باوەڕە، کە کە کوردەکان ئامادەن بە تەواوی هێزی خۆیانەوە پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکەن، بەڵام ناوبراو هەرچەند هەوڵی دا نەیتوانی بزانێ کە کوردەکان لە چ ڕێگەیەکەوە پارێزگاری لە کۆمارەکەیان دەکەن...."[1].

مەسەلەی بوونی ئازادیی سیاسی بە تەواوی لە کوردستان و بەرێزی و خۆشەویستیی قازی لەلایەن کۆمەڵانی گەلەوە نوێنەرانی ئیستیعماری ئەمەریکیشی وە تەعەجوب خستبوو، ئەمانیش هەر لە مشتومڕ و هاتوچۆدا بوون، کە بزانن لە چ ڕێگەکەوە ئەمە سەری گرتووە. لە مانگی سیپتامبری ساڵی ١٩٤٦دا کاپیتەن ڕۆزفێلت ئەتاشەی عەسکەریی سەفارەتی ئەمەریکی لە تاران دەچێتە مەهاباد و چاوەی بە قازی دەکەوێت .

ئیگیلتون لەم باسەوە دەنووسێت:" ڕۆزفیلت بە ڕاستی زۆر لەمە سەری سووڕمابوو کە وەزعی ئازادی بە تەواوی هەیە لە مەهاباددا و بە خۆی لەمەڕ ئەمە بە قازیی گوتبوو.... قازی بە ناوبراوی کوتبوو، کە کوردەکان ئارەزووی ئەمە دەکەن ناوچەیەکی دیموکراتی لەژێر ڕێوشوێنێکی دیموکراسی... بۆ خۆیان دابمەزرێنن و ئەگەر حکوومەتی ئەمەریکا نایەوێ پشتگیری لە داوخوازی کوردەکانی بکات بەلای کەمەوە پێویستە لە دژمان ڕانەوەستی[2].

***

قازی محەمەد لە خەباتی سیاسیی خۆیدا گرینگییەکی زۆر گەورەی دەدا بە مەسەلەی یەکیەتی و برایەتی و دۆستایەتیی نێوانی گەلەکانی ئێران،

---

١. ئیگیلتۆن، لاپەڕەی ١٠٩ کتێبەکەی.

٢. ئیگیلتون، لاپەڕەی ١٠٩–١١٠ی کتێبەکەی.

بە تایبەتی نێوانی گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان . ئەمەش کارێکی سروشتی و پێویستێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بوو. بێگومان، لە وڵاتێکی چەند نەتەوەیی پێکهێنانی بەرەی یەکەتی و برایەتیی گەلان، پشتیوانی و لایەنگیری ئەم گەلانە لە یەکتر یەکێك لە مەرجەکانی بنچینە بۆ سەرکەوتنی خەبات لە دژی هێزە کۆنەپەرستەکان و هێزەکانی ئیستیعماری.

گرینگیی ئەم مەسەلەیە، لەسەریەك گرینگیی مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ وڵاتێکی وەك ئێران چەند ڕووی تایبەتی هەیە. یەکەمین مەسەلەی نەتەوایەتیی گشتی، یانی پێوەندی نێوانی نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتە (فارس) لەگەڵ نەتەوە کەمایەتییەکانی نەتەوایەتی (کورد و ئازەربایجان و هتد) وە دووەم پێوەندی نێوانی کەمایەتییەکانی نەتەوایەتی لەگەڵ یەکتر. لە ئێران جیا لە کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی چکۆلە دوو کەمایەتیی نەتەوایەتیی گەورەی وەك کورد و ئازەربایجان دەژین کە بە گوێرەی ژمارەی نفووسیان بە قەد نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتی فارسن . گەلی کورد و ئازەبایجان لە تەواوی ڕووەکانی ژیانی ئێراندا چ لە ڕووی ئابوورییەوە بێت وە چ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دەورێکی زۆر گرینگ و گەورەیان هەیە. گەلی کورد و ئازەبایجان لە زۆر ڕووەوە، بە تایبەتی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە وێچوویایەتی زۆریان هەیە، بەو مانایە، کە هەردووکیان لە ئێران کەمایەتیی نەتەوایەتین، هەردووکیان لە دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوایەتی وە لە مافەکانی نەتەوایەتیی شارستانەتی و ئابووری بێبەش کراون، هەردووکیان لەژێر باری گرانی زوڵم و زۆرداریی نەتەوایەتیدا هەڵکەوتوون. سەرپاکی تەواوی ئەمانە چینە چەوسێنەرەکانی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات وە هێزەکانی ئیستیعماری بە درێژاییی دەست ڕۆیشتووایەتیی خۆیان تی کۆشیون لە ڕێگەی ئابووری و بیروباوەڕییەوە ناکۆکی و ناتەبایی نەتەوایەتی لە

نێوان ئەم دوو گەلەدا هەڵایسێنن وە بەم جۆرە سەریان بە ناکۆکیی ناوخۆ قاڵ بکەن، لە ڕێگەی خەبات هەڵەیان بکەن وە سیاسەتی تاڵان و ڕووتاندنەوەی خۆیان لە مەرج و زرووفێکی باشتردا بەرێوە بەرن.

قازی محەمەد وەك ڕەهبەر و سەرۆکێکی زانا و پێشڕەوی گەلی کورد هەر لە چاخی یەکەمی خەباتی سیاسیی خۆیدا بە باشی هەستی بەم ڕاستەقینەیە کردبوو کە پێکهێنانی دۆستانەیەتی و یەکیەتی و برایەتی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان پێویستێکی نیشتیمانییە وە ئەمە بۆ خۆی زەربەیەکی گەورەیە کە وە دوژمنانی ڕزگاریی گەلان دەکەوێت. هیچ ڕێکەوت نییە کە قازی لە تەواوی وتارەکانیدا باسی گرینگیی ئەم مەسەلەی دەکرد وە لەگەلی کوردی دەگێڕاوە کە بۆ ئەم یەکیەتی و دۆستایەتییە تێ کۆشن وە دەرفەت و هەلی ئەمە بە دوژمن نەدەن کە بتوانێت ناکۆکی و ناتەبایی پێك بهێنیت. هەروەها هیچ ڕێکەوت نییە لە تەواوی بەڵگەکانی ڕەسمیی ح. د. ك و کۆماری کوردستاندا پێویستبوونی یەکیەتی و دۆستایەتی و برایەتیی کورد و ئازەربایجان بە تایبەتی باس کراوە.

قازی محەمەد لە وتارێکی خۆیدا لەمەڕ یەکیەتی و برایەتیی ئەم دوو گەلە گوتبووی:

"برایەتی و یەکیەتیی دوو گەلی کورد و ئازەربایجان پێویستێکی نیشتیمانیی هەر کوردێکی خاوەن شەرەفە. هەر کوردێك لە سەریەتی بە قووڵی لەم مسەلەیە بگات، بەسەر و ماڵ لەم ڕێگەیەوە تێ بکۆشێت. مێژوو چارەنووسی ئەم دوو گەلەی کردووە بە یەك. هیچ ناکۆکی و ناتەباییەکی بنچینەیی لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا نییە؟ وە هەر کێشە و هەرایەکی بووبێت لە ئەنجامی سیاسەتی دوژمناندا بووە....[١]"

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی بەرواری ٨ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

سەرۆکەکانی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی ئازەربایجان نرخێکی زۆر گەورەیان بۆ تێکۆشین و هەوڵدانی قازی محەمەد دانابوو لە ڕێگەی پتەوکردنی دۆستایەتی و برایەتیی دوو گەلی کورد و ئازەربایجان. سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان سەید جەعفەری پیشەوەری لە وتارێکی خۆیدا باسی تێکۆشەریی قازی محەمەد و پێویستیی یەکیەتی و برایەتیی دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی کردبوو وە گوتبووی:... مەسەلەیەکی زۆر گرینگی تر هەیە کە زامنی بنچینەیی ڕزگاریی ئێمەیە وە بە ڕاستی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و بیر و باوەڕەوە ئەم مەسەلە یەکێکە لە مەسەلەکانی جویٚ نەبووی ژیانمان. ئەمەش برییە لە یەکیەتی و برایەتیمان لەگەڵ برا کوردەکان. بۆ تەواوی گەلەکانی ئێران جێگای بەختەوەری و شانازییە کە شەخسێکی وەك قازی محەمەد کە یەکێکە لە شەخسیەتەکانی هەرە گەورە و بە دیمەنی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەم ڕێگەیەوە بەبیٚ هەدادان تیٚ دەکۆشێت..... ئەم دوونەتەوە ئەگەر دەیانەویٚ بژین دەبیٚ یەك کەون. سەرکەوتنەکانی ئێمە بەستەیە بە یەکەتیی ئەم دوو نەتەوەیە ....″[1].

لە ئەنجامی تێکۆشین و هەوڵ و تەقەللای سەرۆکەکانی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان لە بەرواری ٢٣ی مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ لە تەورێز لەمەڕ یەکیەتی و دۆستایەتی و هاوکاریی ئابووری و ساسیی و شارستانەتی لە نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتی ئازەربایجاندا پێکهاتنێك ئیمزا کرا. ئەم پێکهاتنە لە هەموو ڕووییەکەوە بۆ کوردستان و ئازەربایجان گرینگییەکی زۆر گەورەی هەبوو وە بە ئیمزاکرانی ئەم پێکهاتنە ئاوات و ئامانجی دووژمنان بۆ هەڵایساندنی ناکۆکی و ناتابایی لە نێوان کورد و ئازەربایجاندا بە پووچ دەرچوو. تەواوی بەسەرهاتەکانی سەردەمی دوایی گرینگی و کارتێکردنی

١. ڕۆژنامەی ″ ئازەربایجان″ بەرواری ٢٩ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦.

ئەم پێکهاتنەی وەڕوو خست.

لە سەرەتای پەیمانی نێوانی دەوڵەتی کوردستان و ئازەربایجاندا نووسراوە: "نەتەوەی کورد و ئازەربایجان هەموو کاتێك لە قازانج و زیاندا پێکەوە بەشدار بوون. لە هەمان کاتدا ئێستا لە لایەن ئیستیعمار و کۆنەپەرستانەوە وەك یەك زوڵم و زۆرداریان لێ کراوە... پیلان و ئاژاوەنانەوەی سیاسیی ئیسیعمار بەرهەڵست و کۆسپی پێك هێناوە لەسەر ڕێگەی بە ئاوات گەیشتنی ئەم دوو نەتەوەیەدا... ئێستا ئەم دوو نەتەوە برایە نەك بۆ بەدەستخستنی ئازادیی خۆیان بەڵکو بۆ دامەزراندنی ئازادی لە سەرتاسەری ئێران ئاڵای دیموکراسیەتیان بەرز کردووە و دەستیان داوەتە دەستی یەکتری.. "[1].

بەسترانی ئەم پەیمانە هێزە کۆنەپەرستەکانی تارانی زۆر نارەحەت کرد و لەم باسەوە ئیگیلتۆن دەنووسێت. "بەسترانی ئەم پەیمانە لە نێوان دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجاندا بەشێوەی دوو حکوومەتی سەربەخۆ، بووە هۆی ناڕەزاییەکی گەورە لە تاراندا. . "[2].

ئارشی ڕۆزفێلت لە کتێبەکەیدا باسی سەفەرەکەی دەکا لەگەڵ سێ کەسی تری ئەمەریکی و کاربەدەستێکی فرەنسایی بۆ مەهاباد بۆ لای قازی و لەمەڕ وتووێژەکانی خۆیان لەگەڵ ناوبراو دەدوێت و دەڵێ: قازی پیاوێکی زانا و ژیر و تێگەیشتوو بوو، بەڕێزییەکی زۆری هەبوو بۆ نەتەوەکانی تر. ڕۆزفێلت دەنوسێت: "ئێمە بە تەواوی بۆمان ڕوون بووەوە کە ڕێوشوێنێکی کۆماری ڕێکوپێکی کوردی وجودی هەیە... ئێمە بە دیتنی قازی محەمەد هەستمان کرد، کە ناوبراو نفووز و بەڕێزییەکی کاریگەری هەیە لەناو گەلا... قازی وەك پیاوێکی ئینیرناسیونالیست حورمەت و

---

١. ئەم پەیمانە بە تەواوی لە ڕۆژنامەی " ئازەربایجان" بەرواری ٥ی مانگی مەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٨ی مانگی مەی ساڵی ١٩٤٦دا لە چاپ دراوە.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٨٢-٨٣.

بەرێزییەکی گەورەی هەبوو بۆ نەتەوەکانی تر.... قازی پیاوێك بوو خاوەنی جەسارەت و ئازایەتییەکی کەم وێنە. خاوەنی مەنتیق و وتاردەرێکی کاریگەر و بە برشت. لە هەمان کاتدا ناوبراو خاوەنی بیر و باوەڕێکی رووناك و ساف بوو.. و بە تەواوی هێزی خۆیەوە تێ دەکوشی رێوشوێنی کوردستان لەسەر بنچینەیەکی پتەو و قایم و خاوێن دابمەزرێنێت... [1].

قازی محەمەد بەرێزییەکی زۆر گەورەی دادەنا بۆ نەتەوەی فارس وە لە گەلێك وتاری خۆیدا وەڵامی پروپاگەندەی دوژمنانی دەداوە کە دەیانگوت جوولانەوەی گەلی کورد لە دژی نەتەوەی فارسە . قازی محەمەد لە خەباتی سیاسیی خۆیدا بۆ هەموو نەتەوەیەك وە لەم ریزە بۆ نەتەوەی نەجیبی فارس بەرێزییەکی زۆر گەورەی دادەنا وە یەکێك لە خزمەتەکانی هەرە گرینگ و مێژوویی قازی بە خەباتی گەلی کورد ئەمە بوو کە فەرق و جیاوازیی نێوانی کۆمەڵانی گەلی فارسی لەگەڵ لالووچێك کۆنەپەرەستی نیشتمانفرۆشی فارسی لە خەڵکی گەیاندبوو . وە دایما دەیگوت کە گەلی فارس دۆست و پشتیوانی ئێمەیە. قازی لە وتارێکی خۆیدا لەمەڕ پێوەند لەگەڵ نەتەوەی نەجیبی فارس گوتبووی:".... بەلای منەوە دوژمنانی دەرەوە لە گرینگیی جوولانەوەی ئێستای گەلی کورد گەیشتبوون وە هەر لەبەرئەمەشە وەك سەگ دەستیان بە وەڕین کردووە، بوختان و ئیفترامان پێ دەکەن... ئێمە سەربەخۆیی بە تەواوی خۆمان وەدەست خستوە وە دەمانەوێ بە دەوڵەتی ناوەندی (تاران) وە تەواوی جیهان ڕابگەیەنین کە ئەم کارانەی دەیکەین لەبەرئەمە نییە، کە دەستمان لە برایەتی لەگەل نەتەوەی فارس هەڵگرتووە... تەواوی ئەمانە بە تەنیا لە دژی دەزگای زوڵم و زۆرداریی دەوڵەتی تاراندایە ...

---

١. ئارشی رۆزفیلت، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢.

ئێمە چاومان ترساوە، هەموو دەستمان لە گیانی و ماڵی خۆمان هەڵگرتووە وە ئەگەر هەموومان بکوژن ئامادە نین ژێردەستەیی ئەم دەزگا دیکتاتۆرییە و زوڵم و زۆردارییە وە ئەستۆگرین. بەڵام ئەگەر لە تەواوی ئێران ئازادی و دیموکراسییەت دابمەزرێت ئەو دەم هیچ بەرهەڵست و کۆسپێك نابی بۆ ئەمەی کە نەتەوەکانی جیاوازی ئێران دەستی یەکیەتی و برایەتی و دۆستایەتی بدەنە دەست یەك و بە شێوەیەکی برایانە پێکەوە بژین..."[1].

لەم وێژراوانەڕا بۆمان وەدیار دەکەوێت، کە قازی محەمەد بە شێوەیەکی زانستیی هەرە پێشکەوتوو لە مەسەلەی جێبەجێبوونی نەتەوایەتیی روانیوە لە وڵاتێکی زۆر نەتەوەیی وەك ئێران . زانستی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی نیشانی دەدات وە لە تەجروبەدا دیتراوە کە بە تەنیا لە رێوشوێنی دیموکراسییەت و ئازادیی ڕاستەقینەدا دۆستایەتی و یەکیەتی بە تەواوی مانای گەلان، مسۆگەر دەبێت. ئەم وێژراوانەی قازی محەمەد لە هەمان کاتدا وەڵامێکی پشتشکێن بوو بۆ پروپاگەندەی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران وە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان کە دەیانەویست ئامانجەکانی ڕاستەقینەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە دژی گەلی فارس بنوێنن و ناتەباییی نەتەوایەتی لە نێوان گەلانی ئێراندا پێك بهێنن. دەزگا پروپاگەندەکان بۆ چاوترسێن کردنی گەلی فارس و هاندانی ئەم گەلە بە پێچەوانەی جووڵانەوەی نیشتیمانی کوردستان و ئازەربایجان، هەروەها بۆ کوێرکردنەوەی بیر و باوەڕی جیهانی لەمەڕ ئەم جووڵانەوانە هەرا و هووریایەکی زۆریان دانابووەوە، کە گۆیا ئامانجی ئەم جووڵانەوانە جوێکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجانە لە ئێران. سەرۆکەکانی جووڵانەوەی کوردستان و ئازەربایجان بۆ ئەمەی کە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان بە جیهان نیشان بدەن وە پروپاگەندەی هێزە

١. رۆژنامەی "کوردستان"، بەرواری ٢٩ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

ئـیستـیـعـمـارییـەکان بـە پووچ دەرچوویێنن هـەر لـە پـاش ڕاگـەیـاندرانی خودمـوختـاریـی کوردسـتـان و ئـازەربـایـجـان کـەوتـنـە سکـاڵاکردن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی.

لـە بـەرواری ٢٨ی ئـاوریـلـی سـاڵـی ١٩٤٦دا شاری (تـەوریزێ) وە هـەیئەتی نوێنەرایەتیی دەوڵەتی ئازەربایجان و کوردستان بۆ سکاڵای ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆکەکانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ تاران وەڕێ کەوتن. لە لایەن کوردستانەوە جەنەراڵ سەیفی قازی وە ئەبولقاسمی سەدری قـازی بـە نـوێنـەر دیـاری کـرابـوون. دەوڵـەتـی تـاران لـە ژێر هـێرشی پـەرەسەندنی بـەهـێزبـوونی جووڵانـەوەی کوردسـتـان و ئـازەربـایـجـان وە هـەروەهـا لە ژێر هێرش و کۆشینی هێزە دیموکراتیك و نیشتیمانییەکانی ئێران بە سەرۆکایەتی حیزبی توودەی ئێران ناچار بوون لەگەڵ نوێنەری کـوردسـتـان و ئـازەربـایـجـانی ڕزگـار بـوو، سکـاڵاو و تـووێژی ڕووبـەڕوو بەرێوە بەرێت . لە ڕاستەقینەدا ئەمە بە مانای سەردانەواندنی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران بوو لە حاست جووڵانەوەی دیموکراتیك و نیشتیمانی کوردستان و ئازەربایجاندا .

هەر لەو سەردەمەدا، یانی لە ئاخری مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦دا هۆردووی سۆڤیەت بەگوێرەی پێکهاتنەکەی ساڵی ١٩٤١ی نێوانی ئێران و سۆڤیەت و ئینگلیز، مانەوەی لە ئێران تەواو بوو، وە بەپێی وادەیەك کە درابوو دەوڵەتی سۆڤیەت تەواوی بەشە هوردووەکانی خۆی بەرەو دوا کشاندەوە .

بێ شك ڕۆیشتنی هۆردووی سۆڤیەت بووە هۆی پتر بووژانەوەی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و هێزە ئیستیعمارییەکان و ئامادەبوونیان بۆ هـێرشیـبـردن بـۆ سەر کـوردسـتـان و ئـازەربـایـجـانـی ڕزگـار بـوو. بـەڵام ڕۆیشتنی هۆردووی سۆڤیەت ڕۆحییە و گیان لەبەریی کوردانی بێ هێز

نەکرد. گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی ح. د. ک. و پێشەوایەتیی قازی محەمەد پتر لە جاران لە دەوری ئالای سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان وەخرِهاتن وە هەموو وەك یەکێك ئامادەبوون بۆ پارێزگاریی نیشتیمانی رزگاربوویان.

بەم بۆنەیەوە بیٚ جیٚ نییە نامەیەکی قازی محەمەد بۆ سەرۆکەکانی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت وەرچاو بخەین. قازی لەم نامەیەدا لە پاش نواندنی هەستی بەرِێزی بە دەوڵەتی سۆڤیەت نووسیویەتی: "... ئێوە بە تەواوی دڵنیا بن، کە ئەم زەحمەتەی کە ئێوە و هۆردووی سوور کێشاوەیەتی هیچ کاتێك بەخۆرِایی ناچێت هۆردووی سوور لە بیر و دڵی ئێمە دەرناچێت. ئەمن هیچ کاتێك باوەرِ بەمە ناکەم، کە هۆردووی سوور بە رِۆیشتن لە ئێران لە نەتەوە بەشخوراوەکان روو وەردەگێرِێت و بە گەرِانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان ئێمە لە بیر دەکات....

نەتەوەی کورد لەگەڵ گەلی ئازەربایجان لە پێناوی نەتەوایەتی و نیشتمانی و رِزگاریی خۆیدا دائیما بە پێچەوانەی دوژمن خەبات دەکات.

ئیتر مەیدان مەیدانی ئەمانەیەکە خاوەنی ناموسن.

ئێمە نەتەوەی کورد دەمانەوەیٚ بە یارمەتیی ئێوە ببینە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو، ئەمەش بەباشی دەزانین، کە هەر نەتەوەیەکی رِزگاریی بوێت دەبیٚ یەك کەوێت و خەبات بەرِێوەبەرێت .

رزگاری بەبیٚ خەبات و خوێنرێژی مومکین نابێت.

ئێمە نەتەوەی کورد هیچ کاتێك بۆ تاران سەر دانانوێنین، بۆ سەربەستی و رِزگاریی خۆمان لەبەری ناپارێنەوە ..."[١].

قازی محەمەد نرخێکی زۆر گەورەی دادەنا بۆ هۆردووی سوور، وەك هۆردوویەکی رزگاری هێنەر و هومێد و هەویای گەلانی بەشخوراو. قازی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٨، پەروەندەی ژمارە ٦، لاپەرِەی ٧٨.

له وتارێکی خۆیدا باسی دەوری گەورە و بە نرخی هۆردووی سۆڤیەتی کردبوو لە مێژووی ئادەمیزاددا. بە تایبەتی لە رووخاندنی مەکۆی فاشیزمدا و کوتبووی: .. ئەورۆ هۆردووی سوور دەڕوات بەجێمان دەهیلێت. بەلام هۆردووی سوور بشڕوات دایما لە دلمانا دەمێنێتەوە..[1].

هەروەك لە سەرەوە باس کرا، هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و هێزە ئیستیعمارییەکان بە سوود وەرگرتن لە ڕۆیشتنی هۆردووی سۆڤیەت لە بنەوە دەستیان کرد بە تەدارەك گرتن بۆ هێرشبردن بۆ سەر کوردستان.

سەرۆکەکانی دەولەتی تاران هێزی گەلی کوردیان لە حیساب نەدەهێنا و لەگەڵ ئەمەشا کە ئەمادەبوون لەگەڵ نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان وتوویژ بەڕێوەبەرن لە بنەوە دەستیان لە سیاسەتی داگیرکەری و دوژمنانەی خۆیان هەڵنەگرتبوو . هەر لەسەر ئەم حیسابە غەلەتە بوو، کە لە کاتی وتوویژەکەی تاراندا لە ناوچەی سەقز بەشە هۆردوویەکی ١٥٠٠ کەسیی ئێران لە بەرواری ٣٠ی ئاوریلی سالی

١٩٤٦ –دا بە یارمەتیی فڕۆکە و تانك و تۆپ و رەشاش بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ رەزم ئارا و هومایون لە نەکاوڕا پەلامار دەبەن بۆ سەر هێزی پێشمەرگە[2]. مێژوونووسی ئینگلیز دیرك کینان لە کتێبەکەی خۆیدا بە درێژی باسی ئەم شەڕە دەکات و دەنووسێت : ″لە ئاخری مانگی ئاوریلدا هۆردووی ئێران بۆ ئەمەی بەهێزیی خۆی بنوێنێت دەستبەکار بوو بەشە هۆردوویەکی کە بری بوو لە ٦٠٠ دەستە لە شیمالی سەقزەوە دەستی کرد بە هێرشکردن بۆ سەر خاکی کۆماری کوردستان ″[3].

ئەم شەڕە لە مێژووی جوولانەوەی دیموکراتیکی کوردستاندا بە شەڕی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٣، پەروەندەی ژمارە ١، لاپەڕەی ٩٨.
٢. رۆژنامەی ″ کوردستان″، بەرواری ٦ی مانگی مەی سالی ١٩٤٦.
٣. دیرك کینان، لاپەڕەی ٥٣ ی کتێبەکەی.

″ساڵح ئاوا″ مەشوورە. سەرکردەی پێشمەرگەکانی کوردستان قارەمانی کۆڵنەدەری کورد محەمەدی نانەوازادە و مستەفا خۆشناو بوون، کە لە پاشان هەردووکیان لەلایەن هێزە کۆنە پەرستەکانەوە شەهید کران .

لە ماوەی دوو سەعات شەڕی بەتیندا ١١٠ کەس لە سەربازەکانی ئێرانی دەکوژرێ، ٤٠ کەسیان لێ بە یەخسیر دەگیردرێ وە ئەوانی تریش بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا و هومایون ڕێگەی هەڵاتن ڕەچاو دەکەن. لەم شەڕەدا ٣٠٠ تفەنگ، ٦ ڕەشاشی قورس، ژمارەیەکی زۆر فیشەك و قۆرخانەی تر وە چەنگ پێشمەرگەکان دەکەوێت [١].

ئەمە یەکەمین شەڕێکی خوێنڕێژی بوو، کە لە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هۆردووی ئێران ڕووی دا، ئەمە یەکەمین جار بوو کە هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران لە نزیکەوە ڕۆحییە و گیان لەبەری و ئیرادەی دانەنەواوی هێزی رزگاریهێنەری کوردستان و زەربەی پشتشکێنی ئەویان چاوپێ کەوت. ئەمە یەکەمین جار بوو دووسەد کەس پێشمەرگە لە بەرامبەر ١٥٠٠ سەربازی ئێراندا هێزی خۆیان تاقی کردەوە. هۆی بنچینەی ئەم سەرکەوتنە مێژووییە لەمەدا بوو، کە دووسەد پێشمەرگەی کورد لە ڕێگەی ئازادی و سەربەستی و دیموکراسییەتدا شەڕیان دەکرد، بەڵام ١٥٠٠ سەربازی ئێران بە گوێرەی ئەسپاردەی جەنەراڵە فاشیستەکانی وەك ڕەزم ئارا و هومایون دەیانەویست دەنگی ئازادی و دیموکراسی خەفە بکەن.

پاش ئەم شەڕە ڕەزم ئارا باسی قارەمانیەتیی پێشمەرگەکانی کردبوو گوتبووی:″ لە مێژوودا نەترس و ئازای وەك ئەم کوردانە نەدیتراوە . ئەفسەرە کوردەکان، بەتایبەتی نانەوا زادە و مستەفا خۆشناو بە جۆرێك فەرماندەییان دەکرد کە ئێمە هەموومان وە تەعەجوب کەوتبووین . لە

١. بڕوانە ڕۆژنامەی ″ کوردستان ″ بەرواری ٦ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

تەواوی هۆردووی ئێراندا ئەفسەرێکی کارزان و بە مشووری وەك ئەمان نابیندرێت..."[1].

رۆژنامەی "رەهبەر" بەبۆنەی ئەم پەلامارە دوژمنانەیەی هۆردووی ئێران، نووسییوی: "هەڵمەتی لە نەکاوی بەشە هۆردووەکەی سەقز بۆ سەر کوردستان تووشی شکستی بێ ئابڕوویی بوو. ئەمڕۆ، کاتێك کە نوێنەرانی ئازەربایجان و کوردستان هاتوون بۆ تاران وە وتوویژ بەڕێوە دەبەن بۆ جێبەجێکردنی تەواوی مەسەلەکان، پەلاماری لە ناکاو بۆ سەر هۆردووی کوردستان بە مانای ئەمەیە کە لە نهێنییەوە تێ دەکۆشرێت نەهێڵن مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان لە ڕێگەی دیموکراسییەتەوە جێبەجێ بکرێت..."[2].

سەرکۆماری کوردستان قازی محەمەد لەمەڕ پڕوپاگەندەی دوژمنان لە دژی جووڵانەوەی نیشتمانیی کوردستان، لەمەڕ سروشتی ئەم جووڵانەوەیە هەروەها لەمەڕ پەلاماری لە نەکاوی هۆردووی ئێران بۆ سەر هێزی پێشمەرگە وە ئامانجی ئاشتیخوازیی هێزە دیموکراتییەکانی کوردستان، چەند وتاری دابوو کە ئەوا لە ژێرەوە هەندێکیان دەخەینە بەرچاو.

رۆژی ٦ی مەی ساڵی ١٩٤٦ قازی کاتێك دەچوو بۆ تەوریز لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە مەهاباد وتاری دا و کوتی: کاتێك کە هۆردووی سۆڤیەت لە نێوماندا بوو دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاو دەکردەوە داواکارەکانی کوردان هەمووی بەهۆی سیاسەتێکی دەرەوەیە و ئامانجیشیان هۆردووی سوور بوو . بەڵام ئەمڕۆ بە ئاشکرایی لە هەموو کەسێك مەعلووم بووە، کە کورد ئازادیی ئەوێ وە دەست لەم مەرامە

١. رۆژنامەی "کوردستان" ٩ی مانگی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

٢. رۆژنامەی " رەهبەر " بەرواری ٩ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

هەڵناگری. هاتنی هێزی چەکداری تەواوی عەشیرەتەکان بۆ مەهاباد وە ئامادەبوونی بە گیان و بەماڵیان بۆ رژاندنی دووایین تنۆکی خوێنیان لە رێگەی ئەم مەرامەدا شاهیدییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەمەی، کە کورد ئازادیی دەویّ، دەستی لیّ هەڵناگری، وەبۆ وەدەستهێنانی ئازادی بە تەنیا باوەڕی بە خۆیەتی.....

جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئەنجامی سیاسەتی هیچ دەوڵەتێکی دەرەوە نییە، ئەمە هێزێکە کە لە قووڵاییی دڵی هەموو کوردێکدا ریشەی داکوتاوە.

ئەم هێزە هێندە بەهێزە کە دەتوانیّ دەستی زاڵمان ببڕیّ، خۆ دوژمن لە ساڵح ئاوا زەربەی ئەم هێزەی چێشت...[١].

لە بەرواری ١٠ی مەی ساڵی ١٩٤٦ قازی محەمەد لە تەورێز گەڕاوە و لە تالاری ح. د. ك وتارێکی گەورەی دا و گوتی: "دوژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان بنەمایەکی کۆمەڵایەتی نییە وە بە رۆیشتنی هۆردووی سۆڤیەت تێك دەچێت . درۆبوونی ئەم قسە پووچانە زوو هاتە دی. کورد هێزی خۆی نیشان دا لەم رۆژانەدا کە هۆردووی سوڤیەت خاکی ئێرانی چۆڵ کرد. کورد سەد هێندەی جاران وە جۆشش وتێکۆشین کەوتووە. هەزاران کوردی لە خۆبووردوو لە سنووری کوردستان ئامادەن دوایین تنۆکی خوێنیان لە رێگەی کوردستاندا برێژن. دەبیّ ئەم چەل دوژمناکانمان بڵێن چی؟ دەبیّ لێیان مەعلووم بی ئەگەر زوو مافی کورد نەدەن ئێمە بە زۆری چەك مافی خۆمان دەستێنین. ڕاوەستانی ئێمە بە تەنیا بۆ ئەمەیە کە مافی خۆمان بەبیّ شەڕ وە لە رێگەی ئاشتی و وتووێژەوە وەدەست بخەین وە نامانەویّ سەرلەنویّ لە جیهاندا ئاگری شەڕ هەڵکەین. ئەوڕۆ کورد نەك هەر دەتوانیّ مافی خۆی

---

١. رۆژنامەی "کوردستان" ١١ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

لـە ئـێران بستـێنـێ، بـەڵـكو و دەتـوانـێ مـافی خـۆی لـە جیـهـان بستێنی. هـیـوادارم جیـهـانـیش چیی تـر چـاوی خـۆی نـەقـووچێنی وە بـۆ وەدەست خستنی سەربەستیمان بەرهەڵستمان بۆ پێك نەهێنی[١] ئێستا ژمارەیەكی زۆریان لە برایانی ئێرانی بە زۆرداری هێناوەتە بەرەنگاری هێزی ئێمە، بەڵام نامانەوێ خوێنی ئەم برایانە بڕێژین وە هیوامان وایە وتووێژەكانی تاران بە ئەنجامی سەركەوتن بگات... "[٢].

شكانی بێ ئـابڕووی هـۆردووی ئـێران لـە سـاڵح ئـاوا وە چـێشكەكردنی گیان لەبەری و ئیرادە و زەربەی پشتشكێنی هێزی پێشمەرگە، كارێكی گەورەی كردە. سەر وتووێژەكانی تاران وە هێزە كۆنەپەرستەكانی تاران ناچاربوون لە كاتی وتووێژدا گەلێك پاشەكشەی بكەن. لە یەكەمین بەندی پێكهاتنی نێوانی نوێنەرانی كوردستان و ئازەربایجان لە لایەكەوە وە نوێنەرانی تاران لە لایەكی ترەوە، دەوڵەتی كۆنەپەرستی تاران پێی لەمە نا كە جووڵانەوەی كوردستان و ئازەربایجان سروشتێكی دیموكراسییەت و رزگاریخوازی هەیە . لەم بەندەدا نووسراوە: "... ئەم جووڵانەوەیە پێشڕەو و دیـمـوكراتیكە وە وەك زامنێكی ڕاستەقینەی سەربەستی و تەواوەتی ئەرزی ئێران دەناسرێت"[٣].

دەوڵەتی كۆنەپەرستی ئێران لە ژێر هێرش و زۆرهێنانی ئیستیعماری ئەمەریكا و ئینگلیزدا هەر لە یەكەمین ڕۆژەوە و دەستی كرد بە تێكدان و وەژێرپێ هاوێشتنی بەندەكانی نێو پێكهاتنەكە. هێزە كۆنەپەرستەكانی

---

١. لێرەدا ئامانج لەم قسانە دەوڵەتە ئیستیعمارییەكانی ئەمەریكا و ئینگلیزە، كە لە كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكان مەسەلەی كوردستان و ئازەربایجانیان دانابوو بە تەواوی هێزی خۆیانەوە پشتیوانییان لە دەوڵەتی كۆنەپەرستی ئێران دەكرد.

٢. ڕۆژنامەی " كوردستان" ١٥ی مەی ساڵی ١٩٤٦.

٣. تەواوی ئەم پێكهاتە لە ڕۆژنامەی " ئازەربایجان "دا لە بەرواری ١٧ی مەی ساڵی ١٩٤٦ چاپ كراوە .

ئێران لە پاش شەڕی ساڵح ئاوا عاریان نەهێنا وە سەرلەنوێ لە ناوچەی سەردەشت و سەقز و بانە چەند جار پەلاماریان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە هێنا. لە تەواوی ئەم شەڕانەدا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوو، لە سەرێك نێزیکەی ٧٠٠ سەربازی ئێران یەخسیرا کرا، ژمارەی کوژراوانی گەیشتبووە ١٣٠٠ کەس. ئیگلتۆن لە کتێبەکەی خۆیدا باسی ئەم یەخسیرانە دەکات و دەنووسێ: ″ سەربازە یەخسیرکراوەکانیان بردە مەهاباد، حورمەتێکی زۆریان گرتن، هەموویان نارد بۆ تەورێز و لە وێشڕا بەڕییان کردن بۆ تاران[١]:

لە ئەنجامی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەدا بەشە هۆوددووەکانی ئێران لە سەردەشت و بانە لە ئاڵقە گیرا وە لەگەڵ جیهانی دەرەوە پێوەندییان بڕابوو، تەواوی ڕێگەکانی نێوانی سەقز و بانەو سەردەشت، وە سەقز و سەردەشت کەوتبووە دەست هێزی پێشمەرگەوە. هوردووی ئێران لە سەقز کە ژمارەی گەیبووە ٣٥٠٠ کەس لە سێ لاوە دەورە درابوو. مەترسییەکی زۆر گەورە بۆ تێداچوونی ئەم بەشە هۆردووانە هاتبووە گۆڕێ. سەرۆکەکانی تاران وە هێزە ئیستعمارییەکانی پشتیوانیان هەستیان بەمە کرد، کە مەسەلە بەم جۆرە نییە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە وە پێیان خۆش بێ و ناخۆش بێ لەگەڵ هێزی دەروونی گەلی کورد، لەگەڵ ئیرادە و گیان لەبەریی گەلێك کە داوای سەربەستی و ئازادیی خۆی دەکات ڕووبەڕوو بوون، وە لێرەدا مەسەلەی دەست تێ وەردانی هێزێکی سیاسی دەرەوە لە گۆڕێدا نییە.

سەرۆك وەزیرانی ئەو سەردەمەی ئێران قەوام ئەلسەلتەنە، سەدری قازیی برای قازی محەمەد، کە لە تاران وەك نوێنەری کۆماری کوردستان نیشتەجێ بوو، بانگی دەکاتە لای خۆی وە بە هۆی ناوبراو لە قازی

---

١. ئیگیلتون، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٨٦.

محەمەد دەگێڕێتەوە بچێتە تارانێ وە تەواوی ناکۆکی و مەسەلەکانی دەوڵەتی کوردستان و تاران لە ڕێگەی وتووێژ و پێکهاتنەوە جێبەجێ بکەن.

قازی محەمەد بەرلەوەی ئەم لێگێڕانەوەیە قبووڵ بکات ویستبووی بیر و باوەڕی کۆمەڵانی گەل لەمەڕ ئەم سەفەرە بزانێت وە هەر بەم ئامانجە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە نوێنەرانی تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانی ڕزگار، بۆ مەهاباد بانگ کران . لە بەرواری ٢٦ی مەی ساڵی ١٩٤٦دا لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد میتنیگیکی گەورە بە بەشداربوونی نێزیکەی حەوت هەزار کەس نوێنەرانی مەڵبەندەکانی کوردستان و دانیشتوانی مەهاباد و دەوروبەری پێك هات . لەم میتینگەدا قازی محەمەد وتارێکی گەورەی سیاسیی دا. ئەم وتارە یەکێکە لە وتارەکانی هەرە گرینگی قازی محەمەد کە لەوێدا سیاسەتی دوژمنانەی داگیرکەرانی کوردستان وە ئامانجەکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بە ئاشکرایی وە بە شێوەیەکی باشی زانستی نیشان دراوە. ئەوا لە ژێرە وە بۆ ئاگەداری، تەواوی وتارەکە دەخرێتە بەرچاو.

ئەو وتارە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا لەژێر سەرەتای "فەرمایشاتی پێشەوا و سەرۆکی کوردستان لە بەرامبەر چەند هەزار کەس سەرۆك عەشیرەت و ئەندامانی عەشیرەتەکان و دانیشتوانی مەهاباد" بە زمانی فارسی چاپ کراوە :

"برایانی خۆشەویست، بەر لە هەموو شتێك ئەمەوێ لە تەواوی سەرۆك عەشیرەتەکان و ئەندامی عەشیرەتەکان و نوێنەرانی مەڵبەندەکانی جیاوازی کوردستان و گەورە گەورەکانی کورد کە لە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانەوە و لە ناوچەی شەڕەوە هاتوون بۆ مەهاباد سوپاس بکەم. ئەمە یەکەمین جارە کە ١٥ هەزار سواری کورد بتوانێت لە

ماوەی چەند رۆژدا لە سنوورەکانی کوردستان وەخرِ بێت. هەمووتان ئەمەی قبووڵ دەفەرموون کە لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکی و ناتەباییەی، کە لەنێو کورداندا هەبوو وە کاری کردبووە سەر خێزانەکانیش وە تەنانەت برا لەگەڵ برا، کورِ لەگەڵ باوك لە شەرِ و و کێشەدا بوون، پێکهێنانی رێکخراوە، ئەمیش رێکخراوەیەکی سیاسی چەند زەحمەت و گران بوو. بەڵام هیچ بەرهەڵست و کۆسپێك، هیچ کارێکی سەخت و گران نییە، کە مرۆڤ بە سەریدا سەرکەوتوو نەبێت. لە ئەنجامی تێکوشین و لە خۆبووردنی ژمارەیەك مرۆڤانی خاوەن ئیمان و کار چاکدا رێکخراوەیەکی هەرە باش لە کوردستان دامەزرا، رێوشوێن و نیزامێکی بە رِێ و جێی بێ وێنە لە وڵات هاتە گۆرِێ، لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی ناکۆکی و ناتەباییەکان دوایی پێ درا. تو خوا چ شاهید و بەڵگەیەك لەمە بە هێزترە کە هەر بەمەی لە ناوچەی سەقز و سەردەشتەوە باسی مەترسیی هەرِەشەکردن لە کوردستان هاتە گۆرِێ وە باسی پەلاماری دوژمن لەم دوو ناوچەیەوە بڵاو بووەوە دەستبەجێ لە مەڵبەندەکانی هەرە دوور کەوتووەوە کوردە خۆیان گەیاندە ئەم ناوچانە وە ئەگەر لەلایەن دەوڵەتی کوردستانەوە ئیزنیان پێ درابایە بەچاوقووچاندێك، وەك شێر دوژمنیان ونجر دەکرد وە هەتا کرماشان هەر بەرهەڵست و کۆسپێك هاتبایە سەررِێیان رِایان دەماڵی، ئەگەر ناکۆکی و ناتەباییەکانی رِابردوو ماباوە، لە ترسی یەکتر نەیانئەوێرا ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن وە سەتان کیلۆمەتر لەوێوە دوور بکەون. جا دەبێ دوژمنان تاکەی چاوی خۆیان بقووچێنن وە هەر نەفامی بکەن وە نەزانن کە تا ئێستا هەر چارەرِەشی و زیللەتێك تووشی کوردان بووە لە ناکۆکیی نێو خۆیان و نەبوونی یەکیەتییەوە بووە، دەنا ئەگەر تەواوی کوردان یەك کەون لە بەرامبەر ئەواندا رِابوەستێت..... بەلای منەوە دوژمنانی دەرەوە (ئامانج دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانە – نووسەر) لە گرینگیی جووڵانەوەی

ئەمڕۆکەی کورد گەیشتوون وە هەر لەبەر ئەمەش وەك سەگ دەستیان بە وەڕین و چەق و لوور کردووە (ئیشارەیە بە ویژراوەکانی نوێنەری ئەمەریکا و ئینگلیز لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی جووڵانەوەی کوردستان و ئازبایجان – نووسەر). بەڵام ژمارەیەك لە دەزگای دیکتاتۆریی تاران هیندەیان خوێنی نەتەوە هەڵمژیوە، کە تووشی بێ هۆشی بوون وە هەروەك ئەمە وایە کە لە جیهاندا باسێك نییە، ژمارەیەکی تر هێندەیان تریاك کێشاوە کە خوسپ لێی کەوتوون وە هێزی سەر جووڵاندنەوەیان نییە، ژمارەیەکی تریش بە عارەق و شەراب سەرخۆش بوون، دەستیان لە ملی دڵبەرەکانیان کردووە و گۆرانی دەڵێن.

مارا بجهان خوشتر از این یکدم نیست

کزنیك وبد اندیشه وزکس غم نیست

وەرگێڕدراوەکەی:

لە جیهاندا بۆ ئێمە لەم سەردەمە خۆشتر نییە

کە لە بیری باشی و خراپیدا دانین وە لە غەمی کەسیشدا نین

ئەمانە دەڵێن تاران ناوەندی فەساد و کارەساتی خراپە وە ئەمەش بۆ ئێمە بەسە. جا لەبەر تەواوی ئەمانەیە، کە بە چاکی لە کاری کوردان نەگەییون.

ئێمە کە سەربەخۆیی بە تەواوی خۆمان وە دەست خستووە بۆ ئەمەیە بە دەوڵەتی ناوەندی نیشان بدەین وە بە تەواوی جیهانی بسەلمێنین، کە ئەم کارانەی کردوومانە بۆ ئەمە نییە کە دەستمان لە برایەتی لەگەڵ نەتەوەی فارس هەڵگرتووە وە حاشا لە ئێرانیبوونی خۆمان دەکەین، تەواوی ئەمانەی کە کردوومانە و دەیکەین لە دژی دەزگای دیکتاتۆری و زوڵم و زۆرداریی دەوڵەتی تارانە. چونکە ئەمەی کە ئەو ڕێوشوێنە لە کاتی پێش رەزا خاندا، لە کاتی رەزا خاندا وە لە پاش ئەویش بە سەر ئێمەی هێناوە

جەنگیزخانی مەغۆلیش بەسەر کەسی نەهێناوە.

کێیە کە نەیبیستبێت لە زەمانی پاشاکانی قاجاردا جەعفەر ئاغای شکاك و هەمزە ئاغای مەنگوور و هەزارەهای وەك ئەوانیان بە چ شێوەیەکی فێڵ و کەڵەك و ناپیاوەتی تێدا برد. لە کاتی رەزاخانی پەهلەویدا سەرباری هەزارەها ئاکاری ناپیاوانەی بەم جۆرە، خراپە و ناپیاوەتییەکی زۆر گەورەی لەبارەی کوردانەوە کرا کە دڵی تەواوی کوردانی بریندار کرد، ئەمەشی بری بوو لەمە، کە کاتێك کوردەکانی تورکیا لە ئارارات لە دژی دەوڵەتی تورکیا شەڕیان دەکرد لە شکری شەهەنشاهی بە لەونێکی ناپیاوانە لە پشتەوە پەلاماریان بردە سەر ژن و منداڵی کوردەکان وە ئەلەنجامدا سوارەی کوردان ناچاربوون تەسلیمی لەشکری ئێران بن.

چییان بەسەر ئەم کوردانە نەهێنا؟ ژمارەیەکی زۆریان لەم کوردانە بردە گرتووخانەی "قەسری قاجار" وە لەوێ بە دەرزی و دەرماناوکردن هەموویان کوشتن، ژمارەیەکی زۆری تریشیان بە ئێراندا بڵاو کردەوە وە ئێستاش مەعلووم نەبووە کە ئەمانە چلۆن تێدا چوون وە ژن و منداڵەکانیان چییان بەسەر هات.

لە هەڕەتی سەرما و سەغڵەتی زستاندا (ساڵی ١٩٣٨ – نووسەر) لەشکری ئێران هەڵمەتی بردە سەر عێلی بێ چەکی گەڵباغی، هەموویان راگوێستن، سەتەها منداڵی ئەم عێلە لە سەرمان سڕ بوون و مردن، ژن و پیاویان لە حەسرەتی منداڵەکانیان وە لەبەر پەلاماری سەرما شێت بوون و تێدا چوون، ئەمانەش کە مابوونەوە بۆ مەڵبەندە دوورکەوتووەکانی ئێران ناردران وە لە پاش بەسەرهاتی شەهریوەر (ئەم مانگەیە کە دیکتاتۆریی رەزاخان ژێروژوور بوو– نووسەر) ژمارەیەکی زۆر کەمیان گەڕانەوە وە ئەوانی تریان لە غەریبایەتی لە برسان تێدا چوون. سەد

ئەمەندەیان خراپتر بەسەر عێلی جەلالی و کوردەکانی تری دەوروبەری ماکۆ هێنا، تەواوی ئەمانەیان بە تێکڕایی ڕاگوێست وە ئاوارە و بێ کەس بە وڵاتدا بڵاویان کردنەوە لە پاش شەهریوەر ژمارەیەکی زۆر کەم لەمانە توانییان بۆ نیشتەجێی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەو بێ ناموسی و بێ شەرەفییەی کە لە تەواوی کارەکاندا لەبارەی کوردانەوە دەکرا لە مێژووی ئادەمیزاددا وێنەی کەم دیتراوە وە ئەمن پێم شەرمە باسی ئەمانە بگێڕمەوە. کارەساتی جەندرمەکان لە گێڕانەوە نایە. لە تەواوی ئێران، دۆست و دوژمن شاهێدی کارەساتی بێ شەرەفانەی ژەندرمەکانە.

کارەساتی ناپیاوانەی ژاندارمەکان گەیبوە ڕادەیەك کە ئیتر لە ژنان تێر بووبوون وە دەستیان بۆ ناموسی پیاوان درێژ دەکرد. پۆلیس لە ژاندارم خراپتر وە دادپەروەری لە هەردووکیان خراپتر وە بووبووە ناوەندی تالان و ڕووتکردنەوەی خەڵك.

پاڵەوان لۆکەکانی هۆردووەکە ئەم هەڵبەستەیان کردبووە دروشمی خۆیان:

همە سربسرپشت بدشمن دهیم از آن بەکە خود رابکشتن دهیم

(هەموو لەسەر یەك پشتمان بە دوژمن بسپێرین، ئەمە لەمە باشترە کە خۆمان بە کوشتن بدەین)، ئەوەندەیان دەعیە و تەشەخوس و خۆبە گەورە دانان پێ دەفرۆشتین، کە بە پلەی خوڵا بوونیش رازی نەدەبوون، حاکمەکانیان ئەگەر دەعیەیان هێنایەبایە، خۆیان بە خوای ئێمە دادەنا.

ئەمەی کە پارەکە جەنەراڵ هۆشمەندی ئەفشار بە سەر بانە و مەریوان و هەورامانی هێنا تەواوی جیهان بیستوویەتی وە بە پێویستی نازانم لێرەدا بیگێڕمەوە، سەد ڕەحمەت بە کفن درووی پێشوو، سەردەمی ڕەزاخان لەمە باشتر بوو... ئێستاش ئێمە چاومان ترساوە وە هەموو دەستمان لە گیان و ماڵی خۆمان هەڵگرتووە وە ئەگەر هەموومان تێدا بەرن ئامادە

نین ژێر دەستەیی دەزگای دیکتاتۆری و زوڵم و زۆرداری وە ئەستۆ بگرین، بەڵام ئەگەر لە تەواوی ئێران ئازادی و دیموکراسییەت دابمەزرێت ئەو دەم هیچ بەرهەڵست و کۆسپێك نابیَ بۆ ئەمەی کە نەتەوەکانی جیاوازی ئێران دەستی یەکیەتی برایەتی و دۆستایەتی بدەنە دەستی یەك وە بە شێوەیەکی برایانە پێکەوە بژین. تەماشا کەن دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەت لە چل – پەنجا کۆماری سەربەرخۆ و خودموختاری پێك هاتووە وە دادپەروەری و ئازادی هەمووی پێکەوە کردوون بە برا، دەوڵەتی ئەمەریکا لە ٤٨ کۆمار پێك هاتووە و شەڕ و کێشەیەکیان لە نێواندا نییە.

بۆ سەلماندنی ئەم وێژراوانە یەکیەتی و دۆستایەتیی گەلی کورد و ئازەربایجان بە شاهید دەهێنمەوە. لە پێشدا ئێمە هیچ شتێکمان یەك نەبوو، بەڵام چون ئەوانیش رزگاریخواز بوون، وە دیموکراسییەتیان قبووڵ کرد پێکەوە یەك کەوتین وە ئێستا مردن و ژیانمان بە یەکەوەیە. ئێمە بۆ ئەمەی کە ئامانجی خاوێنی خۆمان لەمەڕ تەواوی ئێران وەڕاست بگێڕین وە بە تەواوی نەتەوەکانی تری ئێرانی نیشان بدەین دوو نوێنەرمان نارد بۆ تاران کە بە دەوڵەتی ناوەندی بڵێن، کە ئەگەر ئێوەش ڕێوشوێنی خۆتان وەرگێڕنە سەر ڕێوشوێنی دیموکراسی، ئەو دەم بۆ برایەتی لەگەڵتان ئامادەین وە هەر چی بڵێن لە سەر چاومانە و بەجێی دەگەیەنین، بەڵام ئەگەر ڕێوشوێنی دیموکراسییەتیش قبووڵ ناکەن ئێمە کێشەیەکمان لەگەڵتان نییە.

ئێمەش ئادەمیزادین و لە ئادەمیزادیدا مافمان هەیە وە ساڵەهای ساڵە بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆمان لە خەباتداین. بۆ خاتری خولا لەمەو پتر مافی ئێمە زەوت مەکەن بە تانك و تۆپ و فڕۆکەوە پەلامارمان بۆ مەهێنن. ئاخر بزانن چ نەتەوەیەك وەك ئێمە لە دیلی و یەخسیرایەتیدا ماوەتەوە. لەمە و پتر پەردە بەسەر چاومان دامەگرن وە لۆکەمان لە گویَ مەئاخنن.

بزانن ئادەمیزاد گەیشتووەتە چ پلەیەکی پێشکەوتن، ئەو هەموو کارگە و کارخانە گەورەیەی پیشەسازییان دروست کردووە، ئەو هەموو ئیختراع و دۆزینەوەیەیان وەڕوو ختسووە، جارێك وەك باڵندە بە عاسماندا دەفڕن وە بەچاو لێکنانێك لە ڕۆژهەڵاترا بۆ ڕۆئاوا دەچن، جارێکی تر وەك ماسی بەتاوێك لەم سەری جیهان ڕادەچنە ئەم سەر، دڵی کێوەکان کون کون ئەکەن وە ڕێگەی ئاسنی پێدا ئەکێشن، تەماشای ڕادیۆ و تەلگراف و تەلەفۆن بکەن کە چلۆن لە هەزارەها کیلۆمەتر ڕێگەوە قسەی مرۆڤان بەیەکتر دەگەیەنن، تەماشای کارەبا بکەن کە چلۆن شەوی تاریکی کردووەتە رۆژی ڕووناك و تەواوی پێویستییەکانی ئادەمیزاد بەجێ دەگەیەنێت. بە کورتی، هەزارەها نموونەی تری وا بە تەنیا لە سایەی زانست و هونەردایە کە گەلان وەدەستیان هێناوە وە ئەمەش لەبەر ئەمەیە کە لە وڵاتی خۆیان سەربەخۆن و وە لە بیری خۆیاندان.

ئەی داگیرکەران و دوژمنانی ئازادی، لێمان گەڕێن با ئێمەش تەکانێك لە خۆمان بدەین وە لە ڕێوشوێنی زوڵم و زۆرداری و چەوسێنەری و هەژاری و ماڵوێرانکەری و ناساغی و دزی و بەرتیل خۆری و ژیانی خراپکاری، خۆمان نەجات بدەین. لێمان گەڕێن با ئێمەش زانست و شارستانەتی و پیشەسازی و کشتوکاڵی خۆمان پێك بێنین وە نەتەوەی خۆمان بگەیەنینە ڕێزی گەلانی تر. لێمان گەڕێن با کارگە و کارخانە دامەزرێنین وە بۆ بێکارانی نەتەوەکەمان کە لە ساڵێدا شەش مانگ بێ کارن کار بدۆزینەوە، لێمان گەڕێن با بە هۆی خوریی خۆمان فاسوونی بابەرهەم بکەین، چەوەندەر و توتنی خۆمان ڕەعەمەل بهێنین، کانگاکانی ژێرزەویی خۆمان دەرهێنین وە لە ڕێگەی سوودی ئەم کارانەوە وڵات و نەتەوەکەمان برازێنینەوە.

نوێنەری کوردستان حەمە حوسەین خانی سەیفی قازی کاتێك لە تاران وتوویژی بەڕێوە دەبرد لە بەرخاتری ڕاگرتنی ڕێوشوێنی ئازادی و

دیموکراسییەت ئامادە بوو بۆ هەموو چەشنە پێکهاتنێك لەگەڵ دەوڵەت، تەنانەت کاتێك دەوڵەتی تاران لە ئاگەداریی ڕەسمیی خۆیدا گەلی کوردی وەك ئەرمەنی و ئاسوری بە کەمایەتییەکی نەتەوایەتیی نێو ئازەربایجان دانا، ئێمە دەنگمان نەکرد، لە کاتێکدا کە گەلی کورد چەند ملیۆنە وە بەگوێرەی دابەشکرانی خاکی ئێران نەك هەر لە ئازەربایجان، بەڵکو لە چەند ئەیالەت نیشتەجێیە.

بەڵام دەوڵەتی تاران کە بە دیتنی خۆڵ وەسەرکردنی دایکانی کوڕ کوژراو زەردەخەنەی دێتیٚ، بە دیتنی ئاهـ و زاریی باب کوژراوان پیٚ دەکەنێت، بە دیتنی خانووی ئاور تیٚ بەردراو دەگەشێتەوە، بە بیستنی ناڵەناڵی بریندارا‌ن و داماوان دڵخۆش دەبێت و شانازی دەکات وە بەدیتنی شەتڵبوونی لاوان لە خوێندا لەزەت دەبات، گرینگی نەدا بەم لێبووردنەی کوردان وە چوونی نوێنەرمان بۆ لای، دەوڵەت بە پەرۆشی و دڵئێشاوییەوە نوێنەری ئێمەی گێڕاوە.

ئەمەی نەتەوەی کورد، بڵێن بزانین چ بکەین؟ مەسڵەحەت چییە؟ ئایا ئێمە حەقمان نییە بە تاران بڵێین ئەو هەموو کۆشك و سەرایەی کە بە خوێنی ئێمە داتمەزراندووە بەستانە، لێمان گەڕێن با ئێمەش بیرێك لە خانووە ڕەشەکانی خۆمان بکەینەوە، کە هەمووی وەئەشکەوت دەچێت، ئەو هەموو شەقام و کۆڵانە قیرتاوکراو و ڕازاندراوانە بەستانە، لێمان گەڕێن با ئێمەش گۆڕانێك لە کۆڵانە تەنگ و تاریکەکانی خۆماندا پێك بێنین، چونکە کاتێك با هەڵ دەکات لەبەر تۆز و خۆڵ چاومان هەڵنایەت وە کاتێك باران دەبارێت لەبەر قوڕ و چڵپاو کەس ناتوانیٚ پێی دارا ببرێت، لەو هەموو زێڕ و جەواهیرات و سامانەی کە بە قەدرایە نرخی تەواوی کوردستانە وە لە خانووەکانتاندا وەکۆتان کردووە چ سوودێکی کۆمەڵایەتیی بردووە کە ئێستاش هەر وەخڕی دەکەن؟ لەو هەموو زێڕ و جەواهیراتەی کە بە ئەستۆی ژنەکانتانەوە هەڵاوەسیوە گەل چ سوودێکی

بردووه كه دیسانیش دەست لە كوردی ڕووت و برسی هەڵناگرن؟

ئەی گەورەکانی کورد، ئەی سەردارەکانی کورد، ئەی برایانی زەحمەتکێش و تێکۆشەر و ئارەقڕێژ، بڵێن بزانین چ بکەین؟[1]

ئەم وتارەی قازی محەمەد دڵی تەواوی گوێدێرەکانی وەکوڵێن هێنابوو. شەپۆلی دەنگی بڵندی چەند هەزار کوردی چەکدار کە دەیانگوت: "هەتا دوایین پشووی ژیانمان دەست لە خەبات هەڵناگرین، "مردن خۆشترە لە ژێردەستی"، هەموو پێشمەرگەی پێشەواین، بڕۆ خوا ئاگادارت بێ، عاسمانی کوردستانی وە لەرزین خستبوو[2].

ئەم وتارەی قازی محەمەد لە ڕاستەقینەدا ئاگەدارییەك بوو بۆ دەوڵەتی تاران، واتا قازی محەمەد بەم هۆیەوە بە سەرۆکەکانی تارانی ڕاگەیاند، کە تەنیا لەسەر بنچینەی دان پێنان بە ئازادی و ڕێوشوێنی دیموکراسیەت لە کوردستان، ئامادەیە بۆ تاران بچێ وە لەگەڵ سەرۆکەکانی دەوڵەت وتوویژ و سکالا بەرێوە بەرێت. ئەم وتارە لە بنچینەدا بەرنامەی چەشنی دوانی قازی بوو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی. هەر بەم ئامانجەش بوو، کە ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بە زمانی فارسی لە چاپ درابوو.

پێویستە بویژرێت، کە سەرکەوتنی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی "ساڵح ئاوا" لە تەواوی بەشەکانی تری کوردستان و لەنێو تەواوی گەلی کورددا نفووز و بەرێزیی ح. د. ك و کۆماری ساوای کوردستانی گەلێك بەرەوژوور برد و بووەتە کانێکی بەهێز بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی دیموکراسیی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان. هەر لەم سەردەمەدا کرێکارانی نەوتی مەڵبەندی کرماشان جوولانەوەیەکی

---

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٢٩ی ساڵی ١٩٤٦.

٢. هەر لە وێ.

گەورەیان دەست پێ کرد لە دژ کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز – ئێران و ئاکاری دوژمنانەی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران لە کوردستاندا. کرێکاران وێڕای داواکانی ئابووری دروشمی سیاسییان خستبووە ڕوو، داوایان کردبوو ئازادیی قسە و چاپەمەنی بدرێت و ڕێوشوێنێکی دیموکراسی دابمەزرێت. کرێکاران هاوبیریی خۆیان دەربڕیبوو لەبارەی کوردستانی شیمالی و داوایان لە حکومەتی تاران کردبوو، کە ڕێوشوێنی دیموکراسیی کوردستان و ئازەربایجانی جەنووبی بە ڕەسمی بناسێت[1].

هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و ئیستیعمارییەکانی ئینگلیز ئەم جووڵانەوەیەی کرێکارانی کرماشانیان لە خوێندا قوم کرد و کرێکارەکانیان وەبەر گوللە دا و لە ئەنجامدا ٥ کەس کوژرا و پتر لە ٨٠ کەس بریندار کران[2]. هەر لەم سەردەمەدا بوو، کە کرێکارانی سنعاتی نەوتی کەرکووك لە کوردستانی عێراق ئیعتیساب "مانگرتن"ێکی ١٥ ڕۆژەیان ڕاگەیاند. لەم جووڵانەوەیەدا پتر لە ٥ هەزار کرێکار بەشداریی دەکرد کە بەشی زۆریان کرێکاری کورد بوون. یەکێك لە داواکانی هەرە تایبەتی کرێکاران لەم جووڵانەوەیەدا ئەمە بوو، کە ڕزگاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە گەلی کورد بدرێت[3].

ئەم جووڵانەوەیەی کرێکارانی کورد بەباشی وەدیی دا، کە کۆماری ساوای کوردستان لە وجوودی چینی کرێکاردا پشتیوانێکی بەهێزی هەیە و ئەمەش زامنێکی گەورە و بە بنەوەشتە بۆ بزووتنەوەی دیموکراسیی گشتیی گەلی کورد.

هەروەها لەم سەردەمەدا ڕووناکبیرانی کوردی نیشتەجێی تاران

---

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "زەفەر" بەرواری ٢٨ی ئووردی بەهیشتی ساڵی ١٣٢٥.

٢. هەر لەوێ.

٣. بڕوانە ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٢٨ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

ڕێکخراوەیەکی دیموکراتیکیان لە تاران دامەزراند بە نێوی "ئەنجوومەنی ئازادیخوازانی کوردستان". ئەم ڕێکخراوە ئاگەدارییەکی بە نێو گەلی کورددا بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو کردەوە کە لە وێدا لە گەلی کوردی گێڕاوە پشتیوانی بکەن لە حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستان و لە هەموو لایەکەوە یارمەتیی پێ بدەن. لەم ئاگەدارییەدا پڕۆگرامی ئەنجوومەنیش دیاری کرابوو. هەروەکی ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" نووسیبووی ئەم پڕۆگرامە "بە تەواوی، هەروەك داواکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وا بوو..."[1].

***

قازی محەمەد بەر لەوەی بچێتە تاران دەچێ بۆ تەورێز و لەوێ لەگەڵ سەرۆکەکانی حکوومەتی ئازەربایجان و نوێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت وتووێژ بە ڕێوە دەبات.

لەم سەردەمەدا لە نێوان ئازەربایجانییەکان و کوردەکاندا لەسەر مەسەلەی سەربەستی، بە جیاوازی کوردستان وە مەسەلەی سنووری نێوانی ئەم دوو حکوومەتە، ناکۆکی و ناتەبایی هاتبووە گۆڕێ کە وە لابردنی ئەم ناکۆکی و ناتەباییيە ئەرکێکی گەورە بوو لە بەرامبەر سەرۆکەکانی ئەم دوو جووڵانەوەیەدا. ڕیزە کەسێك لە سەرۆکەکانی جووڵانەوەی ئازەربایجان تەماشای وەزعی جوغرافی کوردستانیان دەکرد هەروەك هی دەورەی ڕەزا شا[2] وەکی لە سەرەوە باسی کرا، ئەم بەشانەی کوردستان کە کەوتە ژێر حوکماتی کۆماری کوردستان لە کاتی ڕەزاشا داخرابوونە سەر ئازەربایجان، یانی سەر ئەیالەتی ٣ کە ناوەندەکەی شاری ڕەزائییە بوو. هەر لەبەر ئەمە ڕیزەیەك لە سەرۆکەکانی ئازەربایجان دەیانگوت دەبێ ئێستاش هەر کوردستان ژێردەستەی

١. ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" بەرواری ٢٦ی ژوئیيەی ساڵی ١٩٤٦.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٨٧.

حوکماتی ئازەربایجان بێت و بۆ ئەم ئامانجە "تیئوری" ناسیونالیستیی ناحەزی وەك "کوردەکان زۆر لە پاشان نیشتەجێ بوون لە خاکی دایمی ئازەربایجانیان دەخستە ڕوو"[1] ئەمان دەیانگوت کە "کوردستان دەبێ مافێکی نیوە خودموختاریی هەبێت لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا"[2] هەر لە ڕووی ئەم بیرە نادروست و غەڵەتە بوو، کە کاتێك لە نەغەدە ئاڵای کوردستان بەرز کراوە نوێنەری ئازەربایجان ئاڵاکە دەهێنێتە خوارێ و فڕێی دەدات[3] و ئەگەر لە کاتی خۆیدا قازی و سەیفی قازی خۆیان نەگەیاندبایە نەغەدە بەبێ شك شەڕێکی گەورەی براکوژی لەوێ دەقەوما.

هەروەها لە شاری میاندووئاویش لەسەر مەسەلەی حوکمات ناکۆکی و ناتەبایی هاتبووە گۆڕێ. وەکی مەعلوومە، لە بەشی زۆری دەوروبەری شارەکانی وەك ڕەزائییە، ماکۆ، شاپوور، خووی، میاندووئاو، ساین قەڵا و...هتد کوردە دەژین و ئازەربایجانییەکان بەتایبەتی لە شارەکان نیشتەجێن، جا لەبەر ئەمە قازی و سەرۆکەکانی تری ح. د. ك لەسەر ئەم باوەڕە بوون، کە دەبێ لەم شارانە لە لایەن هەردووك حکوومەتەوە حوکمات بکرێت و کاروباری دەوڵەتی بەڕێوە ببردرێت. بەڵام ڕیزەیەك لە سەرۆکەکانی حکوومەتی خودموختاریی ئازەربایجان بەمە رازی نەبوون.

پێویستە ئەمەش بوێژرێت، لە نێو ڕیزەیەك لە کاربەدەستانی سۆڤیەتیشدا کە لە ئازەربایجان وەك مەسڵەحەتچی ئیشیان دەکرد، بیروباوەڕێکی وا لە گۆڕێدا بوو کە کوردستان مافێکی نیوە خودموختاریی پێ بدرێت لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا[4]. لە تەورێزێ

---

١. هەرلەوێ.

٢. ئیگیلتون، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٧٦.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٨٨.

٤. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٨٧–٨٨.

کاتی وتوویژ نوێنەرانی کوردستان بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەم بیروباوەڕە دەبن و بە ئاشکرایی بیروباوەڕی خۆیان بە نوێنەرانی سۆڤیەت ڕادەگەیەنن، لەم وتوویژەدا سەرۆکەکانی ح. د. ک. ڕەپ و ڕوو بە نوێنەرانی سۆڤیەت دەڵێن: "یەکیەتیی سۆڤیەت وڵاتێکی گەلێك پێشکەوتووترە لە وڵاتی ئێمە و لەبەر ئەمە ئامادەین ببینە ژێردەستی ئێوە. بەڵام وەکی ئێوە دەتانەوێ ئێمە ناتوانین ببینە ژێردەستی نەتەوە و وڵاتێکی کە لە ئێمەش پاشکەوتووترە. ئەگەر مەسەلەی کوردان هەر ژێردەستەبوونە بۆچی نەبینە ژێردەستەی دەوڵەتێکی گەورە و سەرلەنوێ نەبینەوە یەك لەگەڵ ئێرانا؟"[١].

ئەمانەی کەوا دوور لە ڕاستەقینە لە کوردستان دەڕوانن و تێ دەکۆشن بە هەر هۆیەك بێت کوردستان بکەنە ژێردەستی ئازەربایجان لە سروشت و کاراکتری تایبەتیی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورد شارەزا نەبوون. ئەمان بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کوردیان لە چوارچێوەیەکی تەنگ و مەحدوددا دەدیت و ئیتر لەمە نەدەگەیشتن، کە ئەم جووڵانەوەیە بە تەنیا بۆ وەدەستهێنانی خودموختاریی کوردستانی شیمالی نییە، بگرە هی تەواوی کوردستانی ئێران، لە هەمان کاتدا بەشێکە لە جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێزیك و نیوەڕاستدا.

بیرباوەڕی ناحەز و نادروستی ڕیزەیەك لە کاربەدەستانی سۆڤیەت لەبارەی مەسەلەی کوردانەوە، هەروەها بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی و دوور لە دۆستایەتی و هاوکاریی ریزەیەك لە سەرۆکەکانی حکوومەتی خودموختاریی ئازەربایجان لەمەڕ مەسەلەی کوردستان بووە هۆی ئەمە، کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان لە دژی ئەم

١. ئیگیلتون، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٧٧-٧٨.

بیروباوەڕییە هەڵگەڕێتەوە و بڕیاری تایبەتی دەرچوونێت. لە بڕیاری لەمەڕ ئەم مەسەلەیە وێژراوە، کە بەکاربەدەستانی سۆڤیەت بسپێردرێت "بە سەرۆکەکانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان ڕابگەیەنن، کە بەبێ وچان بۆ مەحکەمکردن و قایمکردنی هاوکاری و دۆستایەتیی خۆیان لەگەڵ کوردەکان تێ بکۆشن..."[١].

جا بە ڕاستی بە بێ هاوکاری و دۆستایەتی و یەکیەتیی ئەم دوو گەلە، ڕێوشوێنی دیموکراسی و حکوومەتەکانی خودموختاری لە کوردستان و ئازەربایجان نەیان دەتوانی بناوان و بنچینەی خۆیان قایم و پتەو بکەن و ڕێوشوێنی خۆیان بەرەو پێشکەوتن بەرن.

لە وتووێژی تەورێزی تا ڕادەیەکی گەورە کۆتایی درا بە ناکۆکی و ناتەباییەکانی نێوانی هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان و ئازەربایجان.

***

لێرەدا بەسەرهاتێکی تریش هاتە گۆڕێ، کە پێوەندی هەیە بە سەفەری قازی بۆ تاران و سیاسەتی دوژمنانەی دەوڵەتی ئێران. وەکی لە سەرەوە باس کرا سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی سالّح ئاوا بەسەر هۆردووی ئێراندا نەبووە دەرس بۆ سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران و لە هەموو لایەکەوە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ پەلامار بردن بۆ سەر کوردستان. سەرۆکەکانی ستادی هوردووی ئێران جەنەراڵ ڕەزم ئارام کە بۆ خۆی سەرۆکایەتیی هۆردووی ئێرانی لە ناوچەی سەقز و بانە گرتبووە دەست، لە وتارێکی خۆیدا بۆ ئەفسەرە ئێرانییەکان لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ پەلامار هێنان گوتبووی "ئیتر لەم شەڕەدا کە دەستی پێ دەکەین مەسەلەی چارەنووس و شەرەفی هۆردووی ئێران دێتە گۆڕێ..."[٢] هەر بەم ئامانجە

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، لاپەڕەی ٦٣.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٩٥.

له ١٥ی ژوئەنی ساڵی ١٩٤٦دا سەرلەنوێ بەشە هۆردووەکانی ئێران لە سەقز لە ناکاوڕا دەستیان کرد بە پەلاماربردن بۆ سەر بەشێك لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قەت پاڵی "مامەشا". لەم شەڕەدا ژمارەی هۆردووی ئێران بریتی بوو لە دوو گوردان بە تانك و تۆپ و فڕۆکە[1]. لە قەت پاڵی "مامەشا" ١٣ پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خەلیل خۆشەوی جێگیر ببوون[2]. لە ئەنجامی شەڕێکی بە تیندا ٢٢ کەس لە ئێرانییەکان کوژران و ٤٠ کەسیشیان لێ بریندارکرا و ئەوانی تریش هەموو هەڵاتن[3]. پاش ئەم پەلامارەی هۆردووی ئێران، هێزی پێشمەرگە تەواوی ڕێگاکانی نێوانی سەقز و بانە و سەردەشتی داگیر کرد و بەشە هوردووەکانی ئێران لەم شارە کەوتنە نێو ئاڵقەوە و پێوەندییان لەگەڵ یەکتری بڕا و مەترسیی تێداچوونی بە تەواوییان هاتە گۆڕێ. هەروەك ئیگیلتۆن دەڵێت پاش ئەم شەڕە "ڕوحیە و گیان لەبەریی هۆردووی ئێران بە تەواوی بێ هێز بوو"[4].

مەترسیی تێداچوونی بەشە هۆردووەکانی ئێران لە سەقز و بانە و سەردەشت، سەرۆکەکانی هۆردووی ئێرانی ناچار کرد دەست لە هەڕەشە و گوڕەشە هەڵبگرن و لەگەڵ سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەست بە سکاڵا و وتوویژ بکەن. لە گوندی سەرا هەڵکەوتوو لە لای سەقز بەگوێرەی پێشنیازی سەرۆکی ستادی ئەرتەش جەنەراڵ ڕەزم ئارا لە نێوان کوردان و ئێرانییەکان وتوویژ دەست پێ کرا و قازی بۆ خۆی لەم وتوویژەدا بەشداریی کرد و بڕیاردرا لەسەر ئەمە، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم جێگەیانەی کە گرتوویانە بمێننەوە و بە ئەفسەرە

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٩٥.

٢. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٩٦.

٣. هەرلەوێ.

٤. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٩٠.

ئێرانییەکان ئیجازە بدرێت لە نێوان بەشە هۆردووەکانی خۆیانا لە سەقز و بانە و سەردەشت پێوەند ڕابگرن. بەم مەرجەی، کە ئەم پێوەند ڕاگرتنە لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بێت، بۆ ئەمەی کە چەك و قۆرخانەیان پێ نەگەیەنن[1]. هەروەها بڕیار درا، کە لە سەقز و بانە و سەردەشت نوێنەری دایمی کۆماری کوردستان نیشتەجێ بێت و بەشە هۆردووەکانی ئێران لە جێگەی خۆیان بەرەو شیمال نەبزوونەوە[2].

ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و مێژوویی بوو، کە هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان وەدەستیان هێنا. لە ڕاستەقینەدا لەم شارە ناوبراوانە دوو چەشنە حاکمییەت دامەزرا و ڕێوشوێنی دیموکراسییەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی دەگرت. لە ڕاستەقینەدا بە تەنیا لە ڕوودا لەم ٣ شارە ناوبراوە نموونەی ڕێوشوێنی حکوومەتی تاران مابووەوە، دەنا لە تەواوی دێیەکانی دەوروبەری ئەم شارانە و لە نێو عەشیرەتەکانی نیشتەجێ لەم مەڵبەندانە ئاڵای کۆماری کوردستان بەرز کراوە و لقەکانی ح. د. ك دامەزرا.

بەڵام لەگەڵ ئەم سەرکەوتنەش دیسانیش سەرۆکەکانی ح. د. ك و شەخسی قازی لەسەر ئەم بیرە بوون کە بەبێ خوێنڕێژی و شەڕی براکوژی مەسەلەکان جێبەجێ بکرێت و لە ڕێگەی وتووێژەوە بەشەکانی تری کوردستانیش بخرێتە سەر کۆماری کوردستان.

قازی محەمەد لە بەرواری ٢٨ی ژوئەندا لە تەورێزێرا بە هۆی فڕۆکە بۆ تاران وەڕێ کەوت. لە نیشتگەی فڕۆکەی تارانێ بەشی زۆری کوردەکانی دانیشتووی تاران، سەرۆکەکانی حیزبی توودە و حیزبی ئێران، نوێنەرانی

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٩٩.

٢. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٩٣.

نـەقـابـەکـان، وەزیـرەکـانـی حـکوومـەتـی قـەوام دێنـە بـەرەو پـیـری قـازی محەمەد. ڕۆژنامەی "ئێران ما" بە بۆنەی سەفەری قازی لەژێر سەرەتای "ڕەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتە تاران" نووسراوەیەکی گـەورەی بـە خـەتـێکی درشت لـە لاپـەڕەی یـەکـەمـیـدا لـە چـاپ دابـوو و نووسیبووی: "ڕزگاریخوازانی ئێران بە دڵخۆشییەوە دەڕواننە مەسەلەی کوردستان و چەند ڕۆژ بوو لە هەموو جێگەیەك هەر باسی هاتنی قازی محەمەد دەبیستراو وە بەبێ سەبرییەوە چاوەڕێی دەکرا.

قازی محەمەد شەخسیەتێکی گەورە و تێگەیشتوو و زانایە وە لە لای زۆربـەی گـەلـی کـوردسـتـان زۆر خـۆشەویست و خـاوەن ڕێزە. ئـێستـا کـە جەنابی قازی محەمەد لە تارانە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەمەی مەسەلەکان بـە سوودی کـوردسـتـان و ئـێران جێبـەجێ بکرێن. ئێمـە هـیوامـان هـەیـە دەوڵەتی جەنابی قەوام بە وردی لە مەسەلەکان دەڕوانێت وە لە هاتنی جەنابی قازی محەمەد بۆ تەواوی ئێران سوود وەردەگرێت...

ئێستا قازی محەمەد لە تارانە و تەواوی ڕزگاریخوازان لە نێزیکەوە دەبینن وە بە تەواوی تێ دەگەن کە پێشەوای کوردستان تەنیا بیرێکی کە هـەیـەتـی گـۆڕینـی کـۆمـەڵ وە دامـەزرانـدنـی ئـازادی و دیموکراسییـەتـە لـە سەرتـاسەری ئـێران وە دەستـخستـنـی مـافـی کـۆمـەڵایـەتـی و سیـاسی و ئـادەمیزادە بۆ نەتەوەی کورد. هەر کارێکی بە سوودی دیموکراسییەت و ئـازادی بێت، پێشەوای کوردستان لە دڵەوە پێشوازیی لێ دەکات..."[1].

ڕۆژنامەی کۆنەپەرستی "نامەی دونیا" کە لە تاران دەردەچوو لە ساڵی ١٩٥٥دا واتە ٩ ساڵ پاش ئەم سەفەرەی قازی نووسراوەیەکی درێژی لـەمـەڕ چـوونـی قـازی بـۆ تـاران لـە چـاپ دابـوو. شایـەنـی بـاسە کـە ئـەم ڕۆژنامە کۆنەپەرستەش نەیتوانیوە گەلێك مەسەلەی مەڕبووت بە قازی

---

١. ئەمە لە ژمارە ٢ی ژوئیەی ساڵی ١٩٤٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەڵگیراوە.

محەمەد و وێژراوەکانی ئەو لەم سەفەرەدا بە پێچەوانە نیشان بدات.

ئێمە بۆ ڕووناککردنەوەی ئەم سەفەرەی قازی محەمەد بە تایبەتی سوودمان لەم نووسراوەیەش وەرگرتووە، چونکە لێرەدا دەبینین، کە تەنانەت پێنووسی دوژمنیش پێ لە گەورەیی و نیشتمانپەروەری و نەترسی و تێکۆشەریی قازی محەمەد ناوە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییی گەلەکەیدا.

ڕۆژنامەی ناوبراو سەرەتای نووسراوەکەی بەم جۆرە دەستی پێ کردووە: "سەفەری سەرکۆماری کوردستان قازی محەمەد بۆ تاران یەکێکە لە بەسەرهاتەکانی هەرە گەورە و گرینگی سەردەمی دەوڵەتی قەوام ئەلسەڵتەنە"[1].

ئەودەم ژمارەیەکی زۆر لە دەرەبەگەکانی کوردستان لە ترسی گیانیان بۆ تاران هەڵاتبوون. یەکێك لەمانە عەولای ئیلخانی زادەی برازای عەلی ئیلخانی زادە بوو (ئەمیر ئەسعەد)، کە بووبووە نۆکەر و خوفیەی گوارە لە گوێی شای ئێران و جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا. عەولای ئیلخانی زادە پێی ئەسپێردرابوو، کە ئەو ماوەیەی قازی لە تارانە شەو و ڕۆژ لەلای بێت وە تەواوی قسە و وێژراوەکانی قازی بۆ شا و سەرۆکی ستاد بگێڕێتەوە. (عەولا لە کاتی منداڵییەوە لەگەڵ قازی ناسیاو بوو وە لە کاتی دیکتاتۆریی ڕەزا شادا سەردەمێك دەستە برایەکی نێزیك بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٤١وە دەبێتە نۆکەری تاران وە لە کوردستانی دەڕوات).

عەولا ڕۆژێك پاش گەیشتنی قازی بۆ تاران بەگوێرەی ئەسپاردەی شا و ڕەزم ئارا دەچێتە لای و پێی دەڵێت: "پێویستە بۆ ئەمەی کە خۆت نەجات بدەی بچیە لای شا وە لەگەڵ دەوڵەت لە نێزیکەوە هاوکاری بکەی وە ئەگەر دەترسی لە کوردستان لە لایەن هێزێکی دەرەوەڕا ئازارت بدەن دەتوانی لە

١. "نامەی دونیا"، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

تاران بمێنییەوە وەیا بە هاوپرسیی شا بۆ ئەمەریکا بچی وە لە پاش گەڕانەوەی کوردستان بە چەنگ ئێران، بۆ مەهاباد بگەڕێیەوە.″[1].

قازی محەمەد بە بیستنی ئەم قسانە زۆر تووڕە دەبێت و دەڵێ: ″ماڵت شێوێ کاری کوردستان تەواو بووە، سەربەخۆییی وەدەست هێناوە وە ئامانج لەم سەفەرەی من بۆ تاران ئەمەیە کە بە بێ شەڕ و کێشە سەقز و سەردەشت و بانە بە کۆماری کوردستان بدرێت. قەت شتی وا دەبێ، کە ئەمن دەست لە ئابڕوو و ناموس و شەرافەتی خۆم هەڵگرم و تەواوی زەحمەت و تێکۆشینی خۆم پێشێل بکەم. ئەمن داواتان لێ دەکەم ئەم قسانە دووپات مەکەنەوە، چونکە گوێم هێزی بیستنی ئەم چەشنە قسانەی نییە...″[2].

ئیلخانی زادە کە دەبینێ قازی ناچێتە ژێرباری ئەم قسانەوە، دەستبەجێ دەڕوا دەچێ بۆ لای جەنەراڵ ڕەزم ئارا وە ناوبراو لە پاش بیستنی ڕاپۆرتی ئیلخانی زادە بە هۆی تەلەفۆن شا و سەرۆك وەزیران لە ئامانجی قازی ئاگەدار دەکات[3].

قازی محەمەد ڕۆژی دووەم، کە دەچێت بۆ دیتنی سەرۆك وەزیران لە حەساری کۆشکی سەرۆك وەزیران، چاوی بەئیلخانی زادە دەکەوێت و دەڵێ: ″فلانی چووی شەیتانیی خۆت کرد و دەگەڕێیەوە، مەڵێ کەس پێی نەزانی، بەڵام لەبیرت نەچێ، کە لەنێو کورداندا دووڕوو و شەیتان و خۆفرۆش و درۆزن زۆر کەم هەڵدەکەوێ″[4].

سەرۆك وەزیران کە دەبینێت قازی محەمەد دەست هەڵگر نییە لە

---

١. ″نامەی دونیا″ بەرواری ١٨ دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

٢. ″نامەی دونیا″، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

٣. هەر لەوێ.

٤. هەر لەوێ.

ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان وە بە هیچ لەونێك ئامادە نییە لە ڕێگەی حەقی کورد لابدات، ناچار دەبێت پلانی وتووێژی خۆی بگۆڕێت. هەر لە یەکەم دیتندا قەوام بە قازی محەمەد دەڵێت: "ئامادەم بۆ هەموو جۆرە سکالا و وتووێژێك لەگەڵ ئێوەوە وە لابردنی ناکۆکی و ناتەباییەکان"[1].

عەولای ئیلخانی زادە، کە لە یەکەم زەربەی دەم و ددان شکێنی قازی عاری نەهێنابوو وەك سەگی پێ سووتاو کەوتبووە شوێنی قازی، کە دیسان بیبینێت، بەڵام قازی ڕووی خۆشی پێ نیشان نەدەدا. کاتێك قازی دەچێ بۆ تەراش لە تەراشخانە، عەولا دەرفەتی وەچەنگ دەکەوێت و خۆی لێ نێزیك دەکاتەوە و دەڵێت:

"جاری دووەم کە چوویە لای قەوام باسی ئەستاندنی سەقز و بانە و سەردەشت مەکە"[2].

قازی دەپرسی: بۆچی؟

ئیلخانی زادە لە وەڵاما هەندێك دادەنوێنێت و دەڵێ: ئێستا کاری زۆر گەورەترت لە پێشە وە بەر لە هەموو شتێك دەبێ کارێکی وا بکەی دەوڵەتی ناوەندی کۆماری کوردستان بە ڕەسمی بناسێت وە ئەگەر بە ڕەسمی ناسیی ئەو دەم دەبێ لەمەڕ بەشەکانی تری کوردستان سکالا بکەی. قازی دەڵێت: مردووت مرێ، هەر ئەڵێی لە گوێی گادا نووستووی. جیهان کۆماری کوردستانی ئازادی بیستووە. ئێمە خۆمان بە جیهان ناساندووە...[3].

ئیلخانی زادە لە پاشان ڕووی قسەکانی دەگۆڕێت و دەڵێت: ئەرێ بۆچی

---

١. هەر لەوێ.

٢. "نامەی دونیا"، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

٣. هەرلەوێ.

ناچی بۆ دیتنی جەنەراڵ ڕەزم ئارا؟ قازی، بە بیستنی ئەم قسانە دەموچاوی گرژ دەکات و دەڵێت: ڕەزام ئارا دەبێ بێتە لای من. ئەمن بۆیە چوومە لای قەوام ئەلسەڵتەنە چونکە ئەو دوو کراسی زیاتر لە من دڕاندووە وە بە تەمەن لە من گەورەترە[1].

ئیلخانی زادە هەر لە تەراشخانەکەوە ڕێ و ڕاست دەچێتە لای ڕەزم ئازا و تەواوی قسەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. هەر ئێوارەی ئەم ڕۆژە ڕەزم ئارا دەچێت بۆ دیتنی قازی محەمەد[2].

ئیتر ئیلخانی زادە ڕووی نامێنێ بچێتە لای قازی محەمەد وە سەرۆکەکانی ئێرانیش لەمەی دەگەن کە خۆفرۆش و لووسکەیەکی وەك عەولای ئیلخانی زادە ناتوانێت کار بکاتە سەر قازی محەمەد. جەنەراڵ ڕەزم ئارا وە حەولان دەکەوێت، کە بەهۆی پیاوە پیر و نێو بە دەرەوەکانی لای سنە و کرماشان کە لە تاران نیشتەجێ بوون، کار بکاتە سەر قازی محەمەد. ڕۆژێك خەلیلی فەهیمی (زۆر جار وەزیر بووە)، ئاسەفی کوردستانی (نوێنەری پەرلەمان)، ئامانوڵلای ئەردەڵان (زۆر جار وەزیر و نوێنەر و باڵوێز و حاکم بووە) وە دوکتۆر زەنگەنە (نوێنەری پەرلەمان) دەچنە لای قازی وە لە پاشان لە هۆتێلێکی گەورەی تاران میواندارییەکی زۆر گەورەی بۆ پێك دەهێن. ئەمانە لە کاتی وتووێژدا بە قازی دەڵێن: ″جەنابت لە بنەماڵەیەکی چوار سەد ساڵەی، لە ئێران هەموو کەس دەتانناسی و بەڕێزیتان بۆ دادەنێ پێویستە بچی شاش ببینی وە لەگەڵ دەوڵەت هاوکاری بکەن...″[3].

قازی بە هیچ جۆرێك ئەم قسانە قبووڵ ناکات وە پێیان دەڵێت: ″ئەمن

---

١. ″نامەی دونیا″، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

٢. هەر لەوێ.

٣. هەرلەوێ.

کۆمۆنیست نیم، بەڵام ئامانجی من لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان وە نێزیکبوونەوە" لە یەکیەتیی سۆڤیەت پێویستیی ژیانی گەلە... ئەمن دوو ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ سەدری قازیی برام چوومە لای شا وە هۆی تەواوی ناڕەزایییەکانی گەلەکەم پێ گوت وە ڕام گەیاند کە دەوڵەتی ناوەندی گوێی لە داوای خەڵك نییە. ئێستاش ئەمن ناتوانم دەست لە گەل هەڵگرم وە ئەم کارەی گەیاندوومەتە ئەم ڕادەیە، بە نیوەچڵی بیهێڵمەوە..."[1].

بەم جۆرە قازی ئامادە نابێ بچێتە لای شا وە لە ڕاستەقینەدا بە هۆی ئەم قسانەوە ڕادەگەیەنێت، کە شا بۆوە نابێت پیاو بچێتە لای وە قسەی خەڵکی پێ بڵێت.

خۆڕاگریی پتەو و تۆخ و دانەنواویی قازی لە بەرامبەر سەرۆکەکانی ئێراندا بە تەنیا لەم ڕووەوە بوو کە، پشت ئەستوور بوو بەکۆمەڵانی گەلی کوردستان وە ئەیزانی کە هەستی سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازی لە نێو کورداندا هێندە بە هێزە، کە دەتوانێت بە سوود وەرگرتن لەمە سەرۆکەکانی تاران ناچار بکات هەندێك پاشەکشەی بکەن بە قازانجی کوردان. قازی محەمەد لەسەریەك بیست ڕۆژ لە تاران بوو وە لەم ماوەیەدا پێنج جار لەگەڵ سەرۆك وەزیران سکاڵای کردبوو. گەورەترین سەرکەوتنێك کە لەم سەفەرەدا قازی وەدەستی هێنا ئەمەبوو، کە سەرۆکەکانی دەوڵەتی تارانی ناچار کرد دان بەسەر سروشتی دیموکراسیبوونی جووڵانەوەی کوردستاندا بنێن. لە ئەنجامی سکاڵاکاندا دەوڵەتی ناوەندی ئامادە بووبوو پارەی تووتنی چەند ساڵی کوردستان بدات وە لە ناوچەی سەقز و بانە و سەردەشت دەست لە پەلامار و هەڵمەتبردن بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵگرێت. هەر بەم ئامانجە لە تارانەوە هەیئەتێك بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ ڕەزم ئارا دەچێتە سەقز بۆ ئەمەی، کە

---

[1]. "نامەی دونیا"، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی سکاڵا بکەن وە تەواوی مەسەلەکان لە جێگەی خۆی بەجێ بگەیەنن.

لە ڕاستەقینەدا، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد و کوردستان بوو. سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران ناچار بوو لەگەڵ ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك نوێنەرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕووبەڕوو دانیشێت وە بەگوێرەی مافی وەکیەکی سکاڵایە بکات.

قازی محەمەد کاتی بوونی لە تاران نوێنەری ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" سکاڵایەکی لەگەڵ دەکات، ئەم وێژراوانەش بۆ نواندنی خەباتی سیاسیی قازی محەمەد گەلێك گرینگە. چەند پرسیار و وەڵامی ئەم سکاڵایە دەخەینە بەرچاوی خوێندەواران.

لە سەرەتای سکاڵاکەدا نوێنەری "ڕەهبەر" نووسیویە: "جەنابی قازی محەمەد چاکەت و پانتۆڵێکی ساکاری لەبەردا بوو وە زۆر لە سەرەخۆ و بەمشوور و سەحەت سووك دەهاتە بەرچاو. کوردێکی زۆری نیشتەجێی تارانی لەلا بوو وە هەموویان بەڕێزییەکی تایبەتییان نیشان دەدا بەسەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان. جەنابی قازی محەمەد، کە زانی لەلایەن ڕۆژنامەی "ڕەهبەر"ە وە هاتووم بۆ سکاڵاکردن بە مەیل و ئیشتیاوە ئامادە بوو وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە. وەڵامەکانی زۆر کورت و بە مانا بوون وە دیار بوو لە ڕووی باوەڕی و هێزێکی قووڵی دەروونییەوە وەڵام دەداتەوە..."[١].

سکاڵاکە بەم جۆرەیە:

"پرسیار: مەڵبەندی ژێردەستی ئێستای جووڵانەوەی دیموکراتیکی

---

١. ئەم سکاڵایە لە ژمارەی ٢١ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بە تەواوی لە چاپ دراوە.

کوردستان هەتا کوێیە؟

وەڵام: مەڵبەندی ژێر نفووزی حیزبێك کە بە نێو کۆمەڵێکی زۆر و زەوەندا بڵاو بووبێتەوە زۆر گرانە دیاری بکرێت. بەڵام جوولانەوەی ئێمە جاریٚ کوردەکانی دەوروبەری ماکۆ، شاپوور (سەلماس)، خوی، ڕەزائـیـیـە (ورمـیٚ)، شنـۆ، سنـدووس، سەقـز، سەردەشت، بـۆکـان، میاندووئاو، بانە و مەهاباد لە دەوروبەری خۆی هاڵاندووە و سەرۆکایەتییان بەسەردا دەکات.

پـرسـیـار: دەکـریٚ هـەنـدێك لـە ڕابـردووی مـێژووی جـوولانـەوەی خـۆتـان بگێڕنەوە؟

وەڵام: بـنـچـیـنـەی ئـامـانـجی حـیزبـی دیـموکـراتـی کـوردسـتـان لـەم زوڵم و زۆردارییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە زۆر لەمێژە لە نەتەوەی کورد دەکرێت، مێژووی جوولانەوەکەمان ڕابردوویەکی گەورەی هەیە. بەڵام ٩ مانگە کۆمیتەی ناوەندیی ح. د. ك ڕاستە و ڕاست دەستی بە تێکۆشین کردووە.

پرسیار: لەم مەڵبەندانەی کە لە ژێر دەستەڵاتی ح. د. ك. دایە تا ئێستا چ کارێك کراوە؟

وەڵام: کـارێکـی هـەرە گـەورە کـە جـوولانـەوەی ئـێمـە لـە مـەڵـبـەندی ژێر دەستەڵاتی خۆیدا کردوویە برییە لە پێکهێنانی گیانێکی وەك یەك و یەکەتییەکی بیٚ وێنە لە نێو چەند سەد هەزار کەس برایانی ئێوەدا. ئاسایش و هێمنایەتییەکی کە لەم مەڵبەندەدا هاتووەتە گۆڕیٚ، قەت نەبووە. هەرچەند کە ماوە زۆر کەم بووە وە هۆیەکی ئـەوتـۆشـمـان بـە دەسـتـەوە نـەبـووە، بـەڵام سەرەڕای ئـەمـەش ڕێگەکـانـمـان ئـاوەدان کردووەتـەوە، قـوتـابـخـانـە و چـاپـخـانـەمـان دامـەزرانـدووە و ڕۆژنـامـە و کـۆوارێکـی زۆر بـڵاو دەکـەیـنـەوە،

ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان پێك هێناوە، هێزی بەرگریمان دامەزراندووە. بە کورتی، کۆمەڵێکی زۆر لە کوردان بەرەوپێشکەوتن دەڕۆن.

پرسیار: ئاگاتان لە چۆنایەتیی کوردەکانی جەنووب کە ڕاستە و ڕاست لە ژێر نفووزی مەعنەویی جووڵانەوەی ئێوەدا نییە، هەیە یا نا؟

وەڵام: لەم جێگەیانە هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی دیموکراتیك پێشگیری لێ کراوە. بەڵام ئێمە دەزانین لە هەموو جێگەیەك هەموو کوردێکی زوڵم لێکراو عاشقی ئازادییە وە لاگری جووڵانەوەی نیشتمانی و پێشڕەویی ئێمەیە.

پرسیار: چ پێوەندێکی مەعنەوی لە نێوان بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا هەیە؟

وەڵام: هەردووك لا بۆ ئامانجێك کە بریتییە لە ئازادی و سەربەخۆییی ڕاستەقینە و بە ڕاستیی تەواوی ئێران تێ دەکۆشین.

پرسیار: ئەم باسەی کە، نوێنەری ئاژانسی فرەنسا بە زمانی ئێوەوە بڵاوی کردووەتەوە، کە گوتووتانە "هەر کاتێك بمانەوێ کرماشان دەخەینە دەست خۆمانەوە" ڕاستە یا نا؟

وەڵام: ئەم قسەیەی کە ئەمن بە نوێنەری فرەنسام گوتووە لەگەڵ چۆنایەتیی ئێستا کە دەمانەوێ تەواوی مەسەلەکان لە ڕێگەی وتوویژ و ئاشتییەوە جێبەجێ بێت، پێوەندی نییە. لەپاش ئەمە ئامانج لە وشەی خستنەدەست خستنەدەستێکی تاڵان و بڕو و ئیستیعماری نییە، بگرە ئامانجمان ئازادکردنی بەشێکی تر لە هاونیشتمانەکان وە یارمەتییەکی پتری دیکەیە بە ئازادبوونی تەواوی ئێران..."[1].

---

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٢١ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

سەفەری قازی محەمەد بۆ تاران وە ئەم خۆڕاگری و نەترسی و ئازایەتی و کۆڵنەدەرییەی، کە لە حاست سەرۆکەکانی دەوڵەتی تاران نواندبووی هێندەی تریش بەڕێزی و خۆشەویستنی قازی محەمەدی لە لای زۆربەی گەلی کوردستان بەرەوژوور برد.

دانیشتووانی کۆماری کوردستان بە بێ سەبری و بە هەویا و هۆمیدێکی گەورە چاوەڕێی گەڕانەوەی پێشەوای خۆشەویستی خۆیان بوون. لە بەرواری ١٨ی ژووئییەی ساڵی ١٩٤٦دا قازی محەمەد گەڕاوە بۆ مەهاباد. ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەم باسەی ژێرەوەی لەمەڕ گەڕانەوەی قازی وە پێشوازیی زۆربەی گەل لە پێشەوای خۆیان چاپ کردووە: "حەزرەتی پێشەوا کە لە سەفەری تاران گەڕاوە چەند ڕۆژێك تەشریفی لە تەورێز ماوە، وە ڕۆژی ١٧ی ژووئییە کە باسی هاتنەوەی بە مەهاباد گەیشت، هەیئەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سەرۆکەکانی دەوڵەتی نەتەوایەتی و ئەفسەرە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە هەتا شاری میاندوئاو بەرەو پیری چوون. نوێنەرانی تەواوی چینەکان و پیاوە دینییەکان و قوتابیانی قوتابخانەکان و هێزی پێشمەرگە و لادێییەکان و هتد کە نێزیکەی ١٠ هەزار کەس پیاو و ژن و گەورە و بچووك دەبوون هەتا ٦ کیلۆمەتری مەهاباد بە پێشوازیی پێشەوای خۆشەویستی خۆیانەوە چووبوون. سەعاتی ٦ی پاش نیوەڕۆی ١٨ی ژوئییە لەنێو چەپڵەڕێزان و گوڵبارانداندا تەشریفی گەڕاوە بۆ مەهاباد وە کورد و کوردستانی بە دیداری موبارەکی شاد کردەوە. پێشەوا لەگەڵ هەموویان، بە تایبەتی لەگەڵ قوتابییەکان و ئەندامانی یەکەتیی لاوان، ئەحواڵ پرسیی کرد"[١].

قازی محەمەد پاش گەڕانەوە لە کۆبوونەوەیەکی چەند هەزار کەسی

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرواری ٢١ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

لـەمـەڕ ئـەم سەفـەرەی خـۆی وتـار دەدات. بـە داخـەوە ئـەو ژمـارەیـەی ڕۆژنـامـەی "کوردستـان" کە ئەم وتـاری تێدا چاپ کراوە بە دەستمـانەوە نییە کە بیخەینە بەرچاوی خوێندەواران. بەڵام لە وتـارێکی تردا قـازی محەمەد بە کورتی بـاسی ئەم سەفەرەی گێڕاوەتەوە. قـازی محەمەد پـاش گەڕانەوە چـەنـد ڕۆژێك لـە مـەهـابـاد دەمـێـنـێـتـەوە لـە پـاشان بـۆ پـێ ڕاگـەیشتـن بـە کـاروبـاری مـەڵبـەندەکـانی ورمـێ و خوی و سەلمـاس و مـاکۆ سەفـەر دەکات. ڕۆژی ٢٦ی ژووئییە سەرلەبەیانی بە بۆنەی ئەم سەفەرەی پێشەوا بۆ مەڵبەندەکانی لای ورمێ لە مەیدانی چوارچرا میتینگێکی چەند هەزار کەسی پێك هـات وە قـازی وتـارێکی گەورەی دا. ئەم وتـارەش یەکێکە لە وتـارەکـانی هـەرە گرینگی قـازی محەمەد کە لەوێدا لەمەڕ چلۆنـایەتیی نـاوخـۆی کوردستـان وە هـەروەهـا لـەمـەڕ سەفـەرەکـەی بـۆ تـاران بـە وردی دواوە. ئـەوا لـە ژێرەوە بـەشی زۆری ئـەم وتـارە دەخـەیـنـە بـەرچـاوی خوێندەواران.

"... بـێگـومـان هـەمـووتـان ئـاگـادارن، کـە کـورد لـە ڕێگـەی ئـازادیـدا خەبـاتێکی زۆری کردووە وە لە بەرامبەر ئیستیعمـار و چەوسێنەریدا قەت سەری دانەنواندووە. کورد نەتەوەیەکە، کە هیچ کـاتێکی ژیـانی بە بێ خەبـات لە دژی ئیستیعمـار و فـاشیزم و زۆرداریدا نەبووە وە ئەمن نـامەوێ لێرەدا بە وردی مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەکەمـان بگێڕمەوە، بۆ خۆتـان دەزانن لە عێراق چییـان بەسەر کوردان هێنا، ئەوەندی لە دەستیـان هـات تۆپ و تـانك و فڕۆکەیـان لە دژی کوردان وەکارهێنا بەڵام نەیانتوانی هەستی ئـازادیخوازیی کوردان بکوژێننەوە، وە شـاهێدم بۆ ئەمە جەنـابی مەلا مستەفا وە قەومە قـارەمـانە بـارزانییەکەیەتی کە لەسەر بیری پـاکی ئـازادیخوازی وازیـان لە خـاك و نیشتگەی خۆیـان هێنـاوە.

دیسان لە کـارەسـاتی دڕندانەی دەوڵەتی تورکیا ئـاگەدارن، کە چییان بەسەر کوردان هێنـاوە، ئێستا مـاوەم نییە فەجایعەکانی گیان برژێن و دڵ

قرچێنی ئەوانتان بۆ بگێڕمەوە. ئەم دەوڵەتانە بەهۆی یارمەتیی ڕیزە دەوڵـەتـێکـی دەرەوە کـە چـاکـیـان دەنـاسین دایـمـا خـەریکـی شپـرزەکردنـی کوردان بوون، بەڵام نەتەوەی کوردی ئازا و نەبەز و شەڕکەر و تەجروبە دیتوو ئەم هەموو دەرد و ناخۆشییانەی بە با زانی وە ڕۆژ بەڕۆژ دەنگی خۆی بڵند دەکاتەوە وە لە تەواوی نەتەوەکان دەگەیەنی کە مافی ژیانی هەیە و هەتا مابێ دەست لە ئازادی هەڵناگرێت. بەڵێ، ئەو زوڵم و کوشتن و بـێدادیـیـە هــەمـوو وەکـۆبـوون وە بـوون بـە قـوتـابـخـانـەیـەك وە فێری پشتگرتنی یەکتری کردین و ئاگەداری کردینەوە کە بخوێنین، دووبەرەکی و ناتەبایی وەلا بەرین، خەیانەت بە کۆمەڵ و یەکتری نەکەین، لە سەر تـەمـاح یـەکـتـر نـەهـاڕین، دۆست و دوژمـنـمـان بـنـاسـین. دوژمـنـانـی کورد وایان دەزانی بە کوشتن دەتوانن گیانی ئازادیخوازیمان بکوژن.

ئـێـستـاش لـە سایـەی ئـازادیـدا ئـێمـەش چـاو و گـوێمـان کـراوەتـەوە وە جارێکی تر ناچینەوە ژێر چەنگاڵی بێدادی. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ نەتەوەیەك بکات وە جیا لە حەقی خۆی هیچی لە خەڵکی نەویستووە، ئەو دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و سامان و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ و ببێتە خاوەنی کارخانە و کارگە. ئێمە لەم ڕووناکییەی کە لە جیهاندا بریسکەی دێ خۆمان بە بەشدار دەزانین وە پێمان ناکرێ لە ڕۆژی ڕووناکدا چاومان بقوچێنین وە لە تاریکیدا دابنیشین...

ئێستا دەکرێ بڵێین ڕێگەمان بۆ کراوەتەوە وە لە قۆناغی حەسانەوە نێزیك بووینەوە، دەبێ بزانین کە هەموو کاتێك کارمان بە شەڕ و خوێن ڕشتن نابێ. لە هێندێ کاتدا دەبێ لە ڕووی سیاسەتیشەوە کاری خۆمان بەرەوپێش بەرین. گەلێك وەخت بە ئاشتی و پێکهاتن ئامانجمان پێش دەکەوێ.

کۆمەڵێکی زۆر لە برا کوردەکانمان بۆ پێش ڕەفتی مەرام بە گیان و ماڵ هاتنە پێش و بە جیهانیان نیشان دا کە لە ڕێگەی پێشکەوتنی دیموکراسییەت و ئازادیدا باکیان لە سەر و ماڵی خۆیان نییە. پێشڕەوی ئەمانەش برایانی بارزانین.

عەشیرەتەکانی تریش هەموو قارەمانەتییەکی گەورەیان نواندووە. مەسەلەن ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکانی مامەش و پیران و زەرزا و دیبوکری پۆل پۆل بە شەرافەتمەندی چوونە ناوچەی شەڕ وە بە سەربەرزی گەڕانەوە. ئاغاکانی مەنگوڕ خزمەتێکی زۆر بە دیمەنیان کردووە. ئەم شتەی کە پتر ئەمن مەمنوونی مەنگوڕان دەکات ئەمەیە کە لە نێوانیاندا ناخۆشی هەبوو. ڕۆژێك پێم گوتن کە کێشەی ئێوە لەسەر ئیستیکانە چایەکە، کە لە پێشدا بۆ کامتانی دانێن وە وەبیرم خستنەوە، کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە یەکیەتی پێویستە. بە ڕاستی ئەمانیش قسەی منیان بیست و هەموو چەشنە ناکۆکیی نێو خۆیان وەلا برد...

برایان، بارزانییەکان بە قسە هیچ بوون، بەڵام بەکار و تێکۆشین ڕووی کوردیان سپی کردەوە. هێندێك لە برایەکانمان بە قسە کێوی بێستوون بوون، بەڵام لە کار و تێکۆشیندا خۆیان وەك مشك و مێشوولە نیشان دا. کوردیش ئەمانەی یەك بەیەك ناسی و لە کاتی خۆیدا جەزایان دەدرێتێ بە پێی خەیانەتیان...

برایانی خۆشەویست. ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن، بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری لەگەڵ لەشکری گەلانی تر بکەن. ئەم چەکەش زانستە. پلەی شەڕ خەریکە تەواو دەبێ، ئیتر نۆبەی زانست و هونەرە. ئەمن لە ئێوەم ئەوێ کە بە زانست بەربەرەکانیی دوژمنان بکەن...

ئەی خۆشەویستەکانم، کاتێك نەتەوەی کورد بەختیار دەبێ، کە ئێمە

دەست لە سوودی خۆیی هەڵگرین. پێویستە هەروەك بۆ كاری خۆمان، بۆ كاری گشتیش تێ بكۆشین وە نابێ كاری خۆیی وەپێش كاری گشتی بخەین. دروستكار ئەم كەسەیە كە پووڵ و موڵك و مەقامی لە بەرچاو نەبێ. جا تكا دەكەم چی تر چاوتان لە سوودی خۆیی نەبێ. قوتابخانە لە دێیەكانتان بكەنەوە. نەخۆشخانە دابمەزرێنن، یاریدەی هەژاران بدەن، دەبێ كارخانە و كارگە وەكار بخەین...

ژیان پێنج دوو ڕۆژێكە، پووڵ نێوی مرۆڤ بڵند ناكات، بەڵام خزمەت بە نەتەوە و نیشتمان ئەستێرەی سەرشانی ئینسانە...

بۆ خۆتان دەزانن كە ئەمن بۆ وەرگرتنی مافی كورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە وە ئەم زەحمەتەش بە فەخر و شانازی دەزانم. دەبێ دڵنیا بن تا ڕۆژێكم لە ژیان مابێ دەست لە تێكۆشین و لەخۆ بووردن هەڵناگرم وە بەهەموو كەسێكی دەسەلمێنم كە كورد شایانی ژیانی سەربەخۆیە...

برایانی خۆشەویست، هەموو دەزانن، كە ئێمە لە جووڵانەوەی خۆماندا ئامانجی جیابوونەوە لە ئێرانمان نەبووە وە تەنیا ئامانجمان ئازادیی خۆمان و پاراستنی دیموكراسییەتە. بەڵام سەردەمێك كاربەدەستانی ئێران نەك هەر وەڵامیان نەداینەوە، بگرە گاڵتەشیان بە داواكانمان دەكرد. ئێمەش ناچاربووین دەوڵەتی نەتەوایەتیی خۆمان دامەزراند، هێزی خۆمان لە بەرامبەر ئەواندا تاقی كردەوە. كاتێك كە ئەوان ویستیان لەمە بێتە پێش ئێمەش لەوان چووینە پێش، ئێستاش كە ئەوان ئامادەبوون پاشەكشەی بكەن، ئێمەش ئامادەین بكشێینەوە...

لە سەفەری تارانمدا لەگەڵ ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە زۆرم وتووێژ كرد... ڕۆژێك ئاغای قەوام پێی گوتم: ″ئەوا ئێمەش بووین بە دیموكرات وە حیزبی دیموكراتی ئێرانمان دامەزراندووە وە وا بە باش دەزانم كە نێوی حیزبی دیموكراتی كوردستان بگۆڕن وە نێوی بنێن حیزبی دیموكراتی ئێران...″. ئەمن لە وەڵامدا گوتم، كە بەبێ پرس و ڕای كۆمیتەی ناوەندی

هیچ كارێكی ناكەم، چونكە لە ڕاستەقینەدا دیموكراسییەت مانای ئەمەیە كە شەخس ناتوانێ بە بێ پرس و ڕا بڕیارێكی گرینگ، كە پێوەندی بە ژیانی نەتەوەوە هەبێت سەربەخۆ دەربڕێت.

ئاغای قەوام دانی بەمەداهێنا، كە كوردستان شایانی تاریف و شانازییە وەگوتی: "جووڵانەوەی دیموكراتیكی كوردستان بە پشتیوانێكی گەورەی خۆمان دەزانین وە هیوامان ئەمەیە كە بەهۆی ئێوە دیموكراسییەت لە تەواوی ئێراندا بڵاو بێتەوە". برایانی خۆشەویست، ئێمە ئامادەین بە تەواوی ئێران یارمەتی بكەین وە ئەگەر بێتو ئازادیخوازانی عێراقیش پێویستییان بێ و یارمەتیمان لێ بخوازن یارمەتییان دەدەین. هەروەها بۆ یاریدانی تەواوی ئازادیخوازانی جیهان ئامادەی لەخۆ بووردنین..

براكانم، وەكی بیستوومە گەلێك كەس بەرتیل دەخوا، حەقی گوومرگ دەستێنی وە بە دایرەی مالییەی نادا، وەیا شتێ دەكڕن بە تمەنێك وە بە دوو تمەن لەسەر دەوڵەت حیساب دەكەن. خەیانەت، دزیكردن پیسترین دەردی نەتەوەیە، دەبێ لەم خووە پیسانە خۆتان بپارێزن، هیوام ئەمەیە كە هەموو پێكەوە شەو و ڕۆژ بە سوودی نەتەوە تێ بكۆشین... پارەتان لە بەرچاو نەبێ، بوغز و دووبەرەكی بمرێنن، وەرن تێ بكۆشین تا لە جیهانی ئەمڕۆ كە ڕادەی پێشكەوتنی گەیشتووەتە ئەوپەڕی وە لە جیاتی كارەبا خەریكە بە هۆی هێزی ئاتوم وڵات گەرم دەكەنەوە، نێزیك بینەوە، وەرن نەتەوەكەمان بگەیەنینە ڕیزی گەلانی تر..."[1].

ئەمەی كە لەم وتارەدا بە تایبەتی شایانی باسە مەسەلەی سروشتی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموكراتیكی كوردستانە كە قازی تاریفی پێ داوە. لەم وتارەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە قازی جووڵانەوەی نیشتمانیی

١. ڕۆژنامەی "كوردستان" بەرواری ٣٠ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٦.

مەهابادی لە جووڵانەوەی دیموکراتیی تەواوی ئێران، لە جووڵانەوەی دیموکراتیکی و تەواوی بەشەکانی کوردستان وە نەهایەت لە جووڵانەوەی دیموکراتیك و پێشڕەوی جیهان، جویێ نەکردووەتەوە وە ئەم جووڵانەوەیەی بە بەشێکی جویێ نەبووی تەواوی ئەم جووڵانەوەیانە ئەژماردووە. لێرەشدا هەست و بیری ئینتیرناسیۆنالیستیی قازی وەك مرۆڤێکی سیاسی و سەرۆکی جووڵانەوەیەکی سیاسی، خۆی وەدی دەدات.

***

پەرەسەندنی بە خێرایی و هەموولایەکیی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان، ئەم سەرکەوتنە بە دیمەن و گەورانەی کە گەلی ئازاد و سەربەخۆی کورد و ئازەربایجان لە تەواوی ڕووەکانی ژیاندا وەدەستیان دەهێنا، بە تایبەتی سەرکەوتنی بێ وێنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر هێزی چەکداری زۆری ئێراندا، هەروەها بڵاوبوونەوەی کارتێکردنی ئەم جووڵانەوەیە بەسەر تەواوی ئێراندا، دەوڵەتی ئیستیعماریی ئەمەریکا و ئینگلیز، وە ژێردەستە کۆنەپەرستەکانی ئەوانی لە ئێران وەترس خست.

هەروەکی لەسەرەوە باس کرا، ئیستیعماری ڕێوی سفەتی ئینگلیز هەر لە یەکەم ڕۆژەوە وە هەوڵان کەوت کار بکاتە سەر جووڵانەوەی نیشتمانیی کوردستان وە لە ڕێگەی ڕاستی هەڵە بکات. هەر بەم ئامانجە خوفیە بەناوبانگەکانی ئینگلیزی لە کوردستانی عێراق لە وێنەی لان، گور، کار و نیل مید، ستابینگ، دزیکسین، دیویس و... هتد ژمارەیەکی زۆریان نۆکەری گوارە لە گوێی خۆیان بۆ مەڵبەندی مەهاباد نارد، کە خۆیان لە جووڵانەوە بخزێنن وە ئەم جووڵانەوەیە بە ڕێگەی نەتەوایەتی (ناسیولیستی)ی کۆنەپەرستدا بەرەوپێش بەرن[١]. لە سەرەتایساڵی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٣١–٣٩.

١٩٤٦دا لە نێزیك مەهاباد خوفیەیەکی ئینگلیز بەنێوی ڕەسول ناجی لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی کوردستانەوە بەردەست کرا وە ناوبراو لە بەرامبەر بەڵگەیەکی زۆردا کە لێی گیرا ناچاربوو پیّ لە زۆر شتان بنێت[١].

لە یەکەمین لێپرسینەوەدا ڕەسول ناجی پێی لەمە نابوو، کە "بەگوێرەی ئەسپاردەی کاپیتان گۆری ئینگلیز هاتووە لەگەڵ خوفیەکانی ئینگلیز لە وێنەی کاك مامەندی کولیج، گوڵزار خانم، شێخ عەولای گەیلانی، ڕەشید بەگی حاجی ئاغا ئۆغلی و تەها تەیر ئاغا پێوەند ڕابگرێت"[٢].

بەشی زۆری ئەم نێوبراوانە تێکەڵاوی بزووتنەوە ببوون و ڕووکاری خۆیان داپۆشیبوو. لێرەدا بە تایبەتی مەسەلەی شێخ عەولای گەیلانی زۆر گرینگ بوو، چونکە ناوبراو لەبەر خزمەتی باب و باپیری بە جووڵانەوەی گەلی کورد و مەقامی دینی تا ڕادەیەك بەرێزیی هەبوو لەناو گەلا و لە چەند کۆبوونەوەیەکی کە لە تەورێز پێك هات وەك ئەندامێکی هەیئەتی نوێنەرانی کوردستان بەشداریی کرد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. وەدەست کەوتنی سیاییی ئەم نیشتمان فرۆشانە گرینگییەکی زۆر گەورەی هەبوو. هەر لە ئەنجامی ئەمەدا کۆمیتەی ناوەندیی ح. د. ك وە دەوڵەتی کۆماری کوردستان بە تەڕەدەستی ڕیزە تەکبیریکیان بەڕێوەبرد، چەند کەسێك لە نیشتمانفرۆشەکان تیرە باران کران، چوار پێنج کەسیان بۆ تاران هەڵاتن وە دوو کەسیش لەمان خۆیان لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هاوێشت[٣]. ئاشکرا بوون و وە ڕووخرانی ئەم پیلانە زەربەیەکی گەورە بوو، کە لە مەسەلەی کوردستاندا وە ئیستیعماری ئینگلیز کەوت. ئینگلیزەکان لەمەی گەیشتن کە هەستی نیشتمانپەروەریی پێشڕەو لەنێو کورداندا هێندە بەرز

---

١. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٣٣.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠، پەروەندەی ژمارە ٢٠، لاپەڕەی ٣٣.

٣. یەکێك لەمانە شێخ عەولای گەیلانی و ئەوی تر میرزاد ڕەحمەتی شافیعی بوو.

و بەهێزە، کە ناتوانن جووڵانەوەکە لە ڕێگەی ڕاستی دیموکراسییەت هەڵە بکەن وە بە دروشمی کۆنەی یاریدان بە "دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە" گەلی کورد هەڵخەڵەتێنن. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە ئینگلیزەکان لەو سەردەمەدا هێزێکی گەورەی چەکداریان لە عێراق خزاند، بە تایبەتی لە سنوورەکانی ئێران.

ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" بە بۆنەی مانۆڕی ئینگلیزەکان لە عێراق لە دژی جووڵانەوەکانی نیشتمانی و دیموکراتیکی گەلانی دانیشتووی ئێران نووسیبووی: "هەرچەند کە لەمێژە شەڕ تەواو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش عێراق لە چۆنایەتیی شەڕیدا ماوەتەوە وە لە بەشی زۆری عێراق هۆردووی ئینگلیز گونجاندراوە... بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە وەچەنگ کەوتوون لە حاڵی حازردا ژمارەی هۆردووی ئینگلیز لە عێراق گەیشتووەتە دووسەد هەزار کەس"[1]. ئینگلیزییەکان بە هۆی ڕاگرتنی هۆردوویەکی زۆر لە سنوورەکانی ئێران تێ دەکۆشین گەلانی وڵات چاوترسێن بکەن وە بە ئاشکرایی دەستیان لە کاروباری ناوەخۆی ئێران وەردەدا. لە ماوەی ساڵێکدا، یانی لە ٢١ی مارسی ساڵی ١٩٤٥وە تا ٢١ی مارسی ساڵی ١٩٤٦ لە عێراقەوە ٣٦٠٠ کاربەدەستی ئینگلیز بە نێوی گەڕیدە و دیتنی وڵات بۆ ئێران و بە تایبەتی بۆ کوردستان هاتبوون[2].

ئیستیعماری ئەمەریکاش هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەوڵی دەدا خۆی وەك لاگری دیموکراسییەت و جووڵانەوەی دیموکراتیك و نیشتمانیی کوردستان نیشان بدات وە لەم ڕووەوە زۆر تێ کۆشی کار بکاتە سەر ئەم جووڵانەوەیە. لێرەدا دوو بەسەرهات دەخەینە ڕوو کە پێوەندی هەیە بە خەباتی سیاسیی ئەو سەردەمەی قازی محەمەد.

---

١. ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" بەرواری ١٤ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٦.

٢. ڕۆژنامەی "ئێرانی ما"، ٥ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦.

یەکێك لەم بەسەرهاتانە هاتنی کونسوڵی ئەمەریکا بوو لە تەورێز بۆ لای قازی محەمەد و وتووێژی نێوانیان. لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦دا کاتێك قازی لە تەورێز بوو، کونسوڵی ئەمەریکا پیاوێکی دەنێرێتە لای وە ئیجازەی لێ دەخوازێ، کە بێتە دیتنی. کونسوڵ لەگەڵ وەرگێڕێك دێتە مەنزڵی قازی محەمەد وە نێزیکەی سەعاتێك وتووێژی لەگەڵ دەکات. یەکێك لە ئەندامانی ح. د. ك کە نووسەری قازی بوو لەوێدا بەشداری دەکات وە تەواوی وتووێژەکان بەکوردی دەنووسێتەوە. لە پاشان قازی محەمەد نووسراوە کوردییەکەی ئەم وتووێژە دەدات بە هاوڕێیەکی تر، کەوەری گێڕێتە سەر زمانی ئازەربایجانی. تەواوی بەڵگە و ئاگەداریمان لەمەڕ ئەم وتووێژە بیرەوەری ئەم نووسەرەیە. تا ئێستا لە چاپەمەنیی کوردیدا لەمەڕ ئەم وتووێژە بە تەنیا مەسەلەی کەری کوردەواری و ئوتوومبیلی ئەمەریکایی چاپ کراوە.

نوێنەری ئەمەریکا باسی جووڵانەوەی کوردستان وە ئامانجەکانی ئەم جووڵانەوەیە لە قازی دەپرسێت وە قازیش بە دوور و درێژی مێژووی خەباتی گەلی کوردی بۆ دەگێڕێتەوە. کونسوڵی ئەمەریکا ڕادەگەیەنێت ئێمە زۆر چاوەڕێ بووین سەرۆکەکانی جووڵانەوەی کوردستان پێوەندمان لەگەڵ ڕابگرن، چونکە ئێمە لاگری دیموکراسییەت و ئازادین. کونسوڵی ئەمەریکا بە درێژی باسی ڕێوشوێنی دیموکراسیبوونی ئەمەریکا دەکا و دەڵێت: گەل و نەتەوە پاشکەوتووەکان بێ یارمەتیی ئابووری و سیاسیی ئەمەریکا هیچ چەشنە پێشکەوتنێك وەدەست ناهێنن وە دەوڵەتی ئەمەریکاش هەموو کاتێك دەستی یارمەتی و هاوکاریی بۆ ئەم گەلانە درێژ کردووە. دەوڵەتی ئەمەریکا لاگری سەربەخۆییی کوردانە، بەڵام ئێمە لەمەدا شکمان هەیە، کە ڕووسەکان بتوانن لەگەڵ ئێوە بەڕاستی ببزوونەوە وە یارمەتی بکەن بە دەوڵەتی ئێوە. ئەگەر ئێوە دەست لە ڕووسەکان هەڵگرن وە لەگەڵ ئەمەریکا دۆستایەتی بکەن، دەوڵەتی

ئەمەریکا ئامادەیە بۆ هەموو جۆرە یارمەتییەکتان...

قازی محەمەد لە وەڵامی ئەم وێژراوانەی کونسوڵی ئەمەریکادا دەڵێت: گەلی کورد لە خەباتدا بەر لە هەموو کەسێك پشت ئەستوورە بە هێزی خۆی وە هێزی یەکگرتووی گەل هێزێکی وا پتەو و دانەنواو و قایمە، کە بەسەر هەموو چەشنە سەختی و کۆسپ و بەرهەڵستێکدا سەرکەوتوو دەبێت... ئێمە بەرێزییەکی زۆر گەورە بۆ نەتەوەی نەجیبی ئەمەریکا دادەنێین وە تەنیا داوخوازێکمان لە دەوڵەتی مەزنی ئەمەریکا ئەمەیە، کە یارمەتی بەهێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران نەکات وە هانیان نەدات بۆ سەر کوردستانی ڕزگار. ئێمە بیستوومانە کە دەوڵەتی ئەمەریکا خەریکە لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لە دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران بکات وە هەروەها دەیەوێ چەك و قۆرخانە بە دەوڵەتی ئێران بدات وە ئەو چەکانەش کە ئێستا سەربازەکانی ئێران بە هۆی ئەوانەوە خوێنی کوڕانی ئێمەی پێ دەڕێژن، هی ئەمەریکایە. لە ڕاستەقینەدا ئەمەریکا لە خەفەکردنی دەنگی ئازدیخوازیی ئێمەدا بەشداری دەکات... ئەگەر بە ڕاستی لایەنگیری دیموکراسییەتە وە ناتانەوێ نیفرەت و غەزەب و تووڕەییی گەلی کورد وەدەست بخەن، دەست لەم کارانە هەڵگرن وە ژمارەیەك نیشتمان فرۆشی ئێران مەخەنە ژێربالی خۆتانەوە. وە ئەمەش بزانن، کە ئێستا بە تەنیا لە عەمەلدا نرخ دادەندرێ بۆ دەوڵەتان. هەر دەوڵەتێك عەمەلی باش بێت لە حاست نەتەوەی ئێمە خۆشەویستە... وە ئەمەش بزانن کە دەوڵەتی کوردستان بە توانای نەتەوەی کورد دامەزراوە، وە هیچ حەوجێیەکمان بە یارمەتی دەوڵەتی ئەمەریکا نییە...

کونسوڵی ئەمەریکا لە دوای وتووێژەکەدا دەڵێت: ″بەڕاستی زۆرم لا سەیرە، کوردەکان هەتا بە کۆڵی کەرە شەلە دەغڵ و حاسلاتی خۆیان دەبەنە بازاڕ و دەیفرۆشن توێخیان پێوە دەچێت. ئێستا دەوڵەتی ئەمەریکا ئامادەیە ماشێنی جیپتان بداتێ وە لە چنگی کەرە شەلە ڕزگارتان کات،

کەچی ئێوە دەڵێن ئێمە ماشێنمان ناوێ. زۆر سەیرە، ئێوە مەگەر کەرە شەلەی خۆتان پێ لە ماشێنی ئەمەریکا باشترە؟".

قازی محەمەد لەوەڵاما گوتبووی: بەڵێ، کوردان گوێدرێژی خۆیان پێ لە ماشێنی ئەمەریکا باشترە..."[1].

ڕۆژنامەی "ژین" لەمەڕ ئەم وتووێژەی پێشەوای کوردستان لەگەڵ کونسوڵی ئەمەریکا نووسراوەیەکی لە چاپ داوە نووسیویە: "حکوومەتی ئەمەریکا کاتێك مەترسیی لەدەستچوونی کوردستانی لێ نیشت باڵوێزەکەی خۆی لە ئێران ناردە لای قازی محەمەد بۆ هەڵفریواندنی (لێرەدا دەبوایە کونسوڵ نووسرابایە نەك باڵوێز – نووسەر) لەمەیانەی قسەدا باڵوێز بە زمانی لووسی بە قازیی نەمر دەڵێت: "با قەمەرەیەکی ئەمەریکاشتان پێشکێش بکەین". بەڵام ئەو قازییەی کە ناوی بە ئاوی زیڕین لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا نووسراوە، لە وەڵامدا وتی: "سەفیر، کەری کوردەواری ناگۆڕمەوە بە قەمەرەی ئەمەریکایی"[2].

ئەمە یەکەمین وتووێژێك بوو کە، لە نێوان قازی محەمەد و نوێنەری ڕەسمیی دەوڵەتی ئەمەریکادا ڕووی دا. بەڵام وەڵامی ڕاستە و ڕاستی قازی وە ڕووی خۆش نیشان نەدانی بە دەوڵەتی ئەمەریکا، بە هیچ جۆرێك نوێنەرانی ڕەسمیی ئەمەریکای پەشیمان نەکردەوە. بەتایبەتی سەفەری قازی بۆ تاران لە مانگی ژووئەندا وە نەترسی و خۆڕاگریی پتەو و وتارە بەنرخ و بە بڕشتەکانی لە کاتی وتوویژ لەگەڵ سەرۆکەکانی ئێراندا هێندەی تریش بووە هۆی وە هەوڵ و تەقەڵلا کەوتنی ئەمەریکاییەکان بۆ خۆ نێزیککردنەوە لە قازی محەمەد. ئەمەریکاییەکان هەستیان بەمە کردبوو، کە قازی نفووز و دەستەڵات و بەڕێزییەکی زۆر گەورە و قووڵی

١. ڕۆژنامەی "ژین"، بەرواری ١ی سیپتامبری ساڵی ١٩٦٠.

٢. ڕۆژنامەی "ژین"، بەرواری ١ی سیپتامبری ساڵی ١٩٦٠.

هەیە لە نێو زۆربەی گەلی کورددا وە دەیانویست بە هەر هۆیەك بێت بە ئامانجی ئیستیعماری و داگیرکەریی خۆیان لەم دەستەڵاتەی قازی سوود وەربگرن.

هەروەکی لە پێشدا باس کرا، کاتێك قازی لە تاران بوو یەکێك لە نیشتمانفرۆش و خۆفرۆشەکانی کورد بە نێوی عەولای ئیلخانی زادە، کە بووبووە خوفیەی شا و سەرۆکی ستاد دەکەوێتە نێوان وە لە هەمان کاتدا بەگوێرەی ئەسپاردەی باڵوێزی ئەو دەمەی ئەمەریکا لە تاران جۆرج ئاللین تێ دەکۆشێت قازی لە ئەمەریکا نێزیك بکاتەوە، بە قازی دەڵێت، کە بۆچی سەفەرێك ناکەی بۆ ئەمەریکا؟[1] لەمەڕا وەدیار دەکەوێت کە ئەمە قسەی عەولا نەبووە، بگرە پێی ئەسپێردرابوو. لەمەڕ تێکۆشینی ئەمەریکاییەکان بۆ خۆ نێزیککردنەوە لە قازی بەڵگەیەکی تریش بەدەستەوەیە، کە ئەمەش زۆر گرینگە. ڕۆژنامەی "پەیکاری زیندەگی" کە لە تاران دەردەچوو لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا بیرەوەری کاربەدەستێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانی لە چاپ دابوو لەمەڕ بەسەرهاتەکانی ساڵی ١٩٤٦–١٩٤٧ی کوردستان و ئازەربایجان وە لە بەشێکی ئەم بیرەوەرییانەدا باسی چوونی جەنەراڵ شوفارتسکوپفی ئەمەریکاییی کردبوو بۆ لای قازی محەمەد لە تاران. جەنەراڵ شوفارتسکوپف لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا بەگوێرەی داوخوازی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران بە مافێکی زۆر گەورەوە دێتە تاران وە تەواوی کاروباری ژاندارمیری ئێران دەکەوێتە ژێردەستی ناوبراوەوە.

کاتێك قازی لە تاران دەبێت شوفارتسکوپف، جەنەراڵ خوسەرەوانی سەرۆکی دایرەی ژاندارمیریی تەواوی ئێران دەنێرێتە لای وە داوخوازی دیتنی لێ دەکات. ڕۆژنامەی "پەیکاری زیندەگی" وتووێژەکەی نێوانی

١. ڕۆژنامەی "نامەی دونیا"، بەرواری ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥.

قازی محەمەد و شوفارتسکوپفی بە تەواوی نەنووسیوە. بەڵام لە ئاخردا لەم وتووێژە ئەم نەتیجەیەی وەدەست هێناوە: "ڕەهبەری کۆمەڵە، هیوایەکی زۆر گەورەی بە سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ڕووسیا هەبوو وە لەمانە نەبوو دەست لە مەرام و ئامانجی خۆی هەڵگرێت"[1].

هەر لەم وێژراوە کورتەی "پەیکاری زیندەگی"ڕا وەدیار دەکەوێت، کە تەواوی هەوڵ و تەقەڵلای ئەمەریکاییەکان بۆ ئەمە بووە قازی محەمەد لە یەکیەتیی سۆڤیەت، لە سۆسیالیزم وە دیموکراسیەتی ڕاستەقانی دوورخەنەوە و بیکەنە بەڕێوەبەری سیاسەتی ئیستعیماریی ئەمەریکا لە مەسەلەی کورددا.

قازی کاتێك کە لە تارانێ بوو چەند جارێك لەگەڵ سەرۆکەکانی حیزبی توودەی ئێران و حیزبی ئێران، کە نوێنەری هێزە نەتەوایەتییەکان و چینی وردە بورژوا بوو سکاڵا بەڕێوە دەبات بە ئامانجی پێکهێنانی ناوچەی یەکیەتیی بزووتنەوەی تەواوی هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران و لەم ڕێگەیەوە زۆر حەول دەدات. قازی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی ح. د. ك وە نامەیەکی ڕەسمی پێشکێش دەکات بە ڕەهبەرانی حیزبی توودەی ئێران و ئامادەبوونی ح. د. ك یان بۆ تێکەڵاوبوون بە ناوچەی یەکیەتیی هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران، پێ ڕادەگەیەنێت.

قازی پاش گەڕانەوە بۆ مەهاباد سەرلەنوێ تەلگرافێکی تریش دەنێرێت بۆ سەرۆکەکانی ناوچەی یەکیەتی لەتاران و پێشنیاز دەکات بەزووترین کات هێزە پێشکەوتووەکانی وەڵات پێك بێت.

هەواڵنووسی ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" لە تەورێزێ لەگەڵ قازی محەمەددا سکاڵایەك بەڕێوە دەبات و لەمەڕ پێکهێنانی ناوچەی یەکیەتیی حیزبە

---

١. ئەم باسە لە ژمارەی بەرواری ٦ی ئاوریلی ساڵی ١٩٥٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ کراوە.

ڕزگاریخوازەکانی ئێران ڕیزە پرسیارێکی لێ دەکات. ناوبراو دەنووسێت کە قازی ڕای گەیاند: ″حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر بە دڵخۆشییەوە پێشوازی دەکات لە مەسەلەی بەرەی یەکگرتووی حیزبە ڕزگاریخوازەکان و ئەمن لەم بارەیەدا بە هۆی تەلگراف ئامادەبوونی حیزبی خۆم بۆ تاران ڕاگەیاندووە″[1].

نووسەری گەشتی ناوچەی یەکیەتیی حیزبە پێشکەوتووەکان ئەڵڵاە یارساڵیح لە لایەن ناوچەی بەرەی یەکیەتییەوە (بەرەی یەکگرتوو) نرخێکی زۆر گەورە دادەنێت بۆ ئەم تێکۆشینەی قازی محەمەد و وەڵامی تەلگرافەکەی دەداتەوە و دەنووسێ: ″جەنابی قازی محەمەد سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەلگرافی جەنابتان گەیشت و لە کۆبوونەوەی بە یەکەوەی ناوچەی یەکیەتیی حیزبە پێشکەوتووەکانی توودە و ئێران بە وردی وتووێژی لەسەر کرا. ئێمە بۆ پێشنیازەکانی ئێوە لەمەڕ پێداویستبوونی دامەزراندنی ناوچەی یەکیەتریی تەواوی حیزبە پێشکەوتووەکانی ئێران نرخێکی زۆر گەورە دادەنێین و پێشوازیی لێ دەکەین. ناوچەی یەکیەتیی توودە وە ئێران بە تەواوی پێشنیازەکانی ئێوە قبووڵ دەکەن...″[2].

ئەمە هەنگاوێکی گەورەی سیاسی بوو و لە هەمان کاتدا زەربەیەکی گەورە و پشتشکێن بوو بە مانەی، کە جووڵانەوەی کوردستانیان بە جووڵانەوەیەکی جیاواز لە بزووتنەوەی دیموکراسیی تەواوی ئێران دادەنا و تێ دەکۆشین هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران چاوترسێن بکەن. بێ شك پشتیوانی و هاوکاریی هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران لە بزووتنەوەی گەلی کورد یارمەتییەکی گەورە بوو، ئەمە بووە هۆی پتر بەرەوژوورچوونی ئیرادە و گیان لەبەری و هەستی پێشکەوتوو لە کوردستان. هێزە

١. بڕوانە ڕۆژنامەی ″ڕەهبەر″ ژمارەی ٨٠٩، بەرواری ١٨ی شەهریوەری ١٣٢٥.
٢. بڕوانە ڕۆژنامەی ″کەیهان″ بەرواری ٣ی فیوریەی ساڵی ١٩٥٧.

دیموکراتیکەکانی کوردستان باوەڕییەکی پتەویان بەمە هەبوو کە، ڕزگاری و سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و بە تەواوی هێزی خۆیانەوە بۆ دیموکراسی لێکردنی تەواوی ڕێوشوێنی ئێرانیش تێ دەکۆشن. نووسەری ئەمەریکایی ئارشی ڕۆزفیلت لەمەڕ بیروباوەڕی قازی محەمەد لەبارەی مەسەلەی ئێرانەوە بە گشتی دەڵێت کە قازی دایما بە کوردەکانی دەسەلماند کە، نەك هەر بۆ یەکیەتی و ڕزگاری کوردستان، بگرە بۆ هی تەواوی ئێران تێ بکۆشن[١].

قازی بە چاکی لەمە شارەزا بوویوو، کە دەبێ ناوچەی دژی ئیستیعماری گەلانی ئێران لە هەموو لایەکەوە پتەو و قایم بکرێت و ئەمە دەبێ ببێتە یەکەمین دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی و هەر لە قۆناغی یەکەمی خەباتی سیاسیی خۆیدا بە باشی هەستی بە سیاسەتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی کورد کردبوو، وە گەلێك جار ڕای گەیاندبوو، کە ئەگەر دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان لە پشت دەوڵەتە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕانەوەستابان وەیا ڕێگەیان پێ نەدابان بێ شك گەلی کورد لە خەباتی تەن بەتەنی خۆیدا سەرکەوتوو دەبوو. قازی محەمەد وەك سەرۆکێکی زانا و پێشڕەو و دوور دیتووی جووڵانەوەی سیاسیی گەلی کورد زۆر بە باشی لە مێژووی پێشکەوتنی ئادەمیزاد شارەزا بوو، ئەو دەیزانی کە تەنیا ڕێگەی بەختەوەری و پێشکەوتنی ئادەمیزاد سۆسیالیزمە وە تەواوی گەلەکان دەبێ بەم ڕێگەیەدا بڕۆن، وە ئیتر سەردەمی کۆنەپەرستی و کاپیتالیزم بەرەوتێداچوون دەڕوات.

لە ڕاستەقینەدا، هەتا ئەو سەردەمە لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی وەك ح. د. ك

---

١. ئارشی ڕۆزفیلت، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢.

وە هیچ سەرۆك و پێشەوایەكی جووڵانەوە وەك قازی محەمەد نەیتوانیبوو سروشتی داگیركەری و زۆرداری و تاڵان و بڕۆی ئیستیعمار بۆ زۆربەی گەلی كورد وەڕوو بخات، وە لە هێزەكانی دەرەوەدا دۆست و دوژمنی جووڵانەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی گەلی كورد لێك جیا بكاتەوە.

***

دەوڵەتی تاران هەرچەند لە ڕوودا پێی لەمە نابوو، كە جووڵانەوەی كوردستان و ئازەربایجان سروشتی دیموكراتیكی هەیە، وە وەعۆدەی گرتبوو كە بۆ دیموكراتیك لێكردنی تەواوی ڕێوشوێنی ئێران تێ بكۆشێت، بەڵام لە ژێرەوە دەستی لە ئامادەكردنی پیلان و كەڵەك و كارەساتی دوژمنانانە لە دژی كۆماری كوردستان و حكوومەتی نەتەوایەتیی ئازەربایجان هەڵنەگرتبوو. لەلایەكی تریشەوە هێزە ئیستیعمارییەكانی ئەمەریكا و ئینگلیز هەستیان بەمە كردبوو، كە دەوڵەتی تاران لە حاست جووڵانەوەی كوردستان و ئازەربایجان بێ هێزە وە تەنیا بەهێزی خۆی ناتوانێت پێشی پەرەسەندنی ئەم جووڵانەوەیە بگرێت وەیا لە نێویان بەرێت. لەبەر ئەمە هەم لە ڕێگەی سیاسی و مادییەوە، وە هەم لە ڕێگەی عەسكەرییەوە قۆڵیان هەڵماڵی بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی كۆنەپەرستی ئێران وە هاندانی بۆ سەر كوردستان و ئازەربایجان.

لە ڕێگەی سیاسییەوە نوێنەرانی ئەمەریكا و ئینگلیز لە كۆمەڵی نەتەوە یەكگرتووەكان "مەسەلەی ئێران"یان هێنا گۆڕێ. لە كاتێكدا، كە مەسەلەیەكی وا نەبوو كە پێوەندی بەدەست تێ وەردانی كۆمەڵی نەتەوە یەكگرتووەكان هەبێ. مەسەلەی كوردستان و ئازەربایجان، یانی وەدەستهێنانی خودموختاری و سەربەستیی گەلی كورد و ئازەربایجان مەسەلەی ناوخۆی ئێران بوو، وە بە هیچ نێوێك حەوجێی بە دەست تێ وەردانی كۆمەڵی نەتەوە یەكگرتووەكان نەبوو. سەرپاكی ئەمە، دەوڵەتی

ئێران بەشێوەیەکی ڕەسمی وە بەگوێرەی پێکهانێکی ئیمزا کراو دوانی بەسەر داواکانی جووڵانەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا هێنابوو. بە کورتی، ئەم هەنگاوە "دیپلۆماسی"یەی ئەمەریکا و ئینگلیز کە بە ئامانجی پەلاویکردنی سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت، وە بێ گرینگ نواندنی جووڵانەوەی کوردستان و ئازەربایجان هاوێژرابوو، بە پووچ دەرچوو، وە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دوان و سکالاکردن لەسەر ئەم مەسەلەیەی لە کاری ڕۆژانەی خۆی دەرهاوێشت.

دەوڵەتی ئەمەریکا ئەوچەل لە ڕێگەی چەك و "یارمەتی" مادییەوە دەستبەکار بوو. لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٤٦دا لە تاران لە نێوان نوێنەرانی ئێران و ئەمەریکادا لەسەر مەسەلەی وەرگرتنی چەك و قۆرخانە وە "یارمەتی"ی مادی لە ئەمەریکا بە نهێنی وتووێژ دەست پێ کرا. لە پاشان ئامانجەکانی ئەم وتووێژە وەئاشکرا کەوت وە دەوڵەتی ئەمەریکا لەسەر بنچینەی ئەم مەرجانەی ژێرەوە ئامادەبوونی خۆی بۆ تەیار و پەرداخکردنی هۆردووی ئێران وە "یارمەتی"ی مادی ڕاگەیاند:

١- دەبێ دەوڵەتی تاران خەباتێکی بە تین و بەبێ لادان لە دژی هێزە چەپەکانی وڵات بەڕێوە بەرێت، ٢- دەبێ بەشی زۆری ئەم کەسانەی کە بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن لەو پیاوانە بن، کە دەوڵەتی ئەمەریکا باوەڕیان پێ دەکات، ٣- دەبێ دەوڵەتی تاران لە ژێر چاوەدێری وە بەگوێرەی ڕازیبوونی ئەفسەرانی ئەمەریکایی کە بۆ ئێران دەنێردرێن لە قەرز و چەك و قۆرخانەی ئەمەریکا سوود وەربگرێ[1].

هەروەکی لەسەرەوە باس کرا جەنەراڵ شوفارتسکوپف تەواوی کاروباری ژاندارمەی ئێرانی گرتە دەست خۆیەوە، وە لە بەرواری ٣٠ی مانگی ژانویەی ساڵی ١٩٤٧دا لە سکالایەکی خۆیدا لەگەڵ

١. ڕۆژنامەی "پراودا"، ٢ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٧.

ڕۆژنامەنووسەکان بەخۆ هەڵکێشانەوە گوتبووی: "لە ماوەی ساڵی ١٩٤٦دا ژمارەی ژاندارمەکانی ئێران لە ئەنجامی تێکۆشینی ئەفسەرانی ئەمەریکاییدا لە ١٤ هەزار کەسەوە گەیشتووەتە سەر ٢٨ هەزار کەس..."[١].

دەوڵەتی ئەمەریکا لە مانگی نۆڤامبری ساڵی ١٩٤٦دا ٤٠ فڕۆکەی چوار ماتۆڕی و ٣٠ تانکی "شیرمان"ی بە دەوڵەتی ئێران پێشکێش کرد بە ئامانجی تەیارکردنی هۆردووی ئێران و هاندانی بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجانی ڕزگار.

دەوڵەتی تاران کە بە هۆی چەك و قۆرخانەی ئەمەریکا و لە ژێر سەرۆکایەتیی ئەفسەرانی ئەمەریکایی، لە هەموو لایەکەوە بۆ تەیارکردنی هۆردووی خۆی تێ دەکۆشی و تەدارەکی دەگرت بۆ پەلاماردان بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجان لە هەمان کاتدا دەستی کردبوو بە مانۆڕ و کەڵەك و پیلان نانەوە. چونکە هەستیان بەمە کردبوو، کە پەلاماربردن بۆ سەر کوردستان و شەڕکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروا بە هاسانی بۆیان تەواو نابێت و لەم ڕێگەیەوە پلانەکانیان بەجێ ناگەیەندرێت. ئەنجامی شەڕەکەی "ساڵح ئاوا" هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێرانی زۆر وە ترس و خۆف خستبوو.

دەوڵەتی ئێراندا بە تایبەتی لە دوو ڕێگەوە دەستی کرد بە بەجێگەیاندنی کەڵەك و پیلانەکانی لە دژی کۆماری کوردستان. لە لایەکەوە بە تەواوی هێزی خۆیانەوە تێ دەکۆشین ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردستان کە سوارەیان بەشداریی دەکرد لە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و لە نێو کورداندا دووبەرەکی و ناکۆکی پێك بهێنن لە لایەکی ترەوە دەستیان کرد بەنێوان ناخۆش کردن و ناتەبایی پێکهێنان لە نێوان حکوومەتی خودموختاریی کوردستان و ئازەربایجان.

---

١. باشگیراوف........ لاپەڕەی ٩٠.

سەرۆکەکانی تاران بە تایبەتی هەویایەکی زۆریان بە سەرۆکە نیشتمان فرۆشەکانی عەشیرەتی شکات و مەنگوڕ و مامەش و دیبوکری هەبوو لەبەر ئەمە خوفییەکانی تاران بە ئامانجی هاندانی ئەو عەشیرەتانە لە دژی ڕێوشوێنی کۆماری دەستبەکار بوون. سەرۆکایەتیی ئەم ئیشە لەلایەن ستادی ئەرتەشەوە بە سەرهەنگ پزیشکیان ئەسپێردرابوو.

لەم ئیشەدا خوفییەکانی دەوڵەتی ئینگلیز و ئەمەریکاش لە نێزیکەوە یاریدەیان دەدا بە دەوڵەتی ئێران. مەسەلەن، خوفیەی بەناوبانگی ئینگلیز کاپیتەن گۆر دەچێتە نێو عێلی مامەش بۆ لای مام عەزیزی قەرەنی ئاغا و هانی دەدات بۆ خۆ ئامادەکردن بە ئامانجی پەلاماربردن بۆ سەر مەهاباد[1]. هەر ئەم کاپیتەنە چەك و پارەیەکی زۆر دەدات بە حەمە ڕەشید خان[2] و ناوبراو لە خاکی عێراقەوە پەلامار دەهێنێت بۆ سەر کۆماری کوردستان و ٨ دێی دەوروبەری بانە تالان دەکات و هەڵدێتەوە بۆ عێراق[3]. لە مانگی مارس ساڵی ١٩٤٦دا ئەفسەرێکی خوفیەی ئینگلیز بە نێوی کاپیتەن ڕایت بە جلوبەرگی کوردییەوە دێتە نێو عەشیرەتی دیبوکری و دەست بەکار دەبێت[4]. ناوبراو بە هۆی برا و برازاکانی ئەمیر ئەسعەدی

---

١. ئارشیوی حیزب سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ١٧٢.

٢. حەمە ڕەشید خان کە سەردەمێك ئاژاوەی نابووەوە لە مەڵبەندی سەقز و بانە لە پاش تالانکردن و ئاور تێ بەردانی بانە لە ساڵی ١٩٤٣دا چوو بوو بۆ کوردستانی عێراق. پاش دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستان، ناوبراو زۆری هەوڵدابوو، کە بگەڕێتەوە، بەڵام سەرۆکەکانی ح. د. ك و شەخسی قازی کە لە پێوەندی حەمە ڕەشید لەگەڵ ئیستیعماری ئینگلیز شارەزابوون نەیانهێشت ناوبراو بێتە کوردستان.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ١٧٢.

٤. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ٥.

ئیلخانی زادە ۳۰۰ سوارەیەکی چەکدار پێك دەهێنێت بە ئامانجی پەلاماربردن بۆ سەر شاری بۆکان و نابووتکردنی دیموکراتەکان لەم شارە[۱]. خوفیەی بەناوبانگی ئۆشکاند کە لە کرماشان نیشتەجێ بوو و سەرۆکایەتیی دەزگای جاسوسی ئینگلیز لە ئێران بە دەستەوە بوو لە مەڵبەندی سەقز و دیواندەرە دەستبەکاربوو بۆ "پێکهێنانی هۆردوویەکی ۳ هەزار کەس چەکدار لە کوردان بە ئامانجی هاندانی بۆ سەر کوردستان"[۲].

عەمەر خانی شکاك کە زۆر لە پێشەوە بەنهێنی پێوەندی ڕاگرتبوو لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران ئەم چەل لەگەڵ خۆفییەکانی ئیستیعماریش پێوەند رادەگرێت و لە نهێنیدا بە پێچەوانەی بزووتنەوەی دیموکراسی کوردستان دەستبەکار دەبێت. نووسەری ئەمەریکایی ئیگیلتۆن لەمەڕ عەمەرخان دەنووسێ "ناوبراو لەگەڵ کونسوڵی ئەمەریکایی لە تەورێز (دوهار) پێوەندییەکی نێزیك ڕادەگرێ. عەمەرخان بە هۆی دوهار بە حکوومەتی قەوام لە تاران ڕادەگەیەنێت، کە ئامادەیە بۆ خزمەتکردنی حکوومەتی تاران. قەوام سەرلەنوێ بە هۆی دوهار بە عەمەرخان ڕادەگەیەنێت، کە حکوومەتی تاران پیرۆزبایی دەکات لەم پێشنیازە و باوەڕی هەیە بە یارمەتیی ئەوان..."[۳].

بەم جۆرە دەبینین کە خوفییەکانی تاران و ئینگلیز و ئەمەریکا بە یەکەوە تەواوی هێزی خۆیان وەکار دەخەن کە لە نێوەوە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد بێ هێز بکەن و شەڕی براکوژی و ناکۆکی و ناتەبایی لەنێو کوردانا هەڵایسێنن. بەڵام لە بەرامبەر ئەم تێکۆشینەی دوژمنانی گەلی کورددا، هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان هەروا ڕانەوەستابوون و بێ خەبەر سەیری بەسەرهاتەکانیان نەدەکرد. لە

---

۱. هەر لەوێ، لاپەڕەی ۱٤۹.

۲. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤۲، پەروەندەی ژمارە ۳، جیلدی ۳، لاپەڕەی ۲۱۷.

۳. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی لاپەڕەی ۱۱۰–۱۱۱.

ڕاپۆرتێکی نوێنەرانی سۆڤیەتدا لەمەڕ ئەم مەسەلەیە نووسراوە: "لە بەشی دووەمی ساڵی ١٩٤٦وە حکوومەتی ئێران دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی کاروبارێکی هەموو لایەکی لەنێو سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردستاندا بە ئامانجی وەرگێڕانی ئەمان لە بزووتنەوەی دیموکراسییەت و سوود لێ وەرگرتنیان بە پێچەوانەی قازی محەمەد. بەڕێوەبردنی ئەم پیلانە لەلایەن ستادی ئەرتەشەوە بە سەرهەنگ پزشکیان ئەسپێردرابوو و ناوبراویش تا ڕادەیەك توانی سەرۆکەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش بۆ لای سیاسەتی حکوومەتی تاران ڕابکێشێت بەڵام ئەم پیلانەی هێزە کۆنەپەرستەکان سەری نەگرت، چونکە قازی محەمەد بە پێچەوانەی ئەم سەرۆك عەشیرەتانە دەست بەکار بوو، ژمارەیەکیان گیران و ئەوانی تریش هەڵاتن بۆ عێراق..."[١].

وەکی لەسەرەوە باس کرا پیلانێکی تری سەرۆکە کۆنەپەرستەکانی ئێران ئەمە بوو، کە لە نێوان دوو جووڵانەوەی دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجاندا دووبەرەکی و نێوان ناخۆشی پێك بێنن و بە تایبەتی جووڵانەوەی دیموکراتیکی کوردستان بە تەواوی لە هی ئازەربایجان جیا بکەنەوە.

یەکەمین هەنگاوی ڕەسمیی حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێران لەم ڕێگەیەدا ئەمە بوو کە، لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩٤٦دا سەرهەنگ عەلی عەسکەری فەیوزیی نارد بۆ مەهاباد بە ئامانجی ئەمەی کە کوردەکان لە ئازەربایجان جیا بکاتەوە. ناوبراو چەند ڕۆژێك لە مەهاباد دەمێنێتەوە و چەند جارێك لەگەڵ قازی و سەرۆکەکانی ح. د. ك سکاڵا و وتووێژی بەڕێوە دەبات. ناوبراو لەلایەن قەوام و ڕەزم ئاراوە بە قازی ڕادەگەیەنێت، کە مەسەلەی کوردستان و ئازەربایجان دوو مەسەلەی جیاواز لە یەکترین و ئێوە نابێ فریوی سەرۆکەکانی حکوومەتی تەوریز بخۆن، چونکە ئێوە

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١ لاپەڕەی ٥٠.

ئێرانیی ئەسڵن و شا و حکوومەتی تاران بەرپێزییەکی گەورە بۆ ئێوە دادەنێن و ئامادەن بۆ هەموو چەشنە یارمەتییەکتان بە ئامانجی پە رەپێدانی دیموکراسییەت لە کوردستاندا...

بەڵام سەرۆکەکانی وریای ح. د. ك فریوی ئەم پیلانەی هێزە کۆنەپەرستەکانیان نەخوارد و ئامادە نەبوون بزووتنەوەی خۆیان لە بزووتنەوەی دیموکراسیی گەلی ئازەربایجان بە جیاواز دابنێن و هەلی ئەمە بدەن بە دوژمنان کە ئەم دوو بزووتنەوەیە بێ هێز بکات[1].

سەرۆکەکانی حکوومەتی سوڤیەت و هێزە دیموکراتیکەکانی ئازەربایجان و تەواوی ئێران نرخێکی زۆر گەورەیان دانا بۆ خزمەتی قازی محەمەد لەم ڕێگەیەدا. لە نامەیەکی ڕەهبەرانی حیزبی کومونیستی ئازەربایجاندا بۆ ستالین لەم باسەوە نووسراوە: ″حکوومەتی قەوام زۆر تێ دەکۆشێت بۆ لێك جیاکردنەوە و ناتەبایی پێکهێنان لە نێوان ئازەربایجان و کوردستاندا. کاتێك قازی محەمەد لە تاران بووە قەوام مەسەلەی جوێبوونەوەی کوردستانی لە ئازەربایجان لە بەرامبەر ناوبراودا دانابوو. بەڵام قازی بە تەواوی پێشنیازەکانی قەوامی ڕەد کردووەتەوە...″[2].

ڕۆژنامەی ″ئازەربایجان″ بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان بە بۆنەی ئەم تێکۆشینەی قازی نووسیبووی: ″جەنابی قەوام سەڵتەنە دیسانیش وە حەولان کەوتووە لە نێوان دوو نەتەوەی برا و ئازادیخوازی ئازەربایجان و کورددا ناتەبایی و نێوان ناخۆشی هەڵاییسێنێت. بەڵام ئیتر ئەمە نازانێ، کە گەلی کورد و ئازەربایجان وەخەبەر هاتوون، دەیانەوێ بە سەربەستی و ئازادی بژین و هیچ هێزێك

١. بە درێژی لەمەڕ ئەم باسە بڕوانە کتێبەکەی ئیگیلتۆن، لاپەڕەی ١٠٨-١٠٩. هەروەها ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ١٧٢.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٣، پەروەندەی ژمارە ١، لاپەڕەی ١٢٠.

ناتوانێت برایەتی و دۆستایەتی ئەم دوو نەتەوە برایە تێك بدات. پێشەوای گەلی کورد جەنابی قازی محەمەد وەڵامێکی ددان شکێنی بە پێشنیازەکانی دوورِوویی و پیلان هەڵایسێنەری جەنابی سەرۆك وەزیران داوەتەوە و بۆ جارێکی تر نیشانی داوە کە گەلی کورد ئیتر نایەوێ لە ژێر باری زوڵم و زۆرداریدا بژیت و هیچ فێڵ و کەڵەکێك ناتوانێت دۆستایەتیی نێوانی ئەم دوو گەلە تێك بدات..."[1].

سەرۆکەکانی حکوومەتی نەتەوایەتی کوردستان و ئازەربایجان لە بەرامبەر کەڵەك و پیلان و خۆ ئامادەکردنی دەوڵەتی تاراندا بۆ پەلامار هێنان بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجان دەستبەکار بوون بۆ بەهێزکردنی هێزی چەکداری خۆیان. بەم ئامانجە لە بەرواری ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٦دا لە قەسەبەی خواجە میر هەڵکەوتوو لەلای شاری مەراغە کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی کوردستان و ئازەربایجان پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا جیا لە سەرۆکەکانی حیزب ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکان و سەرۆکەکانی بەشە هۆردوو بەشدارییان دەکرد. لەم کۆبوونەوەیەدا لەمەڕ بزووتنەوەی بە یەکەوەی هەردووك هۆردوو پێکهاتنێك ئیمزا کرا[2]. بەگوێرەی ئەم پێکهاتنە لەلایەن ئازەربایجانەوە جەنەراڵ عەزیمی و لەلایەن کوردستانەوە جەنەراڵ سەیفی قازی و مستەفا بارزانی بە فەرماندەی گشتی دیاری کران. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی، کە دەوڵەتی ئێران بەشی زۆری هۆردووی خۆی لە ناوچەی سەقز جێگیر کردبوو و لە بەرامبەر ئەماندا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە

---

١. ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بەرواری ٢٩ی نوڤابری ساڵی ١٩٤٦.

٢. زانای کورد عەلائەدین سەجادی لە کتێبەکەی خۆیدا تەواوی ئەم پێکهاتەی لە چاپ داوە. بەڵام لەڕیزە مەسەلەیەکان بە هەڵە چووە. ناوبراو لە بردنی نێوی سەرۆك فەرماندەدا بە هەڵە چووە. هەروەها وا دەنووسێت کە ئەم کۆبوونەوەیە لە خواجە میر نا بەڵکو لە تەورێز پێك هاتووە. بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٠٨-٣٠٩ی کتێبەکەی.

ڕووی چەك و قورخانەوە بەچاکی تەیار نەبوو لە پێکهاتنەکەدا وێژرابوو: "حکوومەتی ئازەربایجان وەعۆدەی خۆی دەگرێت یارمەتییەکی هەموو لایەکی بە هۆردووی کوردستان بکات"[1]. لە ماوەی مانگی ئۆکتۆبەردا لە چەند شەڕێکی هاوجێگەیی، کە لە ناوچەی سەقز و هەوشار ڕووی دا ئەنجامی ئەم پێکهاتنە بە باشی خۆی وەدی دا. بە تایبەتی یارمەتیی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی هەوشار و میانە بە هێزی دیموکراتیکەکانی ئازەربایجان زۆر گرینگ بوو و حکوومەتی تارانی زۆر وەترس خست.

لە مانگی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩٤٦دا حکوومەتی قەوام ڕای گەیاند، کە لە تەواوی ئێران دەست دەکات بە هەڵبژاردن بۆ سەردەمی ١٥ی پەرلەمانی تاران و بە ئامانجی "دابینکردنی بە ڕێ و جێ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن" نیازی هەیە بۆ ئازەربایجان هۆردوو بنێرێت. سەرۆکەکانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان بە تەواوی لە دژی ئەم پێشنیازە ڕاوەستان و ڕایان گەیاند، کە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن حەوجی نییە بە ناردنی هۆردوو. لێرەشدا سەرلەنوێ هەوڵ و تەقەلالای هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران بۆ پێکهێنانی ناتەبایی و ناکۆکی لە نێوان کوردان و ئازەربایجانییەکاندا خۆی وەدی دا. لە سەرەتای مانگی نۆڤامبردا سەرۆك وەزیرانی ئێران قەوام نامەیەکی نهێنیی بۆ قازی محەمەد نارد. لەم نامەیەدا قەوام لە پاش تاریف و پێ هەڵگوتنێکی زۆر بە هەستی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، داخوازی کردبوو بە بۆنەی دەست پێکرانی هەڵبژاردن بۆ سەردەمی ١٥ی پەرلەمانی تاران حکوومەتی کوردستان ئیجازە بدات بەشە هۆردووەکانی ئێران لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ ئازەربایجان بچێت و

---

١. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٣٠٩.

چاوەدێری بکات بەسەر کاروباری هەڵبژاردندا.

قازی محەمەد کە پەیمانی هاوکاری و یەکیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ حکوومەتی ئازەربایجان ئیمزا کردبوو، بە باشی لە کەڵەك و پیلانی سەرۆکەکانی تاران گەیشتبوو بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوو بهێڵێت هوردووی ئێران لە خاکی کوردستانەوە بۆ سەر ئازەربایجان پەلامار بەرێت. قازی محەمەد پیلانی نهێنیی قەوامی وەئاشکرا خست وە لە بەرواری ۲۷ی نوفامبردا تەلگرافێکی ئاشکرای بۆ قەوام نارد وە مەتنی ئەم تەلگرافە لە ڕۆژنامەکانی ″ئازەربایجان″ و ″کوردستان″دا چاپ کرا. قازی لە وەڵامی نامەکەی قەوامدا نووسیبووی: ″دەبێ جەنابی سەرۆك وەزیران بە تەواوی دڵنیا بێت، کە لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان زرووفێکی هەرە باش پێك دەهێندرێت. بۆ ئەم کارە هیچ حەوجی ناکات بۆ ناردنی هۆردوو لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە. ئەگەر ئامانج هەڵبژاردنێکی ڕاستەقانییە، جەنابی سەرۆك وەزیران دەبێ دڵنیا بن کە تەواوی ئامانجەکانی ئەو لە بەرچاو دەگیردرێت وە بە هیچ لەونێك لە مەڵبەندەکانی ئێمە ڕێگە نادرێت بە تێکدانی یاسای هەڵبژاردن. بەڵام بە داخەوە دەبێ بڵێم، کە وا وەدیار دەکەوێت لێرەدا مەسەلە شتێکی ترە، وە ئامانج لە ناردنی هۆردوو لەنێوبردنی ڕێ و شوێنی دیموکراسییەتە کە لە ئازەربایجان و کوردستان دامەزراوە.

ئێمە لەگەڵ برایانی ئازەربایجانی پەیمانی هاوکاری و یەکەتی و دۆستایەتیمان بەستووە. ژیانمان و مانمان یەکە، وە سەربازانی ئێران بە تەنیا کاتێك دەتوانن بۆ سەر ئازەربایجان پەلامار بەرن، کە بەسەر جەنازەی ئێمەدا بازدەن...″[1].

ئەم تەلگرافەی قازی محەمەد وە وەدیخستنی پیلانی دوژمنانەی قەوام

---

١. ڕۆژنامەی ″ئازەربایجان″ بەرواری ۲۹ی نوفامبری ساڵی ١٩٤٦.

ئەلسەڵتەنە کە هەتا ئەو سەردەمە ڕووکاری ڕاستەقینەی خۆی بەرامبەر بە جووڵانەوەی دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان بە تەواوی وەڕوو نەخستبوو، وەك گولە تۆپ لە تەواوی وڵاتدا دەنگی داوە.

حکوومەتی قەوام، کە دیتی ئەم پیلانە سەری نەگرت، وە قازی ئامادە نییە بە خەیانەتکردن بەو پەیمانەی کە لەمەڕ یەکیەتی و هاوکاری لەگەڵ ئازەربایجان بەستوویە، کەوتە فێڵێکی تر. سەرۆکەکانی ئێران وە حەولان کەوتن کە لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا ناتەبایی و دووبەرەکایەتی پێك بێنین، بۆ ئەمەش بەر لە هەموو شتێك خەریك بوون هێزی بارزانییە قارەمانەکان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا لە کۆماری کوردستان جیا بکەنەوە. هەر بەم ئامانجە بوو کە سەرۆکی ئەرکانی جەیش ڕەزم ئارا مەلا مستەفای بۆ تاران بانگ هێشت. سەرۆکەکانی ئێران لە کاتی وتووێژدا بە مەلا مستەفایان گوتبوو، کە ئێوە خەڵکی عێراقن، ئێمە کارێکمان بەسەر ئێوە نەداوە، وە پێویستە لە ئێران وەدەرکەون. لەم سەفەرەدا سەرۆکەکانی ئێران بە ئانقەست جامە لووسکەیەکی زۆریان لە بەرامبەر مەلا مستەفادا کردبوو، وە وادەی هەموو چەشنە یارمەتیەکیشیان پێ دابوو. بەڵام بارزانییەکان فریوی کەڵەك و پیلانی حکوومەتی تارانیان نەخوارد و ئامادە نەبوون پشتی کۆماری کوردستان بەردەن.

پێویستە بوێژرێت، کە سیاسەتی هەڵخەڵەتێنەری حکوومەتی قەوام، ئاگەداریی قەوام لەمەڕ ئەمەی، کە بۆ دیموکراسی لێکردنی تەواوی ڕێ و شوێنی ئێران تێ دەکۆشێت، سەفەری قەوام بۆ مەسکەو و ئیمزاکردنی پێکهاتی لەمەڕ مەسەلەی نەوت لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت و هەروەها ئاگەداریی ناوبراو لەمەڕ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد لە تەواوی وەڵات و ناردنی هەوردوو بۆ کوردستان و ئازەربایجان بە ئامانجی چاوەدێریکردنی بەسەر هەڵبژاردندا لەنێو ڕیزەیەك لە سەرۆکەکانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان و ڕیزە کاربەدەستێکی

کوردستاندا و هەروەها لە نێو نوێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دوودڵیی پێکهێنابوو و بیروباوەڕییەکی وا هاتبووە گۆڕێ، کە گۆیا هاتنی هۆردووی ئێران بۆ کوردستان و ئازەربایجان بە مانای تێکچوونی ڕێوشوێنی دیموکراسی لەم دوو جێگەیە نییە و ئەم هۆردووە لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و ئازەربایجاندا دەست وەر نادات. ئەمە بیرێکی بە تەواوی دوور لە ڕاستەقینە بوو و بە مانای نەدیتن و تێ نەگەیشتن لە سیاسەتی دژی نەتەوایەتیی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران بوو.

کۆمەڵی دووردیتوو و پێشکەوتووی ح. د. ك بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد بە باشی لە سیاسەتی داگیرکەری و دوژمنانەی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران شارەزا بوون و دەیانزانی، کە ئەم شوێنەونچکە و مانۆڕە سیاسییانەی حکوومەتی قەوام بە چی ئامانجێکە.

سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان قازی محەمەد بە ئامانجی وەلابردنی ئەم دوودڵییە و خۆ ئامادەکردنی بە یەکەوە لەگەڵ هێزە دیموکراتیکەکانی ئازەربایجان بە ئامانجی پێشگیریکردن لە هاتنی هۆردووی ئێران بۆ کوردستان و ئازەربایجان پاش بڵاوبوونەوەی خەبەری لەمەڕ بڕیاری حکوومەتی تاران بۆ ناردنی هۆردوو، دەچێتە تەورێزی و لەگەڵ سەرۆکەکانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و نوێنەرانی سۆڤیەت وتووێژ بەڕێوە دەبات. قازی بە نوێنەری لە لایەن تەواوی گەلی کورد و بە تایبەتی لە لایەن تەواوی عەشیرەتەکانی کوردستانەوە بە لەونی ڕەسمی بە نوێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرۆکەکانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان ئەم ئاگەدارییەی ژێرەوە ڕادەگەیەنێت: "ئێمە کوردان بەبێ ئەمەی کە یارمەتییەکمان پێ بدرێت چوارساڵی ڕەبەق[1] بە پێچەوانەی حکوومەتی تاران خەباتمان کرد. لە

١. ئامانج لەم "چوار ساڵە" ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٥ە، کە مەڵبەندی موکریان سەربەست بوو.

کاتی جووڵانەوەکەی ئاراراتیش کوردەکان هەر بەم جۆرە خەباتیان کرد. بە قارەمانەتی مردن لەمە باشترە، کە پیاو خۆ لە کاویکردن وە ئەستۆ بگرێت. ئێمە هیچ چەشنە چەك و هۆیەکمان نییە کە لە دژی تانك و فڕۆکە لە کاری بهێنین. ئێرانییەکان دەتوانن فڕۆکە بنێرنە سەرمان و مەهاباد بە تەواوی وێران بکەن، بەڵام ناتوانن بیر و باوەڕ و بڕیاری ئێمە تێدا بەرن. ئێمە ئامادەین پارێزگاری بکەین لە سەربەخۆیی خۆمان. ئەمە بیر و باوەڕی تەواوی گەلی کوردە، هی تەواوی عەشیرەتەکانە.

ئێمە بە تەواوی هێز و چەکی خۆمانەوە ئامادەین بۆ یارمەتیکردن بە ئازەربایجانیش..."[1].

حکوومەتی قەوام بە "ئامانجی چاوەدێریکردن بەسەر هەڵبژاردندا" هێزێکی گەورەی چەکداری لە سنوورەکانی کوردستان و ئازەربایجان وەخڕ کرد. بەر لە پەلامارهێنان بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان هێزی حکوومەتی تاران لە سنوورەکانی بەم چەشنە دابەش بووبوون:

١. لە مەڵبەندی قەزوین و زەنجان: ٥٠٠٠ کەس.
٢. لە مەڵبەندی سنە و سەقز: ١٢٥٠٠ کەس.
٣. لە مەڵبەندی کرماشان: ١٢٠٠ کەس.
٤. لە مەڵبەندی ڕەشت و گیلان: ٢٠٠٠ کەس.
٥. لە مەڵبەندی گەرووس و تیکان تەپە: ٥٠٠٠ کەس[2].

بەم جۆرە دەبینین، کە لەم ٢٥٧٠٠ کەسە ١٨٧٠٠ کەسی لەسەر سنوورەکانی کۆماری کوردستان وەخڕ هێندرابوو. لێرەدا هێزەکانی ژاندارم و هێزی چەکداری ڕیزە سەرۆك عەشیرەتێکی نیشتمان فرۆش لە بەرچاو نەگیردراوە.

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ٥٥.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ١٩٥.

چەك و قۆرخانەی ئەم هێزەی حکوومەتی تاران بریتی بوو:

١. لە ٣٢٠٠ ڕەشاش و تفەنگی ئۆتۆماتیك.

٢. لە ٧٠ خومپارە هاوێژ.

٣. لە ١٠٤ تۆپ.

٤. لە ٥٥ تانك و زرێپۆش.

٥. لە ٥٠ فڕۆکە[١].

سەرۆکەکانی ح. د. ك بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد بەبێ ئەمەی، کە هۆ و چەکێکی وایان هەبێت کە بتوانێت لە دژی تانك و تۆپ و فڕۆکەی دوژمنی لەکاری بهێنن، بە تەواوی هێزی خۆیانەوە دەست بەکار بوون بۆ بەهێزکردنی ناوچەکانی شەڕ و تێکشکاندنی هوردووی ئێران لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ڕزگار.

قازی و سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگە لەسەر ئەم باوەڕە بوون، کە بەر لەوەی هۆردووی ئێران دەست بکات بە پەلامارهێنانی، هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سەقز و بانە پێشدەستی بکات و هێرش بەرێتە سەر هۆردووی ئێران بە ئامانجی بەرەوپێش چوون بۆ لای سنە و کرماشان. نووسەری ئینگلیزی دیرك کی. نی. ئین لەم باسەوە دەنووسێت: "کوردەکان هاتنە سەر ئەم بڕیارە، کە لە بەرامبەر هەڕەشەی هەموو لایەکی هۆردووی ئێراندا بۆ خۆیان بە هۆی لەشکری سوارەوە دەست بکەن بە هێرشبردن بۆ سەر سنە و کرماشان"[٢].

قازی پاش گەڕانەوە لە تەوریز لە بەرواری ٥ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٦دا لە مەهاباد کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پێك هێنا بە بەشداربوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ك، ئەندامانی حکوومەتی نەتەوایەتیی

١. هەر لەوێ، لاپەڕەی ١٩٦.

٢. دیرك کی. نی. ئین، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٥٤.

کوردستان و سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی[1] لەم کۆبوونەوەیەدا بە هاودەنگییەوە بڕیاردرا، کە لە بەرواری ١٠ی مانگی دیسامبردا دەست بکرێت بە هێرشبردن بۆ سەر مەڵبەندی سەقز و بانە و سەردەشت و دەرفەت نەدرێت بە هۆردووی ئێران بۆ پەلامارهێنان بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجان[2]. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا لەشکرێکی سوارەی کوردان لە ناوچەی لای تیکان تەپەی هەوشار بنێردرێت بۆ یارمەتیی هێزی ئازەربایجان، کە لە چلۆنایەتێکی چەوت و مەترسیدا هەڵکەوتبوون لە بەرامبەر پەلاماری هوردووی ئێراندا[3].

پێویستە بوێژرێت، کە قازی محەمەد لە خەباتی سیاسیی خۆیدا، تەنانەت ئەو کاتەی، کە لە گرتووخانەش بووە و لە ژێر مەترسیی کوشتندا هەڵکەوتووە، دایما پشت ئەستوور بووە بەیەکەتی سۆڤیەت و لەسەر هەموو مەسەلەیەکی گەورە و گرینگدا کە پێوەندیی بووبێت بە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی گەلی کورد، مەسڵەحەتی بە نوێنەرانی یەکیەتی سۆڤیەت کردووە و لە مەسڵەحەتی ئەمان دەرنەچووە.

وەکی لە سەرەوە باس کرا، مەسەلەی هێرشبردن بۆ سەر بەشە هۆردووەکانی ئێران لە شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشت و بەرەوپێشچوون بۆ لای سنە و کرماشان و بەم جۆرە دەرفەت نەدان بەهۆردووی ئێران بۆ ئەمەی، کە بحەسێتەوە و دەست بکات بە پەلامارهێنان بۆ سەر کۆماری کوردستان، ئامانجی تایبەتی هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان بوو. هەر لە پاش سەرکەوتنەکەی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی "ساڵح ئاوا" و گردی "مامەشا"، سەرۆکەکانی حیزبی

---

١. ئیگیلتۆن لە لاپەڕەی ١١١–١١٢ی کتێبەکەیا بە هەڵە چووە و ئەم کۆبوونەوەیە بە کۆمیتەی شەڕ نێو دەبات و دەنووسێت، کە ١٠ کەس بەشداریی تیا دەکرد.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥١.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥١.

دیموکراتی کوردستان نیازیان ئەمە بوو، کە ڕانەوەستن و هێزی پێشمەرگە بۆ سەر مەڵبەندی سنە و کرماشان هان بدەن. بەڵام بەگوێرەی مەسڵەحەتی نوێنەرانی سۆڤیەت دەستیان ڕاگرت. ئەمە بوو، کە لەگەڵ سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران وتووێژ بەڕێوەبردرا و پێکهاتن ئیمزا کرا. ئەو دەم نوێنەرانی سۆڤیەت بە سەرۆکەکانی ح. د. ك یان ڕاگەیاندبوو، کە ئەگەر بێتو بۆ لای سنە و کرماشان هێرش بەرن لەگەڵ هۆردووی ئینگلیز ڕووبەڕوو دەبن و ئەو دەم مەسەلەکە ڕوویەکی تر دەگرێتە خۆی[1].

ئەم چەلیش، یانی لە پاش کۆبوونەوەکەی بەرواری ٥ی دیسامبر، قازی محەمەد دەستبەجێ دەچێ بۆ تەورێز، کە نوێنەرانی سۆڤیەت شارەزا بکات لەمەڕ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ناوبراو و نیازی کوردان بۆ هێرشبردن بۆ سەر سەقز و بانە و سەردەشت. لە ڕاپۆرتی نوێنەرێکی یەکیەتیی سۆڤیەتدا لەم باسەوە نووسراوە: "... وەکی مەعلوومە هێشتا زۆر لەمەوپێش، بەر لەمەی مەترسی هێرش هێنانی هوردووی ئێران بێتە گۆڕێ قازی محەمەد چەند جارێك داوخوازی کردبوو ئیجازە بدرێت بە کوردان، کە دەست بکەن بەپەلاماربردن بۆ سەر بەشە هوردووەکانی ئێران لە سەقز و بانە و سەردەشت. بەتەنیا لە بەرواری ١٠ی دیسامبریدا، یانی لە پاش دەست پێکرانی هێرش هێنانی هوردووی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان، بە قازی محەمەد ئیجازە درا کە دەست بکات بە بەجێگەیاندنی ئەم بڕیارە..."[2].

شەوی ١٠ی مانگی دیسامبر خۆ ئامادەکردنێکی هەموو لایەکی دەست پێ کرا و بڕیار، درا کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٠ی دیسامبر لە ٤ ناوچەوە: لە سەردەشت و سەقز و بانە و تیکان تەپەوە هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر بەشە هۆردووگاکانی ئێران لەم جێگەیانە دەست پێ بکات. بەڵام چەند سەعاتێك پێش دەست پێکرانی ئەم هێرشە، ڕادیۆی تەورێز

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٩٧.

٢ ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥١.

ئـاگـەداریـی حکـوومـەتـی خـودمـوخـتـاریـی ئـازەربـایـجـانـی بـە ئـیمزای شەبوستەری و جاوید و بێریا بڵاو کردەوە. لەم ئاگەدارییەدا وێژرابوو کە لەم ڕووە لە تەواوی ناوچەکان خۆڕاگری لە بەرامبەر هوردووی ئێراندا ڕادەگـیـردرێت و ڕێگـە دەدرێت بـە هـۆردووی ئـێران کـە بـێتـە خـاکـی کوردستان و ئازەربایجانەوە[1].

ئەمە زەربەیەکی زۆر گەورە و پشتشکێن بوو بۆ گیان لەبەری و ڕۆحییە و ئیرادەی هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان. لە هەمان کاتدا ئەمە بە مـانـای وەژێر پـێ هـاوێشتـنـی پـەیمانـەکـەی نـێوانـی کـوردسـتـان و ئـازەربـایـجـان بـوو، بـە مـانـای خـەیـانـەتکردن بـە هـێزی پێشمـەرگەی کوردستان و هێزی چەکداری ئازەربایجان، بوو کە لە ناوچەکانی شەڕ بە قارەمانەتییەوە پێشیان بەهوردووی ئێران گرتبوو. لە ڕاپۆرتی نوێنەری سۆڤیەتدا لەمەڕ ئەم ئاگەدارییە و ناحەزی و موخالیفەتی بە تینی قازی محەمەد و سەرۆکەکانی تری ح. د. ك لەبارەی ئەم ئاکارە نووسراوە: "قـازی مـحـەمـەد و ئـەنـدامـانـی کۆمـیـتـەی نـاوەنـدیـی حـیزبـی دیموکـراتـی کوردستان ئەم کارەی ڕەهبەرانی ئازەربایجانیان بە خەیانەتێکی گەورە دانـا لـە بـەرامـبـەر بـزووتـنـەوەی دیموکراسیدا، بـە تـایـبـەتـی لـە بـەرامـبـەر کـوردانـدا. چـونـکـە بـەبـێ ئـەمـەی کـوردەکـان ئـاگـەداربـن و لـەپـێشدا مەسڵەحەتیان لەگەڵ بکەن لە لایەن کوردەکانیشەوە دوابوون..."[2]. چونکە "کـوردەکـان بـە تـەواوی هـاتـبـوونـە سەر ئـەم بـڕیـارە، کـە هـەتـا دواپین هەناسەیان بە پێچەوانەی هوردووی ئێران خەبات بکەن. تەنانەت ئەو سەرۆك عـەشیـرەتـانـەش، کـە هـەتـا ئـەم حـەلـە تـا ڕادەیـەك لـە دژی قـازی محەمەد بوون بیروباوەڕیان بەم جۆرە بوو"[3].

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥١.
٢. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٥١–٥٢.
٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥٢.

پاش بڵاوبوونەوەی ئاگەداریی سەرۆکەکانی ئازەربایجان، قازی محەمەد دەستبەجێ تەلگرافێك بۆ تەورێز دەنێرێت بۆ پیشەوەریی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و ڕادەگەیەنێت، کە حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستان هیچ کاتێك ئەم مافەی نەداوە بە شەبوستەری و جاوید و بڕیا کە تەسلیمبوونی کۆماری کوردستانیش ڕابگەیەنن. ئێمە نازانین ئەوان بە چ ئەساسێکەوە لەلایەن ئێمەوە دواون. ئێمە ئەمە بە خەیانەتێکی زۆر گەورە دادەنێین و ئامادەنین مەیدان بۆ دوژمن بەتاڵ بکەین...[1].

لە هەمان کاتدا قازی محەمەد، سەدری قازیی برای لەگەڵ دوو کەسی تر لە نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەنێرێتە تەورێز بۆ دیتنی نوێنەرانی سۆڤیەت بەڵام لەم حاڵەدا تەورێز ئیتر شەلەقابوو، کوردەکان نەیانتوانیبوو نوێنەرانی سۆڤیەت ببینن و پرس و مەسڵەحەتیان لەگەڵا بکەن[2].

ئەمە زەربەیەکی پشت شکێن بوو بۆ کوردەکان، چونکە هەتا دوایین کات هەویایان بەمە بوو خۆڕاگری بنوێنن و نوێنەرانی سۆڤیەتیش ئاگەداری بکەن لەم بیرەی خۆیان.

ئیتر کار لەکار ترازابوو، ڕیزی بەرەوەی ناوچەکانی شەڕ لە ئازەربایجان بۆ دوژمن بەتاڵ کرابوو. هۆردووی ئێران بەشی زۆری ئازەربایجانی داگیر کردبوو، لە بەرواری ١١ی دیسامبر حکوومەتی خودموختاریی ئازەربایجان بە تەواوی تەسلیم بوو و لە ١٢ی دیسامبردا هۆردووی ئێران تەورێزی داگیر کرد[3]. بەڵام لەگەڵ ئەمەشا قازی محەمەد

---

١. بڕوانە بیرەوەریی مینا خانمی خێزان قازی محەمەد.

٢. هەرلەوێ.

٣. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٢.

و سەرۆکەکانی تری ح. د. ك لەسەر ئەم بڕیارە بوون، کە لە ناوچەکانی کوردستان پێشی هۆردووی ئێران بگیردرێ و نەهێڵن بەرەوپێش بێت. هەر لەسەر بنچینەی ئەم بڕیارە بوو، کە لە نێزیکی شاری بۆکان هێزی پێشمەرگەی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دوو ڕۆژ پێشی بەرەوپێش هاتنی هۆردووی ئێرانیان گرت، ئەم هۆردووی، کە ژمارەی نێزیکەی ١٤ هەزار کەس بوو[١].

لە بەرواری ١٤ی دیسامبردا قازی کۆبوونەوەیەکی گەورەی پێك هێنا بە بەشداربوونی سەرۆکەکانی حیزب و حکوومەت و فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە. لەم کۆبوونەوەیەدا باسی ئەمە کرا، کە ئیتر ئازەربایجان تەسلیم بووە، ڕیزێك لە سەرۆکەکانی حکوومەتی خودموختاریی ئازەربایجان پەنایان بردووە بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، لەلای تەورێز و ورمێ و هەوشارەوە هۆردووی ئێران بەرەوپێش دێت و لەم حەلەدا کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لەم کۆبوونەوەیەدا ڕیزەیەك لە سەرۆکەکانی ح. د. ك و هێزی پێشمەرگە پێشنیاز دەکەن، کە دەست لە خۆڕاگری هەڵگیردرێت و هەتا درەنگ نەبووە پەنا بەرن بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و یا ڕاکەن بۆ عێراق[٢]. قازی محەمەد بە پێچەوانەی ئەم بیرە دەبێت و دەڵێت: "لەگەڵ خەڵکی مەهابادا دەمێنمەوە، چونکە سوێندم خواردووە هەتا دوایین هەناسەی ژیانم پارێزگاریان لێ بکەم..."[٣]. ئەمانەی، کە پێشنیازی ڕاکردنیان کردبوو بەهەستکردنی ئەم بڕیارەی قازی، ئیتر دەستیان لە پێشنیازەکەی خۆیان هەڵگرت[٤].

پێویستە ڕابگەیەندرێت، کە لەلایەن نوێنەرانی سۆڤیەتیشەوە پێشنیازی

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٥، پەروەندەی ژمارە ٣، لاپەڕەی ١٩٥.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی لاپەڕەی ١١٣.

٣. هەرلەوێ.

٤. هەرلەوێ.

ڕاکردن بۆ یەکیەتی سۆڤیەت بە قازی محەمەد درابوو، بەڵام ناوبراو لە وەڵامدا گوتبووی: "پیاو دەرپێی ژنانە لە پێ کا لەمە باشترە، کە گەلەکەی بەجێ بهێڵێت و هەڵێت. ئەمن پەیمانم هەیە لەگەڵ خەڵکی مەهاباد و ناتوانم پشتیان بەردەم...[1]"

سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران پاش داگیرکردنی ئازەربایجان پەیامێك بۆ قازی محەمەد دەنێرن و لێی دەگێڕنەوە کە، لە بەرامبەر هۆردووی ئێراندا خۆڕاگری نەنوێنن و لە هەمان کاتدا ڕادەگەیەنن، کە هۆردووی ئێران بە ئامانجی چاوەدێریکردن بەسەر هەڵبژاردندا دێتە کوردستان و لە دژی کوردان هیچ کارێك ناکات. لەم پەیامەدا "قەولی شەڕەف" بە قازی محەمەد درابوو، کە بەشە هۆردووەکانی ئێران لەسەر بیروباوەڕی سیاسی هیچ کەسێك ڕێك ناکوشن و دەست لە کاروباری ژوورەوەی کوردستان وەرنادەن و ناهێڵن خوێنڕێژی پێك بێت...[2].

لە بەرواری ١٥ی دیسامبردا بەشە هوردووەکانی ئێران لە دوو ناوچەی ئازەربایجانەوە یانی لەلای میاندووئاو و ورمێوە، هەروەها ناوچەی بۆکانەوەی بەرەو مەهاباد دەستیان کرد بە بەرەوپێش هاتن. پێویستە ئەمە بوێژرێت، کە جەنەراڵەکانی ئێران لە خۆڕاگری دانیشتوانی مەهاباد زۆر دەترسان و هەستیان بەمە کردبوو، کە هەروا بە هاسانی ناتوانن مەهاباد داگیر بکەن[3]. لەبەر ئەمە پیلان و کەڵەك و نەخشەیەکی تریان کێشا. سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران بەر لەمەی دەست بکەن بە پەلامار هێنان بۆ سەر کوردستان چەك و قۆرخانەیەکی زۆریان دابوو بە سەرۆکە

١. بڕوانە بیرەوەری مینا خانم...

٢. لەمەڕ ئەم پەیامە بە درێژی بڕوانە کتێبەکەی نەجەف قولی پیسیان: "لە مەهابادی خوێناویرا هەتا لێوارەکانی ئاراز" بە فارسی، ساڵی ١٣٢٨، لاپەڕەی ٨، چاپی تاران.

٣. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٥.

نیشتمان فرۆشەکانی دیبوکری و مامەش – عەوڵای ئیلخانی زادە و مام عەزیز کە سوارەی چەکداری خۆیان تەیار بکەن و بەر لە هۆردووی ئێران سوارەی ئەم عەشیرەتانە بۆ سەر مەهاباد هان بدەن: جیا لە چەك و قۆرخانە، ئەم سوارەیە بە جلوبەرگی سەربازی ئێرانیش ڕازاندرابوونەوە و سەرۆکایەتیی ئەم سوارەیە درابووە دەست سەرهەنگ جەعفەری[1].

سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران لە کێشان و ئامادەکردنی ئەم کەڵەك و پیلانە دوو ئامانجیان هەبوو. یەکیان ئەمە بوو، کە ئەگەر بێتو لە مەهاباد هێزی پێشمەرگە خۆڕاگری بنوێنێت و بێ شك ئەمەش دەبێت، چونکە ئەم سەرۆك عەشیرەتانە دڵ پڕن لە ڕێ و شوێنی قازی محەمەد، با کورد کورد بکوژێت و ئێرانییەکان لەمەدا هیچ شتێکیان لە کیس ناچێت. دووەم لە پاشان حکوومەتی تاران دەتوانێت کوردەکانی مەهاباد بەمە تاوانبار بکات کە ئەوان دەستیان هەڵهێناوەتەوە لە سەربازانی ئێرانی و خوێنیان ڕشتوون و بەم جۆرە پێکهاتنەکەیان تێك داوە[2].

لەم کاتەدا کە هۆردووی ئێران لە سێ لاوە لە مەهاباد نیزیك ببووەوە سەرۆکی هۆردووی ئێران جەنەڕاڵ هومایون سەرلەنوێ پەیامێك دەنێرێت بۆ قازی محەمەد و داوخوازی لێ دەکات ئیجازە بدات بەشە هۆردووەکانی ئێران بچنە مەهابادەوە[3].

لە بەرواری ١٧–١٨ی دیسامبردا قازی چەند جارێك کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی حیزب و سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی پێك هێنا بە ئامانجی لێ وردبوونەوە لە چلۆنایەتیی ڕۆژ و ئەرکی سەرشانی حیزب. نەهایەت سەرۆکەکانی ح. د. ك هاتنە سەر ئەم بڕیارە: ″بە لە

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٥.

٢. بڕوانە کتێبەکەی عەلائەدین سەجادی، لاپەڕەی ٣١٢.

٣. ئیگیلتۆن، لاپەڕەی ١١٤.

بەرچاوگرتنی ئەمە کە هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر هۆردووی ئێراندا بەرادەیەکی پێویست چەك و قۆرخانەی نییە بۆ خۆراگری نواندن ڕێگە بە هۆردووی ئێران ئاواڵە بکرێتەوە، بەم مەرجەی، کە تەواوی ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی کوردان ڕاگیر بکرێت و هیچ کوردێك لەسەر بیروباوەڕ و تێکۆشینی سیاسی ڕێك نەکوشرێت و ئازار نەدرێت"[1]. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا، کە قازی محەمەد لەگەڵ حاجی بابا شێخ و سەیفی قازی بچنە ڕەزاییە و میاندوئاو بۆ لای سەرۆکی هۆردووی ئێران و ئەم بڕیارەی سەرۆکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی گەلی کورد بەوان ڕابگەیەنن.

لە عەمبارەکانی سەربازخانەی مەهاباد بۆ ڕۆژی خۆی هەندێك چەك و قۆرخانە پاشەکەوت کرابوو. شەوی ١٩ی دیسامبر، یانی چەند سەعاتێك بەرلەوەی کە بۆ ڕەزاییە وەڕێ کەون قازی محەمەد تەواوی ئەم چەك و قورخانەیەی بە نێو دانیشتوانی مەهاباددا بڵاوکردەوە[2].

ئیگیلتۆن دەنووسێت، کە هەر بە شەو نێزیکەی ٣ هەزار تفەنگ و ١٢٠ ڕەشاش و ٢ تۆپ لەلایەن قازییەوە بە نێو کورداندا بڵاوکراوە[3].

بەیانی ڕۆژی ١٩ی دیسامبر قازی و هاوڕێکانی بۆ لای ڕەزاییە وەڕێ کەوتن. کاتی بەڕێ کەوتن تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی لە مەحکەمەی قازی وەکو هاتبوون و

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥٢.

٢. هەرلەوێ.

٣. ئیگیلتۆن کتێبەکەی لاپەڕەی ١١٥، عەزیزی شەمزینی لە کتێبەکەی خۆیدا کە لە دژی قازی محەمەد دواوە بەبێ ئەمەی بەڵگەیەك نیشان بدات هەر لەسەر بناوانی هەستی نەویستی لەم باسەوە نووسیویەتی: "قازی محەمەد بۆ ئەمەی خۆی نەجات بدات پێشوازیی لە هۆردووی ئێران کرد و تەواوی چەك و قۆرخانەی کوردانی دا بەوان"، بڕوانە ئافتوریفەراتەکەی بەزمانی ڕووسی، لینین گراد، ساڵی ١٩٥٨.

قازی لەوێ وتارێکی دابوو. لە ڕاپۆرتی نوێنەرێکی سۆڤیەتدا لەمەڕ ئەم وتارەی قازی ڕاگەیەندراوە: "قازی محەمەد کاتێك دەچوو بۆ ڕەزاییە بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی دەسپارد، کە بە هیچ جۆرێك چەکی خۆیان بە هۆردووی ئێران نەدەن و هەر کەسێکی هەلی هەبێت بە چەکی خۆیەوە لە شاری وەدەرکەوێت و خۆیان بخەنە چلۆنایەتیی نهێنییەوە..."[1].

قازی و هاوڕێکانی دەچنە ڕەزاییە و لەوێڕا لەگەڵ جەنەڕاڵ هومایون بە ڕێگەی تەورێزدا دێنە میاندوەوئاو و وتوویژ بەڕێوە دەبەن. قازی و هاوڕێکانی بڕیاری سەرۆکەکانی ح. د. ك دەدەن بە هومایون و لە هەمان کاتدا داوخواز دەکەن، کە سوارەی عەشیرەتەکانی مامەش و دیبوکری بۆ سەر مەهاباد نەنێرن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی خوێنڕێژی. لە کاتی وتوویژدا هومایون کوردەکان دڵنیا دەکات بەمە کە "حکوومەتی ناوەندی هیچ بیروباوەڕێکی دوژمنانەی لەگەڵ کوردانا نییە و هۆردووی ئێران، کە بچێتە مەهابادی کارێکی وا ناکات کە خوێنڕێژی عەمەل بێت و ئاسایش و هێمنایەتیی خەڵکی مەهاباد تێك بچێت..."[2].

لە بەرواری ٢٠ی دیسامبردا قازی و هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە بۆ مەهاباد و ئەنجامی وتوویژی خۆیان لەگەڵ سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران لە کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگە و ح. د. ك.دا دەگێڕنەوە. لەم کۆبوونەوەیەشدا بڕیارێکی زۆر بەجێ و مێژوویی قەبووڵ دەکرێت، کە بێ شك پێویستە ئەمەش بە خزمەتێکی گەورەی قازی محەمەد دابندرێت. قازی پێشنیاز دەکات، هێزی چەکداری کوردستان لە مەهاباد لە شاری وەدەرکەون و لە مەڵبەندی نەغەدە و شنۆ جێگیر بن. ئەمە پێشنیازێکی زۆر گرینگ و بەجێ بوو. چونکە لەم ڕێگەیەوە بەر لە هەموو

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٥٢.
٢. نەجەف قولی پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٨.

شتێك پێشی خوێنڕێژی دەگیرا و ئەگەر ئەم هێزە لە مەهاباد مابایەوە بێ شك خوێنڕێژییەکی گەورە دەبوو و بەر لە هەموو کەسێك دانیشتوانی مەهاباد تووشی ماڵوێرانی و تێداچوون دەبوون. لە لایەکی ترەوە کوردەکان توانییان تەواوی چەك و قورخانەکەی مەهاباد لەگەڵ خۆیاندا بەرن و بە چەکەوە ئامادەبن کە ئەگەر بێتو سەرۆکەکانی ئێران پێکهاتەکە و پەیمانەکەی خۆیان بخەنە ژێر پێ، بتوانن خۆڕاگری بنوێنن لە بەرامبەر هۆردووی ئێراندا.

هەر ئەو ڕۆژە تەواوی ئەو هێزە چەکدارەی، کە لە مەهاباد بوون شاریان بەتاڵ کرد. بەشێکی هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی و بەشێکی تری بە سەرۆکایەتی زێرۆی بەهادوری و هێزێکی تریش بە سەرۆکایەتیی حەمەدی مەولوودیان لە بەینی مەهاباد و ڕەزاییە جێگیر بوون.

شەوی ٢١ی دیسامبر هوردووی ئێران لە ڕێگەی میاندووئاوەوە[١] بەرەو مەهاباد هات و لە گوندی ئیندیرقاش هەڵکەوتوو لە ٦ کیلۆمیتری مەهاباد جێگیربوو. وەکی نووسەری کۆنەپەرستی ئێران نەجەف قولی پیسیان دەنووسێت سەرۆکەکانی ئێران هێشتا لە ترس و خۆفدا بوون بۆ پەلاماربردن بۆ سەر مەهاباد و لەبەرئەمە بەگوێرەی بڕیاری ستادی ئەرتەش بە ئامانجی بەهێزکردن و پتر تەیارکردنی ئەم بەشە هۆردووە هەر ئەو شەوە لە تەورێزەوە دوو گوردانی پیادە، دوو گوردانی سوار، گورهانێکی تۆپخانە و چەند تانکیان بۆ ئیندیرقاش نارد[٢]. بە تەنیا ڕۆژی ٢١ی دیسامبر هوردووی ئێران توانی بچێتە مەهاباد، یانی مەهاباد ٩

١. لە پێشدا لە بەرچاو گیرابوو لەلای ڕەزاییەشەوە پەلامار بهێنن بۆ سەر مەهاباد بەڵام چون هێزی پێشمەرگە لە ڕێگەی نێوانی ڕەزاییە و مەهاباد جێگیر بووبوو نەیانوێرا لەوێشڕا پەلامار بەرن.

٢. نەجەف قولی پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٨.

ڕۆژ پاش تەوریز لە لایەن هۆردووی ئێرانەوە داگیر کرا[1]. بەگوێرەی پێکهاتەکەی نێوانی کوردان و سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران دانیشتوانی مەهاباد خۆڕاگرییان نیشان نەدا. جەنەراڵ هومایون بۆ ئەمەی کە خەڵك فریو بدات هەر کە دێتە مەهاباد ڕێ و ڕاست دەچێتە ماڵە قازی و دەبێتە میوانی قازی محەمەد. هومایون لە قازی محەمەد و سەیفی قازی و حاجی بابا شێخ داوخواز دەکات پەیامێك بۆ سەرۆکەکانی هێزی چەکداری کوردستان بنێرن کە چەکی خۆیان دانێن و خۆڕاگری نەنوێنن لە بەرامبەر هۆردووی ئێراندا. قازی و هاوڕێکانی ئەم داوخوازە وەعۆدە ناگرن و پێشنیازی هومایون ڕەت دەکەنەوە[2].

قازی محەمەد لە وەڵامی ئەم پێشنیازەی هومایوندا دەڵێت: "تەواوی مەسئوولییەت لە عۆدەی مندایە و دەست لە خەڵکی هەڵگرن و ئازاری مەدەن..."[3].

سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران لە یەکەمین ڕۆژی داگیرکردنی مەهابادەوە تەواوی پەیمان و قەول و قەرارەکانی سەرۆك وەزیران قەوام و پەیمان و بڕیارەکانی خۆیان خستە ژێرپێ و هەروەك سەرکەوتوو لە ناوچەی شەڕا بەسەر دوژمندا دەستیان کرد بە ئاکاری دڕندانە لە دژی دانیشتوانی مەهاباد. ڕۆژی ٢١ی دیسامبر پاش ئێوارە درەنگانێك جەنەراڵ هومایون هەر لە ماڵی قازییەوە دەستوور دەدات قازی محەمەد و سەیفی قازی بگرن و لە گرتووخانەیان بهاوێن. وێڕای ئەمان نیزیکەی ١٠٠ کەسی تر لە تێکۆشەرانی ح. د. ك دەگرن و دەیانخەنە گرتووخانە[4].

---

١. ئارشی روزفیلت لە کتێبەکەیدا بە هەڵە چووە و مێژووی داگیرکرانی مەهاباد ١٥ی دیسامبر نیشان دەدات. بڕوانە لاپەڕەی ١٦.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٦.

٣. هەرلەوێ. لاپەڕەی ١٧.

٤. لە بیرەوەری مینا خانم...

بێ جێ نییە لێرەدا وێژراوەی ئەتاشەی عەسکەری ئەمەریکایی رۆزفیلت بخەینە بەرچاو کە دەڵێت: "سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بەگوێرەی پلانێکی لە بەرچاو گیراو دەستیان کرد بە نابووتکردنی تەواوی وێنە وە نیشانەکانی ڕێوشوێنی قازی محەمەد، چاپخانەکانی کوردی داخران، خوێندن بە زمانی کوردی یاساغ کرا، تەواوی کتێبەکانی کوردی بەئاشکرا سووتاندران... کوژران و هەڵاوەسران دەست پێ کرا..."[1].

بەم جۆرە دەبینین، کە لێرەدا ئامانجی بنچینەییی سەرۆکەکانی ئێران لە ناردنی هۆردوو بۆ کوردستان و ئازەربایجان چاوەدێریکردن بەسەر هەڵبژاردندا نەبووە، بگرە نابووتکردن و لەنێوبرانی ڕێوشوێنی دیموکراسی و سەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکانی ئەم دوو مەڵبەندە بووە.

بەشی زۆری سەرۆکەکانی ح. د. ك و حکوومەتی نەتەوایەتی گیران، پێتەختی کوردستان داگیر کرا. بەڵام خەباتی بە چەکی گەلی کورد خەفەنە کرا. لە چەند مەڵبەندەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستی کرد بە خەبات لە دژی هۆردووی ئێراندا و ئەم خەباتە چەکدارە لەژێر ئالای کۆماری کوردستان و دروشمی ح. د. ك.دا نزیکەی ٧ مانگی خایاند و لاپەڕەیەکی هەر قارەمانانە و بە دیمەنە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا.

ڕیزە مێژوونووس و نووسەرێك کە لەمەڕ مێژووی ئەو سەردەمەی کوردستان دواون خەباتی بە چەکی ئەم حەلە لە کوردستانی ئێران لە مێژووی کۆماری کوردستان و لە سەرۆکایەتی ح. د. ك بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیدا جیا دەکەنەوە و دادەنوێنن، کە ئەم خەباتە چەکدارە بە تەنیا پێوەندی هەیە بە بارزانییەکانەوە[2]. ڕیزە

١. ئارشی رۆزفیلت، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٧.

٢. بە درێژی بڕوانە کتێبەکەی نەجەف قولی پیسیان و هەروەها کتێبەکەی گاوان.

نووسەرێکی تریش بە گیرانی ڕەهبەرانی گەلی کورد و داگیرکرانی مەهاباد مێژووی کۆماری کوردستان بەتەواوبوو دادەنێن و لەمەڕ بەسەرهاتەکانی دوایی، چاکتر بڵێین لەمەڕ خەباتی بەچەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هیچ نادوێن[١].

لە ڕاستەقینەدا مێژووی کۆماری کوردستان و سەرۆکایەتیی ح. د. ك بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا دەبێ هەتا مانگی ژوئەنیساڵی ١٩٤٧ حیساب بکرێت، یانی هەتا ئەو کاتەی، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆڕاگریی بە چەکی نواند لە بەرامبەر هۆردووی گەورە و گەلێك تەیارتری دەوڵەتی ئێراندا.

نووسەری ئەمەریکایی ئیگیلتۆن لەمەڕ ئەم مەسەلەیە دەنووسێت: "ئەگەر ئێمە بە کورتی باسی بەسەرهاتەکانی نێوانی هاتنی هۆردووی ئێران لە دیسامبری ساڵی ١٩٤٦دا بۆ کوردستان و ئازەربایجان هەتا ژوئەنی ساڵی ١٩٤٧ کە لەم مەڵبەندە هێمنایەتی هاتە گۆڕێ، نەکەین ناتوانین مێژووی کۆماری کوردستان بە تەواوبوو دابنێین"[٢].

لە مەڵبەندەکانی دەوروبەری ماکۆڕا بگرە هەتا تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەوروبەری ڕەزاییە، لە شنۆ و لاجان و نەغەدەڕا بگرە هەتا مەڵبەندی گەورکی میرەدێ و بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی خەباتی بە چەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گەلێك جێ بەڕێ و جێ و لە گەلێك جێگەش بە چەشنی پارتیزانی لەژێر دروشمی پارێزگاری لە دیموکراسی و ڕزگارکردنی کۆماری کوردستان، دەست پێ کرا.

***

١. بڕوانە کتێبەکەی فراریزاوف.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٩.

بەندی پێنجەم

## دوایین پلەی خۆڕاگریی بە چەکی گەلی کورد. ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی و حەوڵ و تەقەڵلای دیپلۆماسیی ئەمەریکایی لە دەوروبەری ئەم مەحکەمەیەدا

باسی گیرانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی و ئاکاری دڕندانەی بەشە هۆردووەکانی ئێران لە مەهاباد و بۆکان و مەڵبەندی چۆمی مەجید خان و دەوروبەری میاندوئاو و بەم جۆرەوە ژێرپێ هاویشتنی تەواوی وادە و پەیمانەکانی سەرۆك وەزیران، بووە هۆی پەرەسەندنی خەباتی چەکداریی گەلی کورد.

هەر ئەو شەوەی کە قازی و هاوڕێکانی گیران "١١٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب و پێشمەرگەکانی کوردستان لە مەهاباد بوون بە سەرۆکایەتی ئەفسەری هێزی پێشمەرگە محەمەدی مەولوودیان بە چەکەوە لە شاری وەدەر دەکەون و تێکەڵاو دەبن بەهێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە لە مەڵبەندی نێوانی نەغەدە و شنۆ جێگیر بووبوو"[١].

بەتێکەڵاوبوونی ئەم هێزە ژمارەی هۆردووی ژێر فەرمانی بارزانی گەیشتە ٧ هەزار کەس[٢] و دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن بۆ پەلاماربردن بۆ سەر هۆردووی ئێران لە مەهاباد[٣]. ژمارەیەکیش لە فیداییەکان و ئەفسەرەکانی ئازەربایجان تێکەڵاوی هێزی بارزانی بوون[٤].

ناوچەی دووەمی خۆڕاگری بە چەکی هێزی پێشمەرگەی، لە مەڵبەندی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٣٨.

٢. هەرلەوێ.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٣٨.

٤. هەرلەوێ.

دەوروبەری ڕەزایییە و ماکۆ پێك هات بە سەرۆکایەتی زێڕۆ بەگی بەهادوری[1]. بە تێکەڵاوبوونی بەشە هۆردووەکانی محەمەد حوسەینی هەرکی و سەید فەقێی گەیلانی و قادر ئاغای هەرکی بە هێزی زێڕۆ بەگ[2]، لەم ناوچەیەش هۆردوویەکی بەهێزی کوردان لە بەرامبەری هۆردووی ئێراندا ڕاوەستا و تەواوی ڕێگەکانی نێوانی ڕەزایییە و مەهاباد و ڕەزایییە و ماکۆ لەلایەن ئەمانەوە گیرا و بەرهەڵستییان پێك هێنا بۆ پێوەند ڕاگرتنی بەشە هۆردووەکانی ئێران. لە هەمان کاتدا بەم هۆیەوە هەلێکی باشیان پێك هینا بۆ پێوەند ڕاگرتن لە نێوان هەردووك ناوچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. شایەنی باسە کە سەرۆکی عەشیرەتێکی کوردستانی تورکیەش بە نێوی حەیدەر بەگ بە خۆی و سوارەیەوە تێکەڵاوی هێزی زێڕۆ بەگ بوو[3].

ئەمە گرینگیی خۆڕاگریی بە چەکی گەلی کوردی گەلێك بەرەوژووورتر برد.

لە دەوروبەری سەقز و بۆکان بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد خانی فارووقی، عەلی خانی شێرزاد و ئاغاکانی گەورکی مێرەدی، هێزێکی نیسبەتەن کەمتر لە هی بارزانی و زێڕۆبەگ بە چەشنی پارتیزانی لەدژی بەشە هۆردووەکانی ئێران دەست دەکەن بە خەبات. بەم جۆرە لە چەند لاوە خۆڕاگریی بە چەکی گەلی کورد، دەست پێ کرا.

لە سەرەتای مانگی ژانوویەی ساڵی ١٩٤٧دا لە نەغەدە کۆبوونەوەی

---

١. زێڕۆ بەگی بەهادوری یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی عێلی هەرکی و پیاوێکی ئازا و نەترس و ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە چەند شارێکدا لەبەر نواندنی قارەمانەتییەکی بێ وێنە بە نێوی "مارشاڵ زێڕۆ" نێوبانگی دەرکردبوو.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٤٩.

٣. هەرلەوێ.

سەرۆکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزانی برا گەورەی مەلا مستەفا، پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا ٢٧ کەس بەشداریی کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی خەباتی بە چەك و بەڕێوەبردنی خەباتێکی بەری و جێ بەگوێرەی هەلی ڕۆژ باسی لەسەر کرا. لە ئەنجامدا بڕیارێك پەسند کرا کە لەوێدا وێژراوە: "ئێمە کوردە دیموکراتەکان بە لەونێکی بەرێ و جێ پێك هاتووین و ڕێکخراوەکەی خۆمان نێو ناوە "نەجاتدەری کوردستان"[١]، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم بڕیارانەی ژێرەوە پەسند کران و وەك داوای کوردان بۆ سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران و عێراق ناردران:

١. دەبێ بە تەواوی تێکۆشەرانی کورد لە ئێران و عێراق کە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی خەباتیان کردووە و لەم ڕیزە بە تەواوی بەشدارەکانی بزووتنەوەی بارزان، لێخۆشبوونی گشتی بدرێت.

٢. دەوڵەتی ئێران و عێراق دەبێ ئەم زەرەرەی کە لە بارزانییەکانیان داوە بیکێشنەوە.

٣. دەبێ بە کوردستان سەربەخۆیی بدرێت و هەموو حیزبەکان ئازاد بکرێن.

٤. دەبێ چەك لە کوردان نەستێندرێت[٢].

لە بڕیاری کۆبوونەوەکەدا هەروەها وێژراوە، بە ئامانجی بەهێزکردنی هەموولایەکی "لە عەمەلدا دەبێ لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق پێوەند ڕابگرین"[٣].

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٤٣-٤٤.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٤٤-٤٥.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٤٥.

لە کاتێکدا، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی ئامادە دەکرد بۆ پەلامار بردن بۆ سەر بەشە هوردووەکانی ئێران، سەرۆکەکانی هۆردووی ئێرانیش خۆ ئامادەکردنێکی هەموولایەکییان دەست پێ کرد بۆ تێکشکاندنی خۆڕاگریی کوردان. بەڵام بەرلەوەی، کە شەڕ دەست پێ بکات سەرۆکەکانی هوردووی ئێران دەستیان کرد بە بەڕێوەبردنی مانۆڕی سیاسی و لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندن و پیلان نانەوە دەیانویست خۆڕاگریی هێزی کوردان تێك شکێنن. هەر بەم ئامانجە پاش کۆبوونەوەی کوردان لە نەغەدە جەنەراڵ هومایون داوخواز دەکات لە سەرۆکەکانی بارزانی، کە یەکتر ببینن. لە بەرواری ١٥ی ژانوویەدا، یانی پاش کۆبوونەوەکەی نەغەدە لە گوندێکی نێوانی نەغەدە و مەهاباد جەنەراڵ هومایون لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی یەکتر دەبینن و بارزانی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی نەغەدە دەدا بە هومایون. هومایون زۆر هەوڵ دەدات، کە بارزانییەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق و دەست لە خۆڕاگری هەڵبگرن، بەڵام هەوڵ و تەقەڵلای بە ئەنجامێك نەگەیشت و ئەم یەکتر دیتنە بەبێ نەتیجە تەواوبوو[١].

هیومایون پاش گەڕانەوە بۆ مەهاباد کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران لە کوردستان پێك دەهێنێت و سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران جەنەراڵ ڕەزم ئاراش بە خێرایی لە تارانەوە خۆی دەگەیەنێتە ئەم کۆبوونەوەیە. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەگرن کە ئولتوماتمیك بۆ هێزی خۆڕاگری کوردان بنێردرێت. لەم ئولتوماتمەدا وێژراوە: ١- بارزانییەکان دەبێ دەستبەجێ خاکی ئێران بەتاڵ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ عێراقێ، ٢- دەبێ تەواوی عەشیرەتەکانی تر چەکەکانی خۆیان دابنێن و خۆیان تەسلیمی هۆردووی ئێران بکەن، ٣- ئەگەر ئەم دوو پێشنیازە قبووڵ نەکرێت، هۆردووی ئێران دەست دەکات بە پەلاماربردن بۆ سەر

١. ئیگیلتۆن کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٩.

نیشتەجێی عەشیرەتەکان و بارزانییەکان[1]. ئەم پێشنیازە لەلایەن کوردانەوە ڕەت کرا و لە چەند ناوچەوە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەشە هۆردووەکانی ئێران شەڕ دەست پێ کرا. دەکرێ بڵێین دەوڵەتی ئێران لە سەدا ٧٠ی هۆردووی چەکداری و هێزی تانك و فڕۆکەی خۆی لە دژ کوردان وەکار خست. هەر بە تەنیا لە ناوچەی ماکۆ لە دژی هێزی زێڕۆ بەگ هۆردوویەکی ٥ هەزار کەسی ئێران بە هۆی ٥ فڕۆکە و ژمارەیەکی زۆر تانك و تۆپ دەستی کرد بە پەلامار بردن[2].

سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران بە ئامانجی چاوترسێنکردنی هێزی خۆڕاگریی کوردان سەرلەنوێ لە مەهاباد و بۆکان و میاندووئاو و دێیەکانی ئەم مەڵبەندانە دەستیان کرد بە گرتنی ئەندامان و تێکۆشەرانی ح. د. ك. لە بەرواری ١٨ی ژانوویەدا نێزیکەی دووسەد کەس لەم گیراوانە بۆ گرتووخانەکانی تەورێز ناردران[3].

و ئەمە نیشانی دەدات، کە ئیتر لە گرتووخانەکانی شارەکانی کوردستان بۆ گیراوەکان جێگە نەمابوو.

جیا لەمە، لە بەرواری ١٩ی ژانوویەدا، یانی ڕۆژێك پاش دەست پێکرانی پەلاماری هۆردووی ئێران بۆ سەر هێزی خۆڕاگری کوردان لە مەهاباد، مەحکەمەی نهێنی بۆ مەحاکەمەکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی دەست پێ کرا.

***

لاپەڕەیەکی هەرە گرینگی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی قازی محەمەد و نموونەیەکی هەرە ئاشکرای نیشتمانپەروەری و فیداکاری و

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١١٨.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٥، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٣، لاپەڕەی ٤١.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٥، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٣، لاپەڕەی ٤٣.

گەورەیی ناوبراو، لە هەمان کاتدا باوەڕی پتەو و دانەنواوی قازی بە دیموکراسییەت و ڕزگاری و سۆسیالیزم و یەکیەتیی سۆڤیەت – وتار و وێژراوە و خۆ بەڕێوەبردنی قازی محەمەد لە مەحکەمەی عەسکەریی هوردووی ئێراندا، ئەم مەحاکەمەیە کە بە گەورەترین مەحاکەمەیەکی سیاسیی ئەو سەردەمەی تەواوی ئێران ئەبێ دابندرێت، لە چەند ڕووەوە زۆر گرینگ و شایانی باسە و پێداویستی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی زانستییە.

مەحاکەمەی قازی و هاوڕێکانی لە چوار دیوارێکی تەنگ، لە هەلێکی نهێنیی دوور لە چاوی خەڵك، لەژێر چاوەدێریی هۆردوو و بە تەنیا بە بەشداربوونی ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی ئێران دەست پێ کرا و لەبەر ئەمە هەتا ئێستا هیچ سەنەد و بەڵگەیەکی ڕەسمی لەمەڕ ئەم مەحاکەمەیە وەڕوو نەخراوە. چەند ساڵێك پاش لەداردانی قازی و هاوڕێکانی ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی، کە لە مەحاکەمەکەدا بەشداربوون ریزە وتار و وێژراوەیەکیان وەك بیرەوەری لە جەریدەکانی ئێراندا و هەروەها لە سکاڵا و وتووێژی خۆییدا بڵاو کردووەتەوە. دیارە کە لەم وتار و وێژراوانەدا نەیانوێراوە و یا بە ئانقەست نەیانویستووە تەواوی ڕاستەقانییەکان وەڕوو بخەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەیانتوانیوە حاشا لە هەموو شتێك بکەن و ناچار بوون ڕیزە ڕاستەقانییەك لەمەڕ فیداکاری و نەترسیی قازییەکان و بیروباوەڕ و ئیمانی پتەویان بە ڕزگاری و دیموکراسییەت ڕابگەیەنن.

شایەنی باسە، کە نوێنەری ئەمەریکایی ئیگیلتۆن کە لە کتێبەکەیدا بە تایبەتی هەوڵی داوە پاکانە بکات بۆ سیاسەتی ئیستیعماریی ئەمەریکا لە کاتی ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازییەکان لەسەر مەسەلەی کورد، لەم باسەوە دەنووسێت: ”بەڵگەکانی مەحاکەمەی قازی و هاوڕێکانی هیچ کاتێك

وەڕوو نەخراون و وەڕووش ناخرێن. ئەمەی کە لەم باسەوە بەدەستەوەیە بە تەنیا وێژراوە و وتاری ئەفسەرە ئێرانییەکانە"[1].

نووسەری کۆنەپەرستی ئێرانی نەجەف قولی پیسیان لە کتێبەکەیا زۆر هەوڵی داوە ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازییەکان بە پێچەوانە بنوێنێت و پاکانە بکات بۆ سیاسەتی دەوڵەتی ئێران. کەچی ئەمیش ناچار بووە بنووسێت: "لە مەحاکەمەی قازییەکاندا وتووێژێکی زۆر هاتە گۆڕێ، گەلێك باسی جۆرەوجۆر کرا و تاوانبارەکان نێوی زۆر کەسی دەرەوەیی و بێگانەیان برد و گەلێك بەڵگەیان نیشان دا. بەڵام لێرەدا ئێمە ناتوانین باسی ئەمانە بکەین و بیاننووسین..."[2].

گرینگیی مەحاکەمەی قازی و هاوڕێکانی بەر لە هەموو شتێکدا ئەمەمان پێ نیشان دەدات، کە قازییەکان باوەڕێکی پتەو و دەروونی و قووڵیان بووە بە بیروباوەڕ و ئامانجی خۆیان، یانی بە دیموکراسییەت و خەبات و فیداکاری لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوایەتیی گەلەکەیاندا. هیچ پەیمان و وادەیەك، هیچ چەشنە هەڕەشە و مەترسی و ترساندنێکی ناو گرتووخانە نەیتوانیوە کار بکاتە سەر بیروباوەڕیان و پەشیمانیان بکاتەوە لە کردەوەکەیان.

گرینگییەکی تری ئەم مەحاکەمەیە ئەمەیە، کە ئیتر بەچاکی ڕوون بووەوە مەحاکەمەی قازییەکان، باشتر بڵێین ڕووخاندرانی کۆماری کوردستان و سەرلەنوێ داگیرکرانەوەی کوردستانی ڕزگار، ڕاستە و ڕاست بەگوێرەی ئەسپاردە و پیلانی ئیستیعماری ئەمەریکا و ئینگلیزی بووە و

---

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٢، هەروەکو بۆ خۆی پێ لێ دەنێت بۆ نووسینی کتێبەکەی بەتایبەتی یارمەتیی لە ستادی هۆردووی ئێران وەرگرتووە و لە وێژراوەکەیرا دیار دەکات کە چاوی بە بەڵگەکانی مەحاکەمەی قازی و هاوڕێکانی کەوتووە و هەر بۆیەشە کە نووسیویە ئەم بەڵگانە "هیچ کاتێك وەڕوو ناخرێن".

٢. نەجەف قولی پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٤٧.

دەوری دەوڵەتی ئێران لە پلاری دەست و ئالەتی بێ ئیرادەی ئیستیعمار بەدەر، شتێکی تر نەبووە.

جا بۆ پتر شارەزابوون لەمە با بە درێژی ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازییەکان بخەینە ڕوو.

پاش گیرانی قازی محەمەد و سەیفی قازی و تێکۆشەرەکانی تری ح. د. ك لە بەرواری ٢١ی دیسامبردا سەدری قازی برای قازی محەمەد، کە لە تارانی نیشتەجێ بوو دەچێتە لای سەرۆك وەزیران قەوام و پێی دەڵێت ئەم کارەساتە بە مانای وەژێرپێ هاوێشتنی وادە و پەیمانەکانی دەوڵەتە بە کوردان و دەبێ پێشگیریی لێ بکرێت. قەوام لە وەڵامی سەدری قازیدا دەڵێت: "ئیتر من شتێکم لە چەنگ نایە، چونکە هێزی عەسکەرییەکان و ڕیزە هێزێکی دەرەوەی زۆریان بۆ هێناوم و پێویستە تۆش خۆت تەسلیمی ستادی هۆردوو بکەی..."[١] پاش ئەمە لە تارانێ سەدری قازیش دەگرن و لە ژێر چاوەدێریی فەوجێکی عەسکەردا دەیبەن بۆ مەهاباد.

قازی و هاوڕێکانی لە سەربازخانەی مەهاباد ڕادەگرن و زۆر بە خراپە لەگەڵیان دەبزوونەوە. لە ڕاپۆرتی کاربەدەستێکی سۆڤییەتدا لەم باسەوە وێژراوە: "قازی و هاوڕێکانی لە ژوورێکی تاریك و تەڕدا ڕاگیردراون. هەموویان نەخۆشن، ناهێڵن کەسێك پێوەندییان لەگەڵا ڕابگرێت، تەنانەت نەیانهێشتووە حەکیمیش بچێتە لایان..."[٢].

ڕۆژنامەنووسێکی بورژوازیی ئێران کە سەر بەهێزە عەسکەرییەکان بووە بە نێوی سولەیمان –ح. لە ساڵی ١٩٥٢دا لە کۆاری "ئیتیلاعاتی ماهانە"دا نووسراوەیەکی دوور و درێژی لەسەر ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازییەکان لە چاپ دابوو. ناوبراو لە سەرەتای نووسراوەکەیدا پێ لەمە

---

١. نەجەف قولی پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٦٣.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٢٣.

دەنێ، کە لەبەر ناسیاوبوون لەگەڵ جەنەراڵ باستی و یەکێك لە داردەستەکانی ئەرتەش، ئەفسەرەکان ئیجازەیان پێ دام لە گرتووخانەدا چاوم بە قازی محەمەد بکەوێت و لە ڕێڕەوی مەحاکەمەکە شارەزا بم[1]. جا هەر ئەم هەواڵنووسەی هۆردووی ئێران لەمەڕ ڕەفتاری ئەفسەرەکان لەگەڵ قازی و هاوڕێکانی دەنووسێت: "هێزە عەسکەرییەکان نەیاندەهێشت هیچ کەسێك لەگەڵ قازییەکان پێوەند ڕابگرێت و دەنگ و باسێکیان پێ بگات...، بەڵگە و سەنەدی تاوانبارییان زۆر زوو پێك هێندرا. ئەفسەرەکان تەواوی وادە و پەیمانەکانی سەرۆك وەزیران قەوامیان خستە ژێر پێ و چلۆنایەتی و زرووفی ڕۆژیان لە بەرچاو نەگرت و بەگوێرەی یاساکانی عەسکەری لەگەڵ گیراوەکان دەبزووتنەوە..."[2].

ڕۆژی ١٩ی ژانویە، یانی نێزیکەی مانگێك پاش گیرانیان لە مەهاباد بە نهێنی مەحکەمەی عەسکەری بەسەرۆکایەتیی پارس تەبار و بە بەشداربوونی ئەفسەرەکانی وەك ئایروم، فەیروزی، بەگلەری، وەرەهرام و موزەففەری دەست دەکات بە مەحاکەمەی قازییەکان. شایەنی باسە مەسەلەی دیاریکرانی وەکیل بۆ قازییەکان سەرۆکی مەحکەمە بە قازی محەمەد دەڵێت، کە لە نێو ئەفسەرەکانی مەهاباد دوو کەس بەوەکیل هەڵبژێرێت. قازی هیچ یەك لەم ئەفسەرانە بەوکیلی خۆی دانانێت و داوخواز دەکات جەنەراڵ ئەسلانی و سەرهەنگ موسا شاهـ قولی، کە لە تاران نیشتەجێ بوون بە وەکیل دیاری بکرێن[3].

ئەمەش دەبێتە هۆی تووڕەیی سەرۆکی مەحکەمە. لەم باسەوە ئیگیلتۆن دەنووسێت: "قازی داوای کرد دوو ئەفسەر لە تارانەوە بێن بۆ مەهاباد بە نێوی وەکیل. لە وەڵامدا پێیان گوت ناکرێ وەکیل لە تاران

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "بەسوی ئایەندە"، بەرواری ١٢ی مەی ساڵی ١٩٥٢.
٢. بڕوانە ڕۆژنامەی "بەسوی ئایەندە"، بەرواری ١٢ی مەی ساڵی ١٩٥٢.
٣. بڕوانە کتێبەکەی پیسیان، لاپەڕەی ١٦٧.

هەڵبژێردرێت. دەبێ هەر لە نێوان ئەفسەرەکانی حازر لە مەهاباد وەکیل دیاری بکەن. ئەگەر ئامانجت وە درەنگخستنی کاروباری مەحکەمەیە دەتوانی داوا بکەی بەڵکو لە لەندەنەوە وەکیلت بۆ بنێرن؟ قازی محەمەد لە وەڵامدا دەڵێت: ئەگەر لەگەڵ لەندەنا پێوەندێکی نێزیکم هەبایە مەحکەمە نەدەکرام و کاروبارم بەم ڕۆژە نەدەگەیشت..."[1].

لەلایەن مەحکەمەی عەسکەرییەوە ئەفسەرێکی ئێرانی بە نێوی کاپیتەن شەریفی بە وەکیلی قازییەکان دیاری دەکرێت. دیاریکردنی تاقە وەکیلێك بۆ سێ تاوانباری سیاسی نموونەیەکی ئاشکرای داتاشراوبوونی مەحکەمەکە و وەژێرپێ هاوێشتنی هەموو چەشنە ڕێ و شوێنێکی حقووقییە. ئەم مەحکەمەیە بە هەموویەوە چوار ڕۆژی خایاند. لە ڕۆژی یەکەمدا حوکمی تاوانباریی قازییەکان دەخوێندرێتەوە، لە ڕۆژی دووەمدا وەکی نەجەف قولی پیسیان نووسیویەتی: "قازی محەمەد ١٤ سەعات قسەی کردبوو"[2]. پیسیان وتاری ١٤ سەعاتەی قازیی لە دوو دێردا کورت کردووەتەوە و نووسیویەتی: "لە مەحکەمەدا قازی محەمەد پەلاماری بردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی ناوەندی و دەیگوت من لەم قوژبنەی گرتووخانەوە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی ناوەندی و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەك من... ئێوە داگیرکەرن و هێرشتان هێناوەتە سەرمان..."[3].

لەمەڕ ئەم وتارەی قازی لە ئارشیوی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجاندا چەند بەڵگەیەك وەدەست کەوتووە. لەم ڕیزە لە بەڵگەیەکدا وێژراوە: "کاتی لێپرسینەوە لە قازی محەمەد، گوتبووی: بەتەنیا لە ئەنجامی وەژێرپێ خستنی یاسای بنچینەیی ئێراندا لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، گەلی کورد

---

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٢، هەروەها پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٦٧.

٢. نەجەف قولی پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٦٧.

٣. نەجەف قولی پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٦٧.

چەکی هەڵگرت و دەستی بە خەبات کرد و تەواوی مەسئوولییەتی کوردان لەم تێکۆشینەدا ئەمن بەتەنیا وەعۆدەی خۆمی دەگرم، چونکە دەست پێکەر و سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردان من خۆم بووم"[١].

لەلایەن مەحکەمەوە، لە ٢٢ بەنددا تاوانبارەی قازییەکان ئامادە دەکرێت. تاوانباری بەدەستەوە نییە، بەڵام پیسیان و ئێگیلتۆن و سولەیمان–ح. کە لە نووسراوەکانیانرا دیارە چاویان بە تەواوی بەڵگەکانی مەحاکەمەکە کەوتووە، باسی بەشی زۆری بەندەکانی ئەم تاوانبارییەیان کردووە و لە عالەمی خۆیاندا بەندەکانی هەرە گرینگیان هەڵبژاردووە و هێناویانەتە سەر کاغەز. ئیگیلتۆن لەم باسەوە دەنووسێت: "تەواوی بەندەکانی تاوانباریی قازییەکان بە وشەی "بزووتنەوەی بە پێچەوانەی قانونی ئەساسی" ڕازاندراوەتەوە.

قازییەکان بەمە تاوانبار کراون، کە کۆماریان دامەزراندووە، دەرەجەی ئەفسەرییان داوە، چەك و قۆرخانەیان بڵاو کردووەتەوە، جێگەی ڕەنگی ئاڵای ئێرانیان گۆڕیوە..."[٢].

تاوانباری بەتایبەتی جەنەڕاڵ سەیفی قازی ئەمە بووە، کە "چەند جار چووەتە شاری باکۆ و جلوبەرگی جەنەراڵی لەبەر کردووە..."[٣] سەدری قازیش بەمە تاوانبار کراوە، کە: "کاتێك لە تاران نیشتەجێ بووە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان پشتیوانیی لە بزووتنەوەی کوردان کردووە و ئەسپاردەکانی قازی محەمەدی برای بەجێ گەیاندووە..."[٤].

پیسیان باسی تاوانباریی قازییەکان دەکات و دەنووسێت: "لە مەهاباد دایما دروشمی ئەمەیان دەدا، کە بمرێ ئەو کەسە کە ناهێڵی ڕزگاری

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١ جیلدی ١، لاپەڕەی ٥٣.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٣.

٣. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٤.

٤. هەرلەوێ، لاپەڕەی ١٢٥.

بەکوردان بدرێت″ و ئەوەش بە تەواوی لە دژی ڕێ و شوێنی پاشایەتی بوو″؟![1].

ئیگیلتۆن باسی نامەیەکی قازی محەمەد دەکات، کە لەلایەن ئەفسەرەکانی ئێرانەوە بە تاوانبارییەکی زۆر گەورەی ناوبراو حیساب کراوە. ئەم نامەیە دوو مانگ پێش مەحاکەمەی قازییەکان لەلایەن قازی محەمەدەوە بۆ سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران جەنەراڵ ڕەزم ئارا ناردرابوو، کە لە سەقز پیلانی پەلامارهێنانی بۆ سەر کۆماری کوردستان ئامادە دەکرد. لەم نامەیەدا قازی ئیشارەی کردووە بە هەڵبەستێکی فیردەوسی کە وەك دروشمی هۆردووی ئێران لە کاتی ڕەزا شادا لەسەر لەوحەیەك دەنووسرا و لەسەر دەرگای سەربازخانەکان هەڵدەواسرا. ئەم هەڵبەستە ئەمەیە:

همه سر بسرتن بکشتن دهیم　　　از آن به که کشور بدشمن دهیم

جا قازی بۆ ڕەزم ئارا دەنووسێت، کە ئێستا ئێوە ئەم دروشمەتان گۆڕیوە و دروشمی ئێستای ئێوە ئەمەیە:

″همه سر بسر پشت بدشمن دهیم　　از آن بەکه خود راب کشتن دهیم″[2]

ئیگیلتۆن دەنووسێت: ″ئەم نامەیە ئەفسەرەکانی ئێرانی زۆر تووڕە کردبوو و ئەم وێژراوەیەی قازی محەمەدیان بە سووکایەتییەکی زۆر گەورە دادەنا بە هۆردووی ئێران...″[3]. نەجەف قوڵی پیسیان باسی ئەم نامەیەی بە درێژی نەکردووە، بەڵام ئیشارەی کردووە بە نووسینی ئەم نامەیە لەلایەن قازی محەمەدەوە و نووسیویەتی: ″ئەم نامەیە بە تەواوی نیشانی ئەدا کە قازییەکان لە دژی ڕێ و شوێنی پاشایەتین″[4]. پیسیان لە

---

١. پیسیان کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٦٩.

٢. ئەمە هەر لەسەر ڕەوتی هەڵبەستەکەی فیردەوسییە و بەدوو مانا بەکار هێندراوە.

٣. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٥.

٤. پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٦٩.

جێگەیەکی تری کتێبەکەیدا دەنووسێت: ″لەمەڕ تاوانباریی سەیفی قازی بەڵگەیەکی زۆر بەدەست سەرۆکەکانی هۆردووی ئێرانەوە هەبوو. لەم ڕیزە، ناوبراو لە بەرواری ٦ی مانگی مورداددا ٥٠ قوتابیی ناردبووە تەورێز بۆ خوێندن لە قوتابخانەی عەسکەری″[١].

لە بەندەکانی تاوانباریدا هەروەها تاڵانکرانی ماڵی یەمین لەشکری هەوشار و کوژرانی سەرۆکی ئاماری مەهاباد قازی زادەش بە حیسابی قازییەکان داندرابوو[٢]. لە سوورەتێکدا، کە قازییەکان هیچ پێوەندییەکیان بەو مەسەلانە نەبووە[٣].

بەندێکی تری تاوانباریی سەیفی قازی ئەمەبووە، کە گۆیا بەشە هۆردووی دەوڵەتی ئێرانی لە مەهاباد ناچار کردووە بەتەسلیمبوون و چەکی لێ ئەستاندوون[٤]. لەمەڕ ئەم بەندە پێویستە بوێژرێت، کە بەشە هۆردووی ئێران لە مەهاباد هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٤١دا، کاتێك کە هۆردووی سۆڤیەت و ئینگلیز چوونە ئێرانێ و دیکتاتۆریی ڕەزاشا تێك چوو و پرشوبڵاو بوو، ئیتر هەتا کاتی داگیرکرانی مەهاباد لە بەرواری دیسامبری ساڵی ١٩٤٦دا هیچ بەشە هۆردوویەکی ئێران لە مەهاباد

---

١. هەرلەوێ، لاپەڕەی ١٧٣. لێرەدا پیسیان بە هەڵە چووە، چونکە ئەم قوتابییانە بۆ تەورێز نا، بۆ باکۆ ناردرابوون.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٤٥.

٣. مەڵبەندی هەوشار، بە تایبەتی شاری ساین قەڵا و گوندی هولەسو کە نیشتەجێی یەمین لەشکری هەوشاربوو لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە نا، بەڵکو لەلایەن فیداییەکانی ئازەربایجانەوە بە سەرۆکایەتی ئارامی زاتکیان و سام سامی مەراغە و جەنەراڵ کەبیری داگیر کرا. یەمین لەشکری خۆی هاوێشتبووە ژێرباڵی دەوڵەتی ئێرانەوە بەداخەوە لەلایەن فیداییەکانەوە ماڵی ناوبراو تاڵان کرابوو کە ئەمەش کورتی و سەهوێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیدا و ئەم مەسەلەیە بە هیچ چەشنێك پێوەندی بە قازییەکانەوە نییە.

٤. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٤٥.

نیشتەجێ نەبووە، کە ناچاری بکەن بە تەسلیمبوون و چەك ماڵی بکەن.

بێ شك زۆری ئەم بەندانەی تاوانباری هەروا لە ڕووی فۆرمالیتەوە بۆ ئەمەی، کە ڕێڕەوی مەحاکەمەکە بخەنە چارشێوێکی قانوونییەوە نووسراون وە نا لە پشت ئەم بەندانە گەلێك مەسەلەی گەورەی سیاسی ڕاوەستابوون و ڕێڕەوی مەحاکەمەکە لە پاشان ئەمەی بە چاکی وەدی خست.

لە کاتی مەحاکەمەدا ئەفسەرەکانی ئێرانی بە تایبەتی تێ کۆشابوون یەکیەتیی سۆڤیەت تاوانبار بکەن و وا بنوێنن، کە قازی و هاوڕێکانی تەواوی خەبات و تێکۆشینی خۆیان بەگوێرەی ئەسپاردەی یەکیەتیی سۆڤیەت بەڕێوە بردووە. بەگوێرەی وێژراوەی سەرۆکی ئەو حەلەی بەشە هوردووی ئێران لە میاندووئاو سەرهەنگ ئەسلانی، قازی محەمەد بە درێژی وەلامی ئەم تاوانبارییەی دابووەوە. ئەسلانی گوتبووی. قازی محەمەد لە تەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بە جەسارەت و نەترسی و سەربەرزییەوە وتاری دەدا و جارێك نەمدی سەری داخا و پەشیمانی لە کردەوەی خۆی بنوێنێت. قازی، لەمەڕ ئەمەی، کە گۆیا لە ژێر هێرشی دەوڵەتێکی دەرەوەدا تێکەڵاوی بزووتنەوە بووە، زۆر تووڕە بوو گوتی: "ئێوە ناتوانن لە ڕاستەقینە بگەن. دەست پێکەر و دامەزرێنەر و پێکهێنەری بزووتنەوەی دیموکراسییەت لە کوردستان من خۆم بووم و هیچ هێزێکی دەرەوەیی بۆ ئەم کارە مەجبووری نەکردووم. سەرچاوە و وەڕووهێنەری من لەم کارەدا نیشتمان و نەتەوەکەم بووە. هەرچییەکی دەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن، بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن..."[١]. لەم باسەوە ئیگیلتۆنیش دواوە و نووسیویەتی: "قازی بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی گوتی: پاش هاتنی هۆردووی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤١دا دەوڵەتی ئێران نەیتوانی

---

١. لە وێژراوەی مینا خانمەوە هەڵلایراوە. هەروەها بڕوانە ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ١١٧.

حوکماتی خۆی بەسەر کوردستاندا دابمەزرێنێت و ئێمە ناچاربووین حکوومەتی خۆمان دابمەزرێنین و لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتیش هاوکاری بکەین. هەروەك چلۆن، کە حکوومەتی تارانیش ناچاربوو لەسەر زۆر مەسەلە لەگەڵ حکوومەتی سۆڤیەت هاوکاری بکات..."[1].

مەحکەمەی ناوبراو کاروباری خۆی زۆر بە پەلە تەواو کرد و لە بەرواری ۲۲ی ژانویەدا[2] حوکمی دەرکرد قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بە کوژران مەحکوم بکرێن. سەیر ئەمەیە، کە بڕیاری مەحکەمەکە بە قازییەکان ڕانەگەیەندرا. لەم باسەوە سولەیمان-ح. وا دەنووسێت: "مەحکەمە لە مانگی دەی ساڵی ۱۳۲۵دا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازیی بە کوژران مەحکوم کرد. بەڵام ئەم بڕیارە بەوان ڕانەگەیەندرا و لە مەهابادیش کەسێك ئاگای لەمە نەبوو"[3]. هەر ئەمە بۆخۆشی بە تەواوی لە دژی وێژراوەکانی نێو یاسای مەحکەمەی عەسکەرییە. چونکە لە بەندی ۲۱۳ی یاسای مەحکەمەی عەسکەری ئێراندا وێژراوە: "بڕیاری مەحکەمە لە کۆبوونەوەی گشتی بە بەشداربوونی مودەعی عام و تاوانبار دەخوێندرێتەوە"[4].

حوکمی مەحکەمەی عەسکەری بەجێ نەگەیەندرا و ئەفسەرەکانی کە بۆ مەحاکەمەی قازییەکان هاتبوون بۆ تارانێ گەڕانەوە. ئەم حوکمە نیزیکەی ۳ مانگ لە نهێنیدا ڕاگیردرا و بەجێ نەگەیەندرا.

ڕیزە مێژوونووس و نووسەرێك کە لەسەر مێژووی کۆماری مەهاباد دواون، لەم ڕیزە سوجادی، پیسیان، ئیگیلتۆن و...هتد دلە نووسراوەکانی

---

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی لاپەڕەی ۱۲۳.

٢. ئیگیلتۆن بە هەڵە چووە و نووسیویەتی کە، لە بەرواری ۲۳ی ژانوویەدا مەحکە تەواو بوو، لاپەڕەی ۱۲۵.

٣. ڕۆژنامەی "بەسوی ئایەندە"، بەرواری ۱۲ی مەی ۱۹۵۲.

٤. هەرلەوێ.

خۆیاندا بە تەنیا تاقە سەبەبێکی وە درەنگ خرانی بەجێگەیەندرانی حوکمی کوژرانی قازییەکان نیشان دەدەن.

یانی ڕادەگەیەنن کە، چۆن لە کوردستان شەڕ بەردەوام بوو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چەند ناوچەوە خۆڕاگریی دەنواند بەرامبەر هۆردووی ئێران دەوڵەتی تاران دەترسا حوکمی کوژرانی قازییەکان بەجێ بگەیەنێت. لەم باسەوە لە ئارشیوی حیزبیشدا بەڵگە هەیە و سەرهەنگ ئەسلانی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە گوتبووی: "هەتاوەکونێ هێزی مەلا مستەفا چەکەماڵ نەکرێت ناتوانین حوکمی لەمەڕ کوژرانی قازییەکان بەجێ بگەیەنین. ئەگەر بێتو ئەمەی بکەن تەواوی کوردەکان تێکەڵاو بە بارزانییەکان دەبن و بزووتنەوەی چەکدارانە بەیەکەوە لە دژی هۆردووەکانی ئێمە دەست پێ دەکەن"[1]. بێ شك، ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە، یانی تاقە سەبەبێکە. لای تری ئەم مەسەلەیە، یانی هۆی هەرە گرینگی وە درەنگ خرانی بەجێگەیەندرانی حوکمی کوژرانی قازییەکان دەبێ لە سیاسەتی ئیستیعماریی دەوڵەتی ئەمەریکا و ئینگلیزیدا بدۆزرێتەوە لەسەر مەسەلەی کورد و لە ڕێڕەوی دوای مەحاکەمەی قازییەکان و ڕاگیر کردنیان لە گرتووخانە ئەمەمان بە ئاشکرایی بۆ وەدی دەکەوێت.

وەکی مەعلوومە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٦، بەتایبەتی سەرۆکایەتیی ح. د. ك بەسەر ئەم جووڵانەوەیەدا لە هەڕەتی پەرەسەندنیدا بە هۆی پرۆگرام و تاکتیکی ڕووناك و ئاشکرا، نەهایەت تێکۆشینی و خەباتی ڕۆژانەی قازی محەمەد وەك سەرۆکی حیزب و مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورە و تێگەیشتوو زەربەیەکی گەورە و پشت شکێنی وەشاند لە نفووز و سیاسەتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان لە کوردستاندا و لە نێو جامیعەی کوردستاندا

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٨٤.

هیچ بنکه و بناوانێکی کۆمەڵایەتیی بۆ وان نەهێشت کە دەستی پێوە بگرن، پێی پشت ئەستووربن و بەم جۆرە بتوانن سیاسەتی ئیستیعماریی خۆیان بە دەستی کوردان لە نێو کورداندا بەڕێوەبەرن.

هەر لەم دەورەیەدا نفووز و حورمەت و بەڕێزیی دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەت لە نێو گەلی کورددا گەلێك – گەلێك بەرەوژوور چوو و لەم کارەدا قازی محەمەد دەورێکی هەرە باڵا و گەورەی هەبوو.

دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان هەستیان بەمە کردبوو، کە ئەم بزووتنەوەیەی گەلی کورد هەروا لە چوارچێوەی بەشێکی کوردستانی ئێراندا بە گشتی نامێنێتەوە و درەنگ یا زوو لە نێزیکەوە کار دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان و ئەم حەلە ئەم مەسەلەیە وێنەی مەسەلەیەکی گەورەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و نێوەڕاست دەگرێتە خۆی. جا ئەگەر بێتو هەڵکەوتووایەتیی ستراتیجیکی کوردستان، بە تایبەتی هاوسنووربوونی وی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت، هەروەها سامانی بە لێشاوی کوردستان، بە تایبەتی نەوتەکەی لە بەرچاو بگرین دەبینین، کە مەسەلەی کورد و کوردستان چ جێگەیەکی گەورە و گرینگ دەگرێتەوە لە سیاسەتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکاندا. جیا لەمانە، لەسەر مەسەلەیەکی تریش دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان گرینگییەکی زۆر گەورەیان دەدا و ئێستاش دەیدەن بە مەسەلەی کورد و کوردستان. ئەمیش برێتییە لەمە، کە دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیە چاوترسێن بکەن بە مەسەلەی کورد، یانی ئەگەر بێتو یەکێك لەم دەوڵەتانە لە حاست سیاسەتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان سەربزێوی بکات و لە بە جێگەیاندنی سیاسەتی ئەوان خۆی لادات، کوردەکان لە دژی ئەم دەوڵەتە هان بدەن. ئەمە دروشمێکی لەمێژینەی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان بە تایبەتی هی بریتانیایە و گەلێك جار بۆ ئەمە تێ کۆشیون و مێژووی ئەم سەدەی دوایی کوردستان چەند جارێك شاهیدی ئەم سیاسەتە بووە.

بە بۆنەی هەوڵ و تەقەڵلای نوێنەرانی ئیستیعمار لە دەوروبەری چارەنووسی قازییەکان، ڕۆژنامەی "ئازادی" نووسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمەریکا لە وجوودی قازی محەمەددا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان هەست دەکرد و لە لایەکی تریشەوە دیسانەکەش بێ هومێد نەبوون کە لە دەستەڵات و قەدر و حورمەتی ئەو لەناو نەتەوەی کورددا بۆ قازانجی ئیستیعماری و داگیرکەرانەی خۆیان، ئیستیفادە بکەن"[1].

هەر لە ڕێڕەوی مەحاکەمەی قازییەکاندا کونسوڵی ئەمەریکایی لە تەورێز لیستەر سوت تون، کونسوڵی ئینگلیز کارس، خوفیەی بە ناوبانگی ئەمەریکایی لیوینگستون بیتلی، کە لە تەورێز وەك نوێنەری کلێسای پرۆتیستان نیشتەجێ بوو، کونسوڵی ڕابردووی ئەمەریکایی لە تەورێز دووهارو لە سەرەتای تەواوی ئەمانە سەفیری ئەمەریکایی لە تاران جۆرج ئاللین یەك بەدوای یەکدا بۆ کوردستان سەفەر دەکەن، لەگەڵ سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران وتوویژ بەڕێوە دەبەن و بە یارمەتیی ئەمان لە گرتووخانەدا چاویان بە قازییەکانیش دەکەوێت. لە ڕاپۆرتێکی نوێنەری سۆڤییەتدا لە تەورێزەوە بەم بۆنەیەوە نووسراوە، کە نوێنەرانی ئینگلیز و ئەمەریکا "لەسەر مەسەلەی کوردستان و بە تایبەتی لەسەر چارەنووس و چلۆنایەتیی براکانی قازی زۆر لە هەوڵ و تەقەڵلادان و هەموو ڕۆژێ هاتوچۆی کوردستان دەکەن..."[2] لە ڕاپۆرتێکی تردا گوتراوە: "لەم ڕۆژانەی دواییدا کاربەدەستێکی ئەمەریکایی هاتووەتە تەورێزێ و بە جلوبەرگی ئەفسەری ئێرانەوە لەگەڵ جەنەراڵ بایەندور چەند جارێك بۆ کوردستان چوون..."[3].

---

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٤٨.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٦٦.

ڕۆژنامەی "ئازادی" بەم بۆنەیەوە نووسیبووی: "قازی محەمەد و هاوڕێکانی پتر لە سێ مانگ لە گرتووخانەدا ڕاگیردران و لەم ماوەیەدا چوار جار بە نهێنی ئەوانیان لە مەهابادەوە برد بۆ تاران و هێنانیانەوە. هەر لەم کاتەدا بوو، کە پیلانی ئیستیعماری ئەمەریکا خۆی دەرخست. لەم ماوەیەدا چەند جار نوێنەرانی ئیستیعماری ئەمەریکا لە گرتووخانەدا چووبوونە لای قازی محەمەد تا بۆ لای خۆیانی ڕاکێشن و سکالایان لەگەڵدا کردبوو..."[١].

سەرۆکی هۆردووی ئێران لە کوردستان هومایون لە بە جێگەیاندنی حوکمی کوژرانی قازییەکان زۆر بە پەلە بوو بەگوێرەی ڕیزە بەڵگەیەکی کە بەدەستەوەیە، ناوبراو نیازی بووە، کە ڕۆژی ٢٣ی ژانوویە، یانی ڕۆژێك پاش تەواوبوونی مەحاکەمە حوکمی کوژرانیان بەجێ بگەیەنێت. بەڵام لە تارانەوە تەلگرافیان لێ دەکەن کە دەست ڕاگرێت. وەکی ئیگیلتۆن دەنووسێت هومایون بەمە زۆر ناڕەحەت بوو و "سەرهەنگ فەیووزیی نارد بۆ تاران، کە بزانێت لەسەر چی مەسەلەی کوژرانی قازییەکان وە درەنگی دەخەن..."[٢] ئیگیلتۆن هەروەها دەڵێت هومایون لەمە نەگەیشت، کە "چلۆنایەتیی سیاسی پێداویستی وەدرەنگ خستنی بڕیاری کوژرانیان بوو..."[٣].

بۆ یەکەمین جار لە بەرواری ٥ی مانگی فیورییەی ساڵی ١٩٤٧دا قازی و براکانی بە نهێنی دەبەن بۆ تاران و لە گرتووخانەی دیژبانی هۆردوو ڕایان دەگرن[٤]. لە گرتووخانەی دیژبانیی تاران ڕیزەیەك لە کوردەکانی نیشتەجێی تاران لە وێنەی ئەردەڵانەکان و سەنەندەجی و ئیلخانی زادە و

---

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" ژمارە ٩٢، ٨ ئاوریلی ١٩٦٠.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٥.

٣. هەرلەوێ.

٤. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ....

فەهیمی و... هەتەد، کە لە دەزگای دەوڵەتیدا دەورێکی باڵایان هەبوو دەچنە لای قازییەکان و وتووێژیان لەگەڵ دەکەن. ئامانجی ئەمانە ئەمە بوو، کە قازییەکان بە ئاشکرایی پەشیمانیی خۆیان لە کردەوەکانیان ڕابگەیەنن و ئاگەدارییەك بڵاو بکەنەوە بەنێو عەشیرەتەکانی کوردستاندا کە لە حاست هۆردووی ئێران خۆڕاگری نەنوێنن و چەکی خۆیان دانێن، هەروەها لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت و حیزبی توودەی ئێران ئاگەداری بڵاو بکەنەوە و وا بنوێنن، کە ئەوان بەگوێرەی ئەسپاردەی هێزێکی دەرەوە دەستیان بەو کارەساتە کردووە و بۆ خۆیان تاوانێکیان نییە... لە هەمان کاتدا ئەم کوردە ناوبراوانە ڕایان گەیاند بوو، کە ئەگەر بێتو قازییەکان ئەم پێشنیازانە قبووڵ بکەن و نامەیەکی داوخوازی لێخۆشبوون بۆ شا و سەرۆك وەزیران بنووسن، لە گرتووخانە و مەترسی کوژران نەجات دەدرێن... جیا لەمانە، هەر لەم ماوەیەدا سەفیری ئەمەریکا لە تاران جۆرج ئاللین، جەنەڕاڵ شوارتسکوف و پسپۆڕی ئەمەریکی لەسەر مەسەلەی کورد دووجار لە گرتووخانە چاویان بە قازییەکان دەکەوێت و پێشنیازی مەشووری دەوڵەتی ئەمەریکا بە وان ڕادەگەیەنن: ئەم پێشنیازە ئەمە بوو: "ئەگەر بێتو لەسەر مەسەلەی کورد بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەمەریکا لەناو کوردانا بگرنە ئەستۆ لە کوشتن ڕزگارتان دەکەین..."[1] جۆرج ئاللین هەروەها گوتبووی: "ئەگەر قازی محەمەد ڕازی بێت دەوڵەتی ئەمەریکا یارمەتیی پێ دەدات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ئازاد..."[2].

وەڵامی ددان شکێنی قازی محەمەد بەم پێشنیازەی ئەمەریکاییەکان کە لە زۆر چاپەمەنیدا بڵاوبووەتەوە بۆ جارێکی تریش باوەڕی پتەو و قایم و دانەنواوی قازیمان بە بیروباوەڕی خۆی، بە بزووتنەوەی دیموکراسی و پێشکەوتوو، بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پێ

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ١٩٦٠. هەروەها بیرەوەری مینا خانم...
٢. ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بەرواری ٣١ی مارسی ١٩٧٥.

نیشان دەدات. قازی لە چلۆنایەتی چەوت و نالەباری گرتووخانەدا لە کاتێکدا، کە لەژێر حوکمی کوژراندا لە گرتووخانە دانیشتبوو لە وەڵامی پێشنیازی ئەمەریکاییەکاندا گوتبووی: "من دوورِوو نیم و چاویشم چاك دەبینێ... من دەزانم ئێوە چتان لە من دەوێ. بەڵام من بیروباوەڕ و مەسلەکی خۆم ناگۆڕم. من ناتوانم خەیانەت لە نەتەوەکەم بکەم... من و نەتەوەکەم دەستی برایەتی و دۆستایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتمان گرتووە و ئەمە وەزیفەی موقەدەسی ئێمەیە..."[1].

بەم بۆنەیەوە ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان نووسیبووی: "بیرەوەری و ئیرادەی دانەنواوی تایبەتی قازی محەمەد لە گرتووخانەی تاریکی دوژمندا گەلێك پتەوتر و قایمتر ببوو. قازی بە جۆرج ئاللینی گوتبوو، کە گەلی کورد چاوەڕێی هیچ خێر و چاکەیەکی لە دەوڵەتی ئیستیعمارییەکان نییە و بە تەنیا بە هێز و پشت ئەستووری بە خەباتی بە بنەوەشتی ڕزگاری خۆی وەدەست دەهێنێت"[2].

سەرۆکەکانی دەوڵەتی تاران و نوێنەرانی ئەمەریکایی پاش ئەمەی، کە دیتیان ناتوانن قازییەکان لە ڕێگە هەڵە بکەن و بۆ لای خۆیانی بکێشن سەرلەنوێ لە تارانەوە دەیانگێڕنەوە بۆ گرتووخانەی مەهاباد. بۆ وەدیدانی هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی ئیستیعماری ئەمەریکایی لە دەوروبەری قازییەکان بێ جێ نییە بەڵگەیەکی تریش کە تا ئێستا لە هیچ جێگەیەك چاپ نەکراوە بخەینە بەرچاو.

---

١. بڕوانە بیرەوەریی مینا خانم... هەروەها ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠. سەرۆکی ئەو چەلەی ژاندارمی مەهاباد سەرهەنگ ئەمیر پەرویز ئەم وێژراوەیەی قازی محەمەد لە پاش چەند ساڵێك گێڕابووەوە.

٢. ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بەرواری ٢ی ئاوریلی ساڵی ١٩٥٥.

ئەم بەڵگەیە بریتییە لە ڕاپۆرتی کونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز. لەم ڕاپۆرتەدا وێژراوە، کە پاش هێنانەوەی قازییەکان بۆ گرتووخانەی مەهاباد "سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران لە کوردستان جەنەراڵ هومایون، سەرهەنگ موزەفەری و ...هتد و خێزانی قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بانگ دەکەنە لای خۆیان و نێزیکەی ۱۸ هەزار تمەنیان بەرتیل لێ دەستێنن و قەولیان دەدەنێ، کە وەزعی گیراوەکان باش دەکەن و نەجاتیان دەدەن. چەند ڕۆژێك پێش کوژرانیان هومایون سەرلەنوێ خێزانی قازییەکان بانگ دەکات و پێیان دەڵێت تێکۆشینی وی بۆ نەجاتدانی قازییەکان بە ئامانجێك نەگەیشت، چونکە چارەنووسی قازییەکان بە دەست ئەمەریکاییەکانەوەیە. هومایون وای بە مەسڵەحەت زانی، کە خێزانی قازییەکان بچنە تەورێزێ بۆ لای کونسوڵی ئەمەریکایی. هومایون پێی گوتبوون، کە کونسوڵ نەك هەر دەتوانێت داوخواز بکات بڕیاری لەمەڕ کوژرانیان سووکتر لێ بکات، بگرە تەنانەت دەتوانێت لە گرتووخانەش نەجاتیان بدات.

خزم و کەسوکاری قازی محەمەد و ئەوانی تر حازر نەبوون ئەم مەسڵەحەتەی هومایون قبووڵ بکەن و ڕایان گەیاند، کە هیچ چەشنە پێوەندێکیان لەگەڵ ئەمەریکاییەکان نییە"[1].

---

۱. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ۷۵، پەروەندەی ژمارە ۲، جیلدی ۳، لاپەڕەی ۵۳، ئیگیلتۆن لە لاپەڕەی ۱۲۳ی کتێبەکەیا باسی بەرتیل وەرگرتنی ئەفسەرەکانی ئێرانی دەکات و دەڵێت "جارێك ۱٦ هەزار و جارێکی تریش ۲۱ هەزار تمەن بەرتیل درا بە ئەفسەرەکانی ئێران بۆ ڕزگارکردنی قازییەکان لە گرتووخانە". بەڵام ئیتر باسی ئەمە ناکات، کە بەسەرهات و چارەنووسی قازییەکان بە دەست ئەمەریکاییەکانەوە بوو.

لە بیرەوەری مینا خانمدا ٤٥ هەزار تمەن نیشان دراوە. و بەلای مەوە ڕاستییەکەی هەر ئەمەیە، چونکە مینا خانم بۆ خۆی ئەو بەرتیلەی داوە بە ئەفسەرەکان.

لە گرتووخانە لەگەڵ قازییەکان زۆر بە خراپە دەبزووتنەوە، لەلایەن دەوڵـەتـەوە ئـەسپـێردرابـوو کـە نـەهـێڵـن کـەسێك لـەگـەڵ قـازی مـحـەمـەد و براکانی پێوەند ڕابگرێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕێگەی بەرتیلدانەوە چەند کەسێك لە پێشمەرگەکان و نێزیکەکانی قازییەکان توانیبوویان لە گرتووخانە چاویان بە قازی محەمەد و ئەوانی تر بکەوێت. لەم ڕیزە دوو کەس لە پێشمەرگەکانی تایبەتی قازی محەمەد و سەیفی قازی بە نێوی ڕەحیمی زاهیدی و ساڵحی قیزلباش لە بەرامبەر دانی بەرتیلێکی گەورەدا توانیبوویان بچنە گرتووخانە و چاویان بە قازییەکان بکەوێت. بەگوێرەی ئـەسپـاردەی قـازی مـحـەمـەد ئـەم دوو کـەسە دەچـنـە تـەورێزێ بـۆ لای کونسولی یەکیەتیی سۆڤیەت. لە ڕاپۆرتی کونسوڵی سۆڤیەتدا بەم بۆنەیەوە وێژراوە: ”لە خزمەتکارەکانی سەیفی قازی و قازی محەمەد دوو کەس بە نێوی ڕەحیمی زاهیدی و ساڵحی قیزیلباش لە بەرواری ٢٧ی فیوریەدا هاتنە کونسوڵخانە و ڕایانگەیاند، کە لە ڕێگەی بەرتیلدانەوە توانیویانە بچنە گرتووخانەی عەسکەری و چاویان بە قازییەکان بکەوێت. قازی محەمەد و هاوڕێکانی داوخوازیان لەمان کردووە کونسوڵی یەکیەتیی سۆڤیەت دڵنیا بکەن، کە هەردەم سادق و وەفادار دەمێننەوە بە یەکیەتیی سۆڤـیـەت و لـەم حـەلـەی هـەرە چـەتـوون و نـالـەبـاری ژیـانـیـانـدادا بـۆ نەجاتبوونیان بە تەنیا هەویایان بە یەکیەتیی سۆڤیەت هەیە.

ئـەوان هـەروەهـا داوخـوازیـیـان کـردووە بـەکـونسوڵ ڕابـگـەیـەنـن، کـە کوردەکان بەتەنیا بەگوێرەی مەسڵەحەتی نوێنەرانی سۆڤیەت دەستیان لە خۆڕاگریی هەموولایەکی هەڵگرت و ڕێگەیان بۆ هاتنی هۆردووی ئێران بـۆ کـوردسـتـان ئـاواڵـە کـردەوە، دەنـا بـڕیـارمـان دابـوو هـەتـا دوایین هەناسەیان خەبات بکەن...“[١].

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٢٢٠.

ئەم وێژراوەیەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە قوژبنی گرتووخانەوە لە کاتێکدا کە لەژێر حوکمی کوژراندا ڕاوەستابوون بۆ جارێکی تریش نیشانی دەدات، کە قازی محەمەد و هاوڕێکانی تا چ ڕادەیەك هەویایان بە یەکیەتی سۆڤیەت بووە، تا چ ڕادەیەك لەسەر بیروباوەڕ و مەسلەکی خۆیان – بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی و خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی و دیموکراسیدا مسۆگەر بوون.

لە ئاخری مانگی فیوریەی ساڵی ١٩٤٧دا دیسانیش بە نهێنی قازی محەمەد بە تەنیا دەبەن بۆ تارانێ و پاش دوو ڕۆژ ڕاگیرکردن لە گرتووخانەی دیژیان سەرلەنوێ بۆ مەهابادی دەهێننەوە. لەمەڕ وتووێژی ئەم سەفەرەی نوێنەرانی دەوڵەت و کاربەدەستانی سەفارەتی ئەمەریکایی لەگەڵ قازی محەمەد لە تارانێ هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە، بەڵام بەسەرهاتەکان نیشانی دەدات، کە ئەم چەلیش ویستوویانە قازی بۆ لای خۆیان بکێشن و مەجبووری بکەن بە ئاشکرا پەشیمانبوونەوەی خۆی لەکردەوەی ڕابگەیەنێت و بە تایبەتی لێیان ویستووە، کە نامەیەك بۆ سەرۆکەکانی بارزانی و عەشیرەتە چەکدارەکانی تر، کە لە پەستاڕا زەربەی پشت شکێنیان لە هوردووی ئێران دەوەشاند، بنووسێت و داوخوازییان لێ بکات کە، خۆیان تەسلیم بکەن و خۆڕاگری نەنوێنن. بەڵام قازی محەمەد تەواوی ئەم پێشنیازانە ڕەت دەکاتەوە.

لە نێوەڕاستی مانگی مارسدا سەرلەنوێ قازییەکان بە نهێنی دەبەن بۆ تارانێ. لەمەڕ ئەم سەفەرەش هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە. بەڵام هەر لەو سەردەمەدا لە ڕۆژنامەکانی تاران و چەند ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکاییدا ڕیزە وێنەیەکی قازییەکان لە جلوبەرگی گرتووخانەدا چاپ دەکرێت. ئەم وێنەیانە لە لایەن هەواڵنووسەکانی ئەمەریکاییەوە دەکێشرێت و لە یەکێك لەم وێنەیانەدا کە بە تەنیا سەر و سوورەیتان کێشراوە هەرسێکیان

بە دەست دەموچاویان گرتووە[1].

***

هەر لەو سەردەمەدا، کە سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران و نوێنەرانی ئیستیعماری لە دەوروبەری قازی محەمەد و هاوڕێکانیدا لە هەوڵ و تەقەڵڵادا بوون هێزی چەکداری کوردستان لە چەند ناوچەوە زەربەی پشت شکێنیان بە هۆردووی ئێران گەیاند. سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران کە دیتیان بە هۆی هۆردووی خۆیان ناتوانن خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێك بشکێنن، چەك و قۆرخانەیەکی زۆریان بە نێو سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانفرۆشەکاندا بڵاو کردەوە و هانیان دان بۆ سەر کوردان لە ناوچەی شنۆ و لاجان سەرۆکی عەشیرەتی مامەش دەستی کرد بە پەلاماربردن بۆ سەری هێزی چەکداری مەلا مستەفای بارزانی و لە یەکەمین زەربەدا بارزانییەکان سوارەی ئەم سەرۆك عەشیرەتەیان نابووت کرد. لەم ڕیزە چوار کەسیان لە سەرۆکەکانی مامەش بەردەست کرد و وەك دوژمنی گەلی کورد تیرە بارانیان کردن[2]. لە ناوچەی تەرگەوەر و مەرگەوەر و مەڵبەندەکانی نێوانی ڕەزاییە و ماکۆ هێزی چەکداریٚ کوردان بە سەرۆکایەتیی زێرۆ بەگی بەهادوری سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێنا. لە شەڕی نێوانی هۆردووی ئێران و هێزی چەکداری زێرۆ بەگدا نێزیکەی ٧٠٠ سەربازی ئێرانی کوژرا، ٣٢٠ سەرباز بە یەخسیر گیرا و ٥٠٠ تفەنگ و چەند ڕەشاش و تانکێك و دوو فڕۆکەی دەوڵەت وەچەنگ کوردان کەوت[3].

لە ڕاپۆرتێکی نوێنەری سۆڤیەتدا وێژراوە: ″کوردەکان کاتی هێرشبردن

---

١. بڕوانە بیرەوەری مینا خانم...

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، لاپەڕەی ٦، جلیدی ٢.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٤٩.

بۆ سەر بەشە هۆردووەکانی ئێران ئاڵای کوردستان لەسەر سەنگەرەکان هەڵ دەکەن و وێنەی پێشەوای کوردستان بەرز دەکەنەوە..."[1] هەروەها وێژراوە: "ڕۆژ نییە چەند ماشێن ئەفسەر و سەربازی بریندار لە کوردستانەوە بۆ تەوریز نەهێندرێت..."[2].

سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران پاش ئەم شکستە گەورەیە لە بەرواری ١٥ی مانگی مارسدا لە ڕەزاییە کۆبوونەوەیەکی تایبەتییان پێك هێنا بە بەشداربوونی سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانفرۆشەکانی وەك عەمەر خانی شەریفی و ڕەشید بەگ بە ئامانجی پەلاماربردنی بە یەکەوەی هۆردووی دەوڵەتی و سوارەی ئەم دوو سەرۆك عەشیرەتە بۆ سەر هێزی چەکداری زێرۆ بەگ[3] لە بەرواری ١٧ی مارسدا هێزی پێشمەرگە سوارەی ئەم دوو سەرۆك عەشیرەتەی تێك شکاند و عەمەرخان و ڕەشید بەگ هەڵاتن و خۆیان هاوێشتە ستادی هۆردووی ئێران لە ڕەزاییە. زێرۆ بەگی بەهادووری پەیامێك دەنێرێت بۆ سەرۆکی هوردووی ئێران لە ڕەزاییە – جەنەراڵ زەنگەنە و داوا دەکات کە ئەگەر بێتو ناوبراو عەمەرخان و ڕەشید بەگ تەسلیمی کوردان بکات کوردەکان ئامادەن تەواوی ٣٢٠ سەربازە یەخسیر کراوەکان بدەنەوە[4].

لە هەمان کاتدا لە بەرواری ١٦ی مارسدا هێزی چەکداری کوردان بە سەرۆکایەتیی بارزانی پەلامار دەبەن بۆ سەر هۆردووی ئێران لە مەڵبەندی خانە و نەڵۆس، ١٩ سەرباز و ئەفسەرێك دەکوژن، ٥ ئەفسەر و ٦٨ سەربازیش بەیەخسیر دەگرن[5].

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣، پەروەندەی ژمارە ١، جیلدی ١، لاپەڕەی ٢٢١.

٢. هەر لەوێ، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ....

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی...

٤. هەر لەوێ، لاپەڕە ٤٩.

٥. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٠.

سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران کە دیتییان لەم ڕێگەیەشەوە ناتوانن هێزی خۆڕاگری کوردان تێك بشکێنن دەستیان کرد بە وتووێژ لەگەڵ سەرۆکەکانی تورکیە و عێراق بە ئامانجی دەورەدانی هێزی چەکداری کوردان لەهەر چوار لاوە. لە بەرواری ۲۰ی مانگی مارسدا لە حاجی ئۆمەران (عومران) هەڵکەوتوو لە کوردستانی عێراق لە نێوان جەنەڕاڵ هومایون و سەرۆکی هوردووی عێراق لە کوردستان جەنەراڵ حیجازی کۆبوونەوەیەك پێك هات و بڕیار درا، کە هۆردووی عێراق بە ئامانجی یارمەتی بەهوردووی ئێران لە سنوورەکانی نێوانی ئێران و عێراق، یانی لە نێزیکی ئەو مەڵبەندانەی، کە هێزی چەکداری کوردان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی جێگیر بووبوو وەخڕ بێت و لە حەلی پێویستدا دەست بکات بە پەلاماربردن بۆ سەر کوردەکان.

هەر لەم سەردەمەدا لە بازەرگان هەڵکەوتوو لەسەر سنووری تورکیا و ئێران لە نێوان جەنەراڵ هومایون و زەنگەنە لە لایەکەوە و چەند ئەفسەرێکی تورکیا لە لایەکی ترەوە کۆبوونەوەیەك پێك دێت و تورکەکان ئامادەبوونی خۆیان بۆ یارمەتیدان بە هۆردووی ئێران لە دژی هێزی چەکداری کوردان ڕادەگەیەنن و هێزێکی چەکداری گەورە لە نێزیك ئەو مەڵبەندانەی، کە هێزی چەکداری کوردان بە سەرۆکایەتیی زێڕۆ بەگ جێگیر بووبوو، وەخڕ دەکەن[1].

بەم جۆرە بۆ جارێکی تر یەکیەتیی نیزامی ئێران و تورکیا و عێراق لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد پێك دێت. هۆردووی تەیار و پڕچەکی سێ دەوڵەت لە دژی هێزی خۆڕاگری گەلی کورد کە لە هیچ لایەکەوە یارمەتی نەدەدرا دەستبەکاربوو.

لە بەرواری ۲۵ی مانگی مارسدا هۆردووی ئێران لە چەند لاوە بە هۆی

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ۱۲۰.

تانك و تۆپ و فڕۆکە هێرشێکی گەورەی بۆ سەر هێزی چەکداری کوردان دەست پێ کرد. ١٩ فڕۆکەی بۆمب هاوێژی دەوڵەت دەستی کرد بە بۆمباران کردنی دێیەکانی کوردستان[١].

سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ چاوترسێن کردنی پتری هێزی چەکداری کوردان بۆ بێ هێزکردنی ورەو و ئیرادەی گەلی کورد و هەروەها بۆ ئەمەی کە پیلان و نەخشەی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان وەڕوو نەکەوێت بۆ کوشتنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی دەست بەکار بوو. قین و تووڕەیی نوێنەرانی ئیستیعماری و سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئێران نیسبەت بە قازییەکان گەیشتبووە ڕادەیەك، کە بڕیاریان دابوو نووسەری ئەم کتێبەش کە ئامۆزای قازی محەمەدە و ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لەگەڵ ئەوان لە یەك جێ بکوژرێن. بەم بۆنەیەوە لە ڕاپۆرتی نوێنەری سۆڤیەت لە تەورێزەوە وێژراوە: "لەم دواییانەدا نوێنەرانی هێزەکانی عەسکەری چەند جارێك چوونەتە لای خێزانەکانی قازی و دایکی سەیفی قازی و پێیان گوتوون، کە تەلگراف بۆ ڕەحیم ئاغای سەیفی قازی بنێرن، کە بگەڕێتەوە بۆ ئێرانێ: بەڵام خێزانەکانی قازی ئەم پێشنیازەیان ڕەت کردووەتەوە"[٢].

***

١. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢١.

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٥، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٣، لاپەڕەی ٥٣.
نیزیکەی ١٠ ڕۆژێك پێش کوژرانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە لایەن کونسوڵی ئێران لە باکۆ مەجدییەوە دوو تەلگرافم پێ گەیشت. یەکیان لە زمان دایکمەوە بوو ئەوی تریش لەلایەن سەرۆك وەزیران قەوامەوە. لە زمان دایکمەوە نووسرابوو، کە هەموو ساغ و سلامەتن و بەبێ سەبرییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی من دەکەن. لە تەلگرافەکەی قەوامدا کە بۆ کونسوڵ ناردرابوو وێژراوە، کە بە ئاغای ڕەحیمی سەیفی قازی ڕابگەیەنن تەواوی خزم و کەسوکاری سڵامەتن و چاوەڕێی =

ڕۆژی ٢٨ی مارس لە تارانەوە مەحکەمەیەکی تری عەسکەری بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ نەجاتوڵڵای زەرغامی لەگەڵ سەرهەنگ نیکونەژاد کە لە لایەن ستادی ئەرتەشەوە بە مودەعی عام دیاری کرابوو دێنە مەهاباد. لە بەرواری ٢٩ی مارسدا سەرلەنوێ بە نهێنی لە ژوورێکی سەربازخانەی مەهاباد دەست دەکەن بە مەحاکەمەی قازییەکان. لەم مەحکەمەیەدا جیا لەم دوو کەسە جەنەراڵ هومایون، پارس تەیار، ئەمیر پەرویز، بەگلەری، موزەفەری و هەروەها وەکیلی قازییەکان، شەریفی بەشداری دەکەن. لە ڕاستەقینەدا ئەم مەحکەمە شتێکی فۆرمالیتە بوو، چونکە بڕیاری مەحکەمەی یەکەم هەر لە هێزی خۆیدا مابووەوە و هیچ یەك لە قازییەکانیش لە کاتی بوون لە گرتووخانەدا داوخوازی لێخۆشبوون و یا سەرلەنوێ تەماشاکرانەوەی بڕیاری مەحکەمەی هەوڵیان نەدابوو. شتێکی "تازە" کە لەم مەحکەمەیەدا هاتبووە گۆڕێ ڕیزە بەڵگەیەکی تر بوو لەمەڕ "تاوانباریی" قازییەکان.

مەحکەمەی ناوبراو ڕۆژی ٣٠ی مارس سەرلەنوێ بڕیاری کوژرانی قازییەکان تازە دەکاتەوە و پاش نیوەشەوی ٣١ی مارس لە دوای بە جێگەیەندرانی بڕیارەکە ئەوانەی کە لە تارانەوە هاتبوون مەهاباد بەجێ دەهێڵن[1].

ڕۆژنامەنووسەکەی ئێران سولەیمان-ح، لەم باسەوە نووسیبووی:

---

= گەڕانەوەی ناوبراو دەکەن. بۆ گەڕانەوەی ئاغای ڕەحیمی سەیفی لە ڕێگەی پەهلەوییەوە هەرچی پێویستە بیکەن (ئەم دوو تەلگرافە لە لای نووسەرە) لە پاشان کاتێك کە چاوم بەدایکم و خزمەکانی تر کەوت مەعلووم بوو، کە ئەوان تەلگرافێکی وایان بۆ من نەناردووە و ئامانجیان ئەمە بووە بگەڕێمەوە و لەگەڵ قازییەکان بکوژرێم.

١. ئیگیلتۆن بە هەڵە چووە و لە لاپەڕەی ١٢١ی کتێبەکەیدا دەنووسێت کە قازییەکان ڕۆژی ٢٨ی مارس هەڵاوەسران.

″ئەندامەکانی مەحکەمەی دووەم، ڕۆژی ٧ی فەروەردینی ١٣٢٦ هاتنە مەهاباد ڕۆژی ٩ی فەروەردین بڕیاریان دەرچواند و بە بەیانی زوویی ڕۆژی ١٠ی فەروەردین لە پاش بەجێگەیەندرانی حوکمەکە بە پەلەپەل لە مەهابادەوە بۆ لای تاران وەڕێ کەوتن. هەر بەو سورعەتەی، کە ڕوحی قازییەکان لە گیانیان دەرچوو ئەندامەکانی مەحکەمەش لە مەهاباد وەدوور کەوتن″[1].

لەمەڕ وتاری قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەم مەحاکەمەیەدا هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە جیا لە وێژراوەکانی کاپیتەن شەریفی وەکیلی قازییەکان نەبێت. ناوبراو شەوی ٣٠ی مارس بڕیاری مەحکەمەکە دەچێتە ماڵە قازی محەمەد بۆ لای مینا خانمی خێزانی قازی. لە بیرەوەریی مینا خانمدا لەم باسەوە ویژراوە: ″شەو درەنگانێك شەریفی هاتە ماڵە مە و بەدیتنی من هەردووك چاوی پڕبوو و کڵاوەکەی فڕێ دا عەرزی و گوتی: حەیف، هەزار حەیف بۆ قازی محەمەد – بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیر و زانایە. دوێنێ لە کاتی مەحکەمەدا بەبێ کاغەز ٣ سەعات وتاری دا و بە زانست و مەنتیقی خۆیەوە هەمووی حەیران کردبوو. قازی وا بە سەرڕاستی و نەترسی و لەخۆ بوردووییەوە قسەی دەکرد، کە کەسێك نەیتوانی قسەکانی ببڕێت و هەموویانی مەجبوور کردبوو بە وردی گوێ ڕاگرن. قازی لە هەموو کەسێك باشتر یاساکانی ئێرانی دەزانی و لە هەموو کەسێك باشتر شارەزا بوو لە چلۆنایەتیی ئێران. قازی دەوڵەتی ئێرانی تاوانبار کرد بە خەیانەت بە نەتەوەکانی ئێران. قازی بەبێ مەترسی و ئازایەتییەکی بێ وێنەوە نەك هەر پارێزگاری لە مازیی گەلی کورد دەکرد، بگرە لە هی تەواوی گەلەکانی ئێران. قازی ڕەپوڕوو گوتی: ئەم مەحکەمە داتاشراوە مەحکەمەی گەلی نییە، چونکە گەل ڕۆڵەکانی خۆی مەحاکەمە ناکات، ئێوە ئاغایانی مەحکەمە، بەگوێرەی ئەسپاردەی

---

١. بڕوانە ڕۆژنامەی ″بەسوی ئایەندە″ بەرواری ١٢ی مەی ١٩٥٢.

هێزێکی دەرەوە ئێمە مەحاکەمە دەکەن و بە چاکی لەمە شارەزاین...

ئەو قارەمانانە بە جۆرێك پارێزگارییان لە یەکتر دەکرد، کە زەرەیەك پەشیمانی لە کردەوەکانیان هەست نەدەکرا...

شەریفی گوتی نە ئەمن و نە هیچ یەك لە قازییەکان ژێری حوکمی مەحکەمەکەمان ئیمزا نەکرد و ناشزانم ئەم مەحکەمە چ کاتێك بەجێ دەگەیەندرێت..."[1].

تەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەی دووەم و بەجێگەیەندرانی بڕیاری مەحکەمەکە هەمووی لە دژی یاساکانی مەحکەمەی عەسکەری بووە و تەنیا شتێکی کە لەم کارەدا ئەفسەرەکانی ئێرانی وەك یاسا لە بەرچاویان گرتووە نابووتکردنی قازییەکان بووە بە زووترین کات. جا با چاوێك بە بەندەکانی یاسای مەحکەمەی عەسکەری ئێراندا بخشێنین. مەسەلەن وا لە بەرچاو بگرین، کە بڕیاری مەحکەمەی دووەم هەر لە ڕۆژی ٣٠ی مارسدا بە تاوانبارەکان ڕاگەیەندراوە. بەگوێرەی بەندی ٢١٧ی یاسای عەسکەری ئێران دەبێ ٥ ڕۆژ مۆڵەت بدرێت بە تاوانبارەکان بۆ داوخوازی سەرلەنوێ تەماشاکردنەوەی ئەم بڕیارە[2]. بەگوێرەی بەندی ١٨١ دەبێ مەحکەمە ٥ ڕۆژ مۆڵەت بدات بە تاوانبارەکانی بۆ دیاریکردنی وەکیلی پارێزگاری[3]. بەگوێرەی بەندی ٢٢٦ تاوانبارەکان و وەکیلەکانیان بەلانی کەمەوە دەبایە ٥ ڕۆژیان مۆڵەت پێ بدرێت بۆ موتالای بەندەکانی تاوانباری و ئامادەکردنی وەڵام[4]. وا فەرز بکەین، کە ڕێڕەوی ئەم مەحکەمە گرینگە، کە سێ تاوانباری سیاسی بووە لە وتاری تاوانبارەکانەوە لە دژی

---

١. بڕوانە بیرەوەری مینا خانم... هەروەها ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.

٢. بڕوانە ڕۆژنامەی "بەسوی ئایەندە" بەرواری ١٢ی مەی ساڵی ١٩٥٢.

٣. هەر لەوێ.

٤. هەر لەوێ.

سەلاحییەتی مەحکەمە هەتا دوایین پارێزگارییان و دەرخستنی حوکم بەلانی کەمەوە ڕۆژێکی خایاندووە بەڵام بەگوێرەی بەندی ٢٧٣ی یاسای مەحکەمەی عەسکەری، تاوانبارەکان بەلانی کەمەوە ١٠ ڕۆژیان مۆڵەت پێ دەدرێت بۆ داوخوازی لێخۆشبوون[١]. تەواوی ئەو مولّەتە ناوبراوانە، کە مۆڵەتی یاسایی بەلانی کەمی دەکاتە ٢٥ ڕۆژ، کەچی ماوەی دەست پێکردنی مەحاکەمە و بڕیار دەرچواندنی و بەجێگەیەندرانی لە ٣ ڕۆژ پتر نەبووە.

لە ڕێڕەو و چەشنی بەدارکرانی قازییەکانیشدا هەموو چەشنە قانوون و یاسایەکیان خستە ژێر پێ. ڕۆژی ٣١ی مارس مەلا سیدیقی مزگەوتی هەباس ئاغا لە مەهاباد دەچێتە گرتووخانە بۆ لای قازییەکان بۆ ئەمەی کە وەسیەتیان پێ بکات. جیا لە ناوبراو سەرهەنگ پارسی تەبار و ئەفسەرێکی تر لەوێ دەبن و ئەم ئەفسەرە لە بەرامبەر وەرگرتنی بەرتیلێکی زۆردا قسە و باسی ئەو حەلەی بۆ خێزانی قازییەکان گێڕابووەوە[٢]. قازی محەمەد ڕوو دەکاتە مەلا سیدیق و دەڵێ: ″بنووسە با نەتەوەی کورد بزانێ، کە من هەتا دوایین هەناسەی ژیانم ڕۆڵەی فیداکاری نیشتمان و نەتەوەکەم... پارس تەبار قسەی قازی دەبڕێ و دەڵێ: ″قازی، بەهەموویەوە چەند هەنگاوێکت ماوە بۆ بن سێدارە کەچی دیسانیش دەست لەم قسە قۆڕانە هەڵناگری. باشتر ئەمەیە هەر وەسیەتێکت هەیە بە مەلای بڵێیی کە بۆ ماڵ و منداڵتی بگێڕێتەوە...″ قازی محەمەد لە وەڵامدا دەڵێت: ″ڕووڕەش، بڕۆ بۆ لای پاشا لووسکەکەت بە هەموویەوە چەند دەقیقەیەکم ماوە کە بژیم و هەرچی دەڵێم دەبێ

---

١. هەرلەوێ.

٢. بەگوێرەی وێژراوەی مینا خانم ئەم ئەفسەرە ٥٠٠٠ هەزار تمەنی بەرتیل لێ ئەستاندبوون و قسەوباسی نێوانی قازییەکان و مەلا سیدیق و پارس تەباری بۆ گێڕابوونەوە و وەسیەتنامەی قازییەکانی پێ دابوون.

بینووسن. ئەگەر نایینووسن ئەو مەلا سیدیقە ڕافزییەتان بۆچی هێناوەتە لای ئێمە..."[1]. لە پاش ئەم قسانە قازییەکان بۆ خۆیان وەسیەت نامەکەیان دەنووسن[2]. لەمەڕ چەشنی بەدارکرانی قازییەکان سەرۆکی ئەو حەلەی دایرەی ژاندارمی مەهاباد سەرهەنگ ئەمیر پەرویز لە پاش چەند ساڵێك ئەم وێژراوانەی ژێرەوەی گێڕابووەوە. ئەمیر پەرویز گوتبووی: "جیا لە پارس تەبار، کە سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران بوو لە مەهاباد هیچ کەسێك نەیدەزانی حوکمی کوژرانی قازییەکان چ کاتێك بەجێ دەگەیەندرێت. شەوی ۳۱ی مارس ئێمەیان بانگ کرد بۆ ستاد. لەوێ چاوم بە سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران جەنەراڵ عەلی ڕەزیم ئارا کەوت کە لە قەراری مەعلووم لە ڕێگەی میاندوئاوە وە بەنهێنی لەگەڵ سەفیری ئەمەریکایی جۆرج ئاللین تازە هاتبوونە مەهابادی. ڕەزم ئارا بڕیاری مەحکەمەی عەسکەریی لەمەڕ کوشتنی قازییەکان پێ نیشان داین کە ژێرەکەی لەلایەن شاوە ئیمزا کرابوو." ڕەزم ئارا گوتی: "دەبێ ئەم شەو لە نیوەشەو بێ ئەمەی کەسێك بزانێت ئەم بڕیارە بەجێ بگەیەندرێت لە ڕێگەی هەڵاوەسینەوە. پێویستە تەواوی هێزی عەسکەری و ژاندارم و پۆلیسی مەهاباد ئامادەبن و لەسەر ڕێگەکان و کۆڵان و شەقامەکان جێگیر بن. نابێ بهێڵن هیچ کەسێك لە خەڵکی مەهاباد بە دیارەوە بێت..."

---

۱. بڕوانە بیرەوەری مینا خانم...

۲. بەگوێرەی وێژراوەی مینا خانم قازی محەمەد دوو وەسیەتنامە دەنووسێت: یەکیان لەمەڕ ماڵ و منداڵەکانیەتی، کە دەیدەن بە مینا خانم. ئەوی تر لەسەر مەسەلەی سیاسی بوو داوخوازی کردبوو بیدەن بە ڕەحیمی قازی. بەڵام ئەفسەرەکانی ئێران ئەم وەسیەتنامەیەیان شاردەوە و کەس نەیزانی قازی لەوێدا چیی نووسیبوو. محەمەد حوسەین خانی سەیفی قازی لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا نووسیبووی: "ڕەحیمی برام ئەبێ سەرۆکایەتی بکات بەسەر ماڵ و منداڵمدا و پێویستە کوڕەکانم بۆ خوێندن بنێرێتە یەکیەتیی سۆڤیەت و چاوی لەسەریان بێت. با ڕەحیم قەت لەبیری نەچێت کە ئەو برای ئێمەیە..."، بڕوانە بیرەوەریەکەی مینا خانم.

ئەمیر پەرویز هەروەها گوتبووی: ″کاتی هەڵاوسرانی قازییەکان جەنەراڵ ڕەزم ئارا و جۆرج ئاللین لە قەراغ چۆمی مەهاباد ڕووبەڕووی مەیدانی ″چوارچرا″ ڕاوەستابوون و تەماشای ڕێڕەوی کوژرانی قازییەکانیان دەکرد...″[1].

بەم جۆرە، لە هەلێکدا کە چەند هەزار عەسکەر و ژاندارم و پۆلیس تەواوی ڕێگەوبانەکان دەگرن و لە سەربانەکان و بەرزاییەکانی شار خۆیان تاقەت دەکەن سێ سەعات پاش نیوەشەو قازییەکان لە گرتووخانەوە دەهێنن بۆ مەیدانی ″چوارچرا″. نووسەری ئێران پیسیان لەم باسەوە دەنووسێت: ″سێ سەعات پاش نیوەشەو تاوانبارەکانیان هێنا بۆ ژێر سێدارە لەسەر شەقام و کۆڵان و سەربانی خانووەکانی مەهاباد ڕەشاشێکی زۆر داندرابوو...″[2] عەلائەدین سەجادی دەنووسێت: ″بەڵێ سەعاتی سێی پاش نیوەشەوی ٣١ی مارسی ساڵی ١٩٤٧ سەعاتێکی ترسینەربوو لەناو شاری سابلاغا. هەر لەو سەعاتەدا بوو، کە قەنارەکانیان داکوتابوو. سەربانی هەموو کۆشك و شوێنەبەرزەکان پڕکرابوون لە مەترەلۆز و چەکی ئاگرین، دەبابە و تۆپ ئەو ناوەی هەموو داگیر کردبوو″...[3].

بەگوێرەی بەمزی ٢٩٦ی یاسای مەحکەمەی عەسکەری هەرکەسێك لە لایەن مەحکەمەی عەسکەرییەوە بڕیاری کوژرانی لەسەر بدرێت دەبێ تیرەباران بکرێت[4]. بەڵام سەرۆکەکانی ئێران ئەمەشیان خستە ژێر پێ. قازی و هاوڕێکانی کاتێك چاویان بە سێدارە کەوتبوو ناڕەزاییەتی خۆیان دەربڕیبوو. لەم باسەوە سولەیمان-ح. دەنووسێت: کاتێك قازی

١. لە بیرەوەری مینا خانم...

٢. پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٧٦.

٣. سەجادی، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣١٥.

٤. بڕوانە ڕۆژنامەی ″بەسوی ئایەندە″ بەرواری ١٢ی مەی ساڵی ١٩٥٢.

محەمەد چاوی بە سێدارە کەوت بە دەنگی ناڕەزایی گوتی: ″بەگوێرەی یاسای مەحکەمەی عەسکەری ئێوە حەقتان نییە ئێمە هەلاوەسن، بەڵکو دەبێ تیرەبارانمان بکەن... ئەفسەرەکان گوێیان بەم قسانە شل نەکرد...″[1].

لەم مەسەلەیەدا سەرۆکەکانی هۆردووی ئێران ترسابوون. چونکە پاش نیوەشەو درەنگانێك ئەگەر لە نێوەڕاستی شاری تەقەی چەند گوللە هاتبایە خەڵك وەخەبەر دەهات، بە مەسەلەکەیان دەزانی و ئەودەم هەروا بە هاسانی نەیاندەتوانی ڕەهبەرانی خۆشەویستی گەلی کورد بکوژن. ئیگیلتۆن لەمەڕ چەشنی بەدارکرانی قازییەکان دەنووسێت: ″هەڵاوەسرانیان زۆر زۆر بەنهێنی و لە هەلێکی وادا بەجێ گەیەندرا، کە لە هەموو لایەکەوە ڕێگەیان گرتبوو... بە تەنیا لە سبەینێی ئەو ڕۆژەدا چەند کەسێك لە دانیشتوانی نێزیك بە مەیدان ڕای انگەیاند، کە شەو درەنگانێك گوێیان لە دەنگ و هەرایەکی ناڕەزایی بووە...″[2].

قازی محەمەد کاتی هەڵاوەسران وتارێکی دابوو، کە بە داخەوە هەمووی بە دەستەوە نییە – لەم باسەشەوە ئەمیر پەرویز گوتبووی: ″لەبن سێدارەدا قازی محەمەد وتارێکی کورتی دا و لە گەلی کوردی گێڕاوە خەباتی خۆی لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا پەك نەخات. قازی گوتی: باوەڕ بە دەوڵەتی ئێران و قەول و قەرارەکانی مەکەن. ئەوان ئێمەیان فریو دا. خەباتی خۆتان بۆ ڕزگاری و سەربەستیی کوردستان بەرەوپێش بەرن. بژی کوردستانی ڕزگار″[3].

ئەمیر پەرویز هەروەها گێڕابوویەوە: ″کاتێك کە قازی محەمەدیان بردە سەر کورسیی سێدارە دەسرەیان هێنا، کە چاوی پێ ببەستن″. بەڵام قازی نەیهێشت و گوتی: ″ئەی خاینینە، ئەمن شەرمەندە نیم کە لە حاست نەتەوە

١. بڕوانە ڕۆژنامەی ″بەسوی ئایەندە″ بەرواری ١٢ی مەی ساڵی ١٩٥٣.

٢. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٢.

٣. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕە ٦٨.

و نیشتمانی خۆشەویستم چاوم ببەستم... ئەمن دەمەوێ لەم دەقیقە دواییەی ژیانمدا بە سەربەرزییەوە لە تاریکاییی نیشتمانی خۆشەویست و جوان و دڵگیرم بڕوانم. ئەمن کوڕی سادقی نەتەوەکەم بووم و هەم. بژی نەتەوەی کورد. بژی ڕزگاریی کوردستان."[1] عەلائەدین سەجادی باسی ئەم وتارەی قازی دەکات و دەنووسێ: "قازی گوتبووی: ئێوە ئێستا قازی محەمەدێك دەکوژن، بەڵام گەلی کورد هەر یەکەی قازی محەمەدێکە، بڕوام وایە ئەم قازی محەمەدانە زۆر دڵڕەق دەبن بەرامبەر ئەو کەسانە، کە بوون بە جەللادی گەلی کوردی..."[2].

کاتێك قازی محەمەد هەڵداوەسن سەدری قازی و سەیفی قازی بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێن: "بژی پێشەوای کوردستان"[3]. سەرهەنگ پارس تەبار ئەمر دەکات ئاوی خواردنەوە بۆ ئەمان بێنن. بەڵام هیچ کامیان ئاو ناخۆنەوە و دەڵێن: "ئێمە لە دەستی گڵاوی سەگی وەك ئێوە ئاو ناخۆینەوە..."[4].

ئەمیر پەروێز لەمەڕ سەدری قازی و سەیفی قازی گوتبووی: "سەدری قازیش نەیهێشت چاوی ببەستن و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: ئێوە ئێمە بۆیە ئەکوژن چونکە نەبووینە خاینی نەتەوەکەمان، چونکە ملمان بۆ خوار نەکردن. بمری شای خاین. مەرگ بۆ ئیستیعمار." کاتێك کە نۆرەی سەیفی قازی هات یەك بە خۆی گوتی: "بژی پێشەوای نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاری، بژی ستالین...

کاتێك هەڵیانئاوەسی پەتەکەی ملی پچڕا و کەوتە خوارەوە. سەیفی قازی سەر لە نوێ هەڵسا و گوتی: ئەی ئەفسەرە خاینەکان، ئێوە و پاشا

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.
٢. سەجادی، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣١٦.
٣. بڕوانە بیرەوەری مینا خانم...
٤. هەرلەوێ.

لووسکەکەتان و ڕێوشوێنەکەتان هەروەك ئەم پەتە رزیون..."[1].

عەلائەدین سەجادی لەم باسەوە دەنووسێت: "محەمەد حوسەین خانی سەیفی قازی کاتێك بردیانە بەر قەنارەکە گوتی: شانازی دەکەم بەمە، کە لە ڕێگەی نیشتمانداندا ڕۆیشتم. بژی حکوومەتی کوردستان. پاش ئەمە ئەویش پەتەکەی خستە ملی خۆیەوە. سەیفی قازی پیاوێکی کەڵەگەت و بەدیمەن بوو. کە سەر خرا بۆ سێدارەکە پەتەکەی ملی پچڕا. دەبوایە ئیتر نەکوژرابایە، لەگەڵ ئەمەشا هەر بە دەست خنکاندیان"[2].

بەم جۆرە ڕەهبەرانی خۆشەویستی گەلی کورد بە نێوچاوانێکی ئاواڵە و بە سەربەرزی و شانازییەوە خۆیان فیدای ڕێگەی دیموکراسی و ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کرد و بە مەرگی خۆیان وەڵامی ئیستیعماری و ئینگلیزیان داوە. کۆواری "نوڤایا وریمیا" بە بۆنەی لەداردرانی قازییەکان نووسیبووی: "جاسووسەکانی ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمەریکایی لە دەوروبەری قازی محەمەد گەلێك تێ دەکۆشان، بەڵام کاتێك کە دیتیان ناتوانن قازی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و بیکەنە خاینی نەتەوەی کورد لەگەڵ براکانیا کردیانن بە دارا..."[3] ڕۆژنامەی "ئیزڤیستیا"ش هەر لەم باسەوە نووسیبووی: "ڕەهبەرانی هەرە بەڕێز و خاوەن نفووزی نەتەوەی کورد قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازییان بۆیە کرد بە دارا چونکە ئەوان حازر نەبوون نەخشەی ئیستیعماری ئەمەریکایی و ئینگلیز لەمەڕ کوردستان قبووڵ بکەن. ئەمەریکاییەکان بۆ ئەمەی نەخشەکەیان بەر مەلانە بێت زۆر بە پەلە بوون بۆ کوشتنی قازییەکان..."[4].

---

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠. هەروەها بیرەوەریی مینا خانم...

٢. سەجادی، کتێبەکەی، لاپەڕەی ٣١٦.

٣. کۆواری "نوڤایا وریمیا" بەرواری ١٥ی ئاوریلی ١٩٤٧.

٤. ڕۆژنامەی "ئیزویستیا" بەرواری ٢٠ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٧.

لە بڕیاری کۆنفرانسی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا پێك هات بەم بۆنەیەوە نووسراوە: "ئاشکرایە کە ئیستیعمار کوردستانی لەت لەت کردووە و هەر ئەویش بۆ پاش شەڕی یەکەم نەیهێشت دەوڵەتێکی نەتەوایەتی لە کوردستان پێك بێت و هەر ئەویش بوو پیلانی نایەوە لە کۆماری کوردستانی ئێران و لەناوی برد و سەرۆکەکانی خنکاند"[1] سەیر ئەمەیە کە نووسەرانی بورژوازیی ئێران، کە سەر بە ئیستیعمارن نەیانتوانیوە حاشا لەمە بکەن کە کوژرانی قازییەکان پێوەندی بووە بە سیاسەتی دەوڵەتی ئەمەریکاوە. لەم باسەوە پیسیان دەنووسێت: "بەم جۆرە لە ئەنجامی هێرشی سیاسەتێکی دەرەوەدا خێزانێکی گەلێك ماقووڵ و گرینگ و دەوڵەمەندی کوردستان نابووت کرا"[2].

ڕۆژی ١ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٧ کاتێك، کە دانیشتوانی شاری مەهاباد لە خەو هەڵستان و باسی هەڵاوەسرانی ڕەهبەرانی گەلی کوردیان پێ زانی ماتەمیی گشتییان ڕاگەیاند و تەواوی شار بە چەند چەشنێکی ڕێکوپێك خۆی ئامادەکرد بۆ ناژتنی جەنازەی ڕەهبەرانی خۆشەویستیان..."[3] ئیگیلتۆن دەنووسێت، کە تەواوی دانیشتوانی مەهاباد بە زانینی ئەم باسە سەریان سووڕما و بێدەنگییەکی پڕ لە غەزەب و تووڕەیی هەموو لایەکی داگرت..."[4].

هەر ئەو ڕۆژە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان محەمەدی مەولوود لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر دەستی پەلامار دەباتە سەر بەشە هۆردوویەکی ئێران و لە تۆڵەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی ٥ ئەفسەری

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ١٠ی مەی ساڵی ١٩٥٩.

٢. پیسیان، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٧٦.

٣. ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" ٢ی ئاوریلی ساڵی ١٩٥٥.

٤. ئیگیلتۆن، کتێبەکەی، لاپەڕەی ١٢٢.

ئێرانی بەدیل دەگرێ و تیرەبارانیان دەکات[1].

لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و نەغەدە و شنۆ هێزی خۆڕاگری بارزانییەکان و زێڕۆی بەهادوری "لە تۆڵەی قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ١٩ ئەفسەری ئێرانییان بە سێدارەدا هەڵاوەسی و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ کوشتن"[2].

چەند ڕۆژێك پاش کوژرانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی، سەرلەنوێ لە مەهاباد و بۆکان و سەقز سێدارەکانیان چەقاند و ژمارەیەکی زۆریان لە تێکۆشەرانی کورد و ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە لەدار دا. بە تەنیا لە مەهاباد ١٥ کەسیان لەو تێکۆشەرانە هەلاوەسی[3]. لەم ڕیزە حەمیدی مازوجی، محەمەدی نازمی، ڕەسولی نەغەدەیی و عەولای ڕەوشەن فکر دەتوانین نێو بەرین. ئەمانە هەموویان لە چینی کاسبکاری مەهاباد بوون، لە ڕیزەی ح. د. ك.دا پێ گەیشتبوون و وەك ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاری لە ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەیان قارەمانییەکی زۆر گەورەیان لە خۆیانەوە نواندبوو.

هێزە کۆنەپەرستەکان لە شاری بۆکان ڕۆڵەی نەمر و ئازای قارەمانی کورد عەلی شێرزادیشیان لەدار دا و چەند ڕۆژێك نەیانهێشت جەنازەی ناوبراو لە سێدارەکە بهێندرێتە خوارێ. عەلی شێرزاد لە عەشیرەتی بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی بوو. ناوبراو یەکێك بوو لە ئەندامانی هەرە تێکۆشەری کۆمەڵەی ژ-ك و لە کاتی دامەزرانی ح. د. ك.دا لەبەر خزمەت و بەڕێزییەکی کە هەیبوو بە سەرۆکی کۆمیتەی ح. د. ك لە مەڵبەندی بەگزادە هەڵبژێردرا، لەمەڕ عەلی شێرزاد لە کتێبی "تێکۆشەرانی ڕێگەی

---

١. بڕوانە بیرەوەری مینا خانم...

٢. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٤، پەروەندەی ژمارە ٢، جیلدی ٢، لاپەڕەی ٧٩.

٣. ئارشێوی حیزب، سیایی ٧٥، پەروەندەی ٢، جیلدی ٣، لاپەڕەی ٥٣.

ئازادی″ کە بە زمانی ئازەربایجانی دەرچووە نووسراوە: ″کوڕی کۆڵنەدەر و قارەمانی گەلی کورد عەلی شێرزاد یەکێك بوو لە ڕەهبەرانی بەدیمەنی ح. د. ك و پێشمەرگەیەکی نەمر و تێکۆشەری ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و بەختەوەریی تەواوی گەلانی برای ئێران. ناوی شێرزاد ڕازاندراوەی مێژووی ڕزگاری گەلەکەمانە و کۆڵنەدەری و نەبەزیی وی دەبێتە هۆی ورەبەرزیی نەسلی گەنجی تێکۆشەرمان″[1].

یەکێکی تریش لە تێکۆشەرانی کورد کە لە شاری سەقز بە دارا کرا ئەحمەد خانی فاروقی بوو، کە بە ناوی ئەحمەد خانی خەلیل خان ناوبانگی دەرکردبوو. ئەحمەد خان لە ساڵی ١٩٤١ەوە، کە دیکتاتۆریی ڕەزا شا تێك چوو بە تێکۆشەرییەوە تێکەڵاوی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو و لە مەڵبەندی سەقز و بانە و دیوان دەرە لە بزووتنەوەی دژی هوردووی ئێراندا قارەمانەتییەکی زۆر گەورەی لە خۆیەوە نواندبوو. کاتی دامەزرانی حکوومەتی دیموکراتیکی کوردستان، ئەحمەد خان ببووە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە شەڕەکانی ناوچەی سەقز و بانە سەرۆکایەتیی دەکرد بەسەر بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. لەمەڕ ئەحمەد خان لە کتێبی ″تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی″دا نووسراوە: ″ژیانی ئەحمەد خانی فاروقی بریتییە لە ژیانی پیاوێکی پاك و خاوەن شەرەف و قارەمانێکی نیشتمانپەروەر و کۆڵنەدەر و هەست بەرز. خەڵك گۆرانییان پێ هەڵدەکوت و ئەسپەکوێت و تفەنگ و بڕنۆکەی لەنێو گەلدا ببوو بە دروشمی خەبات لە دژی زاڵمان...″[2].

لە شاری سەقز جیا لە ئەحمەد خانی فاروقی ژمارەیەکی تریش لە

---

١. بڕوانە کتێبی ″تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی″ جیلدی ٢، لاپەڕەی ٦٢، ساڵی ١٩٦٩.
٢. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٧٨.

تێکۆشەرانی کورد لە وێنەی عەلی جەوانمەردی، ئەمین ئەسعەدی، عەلی فاتحی قەلەندەر، عەبدوڵڵا مەتین، محەمەدی دانیشوەر، ئەحمەدی شەجیعی، حوسەینی کانی نیان، ڕەسوڵی مەحموودی، حەمەدەمینی فەیزوڵڵا بەگی لە لایەن هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێرانەوە لەدار دران[١]. لە شاری نەغەدە ئەحمەدی وەستا حەسەن، ئوستا برایمی بەننا، عەولای مینە خاڵنەی، مارفی پور زەیف، هاشمی هەمزەوەی و ژمارەیەکی تر بە لەونێکی دڕندانە لە لایەن هێزە کۆنەپەرستەکانەوە کوژران[٢]. ئەمانە هەموویان لە کاسبکارەکانی نەغەدەیی و لادێییە تێکۆشەرەکانی دەوروبەری نەغەدە بوون.

لە کاتی کۆماری کوردستاندا ژمارەیەك لەو سەرباز و ئەفسەرانەی، کە بۆ شەڕکردن لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ناوچەکانی شەڕ ناردرابوون بەداوخوازی خۆیان بەشە هۆردووکانی ئێرانیان بەجێ هێشتبوو و تێکەڵاوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووبوون. ئەمانە کوڕانی لادێیی کوردستان و ئازەربایجان بوون و بە قارەمانەتییەوە لە پێناوی ڕزگاریی کوردستان تێ دەکۆشین. پاش کوژرانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی، ژمارەیەکی زۆریش لەمانە گیران و لە لایەن دەوڵەتەوە تیرباران کران. لەم ڕیزە دەتوانین عەبدوڵڵای ئازەرکەدە، غولام ڕەزای قادری، ئەحمەدی حەسەن سادە، عەبدوڵڵای کەریمی، خەیروڵڵای عەبدی، بویوکی شاتری پور، عەلی ئەکبەری ئولفەتی، محەمەد عەلی نیساری، عەبدوڵڵای ئاموورزدە و ئەشرەفی پەرتەوی، نێو بەرین[٣].

سەیر ئەمەیە، کە ئەگەر بۆ کوژرانی قازی محەمەد و براکانی مەحکەمەیەکی فۆرمالیتەی نهێنی عەسکەری دامەزرا و بڕیاری

١. بڕوانە کتێبی "تێکۆشەرانی..."، لاپەڕەی ٣٦.

٢. هەرلەوێ، لاپەڕەی ٣٧.

٣. ڕۆژنامەی "ئێران" بەرواری ١٨ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٧.

دەرچواند، بۆ هیچ یەك لەمانەی تر مەحكەمە پێك نەهات و هەموویان بەبێ مەحاكەمەكردن لەدار دران و تیرەباران كران، كە ئەمەش بە پێچەوانەی هەموو چەشنە یاسا و رێسا و رێ وشوێنێكی جیهانییە.

لە بەرواری ١٨ی ژوئەنی ساڵی ١٩٤٧دا بەگوێرەی داوخوازی دەوڵەتی ئێران لە شاری بەغدا لە لایەن هێزە كۆنەپەرەستەكانی عێراقەوە چوار ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی كوردستان مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی و خێروڵڵا عەبدولكەریم تیرباران كران. ئەم ئەفسەرانە لە كاتی كۆماری كوردستاندا بۆ رێكوپێككردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، بۆ بەرەوژووربردنی نیزام و تاكتیك و ورەبەرزی و كارزانیی پێشمەرگەكان دەورێكی باڵایان بوو و لە ناوچەكانی شەڕ قارەمانەتی و نەبەزی و كارزانییەكی بێ وێنەیان لە خۆیانەوە نواندبوو. وەسیەت نامەی ئەم چوار ئەفسەرە، كە چەند سەعاتێك پێش تیرەباران كرانیان بۆ گەلی كوردیان نووسیوە وەك بەڵگەیەكی گەورە و گرینگ لە مێژووی رزگاری – نەتەوایەتیی گەلی كورددا دایما دەدرەوشێتەوە. ئەم قارەمانانە نووسیبوویان: ″برایان ئێستا كە ئەم نامەیە دەنووسین لە ژیانی ژێردەستی ئیستیعماردا بە هەموویەوە ١٤ سەعاتمان ماوە... خۆمان زۆر بە بەختەوەر دەزانین، كە بەرامبەر واجبی نەتەوایەتی هیچ دوا نەكەوتووین. تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە كە لاوان و نیشتمانپەروەرانی كورد چاوترسێن نەبن و یەكیەتی بكەنە دروشمی خۆیان بۆ شكاندنی تەوقی ئیستیعمار و رزگاركردنی هەموو نەتەوەیەكی زۆر لێكراو بەبێ جیاوازی...″[1].

***

دەوڵەتی ئێران لەگەڵ هەڵاوەسین و تیرەباران كردنی دەستە دەستە لە

---

١. بڕوانە ڕۆژنامەی ″خەبات″ ژمارە ١٤، بەرواری ٦ی تەموزی ١٩٥٩.

نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی کورد بە یارمەتیی چەکی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان و هاوکاریی هۆردووی تورکیا و عێراق لە هەموو لایەکەوە دەستی کرد بە پەلاماربردن بۆ سەر هێزە خۆڕاگرییەکانی کوردستان. ئەو قارەمانەتی و خۆڕاگرییەی، کە لە ماوەی مانگانەی ئاوریل و مەی و ژوئەنی ساڵی ١٩٤٧دا هێزە خۆڕاگرەکانی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی لە حاست هۆردووی تەیار و پەرداخی سێ دەوڵەتدا نواندیان لە مێژووی خەباتی گەلاندا وێنەی کەم دیتراوە. ئەم خۆڕاگرییە لە کوردستان بەردەوام بوو هەتا ١٨ی ژوئەنی ساڵی ١٩٤٧ کە کاتێك ژمارەیەکی ٥٠٠ کەسی لە پێشمەرگەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی لە چۆمی ئاراز پەڕینەوە و پەنایان بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت هێنا.

بەم جۆرە، لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٦دا هەتا ژوئەنی ١٩٤٧، نێزیکەی ٧ مانگ هێزی خۆڕاگری گەلی کورد بێ ئەوەی لە لایەکەوە یارمەتی بدرێت بە تەنیا بەپشت ئەستووربوون بەگیانی کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری خۆی بە قارەمانەتییەوە بە ئامانجی ڕاگیرکردنی سەرکەوتنەکانی کۆماری نەتەوایەتی و دیموکراتیکی کوردستان شەڕی کرد.

بێ شك ئەم بزووتنەوە چەکدارانەی گەلی کورد جێگەیەکی پڕ لە شانازی دەگرێتەوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلانی جیهاندا[١].

***

١. لەبەر ئەمەی، کە نووسەر نووسرانی بەسەرهاتەکانی پاش کوژرانی ڕەهبەرانی گەلی کوردی وەك ئەرکێك لە بەرامبەر خۆیدا دانەناوە بە پێویستی نەزانی لەمە زیاتر لەم باسەوە بنووسێت. لەمەڕ بزووتنەوەی چەکدارانەی ئەم سەردەمەی گەلی کورد لە چەند کتێبێکدا بە درێژی نووسراوە. لەم ڕیزە دەتوانین کتێبەکەی شەمزینی، قەفتان کاوس، گاوان، سەجادی و هەروەها کتێبەکەی پیسیان نیشان بدەین.

هەڵاوەسرانی ڕەهبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورد – ئەو ڕەهبەرانەی، کە لەنێو گەل پێ گەیبوون و گیانی خۆیان لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆییی گەلدا بەخت کرد، دڵی تەواوی کۆمەڵانی گەلی کوردی برینداز کرد. لە هەمان کاتدا ئەم بەسەرهاتە گەلی کوردی چاوترسێن نەکرد و ببووە هۆی پتر پەرەسەندنی هەستی ڕزگاریخوازی و نیشتمان پەروەری لە کوردستاندا.

ڕۆژنامەی پێشکەوتووی "بەسوی ئایەندە" بەم بۆنەیەوە نووسیبووی: "قازییەکان لە پێناوی ڕزگارکردنی نەتەوەی کورددا، لە ڕێگەی عەلاقەیەکی بە تیندا کە بۆ ڕزگاری بەشەر هەیانبوو بە فیداکاری و سەداقەت و قارەمانەتییەکی بێ وێنەوە بەربەرەکانییان کرد و لەم ڕێگەیەدا گیانی خۆیان قوربان کرد. نەتەوەی کورد و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی تەواوی گەلانی ئێران بە هەستی خۆشەویستی و بەڕێزییەوە نێوی قازییەکان وەبیر دەخات و بە نێوی نەمری ئەمانەوە شانازی دەکات"[1].

نووسەری ئیتاڵیایی ماریا ماچوکی کە لە ساڵی ١٩٥٣دا چووبووە ئێرانێ سەری لە کوردستانیش دابوو هەرچەند، کە نیزیکەی ٧ ساڵ لە هەڵاوەسرانی ڕەهبەرانی گەلی کورد تێپەڕ ببوو، بەڵام هەستی بەمە کردبوو، کە بەڕێزی و خۆشەویستیی قازی محەمەد و هاوڕێکانی تا چ ڕادەیەك لە نێو کۆمەڵانی گەلدا ڕەگ ئاژووی کردووە. ناوبراو لە پاش ئەم سەفەرە لەژێر سەرەتای "ئێران لە خەباتدا" کتێبێکی نووسیبوو و لەوێدا باسی بەڕێزی و خۆشەویستیی قازییەکانی بەم جۆرە نیشان داوە: "کوژرانی دڕندانەی پێشەوای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد قازی محەمەد و براکانی و ئەو قارەمانەتی و شەهامەتی، کە ئەوان لە

١. "بەسوی ئایەندە" ژمارەی بەرواری ١٢ی مەی ساڵی ١٩٥٢.

کاتی هەڵاوەسراندا لە خۆیانەوە نواندبوویان هیچ کاتێك لەبیر ناچێت. نێوی ئەو برایانە تەواوی نەتەوەی کورد بۆ خەبات لە پێناوی وەدەسهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆییدا وە ڕوح دەهێنێت"[١].

کۆواری "موئاین ئوریان" کە لە پاریس بە زمانی فرەنسایی دەردەچێت نووسیبووی: "وەبیرخستنەوەی خاترەی ڕەهبەری بە ناوبانگ و بە دیمەنی گەلی کورد و سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد لە ئێراندا قازی محەمەد و براکانی کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە کوژران نەك هەر بۆ کوردەکانی ئێرانێ بگرە بۆ تەواوی کەمایەتییە کوردەکانی، کە لە وڵاتەکانی تر دەژین بووەتە دروشمی خەبات و تێکۆشین"[٢].

مەزاری قازی محەمەد لە قەدپاڵی کێوی داشا مەجید وەرگەڕاوەتە سەر مەکۆی زیارەت و کانگای وەروح هێنەری گەلی کورد بۆ خەبات لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆییدا. بێ جێ نییە لێرەدا وێژراوەی ئەندامی مەحکەمەی ژوورووی ئەمەریکا ویلیام دوگلاس وەبیر بخەینەوە.

لە ئاخری ساڵی ١٩٥٠ و سەرەتای ساڵی ١٩٥١دا ئەندامی مەحکەمەی ژوورووی ئەمەریکا ویلیام دوگلاس سەفەر دەکات بۆ ئێران و ماوەیەکی زۆر بە کوردستان و ئازەربایجاند ا دەگەڕێ و لە پاش گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا لەمەڕ ئەو سەفەرەی خۆی کتێبێك دەنووسێت کە لە چەند ژمارەی کۆواری "لایت"دا چاپ دەکرێت. لە مانگی ئوتی ساڵی ١٩٥١دا ڕۆژنامەی "داد" کە لە تاران بە زمانی فارسی دەردەچێت کورتکراوەی ئەم کتێبە لە ژێر سەرەتای "لە ئێرانێ چم دی و چم بیست" چاپ دەکات. دوگلاس لەم ڕیزە دەنووسێت: "لە ڕۆژێکی گەرمی مانگی ئوتدا گەیشتمە

---

١. ماریا ماچوکی "ئێران لە خەباتدا" بەزمانی ڕووسی، لاپەڕەی ١٧٠-١٧١، ساڵی ١٩٥٥.

٢. کۆواری "موئاین" ژمارەی ١٨-١٩، بەرواری ژانویەی ساڵی ١٩٥١، لاپەڕەی ...

مەهاباد و بۆ شارەزابوون لەو کارانەی کە قازی محەمەد لە کاتی حکوومەتی خۆیدا کردبووی دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە و لێم مەعلووم بوو، کە لە کاتی حکوومەتی قازی محەمەددا کوردەکان توانییان جلوبەرگی نەتەوایەتیی خۆیان کە لێیان یاساغ کرابوو لەبەر بکەن، خوێندن بە زمانی کوردی دەست پێ کرا و بۆ پەرەپێدانی مەعاریف زۆر تێ دەکۆشی... حکوومەتی قازی لاگری کرێکاران بوو و ئەگەر ئەم حکوومەتە مابایەوە بۆ باشتر لێکردنی ژیانی گەلی کورد، گەلێك کاری دەکرد..."[1].

دوگلاس باسی وتوویژی خۆی دەکات لەگەڵ لادێییەکی کورد لە مەهاباد و دەنووسێت: "گەنجێکی کورد لەگەڵ ژنەکەی بە ڕێگە سێبەرەکەدا دەهاتنە خوارێ. کابرا سواری کەرێك بووبوو و ژنەکەشی بە شانازییەوە بە تەنیشتییەوە دەڕۆیی.

سڵاومان لەیەك کرد.

پرسیم: خەڵکی کوێیت؟

وتی: لە دێیەکانی نێزیك خویەوە هاتووین

پرسیم: چی دەکەن لێرە؟

وتی: ئێمە کوردین دەچین بۆ زیارەت بۆ نوێژکردن لەسەر گۆڕی قازی محەمەد، هەست بە نەترسی دەکرا لە دەنگ و چاویدا. هەروەها خەنجەرەکەی بەر پشتێندەکەی نیشانی دەدا کە سوورە لەسەر زاڵبوون بەسەر هەر کۆسپێکدا کە بێتە ڕێی زیارەتەکەی..."[2].

ڕۆژنامەی ئازادی "ئورگانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە یادی شەهیدکرانی قازی محەمەد و براکانی نووسیبووی: نەتەوەی کورد زۆر

---

١. ڕۆژنامەی "داد" ژمارەکانی مانگی ئوتی ساڵی ١٩٥١. هەروەها کتێبەکەی گاوان لاپەڕەی ٤٠.

٢. هەر لەوێ و کتێبەکەی گاوان لاپەڕەی ٤٦.

سەربەرزە کە ڕۆڵەیەکی زانا و ژیر و ناو نەمری وەك قازی محەمەدی پێشکێش بە کۆمەڵی ئادەمیزادی پێشکەوتوو کردووە کە ئەمڕۆ ناوی لە ڕیزی ڕەهبەرانی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلاندا دەبرێت..."[1].

ڕۆژنامەی "مەردوم" نووسیبووی: "ئێستاش ناوی قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لەسەر زمانە و یادی ئەوان لەناو دڵاندایە. بە تەنیا وەبیرهێنانەوەی ڕۆژی شەهیدکرانی ئەوان بەسە بۆ ئەمەی، کە خوێنی دەماری تەواوی کوردان بێنێتە جۆش"[2].

کۆواری "شەفەق" لەمەڕ خۆشەویستی و بەڕێزیی یادی قازی محەمەد لە نێو لاوانی کورددا نووسیبووی: "ڕاستە کە ئێستا هێزی ئەهریمەنی کاربەدەستانی ئێرانی توانیویەتی زمانی کوردی گرێ بدا و قەڵەمی بشکێنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانی بیروباوەڕی وی بێ هێز بکات. ئەم دوو وشە ڕەنگینەی قازی محەمەد کە لە ژێر دار لێیان پرسیبوو "چت گەرەکە و ئاواتت چییە؟" و وەڵامی دابووەوە "کوردستانێکی ڕزگار" هەتا هەتایە لە گوێی لاوانی کورددا دەزرینگێتەوە..."[3].

بەڕێزی و خۆشەویستیی قازی محەمەد و ئەو خزمەتە گەورەیەی، کە ناوبراو بە گەلی کوردی کردووە، هەروەها دەوری باڵای قازی محەمەد لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا لە لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی گەلانی تریشدا بە خەتێکی زێڕین نووسراوە و جێگەی تایبەتی خۆی گرتووەتەوە. لە ژێرەوە ئێمە چەند نموونەیەك لەو هەڵبەستانەی، کە بەیادی قازی محەمەد و خەبات و فیداکاریی ناوبراو

---

١. ڕۆژنامەی "ئازادی" بەرواری ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.
٢. ڕۆژنامەی "مەردوم" بەرواری ٤ی فیوریەی ساڵی ١٩٤٩.
٣. کۆواری "شەفەق" ژمارەی ١ و ٢ فیوریەی ١٩٥٩.

هۆندراونەتەوە دەخەینە بەرچاو. شایەنی باسە، کە لەم هەڵبەستانەدا تەواوی خزمەتەکانی قازی لە کاتی جویٚ جویٚی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورددا بە کورتی و لەیەك جیٚ بە شێوەیەکی جوانی ئەدەبی خراونەتە ڕوو.

هۆنەرێکی کوردی عێراق بە نێوی ″بلە″ لە هەڵبەستی ″شینی پێشەوا″دا وای نووسیوە:

گەرچی شیوەنە، شینی پێشەوا      گریان نەنگییە لە شینی ئاوا
بیخی ناکۆکی و نیفاق هەڵکەندن      ڕێگە و شوێن دانان بۆ تۆڵەسەندن
یەکگرتن، جەنگین، نەبەرد تا مردن      هەوڵ و تەقەڵلای گەل ئازادکردن
گیانی بڵێندی سەرۆك ئەکەن شاد      ئەیگەیەننە بەهەشتی موراد[1]

هونەرێکی کوردی سنەیی بەنێوی محەمەد ساڵحی وەکیل بە بۆنەی پێنجەمین ساڵی شەهیدکرانی قازی محەمەد لە ژێر سەرەتای ″کوردستانی من″ بەزمانی فارسی هەڵبەستەیەکی گەورەی هۆندووەتەوە، کە ئەوا هێندێکی لە ژێرەوە دەخرێتە بەرچاو.

بانگ آزادی شنو ای خاك کردستان من
مدفن قاضی محمد معبد و بستان من
مظهر آزادگی، ماوای همدستان من
دشتهای سبز و خرّم باغ و کوهستان من
مقصد من، مافن من، عمر جاویدان من
ای وطن یاد ار عصر و دورهء رخشندەات
آن زمان شادی وعزّ وفر تابندەات

١. ئەم هەڵبەستەیە لە ساڵی ١٩٤٧دا هۆندراوەتەوە و لە ژمارەی ٦٣ی ساڵی ١٩٦٠ی ڕۆژنامەی ″ئازادی″ هەڵگیراوە.

رادی و آزادگی رهبر دانندەات
گرکه خواهی باز گویم شوکت پایندەات
پس شنو عرض حقیقت هم، تو از این بندەات
توهمان بودی که قاضی خانەات آباد کرد
مردمانت را ز قید اجنبی آزاد کرد
ارتجاع از بن بکند و طرح نو بنیاد کرد
خظەء زیبندەات را پر زعدل و داد کرد
چند میلیون تن ز فرزندان تو دلشاد کرد
کومله بودی که دادت هم زبان مادری
زنده گردانید کردی را بسان آذری
محو گردانید نام بردگی و چاکری
دور کرد ازمیهن تودزدی ویغماگری
زندگی مستقلت داد و فخر و برتری
توهمان بودی که دیدی نهضت آزادگان
کرد کوته شر مالك از سر بیچاره گان
رنجبر شد فارغ از ظلم و فشار بیکران
گر که ماندی جنبش مردانەات تا این زمان
شهره میشد نام تواز باختر تا خاوران[1]

هۆنەری کورد عەلی دزەیی لە هەڵبەستی ″بۆ مەهاباد و بۆ گیانی پێشەوای شەهید″ نووسیویەتی:

مەهاباد ئەی کچە بچکۆلەکەی کوردستان
ئەی دایکی پێشەوا و هەزاران سەربەستان

---

١. لە کتێبی سەید محەمەد باغری بورقەعی بە نێوی ″سخنوران نامی معاصر″ هەڵگیردراوە، چاپی ساڵی ١٩٥٢ لاپەڕەی ١٨١–١٨٢.

پـێشەوای چـاکـتـریـن نـموونـەی دڵـپـاکـی
پـێشەوای بـڵـێسەی پـیـرۆزی ڕوونـاکـی
پـێشەوای پـاڵـەوان، پـێشەوای فـەرمـانـبـەر
پـێشەوای بـۆ وڵات سەر و مـاڵ فـیـداکـەر
ئەو تەمەن لە چل ساڵ تێپەڕبووی نازدارە
نـەتـرساو لـە مـردن، لـە پـەتـی سێدارە
مـەهـابـاد، ئەی دایکی ئەو چاکە ئەو پیرە
یـادی تـۆ، گـوڕی تـۆ لـە دڵـمـان جـێگـیرە
ڕۆژی خۆی لە لووتکەی بڵندی کوردستان
پـەیکـەرێك ئـەچـەسپـێ بـە یـادی هـەمـووتـان
پـەیکـەری سەرکـەوتـن ڕابـەری پێشکـەوتـن
نـیشانـەی خـەبـات و نـیشتـمـان پـەرستن
تـاهـەتـاش بـۆ نـەوەی ئـێمـە ئـەو پـەیکـەرە
ئـەستـێرەی ئـومـێد و هـێز و ڕابـەرە[1]

هۆنەری ئازەربایجانی مەدینە گولگون لە ژێر سەرەتای ″تۆ نەمردووی″ ئـەو هـەڵـبـەستـەی ژێرەوەی بـە بـۆنـەی شەهـیدکرانـی قـازی مـحـەمـەد هۆنیوەتەوە:

سن وطن اوغژوندا شرفله ئولدون
قلبیمی آغریتدی بو آجی خبر
بو آغیر ایتگیه کورد خلقی کیمی

١. ڕۆژنامەی ″ئازادی″ ژمارەی ٦٣ی ساڵی ١٩٦٠ هەڵگیراوە.

ئورکدن آجیدی بیزیم ده ایللر

قوی دشمن دیمەسین سن ئولدون آرتق

کوردستان باش سیز دیر، یوخدور آرخاسی

اگر ئولدیسەدە قاضی محمد

یاشایر کوردل رین ئوز پارتیاسی[١]

هۆنەری سۆڤیەتی یاروسلاڤ شیورتا لە ژێر سەرەتایی (داستانێك لەمەڕ مەهاباد) هەڵبەستێکی لەمەڕ کوژرانی رەهبەرانی گەلی کورد هۆنیوەتەوە، کە ئەوا دەخرێتە بەرچاو:

МЕХАБАДСКАЯ БАЛЛАДА

Что это в будни стучат
С рассветом
Что там сарбазы кричат
При этом,
На площади среди Мехабада
Сарбазов плотные ряды,
И ветер дышит в час прохлады
Живым предчувствием беды.
Вкруг виселиц чужие танки...
И, сжав до ооли кулаки,
Неслышно плачут курдианки,
Уткнувшись в темные платки.
Что это в будни стучат
С рассветом
Что там сароазы кричат
При этом

١. ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بەرواری ٢٥ی ژانویەی ساڵی ١٩٥٦ هەڵگیراوە.

Когда ж их привели, три брата,
Гремя цепями, обнялись.
И Мухаммед сказал: "Солдаты,
У нас троих пути сошлись...!"
И молвил Садр: "Страх перед смертью
Борцам за правду незнаком;
Народ воспрянет, и, поверьте,
Заря взойдет в краю родном..."
А Сейф добавил: "Наши братья
Завоевали жизнь в борьбе,
Хочу вам, люди, пожелать я
Упорство выковать в себе...!"
Что это в будни стучат с рассветом
Что там сарбазы кричат при
При этом
Когда же солнца лег румянец
На камни серых мостовых,
Мы видели: американец
фотографирует троих...
И все. Лишь ветер океанский
Унес тысячегрудный стон
Да бился желтый лев иранский
На шелке воинских знамен".[1]

١. یاروسلاڤ شپورتا، هەڵبەستەکانی، لەنین گراد، ساڵی ١٩٥٧، لاپەڕەی ٨٩.

هۆنەری بەناوبانگی کورد لە سووریا قەدری جان لە هەڵبەستەیەکی خۆیدا لەژێر سەرەتای "نامە بۆ ئێستگەهی ڕادیۆ تاران" بەڕاوێژی کرمانجی نووسیویە:

بگری... بکە هاوار...

بۆ پێشەوای لە بن سەدار

مەگری بۆ کەسی ئازاد

بگری بۆ مەهاباد

بگری بۆ پایتەختی تارومار

بگری بۆ ئەو پارچە: نیشتمانی بریندار

فرمێسکی سەختە

لە چاوی خەستە

مەڕەشتە،

ئیستگەهی کوستاخ

دەنگی بومی کامباخ

زینهار...

مەکە هاوار[١]

نێوی قازی و خزمەت و فیداکاریی قازی محەمەد لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلی کورددا جێگەیەکی تایبەتی دەگرێتەوە لە تێکۆشینی ئەدەبی هونەری بەناوبانگ و نەتەوایەتیی کورد عەبدولڕەحمانی هەژاردا. هەژار کە پێگەیشتووی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردە لە ساڵی ١٩٤١وە وەك پێشمەرگەیەکی کوردستان شان بەشانی

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئازادی"، ژمارەی ٤٦، ساڵی ١٩٥٩.

قـازی مـحـەمـەد لـە تێکۆشیندا بووە و بـەهـۆی هـەڵـبـەسـتـە شۆڕشی و پڕ مـانـاکـانـی دەورێکـی بـاڵای هـەبـووە لـە بـەرەوژووربـردنـی هـەسـتـی شۆڕشگـێڕیـی کـۆمـەڵانـی گـەلـی کورددا. هـەژار چ لـە کـاتـی حکوومـەتـی نەتەوایەتیی کوردستاندا و چ لە پاش بەسەرهاتە خوێناوییەکانی ساڵی ۱۹٤٧، لە گەلێك هەڵبەستی خۆیدا باسی فیداکاری و خزمەتی قازی مـحـەمـەدی کـردووە و ئـەم هـەڵـبـەسـتـانـەی هـەژار لـە ئـەدەبی ئـەورۆکـەی کـورددا جێگـایـەکـی تـایـبـەتـی و بـە دیـمـەن دەگرنـەوە. لـەم ڕیزە داسـتـانـی ″ڕۆژی مـنـیـش دێـتــەوە″ کـە لـە سـاڵـی ۱۹٥۹دا لـەلایـەن هـۆنـەرەوە هۆندراوەتەوە دەتوانین نیشان بدەین. هەژار ئەم داستانەی بۆ بیرەوەریی قازی محەمەد و براکانی هۆندووەتەوە. ئەم داستانە بە کوردی چاپ نەکراوە و بە داخەوە دەستنووسەکەشی بە دەستەوە نییە. ئەم داستانە لەلایەن هۆنەری ئازەربایجانی حوسەینییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئـازەری و لـە کتێبەکەی هـەڵـبـەسـتـەکـانی هـەژاردا کە لە بـاکۆ لە سـاڵـی ۱۹٦۱دا دەرچـووە چـاپ کـراوە. ئـەوا لـە ژێرەوە چـەنـد پـارچـەیـەکـی ئـەم داستانە دەخەینە بەرچاوی خوێندەواران:

قهرمانلار قورخمازلار

آچیلدی ظلمتده دمیر قفسلر
شیرلر عظمتله چخدی بایرا
دایانیب وقار لا ساڵریلار نظر
زنجیرلر سەس سالدی اوجا داغلارا
ئولومدن قور خمایب هیچ بیر قهرمان،
آتیر آدیمنی جسارتله او.
سانکی تویا گلیر هر واخت، هر زمان
ئولومه گیدنده صداقتله او.

ئولوم کابوسنون سویون نفسی
یانـاربیر ئورەگی سویندیره بیلمز.
اونلارین گوزلری سونمز چراغ دیر.
یـاندریب سعـادت، حقیقت الی
بـاشلاری ینیلمز یوکسك مـایـاك دیر،
چـاغریر سـاحیلـه دائمـا ایلی
بیزیم قـهرمـانلار، ئوزونده نفرت
بـاخدیلار دشمنه قضبلـه، ئینلـه
او کورد پێشەواسی قـاضی محمد
یریدی ایره لی سون بیر تمکینلـه
برنـجی او گیتدی ئولومـه، دارا
بوردادا پێشـەوا بیلدی ئوزونو.
بـاشنی ایمدی او، جلادلارا،
سویلـەدی ینـه ده ئوز حق سوزونو.
اونون گور سسندن تیترەدی داغلار،
یـاردی قـازانلیغی بیر شمشك کیمی.
حیـات چن ویردیگی هربویوك شعـار
یـایلدی عـالمـه بیر کولك کیمی
توتدو کوردستـانی اولدی نغمـەتك،
چـاغیردی وروشابتون کوردلری.
سینـه دەغرق اولان اویـانـار اورەك
اچـاجـاق بورادا قزیل سحری

گلەجیگین سندی

یادلارین اوقانلی سرت پنجە سندە
اوچ ایگید بیر بیردە دارا چکیلدی
بهارین شاختالی بیر گیجە سندە
توریاغا اوچ ئولمز دانە اکیلدی.
اوچ مزار دیم من، یاکی اوچ معبد؟
کوردلر باش ایملی بو اوچ معبدە
بیزیم حقوقلارا اوچ بویوك سند،
یاکی اوچ مهر دیر همین سندە؟
اونلارین باش داشی اوچ قانلی بایراق
ئوزلری اوچ ساندیق بویوك خزینە.
وروش عماندا اوچ سونمز مایاك
اوچ تمل داشیدیر گلن خوش گونە[1]

***

ڕۆژنـامـەی "کـوردسـتـان" ئـۆرگـانـی کـۆمـیـتـەی نـاوەنـدیـی حـیـزبـی دیموکراتی کوردستان لە ژمارەی ١ی دەوری چوارەمی خۆی بەبۆنەی ٢٥ ساڵی تێپەڕبوونی حکوومەتی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی کوردستان لەژێر سەرەتای "پێشەوای گەل" دا نووسیویەتی: "ژیانی بەرز ژیانی لە ش نییە تا پەکی بکەوێ. ژیانی بەرز ئەو نەخشەیە، کە لە مێژووی گەلدا دیاری کراوە و ئەم نەخشە تا گەورەتر و هەراوتر بێ ئەو ژیانەش گەورەتر

١. ع. هەژار "کورد نغمەلری"، باکۆ، ساڵی ١٩٦١، لاپەڕەی ٢٤٦–٢٤٨–٢٤٩.

و هەراوترە. لە بازاڕی ڕۆژگاردا هەر شتەی نرخی خۆی پێ دەدرێ، وردە و پردە فڕێ دەدرێ و گەوهەری نایاب هەڵدەگیرێ. ڕابردوو بەم گەوهەرە نایابانە تانجی سەری دەڕازێنێتەوە، ئێستا خۆزگەیان پێ دەخوازێ، داهاتووش هەوڵ دەدا بێتە پێشەوە لێیان نێزیك بێتەوە.

قازی محەمەد بۆ گەلی کورد یەکێکە لەو گەوهەرانە و بە ژیانێکی ئاوا دەژی"[1].

***

١. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١، ژانویەی ساڵی ١٩٧١.

# ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم کتێبەدا، بە پێویستی دەزانین بە کورتی خزمەتەکانی تایبەتی قازی محەمەد و سروشتە تایبەتییەکانی جووڵانەوەی نێوانی ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧ی گەلی کورد لە ئێران بخەینە ڕوو و نیشانی بدەین. هەروەها دەمانەوێ لە لایەکی تریشەوە کەموکورییەکانی ئەم جووڵانەوەیە و هۆیەکانی تێکشکانی بخەینە بەرچاو.

بە پێویستی دەزانین بە کورتی بیروباوەڕی خۆمان دەربڕین بەرامبەر بە ئەرکی سەرشانی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە حەلی ئێستادا.

وەکی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باس کرا، بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ماوەی ١٩٤١–١٩٤٧دا، کە قازی محەمەد سەرۆکایەتیی بەسەردا دەکرد بەگوێرەی ناوەڕۆك و فۆڕم و پان و بەرینیی خۆی جیاوازبوو لە تەواوی ئەو جووڵانەوە و ڕاپەڕینانەی، کە هەتا ئەو سەردەمە لە کوردستان بە گشتی ڕووی داوە.

مێژووی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ بەم لایەوە پڕ لە شۆڕش و ڕاپەڕین و تێکۆشین بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد لە چەنگ داگیرکەرانی کوردستان. بەڵام بەشی زۆری ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە لە شۆڕش و ڕاپەڕینی عەشیرەتێك و یا چەند عەشیرەتێك پتر نەبووە و چەشنی کۆمەڵایەتیی بە خۆیەوە نەگرتووە. لێرەدا سەرۆك عەشیرەت و یا سەرۆکێکی دینی سەرۆکایەتی ئەم جووڵانەوە و ڕاپەڕینەی گرتووەتە دەست خۆی و لە یەکەم هەنگاودا بە تەنیا قازانجی یەك و یا

چەند کەسێك لە بەرچاو گیراوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بەشی زۆریان ناوەڕۆك و سروشتی نەتەوایەتییان بووە و دەورێکی بالآیان بووە لە بەرەوژووربردنی هەستی ڕزگاریخوازی و نیشتمانپەروەریی کۆمەلآنی گەلی کوردستاندا. لەم ڕیزە بە تایبەتی دەتوانین شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە کوردستانی عێراق و هی ئیحسان نووری پاشا لە تورکیا نیشان بدەین و ئەمانە جێگەیەکی تایبەتی و بە نرخ دەگرنەوە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا.

بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧ گەلێك سروشت و گرینگیی تایبەتی هەیە، کە هیچ یەك لەم ڕاپەڕین و شۆڕشانەی بەرلەوی ئەم سروشتانەی بە گشتی نەبووە.

**جا با بزانین ئەم سروشتانە کامانەن:**

بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەمە بوێژرێت، کە پلەی هەرە بەرەوژووری ئەم بزووتنەوەیە دامەزرانی حکوومەتی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی کوردستان بووە، جا بۆ وەدەستهێنانی ئەم سەرکەوتنە بەسەرهاتەکانی نێوانی ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٥ لە کوردستانی ئێران دەورێکی زۆر گەورە و بالآیان هەبوو. یانی بەسەرهاتەکانی ئەم سالآنە لە ڕاستەقینەدا تەدارەك و خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئەم سەرکەوتنە. لەم ریزە بە تایبەتی پێویستە یەککەوتن و یەکگرتنی عەشیرەتەکان وەبیر بخەینەوە و ئەمە دەبێ بە خزمەتێکی هەرە گەورە و بە نرخی قازی محەمەد دابندرێت. ئەم دوو کۆبوونەوە گەورەیەی، کە قازی محەمەد لە ساڵی ١٩٤٢دا بە بەشداربوونی نوێنەرانی تەواوی عەشیرەتەکان پێکی هێنا سەرەتایەکی زۆر گرینگ بوو بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و کۆمەلآیەتی. جیا لەمە، ئەم یەککەوتن و یەکگرتنەی عەشیرەتەکانی

چەکداری کوردستان گەلێك بەرهەڵستی لەسەر ڕێگەی پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراسی وەلابرد و زەربەیەکی پشت شکێن بوو، کە وە دوژمنانی ڕزگاری گەلی کورد کەوت. چونکە دوژمنایەتی و ناکۆکی پێکهێنان لە نێوان عەشیرەتەکاندا دایما دروشمی دوژمنانی گەلی کورد بووە بە ئامانجی هەڵەکردنی عەشیرەتەکان لە ڕێگەی خەبات. بەڵام بەهۆی ئەم یەککەوتن و سوێند خواردنە، ئەم پیلانەی دوژمنان نەیتوانی کاریگەر بێت و هێزی چەکداری عەشیرەتەکان وەرگەڕا سەر هێزێکی بنچینەیی بزووتنەوەی – ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد.

لەم ڕیزە هەروەها پێویستە دەوری باڵای کۆمەڵی ژ.ك و تێکۆشینی ئەندامەکانی ویش وەبیر بخەینەوە. لەو کاتەوە کە قازی محەمەد بە سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ك هەڵبژێردرا لە تێکۆشینی ڕۆژانەی کۆمەڵەدا ئاڵوگۆڕێکی گەورە بە عەمەل هات. لە بەرەوژووربردنی هەستی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵانی گەلدا، لە ئیفشاکردن و وەدیاردانی ئاکاری دژی نەتەوایەتی فیئودال و خاوەن مولکە کۆنەپەرستەکاندا، لە ڕەکێشکردنی لادێییەکانی کوردستان بۆ شۆڕش و جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیدا، لە پێکهێنانی خەباتی دژی فاشیزم و ئیستیعماردا، کۆمەڵەی ژ.ك دەوری باڵا و گەورەی هەبوو، تەواوی ئەمانە بنکە و بنچینەیەکی پتەو و قایم بوو بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٤٦دا. جیا لەمانە، کۆمەڵەی ژ.ك لە پێکهێنانی پێوەند لە نێوان نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی جیاوازی کوردستاندا خزمەتێکی گەورەی هەبوو، هەتا ئەم کاتە هیچ ڕێکخراوە و تەشکیلاتێکی سیاسیی کوردی نەیتوانیبوو پێوەندێکی بەم جۆرە پێك بهێنێت.

بەرلەمەی، کە باسی سروشتە تایبەتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٩٤١–٤٧دا بکەین بە پێویستی دەزانین ئەمەش بڵێین، کە ئەم بزووتنەوەیە لە چلۆنایەتییەکی

پاشکەوتووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەستی پێ کرد، کە دەستەڵاتی فیئودالەکان بەسەر لادێییەکاندا هێشتا حوکماتی دەکرد، سنعات و پیشە لە هیچ لایەکەوە پەرەی نەسەندبوو نەك هەر کرێکارانی کورد، تەنانەت بیرڕووناکانی کوردیش وەك هێزێکی سیاسی نەیانتوانیبوو بێنە سەر مەیدانی سیاسەت و خۆیان بنوێنن. لە پاڵ تەواوی ئەمانەش لە نێوان تەواوی چین و هێزەکانی کوردستان نارەزایییەکی گشتی لە دژی دەوڵەتی ئێران لە گۆڕێدا بوو. جا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر وتە تایبەتییەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەبێ تەواوی ئەمانە لەبەرچاو بگیردرێت.

سروشتی هەرە تایبەتی بزووتنەوەی ئەم حەلە ئەمە بوو، کە ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و دیموکراسی بوو. بۆیە نەتەوایەتی و نیشتمانی بوو چونکە بۆ قازانج و خێری سیاسی و نیشتمانیی تەواوی چینەکانی کۆمەڵەی کوردستانی لە دەورەی ئاڵای خۆی وەکۆکردبوو، چونکە ئیستیعماری بە دوژمنی بنچینەییی ڕزگاریی گەلی کورد دانابوو. لە هەمان کاتدا سروشتی نەتەوایەتی و نیشتمانیی ئەو بزووتنەوەیە ڕوخساری ئینیترناسیۆنالیستی بە خۆیەوە گرتبوو و ددانی نابوو بە مافی ئەم کەمایەتییە نەتەوایەتییانەی، کە لە کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەم بزووتنەوەیە بۆیە بزووتنەوەیەکی دیموکراسی بوو چونکە بەر لە هەموو کەسێك پارێزگاریی لە قازانج و سوودی چینەکانی زەحمەتکێش دەکرد، ئیستیعمار و هێزی کۆنەپەرستی ئێران و فیئودال و خاوەن موڵکە گەورەکانی بە دوژمنی خۆی دادەنا، چونکە تێ دەکۆشی بۆ رزگارییە دیموکراتیکەکان و پێکهێنانی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ گەل، چونکە تێ دەکۆشی بۆ وەلابردنی زوڵم و زۆرداری نەتەوایەتی و بووژاندنەوەی ئەدەب و شارستانەتی کوردی، چونکە لەم بزووتنەوەیەدا کۆمەڵانی گەلی کورد بە شێوەیەکی دیموکراسی بیروباوەڕی خۆیان

دەردەخست و ئەمە یەکەمین جار بوو، کە لە کوردستان جووڵانەوەیەك بە هۆی تەواوی نەتەوە پێك هاتبوو.

ئەمە یەکەمین جووڵانەوەیەکی کوردی بوو، کە لەوێدا کۆمەڵە چەوساوەکانی کوردستان، بە تایبەتی کۆمەڵانی لادێیی توانییان ئەگەر بێ هێزیش بێت، داواکانی کۆمەڵایەتیی خۆیان بخەنە ڕوو لە دژی هێزە چەوسێنەرەکان. ئەمە گۆڕانێکی گەورەی سیاسی بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا و سەرەتای شۆڕشی سۆسیالیستی بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا.

ئەمە یەکەمین بزووتنەوەیەکی کوردی بوو کە لە دژی فاشیزم و ئیستیعمار بەرەوپێش دەچوو و هێزەکانی ئیستیعماری نەیانتوانی بیروباوەڕی خۆیانی تێوەبەرن و بیخەنە ژێر نفووزی خۆیانەوە. لە هەمان کاتدا ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی جوێ نەبووی خەباتی هاوبەشی گەلانی جیهان بوو لە دژی فاشیزم و ئیستیعمار و لە پێناوی ئاشتی و بەختەوەریی گەلاندا کە یەکیەتیی سۆڤیەت سەرۆکایەتیی بەسەردا دەکا. جا هەر لەبەر ئەمە بزووتنەوەی جیهانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش پشتیوان و یاریدەدەری جووڵانەوەی کوردستان بوو، ئەم جووڵانەوەیەش بە نۆبەی خۆی بە تێکدانی مەکۆیەکی ئیستیعمار و هێزی کۆنەپەرستی لە بەشێکی ڕۆهەڵاتی نێزیك و نێوەڕاست و دامەزراندنی ڕێوشوێنی دیموکراسییەت یارمەتیی دەدا بە خەباتی دیموکراسیی جیهانی و زەربەی دەوەشاند لە هێزی ئیستیعماری.

ئەمە یەکەمین بزووتنەوەیەکی کوردی بوو، کە پشتیوانیی ڕاستەقینەی خەباتی گەلی کوردی بە گەلی کورد ناساند، یانی بە هۆی تێکۆشینی سەرۆکەکانی کە بێ شك لێرەدا دەبێ دەوری باڵای قازی محەمەد بە تایبەتی بوێژرێت، بە گەلی کوردی سەلماند کە تاقە پشتیوان و هێزی بە

بنەوەشتی خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد یەکیەتیی سۆڤیەتە و بەبێ پشت ئەستووری بە یەکیەتیی سۆڤیەت هیچ نەتەوە و گەلێکی زوڵم لێکراو و بێ بەش ناتوانێت ڕزگاری و سەربەخۆیی وەدەست بهێنێت. ئەمە سروشتێکی زۆر گرینگ بوو و هەر ئەنجامی ئەم سروشتەیە، کە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێناوە، بە تایبەتی لە میقیاسی جیهانیدا و وەرگەڕاوەتە سەر بەشێکی جوێ نەبووی خەباتی جیهانی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلان، کە یەکیەتیی سۆڤیەت پشتیوانی بە هێزی وییە.

سروشتێکی تایبەتی تری ئەم جووڵانەوەیە ئەمە بوو، کە بۆ یەکەمین جار لە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی گەلی کورددا دەوری گەورە و باڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە ئەندامانی هەرە پێشکەوتووی کۆمەڵەی کوردستان پێك هاتبوو وەدیی دا و ئەگەر بەهۆی پرۆگرام و ڕێڕەوێکی دروست سەرۆکایەتیی ئەم جووڵانەوەیەی نەگرتبایە دەست خۆی، بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد نەیدەتوانی ئەم سەرکەوتنە مێژووییە وەدەست بکات. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك هێزێکی پێشکەوتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکی کورتدا توانی تەواوی هێزەکانی شۆڕشی و هێزەکانی ناڕازی لە هێزی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی ئێران وە دەرەبەگی ناوخۆ لە دەورەی ئاڵای خۆی وەکۆ بکات و بەدروشمی دیموکراسی بەرەوپێشیان بەرێت. لە سەردەمی ئەو کاتەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان تەنیا ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، کە بە هۆی بەرنامە و تێکۆشینی ڕۆژانەی خۆی ئامانج و ئاواتەکانی کۆمەڵانی گەلی کوردستانی بەجێ گەیاند.

حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی کرد بە بەڕێوەبردن و بەجێگەیاندنی ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بنچینەیی و پان و بەرینی ئابووری

و کۆمەڵایەتی و شارستانەتی لە ژیانی کوردستاندا.

گرینگیی سەرۆکایەتی کردنی حیزبێکی پێشکەوتووی سیاسی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورددا لە بەرجەوەندی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دواییی مێژووی کوردستاندا بە چاکی خۆی وەدی دا. وەکی دەبینین لە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورددا لە عێراق دەوری گەورە و باڵا بە دەست پارتی دیموکراتی کوردستانەوەیە، کە لە ژێر کاریگەریی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراوە و ئەمڕۆ نەك هەر لە عێراق، بگرە لە تەواوی ڕۆهەڵاتی نێزیك و نێوەڕاست بە ڕێکخراوەیەکی سیاسیی هەرە بە هێز و کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٠–١٢ ساڵەی دواییدا وێڕای سەرۆکایەتیکردن بەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا لە عێراق، تەواوی کاروباری کوردستانی عێراقی گرتووەتە دەست خۆی و ئەرکی حکوومەتیش بە لەونێکی بەڕێوجێ بە هۆی ڕێکخراوەکانی خۆی لە جێگەکان بەجێ دەگەیەنێت.

لە کوردستانی تورکیا و سوریاش سەرۆکایەتیی جووڵانەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی کوردان بە دەست حیزبی دیموکراتی کوردستانەوەیە. ڕووناکبیرانی کورد لە لبنان ڕێکخراوەی سیاسیی خۆیان نێو ناوە حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە چەشنی ڕەسمی لە تێکۆشیندایە.

لە کوردستانی ئێرانیش گەلی کورد لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا لە هەلێکی نهێنیی گەلێك چەوت و نالەباردا خەباتی خۆی لە ژێر ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەڕێوە دەبات. بەم جۆرە دەبینین پێداویستی سەرۆکایەتیکردنی ڕێکخراوەیەکی سیاسیی پێشکەوتوو بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورددا بە توندی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا ڕەگ ئاژووی کردووە و ئەم هێزە

سیاسییەش برێتییە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بنەڕەتەکەی لەلایەن ڕۆڵەی نەمری گەلی کورد، قازی محەمەدەوە داڕێژراوە.

خزمەتێکی هەرە گەورەی تری حیزبی دیموکراتی کوردستان برێتی بوو لەمە، کە خەباتی گەلی کوردی لە خەباتی گەلانی تری ئێران بە جیاواز دانەنا و بە چاکی هەستی بەمە کردبوو، کە بۆ سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی ئیستیعماری و کۆنەپەرستی پێویستە یەکیەتیی خەباتی تەواوی گەلانی ئێران پێك بهێندرێت. هەر بەم ئامانجە بوو، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی کرد بە هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی توودەی ئێران و حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی تری ئێران و ئەمەش لە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورددا شتێکی تازە بوو هەروەها ئەم بۆخۆی زامنێکی گەورەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی گەلی کوردە. بێ شك پشتیوانی و هاوکاریی گەلانی تری ئێران، بە تایبەتی گەلی حاکمی فارس لە بزووتنەوەی گەلی کورد مەسەلەیەکی زۆر گرینگ و پێویستە.

لێرەدا بە تایبەتی پێویستە باسی گرینگیی یەککەوتنی بزووتنەوەی دوو گەلی کەمایەتیی نەتەوایەتیی کورد و ئازەربایجان بکرێت، کە هەردووکیان وەك یەك بێبەش کرابوون لە مافی نەتەوایەتی و سیاسی و لەسەر گەلێك مەسەلەی ئامانجی هەردووك لا وەك یەك بوو. لەم مەسەلەیەدا قازی محەمەد دەورێکی زۆر باڵای هەبوو لەسەر یەك لە تەواوی وتارەکانیا بە وردی باسی پێویستبوونی پتەوکردن و بەهێزکردنی یەکیەتی و برایەتی و هاوکاریی دوو گەلی کورد و ئازەربایجانی کردووە و ئەم وێژراوانەی قازی وەك وەسیەتێکی نیشتمانی لە لایەن گەلەوە پەسند کراوە و وەکی دەبینین لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا هەردووك گەل خەباتی هاوبەشیان بەڕێوە بردووە و هێزە کۆنەپەرەستەکانی ئێرانی نەیانتوانیوە وەك جارانی ڕابردوو دووبەرەکی

و ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا پێك بهێنن.

سروشتێکی گرینگ و پێویستی دیکەی بزووتنەوەی ئەو سەردەمە ئەمەبوو، کە خۆی بە جیاواز دانەدەنا لە بزووتنەوەی گشتیی گەلی کورد بە تێکڕایی و مەهابادی ئەو سەردەمە لە پێشاوپێشی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی تەواوی گەلی کورددا هەڵکەوتبوو، باشتر بڵێین مەهاباد وەرگەڕابووە سەر کەعبەی ئامانجی تەواوی گەلی کورد. کاتێك، کە چەند هەزار بارزانی لە ژێر هێرشی دڕندانەی ئیستیعماری ئینگلیز و هێزە کۆنەپەرستەکانی عێراقدا ناچار بوون نیشتەجێی خۆیان بەجێ بهێڵن و بۆ کوردستانی ئێران پەنایە بهێنن کۆمەڵانی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە باوەشێکی ئاواڵەوە ئەوانیان لە ئامێز گرت. بە بەشداربوونی بارزانییە قارەمانەکان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندای ئەم بزووتنەوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە وەرگەڕا سەر بزووتنەوەی گشتیی گەلی کورد و مەهاباد بووە جێگەی هەویا و هومێدی میلۆنان کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا. هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی تورکیاش لە هەلێکی زۆر چەوتدا توانییان پێوەند ڕابگرن لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە و هاودەنگیی خۆیان دەربڕن.

سروشتی هەر گەورە و گرینگ و سیاسیی ئەم جووڵانەوەیە ئەمە بوو، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلی کورددا حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردی دامەزراند و نێزیکەی ساڵێك گەلی کورد چارەنووسی و حوکماتیی خۆی گرتە دەست خۆیەوە. ئامانجی بنچینەییی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاری – نەتەوایەتی ئەمەیە، کە حوکماتی سیاسی وەدەست بخات و جووڵانەوەی ئەو سەردەمە هەرچەند ماوەکەی کەمیش بێت، بەڵام بەم ئامانجە گەیشت. حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستان زمانی زگماکی کوردی کردە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت، مندالانی کورد دەرفەتیان کەوتە دەست بە زمانی

زگماکی خۆیان بخوێنن. بۆ پەرەسەندن و بەرەوژوور چوونی فەرهەنگ و شارستانەتیی نەتەوایەتی هەلێکی باش پێك هێندرا. لە ماوەی ئەو یەك ساڵەی حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستاندا ئەدەبی کوردی ڕێگەی پەنجا ساڵی پێش خۆی بڕی و هۆنەرانی وای پێ گەیاند، کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگەیەکی زۆر بە دیمەن و گەورە دەگرنەوە.

پێکهێندرانی حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردی دەکرێ بڵێین لە ڕەگ و ڕیشەوە ئاڵوگۆڕی پێك هێنا لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا بە گشتی و زەربەیەکی گەورەی وەشاند لە پڕوپاگەندەی دوژمنانی گەلی کورد کە، دەیانگوت گەلی کورد کیفایەتی دامەزراندنی حکوومەتی خۆی نییە و ناتوانێ کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێت. دامەزرانی حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد ئەم ڕاستەقینەیەی بە گەلی کورد سەلماند، کە هەتا دەستەڵاتی خۆی نەگرێتە دەست و بۆ خۆی لەسەر کار نەبێت پاشکەوتوویی و دواکەوتنی لە هەموو ڕوویەکەوە وەلا نابردرێت و بە تەنیا دەستەڵات و حوکمات و دەستەڵاتی سیاسییە، کە هەلی ئەمە پێك دەهێنێت گەلی هەرە پاشکەوتوو لە ماوەیەکی کورتدا بگەیەنێتە ریزی گەلان و وەڵاتانی پێشکەوتوو.

ئەمانەن بە کورتی سروشتە تایبەتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٩٤٧دا، بێ شك زۆر سروشتی تری دیکەش هەن، کە هەریەکەی بە چەشنێك پێوەندیان هەیە بەم سروشتانەوە کە لە سەرەوە باسمان کردن.

***

بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧ لە پاڵ سروشتە تایبەتییەکانی ڕیزە کەم و کوڕی و بە هەڵەچوونیشی هەیە کە پێویستە باسیان بکرێت و ببێتە دەرس

بـۆ بـزووتـنـەوەی ڕزگـاری – نـەتـەوایـەتـیـی گـەلـی کـورد بـۆ ئـەمـڕۆ و پاشەڕۆژی. هەروەها پێویستە هۆیەکانی تێکشکانی ئەم بزوتنەوەیەش، کە تا ئێستاش بە وردی و درێژی نیشان نەدراون بخەینە بەرچاو.

لـەمـەڕ هـۆیـەکـانـی تێکشکـانـی ئـەم بـزووتـنـەوەیـە و کەموکوڕیەکانی لە چەند کتێبێکی چاپکراودا، بە کورتی باس کراوە. بەڵام هیچ یەك لەم نووسراوانەدا تەواوی هۆیەکان و کەموکوڕییەکان نیشان نەدراون[1].

بۆ ڕووناکبوونەوەی مەسەلەکان پێویستە هۆیەکانی تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیە لە هەردوو لاوە – یانی هەم لە ناحیەی چلۆنایەتیی نێو نـەتـەوەکـانـەوە، یـانـی هـۆیـەکـانـی دەرەوە و هـەم لـە ڕووی چـلـۆنـایـەتـیـی ناوخۆوە، یانی هۆیەکانی ژوورەوە نیشان بدرێت. ئەگەر بێتو لایەکی ئەم هـۆیـانـە نـیشان بـدەیـن و بـاسی لایـەکـی تـری نـەکـەیـن بـێ شك نـووسراوەکـەمـان لـە ڕووی زانستـیـیـەوە کـەمـوکـوڕیـی دەبـێت و گـەلـێك مەسەلەش بە داپۆشراوی دەمێنێتەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێ تەواوی مەسەلەکان بخەینە ڕوو تەواوی هۆیەکانی تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر چلۆنێکی، کە هەیە باسی بکەین.

بەگوێرەی دابێکی، کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا هەیە کاتێك کە باسی هۆیەکانی تێکشکانی بزووتنەوەیەك، ڕاپەڕینێك و یا شۆڕشێك دەکرێت بەر لە هەموو شتێك هۆیەکانی ناوەوە نیشان دەدرێن و ئەمانە بە هۆی بنچینە

١. بڕوانە ڕۆژنامەی "ئازادی" ژمارە ٦٣ی ساڵی ١٩٦٠، نووسراوەکەی ع–وریا، کەڕەحمانی قاسملووە. ناوبراو بە تەنیا باسی هۆیەکان و سەبەبەکانی ناوخۆی کوردستانی کردووە و ئیتر هیچ باسی هۆیەکانی دەرەوەی نەکردووە. ئی. فاریزاوف لە نووسراوەکەی خۆیدا بە نێوی "بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردان لە ئێرانێ لە ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٥" کە بە ڕووسی لە مەسکەو لە ساڵی ١٩٥٣دا چاپ کراوە بە تەنیا چەند هۆیەکی دەرەوەی تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیەی نیشان داوە و ئیتر هیچ باسی هۆیەکانی ناوەوەی نەکردووە.

دادەندرێن. ئەمە تا ڕادەیەك ڕاستە و گەلێك جار هەر هۆیەكانی ناوەوە دەبنە بنچینە بۆ هۆیەكانی دەرەوە. بەڵام بەرژەوەندیی مێژوو نیشانی دەدات، كە لە ڕیزە بەسەرهات و بزووتنەوە و شۆڕشێكدا هۆیەكانی دەرەوە دەبنە هۆی بنچینەی تێكشكانی و هۆیەكانی ژوورەوە لە بەرامبەر ئەمانەدا دەورێكی كەمتر و بێ هێزتریان هەیە. بە لێكۆڵینەوە لە هۆیەكانی تێكشكانی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی كورد لە ساڵەكانی ١٩٤١–١٩٤٧دا دەبینین، كە هۆیەكانی بنچینەیی ئەم تێكشكانە هۆیەكانی دەرەوەن. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە، كە هۆیەكانی ناوەوە گرینگییان كەمە و نابێ باسیان بكرێت.

جیا لەمە ، دابێكی واش هەیە، كە كاتێك لە ڕووی زانستییەوە باسی هۆیەكانی تێكشكانی بزووتنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی دەكرێت مەسەلەكان لە ڕووی تیۆرییەوە تەماشا دەكرێن و هۆی هەرە بنچینە بە نەبوونی سنعات و بێ هێزیی چینی كرێكار و بەشدار نەبوونی تێكۆشەرانی چینی كرێكار لە بزووتنەوەدا نیشان دەدەن. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕاستە و لەم وڵاتانەی، كە خاوەنی سنعاتی پێشكەوتوون و چینی كرێكار وەك هێزێكی سیاسی خۆی نیشان داوە هۆی بنچینەیە، بەڵام بۆ وڵاتێكی، كە سنعاتی پەرەی نەسەندووە و چینی كرێكاریشی وەك هێزی سیاسی خۆی وەدی نەداوە ناتوانێت ببێتە هۆی بنچینەی تێكشكانی بزووتنەوە و شۆڕش.

جا با بزانین هۆیەكانی تێكشكانی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی كورد لە ساڵەكانی ١٩٤١–١٩٤٧دا كامانەن؟

بەر لە هەموو شتێك هۆی هەرە بنچینە پێویستە بەدەست تێ وەردانی ڕاستە و ڕاستی چەكدارانەی ئیستیعماری ئەمەریكا و ئینگلیز لە كاروباری ژوورەوەی ئێراندا بژمێردرێت. بێ شك ئەگەر دەوڵەتی ئەمەریكا

لـه هـەمـوو لایـەکـەوە هـۆردووی دەوڵـەتـی ئـێرانـی تـەیـار نـەکردبـایـە و پسپـۆڕانـی ئـەمـەریکـایـی سەرۆکـایـەتـیـی هـۆردوو و ژاندارمـی ئێرانیـان نـەگـرتـبـایـە دەست خـۆ، دەوڵـەتـی ئـێران نـەیدەتـوانـی لـە بـەرامبـەر هـێزی چەکداری کـوردسـتـان و ئـازەربـایـجـانـدا خـۆڕاگری بـنـوێـنێت. حکوومـەتی قەوام بە هـەستکردنی بێ هێزیی دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاری - نەتەوایەتیدا لەگەڵ دەوڵەتی ئەمەریکا پەیمانی عەسکەریی بەست و تەواوی دەستەڵاتی هۆردوو و ژاندارم و پۆلیسی ئێرانی دایە دەست ئەمەریکاییەکان. لە ڕاستەقینەدا کاتی هێرش هێنانی هۆردوو و ژاندارمی ئێران بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجان، سەرۆکایەتی وان بە دەست جەنەراڵ گرووشوار تسکویفی ئەمەریکایی بوو. جیا لەمە، لە ڕێگەی دیپلۆماسیشەوە دەوڵەتی ئەمەریکا لە تەواوی جیهاندا پڕوپاگەندەیەکی پان و بەرین لە دژی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان دەست پێ کرد و دەوڵەتی ئێرانی ناچار کرد کە لە کۆبوونەوەی تەشکیلاتی نەتەوە یـەکگـرتـووەکـانـدا بـەبێ ئـەمـەی بـنـچـیـنـە و بـەڵـگـەیـەکـی هـەبـێت لـەسـەر مەسەلەی کوردستان و ئازەربایجان شکایەت بکات لە دەوڵەتی سۆڤیەت. هەر لەسەر ئەمە بوو، کە سەفیری ئەو حەلەی ئەمەریکا لە تاران جۆرج ئالین ڕەپڕوو بە قەوامی گوتبوو، کە ئەگەر بێتو دەوڵەتی ئێران دوایی نەدات بە مەسەلەی کوردستان و ئازەربایجان دەوڵەتی ئەمریکا ئالای خـۆی لـە تـاران لا دەبـات. نـووسـەری ئـەمـەریـکـایـی مـایـکـا بـرو کـە لـە کـتـێبـەکـەیـدا بـە نـێوی "نـەوت و سیـاسـەتـی دەرەوە" لـەم بـاسـەوە دەڵـێت دەوڵەتی ئەمەریکا نەیدەتوانی لە تێکشکاندن و نابووتکردنی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان ئێراندا بەشداری نەکات... سیاسەتی ئاتوم و نەوت نەیدەتوانی چاو بقووچێنێت لە گرینگیی ستراتیجی و ئابووریی مەڵبەندەکانی شیمالی ئێران...[١].

١. بڕوانە نووسراوەکەی فاریزاوف، لاپەڕەی ١٣٥.

لە هەمان کاتدا پێویستە ئەمەش بوێژرێت، بەشی زۆری کوردستانی ئێران یانی مەڵبەندەکانی سنە و کرماشان و مەریوان و هەورامان و شاهـ ئاباد و قەسری شیرین و... هتد لەژێر دەستەڵاتی هۆردووی دەوڵەتی ئینگلیزدا بوو و هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی کوردان لەم مەڵبەندانە لە دژی هێزی کۆنەپەرستی ئێران ڕووبەڕوو دەبوو لەگەڵ دەست تێ وەردانی چەکدارانەی ئینگلیزەکان. وێڕای ئەمە کوردستانی عێراقیش لە ژێر دەستەڵاتی هۆردووی ئینگلیزدا بوو و بەم جۆرە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، یانی لە بەشێکی چکۆڵەی کوردستانی ئێراندا بەرەوپێش دەچوو، هێزە ئیستیعمارییەکان پێشگیریان دەکرد لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بەسەر تەواوی کوردستانی ئێراندا. ئەم تەسك ڕاگرتنەی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورد لەو حەلەدا، کە ڕاستەوڕاست پێوەندیی هەیە لەگەڵ دەست تێ وەردانی هێزەکانی ئیستیعماری یەکێك بوو لە هۆیەکانی تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیە[١].

هۆیەکی تری دەرەوەی تێکشکان و سەرنەکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە ئەمە بوو، کە لەلایەن هێزە پێشکەوتووەکانی دەرەوە پشتیوانییەکی ئەوتۆی، کە پێویست بوو لێ نەکرا، وەیا باشتر بڵێین بە چاوێکی تەسك و بێ گرینگی تەماشای دەکرا. لە ڕاستەقینەدا سەردەمێك لە لایەن یەکیەتیی سوڤیەتەوە ئەم بزووتنەوە وەك بزووتنەوەیەکی نێو بزووتنەوەی دیموکراتیکی

١. ڕەحمانی قاسملو لە نووسراوەکەی خۆیدا، کە لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا بە نێوی ع. وریا لەمەڕ بزووتنەوەی مەهاباد لە چاپی داوە تاوانی تەسك ڕاگرتنی ئەم جووڵانەوەیە دەخاتە سەر ئەستۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکانی جووڵانەوە. ئیتر باسی ئەمە ناکات، کە ئەم بەشانەی کوردستانی ئێران لە ژێر دەستەڵاتی هۆردووی ئینگلیزدا بوو. بڕوانە ڕۆژنامەی ئازادی ژمارە ٦٣، ساڵی ١٩٦٠.

ئازەربایجانی ئێران تەماشای دەکرا و وەك بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیان دانەدەنا. تاوانی ئەمەش بێ شك لەسەر شانی ڕیزەیەك لە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان بوو. چونکە ئەمان بیروباوەڕێکی وایان بڵاو دەکردەوە، کە چون بەگوێرەی دابەشکرانی ئینیزیباتی ئێران، کە ڕەزا شا کاتی خۆی کردبووی، مەڵبەندی مەهاباد و بۆکان و شنۆ و نەغەدە و دەوروبەری ورمێ و خوی و شاپور و میاندووئاو خراونەتە سەر ئازەربایجان دەبێ بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردانیش لەم جێگەیانە لە نێو بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجاندا بێ و سەربەخۆ نەبێت. چاکتر بڵێین بەگوێرەی ئەم بیروباوەڕە دەبوایە کوردەکان خودموختاری وەدەست بخەن لە نێو ئازەربایجاندا، کە ئەویش لە هەمان کاتدا دەیویست خودموختاری وەچەنگ بخات لەنێو ئێراندا. ئەم بیروباوەڕە بە داخەوە ماوەیەکی زۆر حوکماتی کرد و تەنانەت کاتێك، کە لە نێوان نوێنەرانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان و دەوڵەتی ئێراندا وتووێژ بەڕێوە بردرا و پەیمان بەسترا ئەم بەشەی کوردستان وەك مەڵبەندێکی نێو ئازەربایجان داندرا، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. چونکە سروشتی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستان لە ڕیزە بەسەرهاتێکدا جیاوازیی هەبوو لە سروشتی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان، جیاوازیی ئەم سروشتەش ئەمە بوو، کە بزووتنەوەی کوردان لە مەڵبەندی مەهاباد سەرەتای بزووتنەوەی تەواوی گەلی کورد بوو لە ئێراندا و درەنگ یا زوو تەواوی کوردستانی ئێرانی دادەگرت و دروشمی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕزگارکردن و خودموختاری وەدەستهێنانی تەواوی کوردستانی ئێران بوو. جیا لەمە، ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی جوێ نەبووی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو بە گشتی یانی درەنگ یا زوو کاری دەکردە سەر بەشەکانی تری کوردستانیش هەروەها بەشداریی تێکۆشەرانەی بارزانییەکان و ژمارەیەك لە ڕووناکبیرانی

کوردستانی عێراق لەم بزووتنەوەیەدا گرینگیی ئەم بزووتنەوەیەی گەلێك بەرەوژوور برد و نواندنی، کە لە بەشەکانی تری کوردستانیش گەلی کورد بە هەویا و هومێدێکی گەورە تەماشای ئەم بزووتنەوەیە دەکەن و ئامادەن بە تەواوی هێزی خۆیانەوە یاریدەی بدەن. بە داخەوە ڕیزێك لە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان ئەو سروشتانەی بزووتنەوەی مەهابادیان لە بەرچاو نەگرت وەیا لەم سروشتانە نەدەگەیشتن و هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش نوێنەرانی سۆڤیەت لە ئێران کە بەشی زۆریان ئازەربایجانی بوون کەوتنە ژێر تەئسیری ڕیزێك لە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان و بە چاوێکی تەسك یانی وەك لکێکی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان تەماشای بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کوردیان دەکرد. تەنانەت هەر لەسەر ئەم بیروباوەڕە نادروستە بوو، کە ڕاگەیەندرانی حکوومەتی نەتەوایەتی و خودموختاری کوردستان ماوەیەك وەدرەنگی خرا، چونکە هەر لە پاش کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەلی دامەزرانی حکوومەتی نەتەوایەتی و دیموکراتیك هەبوو. بەڵام چون هێشتا لە تەورێز حکوومەتی دیموکراتیك و خودموختاری ئازەربایجان دانەمەزرا بوو بە مەسڵەحەت نەزانرا، کە لە پێشدا حکوومەتی کوردستان دابمەزرێت[1]. و هەر لەبەر ئەمەش ماوەیەك هەیئەتی ناوەندی کە لە لایەن کۆنگرەی حیزبەوە هەڵبژێردرابوو کاروباری کوردستانی بەڕێوە دەبرد و ئەرکی حکوومەتی بەجێ دەگەیاند.

بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد پێداویستێکی زۆری بە یارمەتیی کەرەسەیی و ئابووری و چەك و قۆرخانە هەبوو، کە بۆ ئەم یارمەتیەش هەویای کوردان بە تەنیا بە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. حکوومەتی خودموختاریی کوردستان لە ڕاستەقینەدا لەسەر عەرزێکی

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤٣، پەروەندەی ژمارە ٣، جیلدی ٤، لاپەڕەی ١٤.

ڕەق دامەزرابوو. بەم مانایە کە هیچ بنچینەیەکی ئابووری و کەرەسەییی ئەوتۆ نەبوو، کە حکوومەت بتوانێت پاڵی پێوە دا و کاروباری مەڵبەندە ڕزگاربووەکانی کوردستانی پێ بەرەوپێش بەرێت. ئەمەی کە هەبوو ڕوحییە و ورەبەرزیی گەل بوو. بە تەنیا بەمە کار بەرەوپێش نەدەچوو. جا یارمەتییەکی کە لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دەکرا لە ڕێگەی ئازەربایجانیەکانەوە دەگەیشتە دەست کوردەکان و لەم ڕێگەیەشەوە کەموکوڕی و حەیف و مەیلێکی زۆر دەهاتە گۆڕێ. بە تایبەتی لە ناحیەی چەك و قۆرخانەوە پێداویستی هەرە گەورەی کوردەکان بە چەك و قۆرخانە بوو، چونکە بەبێ پسانەوە لە ناوچەکانی سەر سنووری نێوانی هۆردووی ئێران و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا شەڕ لە گۆڕێدا بوو. تەنیا یارمەتییەکی کە بە کوردان کرا بری بوو لە تفەنگ و فیشەك و هەندێك ڕەشاش و چەند لۆری. نە تۆپ، نە تانك، نە فڕۆکە و نە چەکی دژی فڕۆکە بە کوردان نەدرا. لە هەمان کاتدا هۆردووی ئازەربایجان بە تۆپ و تانك و فڕۆکە داڕێژراوبوو. هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێداویستییەکی زۆر گەورەی بە پسپۆڕ و کارزانی شەڕی هەبوو لە ڕیزی سەدەها پسپۆڕی شەڕی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە نێو هۆردووی ئازەربایجاندا کاریان دەکرد بە تەنیا تاقە پسپۆڕێك بۆ کوردستان ناردرا و ئەویش پاش ماوەیەك بەرەودوا بانگ کراوە و لەسەر ئەم مەسەلەیە قازی محەمەد لە نامەیەکی تایبەتیدا گلەیی کردووە لە نوێنەرانی سۆڤیەت[١]. ئیتر ئەمە لەبەرچاو نەگیردرا، کە قورساییی شەڕ بەتایبەتی لەسەر ئەستۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو و دەوڵەتی ئێران بەشی زۆری هۆردووی تەیاری خۆی لە ناوچەکانی سەقز و بانە جێگیر کردبوو لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا.

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٨، پەروەندەی ژمارە ٦، لاپەڕەی ٧٨.

جیا لەمە پێویستە ئەمەش بوێژرێت، کە سەرۆکەکانی جووڵانەوەی کوردستان هەستیان بەمە کردبوو، کە هەتاوەکونێ بەشەکانی تری کوردستان بە تایبەتی مەڵبەندی سنە و کرماشان لە چەنگ دەوڵەتی ئێران ڕزگار نەکرێت ئەم بزووتنەوەیە نەیدەتوانی پتەو بێت و حوکماتی دیموکراتیك لە کوردستان پەرە بستێنێت. جا لەبەر ئەمە سەرۆکایەتیی جووڵانەوە لە هەموو لایەکەوە خۆی ئامادە دەکرد کە پەلامار دەست پێ بکرێت بۆ سەر بەشەکانی هوردووی ئێران لەم مەڵبەندانە، تەنانەت لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٦دا قازی محەمەد نامەیەك بۆ سەرۆکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دەنێرێت و لەم نامەیەدا نووسیویە هۆردووی ئێران لە مەڵبەندەکانی بانە و سەقز و سنە و سەردەشت تانك و فڕۆکەیەکی زۆری هەیە و داوخوازتان لێ دەکەین دوو تانك و دوو تۆپی دژی فڕۆکەمان بدەنێ، کە بتوانین بەرەنگارییان بکەین...[1].

ئەم داوخوازە نەك هەر قوبووڵ نەکرا تەنانەت هێرشبردن بۆ سەر ئەو مەڵبەندانەش بە مەسڵەحەت نەزاندرا. هەروەکی لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا باس کرا بە تەنیا کاتێك مەسڵەحەت زانرا، کە هێرش دەست پێ بکرێت، کە ئیتر هۆردووی ئێران بەشی زۆری ئازەربایجانی داگیر کردبوو و حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان لێك بڵاو بووبوو.

لێرەدا پێویستە ئەمەش بوێژرێت، کە مەسڵەحەت نەزاندرانی پەلاماربردن بۆ سەر بەشە هۆردووەکانی ئێران و ڕزگارکردنی مەڵبەندەکانی سنە و کرماشان دەبێ لە ڕووی وەزع و حاڵی ناودەوڵەتانیشەوە تەماشای بکرێت. چونکە هەروەکی لەسەرەوە باسمان کرد هۆردووی ئینگلیز بەرەنگاری دەبوو و بێ شك لەو حاڵەدا، کە تازە شەڕی دووەمی جیهانی تەواو بووبوو دەوڵەتی سۆڤیەت نەیدەتوانی

---

١. ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٨، پەروەندەی ژمارە ٦، لاپەڕەی ٣٨.

ڕاستەوڕاست پشتیوانی لە کوردان بکات و یارمەتیی پێ بدات.

بێ شك هۆیەکی تری دەرەوەی تێکشکانی بزووتنەوەی گەلی کورد خەیانەت و تەسلیمبوونی ڕیزەێك لە سەرۆکەکانی جوولانەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان بوو، کە بەدرێژی لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا باسی کراوە. لە کاتێکدا، کە کوردەکان لە هەموو لایەکەوە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ خۆڕاگری و تێکشکاندنی بەشە هۆردووەکانی ئێران، ڕیزەیەك لە سەرۆکەکانی جوولانەوەی ئازەربایجان بە هۆی ڕادیۆ ئاگەدارییان بلاو کردەوە و ڕایان گەیاند کە ڕێگە ئاواڵەیە بۆ هاتنی هۆردووی ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان. لە کاتێکدا کە لەسەر ئەم باسە هیچ پرس و ڕایەکیان بە کوردەکان نەکرد و بیروباوەڕی سەرۆکەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستانیان لە حیساب نەهێنا. ئەمەش هەر لەو حیسابە نادروستەوە سەرچاوەی دەگرت، کە بە چاوێکی تەسك و چکۆڵە تەماشای بزووتنەوەی کوردانیان دەکرد و ئەم بزووتنەوەیەیان بە لکێکی نێو بزووتنەوەی ئازەربایجان دادەنا. بێ شك تەسلیمبوونی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان زەربەیەکی پشت شکێن و هۆیەکی هەرە گەورەی تێکشکانی بزووتنەوەی مەهاباد بوو.

کاتێك کە باسی هۆیەکانی دەرەوەی تێکشکانی بزووتنەوەی مەهاباد دەکرێت نابێ دەوری دیپلۆماسیی حکومەتی ئێران، یانی هەوڵ و تەقەڵلای دەوڵەتی قەوام لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە لەبیر ببردرێت. قەوام لە سەفەرەکەی خۆیدا بۆ مەسکەو فێڵ و کەڵەك و پیلانی دیپلۆماسیی وەکارخست. لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەت بۆ وەدەرخستن و سوود وەرگرتنی دوولایەکی لە کانگا نەوتەکانی شیمالی ئێران پەیمانی بەست و قەولی دا کە بە تەواوی هێزی خۆیەوە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە ولات تێ بکۆشێت و نەهێڵێت ئێران وەرگەڕێتە سەر مەکۆی شەڕی لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت. حکوومەتی سۆڤیەت بڕوای کرد بەم پەیمان و قەول و

قەرارەی قەوام. بەڵام حکوومەتی قەوام لەسەر پەیمان و قەول قەرارەکەی خۆی ڕانەوەستا و هەرکە بەشە هۆردووەکانی سۆڤیت بۆ نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە، مەجلیسی ئێران، کە زۆربەی نوێنەرەکانی گرێگرتەی قەوام و نۆکەری ئیستیعماری بوون پەیمانەکەیان پەسند نەکرد. سەرپاکی ئەمە حکوومەتی قەوام لەگەڵ دەوڵەتی ئەمەریکا پەیمانی عەسکەریی بەست.

ئەمە بوو بە کورتی هۆیەکانی دەرەوەی تێکشکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد لە ئێران لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٧دا.

جا با بزانین کەموکوڕیی ناو ئەم بزووتنەوەیە و هۆیەکانی ناوخۆی تێکشکانی کامانەن؟

یەکێك لە کەموکوڕییەکانی ناوخۆی ئەم بزووتنەوەیە ئەمە بوو، کە دروشم و سروشتی بزووتنەوەکە کە لە بەرنامە و پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دیاری کرابوو لەگەڵ تێکۆشینی ڕۆژانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی حکوومەت یەکی نەدەگرتەوە، ئەمە نەیدەتوانی لەسەر ڕێگەی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکە کۆسپ پێك نەهێنێت. مەسەلەن لە پرۆگرام و بەرنامەی حیزبدا بەتەنیا و بەتایبەتی مەسەلەی دانی مافی خودموختاری نەتەوایەتی بەکوردستان داندرابوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا و ئەمە باشترین دروشمێك بوو بۆ ئەو حەلە. بەڵام بە چاوگێڕان لە تێکۆشینی ڕۆژانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی حکوومەت و هەروەها لە سەنەد و بەڵگەکانی حیزب دەبینین، کە بە پێچەوانەی ئەمە دروشمی کۆماری و سەرکۆمار بڵاو دەکراوە، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە کۆماری کوردستان و سەرۆکی حیزب قازی محەمەد بە سەرکۆماری کوردستان نێو دەبردرا.

مەسەلەی کۆماری و خودموختاریی نەتەوایەتی دوو مەسەلەی لێك

جیاوازن. جیا لەمە، بۆ دامەزراندنی کۆمار ڕیزە شەرت و بەڕێوەبردنی کاروباری تەشکیلاتی پێویستە، کە هیچ یەك لەمانە نەکرابوون. مەسەلەن هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان، پێکهێنانی پەرلەمانی نەتەوایەتی، پەسندکردنی یاسای ئەساسی، هەڵبژاردنی سەرکۆمار و... هتد، هیچ کامیان بەڕێوە نەبردرابوون و لە هەلێکی بەم جۆرەدا ناوبردنی حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە کۆماری کوردستان و قازی محەمەد بە سەرکۆمار هەڵەیەکی گەورەبوو و بە تەنیا جەنبەی تەبلیغاتی هەبوو، بەڵام لە گەلێك ڕووشەوە ئەمە زۆر زەرەری هەبوو. چونکە مەسەلەی جوێکردنەوەی کوردستان لە ئێران وەك دروشمێکی خەبات دانەندرابوو و ئێستاش دانانی دروشمێکی وا سەرتاپا خوار ونادروستە. هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران و هێزە ئیستیعمارییەکان لە پڕوپاگەندەی ڕۆژانەی خۆیاندا سەرۆکەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان بەمە تاوانبار دەکرد، کە گۆیا دەیانەوێ کوردستان و ئازەربایجان لە ئێران جیا بکەنەوە. لە هەلێکی بەم جۆرەدا بە هیچ جۆرێك نەدەبوو دەرفەتێکی وا بەم هێزانە بدرێت کە پروپاگەندەکەیان لە نێو کۆمەڵانی گەلدا کاریگەر بێت، چونکە بێ شك دروشمی دامەزراندنی کۆمار و جوێکردنەوەی کوردستان لە ئێران نەیدەتوانی هێزە دیموکراتیکەکانی ناوخۆی ئێران، کە ئەمیش پشتیوانێك بوو بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کوردستان، نەسڵەمێنێتەوە. دروستە قازی محەمەد لە گەلێك وتاری خۆیدا بە ئاشکرایی ڕای دەگەیاند، کە ئێمە داوای ڕزگاری و دیموکراسی بۆ تەواوی ئێران دەکەین و بزووتنەوەی خۆمان لە بزووتنەوەی دیموکراسیی گشتی ئێران بە جیاواز دانانێین، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بۆ پێشگیریکردن لە بڵاوکردنەوەی دامەزرانی کۆماری و سەرکۆماری هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوە و لە ئۆرگانەکانی چاپەمەنی حیزبدا وشەی کۆماری کوردستان و سەرکۆماری، هەموو ڕۆژێ

وەبەرچاو دەکەوت.

لە بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتی وەڵاتێکی وەك کوردستان، کە لە ڕووی ئابووری و شارستانەتییەوە گەلێك پاشکەوتووە، هێزی بنچینەی هاندەری شۆڕش لادێییەکانن، کە لە سەدا ٨٠ی دانیشتوانی کوردستانن. ح. د. ك. و حکومەتی خودموختاری و دیموکراتیکی کوردستان لە بەرنامە و تێکۆشینی ڕۆژانەی خۆیاندا بۆ باشتر لێکردنی وەزع و حاڵی لادێییەکانی کوردستان ڕیزە هەنگاوێکیان هەڵێنا و چەند دروشمێکیان دابوو. بەڵام ئەمە کەموکورپی زۆر هەبوو. مەسەلەن لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و لە ڕێکخراوەکانی حکومەتدا تاقە لادێییەك وەبەر چاو نەدەکەوت. لە دێیەکانی کوردستان کە کۆمیتەی حیزب دامەزرابوو دەوری گەورە و باڵای کاروباری حیزبی بە دەست خاوەن موڵکەکان و مەلا و شێخەکانەوە بوو. مەسەلەی دابەشکرانی زەوی، کە مەسەلەیەکی بنچینەیی بزووتنەوە و مەسەلەیەکی ژیانییە بەئاشکرا دانەندرابوو، بێ شك لە ماوەی ساڵێکدا، ئەویش کاتێك، کە زۆربەی خاوەن موڵکەکان لە بزووتنەوەدا بەشدارییان دەکرد ئەم مەسەلەیە نەدەکرا بەتەواوی دابندرێت. وە بەجێ بگەیەندرێت بەڵام دەکرا ڕیزە تەکبیرێك بەڕێوە ببردرێت کە تا ڕادەیەك لە زوڵم و زۆرداریی خاوەن موڵکەکان کەم بکرێتەوە. کۆسپی هەرە گەورە لە ڕێگەی بەجێ گەیەندرانی ئامال و ئامانجی کۆمەڵانی لادێیی ئەمە بوو، کە بەشی زۆری خاوەن موڵکەکان لە ڕێکخراوەکانی حیزب و حکوومەت خزابوون و بەرهەڵست بوون بۆ بەڕێوەبردنی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە خێری کۆمەڵانی لادێیی. بەم جۆرە دەکرێ بڵێین، کە حکوومەتی نەتەوایەتیی کوردستان نەیتوانی لادێییەکان بەتەواوی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ئاشکرایە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی و دیموکراتیك، کە جووتیاران و لادییەکان لەسەر یەك بەدڵەوە تێیدا بەشدار نەبن

ناتوانێت سەرکەوتن وەدەست بخات.

نەبوونی ناوچەی یەکیەتی و خەباتی بە یەکەوەی هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران هۆیەکی تری تێکشکانی بزوتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو. هەر چەند ناوچەی یەکەتی و خەباتی بە یەکەوەی ح. د. ك و حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان پێك هاتبوو، ئەمە نەتیجەیەکی باشی وەدەست دا، بەڵام لە سەرتاسەری ئێران ئەم یەکیەتییە پێك نەهات، بێ شك لە پێکهێنانی ناوچەی یەکیەتی و خەباتی بە یەکەوە دادوەریی هەرە گەورە و باڵا، بە دەست حیزبی توودەی ئێرانەوە بوو، بەڵام حیزبی توودەی ئێران نەیتوانی ئەم ئەرکە پێویست و گەورەیەی سەرشانی بەجێ بگەیەنێت. دروستە ناوچەی یەکیەتیی ح. د. ك. و ح.د.ئا. و حیزبی توودە و حیزبە نیشتمانییەکانی تری ئێران پێك هات. بەڵام ئەمە هەر لەسەر کاغەز ماوە و لە کردەوەدا هەروەکی کە پێویست بوو خۆی وەدی نەدا. حیزبی توودە وەك حیزبێکی پێشکەوتوو و بە هێزی مارکسیستی، کە لە تەواوی ئێران ڕێکخراوەکانی بە پان و بەرینی لە تێکۆشیندا دابوون ئەیتوانی وەك پشتیوانێکی گەورە و بەهێزی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان تێ بکۆشێت و سەر دابنوێنێت بە هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران. هەروەها حیزبی توودە دەیتوانی بە سوود وەرگرتن لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان بە پشت ئەستووری بەم دوو هێزە، کە بە تەواوی لایەنگیری بوون لە تەواوی وڵات شۆڕش هەڵایسێنێت و بۆ تێدابردنی هێزە کۆنەپەرستەکان هەنگاوی گەورە گەورە هەڵێنەتەوە. حیزبی توودە لە نێو زۆربەی گەلی ئێراندا، بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵانی لادێیی و چینی شۆڕشگێڕی کرێکاردا حورمەت و بەرێزییەکی زۆر گەورەی هەبوو و بەسەرهاتەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە نێو کۆمەڵانی ڕەنجبەر و کرێکاری ئێرانا هەستێکی گەورەی شۆڕشگێڕییان

پێك هێنابوو. بە تەنیا هاندان و پێکهێنان و ڕۆحی شۆڕشی پێویست بوو، کە لەم هەستە سوود وەربگرێت. بەڵام بە داخەوە سەرۆکەکانی حیزبی توودە لە عۆدەی ئەمە نەهاتن. جیا لەمە، کاتێك، کە لە کوردستان و ئازەربایجان بزوتنەوەی دیموکراتیك سەرکەوتوو بوو و هێزی کۆنەپەرستی ئێران تەواوی هێزی چەکداری خۆی لە دژی ئەم دوو جووڵانەوەیە وەکار خست و لە ناوچەکانی سەقز و بانە و سەردەشت و زەنگان و میانە و... هتد خوێنی ڕزگاریخوازانی کورد و ئازەربایجان لەلایەن ئەفسەرەکانی ئێرانەوە دەڕێژرا، سەرۆکایەتیی حیزبی توودە ئامادە بوو، کە لە کابینەی حکوومەتی قەوامدا بەشداری بکات و ٣ کەس لە ئەندامانی حیزبی تودەی بوونە وەزیر. ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو لەم سەردەمەدا.

هەروەها لە مەڵبەندەکانی کرماشان و قەسر و شاهـ ئاباد، حیزبی توودە ڕێکخراوەیەکی بە هێزی هەبوو دەیتوانی بە هۆی ئەم ڕێکخراوانەی خۆی پشتیوانێکی بەهێز لە جووڵانەوەی مەهاباد لەو مەڵبەندانەی کوردستان پێك بهێنێت. بەڵام بە داخەوە لەم مەڵبەندانەی کوردستان حیزبی توودە بە سوودی بزووتنەوەی دیموکراتیك و نەتەوایەتیی گەلی کورد هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوە و تەنانەت ئەوەندەی پێی کرابا لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی کوردایەتیش پێشگیریی دەکرد. هەر لەو ساڵانەدا لە کرماشان و شاهـ ئاباد بەتایبەتی لەنێو کرێکاراندا گەلێك میتینگ و ڕاپەڕینی سیاسی ڕووی دا، کە هەمووی لە لایەن حیزبی توودەوە پێك هاتبوو، بەڵام جارێك نەدیترا لەو میتینگ و ڕاپەڕینانەدا وتاردەرە کوردەکان (ئەندامانی حیزبی توودە) هاودەنگی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی گەلی کورد لە مەهاباد دەربڕن.

نابێ ئەمەش لەبیر بەرین، کە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی، کە لە

وڵاتێكی زۆر نەتەوەییی وەك ئێران مەسەلەكی زۆر گەورە و گرینگی شۆڕشە، حیزبی توودە هەڵەیەكی زۆری كرد. هەر ئەوەندە بەسە، كە بویژرێت لە بەرنامەی حیزبی توودەدا مەسەلەی نەتەوایەتی دانەندرابوو[1].

ئەمەش بۆ حیزێكی پێشكەوتووی ماركسیستی هەڵەیەكی زۆر گەورە بوو، نەیئەتوانی هێزە نەتەوایەتییە دیموكراتیكەكانی كوردستان و ئازەربایجان دڵمەند نەكات.

لە وڵاتێكی زۆر نەتەوەییی وەك ئێران، بەرەی یەكگرتوو و خەباتی بە یەكەوەی هێزە دیموكراتیكەكان زامنی پتەو و بەهێزی سەركەوتنی شۆڕشە و ئەمە بەتایبەتی دەبێ ببێتە دروشمی ڕۆژانەی تێكۆشینی حیزبی ماركسیستی.

كەموكوڕییەكی تری ئەم بزووتنەوەیە لە بێ هێزبوونی سەرۆكایەتی حیزب و حكوومەت لە ڕووی زانست و تێگەیشتوویی و كۆمەڵایەتی و بەرجەوەندی شۆڕشگێڕییەوە. بیرڕووناكانی كورد كە بەڕێوەبردنی كاروباری ڕۆژانەی شۆڕش و حیزب و حكوومەتیان بە دەستەوە بوو لە ڕووی زانستی ماركسیستییەوە كە بۆ كادری شۆڕشگێڕی حیزبی زۆر پێویستە، زۆر بێ هێز بوون. بێ شك لەمەدا ناكرێ ئەم بیرڕووناكانە لۆمە بكرێن، چونكە ئەو سەردەمە لە كوردستانی ئێراندا بیروباوەڕی ماركسیستی نەك هەر بڵاو نەبووەوە بگرە هەر نەشناسرابوو. بەبێ شارەزابوون لە زانستی ماركسیستی-لینینی، ناكرێ بەسەر

1. بە تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا، لەژێر كاریگەریی هێزە دیموكراتیكەكانی ئازەربایجان و كوردستاندا مەسەلەی نەتەوایەتی بە چەشنی ماركسیستی – لینینی لە بەرنامەی حیزبی توودەدا گونجاندرا. ئەویش پاش پێكهاتنەكەی لەمەڕ یەكبوونی حیزبی توودە و حیزبی دیموكراتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٦١دا.

جووڵانەوەیەکی دیموکراتیك و کۆمەڵایەتیدا سەرۆکایەتی بکرێت و بە ڕێگەیەکی ڕاستدا بەرەوپێش ببردرێت.

هۆیەکی تری تێکشکانی بزووتنەوەی گەلی کورد و کەم و کوڕییەکی تری ئەم بزووتنەوەیە ئەمە بوو، کە دیسانیش فێڵ و کەڵەکی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندنەوە کاریگەر بوو لە نێو سەرۆکەکانی جوولانەوەدا، سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن و وادە و پەیمانی بە درۆی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران لە مێژووی خەباتی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورددا مێژوویەکی تایبەتی هەیە و سەرۆکەکانی ح. د. ك بەتایبەتی شەخسی قازی محەمەد بە چاکی لەمە شارەزا بوون، کە چلۆن هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران کاتی بێ هێزبوونیان وادە و پەیمانی بە درۆیان وەکارخستووە و لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندنەوە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کوردیان نابووت کردووە. بەڵام بە داخەوە ئەم بەرژەوەندەی مێژوو نەبووە دەرس بۆ سەرۆکەکانی حیزب و بە تایبەتی بۆ قازی محەمەد کە سەرۆکێکی تێگەیشتوو و زانا و ژیری بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد بوو. پاش تەسلیمبوونی ئازەربایجان و پەلامارهێنانی هەموو لایەکی هۆردووی ئێران بۆ سەر کوردستان، قازی و هاوڕێکانی نەدەبوو بە وادە و پەیمانەکانی سەرۆکەکانی هوردووی ئێران بڕوا بکەن. لە شۆڕشدا وێڕای سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون، کاتی خۆی پاشەکەشە و شکست و چوونە نهێنیش پێویستە و سەرۆکایەتیی بە مشوور و تێگەیشتووی حیزب دەبێ بتوانێت لەمەش سوود وەربگرێت. حیزب دەبێ بەر لە هەموو شتێك کاتی پاشەکشە بتوانێت کادرەکانی خۆی بپارێزێت. بەڵام بە داخەوە ح. د. ك. و بەتایبەتی شەخسی قازی محەمەد لە عۆدەی ئەم ئەرکە نەهاتنە دەرێ. هەرچەند، کە قازی محەمەد و هاوڕێکانی هەلی ئەمەیان هەبوو. بچنە نهێنییەوە وەیا بۆ وڵاتی سۆڤیەت پەنابەرن و بەم جۆرە خۆیان لە مەرگ نەجات بدەن و

له خەباتی دواڕۆژی گەلی کورددا بە تێکۆشەرییەوە بەشداربن، فریوی وادە و پەیمانەکانی سەرۆکەکانی ئێرانیان خوارد و گیانی خۆشیان لەسەر دانا.

چوونە نهێنی و یا پەنابردن بۆ وڵاتێکی وەك وڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت هیچ کاتێك بە سووکایەتی و یا عەیب و شوورەیی بۆ پیاوێکی شۆڕشگێڕ ناژمێردرێت. بە داخەوە قازی و هاوڕێکانی لەمە نەگەیشتن. ئەمە دەرسێکی زۆر پێویست و گەورەیە. هێزی کۆنەپەرستی ئێران و هێزە ئیستیعمارییەکان هیچ کاتێك جێگەی بڕوانین و هیچ شۆڕشگێڕێك نابێ بڕوایان پێ بکات.

شەخسی قازی محەمەد پیاوێکی زۆر بە ڕەحم و بە بەزەیی بوو، ئەگەر ئەم سروشتە لە زۆر بەسەرهاتا پێویستە لە گەلێك بەسەرهاتی تردا دەتوانێت زەرەر بگەیەنێت بە شۆڕش و بە کاری گشتی. سەرۆکی حیزب و سەرۆکی جووڵانەوەی دیموکراتیك وێڕای بە ڕەحمبوون و لەسەرە خۆبوون لە کاتی خۆیدا، دەبێ زۆردار و بە بڕشت و زاڵم بێت لە دژی دوژمنانی بزووتنەوەی. بەڵام بە داخەوە قازی محەمەد لەگەڵ ئەو کەسانەش، کە لە ناوخۆی کوردستاندا بە پێچەوانەی بزووتنەوە بوون و خەیانەت و نیشتمانفرۆشییان ئاشکرا بووبوو زۆر بە مودارا بزووتنەوە. مەسەلەن نیشتمانفرۆشی عەمەرخانی شکاك، شێخ عەولا ئەفەندی گەیلانی، عەولای ئێلخانی زادە، ڕەحمەتی شافیعی و... هەتەد لەمێژ بوو وەدیار کەوتبوو. بەڵام قازی محەمەد نەك هەر ئەمانەی تەنبێ نەکرد، بگرە لە کاروباری حیزب و حکوومەتیشی نێزیك کردنەوە (بە تایبەتی عەمەرخان و شێخ عەولا). ئەگەر ئەمانە تەنبێ کرابان سوودێکی زۆر گەورەی دەبوو بۆ بزووتنەوە و زەربەیەکی پشت شکێن دەبوو بۆ دەرەبەگەکان.

ئەمانەن بە کورتی کەموکوڕیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری –

نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧دا و هۆیەکانی تێکشکانی و سەرنەکەوتنی.

***

بزووتنەوەی ڕزگاری – نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران لە ساڵەکانی ١٩٤١–١٩٤٧دا خەبات و تێکۆشینی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوایەتی و سەرۆکایەتی قازی محەمەد بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا جێگەیەکی زۆر بە دیمەن و گەورە و ڕووناك دەگرێتەوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا و بەرژەوەند و تەجروبە و دەرسەکانی ئەم بزووتنەوەیە گرینگییەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ خەباتی ئەوڕۆکەی گەلی کورد لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوایەتی و ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و لە دژی هێزە کۆنەپەرستەکان و ئیستیعماری دەرەوەدا.

بەرجەوەندەی ئەم بزووتنەوەیە نیشانی دا، کە هەریەك لە بەشەکانی کوردستان بۆ سەرۆکایەتیکردن بەسەر خەباتی گەلی کورددا بەر لە هەموو شتێك پێویستە گەلی کورد دەستەی پێشکەوتوو و ڕێکخراوەی سیاسی و سەربەخۆی هەبێت، یانی ئەبێ حیزبی سیاسی پێشکەوتووی ئەوتۆی هەبێت، کە بتوانێت کرێکاران و جوویتاران و ڕووناکبیران و پیشەسازان و دوردە بورژوئازی و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان و پیاوە دینییە نیشتمانپەوەرەکارن و خاوەن موڵکە چکۆلەکان لە دەورەی ئاڵای خۆی وەخڕ بهێنێت.

لە نێو ڕیزێك لە سەرۆکەکانی حیزبی توودەی ئێران و گەلێك کەمتر لە نێو کۆمۆنیستەکانی عێراق و سوریا و تورکیادا بیروباوەڕێکی وا هەیە کە، مەسەلەن بۆ تەواوی ئێران و یا بۆ تەواوی عێراق و تورکیا بوونی تاقە حیزبێکی مارکسیستی بەسە و ئەم حیزبە دەتوانێت بەسەر خەبات و بەربەرەکانیی تەواوی گەلانی ئەم وڵاتەدا سەرۆکایەتی بکات. ئەمە لە

حەلی ئەمڕۆدا بیروباوەڕێکی هەڵەیە و لەگەڵ چلۆنایەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلانی جیاوازی دانیشتووی ئەم وڵاتانە یەك نایەتەوە. مەسەلەن بۆ حیزبی توودە و یا حیزبی کۆمۆنیست دروشمی هەرە بنچینەی خەباتی چینایەتییە یانی نابووتکردنی هێزە چەوسێنەرەکان و دابینکردنی حکوومەت و دەستەڵاتی چینی کرێکار. دروشمێکی وا لە هەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا ناتوانێت سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.

بە کورتی لە هەریەك لە بەشەکانی کوردستان هێزە دیموکراتیك و نیشتمانپەروەرەکانی کورد دەبیّ حیزبی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ و نەتەوایەتیی خۆی هەبێت و لە بەرەی یەکگرتووی نیشتماندا شان بەشانی هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووەکانی گەلانی تر بە تایبەتی گەلی خاوەن دەستەڵات خەباتی خۆی بەڕێوە بەرێت. دروشمی ئەم خەباتە نابووتکردنی حوکمات وهێزە کۆنەپەرستەکان و نفووز و دەستەڵاتی هێزەکانی ئیستیعمارییە، کە هەروەك یەك دوژمنی ڕزگاری و سەربەخۆیی تەواوی نەتەوە و گەلەکانن.

***

## سیاییی کتێب و نووسراوه و بەڵگەی کە سوودیان لێ وەرگیردراوە بۆ نووسینی ئەم کتیبە


مەرامنامەی کۆمەڵەی ژ – ك

مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەیانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ئارشیوی کۆمەڵەی ژ–ك

کۆواری "نیشتمان" ژمارەکانی ۱۹٤۳–۱۹٤٥.

کۆواری "کوردستان" ژمارەکانی ۱۹٤٥–۱۹٤٦.

کۆواری "هەڵاڵە" ژمارەکانی ۱۹٤۲–۱۹٤٥.

کۆواری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" ژمارە ۱، ۱۹٤٦.

کۆواری "هاوار" ژمارەکانی ۱۹٤٥–۱۹٤٦.

کۆواری "گەلاوێژ" ژمارەکانی ۱۹٤٤–۱۹٤٦.

کۆواری "ڕوناهی" ژمارەکانی ۱۹٦۰–۱۹٦۲.

کۆواری "بڵێسە" ۱۹٥۹.

کۆواری "شەفەق" ۱۹٦۰.

ڕۆژنامەی "کوردستان" ۱۹٤٥–۱۹٤٦.

ڕۆژنامەی "کوردستان" ۱۹٤۷–۱۹٦۱.

ڕۆژنامەی "کوردستان"، لەساڵی ۱۹٦۷ بەم لایەوە.

ڕۆژنامەی "دەنگی گێتی تازە"، ۱۹٤٦–۱۹٤۷.

ڕۆژنامەی "یەکیەتیی تێکۆشین"، ژمارەی ٢،١ ساڵی ١٩٤٤.
ڕۆژنامەی "ئازادی"، ژمارەکانی ١٩٦٠–١٩٦١.
ڕۆژنامەی "ڕزگاری"، ١٩٥٩.
ڕۆژنامەی "ژین" ١٩٦٠–١٩٦١.
ڕۆژنامەی "خەبات، ١٩٦١–١٩٦٣.
عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار)، "ئاڵە کۆك"، تەورێز، ١٩٤٦.
حوسەین حوزنی موکریانی، "بەکورتی مێژووی میرانی سۆران" ڕەواندز ١٩٣٥.
"خولاسەی مەسەلەی کورد" گۆڕینی ڕەفیق حیلمی، موسڵ، ١٩٣٤.
عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، بەغدا، ١٩٥٩.
عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢.
مارفی قەرەداغی، "بارزان و نهێنییەکانی" بەغدا، ١٩٥٩.
نەریمان، کتێبخانەی کوردی، کەرکووك، ١٩٦٠.
ڕەحیمی قازی، لە یادی ڕۆژی شەهیکردنی تێکۆشەرانی کورد (قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی)دا، بەغدا – ڕۆژنامەی "ئازادی" ٨ی ئاوریلی ساڵی ١٩٦٠.
ڕەحیمی قازی "پێشمەرگە"، بەغدا، ساڵی ١٩٦٢.
ڕەحیمی قازی، "قازی محەمەد" دەستنووسە، ١٩٦٥.

**بە زمانی ڕووسی**

| | |
|---|---|
| Маркс К. и Энгельс Ф. | Манифест коммунистической партии. соч. изд.2, т.4. |
| Ленин В.И. | Империализм, как высшая стадия капитализма.Полное собр.соч., т.27 |
| Ленин В.И. | Государство и революция.Полное собр. соч. т.33. |

Ленин В.И. О праве нации на самоопределение. Полное собрание сочинений, т.25.

Ленин В.И. Рабочий класс и национальный вопрос. Полное собр.сочинений, т.23.

Ленин В.И. Революционный пролетариат и право наций на самоопределение. Полное собрание сочинений, т.27

Ленин В.И. Телеграмма председателю Совнаркома Азербайджана Нариманову Н. полн.собр.соч.т.54.

Ленин В.И. Критические заметки по национальному вопросу. Полн.собр.соч., т.24

Программа коммунистической партии Советского Союза. Материалы ХХП съезда КПСС, М., 1961г.

Внешняя политика Советского Союза в период отечественной войны, т.I, 1946.

Фальсификаторы истории (историческая справка) ОГИЗ - госполитиздат, 1948г.

Большая Советская энциклопедия, изд.П, т.28, 1954г.

Дипломатический словарь, т.I, госполитиздат, 1948г.

Дипломатический словарь, т.I, госполитиздат, 1950г.

Сборник географических, топографических и статистических материалов по азии. Выпуск XXXIУ, 1911г.

Сводка сведений по сопредельных странах, Штаб Кавказского военного округа. МУО, Тбилиси, 1913г.

Бюллетень прессы Среднего Востока, № I, март, 1928г.

Бюллетень прессы Среднего Востока, № 13-14, 1932г.

"Материалы по изучению Востока", вып.2, Пг.1915г.

Влияние русской революции 1905 года на Иранскую революцию 1905-1911 гг.(Ученые записки.Серия востоковедческих наук) выпуск № I, М., 1948г.

Аттилио Гаудио Курдистан и курдская проблема, Иранский Курдистан, журн. "В защиту мира", № 86, 1959.

Башкиров А.В. Экспансия английских и американских империалистов в Иране, госполитиздат, 1954г.

Брукс М. Нефть и внешняя политика, М., 1949г.

Васильев К. Причины и движущие силы курдских восстаний. "Аграрные проблемы", кн.9-10, М., 1931г.

В-ий К аграрным отношениям в Курдистане (анализ курдского дере-бейлика), журн. "Аграрные проблемы", 1932, № 1-2

Вильчевский О.Л. Курды Северо-Западного Ирана. Советская этнография, № 4-5, 1936г.

Вильчевский О.Л. Библиографический обзор зарубежных курдских печатных изданий в XX столетии, - "Иранские языки", М.-Л., 1945, № 1.

Вильчевский О.Л. Курды. Введение в этническую историю курдского народа, М.-Л., 1961г.

Вильчевский О.Л. Мукринские курды (этнографический очерк) - "Переднеазиатский этнографический сборник", т.1, М. 1958г.

Гаджи Мурат Мугуев "К берегам Тигра", Советский писатель, М., 1952г.

Гази Р.Г. Курдистанская демократическая партия - организатор и руководитель национально-освободительного движения в Иранском Курдистане. (1945-1946гг.), Баку, 1954, (автореферат канд.дис.)

Ученые записки Института востоковедения , т.УШ, Иранский сборник, изд.АН СССР, Москва, 1953г.

Новая история зарубежного Востока, т.I и П, изд. Московского университета, 1952г.

Архив Центрального комитета коммунистической партии Азербайджана (переписка по Ирану 1941-1954 гг.)

Партархив Азербайджана, фонд II.

Воспоминания супруги Гази Мухаммеда - Мины ханум (один экземпляр на русском языке находится у автора, а подленник в ЦК КП Азербайджана)

Абдуллаев З.З. Промышленность и зарождение рабочего класса Ирана, Баку, 1963г.

Абдуррезаков Б. Происки английского и американского империализма в Иране (1941-1947 гг.) Ташкент, 1959.

Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течении XIX столетия, Тифлис, 1900г.

Акопов Г. К вопросу о национальной консолидации курдов в Иране, М., 1952г.(канд.дис.)

Акопов Г. История курдского народа (проспект) Москва-Ереван, 1965г.

Аракелян Курды в Персии. Петербург, 1904 г.

Аристова Т.Ф. Курды Ирана. Краткие сообщения Института этнографии АН СССР, М., 1959г.

Асратян М.А. Политика турецких правящих кругов по отношению к курдскому населению (1924-1939), "Краткие сообщения Института народов Азии" т.XXX, М., 1961г.

Гази Р.Г. Разработка истории национально-освободительного движения курдского народа. Сессия по вопросам истории и экономики Афганистана, Ирана, Турции (тезисы доклвдов), Мг, 1962г.

Григорян Роль Иранского Азербайджана в борьбе за демократизацию Ирана. канд.дис., М., 1948г.

Иванов М.С. Очерк истории Ирана, госполитиздат, М., 1952г.

Иванов М.С. Новейшая история Ирана, М., 1965г.

Иззеддин Мусафа Расул Реализм в курдской литературе после второй мировой войны, канд.дис., Баку, 1963.

Ияс А.И. Географическое положение и экономическое состояние округа Соучбулак в Курдистане - Донесение Российского консульского представительства за границей по торгово-промышленным вопросам. 1914., № 38, стр. 1-17.

Ияс А.И. Поездка по Северному Персидскому Курдистану - Изд.министерства иностранных дел, 1915, кн.4, стр.182-200.

Камаль М.А. Национально-освободительное движение в Иракском Курдистане (1918-1932гг.), Баку, 1967.

Кафтан К. Барзанские восстания 1900-1945гг. - блестящая страница национально-освободительной борьбы курдского народа в Иракском Курдистане, (канд.диссер.)Л.,1968г.

Курдоев К.К. Зарубежная курдская литература о положении курдов в СССР, - "Ученые записки Ленинградского университета" серия востоковедческих наук, вып.3, Л.,1952г.

Курдоев К.К. Фальсификация истории курдов в персидской буржуазной историографии,- "Ученые записки Ленинградского университета" серия востоковедческих наук, вып.4, Л.,1954г.

Курдоев К.К. Курды. Сб."Народы Передней Азии",М.,1957г.

Лазарев М.С. Курдистан и курдская проблема (90-е годы XIX в. - 1917) М.,1964

Лазаревский Иран, М., 1941г.

Лахути Курдистан и курды - "Новый Восток", № 4.

Маrокки М. Иран в борьбе. Изд.иност.литер.М.,1953

Ментешашвили А.М. Курдское национально-освободительное движение в Ираке 1930-1932 гг. Вопросы истории Ближнего Востока. Тбилиси, 1963.

Ментешашвили А.М. Ирак в годы английского мандата. М., 1969.

Минорский В.Ф. Курды. Заметки и впечатления - "Известия Министерства иностранных дел" ,1915, кн.Ш

Никитин В. Курды, М.1964г.

Орбели И.А. Введение – сб."Памятники эпохи Руставели", Л.,1933г.

Степанов В. В гостях у курдов. Заметки корреспондента журн."Новое время", № 24-25, 1949.

Тагиева Ш.А. Национально-освободительное движение в Иранском Азербайджане (1917-1920 гг.), Баку, 1956

Рафик Хельми Курды с древнейших времен до 1920г. Лекция прочитанная в средней школе в Мосуле, 1934г., перевод с арабского (рукопись)

Фаризов И.О. Место национально-освободительного движения курдов в борьбе народов Ближнего и Среднего Востока против империализма. Канд.дис.,М., 1953.

Фаризов И.О. Национально-освободительное движение курдов в Иране (1941-1945)– "Труды Московского Института востоковедения", вып.7, М., 1953.

Хазнадар М. Очерк истории современной курдской литературы, М., 1967

Халфин Н.А. Борьба за Курдистан (курдский вопрос в международных отношениях XIX в.),М.,1963.

Шамзини А. Национально-освободительное движение курдов (1942-1946гг.) канд.дис. Л.,1958

Шамилов А.Н. К вопросу о феодализме у курдов, Эривань,1936.

Ярослав Шпорта Стихотворение, Ленинград, 1957

Журналы: "Аграрные проблемы" за I930–3I гг.
"Новый Восток", за I922–I925 гг.
"Внешняя торговля" № 6, за I94Iг.
"Проблемы мира и социализма" за I96I–I970гг.
" В защиту мира" май, I959г.

Газеты: "Правда" за I94I–I970гг.
"Известия" за I94I–I970гг.
"Заря Востока" за I922–I925 гг.
"Труд" за I943–I947 гг.
"Красная звезда" за I942–I946 гг.
"Комсомольская правда" за I945–I947гг.
"Бакинский рабочий" за I942–I947гг.

**به زمانی آذربایجانی**

آذربایجان دموکرات فرقەسینین مرامنامه و نظامنامەسی، تبریز، ١٩٤٦.

″قزیل صحیفه لر″ تبریز، ١٩٤٦.

″شهریورین اون ایکیسی″ آذربایجان دموکرات فرقەسینین ایل دونومو مناسیبلغه، تبریز، ١٣٢٥ (١٩٤٦).

رحیم قازی، ایران آزاد لغین علمدارلاری، ″آذربایجان″ ژورنالی، باکی ١٩٤٦.

علی گلاویژ، قاضی محمد، ″اذادلیف یولونون مبارزلری″ مجموعەسی، جلد ٢، باکی، ١٩٦٩.

″آذربایجان″ ژورنالی مجموعەسی، باکی، ١٩٤٦.

″شفق″ ژورنالی مجموعەسی، تبریز، ١٩٤٥–١٩٤٦.

″آذربایجان″ غزیتی، ١٩٤٥–١٩٤٦ نجی ایللر مجموعەسی.

″آذربایجان″ غزیتی، ١٩٤٧–١٩٧٠ نجی ایللر مجموعەسی.

"آزاد ملت" غزیتی، ۱۹٤٦ نجی ایل مجموعه‌سی.

"آومیه" غزیتی، ۱۹٤٦ نجی ایل مجموعه‌سی.

"وطن یولوندا" غزیتی، ۱۹٤٦ نجی ایل مجموعه‌سی.

Алышанов А.һ. Муасир курд шаири Абдулла Горанын поезијасы, Бакы, 1969.

Гази Рәһим Курдустан демократик партијасы Иран Курдустанында курд халгынын милли-азадлыг һәрәкатынын тәшкилатчысы вә рәһбәридир (1945–1946) (намизәд.дис.), Бакы, 1953.

Гази Рәһим, "Әбдуррәһман һәжар", "Курд нәғмәләри" китабына кириш, Бакы, 1961.

Гази Рәһим, Совет Иттифагында курдшунаслығын инкишафы вә вәзифәләри һаггында, Азәрбајҹан ССР Елмләр Академијасынын хәбәрләри, Иҹтимаи елмләр серијасы, № 2, 1959.

Гәлавеж Али Муасир Иран Курдустанында аграр мунасибәтләри, (нам.дис) Бакы, 1965.

һәжар Әбдулрәһман, "Курд нәғмәләри", Бакы, 1961.

Шаһин Т.Ә. Иран коммунист партијасынын јаранмасы, Бакы, 1963.

Шәмидә Ә.И. Иранда фәһлә вә һәмкарлар һәрәкаты, Бакы, 1962.

Шәфијева З.Т. Муасир курд ше"риндә поема жанры, намиз.дис. Бакы, 1967.

**به زمانی فارسی**

مرامنامه و نظامنامه حزب توده ایران (مصوبه کنگره اول)

مرامنامه و برنامه و اساسنامه حزب توده ایران (مصوبه کنگره دوم)

مجموعه مصوبات مجلس شورای ملّی در چهار دورهء تقنینیه (اوّل، دوّم، سوّم، چهارم)

مجموعه قوانین موضوعه و مسائل مصوبه دورهء سیزدهم قانون گذاری (آذرماه ۱۳۲۰)

مسعود کیهان، جغرافیای مفصل ایران، جلد ۲ (سیاسی) تیهران، ۱۳۱۱.

سرتیپ علی رزم آرا، جغرافیای نظامی ایران (کوردستان) تهران، ۱۳۲۰.

رشید یاسمی، کرد پیوستگی نژادی و تاریخی او، تهران.

نجفقلی پسیان، مرگ بود باز گشت هم بود، جلد ۱، تهران ۱۳۲۸.

نجفقلی پسیان، از مهاباد خونین تا کرانه های ارس، جلد ۲، تهران، ۱۳۲۸.

سید محمد باقر برقعی، سخنوران نامی معاصر، تهران ۱۹۵۲.

ملك الشعرا بهار، تاریخ مختصر سیاسی ایران، جلد اوّل، تهران، ۱۹٤٤.

سروان کاویانپور، تاریخ عمومی آذربایجان، تهران ۱۳٤٦.

حسین مکی، تاریخ بیست ساله ایران، جلد اوّل، کودتای ۱۲۹۹، تهران ۱۳۲۲.

حسین مکی، تاریخ بیست ساله ایران، جلد دوّم، مقدمات تغیر سلطنت، تهران ۱۳۲٤.

حسین مکی، تاریخ بیست ساله ایران، جلد سوّم، انقراض قاجاریه و تشکیل سلسله پهلوی، تهران ۱۳۲۵.

ویلیام دوگلاس، در ایران چه دیدم و چه شنیدم (روزنامهء ″داد″، سال ۱۹۵۱).

کامران علی بدرخان، دل فرزندان من، تهران، ۱۹۳۵.

احسان نوری، تاریخ ریشه نژادی کرد، تهران.

روزنامه ″مردم″ ۱۹٤٤–۱۹٤٦.

روزنامه ″مردم″ ۱۹٦۰–۱۹۷۰.

روزنامه ″رهبر″ ۱۹٤٤–۱۹٤٦.

روزنامه ″ظفر″ ۱۹٤٤–۱۹٤۷.

روزنامه ″نامه رهبر″ ۱۹٤۵–۱۹٤۷.

روزنامه ″ایران ما″ ١٩٤٥–١٩٤٧.
روزنامه ″دستور″ ١٩٤٦.
روزنامه ″سنندج″ ١٩٥١–١٩٥٣.
روزنامه ″جبهه″ ١٩٤٦.
روزنامه ″طوفان غرب″ ١٩٥١–١٩٥٣.
روزنامه ″داد″ ١٩٤٨–١٩٥٣.
روزنامه ″سعادت″ ١٩٥١–١٩٥٣.
روزنامه ″کیهان″ ١٩٤٨–١٩٥٥.
روزنامه ″اطلاعات″ ١٩٤٦–١٩٥٥.
روزنامه ″بسوی آینده″ ١٩٥٠–١٩٥٣.
مجله ″دنیا″ ١٩٦٧–١٩٧٠.
مجله ″خواندنیها″ ١٩٥٠–١٩٧٠.
مجله ″سپید و سیاه″ ١٩٦٥–١٩٧٠.
مجله ″اطلاعات ماهانه″ ١٩٥٢.

**به زمانی عەرەبی**

″مقررات الكنفراس الثاني للحزب الشيوعي العراقي ايلول ١٩٥٦″
″الشيوعيون طليعة النضال لحل قضية كردستان ونيل الشعب الكردي حقه في تقرير المصير والحرية والوحدة القومية″ من منشورات الحزب الشيوعي العراقي، كتب في أوائل سنة ١٩٦١.
المنهاج والنظام الداخلي للحزب الديمقراطي لكردستان العراق – أقره المؤتمر الرابع للحزب في تشرين الاول ١٩٥٩، بغداد ١٩٥٩.
ابراهيم احمد ″الاكراد والعرب – كتبه ابراهيم أحمد وأصدره فريق من شبان الكرد عام ١٩٣٧″ الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٦١.
الدكتور بلەج شيركو، ″القضية الكردية″ القاهرة، ١٩٣٠.
الدكتور شاكر خصباك، ″الكرد والمسألة الكردية″ بغداد، ١٩٥٩.
محمد امين زكي ″خلاصة تاريخ الكرد وكردستان″، ترجمه من اللغة الكردية محمد علي عوني، القاهرة ١٩٣٦.
محمد شيرزاد. ″نضال الاكراد″ القاهرة ١٩٤٦.

| | |
|---|---|
| Arfa Hassan | The Kurds. A Historical and Political Study. London, I966. |
| Dirsimi, | Kürdistan tarihinde Dersim. Haleb, I952. |
| Eagleton W., | The Kurdish Republic of I946, London, I963. |
| Edmonds C.J., | Kurds, turks and Arabs. Politics, trawel and Research in North-Eastern Iraq I9I9-I925. London, I957. |
| Elphinston W.G., | Kurds and the Kurdish Question, -"Journal of the Royal Central Asian Society", I948. January. |
| Gavan S.S., | Kurdistan: Divided Nation of the Middle East. London, I958. |
| Ghassemlou Abdul Rahman | Kurdistan and kurds. Praha, I965. |
| Kinnane D., | The Kurds and Kurdistan. London, I964. |
| Nikitin B., | Les Kurdes. Etude sociologique et historique. Paris, I956. |
| Safrastian A., | Kurds and Kurdistan. London, I948. |
| Vanly L.C., | Aspects de la question nationale kurde en Iran. Letter ouverte au gouvernment impérial de l'Iran et à la classe dirigeante persane. Paris, I959. |
| Vanly L.C., | Interview sur le Kurdistan et la question kurde. Berlin. I960. |
| Waheed A., | The Kurds and Their Country. A History of the kurdish people (from Earliest times to the Present). Lahore, I958. |

عبدالعزیز یاملکی، کوردستان وکورد احتلاللری، جلد ۱، تهران ۱۹٤٦.

آرشی روزویلت، مهاباد کورد جمهوریتی، انگلیس دیلیندن تورکچه‌یه ترجمه ایدنی نوری دیرسیمی آل یازماسی.

"ملیت" غزیتی، ۱۹۳۰، نجی ایل مجموعه‌سی.